خەسرەو سایە

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا

# پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

# چیمان پێدەڵێت؟

**ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا**

**نوسینی: خەسرەو سایە**

**چاپی یەکەم**

**ساڵی 2018**

www.hkkurdistan.org

# ناوەڕۆک:

**(١)**


دەروازەیەک بۆ چونە ناو باسەکەوە:........................................................ ١

شکڵگرتنی بزوتنەوەی گۆڕان وسەرهەڵدانی ڕەوتی چاکسازی:........................................ ٤

**بەشی یەکەم: پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی عێراق:**

تەوەرەی یەکەم: پەیوەندیەکانی هەرێم وبەغدا.. کێشە لەسەرچیە؟ ..................................... ١٠

تەوەری دووەم: دەوڵەتی فیدراڵ و بەرژەوەندی خوازی بۆرژوازی کورد،

لەژێر پەردەی چاکسازیدا! ................................................................. ٣٠

تەوەری سێیەم: "شەراکەت"، بزوتنەوەی گۆڕان بەدوای چیەوەیە؟ ........................................ ٣٦

کۆتایی ئەم بەشە و خاڵبەندیەکی پێویست......................................................... ٤١

**(٢)**

**بەشی دووەم: پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:**

**تەوەری یەکەم:**

ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان............................................................. ٤٣

کۆمەڵگای کوردستان– سیستەمی ئابوری وسیاسی،

لەڕوانگەو دونیابینی بزوتنەوەی گۆڕاندا........................................................... ٤٤

پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان و چەمکە سەرەکیەکانی! ........................................ ٤٨

تەوەرەی یەکەم؛ ئامانجە نیشتمانی ودیموکراتیەکان.............................................. ٥٤

خەونی دامەزراندنی"هەرێمێکی بەهێز" ،

چاکسازیە سیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ڕووی لە چیە؟.......................................... ٥٧

یەکەم: "ئامانجە نیشتمانیەکان":

١) ئاسایشی نەتەوەییو بەرژەوەندیە باڵاکان:........................................................ ٦٠

٢) ڕوحی نیشتمان پەروەری:.................................................................. ٦٢

٣) پەیوەندیەکانی هەرێم بەدەرەوە:............................................................. ٦٢

٤) کێشەی کەرکوک و"ناوچە کێشەلەسەرەکان" .................................................. ٦٣

٥) جێگای "کەمایەتیەکان" لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا...................................... ٦٦

٦) مەسەلەی کورد لە "پارچەکانی تری کوردستان" و سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان:........................ ٦٩

٧) سەربەخۆیی کوردستان وهەڵویستی بزوتنەرەوەی گۆڕان............................................ ٧٣

دووەم: "ئامانجە دیموکراتیەکان":
١) واتای عەمەلی "پەرەدان بەدیموکراتی" وەک ئامانجێک:........................................ ٧٧
٢) دیدی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ئازادیەکان و مافەمەدەنیەکان........................................ ٨٠
٣) جێگای ئاین و ئازادی بێدینی لە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا........................................ ٨١
٤) فەرهەنگ وفەرهەنگی دیموکراتی........................................ ٨٢
سێهەم: "ئامانجە نیشتمانیو دیموکراتیەکان" وڕێبازی چاکسازی:........................................ ٨٤
ئەنجامگیریەک بۆ ئەم بەشە........................................ ٩١
(٣)

## درێژەی بەشی دووەم: پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:

**تەوەرەی دووەم:**

سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان
سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان. "بۆرژوازی نیشتمانی" لەبۆتەی چاکسازیدا:........................................ ٩٣
١) ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتی دارایی وبەرەنگاری گەندەڵی،
چاکسازیە ئابووریەکانی حزبی گۆڕان ڕووی لەکوێیە؟........................................ ٩٨
٢) سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان، نیگەرانی لە چیە؟........................................ ١٠٩
٣) "پلانی نیشتمانی"، بۆرژوازی کوردو گرفتی گەشەی ئابوری........................................ ١١٨
یەکەم: ژێرخان و ئاوەدانی و گەشەی ئابوری........................................ ١٢٢
دووەم: سیاسەتی ئاسۆیی ئابوری و ڕەتکردنەوەی مەرکەزیەت........................................ ١٢٤
سێهەم: جیاوازی نێوان گەشەی ئابوری پارێزگا و ناوچە کەناریەکان........................................ ١٢٧
چوارەم: "داهاتی نیشتمانی و داهاتی تاکەکەس" ........................................ ١٢٩
٤) هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری،
دیدگای ناسیونالٚ ڕیفۆرمیزمی بۆرژوایی و گەرانەوە بۆ مەکتەبی گەشەی ئابوری........................................ ١٣٠
١) "هەرێمی بەرخۆری وهەرێمی بەرهەمهێن"........................................ ١٣٣
٢) بازرگانی و کێشەی شمەکی هەنارده و هاورده........................................ ١٣٦
لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا وەک ئەنجامگیریەک لەباسەکەمان ........................................ ١٣٧

٤)

**درێژەی بەشی دووەم: پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:**

**تەوەری سێیەم:**


ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری

بزوتنەوەی گۆڕان و سنورەکانی ڕیفۆرمی بۆرژوایی ............................................... ١٣٩

"ستانداردی کۆمەلایەتی" بزوتنەوەی گۆڕان، و سنورەکانی ڕیفۆرمی بۆرژوایی ........................ ١٤٠

یەکەم:سیستمی پەروەردە و خوێندن، چاکسازی بەپێوانەی بزوتنەوەی گۆڕان ...................... ١٤٤

دووەم: خزمەتگوزاری تەندروستی و ژینگەپارێزی، چاکسازی بەنرخی بازاڕ!.......................١٥٢

سێهەم: هاندانی داهێنان و چالاکی فەرهەنگی چاکسازی لەراستای بەرهەم هێنانەوەی ناسیونالیزم وکۆنەپەرستیدا ........................................................................ ١٦١

چوارەم: ئازاد کردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کاراکردنی رێکخراوە ناحکومیەکان.........................١٦٥


٥)

**درێژەی بەشی دووەم: پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:**

**تەوەرەی چوارەم:**


" دادی کۆمەڵایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی"،

یان تەعدیلی بۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی سیستەمی مەوجود؟...........................................١٧٢

واتای دادی کۆمەڵایەتی چییە و بزووتنەوەی گۆڕان لەکوێدا ڕاوەستاوە؟...........................١٧٣

١/ دادی کۆمەڵایەتی و هەژاری و بێکاری.........................................................١٨٥

٢/ دادی کۆمەڵایەتی منداڵان و نەوجەوانان....................................................١٩٠

٣/ دادی کۆمەڵایەتی و کێشەی گەنجان .........................................................١٩٣

٤/ دادی کۆمەڵایەتی و ژنان ......................................................................١٩٥

٥/ دادی کۆمەڵایەتی و پێشمەرگەو...............................................................٢٠٤

٦/ دادی کۆمەڵایەتی و قوربانییانی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان ..............................٢٠٦

٧/ دادی کۆمەڵایەتی و سیستەمی خانەنشینی ......................................................٢٠٨

٨/ داددی کۆمەڵایەتی و مامۆستا و فەرمانبەران..................................................٢٠٩

٩/ بازرگان و کاسبکاران و دادی کۆمەڵایەتی ........................................................ ٢١٣
١٠/ دادی کۆمەڵایەتی و کرێکاران و جوتیاران ........................................................ ٢١٦
وەک بەرئەنجام ........................................................................................ ٢١٩
(٦)

**بەشی سێیەم: پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی پارێزگاکان**

"نەناوەندێتی".. ترس لەدیکتاتۆری و وەهمەکانی ناسیونال ڕیفۆرمیزم!.................................. ٢٢١
نەناوندێتی، پێشینە و زەرورەتی سەرهەڵدانی ........................................................ ٢٢٢
نەناوەندێتی".. چاکسازی بەتامی ترس و بەرامەی وەهمەوە ........................................... ٢٢٧
شارەوانیەکان، خزمەتگوزاریەکان و ڕیفۆرمەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ................................... ٢٣٦
پلانسازی و تەقدیسکردنی "تایبەتمەندی ناوچەیی" لەپێناوی چیدایە!.................................. ٢٤١
دوایین ووتە ........................................................................................ ٢٤٦

**پاشکۆ**

نەوشیروان مستەفا، گەرانەوە بۆلادێ و هەوڵێکی بێهودە *

بەشی یەکەم:........................................................................................ ٢٤٨
دیدگا ئابوورییەکانی پشتی پرۆژەکەی نەوشیروان........................................................ ٢٤٩
بەشی دووەم وکۆتایی: واقعیەتە ئابووری‌یەکانی کوردستان وبەربەستەکانی بەردەم پرۆژەکە:.......... ٢٥٣

## لەباتی پێشەكی: قسەیەک لەگەڵ خوێنەران:

ئەم نوسراوەیەی لێرەدا دەیخوێننەوە، كۆكراوەی ٦ بەشی بابەتێكە، كەلە گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستیدا، لەنیوان ئۆكتۆبەری٢٠١٥ تا جولای ٢٠١٧، لە٦ ژمارەی پشت سەریەكدا، چاپ وبلاوكراوەتەوە. بابەتەكە بەدەر لەهەڵسوكەوتە سیاسی ورۆژانەییەكانی بزوتنەوەی گۆران وزمانی ڕاگەیاندن ودەربڕینی سەركردەكانیەوە نوسراوە وڕاستەوخۆ لەسەر پرۆگرامی سیاسی حزبی گۆران، وەک ئەوەی بەڵگەنامەیەكی جەوهەری وجێگیرە، تەوەرەی بەستوە. وە تا ئەو شوێنەش قەوارەی گۆڤاركە وبلاوكردنەوەی بوواری دابێت، هەوڵیداوە بەسەرجەم بەش و تەوەرەو بەندو تاڕادەیكی زۆریش بەخاڵەكانی پرۆگرامەكەدا، ڕابگا وسەرنج ورەخنەیان لەسەر بخاتەڕوو. كەدیارە بەم حاڵەشەوە بێ كەموكوڕی نابێت، بەتایبەتی بۆ بابەتێک كەبەش بەش بلاوبكرێتەوە، نوسەر ناچاردەكات، بەدوبارە كردنەوەی هەندێک لەچەمک وبۆچونەكانی تا خوێنەر بەدوای خۆیدا بهێنێ ولانی كەم ئاشنایان بكات بە ناوەڕۆكی دەربەڕینەكانی خۆی، لەمبارەوە داوای لێبوردن لەماندووبونی خوێنەران دەكەم.

بەلام ئامانجی من لەنوسین و بلاوكردنەوەی ئەم بابەتە، جگەلەوەی كە ویستوومە ناوەڕۆكی ئەو دەربڕین وبانگەشانە بەدرۆ بخەمەوە كەبزوتنەوەی گۆران لەسەرخۆی دەیڵێت، ئەویش بەوەی كەحزبێكی جیاواز وگۆڕانخوازە و ناچێتە نێو خانەوادەی حزبە تەقلیدیەكانی بزوتنەوەی كوردایەتیەوە، هەروەها هەوڵمداوە ناوەڕۆكی بۆرژوا ڕیفۆرمیستی و ناسیونالیستانەی ئەم حزبە وئامانجەكانی بناسێنم و ئەوە دەرخەم كەحەدو سنورەكانی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ڕیفۆرم وبەدیهێنانی گۆرانكاری تا چەندە و وەچۆن لەگۆشەنیگای ئەو بەشە لەسەرمایەداران و بازرگانان و خاوەن كۆمپانیاكانەوە، لەدۆخی كوردستان و سیستەمی حكمورانی دەروانێ، كەلەژێر فشاری بالادەستی یەكیەتی وپارتیدا دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕیوە وپەڕیوەتە نێو "بەرەی نارازیانەوە". بەم حالەوە دەمەوێت بڵێم كە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی گۆران وەک مۆدێلێكی حزبی، ڕەنگدانەوەی پەیدابوونی قەڵشتێكی چینایەتی وفراوان بوونەوەی ناكۆكیەكانی نیوان كرێكاران و سەرمایەدارانی كوردستانە، ئەمەش لەدۆخێكدا كەئەزمونی دەسەلاتداریتی بۆرژواناسیونالیستی كورد وحزبەكانی كەوتۆتە بەرامبەر بەنارەزایەتیەكی گەورەی كۆمەلایەتیەوە و پێویستی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی ناسیونالیزمی كوردی لەمۆدێلی حزبێكی ڕیفۆرمخوازدا، كردۆتە

پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گشت بۆرژوازی کورد. لێرەشەوە ناسینی ناوەڕۆکی سیاسی وچینایەتی ئەم ڕەوتە لەڕێگای پڕۆگرامەکەیەوە وخۆجیاکردنەوە لێی، کارێکی پیویستە بۆ هەرکەسێک کەبیر لە شۆڕش وگۆڕانکاری ڕیشەیی لەدەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی ئیستا دەکاتەوە. ئومیدەوارم ئەم نوسراوەیە کۆمەک بکات بەڕۆشن بوونەوەو دابڕانی هەرچی زیاتری هەڵسوراوانی نارەزایەتیە جەماوەریەکان لە وەهمەکانی رەوتی چاکسازی کە بزوتنەوەی گۆران لەڕیزی پێشەوەیدا راوەستاوە.

لەئاخریشدا ئەوەبڵیم وەک پاشکۆ بۆ ئەم بەرهەمە، بڵاوکردنەوەی وتارێکم بەناونیشانی "نەوشیروان مستەفا، گەرانەوە بۆلادێ و هەوڵێکی بێهودە"، بەپێویست زانی کەکاتی خۆی بەدوبەش لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە، کە تاڕادەیەکی زۆر نزیکە لەناوەڕۆکی ئەم باسەوە..

بەسوپاسەوە چاوەڕوانی، سەرنج ورەخنەکانی ئێوەم..

**خەسرەو سایە**

**لەندەن/ ئۆکتۆبەری 2018**

(١)

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا

### دەروازەیەک بۆ چونە ناو باسەکەوە:

لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەمڕۆی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردستاندا، ئەوە هەر چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان نین کە ناڕازی و ڕەخنەگری ئەم دەسەڵاتەن، بەڵکو واقعیەتە چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و لەئارادابوونی بزوتنەوە و ڕەوتی جۆراوجۆر کەهەریەکە لەبەرژەوەندی ئەم یان ئەو بەشی کۆمەڵگاوە لەدەسەڵاتی ئەمڕۆ دەڕوانێ، ڕیزێکی بەرین لە ڕەخنەگران و ناڕازیانی هێناوەتە مەیدانەوە. ڕۆشنبیرانێکی خۆشخەیاڵ بەدیموکراسی و لیبراڵیزەکردن و بەمۆدێرنەکردنی ناسیونالیزم و دەسەڵاتەکەی، تا دەستەو تاقمی ئیسلامی و ئەحزابی دەوروبەری دەسەڵات لەچەشنی زەحمەتکێشان و حزبی شیوعی کوردستان، تا بزوتنەوەی گۆڕان و میدیای ئەهلی و چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی.. ئەمانە نمونەی ڕیزێکی بەرفراوان لە ڕەخنەگران و ناڕازیان دەخەنە پێشچاو. بەڵام بەجیا لە جیاوازی ئایدیۆلۆژی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئامانجی سیاسی هەریەک لەمانە، هەموویان لەو خاڵەدا هاوبەشن، کە رەخنە و نارەزایەتیەکانیان لەسەر بنەمای "چاکسازی هەلومەرجی مەوجود" یانی "ئەزموونی دیموکراسی کوردستان" ڕاوەستاون و هیچ کامیان قاچی ڕەخنە و ناڕەزایەتیەکانی ناباتە دەرەوەی ئەو بازنە و چوارچێوە سیاسییەی کە حزبە بۆرژوا ناسیونالیستە سەرەکیەکانی نێو دەسەڵات کێشاویانە. بەم مانایەش ڕەخنەی ڕادیکالی

چینایەتی و شۆڕشگێڕانە و تێپەڕینی بنەڕەتی لەهەلومەرجی ئێستا بەیەکجاری کەوتۆتە سەرشانی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان.

بزوتنەوەی گۆڕان و پێکهێنەرانی ئەم ڕەوتە کە پێشتر ڕۆلی سەرەکیان لەشکلگرتن و هاتنەسەرکاری دەسەلاتی ئیستادا هەبووە، بەو تایبەتمەندیەوە لەوانی تر جیا دەبنەوە کە لە خانەوادەی ناسیونالیزمی دەسەلاتەوە داکەوتووە و پێی ناوەتە مەوقعی ئۆپۆزسیۆنێکی ناڕازی و ڕەخنەگرەوە. ئەم شوێن گۆڕینەش بەناچار لەژێر کاریگەری ئالوگۆرە کۆمەلایەتی و چینایەتی و سیاسیەکاندا هەمان ڕەوتی ناسیونالیزمی تەقلیدی دوێنێی بەبەرگی ئەمرۆی ڕیفۆرمخوازیەوە بەرجەستەکردۆتەوە، تابتوانێ وەک حزبێکی "جیاواز" و بالێکی تری بۆرژوازی کورد، هێلی سنوری ڕوالەتیانەی لەڕیزی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستە تەقلیدیەکان بکێشێ. بێگومان ئامانجی سەرەکیش لەم سنورکێشانەدا خۆهەلخستنیەتی لەبەردەم جولانەوەی جەماوەری وناڕازی کوردستاندا و ڕاکێشانیانە بۆ ژێر ئالای بالێکی تری بۆرژوازی کە بە زمانی چاکسازی و دیموکراسی و"گۆڕان"ەوە دەدوێ، تا تەجروبەی دەسەلاتداریتی بۆرژوازی کورد، لە لێدانی شۆڕشگێڕانە بپارێزێ.

بەواتایەکیتر ئەم گۆڕانکاریە لەمەوقعیەتی بالێکی ناسیونالیزمی کوردا، کەناوی "بزوتنەوەی گۆڕان"ی لەخۆی ناوە، وەزیفەی سەرەکی لەدوبارە بەرهەمهێنانەوەی ناسیونالیزمی کوردو پاراستنی دابەشبوونە چینایەتیەکان وهێشتنەوەی بنەماکانی بەرژەوەندی چینی بۆرژوازی ودەسەلاتەکەیدا دەبێنێتەوە. ئەویش لەڕیگای هەولدان بۆ تێپەرکردنی ناکامیەکان و قەیرانێکی حاکمەیەت کەیەخەی بەناسیونالیزم و حزبەکانی گرتووە، بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە سەرهەلدانی ڕەوتێک لە ناڕەزایەتی کۆمەلایەتی بەدەسەلات و تەجروبەی حکومڕانی بۆرژوازی کورد، یەک واقعیەتی حاشاهەلنەگرە.

بەلام ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەم وەزیفەیەیدا چ ڕیوایەتێکی چینایەتی لە واتای "گۆڕان" عەمەلی دەکاتەوە وتەنانەت ناوەڕۆکی چاکسازی وڕیفۆرمخوازیەکەی نوێنەرەوەی بەرژەوەندیەکانی چ چین و بەشێکی کۆمەلگای لەخۆ گرتووە، و بۆ بەدیهێنانیان پشتی بە کام ستراتیژی سیاسی بەستووە، هاوکات لە ڕێگای کام چەمکی فکری و سیاسیەوە ئەم ڕیبازە و ئامانجەکانی تەبریردەکات، وەسەرەنجام ئایا ئەم ڕەوتە تاچەند شانسی ئەوەی هەیە وەک ڕەوتێکی بەدیل مەقبولەیەتی خۆی لە ئاست بەشەکانی بۆرژوازی کورد و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

کۆمەلگادا جێبخات؟.. ئەمانە سەرەکیترینی ئەو لایەنانەن کە پێویستە هەر ڕەخنەگرێک لەم ڕەوتە لەپێشدا لەسەریان ڕاوەستێ، تابتوانێ لەهەنگاوەکانی دواتردا، وردەکاری بانگەشە و هەڵویستە سیاسیەکانی ڕۆژانەی لێکبداتەوە.

بێگومان ئامانجی ئێمە لەم هەنگاوەدا، ناساندنی ماهیەتی چینایەتی و کارکردە سیاسی و عەمەلیەکانی بزوتنەوەی گۆڕانە وەک دواین مۆدێل لەئەحزابی ناسیونالیست، کە بزوتنەوەی کوردایەتی بەرهەمی هێناوە. بەتایبەتیش کە هێنانە مەیدانی جولانەوەیەکی سیاسی سەربەخۆی چینایەتی و شۆڕشگێرانە، لەپێشەوە بە پێویست ڕزگارکردنی خەبات و جولانەوەی نارەزایەتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازان، لە ئاسۆ و سیاسەت و هەڵوێستێک کە ئەم مۆدێلە لە ناسیونالیزم لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە، نوینەرایەتی دەکات، بەر لەهەر لایەنێکیتر لە ئێمە دەخوازێ. ئاسۆ و سیاسەتێک کە وەهمی "چاکسازی"، "گۆڕان" و ڕیفۆرمەکردنی دەسەلات و سیستەمی ئێستای وەک زنجیرێک لە دەستو قاچی خەلکی کوردستان ئالاندووە و توانای هەنگاونانی شۆڕشگێرانەو پێکهێنانی ئالوگۆڕێکی ڕیشەیی و چینایەتی لێبڕیون. بەواتایەکی تر خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو باش بژێوی تا کۆتایهێنان بە دەسەلاتی چینی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران، بەبێ ناکام کردنەوە و کەنارخستنی ڕەوتی ناسیونال بۆرژوا ڕیفۆرمیستی کە بە زمانی "چاکسازی و گۆڕان"خوازیەوە دەدوێ، هاوکات بەبێ ڕزگاربوونی ڕابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و ژنان و لاوان و زەحمەتکێشان لە وەهمەکانی ئەم باڵەی بۆرژوازی، لەتواناد‌ا نییە نارەزایەتیە جەماوەریەکان هەنگاوێک بەرەو جولانەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێرانەی چینایەتی هەلگرێت.

دیارە ڕەخنەگرتن لە بزوتنەوەی گۆڕان بەپێی ئەدەبیاتێکی سیاسی کە هەیەتی، هەروەها بەپێی ئاراستە سیاسیەکانی کە لە ماوەی سەرهەڵدانیەوە تا ئێستا لە زمانی سەرکردەکانیەوە و بەکردەوە نیشانی داوە، بەدڵنیایەوە لایەنی زیاتر لەباسەکەی ئێمە دەگرێتە خۆی، بەلام ئێمە لەم فرسەتەدا بەمەبەستی دەرخستنی ماهیەتی بۆرژوازیانەی ئەم ڕەوتە و بۆ ئەوەی ڕەخنەکانمان بناغەیی تر وموستەدلتر بێت بەپێویستمان زانیوە بەتایبەتی لەسەر بەرنامەی سیاسی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی گۆڕان، وەک ئەوەی بەلگەنامەیەکی ڕەسمیە، ڕاوەستین و ڕەخنە و جەدەلی هەمەلایەنەتر لەسەر

## خەسرەو سایە

ئەم بزوتنەوەیە و وردەکاریەکانی بە فرسەتێکیتر دەسپێرین. هەر لەمبارەشەوە ئەوە بەخوێنەران ڕادەگەیەنین کەبەشەکانی ئەم ڕەخنەیە هەنگاو بەهەنگاو لەسەر تەوەرە سەرەکیەکانی پرۆگرامە سیاسیەکەی بزوتنەوەی گۆڕان ڕادەوەستێ و لەژمارەکانی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستیدا بڵاودەکرێنەوە.

بەڵام سەرەتا بەباشی دەزانین کە ئاورێکی خێرا لە پرۆسەی شکڵگرتنی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەو چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتیە بدەینەوە، کەتیایدا سەری هەڵداوە.

## شکڵگرتنی بزوتنەوەی گۆڕان وسەرهەڵدانی ڕەوتی چاکسازی:

شکستی نەوشیروان مستەفا لە هەڵبژرادنە نێوخویەکانی (هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان) یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا، سەرەنجام ئەوی بێئومێد کرد و گەیاندیە وازهێنان لە ڕیزەکانی ئەم حزبە. بەڵام ئەم بێئومێدی و شکستە تەنها دابڕانێکی فەردی و ڕێکخراوەیی ئەو نەبوو، بەڵکە شکست و دەستەهەڵگرتنێکی یەکجاری بوو لەستراتیژی "گۆڕان لەدەرونی حزبەوە" * ، کە ساڵانێکی زۆر ئومیدی ئەو و هاوبیرانی تری لە سەرکردایەتی و ڕیزەکانی ئەم حزبەی لەسەر هەڵچنرابوو. بەڵام بەدوای وازهێنان و پێکهێنانی کۆمپانیای وشە، بەشداریکردن بە لیستێکی سەربەخۆ لە هەڵبژرادنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی کوردستاندا، دەستی ئەوی ئاوەلاکرد تا ئەم لیستە بەرەو قەوارەیەکی سیاسی بەرێ و لە پەیوەند بەکایەی هەڵبژاردنەکانی دواتر و بەشداری لە"خەباتی پەرلەمانی"دا، سەری لە"حزبێکی جیاواز" بەناوی بزوتنەوەی گۆڕانەوە، دەرهێنا و تەنانەت توانی وەک هێزێکی سەرەکی، "بەرەی

---

*/ بەدوای وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لەیەکێتی و پێکهێنانی کۆمپانیای ووشە لە نامیلکەیەکدا بەناوی "ئێمە و ئەوان، ناکۆکیەکانمان لەسەر چیە" پرسیاری "گۆڕان لەکوێوە دەبێت" دەخاتە بەرباسەوە. یەکێک لەوتارەکانی ئەم نامیلکەیە بەناوی"دوای ئەم هەموو رەخنەیە ئینجا چی؟"، ئاماژە بۆ سیناریۆکانی، وازهێنان، بێدەنگی، چاکسازی، هەوڵی گۆڕین.. دەکا. هەرلەوێدا ئەو بێدەنگی و وازهێنان ڕەت دەکاتەوە و لەسەر سیناریۆی "گۆڕان و چاکسازی" رادەوەستێ. بەلام دواتر پرسیاری ئەوەی کەچاکسازی وگۆڕان لەکوێوە دەبێت؟ بەکراوەیی دەهێڵیتەوە، تاکاتی هەلبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان وبەشداریکردنی بە لیستێکی سەربەخۆ بەناوی گۆڕانەوە. لەمەبەدوا ئیتر ئەوە روندەبیتەوە کە وەلامی نەوشیروان مستەفا بەم پرسیارە، گۆڕانە لە ڕیگای پەرلەمان و پێشکەشکردنی پرۆژەکانی چاکسازیەوە.. بەڵام دیارە هەموو ئەم ڕەوەندە بەدوای ئەنجامگرتنی ئەودا دێت لەشکستێک کە لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ناویەکیەتیدا توشی بوو. بەتایبەتی کەپێی وابوو لەم هەلبژاردنانەدا نفوزی زیاتری حزبی ڕێگا بۆچاکسازی یەکیەتی و لەویشەوە چاکسازی بۆحکومەت بەدیدێنێ. هەربۆیە لەم بارەوە نویسویەتی:

> مادام گۆڕین لەناو حزبەوە ناکرێ و مادام حزب خۆی بۆتە ڕێگری گۆڕین و مادام حزب ئامانج نییە کەواتە ئەبێ بەدوای گۆڕیندا بگەڕێین لەدەرەوەی حزب" — لاپەرە ٨٧

ئۆپۆزسیۆن"، هاوشان لەگەڵ دو حزبی ئیسلامیدا، بەرامبەر بەدەسەڵاتی هاوبەشی پارتی و یەکێتی جێگا بگرێ. سەرەنجام کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی گۆڕان و پەسەندکردنی پڕۆگرام وپەیڕەوی ناوخۆ، کەلەساڵی ٢٠١٣ دا بەسترا، دوایین هەوڵەکانی نەوشیروان مستەفای بەدامەزراندنی حزبێکی تر گەیاند.

ئەم پڕۆسەیە ئەگەرچی لە شێوەیەکی کورتدا، ڕێچکەی شکڵگرتنی ڕێکخراوەیی و حزبی ئەم ڕەوتە دەخاتەڕوو، بەڵام لەهەمان کاتدا بەمانای سەرهەڵدانی "مۆدێلێکی تازە و جیاوازە" لە ناسیونالیزم کە لە نێو خێزانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بەستراتیژی چاکسازی وریفۆرمخوازانەوە و لەپەیوەند بەئاڵوگۆرە ئابوری و کۆمەلایەتی و چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە و لە کەشوهەوای سیاسی کوردستان و ناوچەکەدا، گەرەکیەتی وەک ئاڵتەرناتیڤێک دەور بگێڕێ.

بەپێچەوانەی ئیدعاکانی نەوشیروان مستەفا و سەرانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە سەبارەت بەوەی بزوتنەوەکەیان بەرهەمی "دابران و تجاوزاکردن"ی ئەحزابی ئایدیۆلۆژی وتەقلیدی بزوتنەوەی کوردایەتی باوە، بەڵکو پڕۆسەی شکڵگرتنی ئەم بزوتنەوەیە وەک "حزبێکی تر" نەمێژویەکی جیاواز و نە دورکەوتنەوەیە لەو پایە چینایەتی و سیاسی و بەرژەوەندیانەی کە بۆرژوازی کورد و حزبەکانی لە ڕابردو ئێستادا لەسەری دامەزراون، تەنانەت لە ڕوانگەی سیاسیەوە ئەم ڕەوتە هاوبەشیەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ ئەو چوارچێوە و مەفروزاتە سیاسیانەدا کە ناسیونالیزمی کورد پابەندە پێیی، بەم جۆرەش درێژکردنەوەی هەمان مێژووی سیاسی وحزبایەتی و دوبارەکردنەوەی هەمان ناوەڕۆکی چینایەتیە، کە بۆرژوازی کورد دوای بەدەسەلات گەیشتنی بۆ چەندین ساڵە ژیانی خەڵکی کوردستانی پێ لەقاڵبداوە.

بەواتایەکیتر ئەگەرچی لەڕێچکەی شکڵگرتنی بزوتنەوەی گۆڕاندا، لەبارەی ڕیکخراوەییەوە، بە حزبێکی تر گەیشتبێ، تەنانەت ئەگەر لەشیوازی دەربڕین و بانگەشە و گوتار و تەقلیدەکانی کارکردنەوە لەهەر حزبێکی تری ناسیونالیزم جیاوازی هەبێ، (کەهەیەتی) بەلام لەجەوهەردا درێژکراوەی هەمان مێژوو، وە لە چوارچێوەی هەمان بەرژەوەندی و مەسەلە و سیاسەتدایە کە حزبە ناسیونالیستەکانی تر لەمەڕ مەسەلەی کورد، ساڵەهای ساڵە، وەک بزوتنەوە و ئەحزابی چینە داراکانی کوردستان کێشاویانە و دۆخی سیاسی و زهنیەتی

کۆمەڵگای کوردستانیان لەسەر ڕەنگڕێژ کردووە. بۆ بزوتنەوەی گۆڕان نە مەسەلەی کرێکارن، نە ژنان، نە ئازادیەکان، نە باشبژیوی هاولاتیان، نەسکولاریزم ومەدەنیەت .. هێچ کام لەمانە بابەت و مەسەلەی سەرەکی و بنەمایەک نییە، بەڵکو وەک هەر حزبێکی تری ناسیونالیست، خاک و نیشتمان و نەتەوە و تەجروبەکەی، یانی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق، ئەزموونی حوکمڕانی و چۆنیەتی پاراستنی ئەم ئەزموونە، مەسەلەی بنەماو سەنتەرە. تەنانەت هەر مەسەلەیەکی تر کە لە دەرەوەی ئەم بنەما و سەنتەرە دێتە ئاراوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەماف و ئازادی و بژێوی هاولاتیانەوە هەبێت، بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەرحزبێکی تری ناسیونالیست، لەکەنار ئەم بنمایەوە و بۆخزمەت پێکردنی و پاراستنی بنەماکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ودەسەلاتی حزبەکانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

ماتریاڵی ئینسانی کە لە پێکهاتنی هەر حزبێکی سیاسیدا مەرجێکی بڕیاردەرە، بزوتنەوەی گۆڕان ئەم مەرجەی، لەجولانەوەیەکی جیاواز لەوەی کەبزوتنەوەی کوردایەتی بەرهەمی هێناوە، بەدەست نەهێناوە، واتە کادر و کەسایەتی و پێکهێنەرە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، ماتریالێک نین کەلە نێو جولانەوەی داکۆکی لە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، لە جولانەوەی ژنان، لە خەبات بۆ باشبژیوی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە هاتبن، تەنانەت ماتریاڵێک نین کە لە جەرگەی خەبات بۆ جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە سەریان دەرهێنابێت، لەکاتێکدا ئەم بزوتنەوانە بەشێک لە مێژووی کوردستانیان داگیرکردووە و لەپێش سەرهەڵدانی بزوتنەوەی گۆڕاندا ئامادەییان هەیە، بەڵکو ماتریاڵی ئینسانی بزوتنەوەی گۆڕان هەر لە سەرەتاوە لە ژینگەی ناوخۆیی یەکێتی نیشتمانیدا و بە وازهێنانی ژمارەیەکی پێویست لە کادر و سەرکردە و ئەندام بەدەست هات، بەبێ ئەوەی ئەم ماتریاڵە بەکورترین پرۆسەی دابڕانی فکری لە حزبی دایکدا تێپەڕێت. لەم بارەوە تەنها دروشمی "جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت" و "بە موئەسەسات کردنی سیستەم" و دەستەواژەی "چاکسازی" بەس بوو بۆ ڕاکێشانی تەوژمی وازهێنانەکان لەیەکێتی تا ماتریاڵە سەرەتاییەکانی حزبێکیتر ئامادەبێ.

بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەتەنها بە دابڕانی ڕێکخراوەیی ژمارەیەک کەس بتوانرێ، حزبێکی جیاواز لەنمونەی گۆڕان بەبێ ئامادەگی لەپێشتری ڕەوتێکی کۆمەلایەتی لەخۆیەوە سەربگرێ. ڕەوتێک کە وەلامدانەوە بە ناتەواویەکانی"پرۆسەی دیموکراسی" و پەرلەمان و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

سیستەمی حکومڕانی، کردۆتە ئەرکی خۆی و لە فەزای باڵادەستی سیاسی و زهنیەتی ناسیونالیزم بەسەر کۆمەڵگادا، داوای چاکسازی کردۆتە دروشم و ئامانجی ئەو بەشە لە چینی بۆرژوازی و خاوەن کۆمپانیا و دەوڵەمەندانێکی مامناوەند، کە لەبەرامبەر قۆرغ کردنی کایەکانی ئابوری و بازاڕدا، لەلایەن ئەحزابی دەسەڵاتدارەوە، نیگەران و ناڕازین. کەوایە زەمینەکانی ئەم ڕەوتە لەکوێ وە سەرچاوەی گرتووە؟.

حزوری سیاسی و سەربازی ئەمریکا و دواتریش ڕوخانی حکومەتی بەعس، ئاڵوگۆڕێکی گەورەی سیاسی و ئابوری لە ناوخۆی کوردستان و لە ئاست ناوچەکەدا پێکهێنا. لەم پەیوەندەشدا، جێگاوڕێگای ناسیونالیزمی کورد چ وەک ئەحزاب و بزوتنەوە و چ وەک سیستەمێکی دەسەڵاتداریتی، گۆڕانی بەسەرداهات. بە ڕوخانی ڕژێمی بەعس ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان هەڵگیراو بۆرژوازی کورد بەئامانجی خۆی لەشەراکەتی دەسەڵات و وەرگرتنی بودجە لە عێراق و لە کۆنترۆڵکردنی بازاڕی ناوخۆی کوردستان گەیشت. ڕۆچوونی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو دەورەیەک لە گەشەی ئابوری و بوژانەوەی بازاڕ و دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت و ڕوتێکردنی سەرمایە، بورای بۆ سەرهەڵدانی زنجیرەیەک لەکۆمپانیای بچوک و گەورە و پرۆژەی ئابوری و بازرگانی، کردەوە تا قۆناغی تەواوکردنی ژێرخانی ئابوری بەدروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، ڕێگاوبان، پرد و چەندین کارەگەی جۆراوجۆر و بواری خزمەتگوزاری گەیاند. بۆرژوازی و سەرمایەداری کورد، کە بۆ یەکەمجار دەورەی بوژانەوەی بازاڕ و ئابوری، بە بەدەستهێنانی بەلێشاوی سەرمایە و دەوڵەمەندبونی لەڕادەبەدەر، لە کەشو هەوایەکی نسبەتەن ئارامدا، تەجروبە دەکرد، بەڵام هێشتا بە نیگەرانیەوە لە سیستەمی دەسەڵاتداریتی داسەپاو دەیڕوانی. دەسەڵاتێک کەحوکمی ئەحزابی میلیشیای بازاڕی کارو سەرمایەی بەدرێژایی دوو دەیە لەگێژاوی سیاسی ونەبونی ئارامی ماوەدرێژ، لەبەردەم سەرمایەکاندا و هاوکات نەبوونی یاساو پێکهاتەی کارگێڕی بۆ زامن کردنی سیستەمێکی هاوسەنگی بازارو وەبەرخستنی هێزی کار لەئابوریدا بەدی دەکرد. سیستەمێک کەبەکردەوە نوێنەرایەتی بەشەکانی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداران زامن بکا و دڵنیایی قانونی و یەکگرتوویی سیاسی لە ئاست حوکم و دەسەڵاتدا دەستەبەربکات. هەموو ئەم نیگەرانیانە بەپێویست ڕوانگەی چاکسازیو ڕیفۆرمەکردنی ئەم دەسەڵاتەی کردبوە خەونێک بۆ گەیشتن

بە کوردستانێکی لیبراڵ و دیموکراسی. ئەمە لەکاتێکدا کە گەورەبوونەوەی شارەکان و دەرکەوتنی قەڵشت و جیاوازیەکی ئاشکرای چینایەتی، لەلایەک ناسنامەی ناسیونالیزمی کورد و حزبە تەقلیدیەکانی وەک جوڵانەوەیەکی ئەنتی ڕژێم، کەڕێبازی چەکداری بۆ یەکلا خستنی مەسەلەی کورد و بەشداری کردن لە دەوڵەتی مەرکەزیدا، خستبووە ژێر پرسیارەوە و تادەهات کارایی خۆی لە هەڵخراندنی خەڵکدا لەدەستدا. لەلایەکیتریشەوە بنبەستی دەسەلات و سیستەمێک کەئەم جوڵانەوەیەو حزبەکانی دایانمەزراندبوو لە وەڵامدانەوە بە ئازادیەکان و ژیانی ڕۆژانەی هاولاتیان، بەپێویست ناڕەزایەتیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە جولانەوە و ناڕەزایەتی لاوان و ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازندا، دەنواند، هێنابوە مەیدانەوە.

بێگومان لە دۆخێکی ئاوادا ناڕەزایەتی ئەو بەشە لە چینی بۆرژوازی کە لەبەرامبەر کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی بازاڕ و ئابوری و ڕۆڵی میلیشیا و بێنەزمی و فەوزای قانونی و ئیداریدا، ئەو بنەما کۆمەڵایەتیەی بۆ خواستی چاکسازی لە ڕیزەکانی چینی بۆرژوازی کوردا هێنایەکایەوە و هاوکاتیش ئامانجی لیبرالیزەکردنی ناسیونالیزم و ڕیفۆرمکردنی دەسەلاتەکەی چ وەک فکر و چ وەک سیاسەت لەنێو ڕیزێکی بەرین لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و دەزگای ڕاگەیاندن وئاکتڤیستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، وەک لایەنگر لەڕەوتی چاکسازی، لەژێرچەتری دیموکراسیو پەرلەمانتاریزمدا کۆکردەوە.

بە واتایەکی تر سەرهەڵدانی ڕەوتی چاکسازی و ڕیفۆرمەکردنی بۆرژوازیانەی هەلومەرجی ئێستا، وەک وەڵامێک بۆ ئارایشتدانەوەی تازەی دەسەلات و ڕیزبەندی ئەحزابەکان و سەرەنجام پاراستنی دەسەلات لە هەر پەلامارێکی شۆڕشگێرانە لەلایەن خەڵکەوە، ڕوانگەی ئەم رەوتەبوو کە دواتر لەئاستێکی ڕیکخراوەییدا لەبزوتنەوەی گۆڕاندا خۆی بەرجەستەکردەوە. بەتایبەتی لە فەزایەکی فکری و سیاسی و سەرهەڵدانی نەریتێکی تازەدا، کە لایەنگرانی دیموکراسی و پەرلەمانتاریزم پەرەیان پێدابوو. لەپەیوەند بەم واقعیەتانەوەیە کە نەوشیروان مستەفا و هاوەڵەکانی توانیان لە کورتماوەدا و بەبێ تێپەڕکردنی دابڕانێکی فکری لە یەکێتی هەڵببڕێن و سەر لە حزبێکی تازەدا دەربهێنن. بەتایبەتی کە ئەو دەیزانی ناتوانێ بەئیدعا و بۆچون و باوەڕە تەقلیدیەکانی حزبی دایکەوە و تەنها لە ڕێگای دابەشبونێکی حزبیەوە سەر لە حزبێکی تازەوە دەربهێنێ. مەگەر ئەوەی کە لەسەر بنەما

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

کۆمەڵایەتیەکەی ڕەوتی چاکسازی ڕاوەستێ و خۆی بەو فەزا فکری ماتریاڵەوە گرێداتەوە کە پاساوێک بوو بۆ ئەم ڕەوتە. بەم جۆرە بزوتنەوەی گۆڕان بەخێرایی وەک حزبێکی تازە دەرکەوت. حزبێک کە لە ڕێگای کۆکردنەوەی دەنگ و مونافەسەی هەڵبژاردن و پەرلەمانیەوە، ستراتیژی "چاکسازی لە سیستەم"دا بکاتە ڕەنگو بۆیەکی تازە و جیاواز لە حزبە تەقلیدەیکانی تر، کە هەم مەقبولیەتیان لەئاست کۆمەلگادا کەوتبوە ژێر پرسیارەوە و هەم نارەزایەتیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی یەخەی پێگرتبوون.

هەر لەمبارەوە نابێ ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکەین کە بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە تەنها ئامادەییەکی سەربازی و سیاسی نەبوو بۆ داڕشتنەوەی دەوڵەت و یەکخستنی هێز و لایەنەکان لەژێر پەرچەمی دیموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر نەتەوە و دەستە ئاینی و ئەتنیکیەکاندا، بەڵکو لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵگای کوردستانی بەڕووی کرانەوەیەک بۆ هاتنە ناوەوە و پەرەسەندنی بیروباوەڕی لیبراڵی و پیرۆزیەکانی دیموکراسی دانا و فەزای فکری و زەینی بۆ جێکەوتنی باوەرەکانی ئاشتی خوازی چینایەتی و وەلانانی توندوتیژی و مافی مرۆڤ وچاوتیبڕین بۆ پەرلەمان و یاسا ..کردەوە. هاوکات ڕێگاش کرایەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و گروپەکانی فشار و کەمپینی پەرلمانتاریستەکان، ڕاگەیاندن و میدیای ئەهلی.. هەموو ئەمانە وەک مەیدانێکی فکری و هوشیاریەکی پێچەوانە، دەستی ڕیزێکی فراوانی لە ڕۆشنبیران و نوسەران و میدایاکاران و ئاکتڤیست ڕاکێشا تا واقعیەتە چینیەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان ئاوەژوو بکەنەوە و "کوردبوون و دیمکراسی"، "چاکسازی و ئاشتەوایی" لەپال نەتەوەچێتی و نیشتمان پەروەریدا وەک فکر وئایدیۆلۆژیایەک بۆ  پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەت و ستراتیژی ڕیفۆرمخوازیانەی دەسەڵاتی مەجود ولیبرالیزەکردنی بەدەستەوەبگرن. لەم  نێوەدا نوسەران و ڕۆشنبیرانێک کە ئاگاهانە بە بانگەشەکردن بۆ"دیموکراسی کوردستان و پەرلەمانەکەی" ئینکاری دابەشبونە چینایەتیەکانی کۆمەڵگایان کرد و"جیهانبینی گۆڕان وخەونێک بۆ داهاتوو⚜" یان نەک هەرکردە پاشخانێکی فکری و ئاسۆیەک بۆ چاکسازی

---

⚜ / ئاماژەیە بۆ نامیلکەیەکی هاوبەشی، بەختیار عەلی، ڕیبین هەردی، مەریوان وریا قانع وئاراس فەتاح، کەوەک لایەنگریەکیان بۆ رەوتی چاکسازی ولیبرالیزمەکردنی ناسیونالیزمی کورد نوسێ وپێشکەشی بزوتنەوەی گۆرانیان کرد تا وەک ئاسۆو بنەمای کاری خۆی بەدەستیەوەبیگرێ ..

کردنی دەسەڵاتێک کە ڕووبەرووی نارەزایەتی فراوانی خەڵک بووەوە، بەڵکو بەجورێک لە جۆرەکان بەرەو لایەنگری لەحزبی تازە هەنگاویان نا. نەوشیروان مستەفا بەرەنگ کردنی ناسیونالیزمەکەی بەم باوەڕانە هێلی جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا کێشا و لەسەر زەمینەی ئەم واقعیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە توانی، بزوتنەوەی گۆڕان وەک حزبێکی جیاواز و بەستراتیژی چاکسازیەوە لەبەرامبەر دەسەڵات و نارەزایەتی خەڵکدا بگەیەنی. حزبێک کە لە ناوەرۆکدا ناسیونال بۆرژوازیەو خۆی لەبەرگی چاکسازیەوە ئاڵاندووە.

بەڵام بۆئەوەی ڕۆشنتر ماهیەتی چینایەتیو ئامانجەکانی ئەم حزبە تازەیە دەربخەین باشترە لەسەر خودی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان خۆی ڕاوەستین.

بۆ بەرچاوروونی خوینەریش ئاماژە بەوە دەکەین کە بەشەکانی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان⚜ هەروەک نوسراوە، لەسەرسێ ئاستدا، ئامانجە گۆڕانخوازیەکانی خۆی دەستەبەندی کردووە: یەکەمیان لەسەر ئاستی عێراق و دووەمیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و سێهەمیش لەسەرئاستی پارێزگاکان، کە دیارە بۆ هەر بەشە چەند تەوەرێک ڕیزکراوە و بۆ هەر تەوەرەیەکیش چەند خاڵێک خراوەتە ڕوو کە بەتێکرا، ناوەرۆک و لایەنەکانی ئەو گورانکاریە ئاشکرادەکەن کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک "حزبێکی سیاسی تازە و جیاواز" لەچاو حزبە تەقلیدیەکانی ناسیونالیزمی کوردا، دەناسێنێ و بڕیاریشە بەپێی ئەم پرۆگرامە چاکسازی لە داهاتووی ژیانی هاوڵاتیانی کوردستاندا بەدی بهێنێ.

ئەم بەشەی باسەکەی ئێمە تایبەت دەبێ بە :

# بەشی یەکەم: لەسەر ئاستی عێراق

### تەوەرەی یەکەم:

### پەیوەندیەکانی هەرێم وبەغدا.. کێشە لەسەرچیە؟

بزوتنەوەی گوران لەپرۆگرامە سیاسیەکەیدا، لەسەر ئاستی عێراق، پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا، لەسێ تەوەردا دینێتە ئاراوە وگەرەکیەتی بەهۆیانەوە هەم چاکسازی بنەرەتی

⚜/ بۆ خویندنەوەی تەواوی پرۆگرامەکە تکایە بگەڕێرەوە بۆ ئەم لینەکەی خوارەوە:
http://www.gorran.net/Detail.aspx?id=2605&LinkID=114

سیاسی بکا و هەم هێڵی جیاوازی خۆشی لەگەڵ حزبەکانی تردا بکێشێ. لیرەدا بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم چاکسازیانە و ئەم جیاوازیانە لەسەر هەریەک لەتەوەرەکان ڕادەوەستین. سەرەتاش لەتەوەری یەکەمەوە دەست پیدەکەین کەلەژێر تایتڵی "بەنیشتمانیکردنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ"دایە:

یەکەم: لەپێشەکی تەوەرەکەدا، پرۆگرام باس لە "قەیرانی نوینەرایەتی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق" دەکا و دەڵیت:

"قەیرانی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق یەکێک بوە لەو قەیرانە ئاڵۆزانەی، کە لە دروستبونی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە تا ئەمڕۆ، هەڕەشەی لە قەوارەی کوردستانی باشور و بەرهەمی شۆڕش و قوربانیەکانی گەلی کوردستان کردوە. زۆرجار ئەوەی گەلەکەمان بە شۆڕش و قوربانیدان بەدەستی هێناوە، لەسەر مێزی دانوستان، یان لە پەیوەندی ژێربەژێر و ناڕۆشنی سەرکردە و شاندە کوردیەکان لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی بەغدا، لەدەستچوە یان سازشی لەسەر کراوە

بەر لە راپەڕینی ئاداری 1991، بەهۆی نەبونی ، سەرکردایەتی حیزبەکانی شاخ، لەسەر بنەمای شەرعیەتی شۆڕشگێڕیی، ئەو نوێنەرایەتیەیان لە بەرژەوەندی خۆیان، وەک حیزبی پێشڕەو، بەکاردەهێنا. دوای راپەڕینیش، سەرباری دامەزراندنی کۆمەڵێک دامودەزگای بان حیزبی، وەک پارلەمان، ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێم، کەچی باڵادەستیی حیزب، بەتایبەتی ئەو حیزبانەی کە لە شۆڕشەوە هاتبون، وەک خۆی مایەوە، بەجۆرێک دامەزراوە نیشتمانیەکان بونە پاشکۆی دو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم، قەیرانی رەوایەتی نوێنەرایەتی نیشتمانیش وەک خۆی مایەوە." (هێڵی تەئکید هی ئێمەیە)

ئەم دوو پەرەگرافە تێپەرئاسا ئاماژە بە دوو قۆناغ دەکات کە "نوێنەرایەتی گەلی کوردستان"ی تیا کراوە. لەقۆناغی یەکەمی ئەم نوێنەرایەتی کردنەدا، ئاماژە بۆ ئەو دانوسان و"مفاوەزاتانە" دەکات کە لەنێوان "سەرکردە و شاندە کوردیەکان" و ڕژێمەکانی عێراقدا بەڕیوەچون و بەهۆی ئەوەشەوە کە "کورد خاوەنی دامودەزگای هەڵبژێردراوی خاوەن ڕەوایەتی یاسایی" نەبووە، "بنەمای شەرعیەتی شۆڕشگێڕی" لەشاخەوە ئەم نوێنەرایەتیەی

بە لەدەستدان و سازش گەیاندووە. بەمجۆرەش "قەوارەی کوردستانی باشور و بەرهەمی شورش و قوربانیدانەکانی گەلی کوردستان" کەتۆتە بەردەم مەترسیەوە!!. وە لەقۆناغی دوەمدا کە لەدوای ڕاپەڕینەوە دەستپێدەکات" کورد بۆتە خاوەنی دامەزراوەی نیشتیمانی"، لەوانە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەریم. بەڵام بەهۆی باڵادەستی حزبەوە ئەم دامەزراوە نیشتمانیانە بونەتە پاشکۆی حزب وڕەوایەتی نوێنەرایەتی نیشتمانیش وەک پێشوو لە قەیراندا ماوەتەوە!!

تەواوی ئەم دەربڕینانە هەمان ڕوانگەی باوی بۆرژوازی کورد، لەمەڕ "نوینەرایەتی گەلی کوردستان" ومفاوەزاتەکانی نێوان ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراقدا دوپات دەکاتەوە، کەلە بنەرەتەوە لەسەر بنەمای ئاوەژووکردنەوەی واقعیەتەکانی کۆمەڵگای کوردستان و لەئارادا بوونی بەرژەوەندی جیاوازی چینەکان و ئەو بزوتنەوانەی کەنوێنەرایەتیان دەکات، ڕاوەستاوە. ناسیونالیسزمی کورد وجوڵانەوەی کوردایەتی و حزبەکانی کەنوینەری ڕوانگە و ئامانجەکانی بۆرژوازی کوردبوون، لە ڕابردوودا لە فەزای سیاسی جیهانی و ناوچەیی ئەوکاتدا، وەک جوڵانەوەیەکی چەکداری لەشاخەوە کەوتونەتە بەرامبەر بە ڕژێمی عێراقەوە، تالەم ڕێگایەوە بەئامانجی شەراکەت لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا بگەن و لە چوارچێوەی ئەم بەشداربوونە سیاسیەدا، باڵادەستی خۆیان بەسەر بازاڕی کار و سەرمایە لە کوردستاندا مسۆگەر بکەن و لە فۆڕمی حکومەت و سیستەمێکی فەرمانڕەواییدا، قەوارەی پێبدەن، بەجۆرێک کە ئەم فۆرمەی شەراکەت و دەسەڵات گونجاو و هاوتا بێت لەگەڵ هاوسەنگی هێزە جیهانی وناوچەیەکان. بازنەی "جەنگ، مفاوەزات، جەنگ" ستراتیژی شەڕی چەکداری ناسیونالیزمی کورد و جوڵانەوەکەی لەشاخەوە بەرەو شار، گوزەراندووە، وە هیچکاتیش بەکردەوە خواستی ڕوخانی ڕژێمە دیکاتۆر و کۆنەپەرستەکانی عێراقی نەکردۆتە دروشمی سەرەکی، بەڵکو دوای هەرچەند ساڵێک بەپێی هاوکێشەی هێز ئەوانی ڕاکێشاوەتە بەردەم مفاوەزات و دانوسانەوە لەگەڵ ڕژێمدا و لەهەموو ئەم کارەشدا، نەک پرسوڕایەک بەخەڵکی کوردستان نەکراوە، بەڵکو زۆرجار بەنهێنی و لەسەر وخەڵکەوە بەڕێوەبراوە. بەڵام ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لێرەدا دوپاتی دەکاتەوە ئەوەیە کەئەویش ئەم جوڵانەوە چەکداریە و ئەم دانوسانەی حزبە ناسیونالیستەکان کردویانە بەناوی "شۆڕش" و خەڵکی کوردستان و قوربانیدانەکانی

ئەوانەوە ناوزەد دەکرێ. کە دیارە ئامانجیش لەمە پەردە پۆشکردنی جیاوازیە چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و گشتاندنی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی کوردە بەناوی هەموو "گەلی کوردستانەوە". لەکاتێکدا ئەم جولانەوە چەکداریانەی بزوتنەوەی کوردایەتی نەک هەر شۆڕشی خەڵکی کوردستان نەبوون، بەڵکو بەتەواوی کۆنەپەرست و بەدور لەئاوات و ئامانجی ئینسانی و پێشکەوتنخوازی و ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان لە ستەمێکی نەتەوایەتی کە بەسەریانەوە بووە ڕویان داوە. هەربۆیە دانوسانەکانیشیان لەگەڵ ڕژێمدا دانوسانی نوێنەرانی پشتی پەردەو سەروخەڵکی هەرئەم حزبانەبووە بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆیان. قەیرانێکیش کەلەم پرۆسەیەدا هەبێت، قەیرانی سیاست و کارکردی جولانەوەیەکە کەدەبێ بەحسابی خۆی بنوسرێتەوە و بەرپرسیاریەتیەکەی لە ئەستۆ دابنرێ. پرۆگرام ئەم ڕاستیانە پەردەپۆش دەکاتەوە و تەنها بەگلەیی کردنەوە لە "سەرکردەو شاندەکانی کورد" دەڕوانێ، تا هەم ئەم جولانەوە چەکداریانەی ناسیونالیزمی کورد بەشۆڕشی خەڵک وهەم دانوسانەکانیشیان لەگەڵ ڕژێمدا بە"نوینەرایەتی خەڵکی کوردستان" بسەپێنێ.

دیسانەوە لەقۆناغی دووەمیشدا کەبزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد بەحوکمی بارودۆخەکانی دوای شەڕی ئەمریکا لەدژی عێراق و ئەو بۆشاییە ئیداریەی کە کوردستانی تێدەکەوێت، فرسەت دەکاتەوە تا ئەحزابی میلیشیای کورد لەسەر زەمینەی "ناوچەی نۆفلایزۆن" و بەپشتیوانی هێزەکانی ئەمریکا، دەسەلاتی ناوچەیی خۆیان بسەپێنن بەسەر کۆمەڵگادا و حکومەت و پەرلەمانێکیش کە هەمیشە جێگای کۆبوونەوەی نوێنەران و نفوزی هەرئەم حزبە میلیشیایانە بووە، بە"دەزگای نیشتیمانی وخەڵکی" لە قەلەم بدرێ. لەکاتێکدا ئەم دامودەزگایانە نەک ئیرادە و بڕیاری خەڵکی کوردستانیان لەپشتەوە نەبووە، بەلکو لەسەر پاشماوە ئیداری وقانونیەکانی حکومەتی بەعسدا ژیانی هاولاتیانی کوردستانیان بەریوەبردووە. کارەسات و دەرد و مەینەتیەک کە ئەم دامودەزاگایانە لە بەرامبەر خەڵکی کوردستاندا بەڕیوەیان بردووە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەوەی کەئەم پێکهاتوانە نەک هەر "نیشتیمانی و خەڵکی" نەبوون، بەو مانایەی کە بڕیارو ئیرادەی هاولاتیان بەرجەستە بکاتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەسەلاتی ئەحزابگەلێکی ناسیونالیست و ئەلتەرناتیڤی ئەوان بووە بۆ بەڕیوەبردنی ژیانی هاولاتیانی کوردستان، کە لە بنەڕەتەوە بۆ نوێنەرایەتی کردنی

ڕوانگە و بەرژەوەندیەکانی چینی سەرمایەدار و دەوڵەمەندان لەکۆمەڵگادا دامەزرێنراوە. کارتۆنی بونی ئەم دامودەزگایانە (پەرلەمانو حکومەت) بەوجۆرەی کە هەمیشە لەژێر حوکمی دابەشبوونی هێزی میلیشیا و ناوچەیی حزبەکاندا بووە، دامو دەزگای کارگێڕی هەر ئەو حزبانەبوون بۆ بردنە پێشەوەی ویست و بەرژەوەندیەکانیان.. بەپێچەوانەی گلەییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەم دامودەزگایانە، نوینەرایەتی نەکردنی خەڵک لەلایەن ئەم حکومەت و پەرلەمانەوە بۆئەوە ناگەرێتەوە کە حزب تیایاندا بالادەست بووە، بەڵکو لە خودی ناوەڕۆکی چیانیەتی و مەوجودیەتی پێکهاتنیاندایە کەناسیونالیزمی کورد نوێنەرایەتی تیادەکات. تەنانەت ئەگەر دەستی حزب لەم حکومەت و پەرلەمانەش کۆتا بکرێ، دیسانەوە ناتوانێ دامودەزگای "نیشتمانی" و هەمو خەڵک بن، بەڵکو دەسەڵاتێکە کە چینی بۆرژوازی کورد بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیەکانی کار و سەرمایە، بۆ ڕاگرتنی جیاوازی چینایەتی نێوان زەحمەتکێشان و دەوڵەمەندان لە کۆمەڵگادا و بۆ هێشتنەوەی هەلاواردن و جیاکاری و سەرکوتی سیاسی، لەگۆڕادیە.

بەلام ناوەڕۆکی بۆرژوازیانەی ئەو بۆچون و لێکدانەوەیەی کە پرۆگرامی پێنوسراوە، ڕۆشنتر دەردەکەوێ کاتێک کەمەسەلەی "قەیرانی نوینەرایەتی گەلی کوردستان" بەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا دەخاتە ڕوو، ئەوەتا دەڵێت:

> "دوای روخانی رژێمی دیکتاتۆری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، سەرباری ئەوەی گەلی کوردستان بەپێی دەستور و ئیستحقاقی نەتەوەیی چەندین پۆستی گرنگی لەبەغدا وەرگرت، کەچی ئەو پۆستانەش، هاوشێوەی دامەزراوە نیشتمانیەکانی هەرێم، لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە پاوانکران، ئیتر بڕیاری شەڕ و ئاشتی، بایکۆت و پەیوەندیبەستن، دانوستان و ململانێ لەگەڵ بەغدا، بەپێی مەزاجی حیزب و سەرکردەی حیزبەکان، لە گێژاوی هەمان قەیراندا مایەوە.
>
> هەرچەندە لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە سەرکردەکانی هەرێم بە هەمو قورسایی خۆیانەوە لە بەغدا ئامادەن، چەندین پۆستی سەرۆکایەتی، سیادیی، وەزاریی و ئەمنی هەستیاری حکومەتی عێراقیان وەرگرتوە، کەچی پەیوەندیی هێزە کوردستانیەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هێزە عێراقییەکاندا بەردەوام لە پاشەکشە و ئاڵۆزبوندایە. تائێستا لایەنی کوردی لە بەغدا نەیتوانیوە شەراکەتی

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

سیاسی ڕۆشن لەگەڵ هێزە عێراقیەکاندا بنیات بنێت، نەیتوانیوە گوشار بەئاراستەی چەسپاندن و جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوریانەدا دروستبکات کە مافەکانی گەلی کوردستان دەستەبەردەکەن. لەبری ئەوەی لایەنی کوردی گوشار و ململانێ بە ئاراستەی چارەی پرسە هەڵپەسێردراوان بخاتەگەڕ، کە پەیوەندیدارن بە خاک و مافی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی ستراتیجی گەلی کوردستانەوە...، کەچی زۆربەی ململانێکانی لەسەر گرێبەستی نەوتی، بودجە و وەرگرتنی پۆستی باڵا بوە. لایەنی کوردیی لەو ململانێیەدا نەیتوانیوە قەناعەت بە بەغدا بکات سەبارەت بە ڕەوایەتیی داواکانی، تەنانەت نەیتوانیوە قەناعەت بە ڕای گشتی کوردستانیش بکات کە لەسەر مافی هەرێم ململانێ دەکات. سەرەنجام ئەدای خراپی نوێنەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە بەغدا زیانی بە کۆی دۆزی گەلی کوردستان گەیاندوە." (هێڵی تەئکید هی ئێمەیە)

ئەم دەربڕینانەی سەرەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی لەپەیوەندی نیوان هەرێمو دەوڵەتی مەرکەزیدا، کە لە مێژووی کوردستاندا بێوێنەیە، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان ناوەڕۆکی سیاسی ئەم گۆڕانکاریانە و دەورونەخشی ناسیونالیزمی کورد و ئەو سیاسەتانەی کە ڕاستەوخۆ لەدژی بڕیارو ئیرادەی خەڵکی کوردستان پەیرەویان لێکرد، پەردەپۆش دەکا و بگرە دەستکەوتەکانی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی، بەدەستکەوت بۆ "گەلی کوردستان" ناوزەند دەکات و تا ئاستی بەڵگە نەویستیش لە پرۆگرامە سیاسیەکەیدا جێگیری دەکات. ڕەخنەیەکیش کە لەم بوارەدا هەیەتی و وەک هۆکاری سەرەکی بۆ قەیرانی نویەرایەتی لەم قۆناغەدا ناساندویەتی خۆی لە" مەزاجی حیزب و سەرکردەی حیزبەکان" و "ئەدای خراپی نوێنەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە بەغدا" و"ململانێی لەسەر گرێبەستی نەوتی، بودجە و وەرگرتنی پۆستی باڵا". دەبینێتەوە.

لە ڕاستیدا ئاستی ئەم جۆرە لە ڕەخنەگرتن، شتێکی زیاتر نیە لە گلەیی و گازەندی ئەخلاقی و تەکنیکی لە حزبەکانی وەک یەکێتی و پارتی کە باڵادەستیان هەیە لەم نوینەرایەتی کردنەدا. ئەمەش زمانی گلەیی لایەنێکی نێوخانەوادەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانیەتی، کە لەژێر فشاری"ڕۆڵی باڵای حزبدا" دەناڵێنێ و لە ئەگەری جێبەجێ بونیشیدا، هیچ شتێکی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا، لێ سەوز ببێ. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان بەم ڕەخنانەی

دەیەوێت چ ڕاستیەک پەردەپۆشبکات؟ ئایا بەرژەوەندیەکانی ناسیونالیزمی کورد و خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی بەشداریکردن و سازدانەوەی دەوڵەتی تازەی عیراقدا یەک شتن، تا بەدورخستنەوەی مەزاجی سەرکردەو بەرژەوەندی حزبەکان چاکسازی تیابکرێ؟
بەنەمانی حکومەتی بەعس، بۆرژوازی کورد بە ئامانجەکانی خۆی لە ڕەسمیەت وەرگرتنی دەسەلاتی ناوچەیی وبەشداریکردن لەحکومەتی عێراق ومسۆگەرکردنی ئیمتیازاتی پلەو پایە وداهات گەیشت. ڕەسمیەت وەرگرتنی کوردستان وەک ناوچەیەکی هەرێمایەتی بەئیختیاراتی تایبەتی خۆیەوە، چاولێکردنی پەرلەمان و حکومەتی حزبەکان بە "نوێنەری کورد" لەپەیوەند بەدەوڵەتی عێراقەوە، ڕسمیەتی وەرگرت، وەرگرتنی ١٧%ی بودجە، جێگیر کردنی" ئیستحقاقی نەتەوەیی" لەدەستوردا و وەرگرتنی چەندین پۆستی گرنگ لە بەغدا... ئەمانە چەندین دەستکەوتی سەرەکین کە ناسیونالیزمی کورد لە قۆناغی دوای نەمانی حکومەتی بەعس، بەدەستی هێناوە و لە فۆرمی فیدرالیزمی قەومی و دەستورەکەیدا، جێگیری کردوون و وەک بنەمایەکیش بۆدارشتنەوەی پەیوەندی نیوان کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزی بەدەستەوە گیرا. تەنانەت ئەم دەستکەوتانە و ئەم پەیوەندیە تازەیە، وەک چوارچێوەیەکی ستراتیژی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد، هەموو حزبەکانی لەسەر هاورا کرد ویەکی خستن. خودی بزوتنەوەی گۆڕان وەک یەکێک لە حزبەکان، ئەم چوارچیوە ستراتیژیەی قەبولکردووە و هەروەک پرۆگرامە سیاسیەکەی تۆماری کردووە، بەم جۆرەش نەک هەر ڕەخنەو هەڵویستەکانی لەمەڕ پەیوەندی نێوان کوردستان و بەغدا، ناباتە دەرەوەی ئەم بازنەیەوە، بەڵکو تێکۆشاوە تا ئەویش وەک هەموو حزبەکانی تر ئەم فیدرالیزمە بە گونجاو و دەستکەوت لەقەلەم بدات..
بەلام ئەو ڕاستیەی کە لەم مێژوەدا دەخرێتە ژێر خاکو خۆڵی بانگەشەی بۆرژوازیانەوە لەچەشنی چاکسازیو "نیشتیمان پەروەری" و"مافەکانی گەلی کوردستان"، ئەوەیە کە بەڕوخانی حکومەتی بەعس فرسەتی ئەوە بۆ خەڵکی کوردستان هاتەکایەوە کە بەشیوەیەکی ئینسانی و کارساز مەسەلەی کورد بەلایەکدا بخرێ و ئەو برینەی کە ساڵەهای ساڵە لەجەستەی کۆمەڵگای عیراق و ناوچەکەدایە هەڵکەنێ و لێرەشەوە پەیوەندیەکی هاوتا و ئینسانی لەگەڵ سەرجەم خەڵکی عێراقدا دامەزرێنرێ و بیکاتە نمونەیەکی پێشکەوتنخوازی لەئاست ناوچەکەدا. پرەنسیپی گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

کوردستان و سەلماندنی مافی بڕیاردانی خەلکی کوردستان لەسەر چارەنوسی خۆیان بەمانەوە لەعێراقدا بەمافی هاولاتی یەکسانەوە، یان جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەمە ئەو مافە بوو کە بۆرژوازی کورد و حزبە ناسیونالیستەکانی لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و شەریک بوون لە دەوڵەتی عێراقدا، جارێکیتر خستیانە ژێر پێوە. لەوەش زیاتر پرس و ڕا نەکردن بەخەڵکی کوردستان و ڕێز دانەنان بۆ مافێک کە هەیەتی، لەوەدا کە ئایا ڕازین بەفۆرمی فیدرالیزم یان نا، دیسانەوە سەلمێنەری، ئەو ڕاستیەیە کە تەواوی سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد لەپەیوەند بە بڕانەوەی پەیوەندی نێوان کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزیەوە، نەک هەر "نوێنەرایەتی گەلی کوردستان"ی تیا زامن نەکراوە (بەوجۆرەی بزوتنەوەی گۆڕان ئاماژەی بۆ دەکات)، بەڵکو لەسەرو ئیرادەی خەڵکەکەیەوە فیدرالیزمیان کردە فۆرمو چوار چێوەیەک بۆ ئیلحاق کردنەوەی کوردستان بەدەوڵەتی تازەی عێراقەوە.  بزوتنەوەی گۆڕان کاتێک ناچێت بەلای ئەم ڕاستیانەداو نایەوێت ئەوە ببینێ کە سیاسەتی ناسیونالیزمی کورد و بڕیارەکانی چۆن لەسەرو مافو ئازادیەکانی خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوە براوە، بە پێویست نایەوێت جیابوونەوە و دووری نێوان بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم حزبانەدا بسەلمێنی، بەلکو بەپێچەوانەوە پێی وایە کە ئەوەی کراوە دەستکەوتی گەلی کوردستانە!!.

دووەم: ئێستا کەزانیمان ئاستی ڕەخنەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە"قەیرانی نوینەرایەتی" لەکوێدایە، شوێنی خۆیەتی بچینە سەر ئەو ڕیگاچارەیەی کەلەم بارەوە وەک بەرنامەی چاکسازی بۆ ئاستی عێراق لەپڕۆگرامە سیاسیەکەیدا جێگیری کردووە. سەرەتا هاتووە:

"بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە ئەو قەیرانە تەنها بەهەڵبژاردنی ڕوکەشی نوێنەرانی هەرێم لەبەغدا، بەلۆجیکی زۆرینەوە کەمینە یان بەپێی ڕێکەوتنی نارۆشنی نێوان حیزبە دەسەلاتدارەکان، چارەسەر نابێ... بەڵکو پێویستی بەمیکانیزمێکی گونجاوە، کە ماف و بەرپرسیارێتی وسنوری دەسەلاتی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە بەغدا و هەرێم دیاری بکا.

لەپێشەوە با تەمومژ نەهێڵین وبپرسین ئایا لەفەزای سیاسی دابەشبوونی زۆنەکانی سەوزو زەرد داو لەژێر سایەی هەژمونی ئەحزابی میلیشیاییدا، دەتوانرێ لەدەرەوەی ئەم فەزایەو ئەم بالادەستبوونەی حزبەکان "هەلبژاردنی نوێنەران"سەربگرێ؟ ئایا دەتوانرێ "لۆجیکی

کەمینە وزۆرینە" ڕەتکرێتەوە لەکاتێکدا تەنها فاکتۆرەکانی براونەوەی ئەم نوێنەرایەتیە بۆ بەغدا، لەئاکامی "زۆرینەی دەنگ"ی دوای هەڵبژاردن و "کورسی زۆری ناو پەرلەمانە وەدێت؟"، ئایا ڕێکەوتنی هیچ لایەنێکیتری دەرەوەی "حزبە دەسەڵاتدارەکان" چ لەناوخۆی کوردستاندا وچ لەگەڵ بەغدا، هێندە ڕوشن بووە تا بکرێتە پێوانەیەک بۆ چارەسەر، لەچاو ئەوەدا کەیەکیەتی و پارتی تائێستا ئەنجامیانداوە؟.. ئەم قسانە جگەلەوەی وێنایەکی ناواقعی لەهەقیقەتی سیستەمێک بەیان دەکات کەبۆ "نوێنەرایەتی کردن لەبەغدا" تائێستا پەیڕەوی لێکراوەو قاچی خودی گۆڕان و سەرکردەکانی ئێستاو ڕابردوی تێدایە، هاوکات هەوڵێکە بۆ سنورکێشانی ڕواڵەتی لەگەڵ ئەو چوارچێوەیەدا کەناسیونالیزمی کورد بۆ پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغدادا کێشاویەتی وهەموانی لەسەر ساغ کردۆتەوە. بەڵام ئەو میکانیزمە گونجاوە چیە کەبزوتنەوەی گۆڕان لەم پەیوەندەدا بەدواوەیەتی؟'.

لەوەلامدا پرۆگرام ئەم خاڵانە ڕیزدەکات کەئیمەش یەک لەدوای یەک لەسەریان ڕادەوەستین:

١. بەدەزگایی کردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، دیاریکردنی ژێدەر (مەرجەعیەت)ی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە بەغدا، بەنیشتمانیکردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری کوردستانی لەبارەی شەڕو ئاشتی، ململانێ و دانوستان، <u>توندکردن یان نەرمی نواندن و ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا و نوێنەرانی پێکهاتەکانی تری عێراقدا.</u>

یەکەم ئەودەزگایە چیەو کامەیە کە دەیانەوێت پەیوەندیەکانی نیوان هەرێم و بەغدا لەخۆ بگرێ؟ ئایا شتێکە لەدەرەوەی ئەو پێکهاتوانەی کەتائێستا لەئارادابووە بۆ نوینەرایەتی کردنی حزبەکانی ڕازی بەپرۆسەی سیاسی لەعێراق وفیدرالیزمەکەی؟ پاشان مەبەستتان چیە لە مەرجەعیەتی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە بەغدا؟ ئایا ئەمە شتێکیترە لە پەرلەمان و حکومەت و ڕێکەوتنی نێوان حزبەکان، کە تائێستا لەسەرو ڕای خەڵکی کوردستانەوە کاری پێکراوە؟ ئایا ئەو مەرجەعەی کە ئێوە بە "نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی" دەزانن جیایە لەم دەزگاو پێکهاتوانە؟ ئەگەر وایە جێگاو ڕێگای نوێنەرانی تورکمان و عەرەبی دانیشتوی کوردستان و ئاشوری و کلدانی.. چیە تیایدا؟ لەمانەش زیاتر ئایا ئەو مەرجەعیەتەی ئێوە بەمیکانیزمی گونجاوی دەزانن لەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

هەڵدەبژێردرێ یان لەنوێنەرانی حزبەکان و بەپێی ئەنجامەکانی براوەی هەڵبژاردنەکان هەر لەم حزبانە دادەنرێ؟ ئایا "بەنیشتمانی کردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری کوردستانی" چ گوارنکاریەک لەخودی ئەو دەزگایانەدا پێکدێنی کە تا ئێستا بەناوی خەڵکی کوردستانەوە نوێنەرایەتیان کردووە؟ لەیەک وتەدا، چۆن و لە کێ ئەم دەزگا و ئەم مەرجەعیەتە دروست دەکرێ؟

ئاشکرایە کە وەڵامی ئەم پرسیارانە لەتەپوتۆزی بانگەشەکردن بۆ ڕوانگەی قەومی و ئەو بەرژەوەندی و سیاسەتانەوە کە تائێستا بەشێک بوون لە دەزگای پروپاگەندەی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی خنکێندراون، بۆ ئەوەی هەر سیاسەت و کارنامەیەک کە لەبنەوە بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوازی کورد دەباتە پێشەوە، هەرئەوەش بەناوی گەل و نیشتمان و نەتەوەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێندرێت. بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان زیاتر لەم پروپاگەندە پوچ و هەڵخەڵەتێنەرانە دەڕوا و پێمان دەڵێت ئەو دەزگایەی کەئێمە بۆ وەڵام بەقەیرانی نوێنەرایەتی پێشنیاری دەکەین:

> "مەرجەعیەتێکی بڕیاردەرە و پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری کوردستانی لەبارەی شەڕو ئاشتی، ململانێ و دانوستان، توندکردن یان نەرمی نواندن و ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا و نوێنەرانی پێکهاتەکانی تری عێراقدا، بەنیشتمانی دەکاتەوە" (هێڵی تەئکید هی ئێمەیە) ..

ئەمە هیچ مانایەکی نییە جگەلەوەی کەئەم دەزگا نیشتمانیەی بزوتنەوەی گۆڕان بەکردەوە وەک هەموو دەزگاکانی تری ئێستای دەستی حزبەکانی نێودەسەلات لەسەر فەزای توندکردنەوەی بارگرژیەکان ونەرمی نواندن لەگەڵ بەغدا و پێکهاتە قەومی و مەزهەبیەکانی تردا، بەرێتە پێشەوە!!. ئەمەش بە ئەسڵ وەرگرتنی هەمان سیاسەت و مەبدەئی بارگرژیە لەپێناو دانوسانو ڕیکەوتن لەسەر ئیمتیازات" بووە، کە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوەبراوە.

لەبارەی چەمکی بە نیشتمانی کردنیشەوە کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک داهێنانێکی لەفزی بۆ خۆ جیاکردنەوە لەوانیتر بەکاری هێناوە، ناتوانێ شتێک بێت لە دەرەوەی فەزایەکی سیاسی و تەقلیدێک کە تائێستا ناسیونالیزمی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات و شەراکەت لە کەشوهەوای ناوچەکە و هاوکێشەی هێزی دەولەتاندا بەدوایەوە بووە. بەتایبەتی کە

## خەسرەو سایە

بزوتنەوەی گۆڕان بەچەمکگەلێکی وەک "خاک و نیشتمان، کورد بون و نەتەوە و ئیستحقاقاتی نەتەوەیی و شتی لەم بابەتە پرۆگرامەکەی ڕەنگڕێژ کردووە و بەهیچ جۆرێک بەلای دامەزراندنی سیستەمێکی سکولاری نەقەومی و نەئاینیدا ناچێت و بگرە لەسەر بنەمای دابەشبوونە نەتەوەیی و ناوچەییەکان بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگا و بەنیشتمانی کردنی بڕیاری خەلکی کوردستانی لەپەیوەند بە بەغداوە پێشنیار کردووە. ئەمەش بەکردەوە ناتوانێ لە بازنە و فەزای ئەو بارگرژیانە دەرچێت کە تائێستا لەم بارەوە لەئارادا بووە و ناوی قەیرانیان لێناوە.

بەلام لە خالێکی تردا هاتووە:

"٢. جگە لەو پرسانەی کە پێویستیان بە ریفراندۆمی میللی هەیە، یان لە سنوری دەسەلاتی دیاریکراوی نوێنەرانی هەرێمدان لە بەغدا، دۆسیەی پرسە ستراتیجیەکانی هەرێم لە پەیوەندیدا بە حکومەتی فیدراڵەوە بسپێردرێ بە پەرلەمانی کوردستان. پەرلەمان مافی ئەوەی هەبێ بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدات، مافی ئەوەی هەبێ لەکاتی پێویستدا بیانخاتە ڕاپرسیەوە، یان بە سازانی نیشتمانی لەنێوان ئەو هێزانەی کە نوێنەرایەتیان لە پەرلەماندا هەیە بڕیاریان لەسەر بدا."

هەروەک لەم خاڵەدا دیارە سپاردنی دۆسێی پرسە ستراتیژیەکانی هەرێمە بە پەرلەمان، ئەمەش ئەو میکانیزمانەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان عاشقی بووە و ستراتیژی چاکسازیەکەی بەگشتی لەسەر بیناکردووە. لێرەشدا دەیەوێت پەرلەمان بەو کاراکتەرە حزبی و سەرو قانونیەوە کە هەیەتی پەیوەندیەکانی نیوان هەرێم وبەغدای پێ ڕیکبخرێ ، بەڵام کام پەرلەمان؟ پەرلەمانێک کە ناتوانێ نفوزی ئەحزاب لەخۆیدا خاڵیکاتەوە و لەڕێگای دابەشبونیەوە بەسەر فراکسیۆنە پەرلەمانیەکاندا، چۆن دەتوانێ بەدەر لە سازان و تەوافقی حزبەکان، بڕیاری ستراتیژی ببڕێنێتەوە!! ئەزمونی ئەم چەند ساڵەی دوایی پەرلەمانی کوردستان، بەڕۆشنی بنبەستی ئەو ئومیدەی نیشانداوە کە بزوتنەوەی گۆڕان سیاسەتی لەسەر هەڵچنیوە، ئومێدێک کە چاکسازی لە ڕیگەی پەرلەمانەوە کردۆتە ستراتیژێک بۆ بەدیهێنانی گۆڕان لە سیستەمی سیاسی و لە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدادا. ئەم ئومید و ڕوانگەیە کە لەنیو کێشە و ململانێی حزبەکانی کوردستان و لە فەزای دابەشبوونە قەومی و تیرەگەریەکانی فیدرالیزمدا قەراردەگرێ، نەک هەر دەستو پێ بەستراو بێتوانا

دەمێنێتەوە، بەڵکو خەلکی کوردستان بەدیار وەهمێکەوە ڕادەگرێ کە جگەلە تەسلیمبوون و چاوەروان مانەوە بەم باڵەی بۆرژوازی کورد و خولێکی بەردەوام لە بارگرژی نێوان حزبەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان خۆی و ئەو کێشەو ململانێیانەی کە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا دێنە ئاراوە، شتێکی تری بەدواوەنابێت.
لەخالێکیتردا هاتووە:

"٣. بەپیشەییکردن و بەیاساییکردنی ئەرکی دانوستان و چاودێریکردنی ئەدای نوێنەرانی گەلی کوردستان لەناو دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەت و دامەزراوە و دەستە سەربەخۆکانی عێراقدا، لەڕێگەی دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانییەوە کە لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ و لەبەردەم پەرلەمانیشدا بەرپرسیاربێ، ئەرکە سەرەکیەکەی بریتی بێ لە دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و داکۆکیکردن لە ئیستحقاقی نەتەوەیی گەلی کوردستان بەو شێوەیەی لە دەستوری عێراقدا هاتوە."

ئەم خاڵە کە پێکهێنانی دەستەیەکی نیشتمانی بۆ "پیشەیی کردن و بەیاسایی" کردنی دانوسانەکان، وەک میکانیزمێک بۆ دەرچون لە قەیرانی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان پێشنیار دەکات، بەدەر نییە لەحاڵەتی ئێستا. یانی بەهەمان شیوە ئەم دەستەیە لەسەر بنەمای مشتومڕ و مفاوەزات لەگەڵ دەوڵەت و لایەنە عێراقیەکان کاری پیشەیی و یاسایەکەی دەکات و بەهەمان شێوە ئەمیش لەنێو فەزای دابەشبونە قەومیەکان و جیاوازی بەرژەوەندیەکان و هاوکێشە سیاسیەکاندا خەریکی یەکلایی کردنەوەی "کێشە هەڵپەسێراوەکانە". لەمەشدا دیسانەوە ئاسۆ نارۆشنە و هیچ زەمانەتێک بۆ سەرکەوتوویی کاری ئەم دەستەیە و ئەم میکانیزمە بۆ تێپەرکردنی قەیرانی نوینەرایەتی نادات بەدەستەوە. بەڵام ئەوەی لەم خاڵەدا گۆڕان بەدواوەیەتی چارەسەرکردنێکی ڕواڵەتانەیە، بەتایبەتی کە ترس لە بە"حیزبی بوونی" دەستەکە، پێکهاتو شێوەی دامەزراندنەکەی سپاردووە بە بڕیاری پەرلەمان، لەمەشدا پێدەچێت بیرۆکەی"سەربەخۆیی" کەسانێک بگرێتەوە کە لەدەرەوەی پەرلەمان بن و بەزمانی تەکنیکی "کەسانی پسپۆر" بگریتەخۆی. لەپشنیارێکی ئاواشدا ئەگەرچی کەسەکانی ئەم "دەستە پێشەیی و یاساییە"، ڕاستەو خۆ سەر بەحزب نەبن، بەڵام

ئەوە بەڵگە نەویستە کەدەبێ ڕای حزبەکان و فراکسیۆنە پەرلەمانیەکانی لەسەر بێ. واتە دەبێ حزبەکان لەپشتەوە لەسەر ئەم کەسانە ڕازیبن ئەوجا دەتوانرێ دامەزرێ. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ هەمان خاڵی سەرەتایی و ئەو هەموو خولانەوە و چاوشارکێیەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەم میکانیزمەدا بەدواوەیەتی بێ هودە دەهێڵێتەوە. بێگومان هونەریش لەمەدا ئەوەیە کە مادام گۆڕان سەرمەستە بە پەرلەمان و ڕیگای چاکسازیەکەی بۆ چارەسەری قەیرانی نوێنەرایەتی هەر بەوە دەگات بەوەهمیکەوە ئەم سەرمەستیەی بەم جۆرە میکانیزمانە بگەیەنێ. کە بێگومان نەک نوینەرایەتی خەڵکی کوردستان زامن ناکات، بگرە ناشتوانێ لە چوارچێوەی سیستەمی ئێستا و دابەشبوونە حزبی و قەومیەکاندا، هەنگاوێک هەڵگرێ.

٤. لەدواین خاڵدا ئامانجەکانی بەنیشتمانیکردن و بەدەزگاییکردنی پەیوەندیی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەچەند خاڵی تایبەتدا ڕیزبەندی دەکات:

> "ئاشکرایە کەیەکێک لەو چەمکە سەرەکیانەی کە ڕوانگە ئاڕاستەی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕانی پێنوسراوە وچەندین جار دوبارەدەبێتەوە، چەمکی "نیشتیمانی و بەدەزگایی کردنە". تەنانەت چەمکێکە بۆ نیشاندانی بەرنامەی چاکسازی ئەم حزبەو کێشانی هێلی جیاوازی خۆی لەگەڵ حزبە کانی تردا، گوایە حزبەکانیتر لەبەرژەوەندی تەسکی حزبەوە دەڕواننە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمو ئەوە بزوتنەوەی گۆڕانە کە لەبەرژەوەندی "نیشتمانی/ نەتەوەیی" و سەرو حزبیەوە دەڕوانێ بۆ ئەم پەیوەندیە و هەربەمەش وەڵام بەو قەیرانە دەداتەوە کە"نوینەرایەتی گەلی کوردستان لەئاست عێراقدا" تێیکەوتەوە!!"

سەرەتا مەسەلەی "بەدەزگایی کردن"ی پەیوەندی نێوان هەرێمو بەغدا، وەک ئەوەی یەکێک لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی گۆڕانە، هەروەک پێشوتریش ئاماژەمان پێکردووە، دەبێ ئەو واقعیەتە بخەینە پێشچاو کە لەفەزای سیاسی ئێستای کوردستاندا و بەهۆی نفوز ودەسەڵاتی ناوچەیی وباڵادەستی ئەحزابی میلیشیایی وسیستەمێکی حکومرانی، کەخودی سەرۆکایەتی هەرێم وحکومەت و پەرلەمانی کوردستانی کردۆتە پاشکۆی دەسەڵاتی ئەحزاب و دابەشکردنی حزبیانەی نێوان لایەنەکان و تەوافقاتێک کە لەسەری ڕیکدەکەون، پێکهێنان و کارکردنی هەردەزگایەک ناتوانێ لە دەرەوەی هاوکێشەی هێزی ئەم حزبانە و

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

دابەشبوونە ناوچەییەکان و تەنانەت گوشاری دەوڵەتانی وەک تورکیا و ئێران، بێتە ئاراوە و بتوانێ ڕۆڵی سەربەخۆیی لەم فەزا سیاسیەدا بگێڕێ، تەنانە خودی هەڵبژاردنەکانی کوردستان چ لەئاست ناوخۆی کوردستاندا و چ لەئاست عێراقدا، کە وەک "پرۆسەیەکی دیموکراتی" ناوی لێنراوە و ئەم حزبانە بانگەشەی بۆ دەکەن، بۆ برانەوەی ئارایشتی دەسەلات و ئەو ئۆرگانانەی کە ڕیکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدایان دەکەوێتە ئەستۆ، دیسانەوە ناتوانێ لەدەرەوەی تەوافق وسازانی حزبەکان وئەم هەلومەرجە دەستی بۆ ببرێ. هەربۆیە ئامانجێکی ئاوا جگەلەوەی ناتوانێ بەکردەوە دەربێت، بەڵکو لەژێر ناوی چاکسازیدا خەڵکی کوردستان بەدیار ئەم دۆخەوە ڕادەگرێ. بزوتنەوەی گۆڕان (هەروەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردووە)، لەلایەک سیستەمی سیاسی ئێستای کوردستانی لەگشتیەتی خۆیدا پەسەندکردووە و بەدەستکەوتی "گەلی کوردستان"ی دەزانێت و لەلایەکی تریشەوە فیدرالیزمی قەومی و ئەو چوارچێوە سیاسیەی کە ئەحزابی قەومی کورد بۆ دیاریکردنی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدادا کێشاویانە، بە چوارچێوەیەکی "ئیجابی" بۆ "دەستکەوتە نەتەوەییەکان" بەدەستەوەگرتووە، مەسەلەی "بەدەزگایی کردن" تەنها دەتوانی "تەعدیلێکی ڕواڵەتیانەی" ئەم دۆخە بێت تا ئەم بزوتنەوەیە شتێکی جیاواز لەخۆی نیشان بدات. تەجروبەی چەند ساڵی ڕابردووی حکومڕانی لەکوردستان ئەوەی نیشان داوە کەهیچ دەزگایەکی قەزایی وحکومی وئەمنی، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان، پارێزگار و قایمقامیەت و بەرێوەبەرایەتیەکان، دەستەکانی وەبەرهێنان وبازرگانی، ئۆفیسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم لەگەڵ ولاتان، تەنانەت پێکهاتوەکان لەبواری وەرزش و ڕۆشنبیری و هیتر.. هەر هەمویان بەرهەمی نفوزی ئەحزاب و ڕێکەوتنی نێوانیانە و لەبۆتەی دەسەلاتە ناوچەییەکاندا شکڵیان گرتووە. هەربۆیە لایەنێک دەتوانی بیرۆکەی "دەزگای سەربەخۆ ونیشتمانی" بەکردەوە دامەزرێنی کەبیەوێت لە پێشەوە کۆتایی بەسەرتاپای ئەم سیستەمە و هەلومشانەوەی سەرجەم پێکهاتوەکانی کردبێتە ئامانجی خۆی. بزوتنەوەی گۆڕان کە ئامانجێکی لەم جۆرەی نیە وە  پرۆگرامەکەی بەلایدا ناچێت، بەدڵنیایەوە تەعدیلێک کەناوی چاکسازی لێناوە ناتوانێ لەخەیاڵ و وەهمێک زیاتر تێپەرێت.

بەلام سەبارەت بە چەمکی "نیشتمانی و بەنیشتمانی کردن"، کە لە ئەدەبیاتی بزوتنەوەی

گۆڕاندا دوبارە و سەد بارە دەکرێتەوە و وەک بەهایەکی سەرەکی وپیرۆزکراو بۆ دەرخستنی جیاوازیەکان و پیشاندانی "بەرژەوەندیەکی باڵاتر" لەچاو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتیدا، بانگەشەی بۆ دەکرێ، دەبێ ئەو ڕاستەیە بخەینە ڕوو کە ئەم چەمکە وەک خولیایەکی چینی بۆرژوازی لە مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەداری ودەسەلاتداریێتی مۆدێرنی ئەم چینەدا، سەنتەری ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی داگیر کردووە. بە واتایەکی تر چینی بۆرژوازی لە مێژوودا بۆ تەبریرکردن و بەڕەوانیشاندانی سیاسەت و کارنامەی شکڵدان بە دەوڵەت/ نەتەوە و بالادەستی خۆی وەک چینێک بەسەر بازاڕی ناوخۆی ولاتدا و بۆ هەڵگرتنی ئەو قەید و بەندانەی کە لەسەر ڕیگای جێخستنی پەیوەندی نێوان کار و سەرمایەدایە، پێویستی بە قاڵبی نیشتمان و نەتەوەیی بوە. بۆ ئەمەش چەمکی نیشتمانی و بەنیشتمانی کردنی وەک "بەرژەوەندی گشتی"، "بەرژەوەندی گەل و نەتەوە" ی ناوزەد کردووە و گوایە "نیشتمان" کە قەوارەیەکی تازەیە بۆ بازاڕی ناوخۆ/ نیشتمانی، ئەو جێگایەیە کە قازانجی هەموان نوێنەرایەتی دەکا و لێرەشەوە دابەشبونە چینایەتیەکان و بەرژەوەندیە جیاوازەکان پەرەدەپۆش بکا و بەدیاری کراوی ئامانجەکانی چینی بۆرژوازی لەم پرۆسەیەدا و لەژێر چەتری ئەم چەمکەدا بەناوی گشتەوە جێبخات تا سەرجەم هاوڵاتیان ڕاکێشێتە ژێر سێبەری دەسەڵاتو سیاسەتەکانی چینی باڵادەستەوە.

بەڵام ئەگەر چینی بۆرژوازی و نیشتمان پەروەری بۆرژوایی لەڕۆژئاوا، سەرەنجام دەوڵەتی نەتەوەی دامەزراندبێ و لەدژی پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی بەرپوایەتی ئەم چەمکەوە کۆتو بەندە فەرهەنگی و قانونی و سیاسیەکانی پێشخۆی هەڵگرتبێ و کۆتایی بە دەسەڵاتە ناوچەیی و میرنشینەکان هێنابێت و بەمەش خەسڵەتێکی ڕولەپێش و پێشکەوتنخوازانەی لەخۆ گرتبێت، ئەوا بۆ چینی بۆرژوازی کورد، چەمکی بەنیشتمانی کردن، شتێکی زیاتر لە بەشداری کردن لەدەسەڵاتی مەرکەزی و وەرگرتنی پلەو پایە و ئیمتیازاتی لۆکاڵی بەناوی "نیشتمانەوە" نەبووە، تەنانەت هاوسۆزی و پێکەوە ژیانی ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ ئاین و خێڵ و عەشرەت و فەرهەنگی دواکەوتوانە و شانازی کردن بەئەدەبیات و مێژوی شیخ و مەلا و تیرە و دەسەڵاتی ئەمارەتەکانەوە و ناساندنی هەموو ئەمانە وەک ڕەسەنایەتیەک بۆ کوردبوون، کراوەتە ناسنامەیەک بۆ سەندنی "مافی نەتەوەیی"، کەلەژێر سایەیدا هەم شەری "ڕزگاری نیشتمانی کوردستان"یان پێ جۆشداوە و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

هەم لە دانوسانەکان لەگەڵ دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا، کراوەتە ئاراستەیەکی سیاسی بۆ دیاریکردن و وەرگرتنی ئیمتیازاتەکانی چینی بۆرژوازی کورد. وە لە لەقۆناغی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا ئەم چەمکە، کە لە 'ئیستحقاقاتی نەتەوەیی" دا بەرنامەی بۆرژوازی کوردی لەدەوڵەتی تازەی عێراقدا لەژێر چەتری دیموکراسیو فیدرالیزمدا ڕەنگڕیژ کرد و ئەمەی بەناوی بەرژەوەندی گشتیەوە جێگیر کرد، نەک هەر خەڵکی کوردستانی، لەسەرو ئیرادە و بڕیاری ئەوانەوە کردەوە پاشکۆی دەوڵەتێکی فشەڵی قەومیو ئیسلامی و ژیانی ئەوانی ڕاکێشایە ژێر سایەی دەستورێکی کۆنەپەرستانەوە، بەڵکو بۆ قازانجی دابەشبونە حزبیەکان لەناوچەکانی سەوزو زەردا، کوردستانی لەدابەشبوونی ناوچەیی و گێژاوێکی سیاسی بەردەوامدا ڕاگرت.

لەمەش زیاتر چەمکی بەنیشتمانی کردن ئەگەر بۆ چینی بۆرژوازی و جوڵانەوە نیشتمانیەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، لەسەردەمی بلۆک بەندیە ئیمپریالیستیەکانی شەرق وغەربدا، ئاڕاستەیەک بوو بۆ تەبریرکردنی خولیای "بۆرژوازی نیشتمانی" بۆ بردنە پێشەوەی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی و بە نیشتمانی کردن و خۆماڵیکردنی ئەرز و نەوت و مەوادی ژێرزەوی و دامەزراندنی ئابوری دەوڵەتیی یەکجێ و بەم جۆرەش دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن، ڕەنگو بۆیەکی پێشکەوتنخوازی و دژی ئەمپریالیستی لەخۆی دابوو، بەڵام بۆرژوازی کورد، لەژێر چەتری بەنیشتمانی کردنەوە نەک هەر ئەم ڕەنگو بۆیەی نەبوو بگرە هەڵگری هیچ ئاستێک لەئاڵوگۆڕی ڕولەپێشی کۆمەڵایەتی و بوژانەوەی سیاسی وئابوری نەبووە و بەدرێژایی هێڵ کۆنەپەرست و دواکەوتوانە کارنامەی خۆی بردۆتە پێشەوە. بزوتنەوەی گۆڕان کە ئیدعای دژایەتی کردنی ئایدیۆلۆژیای تەقلیدی دەکا و خۆی وەک حزبێکی نائایدیۆلۆژی و دژی ستالینی لەم بارەوە هەڵدەخات، بەڵام چەمکی بەنیشتمانیکردن کە خۆی ڕوانگەیەکی تەقلیدی و ستالینی باوە لەنزمترین ئاستی خۆیدا لە پرۆگرامە سیاسیەکەیدا جێگیرکردووە کە شتێکی زیاتر لە تەعدیلی بارودۆخی ئێستا و بەرنامەیەک کە بۆرژوازی کورد پەیرەوی لێکردووە نادات بەدەستەوە. بۆ زیاتر دەرخستنی ئەم ڕاستیە با ئاوڕێک لەئامانجەکانی بەنیشتمانی کردن بدەینەوە هەروەک لەپرۆگرامەکەدا هاتووە... لەیەکەم ئامانجدا هاتووە:

"دیاریکردنی سنور و دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا، ڕێزگرتن

له دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی فیدراڵ، ڕێگری لە هەر پێشێلکارییەک بۆ سەر دەسەڵاتەکانی هەرێم بەو جۆرەی دەستور بڕیاری لەسەر داوە."

بنەمای ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخێک کە بزوتنەوەی گۆڕان لەبەرامبەر شێوازی نوێنەرایەتی کردنی تا ئێستای حزبەکان لەبەغدا لە خۆیان نیشانداوە، هەروەک ئەوەی کە بڕوای وایە "مەزاجی سەرکردەکان" و"وەرگرتنی پلەو پایە" هۆکاری قەیرانی "نویەرایەتی کردنی گەلی کوردستان لەبەغدا" و هاوکات سەرچاوەیەکە بۆ ڕاگەیاندنی "شەڕو بارگرژی هەرزەکارانە" لەلایەک و"دانوسان و ڕێکەوتنی نوینەران" لەگەڵ بەغدا لەسەر بەدەست هێنانی شتی لاوەکی لەلایەکی ترەوە. بەم هۆیەشەوە هەم "دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی عێراق" ڕێزی لێنەگیراوە و هەم ڕێگریەش نەکراوە لەو پێشێلکاریانەی کە بۆ سەر دەسەڵاتەکانی هەرێم بەو جۆرەی دەستور بڕیاری لەسەر داوە".. وە گوایە بەدیاری کردنی سنوری دەسەڵاتەکانی هەرێم حکومەتی فیدراڵ پەیوەندیەکان نیشتمانی دەکرێنەوە!!. لەڕاستیدا ئەو دۆخەی کە جێگای نیگەرانی بزوتنەوەی گۆڕانە و هەرجارە بەباری بارگرژی و پێکدا هەڵپرژانی نێوان هەرێم و بەغدا دا دەکەوێتەوە، بەرەئەنجامی ئەو زەلکاوەیە کەناوی فیدرالیزم و حکومەتی ئیتحادی فیدرالیان لێناوە و بزوتنەوەی گۆڕان نەک هەر خۆی لێبواردووە و نایەوێ بیبینێ، بەڵکو وەک باقی لایەنەکانی تر قاچی لەنێو ئەم زەلکاوەدا چەقاندووە وعەوداڵە بەشوێن "دەسەلاتەکانی هەرێم و ئیستحقاقاتە نەتەوەییەکانی کوردەوە، هەروەک ئەوەی کەلە دەستوری عێراقیدا جێگیر کراوە!! ئەمە لە کاتێکدایە دەستوری عێراق کە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی مەرکەزی و ئیختیاراتەکانی هەرێمی لەسەر بنەمای دابەشبوونە قەومی و ئاینیەکان دیاری کردووە و بۆ خۆشی بەرئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان لایەنەکانی ئامادەکاری دەستور و پێکهینەرەکانی دەوڵەتی فیدرالی عێراق بووە، بەڵام ئەوەی کە هەم دەسەڵاتی هەرێم ڕێز لەدەسەڵاتە حەسریەکانی بەغدا ناگرێ و هەم بەغداش ناچێتە پای جێبەجێکردنی مادە دەستوریەکانەوە، ئاکامی ئەو گۆڕانە سیاسیانەیە کە لە هاوکێشەی سیاسی هێزەکان و دەخاڵەتی دەوڵەتانی ناوچەکەدایە، نەک مەزاجی سەرکردەکان و ئەوەی کە گوایە پارتی و یەکێتی "نیشتمانی نیین"و هەربەدوای پۆستەوەن!! بەواتایەکی تر مادەم خودی فیدرالیزمی قەومی فۆرمێکە بۆ بەڕەسمیەت ناسینی دەستەبەندی هێزەکان لەسەر بەنەمای قەومی و ئاینی و دیاریکردنی

ئیستحقاقاتەکانیان لەتەوازنی هێزیکی دیاریکراودا، ئەوا ئەم هێزانە لەگەڵ ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و ناوخۆییەکاندا، ئەم قاڵبە دەشکێنن و بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی زیاتر و سەپاندنی مەرج بەسەر بەرامبەرەکەیاندا هەموو ئەو ڕیکەوتنە دەخەنە ژێر پێوە کە پێشتر لە چوارچێوەی دەستوردا لەسەری ڕیکەوتبوون. کێشمەکێشی نێوان بارزانی و مالیکی لەڕابردوودا بەڕۆشنی ئەم واقعیەتە دەخاتە ڕوو کەبزووتنەوەی گۆڕان نایەوێت بیبینێ و بیسەلمێنی.

لەخاڵی دووەمدا هاتووە: "دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان و چارەسەر کردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان <u>بەگوێرەی مادە تایبەتەکانی دەستوری عێراق و دۆکیۆمێنت و ڕاستیە مێژویی و جوگرافیەکان</u>، بەتایبەتی ناوچەکانی کەرکوک، شەنگال، زەممار، تەلەعفەر، شێخان، مەخمور، خانەقین، دوز و مەندەلی و ناوچە دابڕاوەکانی تر."

ئاشکرایە کە گرفتی دیاری کردنی سنوری جوگرافی هەرێم و "ناوچە دابڕاوەکان" دوو لایەنی سەرەکین لەکێشەی کورددا و هەمیشە جێگای مشتومڕی دانوسان و پەیوەندیەکانی هەرێم و دەوڵەتی عێراق بووە، بەڵام بەپێی ئەم خاڵەی سەرەوە بنەمای وەڵامدانەوەی بزوتنەوەی گۆڕان بەم گرفتانە، لەچوار چێوەی "بەنیشتمانی کردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و ناوەندا"، گەرانەوەیە بۆ "مادە دەستوریەکان" و"ڕاستیە مێژویی و جوگرافیەکان"!! ئەم وەڵامەش بەو هۆیەوەکە لەلایەک دابەشبوونە قەومیەکان و "ئیستحقاقی نەتەوەیی" بەفەرز وەردەگرێ و لێرەشەوە بەدوای سەندنەوەی خاک و بەشی نەتەوەوەیە، لە چارەسەر کردنی کێشەی سنور و "ناوچە دابڕاوەکان" بەدڵنیایەوە نەک هەر پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا چارەسەر ناکات، بەڵکو خواستی "بەنیشتمانی کردنی پەیوەندیەکانی گەلی کوردستان" لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا لە شەر و بارگرژیەکی نەبڕاوەدا دادەنێ. تەنانەت ئەوەی کە مادە دەستوریەکانی عیراقی بۆ کراوە بە بنەما بۆ چارەسەرکردنیان، دیسانەوە ناتوانێ ئەم کێشانە بەلایەکدا بخات چونکە دەستوری ئێستای عێراق بەرئەنجامی هاوسەنگی هێزی نێوان لایەنەکان لە دەورەیەکدا بووە، ئەم  هاوسەنگیەش لەرزۆکە لەبەردەم گۆڕانکاریە ناوخۆیی و ناوچەییەکاندا و بەپێویست لە دەورەیکی تردا، دەکەوێتە ژێر پێی کێشە و ململانێکانەوە. ئەمە وێرای ناڕۆشنی لەخودی ئەو ماددانەدا و بوونی تەفسیراتی جۆراوجۆر لەسەریان. هەموو ئەمانە ڕێگانادات وا بەئاسانی ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە بابەتێک کە بەردەوام کێشەو هەرا لەنیوان

بەرژەوەندی هاوبەش"ی نێوانیان. هەر بۆیە دەبێ لە جەنگی ڕزگارکردنی خاک ونیشتماندا، دەست لەجیاوازیە چینایەتی و بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەڵگرن، تابتوانن داگیرکەران و بێگانە بکەنە دەرەوە. بەڵام مێژویەکی کورتی دوای بەدەسەڵات گەیشتنی چینی بۆرژوازی و حزبە قەومیەکان، ئەوەیان دەرخست، کە چۆن هەر ئەو نیشتمان پەروەرانە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان وپەرەدان بە بازاڕی سەرمایەدارانەیان، لەکلکەوە خۆیان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیستعمار و ئیمپریالیزم و بێگانەدا، کە بە"شەیتانی گەورە" لەبەرچاوی خەڵکدا ناساندبوویان، گرێدایەوە. نمونەکانی ئەم جۆرە بزوتنەوە قەومی و نیشتمانیانە لەوڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا، گەواهی ئەم ڕاستیەن. لە کوردستانیش ئێمە لەگەل تەجروبەی نیشتمان پەروەرانێکی ناسیونالسیت و نمونەی حزبەکانی بەرەوڕووین کە چۆن نەک هەر "ئیرادەو بەرژەوەندی هاوبەشی" نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانیان بازار فرۆشی دەوڵەتانی داگیرکەر و بێگانە کردووە، بەڵکو چەندین جار پێشلەشکری وراکێشانی سوپای "دەوڵەتانی داگیرکەرو بێگانە بەکورد"یان، دژبە ویستو ئیرادەی خەڵکی کوردستان، بەڕێوەبردووە. تەنانەت نەک هەرئەمە بەڵکو سیاسەتی "کورد بەکورد بەکوشتدان"، هەروەک خۆیان ناویان لێناوە، کردۆتە گۆشەیەکی تاڵ وقیزەونی مێژوی خەڵکی کوردستان.

بەڵام حیکمەتی ئەوە چییە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەڕۆژگارێکدا پرۆگرامەکەی بەم جۆرە چەمکە پرتوکاو و ناوەرۆک بۆشە ڕازاندۆتەوە، لەسەردەمێکدا کە کوردستانی عێراق نە لەگەڵ کۆسپ و پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی بەرەورووە ونە حوکمی داگیرکەران و بێگانەی بەسەرەوەیە، تا بکرێ هەموو خەڵکی کوردستان لەژێر چەتری"ئیرادەو بەرژەوەندیەکی هاوبەش"دا کۆبکرێنەوە و مۆری"ئینتمای نیشتمانی" لەنێوچاوانیان بدرێ؟.. تەنها حیکمەتێک کە لەم کارەدا هەبێ هەرئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزب و ڕەوتێکی ناسیونالیست و خاکپەرست، خۆلادان لەسەرمایەداری بوونی کوردستان و بازدان بەسەر جیاوازیە چینایەتیەکان و ناکۆکیەک کە لە نێوان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و چینی دەسەڵاتداردا لەئارادایە، بکاتە بنەمای ڕاگرتن و پاراستنی پایەکانی چەوسانەوە و نابەرابەریەک کە لەکۆمەلگادا زاڵە ولەم ڕێگایەشەوە کاڵای "نیشتمانی ونیشتمان پەروەری" بکاتە دەسمایەیەک بۆ ڕێبازی چاکسازی و شیرینکردن و مانەوەی ئەزمونی دەسەڵاتدارێتی ئێستای بۆرژوازی کورد، کە هۆکاری نەگەبەتی و ستەم و چەوسانەوەی ڕابرودو ئێستای

زۆرینەی خەڵکە.

٢/ **کوردستانی بوون**. ڕوویەکی تری ڕوانگە و بۆچونی ناسیونالیستیە کە بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ساغکردنەوەی "ئینتمای نیشتمانی" پشتی پێبەستووە. بەڵام واتای ئەم چەمکە چییە؟. موقەدەس کردنی خاک وسنوری جوگرافی و بەبەرداکردنی وەک ناسنامە و ئینتمایەکی فەرزکراو بەسەر تاکاکەکانی کۆمەڵگایەکدا، کە بەدەر لە ئیرادە و ئینتخابی ئازادانەی خۆیان تیایدا لەدایک بوون، دەکرێتە فاکتۆرێک بۆ بڕانەوەی هەقی حاکمەیەتی بۆرژوازی و حزبە قەومیەکانی. ناسیونالیزم بەگشتی بۆئەوەی دەسەلاتداریتی نەتەوەیی بەیەکسان بگرێ لەگەڵ دەخاڵەت و بەشداری تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لەدەسەلات وبەڕێوەبردنی ولاتدا وپێیان بڵێ کە سنوری جوگرافی وخاک، ئەو مافە بەنەتەوە دەدات کە بەجیاواز لەوانیتر دەوڵەت ودەسەلاتی خودی دامەزرێنێ. بەڵام ئەم ئیدعاو کردەیە پەردەپۆشکردنی ئەو ڕاستیەیە کە خودی دامەزراندنی دەوڵەت و سیستەمی دەسەلاتداریتی بەناوی نەتەوەوە، ناکۆکە لەگەڵ مافی بڕیاردانی هاولاتیان وسنوردارکردنی خەڵکە لەدیاریکردنی شێوەی ژیانیاندا. تەواوی دەسەلاتە قەومیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە چینی بالادەست و حزبەکانی، بڕیاردەری ئەوەڵ وئاخری سیستمی سیاسی و ئابووری ولاتن وتەنانەت نەک هەر ئەوان مافو ئازادیەکان لەوسنورە جوگرافیەدا بۆ هاولاتیان دیاری دەکەن، بەڵکو هەرکاتێک هاولاتی بن دەستیان بکەونە ناڕەزایەتی و خستنە ڕووی داواکاریەکانیانەوە بەئاگرو ئاسن وەلامیان پێدەدەنەوە وخەبات وناڕەزایەتیەکەشیان بە"خیانەتی نیشتمانی" و ئاژەوەگێری مەحکوم دەکەن. کوردستانی بوون وەک سیاسەتێک و وەک ئینتمایەک لەلایەن بۆرژوازی خۆیەوە دروست دەکرێ ودەکرێتە چوارچیوەیەک بۆ دیاری کردنی قەڵەمڕەوی سیاسی و ئابوری و حقوقی. لەم سیاست و ئینتمایەشدا، پشتبەستن و بەدەستەوەگرتنی تایبەتمەندیەکانی وەک زمان، ئاین، خاک، کەلتور.. هەموو ئەمانە کە لەدەرەوەی ویستی ئینسانەکان فەرزکراون بەسەر خەڵکدا و لەدەرەوەی بڕیار و ئینتخابی تاکەکانی نێو جوگرافیایەکی دیاری کراو ئامادەگیان هەیە، ئەو ماتریالانەن کە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە بەدەستەوە دەگیرێ تا خەڵکی کوردستان لە ئینسانەکانی تر و هاوچارەنوسی ئینسانیان جیایان بکاتەوە و دایانبڕنێت. وە لێرەشەوە مەشروعیەت بەمافی دەسەلاتداریتی چینی بۆرژوازی کورد ببەخشێ. لەتەجروبەی "هەرێمی

هەرێمو بەغدادا بخوڵقێنێ. هەرلەم چوارچێوەیەشدا مەسەلەی گەڕانەوە بۆ"ڕاستیە مێژویی وجوگرافیەکان" کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدەستیەوە گرتووە بۆ یەکلاخستنی ئەم گرفتانە ناتوانێ کارابێت، چونەک ئەم راستیانە و دۆکیومێنەتەکانی لەهەر لایەنێکەوە مانا و تەفسیری تایبەتی بۆ دەکرێ. بۆیە سەلماندنیان ڕاستەوخۆ بەهێز و فەزای سیاسی ئەو کاتەوە پەیوەست دەبێ کەئەم کێشانەی تیا دەخرێتە سەر مێزی دانوسانەکان.

لەڕاستیدا "دیاریکردنی سنوری جوگرافیی هەرێمی کوردستان" و "چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابراوەکان"، کاتێک دەتوانێ بەعەمەلی ڕێچکەی چارەسەری بۆ بگیرێتەبەر کە خودی کێشەی کورد لەئاستی عێراقدا لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومی ئێستا دەرکێشرێت و ڕیگایەکی سیاسی وعەمەلی بگرێتەبەر، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لەڕیفراندۆمیکدا، کەئایا دەیانەوێت لەعێراقدا بە مافی یەکسانەوە بمێننەوە یان بڕیار لە جیابوونەوەی کوردستان بدەن و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بهێنن. لە دوو توێی ڕێگاچارەیەکی ئاوادا دەتوانرێ بەکردەوە هەم کێشەی سنور چارەسەر بکرێ و هەم "ناوچە دابراوەکان"یش بەلایەکدا بخرێ. بەڵام ئەوەی کە نە بزوتنەوەی گۆڕان و نەهیچ حزبێکی ناسیونالیست بەلای ئەم ڕێگە چارەیەدا ناچن، بەپیویست خودی ئەم گرفتانەش، سەرەرای هەر پینە و پەرۆکردن و پاساو هێنانەوەیەک، (لەچەشنی ئەوەی کە لەم خاڵەدا هێنراوەتەوە) ئەم گرفتانە دەبنە بابەتێک بۆ  ململانێی بەردەوامی نێوان هەرێم و دەوڵەتی عێراق.

لەخاڵی سێهەمەدا هاتووە:

> "دامەزراندنی بنەماکانی وتوێژێکی شارستانی لەنێوان نوێنەرانی گەلی کوردستان و نوێنەرانی تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشوریی لە ناوچە دابڕاوەکاندا، لەسەر بنەمای ئینتیمای هاوبەش بۆ نیشتمان، هاوسێیەتی لە جوگرافیا و مێژودا، شەراکەت و بەرژەوەندیی یەک تەواوکار، دور لە دەمارگیریی، دور لە هەر جۆرە گوتارێک کە بۆنی شۆڤێنیزم و توندڕەویی لێبێت."

لەم خاڵەدا  بە ڕۆشنی لەژێر ناوی "وتوێژێکی شارستانی"دا، ڕۆڵی پلەدوویی هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە بە زمانی تر قسەدەکەن و لە کوردستاندا دەژین لەوانە "تورکمان، عەرەب، کلدو ئاشور" دیاری کراوە و مافی ئەم هاوڵاتیانە ووتویژکردن لەگەڵیان تەنها بۆ ئەوەیە

ڕاکێشرێنە ژێر دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستانەوە. تەنانەت مافی ئەوەیان پێنادرێت کە خۆیان بڕیار بدەن لەوەی کە ئایا دەیانەوێت سەر بە هەرێمی کوردستان بن یان سەر بە عێراقبن. ئەوەشی باسی "شەراکەتو و بەرژەوەندی یەک تەواوکار"ە، چاوتێبرینە لەو حزبە دروست کراوانەی کە بۆ خەڵکی ئەم ناوچانەوە و لەژێر نفوزی ئەم یان ئەو حزبی ناسیونالیستی دەست ڕۆیشتووی کوردا وەک نوینەری خەڵکی ئەم ناوچانە فەرز دەکرێن.

مادام کە ناسیونالیزمی کورد مەسەلەی خاک وئیستحقاقاتی نەتەوەیی کردۆتە پێوانە بۆ ڕیکخستنی پەیوەندیەکانی دەسەلات و ئیدارەی ناوچەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدادا، بەهەمان شێوەش لەگەڵ هاولاتیانی تورکمان و عەرەب و ئەوانیتردا مامەڵە دەکا و ئەوانیش دەخاتە خانەی "نەتەوەی کەمایەتیەوە". ئەمەش بەمانای "شەراکەتی پلەدوو"ە بۆ ئەوان و لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیانی یەکسانە لێیان.

خاڵی چوارەم:

> "کارکردن بۆ هەڵگرتنی ستەمی نەتەوەیی و ئاینی لەسەر کوردی فەیلی و ئێزیدییەکان، بژاردنەوەی زەرەر و زیانەکانیان و پەرەپێدانی ناوچە ئەسڵیەکانی نیشتەجێبونیان لەڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە."

ئەمە دانی ئیمتیازاتێکی تایبەتە بە"کوردە فەیلیەکان" کە لە ناوەڕۆکدا کردنیانە بەئامرازی شەر و دەعوای قەومی لەگەڵ بەغدادا. بەتایبەتی کە ستەمی نەتەوەیی لەسەر کورد بەو جۆرەی کە حزبە ناسیونالیستەکان لە چوارچێوەی "دەوڵەتی فیدرالی عێراق"دا لەسەری ڕیکەوتون و بەئاکامی بەشداری لە دەسەڵاتو وەرگرتنی ئیختیاراتی ناوچەیی وپلەو پۆست و بودجە گەیشتووە.. ئیتر بەهای ئەم جۆرە دەربڕین و ئیمتیازاتانە دەبێ لەوە زیاتر چیبێت کە "فەیلیەکان" وەک بابەتێک بۆ شەرودەعوای قەومی بەدەستەوە بگیرێ!!

لەخاڵی ئاخردا هاتوە:

> "هاوکاریکردنی نوێنەرانی هەرێم لە دەسەڵاتە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراقدا، بەتایبەتی ئەوانەی بەپێی ئیستحقاقی نەتەوەیی پۆستی سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاریی و ئەمینیان وەرگرتوە، چاودێریکردنی ئەدا و شێوازی کارکردنیان و ئاستی پابەندبونیان بە داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستانەوە."

بەدوای ئەو هەموو گلەیی و گازندانەی بزوتنەوەی گۆڕان لە حزبەکانی تری کردووە و دەیکات، کە گوایە خەمی ئەوان پلەو پایەو پۆست نییە، بەڵکو "بەدەزگایی کردن و بەنیشتمانی کردنە"!! کەچی بەپێی ئەم خاڵە بزوتنەوەی گۆڕانیش وەک هەمو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی خەمخۆری پۆستی سەرۆکایەتی و سیادی و وەزارەتخانەکانە.. ئەوەشی کە لەمبارەوە خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا پێ جیادەکاتەوە "پابەند کردنی خاوەنانی ئەم پلەو پۆستانە بە"داکۆکیکردنیان لەمافەنەتەوەییەکانی گەلی کوردستانەوە".. (لەتەوەرەی دواتراد زیاتر لەمبارەوە دەدوێین).

## تەوەری دووەم:

## دەوڵەتی فیدڕاڵ و بەرژەوەندی خوازی بۆرژوازی کورد،

## لەژێر پەردەی چاکسازیدا!

لەتەوەرەی یەکەمدا، چەمکی "قەیرانی نوێنەرایەتی" و ئەو خاڵانەی کە لە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا، بۆ وەڵام بەم قەیرانە خراوەتەڕوو، ئەوەمان خستە بەرباسەوە کە چۆن بزوتنەوەی گۆڕان بەدەر لەو گلەیی و گازندانەی کە لە "سەرکردەی حزبەکان" هەیەتی، بەڵام بەهەمان عەینەکی هەر ئەم حزبە تەقلیدیانەی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە دەڕوانێ بۆ پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا و لەهەمان ئەو چوارچێوە سیاسیەشدا کە ئەوان سنور ڕێژیان کردووە، کەوتۆتە دوای پرۆژەی چاکسازیەوە.

تەوەرەی دووەم وەک ئەنجامێکی مەنتقی لە"نوینەرایەتی کردنی گەلی کوردستان" شوێن پێ بەرەو "بەرکەوتی گەلی کوردستان لەدامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدرالدا" هەڵدەگرێ. واتە پرۆگرامە سیاسیەکەی حزبی گۆڕان دوای ئەوەی بەناوی "گەلی کوردستانەوە" فیدرالیزمی قەومی کە دەستورێکی عروبی ئیسلامی بنەمایەتی، وەک تاکە فۆرم و چوارچێوەیەکی سیاسی و ئیداری و دەستوری، بۆ پەیوەندیەکانی خەڵکی کوردستان بەدەوڵەتی مەرکەزیەوە، بەفەرز و دەستکەوت وەردەگرێ، بە پێویست بەچنینەوەی ئەو دەستکەوت و بەرژەوەندی و پلەوپایەیانە دەگات کە ساڵەهای ساڵە ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی چاویان تێ بڕیوە و لەپێناویدا ڕێگای شاخ و چەندین جەولەی مفاوەزات و دانوسانیان بۆ گرتۆتەبەر و هەموو ئەم سیاسەتانەشیان بەناوی "گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد و

بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە" بردۆتە پێشەوە. دروست لەم تەوەرەشدا، بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی تەقلیدی ناسیونالیستی کورد باسی "بەرکەوتی" بۆرژوازی کورد و حزبەکانی بە"بەرکەوتی گەلی کوردستان" ناوزەد کردووە!!. بەڵام هەرچۆنێک بێت بابزانین لەم تەوەرەدا پرۆگرام لەبارەی "بەرکەوتەکانی گەلی کوردستانەوە" چیمان پێدەڵێت:

"بەو پێیەی عێراق وڵاتێکی فیدراڵە، گەلی کوردستان جگە لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن ئیستحقاقێکی تری هەیە کە ئیستحقاقی نەتەوەیی و ئیستحقاقی هەرێمە لەناو پەیکەرەی دەوڵەتی ئیتحادیدا، واتە پێویستە لە کۆی دەسەڵات و دامەزراوە ئیتحادیەکاندا بەرکەوتی گەلی کوردستان لە پۆست و بەرپرسیارێتی و ڕێژەی بەشداربونی هاوڵاتیانی هەرێم لە دامەزراوەکاندا مسۆگەر بکرێ. "

سەرەتا ئەم شێوازە لە دەربڕین دەیەوێت وا نیشان بدات کە هێشتا "بەرکەوتەکانی گەلی کوردستان،.. لەکۆی دەسەڵات و دامەزراوە ئیتحادیەکاندا" مسۆگەر نەکراوە و هێشتا "ڕێژەی بەشداربوون و بەدەستهێنانی پلەوپایە لەدەوڵەتی فیدرالدا" بەدەست نەهاتووە!.. لەکاتێکدا خودی ڕازیبوونی ناسیونالیزمی کورد بە بەشداری کردن و وەرگرتنی بەرکەوتەکان لە دەوڵەتی تازەی عێراقدا، فاکتۆری لەدایک بوونی ئەو فیدرالیزمەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان تازەبەتازە بەعەینەکی "ئیستحقاقە نەتەوەییەکانەوە" بۆی دەڕوانێ. واتە فیدرالیزە بوونی دەوڵەتی عیراق کاتێک توانی پێبگرێ کە ناسونالیزمی کورد و حزبەکانی لە کەشوهەوای دوای روخانی ڕژێمی بەعسدا و لە چوارچێوەی هاوکێشە سیاسیەکانی سەروەختی نیوان "کورد و لایەنە عێراقیەکان" و بە پشتیوانی و دەوری ئەمریکا وپاشان جێگیرکردنی "بەرکەوتی هەرلایەک" لە دەستوری عێراقدا، بەئەنجام گەیەندرا. بەجۆرێک ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەڕازی بوونی "لایەنی کورد" نەگەیشتبایە، ئەوا مەحاڵ بوو "عیراق وەک وڵاتێکی فیدراڵ" ناوببرێ. تەنانەت وەک بەرئەنجامێکیش بۆئەم ڕازی بوونە، ١٢ساڵی رابردوو ئەوەی دەرخستووە کە "کورد" هەم بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا کردووە وهەم بەهەرەمەند بووە لەئیختیاراتی ناوچەیی خۆیی و هەروەها لە دامەزراوە ئیتحادیەکانیشدا، پۆستی سەرۆک کۆمار، وەزارەتەکان، دامەزراوە سەربازی و ئیداریەکان، بودجەو داهاتی وەرگرتووە. کەوایە ئەوەی کەهێشتا "مسۆگەر نەکراوە" چییە؟

دیارە بەلای بزوتنەوەی گۆڕانەوە ئەوە ڕۆشنە کە پرۆسەی فیدرالیزمەکردنی عێراق

بەسەرەنجامی خۆی گەیشتووە و"بەرکەوتەکانی گەلی کورد و ئیستحقاقاتەکانیش" بەپێی دەستور جێگیر کراوە، بۆیە لەم بارەوە گلەییەک لەئارادا نییە. بەڵکو ئەوەی دەچێتە خانەی مسۆگەر نەبوونی ئەم بەرکەوتانەوە ئەوەیە کە "لایەنی کوردی" لەم فیدرالیزمەدا، بەهۆی "بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و بەمەزاجی سەرکردەکانەوە نەیتوانیوە، پڕاوپڕ ئەم "بەرکەوت وئیستحقاقاتانە" مسۆگەرکات. ئەمەش دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو گلەیی و گازندانەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەحزبەکانی تری دەکات تا خۆی لەوان بە"نیشتمانی ونەتەوەیی تر" لەبەرامبەر ئەم فیدرالیزمەدا بناسێنێ و لێرەشەوە خۆی وەک لایەنێکی داکۆکیکار لە"بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان" هەڵخات!.

بەلاّم ئەو ڕاستیەی کە نە بزوتنەوەی گۆڕان و نە هیچ حزبێکی تری ناسیونالیستی کورد نایەوێت بەلایدا بچێت، تەنانەت بەهەرجۆرێک بێت هەوڵ بۆ شاردنەوەی دەدەن، ئەوەیە کە دەوڵەتی فیدرالی عێراق، بەرهەمی ئیتحادێکی ئیختیاری و ئارەزوومەندانەی نێوان خەڵکی کوردستان و باقی هاولاّتیانی عێراق نیە. ئەم فیدراڵیزمە نەک هەر لانی کەمی نمونەیەک لەهاوشیوەی فیراڵیزم لەدونیادا بۆ "پێکەوەژیانی نەتەوەکان" و چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان، ناخاتەڕوو، بەڵکو خۆی هۆکاری درێژەکێشان و بەرین بوونەوەی شەڕ و دەعوای قەومی و تیرەگەری و تێکچوونی ژیانو ئارامی هەموو ئەو هاولاّتیانەیە کە لەژێر چەتری ئەم جۆرە لە فیدرالیزمەدا بەزۆر کۆکراونەتەوە. ڕووداوەکانی ١٠ ساڵی ڕابردووی عێراق و ئەو بارگرژی و قەیرانانەی کە لە چوارچێوەی عێراقی فیدرالدا هاتنە پێشەوە و تائێستاش درێژەیان هەیە، جگە لە سیناریۆیەکی ڕەش و زەلکاوێک لە کوشت و کوشتار و تیرۆر و تەقینەوە و دارمانی ژیانی کۆمەلاّیەتی و دوژمنایەتی کوێرانەی نێوان ئینسانەکان لەژێر ناوی ناسنامەی قەومیو مەزهەبی وتیرەگەریدا، شتێکی زیاتر نەبووە. بزوتنەوەی گۆڕان لە زەلکاوی ئەم فیدراڵیزمەدا بەدوای "بەرکەوتی گەلی کوردستانەوەیە". بەلام ئەگەر فیدراڵیزم لەنمونەکانی ولات گەلێکی وەک سویسرا، ئەمریکا ودەوڵەتانی ئەوروپایی تر، توانیبێتی تاڕادەیەک کێشە قەومی و ئەتنیکیەکان چارەسەر بکا و ئاستێکی هاوتا لەژیانی پێکەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی و ئارامی بەدی بهێنێ، هۆی ئەوە چییە کە لە تەجروبەی "عێراقی فیدراڵی ئیتحادیدا" نمونیەکی تەڵخ لە دورکەوتنەوەی ئینسانەکان و شەڕو دەعوا و نائارامی دەبینین؟

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

فیدرالیزمێک کە بزوتنەوەی گۆڕان کیسەی پرۆگرامەکەی بۆ "بەرکەوت وئیستحقاقاتی نەتەوەیی"، هەڵدوریوە، لەلایەک بەرهەمی ئیتحادێکی ئیختیاری و ئازادانەی ئەو "پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیانە" نییە کە لە عێراقدا ساڵەهای ساڵ پێکەوە ژیاون، لەلایەکی تریشەوە بەرهەمی سڕینەوەی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان وگەڕانەوە بۆ ناسنامە دروستکراوەکانی وەک نەتەوە و ئاین و تیرەگەری ودابەشکردنی دانیشتوانی عێراق بەسەر ئەم ناسنامانەدا، هاتۆتە بوون. خودی پرۆسەیەکیش کە ئەم فیدراڵیزمەی تیا هاتەئاراوە، پرۆژەیەکی سیاسی بوو کە ئەمریکا لەپێناو بردنە پێشەوەی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا بەرامبەر خەڵکی عێراق بەڕێوەی برد. بەواتایەکیتر فیدراڵیزم و"دەوڵەتی فیدراڵی عێراق" وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان ناوی بردووە، بەرهەمی جەنگی ئەمریکا و داگیرکاریە. جەنگێک کە ڕاستەوخۆ لەدژی ئیرادەو بڕیاری خەڵکی عیراق، لەژێر پەردەی دیموکراسی و ڕزگاربون لە دیکتاتۆرەیەتدا، گۆشەیەک بوو لەستراتیژی نەزمی نویی جیهانی، تا ئەمریکا وەک ڕابەری جیهان شوێن بگرێ. دەوڵەتێکیش کەدوای کاولکردنی عێراق وکوشتاری خەڵکەکەی، بەرگی فیدراڵیزمی بەبەردا کرا، پلوڕالیزمێکی سیاسی/ ئەتنیکی بوو لە ئەحزابی قەومی و ئیسلامی کە بەناوی دیموکراسیەوە کۆکرانەوە. ئەحزاب و لایەنێک کە پێشتر لەکەنار ئەمریکا و سیاسەتەکانیدا ڕاوەستان. سازان و ڕێکەوتنی ئەم حزبو لایەنانەش ڕاستەوخۆ لەسەرو بڕیار و ئیختیاری هاوڵاتیان و مافی چونیەکیانەوە، بەدابەشکردنی دەسەڵات و دەزگاکانی حکومەت ودەوڵەت لەنیو خۆیاندا گەیشت. بەم جۆرە دەوڵەتی فیدراڵ، وەک مۆزەخانەیەک بۆ کۆکردنەوەی کۆنەپەرستترین و دڕەندەترین دەستەوتاقمی قەومی و ئیسلامی سازدرایەوە. لەوەها نمونەیەکدا نەک مافی هاوڵاتیانی یەکسان و گیانی تەبایی و هاوچارەنوسی بەیەکجاری سڕداریەوە، بەڵکو ڕقەبەری قەومی و شەڕو بارگرژی، تیرۆرو نەبوونی ئاسایش، مسابەقەی هێزی کۆنەپەرستانی کردە چوارچێوەیەکی سیاسی و هێز نواندنی لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت، لەناو کایەی پەرلەمان و لە دەرەوەیدا، بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانیان.

لەم پەیوەندەدا، ناسیونالیزمی کورد هەر لە سەرەتای ساڵانی نەوەددا، کە قەیرانی سیاسی نێوان ئەمریکا و ڕژێمی بەعس، هاوکێشە سیاسیەکانی پێچەوانەکردەوە، بەپێچەوانەی هەر پرەنسیپێکی ئینسانی و پێشکەوتنخوازیەوە، لەبەرەی ئەمریکا و سیاسەتە

میلیستاریستیەکانیدا ڕاوەستان و چاوی ئۆمێدیان بڕییە ئەنجامەکانی جەنگێک کە بە کوشتار و کاولکردنی کۆمەڵگای عێراق گەیشت و ژیانی ملیۆنەها ئینسانی ڕاکێشایە نێو زەلکاوی شەڕ و دەعوای قەومی و ئاینی و تیرۆر و کۆشتاری بەکۆمەڵەوە و دواتریش، لەگەڵیاندا "دەوڵەتێکی فیدراڵی ئیتحادی" پێک بهێنن. لەئەوەها دۆخێکدا بوو کە ئەم حزبانە ڕایانگەیاند کە ئیتر دەورانی ئۆتۆنۆمی بەسەر چووە و تەنها فیدراڵیزم دەتوانێت "کورد بە مافە نەتەوەییەکان" بگەیەنێ. کاتێکێش کەڕژیمی بەعس ڕووخا خودی هەر ئەم خواستەی بۆرژوازی کورد وحزبەکانی بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری خەڵکی کوردستان فیدراڵیزمیان کردە قاڵبێکی ئیجباری بۆ لکانەوەی کوردستان بەدەوڵەتی تازەی عێراقەوە. ئەمەیە واقعیەتی ئەو فیدراڵیزمەی کە بزوتنەوەی گۆڕان بەپڕۆژەی چاکسازیەوە ڕووی لێناوە. بەڵام بابزانین مەبەستی ئەو "بەرکەوتانە" چییە کەبانەوی "گەلی کوردستانەوە" ئاماژەی بۆ کردوە:

<u>یەکەم: "ئیستحقاقی هەڵبژاردن".</u>

دووەم "<u>ئیستحقاقی نەتەوەیی و ئیستحقاقی هەرێمە لەناو پەیکەرەی دەوڵەتی ئیتحادیدا.</u>

لەبارەی ئیستحقاقی هەڵبژاردنەوە، زۆری لەسەر ناڕۆین چونکە بەبەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا ئەم "بەرکەوتەی گەلی کوردستان" مسۆگەرە، بەڵام ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە بەشداری بزوتنەوەی گۆڕان وەک قەوارەیەکی سیاسی لە هەڵبژاردنەکاندا، ستراتیژی کاری پەرلەمانیو قانونی بەدەستەوە دەگرێ بۆ گەیشتن بە"ئیستحقاقاتە نەتەوەییەکان" ئەوەتا دەڵێ:

> "بزوتنەوەی گۆڕان بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کۆشش دەکا لەپێناو <u>مسۆگەرکردنی *ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی وەک قەوارەیەکی سیاسی* لەسەر ئاستی عێراق،</u> کۆشش دەکا بۆ مسۆگەرکردنی ئیستحقاقی نەتەوەیی *هەمو گەلی کوردستان* و سەرجەم هاولاتیانی هەرێمیش لەناو دەوڵەتی فیدراڵدا."

ئەم ستراتیژە جگەلەوەی دەستکورتە (چونکە گۆڕان لەئاست پێگەی پەرلەمانیدا هێزێکی بچوکە) لەئاست حزبە ناکۆک ودژ بەیەکەکانی ناو پەرلەمانی عێراق وکتلە پەرلەمانیەکانیان، تا بتوانێ لە ڕێگای چاکسازی و گەڕانەوەوە بۆدەستور بە"ئیستحقاقی نەتەوەیی" بگا، هاوکات سەر لەگێژاوێک دەردێنێ کە تەوژمی مونافەسە و بەرژەوەندی "لایەنە کوردیەکان"

خاڵی سەنتەرە تیایدا. واتە خودی باڵادەستی پارتی و یەکێتی و چەند دەستەگی لەئاست ئەو فراکسیۆنانەدا کە لەدوای هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی عێراقەوە سەرهەڵدەدەن، ڕیگە نادەن بە بزوتنەوەی گۆڕان ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێ. تەجروبەی لایەنە کوردیەکان لە بەغدا و کارنامەی تائێستایان، ڕاستی بێسەمەر مانەوەی ئەم ئاڕاستەی چاکسازیەی بزوتنەوەی گۆڕانی لەمەڕ مسۆگەرکردنی "بەرکەوتەکانی گەلی کوردستانی وەک دوکەڵ بەئاسماندا بردووە. تەنانەت خودی پارتی و یەکێتیش وەک دوو هێزی باڵادەست نەیان توانیوە لە گێژاوی ناو پەرلەمانی عێراقدا، بەشتێکی زیاتر بگەن جگە لەوەی کە لە ڕێکەوتنە حزبیەکانی دەرەوەی پەرلەماندا لەسەری سازاون.

بەڵام بابزانین لەبارەی خاڵی دوەمەوە ("ئیستحقاقی نەتەوەیی")، چ شتێک پێشنیار دەکا:

"... پێویستە لە دیدی بان حیزبی و بان بەرژەوەندیی بەرتەسکەوە بڕوانینە *پۆستە سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاری و ئەمنیەکان،* دەبێ ئەوانەی کاندید دەکرێن بۆ ئەو پۆستانە نوێنەرایەتی هەمو گەلی کوردستان بکەن و پاش کاندیدکردنیان لە لایەن لیستە براوەکانەوە سازانی نیشتمانی بۆ ناونانیان ئەنجام بدرێ. بۆ ئەو پۆستانەش کە سیاسی نین و بەشێکن لە بەرکەوتی هەمو گەلی کوردستان پێویستە لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی و کێبڕکێی عادیلانە دابەشبکرێن و هیچ هاوڵاتیەک لە مافی خۆپاڵاوتن بێبەش نەکرێ."

لێرەدا ئیتر بەڕۆشنی دەردەکەوێت کەتەواوی ناوەڕۆکی "ئیستحقاقی نەتەوەیی" کە بەدەستەواژە گەلێکی وەک "بەدامەزراوەیی وبەنیشتمانی کردن" و "موسۆگەرکردنی بەرکەوتەکانی گەلی کوردستان"، دەڕازێندرێتەوە، هەمان ئەو بەرکەوتانەیە کەیەکێتی و پارتی تا ئێستا شەریان لەسەر کردووە و دەیکەن. ئەویش "پۆستی سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاری و ئەمنیەکانە". لەمەدا ئیتر کەوتەنە شوێن 'ئیستحقاقی نەتەوەیی" جیاوازیەکی جەوهەری بە حزبی گۆڕان نابەخشێ. بەڵام دیسانەوە گۆڕان گلەیی دەکا و دەڵێت: "پێویستە لە دیدی بان حیزبی و بان بەرژەوەندیی بەرتەسکەوە بڕوانینە ئەم پۆستانە". هەروەک بانگەشەش بۆ ئەوە دەکات کە ئەوانەی کاندید دەکرێن بۆ ئەم پۆستانە دەبێ نوینەرایەتی "هەموو گەلی کوردستان" بکەن. بۆ دانانی ئەم کاندیدانەش دەبێ سازان لەنیوان لیستە براوەکاندا بکرێ!.. چما تائیستا چی کراوە!. ئایا تا ئێستا یەکێتی و پارتی و

هەمولایەنەکانی تر نوینەرانی خۆیان لە بەغدا بە نوینەری هەموو خەڵکی کوردستان نەناساندووە و ڕایان نەگەیاندووە کە بەرژەوەندی ئەم حزبانە هەمان بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە؟ ئایا تا ئێستا ئەو پۆستانەی کە وەک بەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەناوی "بەشی کوردەکان"ەوە وەرگیراوە، لەئەنجامی ڕێکەوتن و دابەشکردنیان بەسەر "لایەنە براوەکاندا" یەکلایی نەکراوەتەوە؟ ... ڕاستیەکەی ئەوەیە، "بەرکەوتەیەک" کە بزوتنەوەی گۆڕان بەناوی "گەلی کوردستانەوە" بەدواوەیەتی لەجەوهەردا هەمان ئەو خواست و بەرکەوتانەیە کە ئەحزابی بۆرژوازی کورد لە عێراقدا شوێنی کەوتون. ئەو دەربڕین و دەستەواژانەش کەبۆن و بەرامەی هەرچی زیاتری نەتەوەچێتی و ناحزبی کردنیان لێدێت بۆ ئەوەیە کەئەم حزبە لەچاوی خەڵکدا دڵسۆزتر و نیشتمانیتر نیشان بدا و هاوکاتێش پێیان بڵێت کە من حزبیکی جیاوازترم لەوانیتر!

تەوای ئەو دە دوانزە خاڵەش کەلەم تەوەرەدا وەک بەرنامەی چاکسازی، کراوەتە ئامانج، ئاڕاستەن بۆ "عادیلانەکردن" و پاک و بەویژدانەوە دابەشکردنی ئەو پۆست و پلەوپایە و ئیمتیازاتانەی کە بۆرژوازی کورد و حزبەکانی لە چوارچێوەی فیدراڵیزمدا بەدەستیان هێناوە و لە دەستوردا جێگیریان کردووە. لایەنێکی تری ئەو خاڵانەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەپرۆگرامەکەیدا لەم تەوەرەیەدا تۆماری کردووە، ڕەنگدانەوەی ئەو فشار و تەنگەبەریەیە، کە بەهۆی باڵادەست بوونی پارتی و یەکێتیەوە ڕووبەڕوی بۆتەوە و هەوڵدەدات لە ڕێگای بە"خەڵکیکردن و بەسەربەخۆکردنی دامو دەزگاکان و بەنیشتمانی کردنیان"ەوە هەژمونی ئەم بالادەستی و قۆرغکاریەی ئەم حزبانە کەمکاتەوە، تا بتوانێ هەم فشارە سەراسەریەکان برەوێنێتەوە و هەم لەپێگەیەکی گونجاوتر بەهرەمەند بێت.

## تەوەری سێیەم:

## "شەراکەت"، بزوتنەوەی گۆڕان بەدوای چیەوەیە؟

لەتەوەری ئاخردا، پرۆگرام لەسەر ئاستی عێراق مەسەلەی شەراکەت و" بەشداریی گەلی کوردستان لە دانانی ستراتیژ و سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا" دێنێتە ئاراوە. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان لەم شەراکەتەدا بەدوای چیەوەیە؟ ئایا شتێکی جیاواز لەناوەرۆکدا، لەو شەراکەتەی کە هەیە دەخاتەڕوو؟. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە باشترە هەندێک پەرەگراف لەم

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

تەوەرە وەربگرین:

"پتەوکردنی بنەماکانی سیستمێکی دیموکرات و فیدراڵ، کە زەمانەتی مافی هەمو پێکهاتەکانی عێراق بکا، ڕێگری لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەگەری زیندوبونەوەی دیکتاتۆریەت و شۆڤێنیزم بکا...، پێویستی بە جێگیرکردنی بنچینەی شەراکەتی ڕاستەقینەیە لە نێوان پێکهاتەکاندا، پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتی عێراقە بەجۆرێک گەلی کوردستان، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی خاوەن خاک، بەشداری لە دانانی سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا بکا، بەتایبەتی لەو جومگانەدا کە پەیوەندیدارن بە سیاسەتی ئەمنی و بەرگریی، دیپلۆماسیەت و کاروباری دەرەوە، پلاندانان و سیاسەتی دارایی، سیاسەتی نەوت و گاز و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی."

سەرەتا لەڕێگای ئەم چەند دێرەوە پڕۆگرام پێمان دەڵێت کە"پتەوکردنی بنەماکانی سیستەمیکی دیموکرات وفیدراڵ.." چەند پێویستی دەخوازێ لەوانە:

یەکەم پێویستی: " بنچینەی شەراکەتی ڕاستەقینەیە لە نێوان پێکهاتەکاندا" جێگیر بکرێ. ئەمە یانی چی؟ ئایا "شەراکەتی ڕاستەقینە" شتێکی جیاواز و لەوە زیاترە کە وەک بەرئەنجامی ڕێکەوتنی "کورد ولایەن عێراقیەکان" لەدەستوردا جێگیریان کردوە؟ ئایا مەبەست لە"بنچینەی شەراکەتی ڕاستەقینە لەنێوان پێکهاتەکاندا" ئەوەیە کە ناسنامەی قەومی، واتە "نەتەوە سەرەکیەکانی عێراق" ڕەتکرێتەوە و مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان شوێنی بگرێتەوە؟ ئایا، سکولاریزم و سیستەمی نادینی دەکرێتە بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە وپتەوکردنی "سیستەمی دیموکراتیو فیدراڵی ئێستای عێراق" و بەیەکجاری دین لە دەوڵەت جیا دەکرێتەوە؟ ئایا بۆ ئەم شەراکەتە ڕاستەقینەیە ڕێز لە ڕا و ئیختیاری ئازادانەی "پێکهاتەکان" دادەنرێ و ئەمە دەکرێتە بنچینە؟

کاتێک کە پڕۆگرام بەلای هیچ یەک لەمانەدا ناچێ و هیچ بەدیلێکی جیاواز لەفیدراڵیزمی قەومی و ئاینی ئێستای عێراق ناخاتەڕوو، ناتوانێ شتێکی تر لە دەرەوەی بازنەی شەراکەت و ڕێکەوتنی ناو فیدراڵیزم و سیستەمە دیموکراتیەکەی ئێستای عێراق دەرچێت.

دووەم پێویستی: "سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتی عێراق" ئەنجام بدرێ "بەجۆرێک گەلی کوردستان، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی خاوەن خاک، بەشداری لە دانانی

سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا بکا".. واتای ئەم دەربڕینە بۆ "شەراکەتێکی ڕاستەقینە" کە بزوتنەوەی گۆڕان دەیکاتە مەرج بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتی عێراق، زیاد کردنی خاوەنداریێتی خاکە، بۆسەر ئەو دابەشبوونە قەومیو ئاینیەی کە فیدراڵیزمی عێراقی لەدەستوردا پێ ناسێندراوە. یانی ئەوەی کە لە دەستوردا "نەتەوەی کوردو عەرەب" وەک"دوو پێکهاتەی سەرەکی" دیاری کراوە و بەم پێیەش ئیمتیازات و ئیختیاراتی زیاتریان لەچاو "پێکهاتەکانی تردا" پێبەخشراوە،

لەکەناریشەوە فاکتۆری خاک، (ئەویش تەنها بۆ کورد نەک بۆ ئەوانیتر)، دەکرێتە پێوانەیەک تا لە دارشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتدا حسابی زیاتری بۆ بکرێ!!.. ئەمە ئیتر هەڵاواردن و جیاکاریەکی ڕاسیستانەی ئاشکرایە کە بزوتنەوەی گۆڕان پێی گەیشتوە. جیاکاریو ڕاسیزمێک کە لەپشت "خاوەنداریتی خاکەوە" ڕاوەستاوە، بەکردەوە دەگات بەپلەدوو کردنی هەموو ئەو کەمایەتیانەی کە لەکوردستاندا دەژین و واحسابیان بۆ دەکرێ کە بێخاکن! لەلایەکیتریشەوە ئەو ئاکامەی بەدواوە دەبێ کە "کورد وعەرەب" وەک "دوو نەتەوەی ڕەسەن"، لەبەرئەوەی خاوەن خاکن هەر پێکهاتەیەکی تر بخەنە ژێر ڕکێفەوە و تەنها لەژێر سایەی ئەم دوو نەتەوەیەدا مافی خۆدەرخستن و وجودیان هەبێت. بەڵام ئەم مەسەلەیە تەنها خاسیەتی بزوتنەوەی گۆڕان نییە، بەڵکو ناسیونالیزمی شەرقی لە چەشنی بزوتنەوەی کوردایەتی لەبنەڕەتەوە بۆ نەفی کردنەوەی ناسنامەی ئینسانیبوون و هاوڵاتی بوون، خاک و ئیتنیک دوو چەمک ودووبنەمان بۆ هەژمونی لەبەرامبەر ئەوانیتردا. ڕاسیزمو نەعرەتەی قەومیو پێکدادانە قەومیەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە بۆتەی کێشمەکێشە سیاسیەکاندا لەسەر ئەرز ورەسەنایەتی نەتەوەیی، ڕیشەکەی لەم باوەرە دژی ئینسانیانەی ناسیونالیزمدایە. بەڵام جێگای سەرسوڕمان ئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان بەم چەمک و باوەڕە دواکەوتو دژە ئینسانیانەوە جورئەت دەکات باسی "دیموکراتیو شەراکەت" بکا و پێمان بڵی: دەبێ" لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەگەری زیندوبونەوەی دیکتاتۆریەت و شۆڤێنیزم" ڕیگری بکرێ"!!

لەمەش زیاتر کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان گلەیی لەئاستی"شەراکەتی ئێستای کورد" دەکاو دەڵێت:

''لەدوای روخانی بەعسەوە تائێستا، جگە لە پۆستە سەرۆکایەتی و سیادی و

وەزاریەکان، چەندین مەلەفی گرنگی سیاسەتی دەوڵەتی عێراق، بەردەوام یان ناوبەناو، سپێردراون بە وەزیر و بەرپرسە کوردەکان کە کاندیدی دو حیزبە دەسەلاتدارەکەی هەرێم بون... وەک مەلەفی دیبلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە، مەلەفی پلاندانان و دارایی، مەلەفی سامانی ئاو و کاروباری ئەرکانی سوپا و چەندین مەلەفی گرنگی تر. بەڵام ئەو وەزیر و بەرپرسانە جگەلەوەی نەیانتوانیوە بەشداری لە دانانی ستراتیج و سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراقدا بکەن، نەشیانتوانیوە لە دارشتنی ئەو سیاسەتانەدا بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزن. لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا نەتوانراوە عێراق وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە بەجیهان بناسێندرێ، نەتوانراوە چالاکی دیبلۆماسی لەسەر ئاستی نێودوەڵەتی بخرێتەگەڕ بۆ بەفەرمی ناساندنی ئەو هەڵمەتی کوشتارو وێرانکاری و جینۆسایدەی کە لە سەردەمی دیکتاتۆریەتدا دەرهەق بە گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی ئەنجامدراوە، بەدیاریکراویش "ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و کارەساتەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان وەک جینۆساید و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی". نەتوانراوە سیاسەتێکی ئیقلیمی هاوسەنگ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا پێرەو بکرێ. نەتوانراوە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە سەفارەت و کونسولگەریەکان بکرێتەوە، لە کاتێکدا ئەوە مافێکی دەستوریی هەرێمە. لە سیاسەتی نەوت و گازو سامانە سروشتیەکاندا بەردەوام ناکۆکی لەنێوان سیاسەتی هەرێم و سیاسەتی دەوڵەتی فیدراڵدا لەئارادا بوە، هەرێم بەهۆی ئەو سیاسەتە ناشەفافەی کە لەبواری نەوت و گاز و سامانە سروشتیەکاندا پێرەوی کردوە، نەیتوانیوە قەناعەت بە وەزارەتی نەوت و حکومەتی عێراق بێنێ سەبارەت بە دەستوریبونی گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا. لە سیاسەتی دارایی و بودجەشدا سەرەتای هەمو ساڵێکی دارایی و لە میانەی گفتوگۆکردن سەبارەت بە بودجەی ئیتحادیی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق سەبارەت بە بەرکەوتی هەرێم لە بودجەی گشتی و بەرکەوتی هێزی پێشمەرگە لە بودجەی سەربازی و ئەمنی عێراق سەرهەڵدەدەنەوە."

ئاشکرایە ئەم هەموو "نەتوانراوانە"ی سەرەوە کەهێڵیان بەژێردا هاتوە، گلەییەکانی

بزوتنەوەی گۆڕان لەیەکێتی و پارتی، وەک دوو لایەنی سەرەکی کە ڕەوتی پێکەوە شەراکەتیان لەعێراقدا بەڕیوەبردووە، چڕدەبێتەوە و گوایە ئەمانە بوونەتە مایەی ئەوەی کە "سیستەمێکی دیموکراتی فیدرال" بەوجۆرەی کەلە "بەرژەوەندی گەلی کوردستاندایە" دانەمەزرێ!! ئەم ڕوانگەیە جگەلەوەی پەردەپۆشکردنی هۆکاری فەشەل و شکستی خودی فیدرالیزمێکە کە لەسەر بنەمای دابەشبوونی قەومی وئاینی دامەزراوە و هەربەم هۆیەشەوە کۆمەڵگای عێراق ڕاکێشراوەتە قەیرانێکی خوێنڕیژی و نائارامیەوە، هاوکات ڕاشکاوانە لەسەر خودی خەسڵەتی نەتەوەیی دەوڵەتی عیراق ڕادەوەستێ، ئەوەتا گلەییەکان دەباتە سەرئەوەی کە یەکێتی و پارتی نەیانتوانیوە عێراق وەک "دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیی بناسێنن". دیسانەوە لەمەش زیاتر دەبێ بپرسین کە مەسەلەی بەجینۆساید ناسینی کۆمەڵکوژیەکان وئەنفالو کیمایبارانی هەڵەبجە، بەوشێوەیەی کە تائێستا ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی، بەخودی بزوتنەوەی گۆڕانەوە نانو پیازی پێوەدەخۆن چ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان هەبووە؟ لەکاتێکدا ئەم ڕووداوانە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی نەتەوەیی و ئەو شەر و ململانێ قەومیەی کەقاچی هەردوو ناسیونالیزمی کوردو عەرەبی تیا چەقیوە. لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا پرۆگرام زیاتر لە١٥ خاڵی وەک بەرئەنجامێک ڕیزکردووە، کە بەقەد سەرەدەرزیەک ڕووی لەباشبوونی ژیان و جێگیرکردنی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیانی دانیشتوی ناوەڕاست و خواروی عێراق نییە، لەکاتێکدا وابڕیارە بزوتنەوەی گۆڕان لە "پەیکەرەی دەوڵەتی عێراق"دا چاکسازی بکا و"سیستەمی دیموکراسیو فیدراڵیزم" بەو جۆرەی کە کۆتایی بەکەموکوڕی و هەنگاوەکانی یەکێتی و پارتی لەو شەراکەتەی کە لەئارادایە، بهێنێ! بەواتایەکیتر بزوتنەوەی گۆڕان بەو ڕێژەیەی خەمخۆری فیدراڵیزم و دیموکراسی و "شەراکەتی ڕاستەقینەیە" لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عێراقدا، بەڵام ئەوپەڕی بێدەربەستانە لە ژیان و گوزەران و ئەمنیەت و ئازادیەکانی خەڵکی عێراق دەڕوانێ و هیچ قسەیەک لەبارەیانەوە ناکات، لەکاتێکدا بڕیارە لەگەڵ ئەواندا شەراکەت بەڕێوەبەرێ. ئەمە ئیتر خەسڵەتی کوێربینانەی ناسیونالیزمێکە کە هەموشتێک بەعەینەکی نەتەوە و خاک و بەرژەوەندی خودیەوە دەبینێ و پێوانەی ئینسانی بوون و برایەتی و هاوڵاتی کە دانیشتوانی وڵاتێک بەیەک چارەنوسەوە گرێ دەداتەوە، جێگایەکی نە لە سیاسەت و نە لە کردەوەدا هەیە. ڕاوەستان لەکەنار سیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکا و برسیکردنی خەڵکی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

عێراق و دواتریش بینینەوەی "بەرژوەندی کورد" لەقەسابیکردنی خەڵکی عێراق و کاولکردنی کۆمەڵگایەک لەڕابردوودا، بەهای ئەم ڕوانگە دژی ئینسانیەی ناسیونالیزمی کوردە، کە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە بەئاشکرا گرتویەتیەبەر.

**کۆتایی ئەم بەشە و خاڵبەندیەکی پێویست:**

لێرەدا بەرلەوەی کۆتایی بەم بەشەی باسەکەمان بهێنین بەپێویستی دەزانین چەند خاڵ وەک بەرئەنجام لەوەی کەوتراوە بۆ نیشاندانی ڕووکاری لێکچوو و هاوبەشی بزوتنەوەی گۆڕان وپرۆگرامە سیاسیەکەی، لەگەڵ چوارچێوەی سیاسی و ئەو ڕوانگە و چەمکانە دەرخەین کە ئەحزابی ناسیونالیستی تەقلیدی لەسەری ڕاوەستاوە و لێرەشەوە خوێنەر بەو هێڵە خۆڵەمێشیەی کە سنوری جیاکەرەوەی بزوتنەوەی گۆڕانی لەگەڵ ئەوانی تردا دیاریکردووە، ئاشنا بکەین:

یەکەم: لەسەر ئاستی عێراق و پەیوەندی کوردستان بە دەوڵەتی مەرکەزیەوە. پرۆگرام لەسەر بنەمای هەمان چوارچێوەی سیاسی و مەبدەئی"بەشداری کورد لەحکومەتی عێراقدا"، ڕاوەستاوە و مامەڵەدەکات. لەم چوارچیوەیەشدا پرۆگرامەکەی بزوتنەوەی گۆڕان وەک حزبەکانی تر فیدرالیزمی قەومی و دەستورە کۆنەپەرستەکەی، کە ئەم فیرالیزمەی بە یاسایی کردووە، بەبنەما و سەرچاوەیەکی سەرەکی وەرگرتووە بۆ گەیشتن بەئیستحقاقاتی قەومی و هەرێمایەتی و بەدەستهێنانی ئیمتیازات و ئیختارات و پلەوپایە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا و دابەشکردنیان بەسەر حزبەکاندا کردۆتە هەمان چوارچێوەی سیاسی بۆ چۆنیەتی پەیوەندی نێوان هەرێمو بەغدا.

دووەم: پرۆگرام وەک سیاسەتی تائێستای حزبەکانی تر نەک هەربەلای چارەسەرێکی جیاوازی سیاسی و ئینسانیانە بۆ مەسەلەی کورد لەعێراق وکۆتایی هێنان بەو گێژاوە سیاسیەی کە کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر ڕاوەستاوە، ناچێت بەڵکو ئەویش لەسەر بنەمای هێشتنەوەی کێشەی کورد و کردنی بە بنەمایەک بۆ شەراکەت و ململانێ لەئاست عێراقدا بەتەواوی هاو هەڵویست و هاو تەریبە.

سێهەم: پرۆگرام لە هەمان ڕوانگە و دیدی بۆرژوا ناسیونالیستانەی کوردەوە بۆ کۆمەڵگای عێراق دەڕوانێ و ئەویش بەهەمان شێوە هەڵویستی نابەرپرسیارانە و بگرە ڕاسیستانە

## خەسرەو سایە

بەرامبەر چارەنوسی هاولاتیانی عێراقدا دەگرێ و پشتدەکاتە مەسەلەی ماف و ئازادی و بژێوی ئینسانی ئەم هاولاتیانە. لەکاتێکدا باس لە"پیکەوەژیان و شەراکەت" دەکەن. دابەش بوونی قەومی و ئاینی و بەرینکردنەوەی قەڵشتی نێوان ئینسانەکان لەسەر ئەم بنەمایە، وەک ڕوانگەیەکی سەرەکی ناسیونالیزمی کورد کە ساڵەهایە بۆ مانەوەی کێشەی کورد لە عێراقدا بەدەستەوەگیراوە، هەمان ئەو ڕوانگەیەیە کەپرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕانی پێنوسراوە.

چوارەم: ئەو چەمکانەی کەڕوانگەی سەرەکی نوسینەوەی پرۆگرامە، بەهەمان شێوەی هەرحزبێکی تری ناسیونالیست بریتیەلە خاک، نەتەوە، نیشتمان، شەراکەت، ئیستحقاقی نەتەوەیی...هەموو ئەمانەش بۆ پێچەوانە کردنەوەی واقعیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و ڕەوایەتی دان بە بەرنامەو سیاسەتی تائێستای حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد و تەجروبەی دەسەلاتەکەی بەکار براون.

پێنجەم: ڕەخنەی بزوتنەوەی گۆڕان چ لە دۆخی ئێستای پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و چ لە کارنامەی تائێستای حزبەکانی تر نەک ماهیەتی و جەوهەری نییە، بەڵکو ڕواڵەتی و تەکنیکیە و زیاتر ڕەنگدانەوەی فشارێکە کە بەهۆی بالادەستی حزبەکانی وەک پارتی و یەکێتیەوە هاتۆتەئاراوە..

**ئۆکتۆبەری ٢٠١٥**

# (٢

# بەشی دووەم:

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

## تەوەری یەکەم: ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان

لەبەشی دووەمی ئەم وتارەدا دەچینە سەر بەشی دووەمی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان "لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان"، کە لەم تەوەرانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١/ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان،

٢/ سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان،

٣/ ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری،

٤/ دادی کۆمەلایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی.

بێگومان هەریەک لەم تەوەرانەش چەندین برگە وخاڵ ریزبەندی کراون کە بە کۆی هەموویان ئەو ئەرک و ئامانج و ئالتەرناتیڤە دەگرێتە خۆی کە ئەم حزبە لەبەرامبەر کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی وئابوری کوردستاندا بۆی تێدەکۆشێ. دروست ئێمەش لەباسەکەماندا هەوڵدەدەین لەرێگای شیکردنەوە ورەخنەگرتن لە یەک بەدوای یەکی ئەم تەوەرانە و برگەکانیەوە ناوەرۆکی چینایەتی وبۆرژوا ناسیونال ریفۆرمیستی ئەم حزبە

دەرخەین ونیشانی بدەین کە بەدوای چ جۆرە گۆڕانکاریەکەوەیە و لەپەیوەند بەبەرژەوەندیەکانی چ بەشیکی کۆمەڵگاوە خراوەتە دەستوری کارەوە. هەر لێرەشدا ئەوە ڕادەگەیەنین کەبۆئەوەی باسەکەمان خوێنەران زیاد ماندوو نەکات ئەم بەشەی وتارەکەمان، بەتەنها تایبەت دەکەین بەتەوەرەی یەکەم ("ئامانجە نیشتمانی ودیموکراتیەکان") و لە بەشەکانی تری ئەم باسەدا لەسەر ئەو تەوەرانەی تر کەلەسەرەوە ئاماژەی بۆکراوە، ڕادەوەستین. دیارە خوینەران بەگەرانەوە بۆ خودی پرۆگرامی ساسی بزوتنەوەی گۆڕان و بەراورد کردنی لەگەڵ ڕەخنەکانی ئێمەدا باشتر بەناوەرۆکی ئەم جەدەلە ئاشنادەبن. تەواوی پرۆگرامەکەش دەتوانرێ لەم لینکەی خوارەوەدا بەدەست بێت.

http://www.gorran.net/Detail.aspx?id=2605&LinkID=114

بەڵام سەرەتا بابزانین جیهانبینی بزوتنەوەی گۆڕان چیە ولەچ ڕوانگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگای کۆردستان وسیستمە سیاسی و ئابوریەکەی دەڕوانێ؟.

## کۆمەڵگای کوردستان- سیستەمی ئابوری وسیاسی،

## لەڕوانگەو دونیابینی بزوتنەوەی گۆڕاندا:

بێگومان پرۆگرامی هەر حزبیکی سیاسی لەدیاری کردنی ئامانجەکان ورێگای گەیشتنی بەوئامانجانە، پشتدەبەستێ بەدونیابینی وڕوانگەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی، وە هەر لێرەشەوە و لەپێگە و بەرژەوەندییەکی چینایەتیەوە پێناسە بۆ سروشتی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی و ئابوری وسەرجەم بارودۆخی داسەپاو دەکات، تا بتوانێ ئاڵتەرناتیڤی دڵخوازی خۆی بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و دەرکێشانی ئینسانەکان بخاتە بەردەم جەماوەرەوە. بزوتنەوەی گۆڕان سەرەڕای جیاوازیەکی ڕواڵەتی لەگەڵ ئەحزابی تەقلیدی سەر شانۆی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان، لەجەوهەردا لەسەر هەمان دونیابینی ناسوینالیزم و هەمان ڕوانگەو پێناسەیەک کەئەم بزوتنەوەیەو حزبە سەرەکیەکانی بوویانە، ڕاوەستاوەو لێرەشەوە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و دۆخی سیاسی وسیستەمی حوکمڕانی وفۆرمی ئابووری وماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان دەڕوانێ و سەرەنجام "چاکسازی" وەک ئاڵتەرناتیڤێک لەبەرامبەردا بەدەستەوە دەگرێ. زاراوەکانی "کوردبوون و نیشتمانی کورد"، "نیشتمان پەروەری و خیانەتی نیشتمانی" کێشەی کورد وهەرێمی

کوردستان"، "شۆڕشی کورد و قوربانیدانەکانی"، "ئەزمونی حکومەت و پەرلەمان"، "پێشمەرگەو ئاسایش و دەزگای هەواڵگری" .. کۆدەکانی دونیابینی و ڕوانگەیەکی لۆکەڵی و ناسیونالێزمێکە، کە بەیەکجاری خەڵکی کوردستانی لەشارێی شارستانی ومەدەنیەتی سەردەم و ڕەوتی ئینسانگەرایی جیهانی، دابڕاندووە و لەهەرجۆرە هاوچارەنوسیەکیان لەگەڵ خەڵکی جیهان و ناوچەکە جیای کردونەتەوە. وەک ئەوەی کە مێژوی جیهانی سەردەم وکارەسات و ڕەوەندە سیاسی وئابورەی وکۆمەڵایەتیەکان، بەتەنها لەجوگرافیای "هەرێمی کوردستان"دا قەتیس ماوە. لەعەینەکی ئەم ناسیونالزمەوە کۆمەڵگای کوردستان وەک "هەرێمێکی جوگرافی" دەبینرێ و پیناسەی بۆدەکرێ، کە لەودا نە سەرمایە و بازاڕ، نە کارگەر و هێزی کار، جێگایەکیان هەیە و نە مێژوی ئەم ناوچەیە پەیوەندیەکی قوڵ وهەمەلایەنەی بە مێژوی جیهانی سەردەم و ڕەوتە ئابوری و سیاسیەکانیەوە هەیە. دەستەواژەی "هەرێمی کوردستان" کە جێگایەکی سەرەکی لە پرۆگرامدا گرتووە، عینوانێکە بۆ خۆلادان لە ڕاستیە ئابوری و سیاسی وچینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەسەنتەرکردنی کێشەی کوردو تەجوربەکەی وەک مەسەلەو کێشەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی، ڕووی لەوەیە کە ئەم مەسەلەیە و تەجروبەی حکومڕانیەکەی لە "بەرژەوەندی حزبی وخیانەت" پاککاتەوە. باسی نیشتمان ونیشتمان پەروەری، وەک چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو "پێکهاتەکان" و ئاراستەکردنیان بەپێی ستراتیژی چاکسازی، سەرەنجام لە خزمەتی تەعدیل کردنی بازاڕی تالان وبرۆی بەرپرسان و پرکردنەوەی ئەو درز و کەلێنانەیە کە لەدەسەلاتدارێتی بۆرژوازی کورددا سەری هەڵداوە. کاتێکیش مەسەلەی کورد درێژدەبێتەوە بۆ پارچەکانی تری کوردستان، دیسانەوە "کوردستانی ڕۆژئاوا و رۆژ هەلات" وەک درێژکراوەیەکی ئیسنیکی وقەومی وێنادەکرێ و"پابەندی خزمایەتی و هاوسۆزیی نەتەوەیی کورد" دەبێتە بنەمایەک بۆهەمان مامەڵەکردنێکی دووفاقی لەگەڵ "کێشەی کورد" لەم پارچانەدا، کە تائیستا ئەحزابی تەقلیدی ناسیونالیزمی کورد بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و سیاسەتی ڕۆژیان مەمەڵەیان لەگەڵ کردووە و پەیوەندیە سیاسی و بازرگانیەکانی خۆیان لەگەڵ"دەوڵەتانی دراوسێ" دا پێبەرێوە بردوە، بەجۆرێک کە بەرژەوەندیەکانی "هەرێمی کوردستانی عێراق" لەڕێگایەوە زامن وسەروەربێ.
بەلام پرۆگرام چ پێناسەیەکی بۆ کۆمەڵگای کوردستان هەیە؟

## خەسرەو سایە

ئەگەر ناسیونالیزمی تەقلیدی لە جۆری ئەحزابی وەک پارتی و یەکیەتی، لەڕابردوودا لە ڕێگای ئینکار کردنی سەرمایەداری بوونی کۆمەڵگای کوردستان وهەبوونی چینی کرێکارەوە، "ئەرکە نیشتمانی و دیموکراتیەکانی شۆڕش"یان لەپرۆگرامی خۆیاندا دەنوسیەوە، ئەمڕۆ بزوتنەوەی گۆڕان بەخۆلادان لەم پێناسەیە و لە حەقیقەتە چینایەتیەکان وبەدوای چەندین دەیە کەسەرمایەداری و چینی کرێکار وەک یەک واقعیەتی کۆمەڵایەتی لەهەمووکاتێک زیاتر بەرجەستەیە، هەمان ئەرکی نیشتمانی و دیموکراتی لەپۆرگرامەکەی خۆیدا داڕشتۆتەوە. بەڵام دیارە بەو تایبەتمەندیەوە کە بۆرژوازی کورد نەک هەر بەئامانجی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی بازاڕی کار و سەرمایە و بەدەستەوەگرتنی دەسەلات گەیشتووە، بەڵکو ڕووبەڕوی یەک قەیرانی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابوری بۆتەوە. لەئێستادا پێناسەی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ کۆمەلگای کوردستان، جوگرافیایەکە بۆ کۆکردنەوەی "پیکهاتە قەومی و ئاینیەکان". مۆلیکیولێکە لە ئەتۆمەکانی کوردو "عەرەبی ڕەسەن"و تورکمان و ئاشوری وکلدانی، لە خێڵ وتیرەکان، لە ناوچەکان و ئیسلام ومەسیحی و یەزیدی، لە شەبەک و کاکەیی وفەیلی.. هەموو ئەم "پێکهاتوانە" دەبێ لە"نیشتمانی کوردستان"دا لەژێر چەتری "نەتەوەی زۆرینە" و بە ناسنامانەی "کەمایەتی"یانەوە بۆ ماف و ئازادیەکانیان لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان بڕوانن. ئەم دەستەبەندی کردنە جگەلەوەی هەویەتی ئینسانی و چینایەتی هاوڵاتیانی دانیشتوی کوردستان خاڵی دەکاتەوە وناسنامەی دروستکراو ودرۆزنانەیان بەبەردا دەکات، لەهەمانکاتدا، وەک هاوڵاتیانی پلەدووی ژێر دەستی "نەتەوەی کورد" دایان دەنێتەوە. خۆگرێدانەوە بە ڕوانگەی لیبرالیزمی نوێ و وپۆستمۆدیرنیزم وعەکسکردنەوەی لە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا و بەکارهێنانی بۆ ناساندنی کۆمەڵگای کوردستان، کە بەدوای یەک قوتبی بوونەوەی دونیای دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، کەوتۆتە سەرزمانی جوڵانەوە بۆرژوازیەکانەوە، بێگومان ئەو هونەرە سیاسیەشی هەیە تا کۆمەڵگای کوردستان بە ژمارەیەک لە "کەمایەتی قەومی و ئاینی و ناوچەیی" بناسێندرێ، تا هاوڵاتیانی غیرە کورد بکرێنە وەسیلە و پاشکۆی ئامانج و سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد و ڕازاندنەوەی حکومەت و سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتی وشەرعیەتدان بە دیموکراتیەک کە بۆرژوازی کورد کردویەتیە ئامانجی خۆی. پارچە پارچەکردنی ڕیزی خەباتی چینایەتی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

کرێکاران و زەحمەتکێش لە خەبات بۆ ڕزگاری لەدەست ستەم و نابەرابەریەک کە سەرمایەداری و دەسەلاتی بۆرژوازی کورد ڕاگریەتی، لەبنەڕەتەوە، لەسەر ئەوە ڕادەوەستێ کە گیانی هاوخەباتی و هاوچارەنوسی ئینسانی ئەم "پێکهاتوانە" بسڕدرێتەوە و ئەوان لەبۆتەی ناسیونالیزم و قەومگەرایدا بەدیار شەڕو کێشە و قینەبەری قەومی وجیاوازیەکانیانەوە ڕاگرێ.

لەمەش زیاتر هەڵوێست لە دەسەلاتی سیاسی مەوجود، بەدیلێک کە لەبەرامبەریدا بۆ سازدانەوەی داهاتوی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لەدۆخی باودا، مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لەبەردەم هەر حزبێکی سیاسیدا کە بەدوای گۆڕانکاریەوەیە. بەڵام دیارە هەڵویستی حزبی گۆڕان لەدەسەلات و سیستەمی حوکمڕانی ئێستای کوردستان، وەک ئەوەی بە"دەستکەوتی هەموو گەلی کوردستان" ناسراوە و دەبێ وەک ئەزمونی "قوربانیەکانی نەتەوەی کورد" سەیری بکرێ و لەهەرجۆرە مەترسیەکی ناوەکی و دەرەکی بپارێزرێ، بە پێویست "چاکسازی و بەنیشتمانی کردن"ی دامودەزگاکانی حکومەت و کاراکردنەوەی پەرلەمانەکەی، دەکاتە بەدلیلێک و لێرەشەوە ئامانجەکانی خۆی لە دوتوێی پرۆگرامەکەیدا جێگیر دەکات. لەکاتێکدا کارنامەی زیاتر لەدوو دەیەی ئەم دەسەلات و حکومەتە، جگە لە قوڵکردنەوەی جیاوازیە چینایەتیەکان و داسەپاندنی سەرکوت و کۆنەپەرستی، هەژاری و بێکاری، کوشتنی ژنان و دەربەدەر بوونی لاوان و لێسەندنەوەی خزمەتگوازاریەکان، لەسەر حسابی تالان و بڕۆ و پەرەگرتنی گەندەڵی و دەوڵەمەند بوونی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا و بەرپرسان، شتیکی زیاتری بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان، بەدواوە نەبووە. لەڕاستیدا بزوتنەوەی گۆڕان و پرۆگرامەکەی بە عەینەکی ناسیونالیزمەوە و لەدەرونی خانەوادەی بۆرژوازی کورد و کێشە نێوخۆیەکانیەوە بۆ کۆمەڵگا و دەروبەر دەڕوانێ. ڕزگارکردنی تەجروبەیەکی حکومڕانی و نەزمێکی داڕوخاوی ئابوری و ئیداری و تەعدیلکردنی، هاوکات پاراستنی ئەم تەجروبەیە لەهەرجۆرە مەترسیەک، کە لەلایەن خەڵکی ناڕازی و چینە زەحمەتکێشەکانەوە بۆی پێکبێنێ، تەواوی هەم و غەمی ئەم حزبە و پرۆگرامەکەیەتی وهەر بۆ ئەم ئامانج و ئومێدەش نوسراوە. لێرەدا بۆ زیاتر ڕۆشنایی خستنەسەر ئەم ڕاستیە باشترە لەسەر ئەو چەمکە سەرەکیانە ڕاوەستین کە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕانی پێنوسراوە.

## خەسرەو سایە

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان و چەمکە سەرەکیەکانی!

پرۆگرام لە پێناسەکردنی بزوتنەوەی گۆڕاندا، ئاوا دەدوێ:

"بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمانی ئینتما بۆ نیشتمانی کوردستان دامەزراوە، کوردستانیبون لەدیدی بزوتنەوەی گۆڕاندا ناسنامەیەکی کۆکارە، هەمو هاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە دانیشتوی هەرێم بێت، سەر بە هەر نەوتەوە و پێکهاتەیەکی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبی بێت. بزوتنەوەی گۆڕان ئامانجی نیشتمانی لە ئامانجی دیموکراتی جیاناکاتەوە، بنیاتنانی قەوارەی کوردستان لە بنیاتنانی قەوارە و کەسایەتی تاک جیاناکاتەوە." "بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبون مامەڵەیەکی یاسایی و دیموکراتی لەگەڵ چەمکی نیشتمان و نیشتمانیەرەوری دەکا، هاوڵاتیانی کوردستان سەر بە هەر ناوچە و خێڵ و پێکهاتە و بنەماڵەیەک بن، لە هەر تەمەنێکدا بن و سەر بە هەر رەگەزێک بن، هەڵگری هەر فیکر و عەقیدەیەک بن، خاوەنی هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەر پێشێنێکی سیاسی بن، لەبەردەم یاسا و لە بەجێهێنانی ئەرک و زامنکردنی مافەکانیاندا یەکسانن."(هێڵی تەئکید هی ئێمەن لەمەبەدواش بەکارهێنانی هێڵەکانی تەئکید دیسانەوە لەلایەن ئێمەوە دەبێت)

بەم جۆرە " ئینتمای نیشتمانی، کوردستانی بوون، دیموکراتی وهاووڵاتیبوون" چەمکگەلێکن کەپانتاییەکی سەنتەریان لەپرۆگرامەکەی بزوتنەوەی گۆڕاندا داگیرکردووە و لە ڕوانگەیانەوە وردەکاری وخاڵبەندیەکانی پێداڕێژراوە. بەڵام بۆ دەرخستنی واتا و ناوەڕۆکی چینایەتی ئەم چەمکانە باشترە وردتر لەسەر هەریەکەیان ڕاوەستین:

١/ **ئینتمای نیشتمانی و نیشتمان پەروەری.** لەم چەمکەدا جگەلەوەی تاکی کۆمەڵگا لە ئینتما و ماهیەتی ئینسانی بوونەکەی خاڵی دەکریتەوە و بازدەدرێ بەسەر جیاوازیە چینایەتیەکان و ئاستی دەرامەت و بژێویان و وەک بونەوەرێک کە بەتەنها وابەستەگیان بە خاک و سنورێکی دیاریکراوەوەیە، هاوکات "نیشتمان" وەک مەرج و پێوانەیەک بەدەسەتەوە دەگیرێ بۆ سەلماندنی مافی تاکەکان لە کۆمەڵگادا، بەڕادەیەک کە تاکی دەرەوەی ئەو نیشتمانە مافە پێناسەکراوەکان نایانگرێتەوە. بەجیا لەناوەرۆک ومەودای ئەو مافانەی کە بزوتنەوەی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

گۆڕان بەرەوای دەبینێ بۆ هەر تاک وبەشێکی کۆمەڵگا، بەڵام بەدەستەوەگرتنی چەمکی نیشتمان ئەو ئەنجامەشی دەبێ کە ئۆتۆماتیکی تاکەکان وبەشەکانی کۆمەڵگا بەسەر پێکهاتە قەومی و ئاینیەکان و خێڵ وتیرەکاندا دابەشبکا و بەم ئینتما دروستکراوانەوە، لەژێر چەتری "نیشتمانی کورد"دا کۆیان بکاتەوە. چەترێک کە "نەتەوەی کورد" زۆرینەی نیشتمانە و ئەوانیتر "کەمینە" وئەرکیانە مل بەسیاسەت و کارنامەی ڕەوتو حزبە باڵادەستەکان بدەن. بەمجۆرەش "ئینتمای نیشتمانی" ئەگەرچی بانگەواز بۆ یەکخستنی تاکەکەکان لەسەر بنەمای "بەرژەوەندی هاوبەش"دەکات بەڵام لەبەنەڕەتەوە جیاوازیە قەومی و ئاینیەکان جێگیردەکا و تەنها یەک بەرژەوەندی تایبەت کە "نەتەوەی زۆرینە" و حزبەکانی لەپشتیەوە ڕاوەستاوە، بەسەر ئەوانیتردا دادەسەپێنێ.

لەلایەکیترەوە، نیشتمانی و نیشتمان پەرەوەری کە لە پرۆگرامدا ئەڵقەی یەکەمە بۆ پەرینەوە بەرەو دیموکراسی و هاوڵاتی بوون، وەک چەمک وڕوانگەیەکی بۆرژوازی ئیدعای خۆ لە جێگە دانانی هەموو کۆمەڵگایە. واتە بۆرژوازی لە مێژووی هەموو وڵاتانی دونیادا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆی بەناوی هەموو خەڵک وکۆمەڵگاوە ناوزەد بکا و هەموو تاکەکان و هەموو توێژو چینەکان، واز لەبەرژەوەندی خۆیان بهێنن وسەر لەیەک ئامانجی بۆرژوازی دەربهێنن، لەکاتێکدا دەبینین کە دوای گرتنی دەسەڵات ودابەشکردنی داهاتو سامانی وڵات چۆن ئەم نیشتمانی و نیشتمان پەروەریەی بۆرژوازی دەبێتە نیعمەتێک بۆ سەرمایەداران و دەسەڵاتداران و بێبەری کردنی زۆرێنەی کۆمەڵگاش لێی. لە ڕاستیدا نیشتمانی بوون وبەنیشتمانی کردن (patriotism and nationalisation)لە رابردوودا بانگەوازێک بووە لەلایەن ئەحزابو بزوتنەوە ناسیونالیستەکانەوە بۆ ڕێکخستنی بازاڕی ناوخۆی سەرمایەداری وهەڵگرتنی ئەو کوسپ و بەربەستە ئابوری و سیاسی وقانونیانەی کە دەرەبەگایەتی وپاشماوەکانی، لەسەر ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی بۆرژوازی دایناوە و کۆکردنەوەی توانا ئابووریەکان لەدەستی دەوڵەتدا. لەقۆناغەکانی دوای سەرهەڵدانی ئیستعمارو داگیرکاری وڵاتاندا، نیشتمانی ونیشتمان پەروەری وەک چەمک و ڕێبازێکی بۆرژوازی بۆشکڵدان بەئینتما و هەویەتی قەومی لەبەرامبەر داگیرکەران و هێزی بێگانە و دەرەکیدا، وزەیەک بوو بۆ ڕێکخستنی جوڵانەوەیەکی سیاسی نەتەوەیی، گوایە تاکەکانی دانیشتوی هەر جوگرافیایەک نیشتمان بۆیان دەبێ بەدەستمایەی "ئیرادە و

کوردستان"دا، بەڕۆشنی ئەوە دەرکەوتوە کە چۆن کوردستانی بوون وەک ئینتمایەک بۆ بەدەستەوەگرتنی جیاوازیەکانی زمان و ئیسنیکی و ئاینی و کەلتوریی نەتەوەی کورد، کرایە پڕۆژەیەکی سیاسی تا حزبە ناسیونالیستەکان بەهۆیە هەم لە دەوڵەتی تازەی عێراقدا بەشداری بکەن وهەم ڕەسمیەت بە دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان لەژێرچەتری فیدراڵیزمی قەومیدا بدەن. لەکاتێکدا ولەسەرتاپای ئەم تەجروبەیەو ئەم پرۆژە سیاسیەدا، نە پرس وڕایەک بەهاوڵاتیانی کوردستان کرا کە ئایا دەیانەوێت بکرێنەوە پاشکۆی دەوڵەتی مەرکەزی یان نا، وە نە لە پێکهێنانی حکومەتی خۆماڵیشدا، کەمترین ئاست لە دەخاڵەتکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بۆ بەرەسمی نەناسێندرا. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پیرۆزکردنی خاکی کوردستان و تایبەتمەندیە ئیسنکی و ئاینی وکەلتوریەکان وەک جەهەری "ئینتمای کوردستانی بوون"، شتێکی زیاتر نییە لەداتاشینی هەویەتی قەومی تا بۆرژوازی کورد، حەقانیەتی دەسەڵاتدارێتی خۆی لەسەرو ویستی خەڵکەوە وەرگرێ. ئەمە ئەوئامانجەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی تری ناسیونالیستی لەپشتی ئەم چەمکەوە بۆی دەڕوانێ.

٣/ **دیموکراتی**. چەمکی دیموکراتی لەدونیای ئەمرۆدا چ وەک تەعبیرو ماناکەی و چ وەک فۆرمی دەسەڵاتدارێتی واتاو شێوازی جۆراوجۆری بەرهەم هێناوە، لە دیموکراسی ئەمریکایی و ئەوروپاییەوە تا نمونە کارتۆنیەکانی لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا، بەنمونە داتەپیوەکەی عێراق وکوردستانیشەوە، هەموویان لەوخاڵەدا هاوبەشن کە نمونە وفۆرمێکی دەسەڵاتدارێتی چینی بۆرژوازی وباڵادەستبوونی حزبەکانیەتی بەسەر کردەی ئابوری و سیاسی و وقانونی لەکۆمەڵگادا، کە لەبنەڕەتەوە ڕۆڵی جەماوەرو ئاستی دەخاڵەتکردنی هاووڵاتیان بەتەنها لەدەنگدان و هەڵبژاردنی ئەحزابگەلێکی ڕاست و کۆنەپەرست، قەومیو ئاینی وفاشیستدا، قەتیس دەکەنەوە. دیموکراسی وەک سیستەمێک جگەلەوەی کە دابەشبوونە چینایەتیەکان، لەنێوان سەرمایەدارو کرێکار، دەوڵەمەندو هەژاردا، دەهێڵێتەوە، هاوکات بڕیاری هاوڵاتیان لەسەر مەسەلە وردو درشتەکانی سیستەمی ئابوریو سیاسی کۆمەڵگا، تائەو ئاستەیە، کە هەرچوار ساڵ جارێک دەنگیان وەربگیرێ وپاشان ڕەوانەی ماڵەوە بکرێن و بەدیار سیاست وکارنامەی حزبەکانەوە دابنرێن. ئەمە ئەو سیستەمەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان ستایشی بۆدەکات. ئەگەر دیموکراسی بەگشتی لە وڵاتانی ئەوروپاو

وڵاتگەلێکی تر بەرادەیەکی زۆر لەناسنامەی قەومی ونیشتمانی دورکەوتبێتەوە وبەجۆرێک سکولاریزمی لەسیستەمی دەسەڵاتدارێتیدا جێگیر کردبێت، بەڵام کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان، دیموکراتی لەڕیزبەندییەکدا دەکاتە پاشکۆ بۆ چەمکەکانی "نیشتمانی وکوردستانی بوون"، مانایەکی تایبەت تر وەردەگرێ و دەخرێتە ژێر حوکمی ئینتمای قەومیەوە، وەک بەرهەمێکیش بۆ ئەم ڕوانگە و بۆچونە بۆ دیموکراسی، فۆرم وسیستەمێک لەدەسەڵاتدارێتی بەدوادادێت، کە ناسنامەی قەومی هەڵگرتووە. کاتێکیش کە نەتەوەی کورد زۆرینە و باڵادەست بێت، بەپێویست هاوڵاتیانی تورکمان وئاشوریو کلدانی و.. دەبنە هاوڵاتیانێکی پلەدویی کەنارکەوتوو. لەمەش زیاتر کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان پشت لەسکولاریزەکردنی فۆرم وسیستەمی حکومڕانی دەکا و ئیسلام وەک "ئاینی زۆرینە" دەکاتە سەرچاوەیەک بۆ دەستورو یاساکان لەکوردستاندا، چەمکی دیموکراتی ناتوانێ شتێکی زیاتر لەواتاو فۆرمێک لەدەسەڵاتدارێتی بڕوات کە لەسەر پلوڕالیزمی سیاسیو ئتنیکی بەڕیوەدەڕوات. کۆکرنەوەی نوێنەرانی ئەحزاب و پێکهاتە کەمینییەکانی وەک تورکمان وئاشوری، موسوڵمان ومەسیحی، یەزیدی و فەیلی، عەرەبو کورد.. لەپەرلەماندا ودواتریش پاشکۆکردنی بەتەوافقی نێوان حزبەکانەوە، نەک جێگایەک بۆ کەمترین ئاست لەدەخاڵەت وبڕیاردانی خەڵک لەسەر مەسەلە ئابوری و سیاسیەکان ناهێڵێتەوە، بەڵکو خودی پەرلەمان ودەزگا قانونی وتەشریعیەکانی دەوروبەری، دەکاتە کارتۆنی و جێگایەک بۆ شەڕو دەعوای نەبڕاوەی چەند ئەحزابێکی کۆنەپەرستی قەومی وئیسلامی.

٤/ **هاوڵاتی بوون**. ئەگەرچی بزوتنەوەی گۆڕان لەچەند جێگای پرۆگرامەکەیدا ئاماژە بەچەمکی هاوڵاتی بوون ومافی یەکسانی هاوڵاتیان دەکات، بەڵام مادام ناسنامەی قەومی وئاینی لەفۆڕمی حکومەتیدا جێگا دەکاتەوە، بەکردەوە ئەم چەمکە لەناوەڕۆکەکەی خاڵی دەکاتەوە و واتای یەکسانی هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا دەسڕێتەوە. بەتایبەتی کە مافی هاوڵاتی بونی یەکسان کاتێک دەتوانرێ دەستەبەربێت کە نیزامی سیاسی سکولارو بەدەر لەهەر ناسنامەیەکی قەومیو ئاینی پێناسەی بۆکرابێت.

بەڵام هەموو ئەم چەمکانە کاتێک ناوەڕۆکی بۆرژوایی وناسیونالیستانەیان دەردەکەوێت کاتێک بەپشتبەستن پێیان ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیکەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەدوتویی پلاتفۆرمی چاکسازی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتیەکاندا گەڵاڵە دەبنەوە و وەک

خاڵە سەرەکیەکانی پرۆگرام جێگیر دەکرێن. کەوایە باشترە وردتر لەسەر خودی تەوەرەکان ڕاوەستین.

## تەوەرەی یەکەم؛ ئامانجە نیشتمانی ودیموکراتیەکان،

ئەم تەوەرە کە تایبەتە بەئامانجە سیاسیەکان وئاڵتەرناتیڤی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان بەرامبەر بەدەسەڵاتی ئێستا، لەپێشەکیەکەیدا و لەسەر بنەمای چەمکەکانی ئینتمای نیشتمانی، کوردستانی بوون، دیموکراتی وهاووڵاتیبوون... ئەم بزوتنەوەیە بە حزبێکی "نیشتمان پەروەری کوردستانی و دیموکراتخواز، کە بڕوای بە مافی هاوڵاتی هەیە، دەناسێندرێ. ئێمە لەسەرەوە بەشێک لەو ڕاستیانەمان خستە روو کە ئەم پێناسەیەیان لەخۆگرتووە، بەڵام ئەو دەربڕینانەی کە لەم پێناسەیەدا هاتووە دەرگا دەکاتەوە بۆئەوەی رەخنە ونیگەرانی بزوتنەوەی گۆڕان لەخیانەت و"پاوانکردنی نیشتمانپەروەری" حزبەکانی وەک پارتی ویەکیەتی بهێنێتە ئاراوە. هەر بۆیە بەرلەوەی بچینە سەر ناوەڕۆکی ئامانجە سیاسیەکان وئاڵتەرناتیڤێک کە بزوتنەوەی گۆڕان لەپرۆگرامەکەیدا جێگیری کردووە، بە باشی دەزانین لەسەر ئەو نیگەرانی و رەخنانە ڕاوەستین کە لەپێشەکی ئەم تەوەرەدا هاتووە:

> "گیانبەخشینی گەلەکەمان لە مێژوی دورو نزیکدا... بەری رەنج و قوربانیدان و گیانبەخشین، بەیەکسانی، بەسەر هەمو هاوڵاتیانی کوردستاندا دابەش ببێت و هیچ کەس و لایەنێک بۆی نەبێت بەتەنها خۆی بکاتە خاوەنیان.

هەروەها "پاوانکردنی سەروەریەکانی رابردوو"، "پیرۆزیەکانی گەڵ" بەدژی سەرەتاکانی دیموکراسیو نیشتمان پەروەری دەناسێنێ. ئەوەتا دەڵێت:

> پاوانکردنی بەرهەمی سەروەرییەکانی رابردو، پاوانکردنی پیرۆزیەکانی گەلەکەمان، لەلایەن هەر هێزو کەس و خێزان و بنەماڵەیەکەوە بێت، دژی سەرەتاکانی دیموکراسی و نیشتمانیەروەرییە.

وەلەمانەش زیاتر، "پاوانکردنی نیشتمانپەروەری" دەکاتە، "هۆکاری شەڕی ناوخۆ وپێکدادانی لایەنەکان" و"لێکترازانی پەیکەرەی کۆمەڵایەتی":

> کۆمەڵگەی کوردی مێژویەکی تاڵی لەگەڵ دیاردەی پاوانکردنی نیشتمانپەروەری،

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەخشینەوەی خیانەت و تۆمەت لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا هەیە، ئەم دیاردەیە هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بوە، هۆکاری پێکدادانی نێوان ئەو پارت و هێزانە بوە کە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی حیزبیان تێکەڵکردوە، هۆکاری لێکترازانی یەیکەرەی کۆمەڵایەتی و لاوازبونی هوشیاریی نیشتمانی بوە.

١/ مەبەستی سەرەکی حزبی گۆڕان لەم دەربڕینانەی سەرەوە، وەک هەر حزبێکی ناسیونالیستی تر کە شانازی بە ڕابردووەوە دەکات، بەدەستەوە گرتنی"گیانبەخشین وقوربانیدانەکانی مێژوی دورونزیک و پیرۆزیەکانی گەل"ە، وەک دەستمایەیەکی سیاسی و گشتگیر، بۆ مەشروعیەت دان بەخۆی وسیاسەتەکانی. هاوکات بەهای ئەم خۆ بەمیراتگریەی ڕابردوو بۆ بزوتنەوەی گۆڕان، چەند واتاو مەبەستی تریش بەدوای خۆیدا دێنێ، یەکەم ئەوەی کە ڕابردوی قوربانیدانەکان وهەموو ئەو ڕوداوانەی کە دەرد و مەئەساتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا داسەپاندووە و لە بازنەی شەڕ و مفاوەزات و شکستی حزبە ناسیونالیستەکاندا بەرامەبەر بەدەوڵەتی مەرکەزی بەرهەم هاتووە، بەتاقە مێژوی خەڵکی کوردستان بناسرێ، کەتێیدا، بزوتنەوەی کوردایەتی چ وەک سیاسەت و فەرهەنگ، چ وەک مێژوو هەڵکەوتەکانی، بە بزوتنەوەی دایک جێگابگرێ و ئیتر هەرجۆرە جوڵانەوە و مێژویەکی تر و هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی تر بۆ ڕوداوەکانی کوردستان لەدەرەوەی ئەم بزوتنەوەیە، ئینکارو نەفی بکرێتەوە. دووەم "شانازی کردن بەقوربانیەکان و پیرۆزیەکانی گەلەوە" تائەو ئاستە دەڕوات کە دەرگای لێپێچینەوە و مەحکومکردنی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد وسیاسەتە هەڵەو دژە خەڵکیەکانیان ببەستێ. شانازی کردنی سەرانی یەکیەتی و پارتی بە"سەد هەزار شەهید"ەوە، وەیا ئەوەی کە"شۆڕشی گوڵانو بەرزان، شۆڕشی نوێ" بە سەروەری لە مێژوی کورد"دا لەقەڵەم دەدرێ، وەیاخود ئەوەی کە "هەموو خەڵکی کوردستان لەژێر کڵاوەکەی عومەری خاوەر"دا کۆدەکرێتەوە، تەنانەت ئەوەی کەساڵانە فرمێسک بۆ قوربانیانی ئەنفال وکیمایاباران، هەڵدەڕێژرێت، لەپاڵ سەدان نمونەی تردا، هەموویان بۆئەوەن کە ئەم ڕووداوانە وەک مێژویەکی سیاسی پیرۆزکراو بکرێنە فەرهەنگی گشتی خەڵکی کوردستان و پەردەش بدرێ بە ڕۆڵ وکارکردی ئەحزابەکان لەم ڕووداوانەدا، بەجۆرێک کەهەرگیز نەتوانرێ ڕاستیەکانی پشتی ئەم ڕووداوانە و سیاسەتی نادروستی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی هەڵدرێتەوە؟. بەڵام

دەبێ لەبزوتنەوەی گۆڕان ئەو پرسیارەش بکرێ کەئایا مەبەستان چییە لە "سەروەری ودەستکەوتی قوربانیدانەکان"، کە بەهۆیانەوە نیشتمان پەروەری وخیانەتی پێدەپێون؟ ئایا بەکوشتدانی هەزاران لاو وئینسانی شەریفی ئەم کۆمەڵگایە جێگای شانازیە یان ڕەخنە و سەرزەنشتکردن؟ ئایا باڵاترین سەروەری و دەستکەوتی قوربانی دانەکان، شتێکی زیاترە لە حکومەت و پەرلەمانی ئێستا، کە ژیانی خەڵکی بەچ ڕۆژێک گەیاندووە؟
ڕاستیەکەی ئەوەیە کەناسیونالیزمی کورد، وەک جوڵانەوەیەک کە قاچی لەرابردوودایە و ناسنامەی خۆی لەسەر مەئەسات وئەو روداوە تراژیدیانە دارشتووە کەسەرنجام گیان و ژیانی هاوڵاتیانی کوردستانی تیا کراوەتە ئامرازی قوربانیدانەکان، ناتوانێ هەڵگری هیچ ئاستێک لەپێشڕەوی کۆمەڵایەتی وهیچ ئاستێک لەپێشکەتن خوازو ئینسان دۆستی بێت. بزوتنەوەی گۆڕان کە شەڕی میراتگری ئەم ڕابردووە دەکات و"نیشتمان پەروەری" دەکاتە پێوانەی خۆجیاکردنەوە لەگەڵ ئەوانیتردا، تا مەشروعیەت بەخۆی بدا. بەڵام پاڵدانەوە بەم فەرهەنگە سیاسیەوە، ئەو ئیدعایە لەبنەوە بەدرۆدەخاتەوە، کەدەڵێ، حزبی گۆڕان حزبێکی جیاوازە لە حزبە ناسیونالیستە تەقلیدیەکانیتر.
٢/ هەروەک لە تێکستەکانی سەرەوەدا ئاماژەی بۆ دەکرێ، بزوتنەوەی گۆڕان هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ وکێشەی نێوان حزبەکان لەڕابردو و ئێستادا، هەوەها " لێکترازانی پەیکەرەی کۆمەڵایەتی و لاوازبونی هوشیاریی نیشتمانی" بەهۆکاری "پاوانکردنی نیشتمانپەروەری" لێکدەداتەوە. لەدەربڕینێکی ئاواشدا بەتەواوی ڕاستیە مێژوویی وسیاسیەکان ورووداوەکان، بەلاڕێدا دەبرێ. لەکاتێکدا ئەوە ڕۆشنە کە: یەکەم، شەری ناوخۆ لەئاکامی بوونی کوردستان بە "ئەرزی مەتروکە" لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا، وەک بەرئەنجامێک لەخاووبوونەوەی کێشمەکێشی نێوان ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، لەبەرامبەر ڕژێمی بەعسدا، یەکیەتی و پارتی لەسەر یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتو بەدەستهێنانی باڵادەستی تاکحزبی بەسەر کوردستاندا، خستە بەرامبەر بەیەکەوە و بەم جۆرە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا، کەدواجار پارتی بەپشتبەستن بەسوپای عێراق هەولێری داگیرکردەوە و یەکیەتیش بەپشتیوانی ئێران ناوچەی سلێمانی کەوتەدەست. ڕوداویکی ئاوا نەک هەر پەیوەندی بە"نیشتمان پەروەریەوە" نییە و نەبووە، بەڵکو هێنانی وەک فاکتۆریک بۆ ڕوودانی ئەم جەنگە نەگریس وماڵ وێرانکەرە، جگەلە شێواندنی ئەم مێژوە و ڕاستیەکانی

شتێکیتری لە بە ئەنجام ناگیرێ. دووەم  لە باسی کێشەی نێوان حزبەکانیشدا، چ لە ئێستاو ڕابردوودا، دیسانەوە بزوتنەوەی گۆڕان ئەو ڕاستیە پەردەپۆشدەکات، کە شەڕ وکێشەی نێوان ئەحزبی ناسیونالیستی کورد هەمیشە لەسەر بەدەستهێنانی مەقعیەتی باڵادەستی و ڕابەری کردنی جولانەوەی کوردایەتی و لە ئەنجامی دابەشبوون وپاشکۆیەتیان بە سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکەوە بووە، بەرادەی ئەوەی کە پێشلەشکری کردن وراکێشانی هێزی دەوڵەتانی ناوچەکەیان وەک ڕیگایەک بۆ یەکلاخستنی هاوکێشەی هیزی نێوانیان بەدەستەوەگرتووە. ڕاستیەکی ئاوا نیشان دەدات کەئەحزابی ناسیونالیستی کورد، ئەحزاب گەلێکی مەدەنی نین کە کێشەکانی نێوانیان بەخەباتی سیاسی ومەدەنی و بەدیالکۆک چارەسەر بکەن، بەڵکو بۆگەیشتن بەئامانجەکانیان ئامادەبوون هەموو پرەنسیپێکی مەدەنی بخەنە ژێر پێوە و دەست بۆ هەر دەوڵەت و هیزێکی کۆنەپەرست درێژکەن. سێهەم، بەڵام لەبارەی "لیکترازانی کۆمەڵایەتی ولاواز بوونی هوشیاری نیشتمانیەوە" دەبێ لەلایەک پەنجە راکێشین بۆ سەپاندنی سیستەمێکی دواکەوتووی میلیشیایی سەرتاپا گەندەڵ، کە نەک هەر کەمترین بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەئازادی و بژیوی وخزمەتگوزاریەکانی هاوڵاتیان نیشان نەداوە، بەڵکو تەوەقوعاتو ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگایەکی چەند ملیۆنی بەیاساو فەرهەنگو سونەتی قەومیو ئیسلامی لەقاوداوە. لەلایەکی تریشەوە دەبێ پەنجە بخەینە سەر سەرهەڵدانی ئەو جیاوازی و قەڵشتە چینایەتیەی کە لەنێوان خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان و چینی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و بەرپرسیاراندا، لەئارادایە و تادێت بەرینو بەرینتر دەبێتەوە و هەموو ئەمانەش وەک هۆکاری سەرەکی بۆ پەرەگرتنی فەساد و لێکترازانی کۆمەڵگا و پشتکردنی هاوڵاتیان لە"نیشتمان" ودەسەلاتێک کەبزوتنەوەی گۆڕان بەخەمیەوەیەتی، هاتۆتەبوون، نەک "پاوانکردنی نیشتمان پەروەری"...

### خەونی دامەزراندنی"هەرێمێکی بەهێز" ،

### چاکسازیە سیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ڕووی لە چیە؟

پرۆگرام لەپێشەکی تەوەرەی "ئامانجە نیشتیمانی ودیموکراتیەکان"دا ئاوا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە:

" بنیاتنانی قەوارەی کوردستان .. و.. دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز، کە بەرگەی

هەڕەشە دەرەکیەکان بگرێت"..."بنیاتنانی هەرێمێکی بەهێز پێویستی بە نیشتمانیکردنی دامودەزگاکانە، بەتایبەتی دامودەزگا سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەکان، بۆئەوەی ببنە ئامرازی بەرگریکردن لە خاک و قەوارە و دابینکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان، نەک ئامرازی سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی حساباتی سیاسی و حیزبی و سیخوڕیکردن بەسەر هاوڵاتیانەوە"..

"بزوتنەوەی گۆڕان لەو بڕوایە دڵسۆزیی بۆ نیشتمان بە دروشمبازی و بەخشینەوەی تۆمەت و ترس بەسەر بەرهەڵستکارانی سیاسیدا دروست نابێ، بەڵکو پێویستی بە گۆڕینی ریشەیی سیستمی سیاسییە، پێویستی بەنیشتمانیکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت و پەرلەمان و دادوەرییە، پێویستی بەنیشتمانیکردنی هێزە چەکدارەکان و دامودەزگاکانی ئاسایشە. پێویستی بە سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی ئەو دامەزراوە و هێزانەیە بەجۆرێک ببنە قەڵغانی پاراستنی قەوارەی نیشتمانی، کۆمەڵگەی شارستانی، دەوڵەتی یاسا و سیستمی دیموکراتی"

بێگومان مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی، و خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات مەسەلەیەکی سەرەکی هەر حزبێکی سیاسیە و لێرەشەوە ئامانج و ئەرکەکانی خۆی و ڕێگای گەیشتن پێی دیاری دەکات. تەنانەت هەر حزبێکی سیاسی بەو ئاستەی کە هەلوێست لە دەسەڵات و سیستەمی مەوجود دەگرێ، لە چوارچێوەی هەمان هەڵوێستدا بەدیلی خۆی بۆ دەسەلات دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا و تێدەکۆشێ هێزی کۆمەڵایەتی و چینایەتی لەدەور هەڵخڕێنێ وبانگەوازیان بکات بۆ ئایندەیەکی نوێ. کەوایە لەپێشەوە بابزانین مەسەلەی دەسەلات و سیستەمێک کە ئێستا لەکوردستاندا حاکمە، چ جێگایەکی لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا هەیە و لەبەرامبەریدا چ هەڵویستێکی گرتووە؟

بزوتنەوەی گۆڕان وەک خۆی ڕای گەیاندووە نە بەدوای وەلانانی دەسەلاتی ئێستاوەیە و نە شیعاری ڕوخانی حکومەتی ئێستای هەڵبڕیوە، تەنانەت نە خواستی سەربەخۆیی وپێکهینانی دەوڵەت و جیابوونەوەی کوردستانی هەیە لەعێراق، وە نە بەشوێن سکولاریزەکردنی دەسەڵاتو سیستەمی مەوجودەوەیە. پێگەی چینایەتی وکۆمەڵایەتی ئەم حزبە وەک حزبێکی بۆرژواناسیونالیست و یەکێک لە ئەندامانی نێو خێزانی بزوتنەوەی کوردایەتی، حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتی ئێستا بەئەزمون و"دەستکەوتی گەلی کوردستان"

دەزانێ و پاراستن و مانەوەی بە ئەرکێکی میحوەری وبنەڕەتی خۆی دیاریکردووە. بۆئەم حزبە خەونی "بنیاتنانی قەوارەی کوردستان ودامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز کە بەرگەی شەڕە دەرەکیەکان"ی چینی بۆرژوازی بگرێ، ئامانجی ئەوەڵو ئاخرە. لەپێناو ئەم ئامانج وخەونەشدا، ڕێبازی بەنیشتمانی کردنی دامودەزگای سەربازی و ئەمنی وهەواڵگریەکان، جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت و سنوردار کردنی جوڵەی حزبی سیاسی، کاراکردنەوەی پەرلەمان و بە یاسایی کردنی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان.. لایەنەکانی ستراتیژی چاکسازی وتەعدیل کردنی دەسەڵاتی ئێستا وتەجروبەیەکی حکومرانیە کە زیاتر لە دوو دەهەیە ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی هاڕیوە. خەون وئامانجێک کە بەمانەوە و هێشتنەوەی دەزگای سەرکوتی ئەمنی وهەوالگریەکان، لەبەرگی "نیشتمانی و دیموکراتیدا" بەسەر سەری کۆمەڵگاوە، گرێداوەتەوە، بەپاراستنی دەسەڵاتدارێتی وحکومەتێک کە لەسەر بنەمای قوڵکردنەوەی جیاوازیە چینایەتیەکانی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت لەگەڵ خاوەن سەرمایە و کۆمپانیا بازرگانیەکانەوە، بەئاکتیڤکردنەوەی پەرلەمانێکی کارتۆنی و شوێنی کۆبوونەوەی دەستەجاتی قەومی و ئیسلامی، بەسەرپێخستنی دیمکراتیەک کە ئیسلام وشەریعەتەکەی سنوری دیاریکردنی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان بێت، بەستۆتەوە، بەیاسا و دەزگایەکی قەزایی کە چەکی ئەحزابی میلیشیایی لەسەرویەوەبێت... ئەمانە ئەنجامی بەدیهاتنی ئەو خەونەیە کە حزبی گۆڕان سەری بۆ خستۆتە سەر سەرین.

بەجیا لەوەی کە ئەم ستراتیژەی بزوتنەوەی گۆڕان لە کەشوهەوای سیاسی کوردستاندا، چەندە شانسی بەسەرەنجام گەیشتنی هەیە و چەندە لە وەهمێکی بێئاکامەوە سەری دەرهێناوە، بەڵام خەون و ئامانج و ئەرکێک کە بزوتنەوەی گۆڕان لە دوتوێی پڕۆگرامێکی سیاسیدا دایڕشتووە، پێمان ناڵێ ومەعلومی ناکات کە دەبێ چەند ساڵێتر خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا بەدیار ئەم تەجوروبەیەی بۆرژوازی کوردەوە دانیشێ وتەحەمولی چەند کارەسات و مەینەتی تر لە حزبە ناسیونالیستەکان بکات، تا سەرلە" قەوارەیەکی شارستانیو یاسایی ودیموکراتی" دەربهێنێ!.

هەرچۆنێک بێت پڕۆگرام لەراستای گەیشتن بەخەونی"دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز"دا چەند ڕێگایەکی خستۆتەڕوو. واتە ئەوڕێگایانەی کە "ئەرکە نیشتمانیو دیموکراتیەکان" بەدیدێنن و کۆتاییەکەیان بە"هەرێمێکی بەهێز" دەگات. کەوایە باشترە ڕەخنە و سەرنجەکانمان ببەینە

سەر خودی ئەو بەندانەی کە لەژێر تایتڵی "ئامانجە نیشتمانیو دیومکراتیەکان"دا ڕیزبەندی کراون:

## یەکەم: "ئامانجە نیشتمانیەکان":

### ١) ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە باڵاکان:

لەبەندێکدا هاتووە:

" پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکان بەشێوەیەکی ڕۆشن .."

ئەگەرچی بزوتنەوەی گۆڕان پێناسەی خۆی بەدیاریکراوی بۆ "ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە باڵاکان" ناخاتە ڕوو، تەنانەت پێمان ناڵێ پێناسەکەی ئەوان چ جیاوازیەکی لەگەڵ پێناسەی حزبەکانی ناو دەسەڵاتدا هەیە، بەڵام "ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی باڵا" وەک ئەوەی لەفەرهەنگی سیاسی بۆرژوازی و دەوڵەتانی ئەوپەڕی دیموکراسیدا باوە، شتێکی زیاتر لەپاراستنی ئەمنیەتی دەوڵەت نییە لەبەرمبەر مەترسیە ناوخۆییو دەرەکیەکاندا. ئەم دەوڵەتانە کە دەزگای زەبەلاحی سوپا و ئاسایش و پۆلیس و هەواڵگریان لەسەر حسابی داهاتو قوتی خەڵک دامەزراندووە وبەرادەیەکی زۆریش سەربەخۆییان هەیە، وەک ئەوەی گۆڕان پێی دەڵێت"بەنیشتمانی" کراوە، هەموویان بەپاساوی مەترسی دەرەکی و ناوخۆیی بەسەر سەری کۆمەڵگاوە ڕاگیراوە. لەکاتێکدا ئەم دەزگایانە واوەتر لەپاساوی مەترسی شەڕ وپەلاماردانی سەربازی، زۆرجاریش بۆنەتە ئامرازی شەڕ هەڵگیرساندن وپەلاماردان بۆ سەر دەوڵەتانی دراوسێ ولەناوخۆشدا، وەک مەکینەیەکی خوێناوی خراوەتە خزمەتی سیاسەتی سەرکوت و لەخوێن هەڵکێشانی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی بەرهەقی خەڵکەوە. بزوتنەوەی گۆڕان کاتێک کە "ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی باڵا" وەک ڕێگایەک بۆ دامەزراندنی "هەرێمێکی بەهێز" بەدەستەوە دەگرێ، دروست هەمان پاساوی دەوڵەتانی بۆرژوازی دەکاتە دەستمایەی ڕاگرتنی دەزگا سەرکوتگەرو سەروو خەڵکیەکانی وەک سوپا وپۆلیس، هەواڵگری وجاسوسیکردن. ئایا ڕاگرتنی ئەم دەزگایانە بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە لەهەر شکڵ وقاوغیکدا بێت، شتێکی جیا لەوەی کە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

تائێستا بەرهەمی بووە ولەلایەن دەسەڵات و سیستەمی حاکمەوە لێی ڕەچاوکراوە زیاترە؟ پاشان دەپرسین "بەرژەوەندیە باڵاکان" کامانەن و چ پەیوەندیەکیان بە بەرژەوەندی خەڵکەوەیە تاڕۆشن بکرێنەوە! ئایا ئەوەی تائێستا لەئەزمونی دەسەڵاتداریێتی وکارنامەی بۆرژوازی کورد و حزبە قەومیەکانیەوە بەڕێوەبراوە هەر لەژێر ئەم ناوە و بەپاساوی بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانەوە پەیڕەوی لێنەکراوە؟ ئایا حزبی گۆڕان کە ئەم ئەزمونە و ئەم دەسەلاتە بە"دەستکەوتی گەلی کوردستان" دەزانێ وبەتوندی خۆی پێوە بەستۆتەوە، بەرژەوەندیەکی جیاوازی باڵاتری لەبەرنامەیدا هەیە کە لەسەرو بەرژەوەندیە "قەومیو نیشتمانیەکانەوە" بێت؟ بەڵام ئەوەی کەلەپشتی "ئاسایشی نەتەوەیی وبەرژەوەندیە باڵاکان"ی بزوتنەوەی گۆڕانەوە بەفەرامۆشی سپێردراوە، ڕۆڵی خەڵک و جێگا و ڕێگای فاکتۆری جەماوەرە، وەک هێزێکی سەرەکی لەپاراستنی ئەمنی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا. بەواتایەکیتر هەر سیستەم و دەسەڵاتێک بەو ئاستە دەتوانێ گیانی بەرگری و پارێزەری ناوخۆ و دەرەکی بێت، کە لەسەر بەنەمای دەخاڵەتدانی خەڵک وهاوڵاتیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دامەزرابێ، هاوڵاتیەک کە دەسەڵات لەهێزی خۆی و بەبڕیاری ئازادانەی ئەو بچێت بەڕێوە، باشترین زامنی ئەمنیەت و ئارامیە. تەنانەت بەرژەوەندی باڵاش کاتێک بەکردەوە دەردێ کە شتێکی زیاتر لەبەرژوەندی ژیان و ئاسایشی خەڵک وهاوڵاتیان نەبێ، ئەمەش تەنها بەهێزی ڕیکخراو و دەخاڵەت پێدراوی جەماوەر لە بەڕیوەبدرنی سیستەمی حکومڕانیدا مسۆگەر دەبێ. بەڵام کاتێک حزبی گۆڕان نە ئەم جۆرە سیستەمەی لا مەبەستە و نە فاکتۆری جەماوەر جێگایەکی هەیە، بە پێوسیت سوپا و پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایشی قەومی وهەوالگریەکان و "بەنیشتمانی کردن"یان دەکاتە ئامانجی پاراستنی وڵات لە مەترسیەکان. ئەم حزبە کە بەدوای دورخستنەوەی نفوزی حزبیەوەیە لەم دەزگایانەدا وهاوکات هێشتنەوەیان وەک کۆمەڵە دەزگایەکی سەرکوتگەر و سەروخەڵکی، گەرەکیەتی لەژێر ناوی "پاریزگاریکردن لەبەرژەوەندیە باڵاکان"دا، شەرعیەتیان پێبدا و ڕاستەوخۆش لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا ڕایان دەگرێ. مەشروعیەت بەدەزگاگەلێک بدا کەدەستبردن بۆ سەرکوت و جاسوسی کردن وئینسان دزین وتیرۆر، پیشەی سەرەکیانە.

## ٢) ڕوحی نیشتمان پەروەری:

-_"بەرپەرچدانەوەی هەمو ئەو بڕیار و دیاردە و ئاکارانەی کە رۆحی نیشتمانپەروەریی لاوازدەکەن، وەک تاکرەوی لە دەسەڵاتدا، ناڕۆشنی لە وەرگرتنی بڕیاری چارەنوسسازدا، ناوچەگەریی، خێڵگەریی، گەندەڵی، بێدادیی لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانی و پۆست و بەرکەوتی هاوڵاتیاندا، لەنێوان بەرکەوتی شار و شارۆچکەو گوند و ناوچە جیاوازەکاندا." ..

لەم بەندەدا، بزوتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەکی ئەخلاقی بەشوێن پاککردنەوەی "نیشتمان پەروەریەوەیە"و دەیەوێت بە ناسنامەی قەومیەکەیەوە نمونەیەکی بێگەردمان لە"نیشتمانپەروەری" پێبناسێنێ. لەکاتێکدا هەمو ئەو دیاردانەی کە ئاماژەی پێداوون بەشە سەرەکی و بەپیرۆزکراوەکانی فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سونەتی ناسیونالیزم وقەومپەرستی حزبەکانیەتی. بەڕادەی ئەوەی کە ناسیونالیزمی مۆدێرن وسکولار، پێشکەوتنخواز وئینسانی، نەک ئەفسانەیە بەڵکو بەتەواوی پێچەوانەو دژ بەیەکن. حزبی گۆڕان وەک هەرحزبێکی ناسیونالیستی تەقلیدی، کە چەمکەکانی خاک ونیشتمان ونەتەوەی کردۆتە سەرچاوەی ناسنامەی خۆی و لەدەرەوەی بازنەی چەمکەکانی سکولار، مۆدیرنیزم، ئینسانگەرایی.. ناتوانێ نمونەی"نیشتمان پەروەریەکی تر" لەدەرەوەی فەرهەنگی باوی ناسیونالیزم پێشکەس بکات. رێک بەپێچەوانەوە ئەوانەی دەیانەوێت کۆمەڵگا لەو دیاردانەی کە لەم بەندەدا ئاماژەیان بۆکراوە، ڕزگاری بێت، دەبێ لەپێشەوە سیستەم و دەسەڵات و فەرهەنگی باو لە ناسیونالیزم و ناسنامە و ئینتمای قەومی ودینی وپاشخانە ئایدیۆلۆژیەکانی پاکبکرێتەوە.

## ٣) پەیوەندیەکانی هەرێم بەدەرەوە:

_"دامەزراندنی پەیوەندیەکانی هەرێم بە دەرەوە لەسەر بنەمای رۆشنیی، لەڕێی کەناڵە یاسایی و دەستوریەکانەوە. یەکخستنی گوتاری فەرمی لەگەڵ دەرەوەدا، جیاکردنەوەی گوتاری حیزبی و دیدی شەخسیی سەرکردەکان لە گوتاری فەرمیی هەرێم."

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

ئەم بەندە مەبدەئێک بۆ کاری دیبلۆماسیو پەیوەندیە دەرەکیەکانی هەرێم دەخاتەڕوو، کەڕاستەوخۆ ڕووی لەترس ونیگەرانیەکە کە لە دەخاڵەتی "شەخسی سەرکردەکان و حزبەکانە"وە سەرچاوەی گرتووە، بەبێ ئەوەی کەپێمان بڵێت خودی "یەکخستنی گوتاری فەرمی لەگەڵ دەرەوەدا" لەسەر بنەمای چ سیاسەتو مەبدەئیک بەدی دێت!. ئایا گۆڕان سیاسەتێکی دیبلۆماسی و دەرکی جیاواز لەوەی کە پەیڕەوی لێدەکرێ دەگرێتەبەر؟ ئایا کوردستان لە پاشکۆیەتی و وابەستەبوون بەسیاستەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە دەردەکێشی ولەسەر بنەمایەکی ئینسانی و هاوچارەنوسی وپێشکەوتخوازی پەیوەندیەکانی هەرێم بە دونیای دەرەوە پێناسەدەکاتەوە؟ .. کاتێک کە لەمبارانەوە ئاماژەیەک نادرێ، بەپێویست واتای "یەکخستنی گوتاری فەرمی" هەر بۆ ڕەواندنەوەی ترس و نیگەرانیەکانی خۆیەتی، نەک بۆ ئالوگۆڕێکی زیاتر لەوەی کە هەیە. هەروەک پڕۆگرام ئاماژەی پێداوە، کە "کەناڵی یاسایی ودەستوری"، شوێنی "گوتاری حزبی ودیدی شەخسی سەرکردەکان" بگرێتەوە و وەک سەرچاوەیەک بۆ بەستنی پەیوەندیەکانی هەرێم بەدەرەوە، مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بەڵام ئایا ناوەڕۆکی خودی ئەم "کەناڵە یاسایی ودەستوریانە" چین و لەبەرژەوەندی کێدا نوسراون؟ ئایا لەبنەرەتدا "ئەم کەناڵانە" لەدەرەوەی "گوتاری حزبەکان ودیدی شەخسی سەرکردەکانەوە" بەرهەمهاتوون، یان ئەوە هەرئەمان بوون لەنوسینەوەی دەستورو یاساکاندا خاوەن بڕیاربوون؟ لەراستیدا مەعلوم نییە بزوتنەوەی گۆڕان چۆن دەتوانێ پەیوەندیەکی فەرمی ویاسایی بۆهەرێم دامەزرێنێ لە دەرەوەی ڕۆڵی ئەحزاب و دیدی شەخسی سەرکردەکانیان، لەکاتێکدا دەسەڵات و نفوزی ئەوان کۆمەڵگای لەقاڵب دابێت!

### ٤) کێشەی کەرکوک و"ناوچە کێشە لەسەرەکان"

پڕۆگرام لەسەر کێشەی کەرکوک وناوچە دابراوەکان ئاوا سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان دادەڕێژێ:

ـ"سازش نەکردن لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک، شەنگال، زەممار، تەلەعفەر، شێخان، مەخمور، خانەقین، دوز و مەندەلی و ناوچە دابڕاوەکانی تر.

ـ" خستنەگەڕی هەمو کۆششێکی دەستوری، پەرلەمانی، جەماوەری، سیاسی و

مەدەنی بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر خاکی هەرێم.
ـ"پەنابردن بۆ بایکۆتی سیاسی، کشاندنەوەی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە دامەزراوەکانی عێراق، خۆسازدانی جەماوەی، سیاسی، دیبلۆماتی و سەربازی لە کاتی هەر سەرپێچیەکی مەترسیداری دەستوری عێراق سەبارەت بە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان... ئامادەباشی فەرمی و میللی لە کاتی هەر سەرکێشیەکی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ سەر ئەو ناوچانە بە ئامانجی پاراستنی خاکی هەرێم و گەلی کوردستان، بە کورد و تورکمان و کلدۆئاشوری و عەرەبی رەسەنەوە [*] ، لەو ناوچانەدا.

کۆی ئەم بەندانە ناوەرۆکی هەڵوێست و سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر مەسەلەی کەرکوک و"ناوچەکێشە لەسەرەکان" بەیان دەکات، کە لە جەوهەردا هیچ جیاوازی لەگەڵ هەڵوێست و مامەڵەی تا ئێستای حزبەکانی تردا نییە، بگرە لەوان زیاتر ڕوانگەی قەومی ونامەدەنیانە لەسەر ئەم کێشەیە دەخاتەڕوو. سەرەتا باسی "سازش نەکردن لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک و ناوچەکانی تر" هەمان ئەو ئیدعایە دوپات دەکاتەوە کەهەموو حزبەکان تر لەسەروو ڕای خەڵکی ئەم ناوچانەو کەرکوک، ڕۆژانە ئاماژەی پێدەکەن. لەمەش زیاتر خستنەگەڕی هەموو ئەو کۆششانەی ئاماژەی پێدراوە بۆ گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆسەر هەرێم، دیسانەوە گرتنەوەبەری هەمان سیاسەتی دانوسان و ساتوسەودا و مامەڵەیە کە تائێستا بەچارەنوسی خەڵکی ئەم ناوچانەوە کراوە و دەکرێت. یانی بزوتنەوەی گۆڕانیش وەک هەرحزبێکی قەومی و خاک پەرست چارەنوسی دانیشتوانی ئەم ناوچانە

---

"[*]/ عەرەبی رەسەن" کە داهێنانیکی فاشیستانەو تەسەر ئیسقان ڕاسیستیە، کەئەحزبی ناسیونالیزمی کورد بۆ تەسفەی خەڵکی عەرەب زمانی دانێستوی کەرکوک و ئەم ناوچانە لەدوای روخانی ڕژێمی بەعسدا، پشتیان ێیبەست بۆ وەدەرانی خەڵک وپێکهێنانی تەوازنی دیمۆگرافی تا هەقانیەتی خاکپەرستی و خاوەنداریەتی کەرکوک و ئەم ناوچانەی پێ بسەڵمینن، کەچی بزوتنەوەی گۆڕانیش لەپرۆگرامەکەیدا جیگیری کردووە، لەمبارەوە دەبێ ئەوە بڵێین ئەمە جیاکاریەکی بێناوەرۆک ودژی ئینسانیە، کەوەک پاساوێک بۆ دەستبردن بۆ سیاسەتی کۆمەلکوژی ووەدەرنانی بەکۆمەڵی ژن ومناڵ و خێزانی غەیرەکوردی ئەم ناوچانە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە بەدەستەوە دەگیرێ و بەکردەوە ژێر پێی هەموو ئەو هەوڵە پوچانە خاڵی دەکاتەوە کە دەیانەوێت سیفەت و پێناسەی"لیبرالی ومۆدیرنیستی و سکولارسیتی و لێبوردەیی" لەگەڵ ناسیونالیزم و قەومپەرستی و نیشتمانپەرستیدا کۆبکەنەوە.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

لەچوارچێوەی کێشەو دەعوای قەومیدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا دەهێڵێتەوە و بەقەد سەرە دەرزییەک بەلای ڕێگا چارەیەکی سیاسی و مەدەنی و ئینسانیدا ناڕوات، کە لەسەرەتاوە مافی بڕیاردانی خەڵکی کەرکوک وئەم ناوچانە بەئەسڵێک وەربگرێ وڕێزی بۆدابنێ، بەڵکو ئەمیش وەک حزبەکانی تر هەمان شمشێری خاوەنداریێتی قەومی بۆ خاکی ئەم ناوچانەی بەرز ڕاگرتووە وئەگەر لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە بۆی بەڕەسمی نەناسرێ، وەیا لەحاڵەتێکدا ویستی گەڕانەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە بۆلای دەوڵەتی مەرکەزی بێتەئاراوە، ئەوا ئەم شمشێرە لە شەڕی قەومیدا ملی هەزاران ئینسان دەپەڕێنێ. ئەمە ئەو سیاستە "لێبوردەیی ونیشتمان پەروەریەیە" کە بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک وئەم ناوچانە بەدەستیەوە گرتووە. ئەمە ئەو ڕێزگرتنەیە لەخەڵکی تورکمان و "عەرەبی ڕەسەن" وکلدو ئاشور، کە بریارە لەژێرسایەی هەرێمە بەهێزەکەی ئەودا بحەوێنەوە و بڕیاری خۆیان لەدەست خۆیاندابێت.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد وحزبەکانی بەخودی حزبی گۆڕانیشەوە، کاتێک بەناسنامەی قەومیەوە لەم کێشەیە دەڕوانن و  مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، مانەوە و وجودی خۆیان لە مانەوەی کێشەی کورد لەعێراقدا دەبیننەوە. بێگومان لەم چوارچێوەیەشدا، درێژەدان بە کێشەی کەرکوک وئەم ناوچانە وەک ئەڵقەیەک بۆ شەڕی نەبڕاوەی قەومی، لەسەر خاک ونەوت وەرگرتنی ئیمتیازات، وەک گۆشەیەکی سەرەکی و بەردەوام بۆ درێژەپێدان بە"کێشەی کورد"، چاوی لێدەکردێت، وەک بەشێک لە ماهیەتی سیاسی و کارنامەی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستاندا دەمێنیتەوە. لەکاتێکدا ڕێگا چارەی سیاسی ومەدەنی بۆ کەرکوک و ئەم ناوچانە لەپێشەوە دەبێ لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی خودی کێشەی کورد لەکوردستانی عێراقدا سەرنجی بۆبدرێ. یانی ئەوەی کە لەپێشەوە ڕێز لە بڕیاری خەڵکی کوردستان بگیرێ و بەگەڕانەوە بۆرای ئەوان لەریفراندۆمێکدا پرسیاریان لێبکرێ، کە ئایا دەیانەوێت لەعێراقدا بەمافی هاولاتی بوونی یەکسانەوە بمێننەوە وەیا جیاببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن و بەدوای ئەمەشدا کێشەی ئەم ناوچانە بەکەرکوکێشەوە ڕێگای سیاسی ومەدەنی دەگرێتەبەر. واتە بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەی ئەم ناوچانەش بەهەمان شێوە لە ڕێگای سازدانی ڕیفراندۆمێکەوە، ئیختیارو بڕیار بدرێتە دەست خۆیان  و ڕێز لەبڕیاریان بگیرێت کە ئایا دەیانەوێت بەشێک بن

لەهەرێمی کوردستان یان بگەڕێنەوە سەر عێراق.. کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان بەلای ڕێگاچارەیەکی ئاوادا ناچێ و بە شمشیری قەومی و خاکپەرستیەوە بەرامبەر بەم کێشەیە دەوەستی، بەپێویست شتێکی زیاتر لەدرێژەدان بەم کێشەیە و ڕاگرتنی خەڵکی ئەم ناوچانە لەشەڕێکی نەبڕاوەی قەومیدا، ناخاتەڕوو.

## ٥) جێگای "کەمایەتیەکان" لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا.

لەپرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا، هاوڵاتیانێکی دانیشتووی کوردستان، کە "غەیرە کوردن"، لەوانە تورکمان، عەرەب، کلد و ئاشوری، بەجیا لەوەی کە لێرەولەوێ بە"کەمایەتیەکان" ناوزەد کراون، لە دووخاڵدا مافەکانیان وەک بەشێک لە"ئامانجە نیشتمانیەکان" ئاماژەی پێدراوە، لەخاڵی یەکەمدا هاتووە:

_"بەرپەرچدانەوەی هەر گوتار و رەفتار و ئاکارێکی شۆڤێنی و ناشارستانی دەرهەق بە تورکمان، عەرەب، کلدوئاشوری و هاوڵاتیانی سەر بە نەتەوە و ئاینەکانی تر لە کوردستاندا.

بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان چۆن ولە چ ڕێگایەکەوە "گوتارو رەفتارو ئاکاری شۆڤێنی وناشارستانی" بەرپەچ دەداتەوە؟ ئایا ئەم کارە لەڕێگای ئامۆژگاری و برەودان بە"لێبوردەیی وڕوحی نیشتمانپەروەری"وە دەباتە پێشەوە، یان لەڕێگای یاسا و سیستەمێکی جیاوازترەوە لەوەی کە لە ئارادایە؟. وەڵامی ئەم پرسیارە ڕۆشنە، بەتایبەتی کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی قەومی، هاوڵاتیان لەسەر بنەمای کوردبوون و غەیرە کورد، بە"زۆرینەو کەمینە" دابەشکردووە ولەسەر ئەم بنەمایەش ماف و ئیختیاراتەکان دیاری دەکات، ئەمەش بە پێویست گوتار و رەفتاری "نەتەوەی زۆرینەو باڵادەست" لەسەر جیاکاری و بەکەمگرتنی ئەوانی تر، دەبێتە یەکێک لەگۆشەکانی سیاسەتی ڕاگەیاندن ورەفتاری ڕۆژانە. لەمبارەوە ئەگەر دور نەڕۆین لەخودی پرۆگرامەکەدا، نمونەگەلێک لە گوتاری شۆڤێنیستی و نەعرەتەی شەڕ و کینەتۆزی لەنێو ڕستە و دەستەواژەکاندا دەدۆزینەوە، لەوانە " سازش نەکردن لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک..و ناوچە دابڕاوەکانی تر"، " ئامادەباشی فەرمی و میللی"، "عەرەبی ڕەسەن وناڕەسەن".. ئەم گوتارانە، ئەگەری شەڕی بەزۆر وەرگرتنی خاکی کوردستانی لەکۆشدا خەواندووە، بەجۆرێک کە نەک هەر

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

دەرگا لەبەردەم دیالۆگ ورێگاچارەی سیاسی بۆ کێشەی ئەم ناوچانە دادەخات، بەڵکو ئاماژەیەکیشە بۆ پوچەڵکردنەوەی واتای هەموو ئەو دەربڕینانەی کە بەزمانی "لێبوردەیی، هاولاتی یەکسان، شارستانی.."، لەپرۆگرامدا تۆمارکراوە. لەمەش زیاتر، بەرپەچدانەوەی "شۆڤێنیزم وجیاکاری" لە کۆمەڵگایەکدا و لەنێوان هاولاتیاندا، بەکردەوە لە ڕێگای چەسپاندنی یاسا و سیستەمێکەوە دەبێت کە لەبنەڕەتەوە، هەموو جۆرە ناسنامەیەکی قەومی و ئاینی و دابەشکردنی دانشتوانەکەی لەسەر بنەمای "کەمایەتی و پێکهاتە جیاوازەکان" ڕەتکردبێتەوە و لەوێدا، نە نەتەوەی بالادەست و نە دینی ڕەسمی ونەزمانی ڕەسمی جێگایەکی هەبێ. بەلام هەروەک ئاماژەمان پێدا، بزوتنەوەی گۆڕان، وەک ئەوەی خۆی بە ناسنامەی قەومی و نیشتمانیەوە دەناسێنێ و"ڕێز لە ئیسلام وەک ئاینی زۆرینە" دەگرێ و بەتەواوی یاسا و سیستەمی سکۆلاری خستۆتەلاوە، بەپێویست گوفتار و کرداری بەدەرنابێت لە جیاکاری و فەرهەنگی "شۆڤێنستی" بەرامبەر بەهاولاتیانی غیرە کورد. لەیەک ووتەدا بەرپەچدانەوەی گوتارو ئاکاری شۆڤێنستی وناشارستانی" دەرهەق بە تورکمان و عەرەب و.. کاتێک بەکردەوە جێگیر دەبێ کە کارکردە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکانی ناسیونالیزمی کورد و ناسنامەی قەومی و نیشتمانپەروەری لە سیستەم و دەسەلات جیابکرێتەوە و وەدەرنرێ.

لەخاڵی دووەمدا پرۆگرام بەم شێوەیە باس لە سەلماندنی مافی تورکمان، عەرەب و کلدو ئاشوری دەکات..

> _ سەلماندنی <u>مافە سیاسی و کارگێڕی و کولتوریی و پەروەردەییەکانی</u> تورکمان، عەرەب و کلدۆئاشورییەکان، دابینکردنی قوتابخانەی تایبەت <u>بەزمانی دایک</u> بۆ منداڵ و نەوە نوێیەکانیان."

لەفەرهەنگی سیاسی هەر نیزام وسیستەمێکی قەومیدا، کەدەسەلات لە"نەتەوەی زۆرینە" سازدەدرێ، مافی "کەمایەتیەکان" لەفەرهەنگو زمانی خوێندندا قەتیس دەمێنێتەوە ولە کەناریشەوە ئەو سیستەمو نیزامە بەدیموکراتی لەقەلەم دەرێ وبەمجۆرەش سیفەتی هاولاتی پلەدوو دەکەن بە بەرگی بەشێک لەدانیشتواندا، لەکاتێکدا کەئیختیاری ئازادانەی خۆیان نەبووە بەتایبەتمەندیەکانی خۆیانەوە ببنە هاولاتی نیو ئەو جوگرافیایە. بزوتنەوەی گۆڕان دروست هەمان جێگای بە تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشوری و مەسیحیەکان

داوە. بەتایبەتی کە لە پرۆگرامەکەیدا ڕاشکاوانە بەدوای نیزام وسیستەمێکی قەومیەوەیە و هاوکاتیش "سازش" لەسەر گەرانەوەی کەرکوک و ئەو ناوچانە ناکات کە هاولاتیانی غەیرە کورد تیایدا دەژین وبگرە ڕێزیش ناگرێ بۆ ڕای ئەوان تا لەڕیفراندۆمێکدا بڕیاربدەن لەسەر مانەوەیان لەعێراقدا وەیا پەیوەست بن بەهەرێمەوە. دانی مافی فەرهەنگی وخوێندن بەزمانی دایک ئەو بەهایەشی دەبێ کە ئەم بەشە لە دانیشتوان بە ناسنامەی قەمویەوە تاسەر بمێننەوەو بکرێنە ئامرازی ڕەسمیەتدان بەناسنامەی قەمی کورد وەک نەتەوەی زۆرینە، یانی هەمان کار کەڕژێمی بەعس لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا گرتیە پێش. لەپاڵ ئەم ڕاستیەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە"دابینکردنی قوتابخانەی تایبەت بەزمانی دایک" بۆ منالانی هاولاتیانی تورکمان و عەرەب وکلد و ئاشوری، کە وەک "ئیمتیازێکی سەقافی" بۆ ئەم "کەمایەتیانە" هێنراوەتە ناو پرۆگرامەکەی بزوتنەوەی گۆڕانەوە، دیسانەوە جیاکاری وهەلاواردن ودەستەبەندی کردنی هاولاتیانی کوردستان، لەسەر بنەمای زمانە جیاوازەکان بەرهەم دێنێ وخودی ئەمەش دەکاتە مایەی سەرهەڵدانی گوتارو رەفتاری شۆڤینیستی، بەرامبەر بەهاولاتیانی غەیرەکورد. چونکە سیستەمێک  کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدواوەیەتی وناسنامەی قەومی کوردی کردوە بەبەردا، بەپێویست "زمانی کوردی" وەک زمانی "نەتەوەی زۆرینە" و زمانی ڕەسمی ولات لە دەستور و یاساکاندا جێگیر دەکا و بەسەر تەواوی زمانەکانی تری نێو کۆمەڵگادا دایدەسەپێنێ. ئاکامی ئەم حاڵەتەش شتێکی تر نابێت جگەلە دەستەبەندی کردن و پلەدووکردنی هاولاتیانی زمانەکانی تر.

لەدۆخی ئێستای کوردستاندا، کە مافە فەرهەنگیەکان لەلایەن دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردەوە بەڕەسمی ناسراوە، پلەدوو بوونی هاولاتیانی تورکمانو کلدو ئاشوری و عەرەب لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، کەسەر لە"حزبی بچوک و پاشکۆ" بە یەکیەتی و پارتیدا دەر بهێنن و بەتەواوی دەرگای گەیشتن بە پۆستی سەرۆکی هەرێم وسەرۆکی حکومەت و دەزگای ئاسایش و باقی پۆستە هەستیارەکانی تر بەڕوویاندا دابخرێ. بزوتنەوەی گۆڕان بە ماهیەتێکی قەومی و ئاینیەوە کە هەیەتی و بەوەی کە"هەرێمێکی بەهێز" خەون و ئالتەرناتیڤیەتی ناتوانێ سیاسەتیکی جیاواز لەوەی کە هەیە لەبەرامبەر هاولاتیانی غەیرەکوردو موسولمان بگرێتەبەر.

## ٦) مەسەلەی کورد لە "پارچەکانی تری کوردستان" و

## سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان:

لەپێشەکی تەوەرەی "ئامانجە نیشتمانیەکان"دا پرۆگرام ڕوانگە و مەبدەئی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر مەسەلەی کورد لە"پارچەکانی تری کوردستان" ئاوا دەخاتەڕوو:

"سەبارەت بەکێشەی رەوای کورد لە باکور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان هوشیارە لەئاست ئەو پەیوەندییە تێکرژاو و ئاڵۆزەی کە هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە وڵاتانی دراوسێوە، لەئاست ئەو واقیعەی کە هەرێمی کوردستانی خستوەتە بەردەم دو ئەرکی جیاواز؛ لەلایەکەوە دەبێت پابەندی خزمایەتیی و هاوسۆزیی نەتەوەیی بێت لەگەڵ گەلی کوردی دابەشبو بەسەر ئەو وڵاتانەدا، لەلایەکیشەوە دەبێت وەک هەرێمێکی سەر بە کۆماری عێراقی فیدراڵ، پابەندی یاسا نێودەوڵەتیەکان بێت و ڕێز لە سنور و سەروەریی ئەو وڵاتانە بگرێت. بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە گەشەدان بە دامودەزگا دیموکرات و سیاسیی و کولتوریی و نیشتمانیەکانی ناوخۆی هەرێم، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ دەرەوە لەسەر بنەمای هاوسێیەتی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش، دور لە بەکارهێنانی زمانی ڕوپامایی ساختە یان هەڕەشەی وەهمی، زەمانەتێکی سیاسیی و یاساییە بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو وڵاتانە سەبارەت بە ئاشتیخوازیی قەوارەی هەرێم، لە هەمان کاتیشدا ئیلهام دەبەخشێتە کوردانی ئەو وڵاتانە تا خەباتی دیموکراتی لەپێناو هاتنەدیی ئامانجەکانیان پێڕەوبکەن، بەو جۆرەی خۆیان بڕیاری لەسەردەدەن، بێئەوەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق مافی دەستێوەردان و بڕیاردانیان لەوبارەیەوە هەبێت."

لەم پەرەگرافەی سەرەوە چەند ڕاستی خۆی بەرجەستەدەکاتەوە:

١/ بزوتنەوەی گۆڕان مەسەلەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان، بەدرێژکراوەی "خزمایەتی و هاوسۆزی نەتەوەیی" دەبینێ، نەک وەک کێشەیەکی سیاسی، کەڕووبەڕوی سەرجەم خەڵکی ناوچەکەیە، بە خەڵکی کوردو فارس وتورکو عەرەبەوە. لەم مەنتقەوە، پابەند بوونەکەشی تا ئەو ئاستەیە کە ڕووبەرووی "نەتەوەی کوردە"، بەجیا لەمە جێگای

باس و هەڵویستگرتن نیە.
٢/ "هەرێمی کوردستان و پەیوەندیە تیکڕژاو و ئاڵۆزەکانی بەوڵاتانی دراوسێوە" مەبنای تێروانین و هەڵوێست گرتنە لەم کێشەیە. واتە ئەوە بەرژەوەندیەکانی "هەرێمی کوردستانە"، (کە لەواقعدا مەبەست لێی دەسەڵاتی ئێستایە)، وادەخوازێ سەرنج و هەڵوێست لە کێشەی کورد بخاتەڕوو، نەک وەک ئەوەی کە ئەم کێشەیە، بەدژی هەموو خەڵکی ناوچەکەیە و چارەسەری خێرا و بنەڕەتیشی لەبەرژەوەندی هەمویاندایە.
٣/ بەڵام لەمانەش زیاتر ناوەرۆک و چوارچێوەی هەڵوێست و مامەڵەی بزوتنەوەی گۆڕان بەکێشەی کوردەوە، لە پارچەکانی تری کوردستان چییە؟. مادام لەلایەکەوە "هەرێمی کوردستان" پنتیکی سەرەکی لەڕوانگەی بزوتنەوەی گۆڕاندا بۆ کێشەی کورد لەپارچەکانی تر داگیر کردووە و لەلایەکیترەوە ئەم کێشەیە لە "خزمایەتی و هاوسۆزی نەتەوەیی"دا دەبینێ، مامەڵە و هەڵوێستێکی دیبلۆماسیانەی دولایەنە لەبەرامبەر بەم کێشەیەدا دەگرێتەبەر. لەسەرێکی ئەم هەڵوێستە دولایەنەدا، هاوسۆزی بۆ کوردی پارچەکانی تر دەگرێتەبەر و لەسەرەکەی تریشدا، خۆی لەژێر سایەی یاساکانی عێراقی فیدڕاڵدا دەبینێتەوە و "ڕێز لە سنور و سەروەری" ئەو وڵاتانە دەگرێ کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە. ئەم هەڵوێستە دوفاقی ودیبلۆماسیەی بزوتنەوەی گۆڕان کاتێک لەبەر چاوی هەر ئینسانێکی ئازادیخوازو لانی کەم پەیگیر لەسەر پرەنسیپی ئینسانی، مایەپوچی دەردەکەوێت، کە ئەم حزبە بۆقازانجی "هەرێمەکەی" بەچاوی دۆستانە و هاوسێیەتی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش و ئاشتیخوازیی"ەوە لە دەوڵەتانێکی وەک ئێران و تورکیا بڕوانێ؟ لەکاتێکدا ئەم دەوڵەتانە نەک هەر "ئاشتی خواز نەبوون بەرامبەر بەکێشەی کورد، بگرە بە ئاگرو ئاسن، سەرکوتو ئیعدام،ماڵوێرانی و کاولکاری، مامەڵەیان لەگەڵ ئەم کێشەیەکردووە. ئایا بزوتنەوەی گۆڕان دەتوانێ شانازی بە چ گۆشەیەک لە مامەڵە و هەڵویستە دوفاقیە دیبلۆماسیەکەی بکات، کە هیچ جیاوزیەکی نەبێ لەگەڵ مامەلەیەک کە پارتی و یەکیەتی تائیستا بە مەسەلەی کوردەوە لە پارچەکانی تر کردوویانە؟ ئایا "خزمایەتی وهاوسۆزی نەتەوەیی" لەگەڵ کوردانی بەشەکانیتر لای یەکیەتی وپارتی کەمترە لەوەی حزبی گۆڕان هەیەتی؟ ئایا بۆ ئەمانیش "هەرێم بەشێک نییە لەعێراقی فیدراڵ"، کەدەبی لەژێر سایەی یاساکانیدا، دۆستایەتی و هاوسێیەتی و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ

دەوڵەتانی وەک تورکیا وئێراندا، بپارێزن؟ بەڵام پرۆگرام بەمەبەستی جوانکردن و ڕازاندنەوەی ئەم هەڵوسیتە دوو فاقیە وداپۆشینی ناوەرۆکەکەی چەند خاڵێکی تر دەخاتە سەریەک:

" بەرپەرچدانەوەی هەر گوتار و رەفتار و ئاکارێکی شۆڤێنی و ناشارستانی دەرهەق بە گەلی کورد لەو وڵاتانەی کە کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە."

لەراستیدا لەم قسانە بێناوەرۆکتر نییە! ئاخر کەس هەیە ئەو ڕاستیە نەزانێ کە "ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە" لەسەر زوڵمی قەومی و رەفتار و ئاکاری شۆڤینیستانە" دامەزراون و ڕۆژانە کردەوەی "ناشارستانی" و نامرۆڤانە دەرهەق بە خەڵکی کوردزمان ئەنجام دەدەن؟ حزبێک کە نەک هەر نایەوێت ئەم ڕاستیە ببینێ و خۆی بخاتە بەرامبەر ئەم دەوڵەتانەوە و بە دەوڵەتانێکی ستەمگەر و سەرکوتگەر بیانناسێنی، بەڵکو ئامادەشە پەیوەندی "دۆستانە و ئاشتیخوازیانە"یان لەگەڵ دامەزرێنێ، "بەرپەچدانەوەی گوتار وکرداری شۆڤێنی" چ کۆمەکێک دەکات بەچارەسەری ئەم کێشەیە؟.

" پێشکەشکردنی هاوکاریی کولتوری و سیاسی و دارایی پێویست بۆ کوردانی باکور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستانی گەورە، لە چوراچێوەی نەریتە دیموکراتی و نێودەوڵەتیەکاندا، بەرەچاوکردنی مافەکانی هاوسێیەتی لەنێوان عێراق و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە".

دەبێ خەڵکی پارچەکانی کوردستان دەستی دوعا بۆ خێر و یارمەتیە کەلتوری وسیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەرزکەنەوە، کەوا ڕۆڵی ڕێکخراوە خێرخوازەکان لەمەسەلەی کورددا دەگێڕێ!! بەڵام لەمەشدا کۆمەک و یارمەتیەکان سنورداره بەمەرجی لەبەرچاوگرتنی "نەریتە دیموکراتیەکان ومافەکانی هاوسێیەتی" لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە!-

"خستنەگەڕی چالاکی دیبلۆماسی هەرێم و پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری عێراقی فیدراڵ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نێوەندە دیبلۆماسیەکانی جیهاندا بە ئاراستەی داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا"

ئەمە لاوازترین ڕۆڵگێرانی سیاسیە بەرامبەر بە کێشەیەکی سیاسی کە لە ناوچەکەدا هەیە،

رۆڵێکی دیبلۆماسی کە قاچی بەتوندی بەستراوەتەوە بە پەیوەندی و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانێکی وەک ئێران و تورکیا و عێراقەوە. لەمەش خراپتر کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان چاودەبڕێ لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ فشار هێنان بۆ ئەم دەوڵەتانە تا داکۆکی لە "مافە ڕەواکانی گەلی کورد" بکات، وەک دەستگرتن بەپەتی ڕزیوەوە وایە، بەتایبەتی کە خودی پەیوەندی هەرێم لەگەڵ بەغدا، پەیوەندێکی لاسەنگ و پڕکێشە و پێکدادانی قەومی و بەرژەوەندیەکانە.

هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد ئەوە دەسەلمێنن کە بزوتنەوەی گۆڕان نەک هەر سیاسەتێکی کارسازی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستاندا بەدەستەوە نییە، بەڵکو قاچی لەهەمان چوارچێوەی سیاسی و مامەڵەی حزبە دەسەلاتدارەکانی ئێستای کوردستاندایە، بەهەندێ بەرگی ڕازاوەی وەک "پەرەدان بە دیموکراسی ناوخۆ، بەرپەچدانەوەی گوتار و ڕەفتاری شۆڤێنیستی" و شتی لەمجۆرە. بێگومان مەسەلەی کورد و ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کورد لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، یەکێک لەکێشە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەپاڵ کێشەی فەلەستیندا. ئەم کێشەیە کە ساڵهای ساڵە، بۆتە مایەی سەرکوت و کوشتار و کاولکاری و چەندین تراژیدیای ئینسانی، هاوکات وەک سەرچاوەیەکیش بۆ درێژەکێشانی شەڕ و دەعوای قەومی لەلایەن دەوڵەتانی مەرکەزی و ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە، برینێکی قوڵی لەجەستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەڵکەندووە، بەبێ ئەوەی کە هێشتا ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ چارەسەرێکی سیاسی و بنەڕەتی لەبەرامبەریدا گیرابێتەبەر. لەبەرامبەر ئەم کێشەیەدا، دەوڵەتانێکی سەرکوتگەر و ئینسانکوژی وەک ڕژێمی بەعس لە عێراق، جمهوری ئیسلامی لە ئێران، ئۆردوغان لە تورکیا، جگەلەوەی ستەمی نەتەوایەتی و بێمافی و جیاکاری قەومیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وبازاڕی سەرمایەداران، لەسەرخانی حکومەت و نیزامەکانیاندا، جێگیر کردووە، هاوکات دڕندانەترین شێوازی سەرکوت و زیندان و لە سێدارەدان و دەربەدەرکردنیان بەرامبەر بە بەشێک لەهاوڵاتانی ژێردەستیاندا، بەوهۆیەوە کە کوردن داسەپاندووە. ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیش وەک تەرەفێکی ئەم کێشەیە، خۆی بە ستەمی نەتەوایەتی سەر خەڵکی کوردستانەوە هەڵواسیوە و کردویەتی بە دەستمایەیەکی سیاسی بۆ گەیشتن و بەشداری لە دەسەلاتدا. ئەم حزبانە وەک ئەحزابی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

بۆرژوازی کورد و چینی دەوڵەمەندان و سەرمایەداران، هەمیشە ئەم کێشەیەیان لەکایەی "مفاوەزەو شەڕدا" هێناوە و بردووە وهیچ کاتێکیش نەیان ویستووە ڕێگایەکی سیاسی و کارساز بۆ چارەسەرکردن وهەڵکەندنی ئەم برینە بگرنەبەر. تەنانەت زۆرجاریش بەرژەوەندیەکانی ئەم حزبانە لەپارچەیەکی کوردستاندا، وای خواستووە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانیان، شەری حزبە کوردیەکانی پارچەیەکی تری کوردستان بکەن. کۆتایی هێنان بەم کێشەیە و گرتنەبەری ڕێگایەکی کارساز، لەپلەی یەکەمدا، لەڕێگای دەرکێشانی ئەم کێشەیەوە دەبێت لەبازنەی سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد ودەوڵەتانی مەرکەزی، ئەمەش بەخەباتێکەوە گرێ دەخوات کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکولاری نەقەومی ونەئاینی وچەسپاندنی مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ تێکرای دانیشتوان لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە، وەک ئامانج وپەرچەمێک لە خەباتی خەڵکی سەراسەری وڵاتانی ناوچەکەوە، بە کورد و غەیرە کوردەوە بەدەستەوە گرتبێت. خەباتێکی ئاوا کە ڕیز لە ڕای خەڵکی کوردستان دەگرێ و ڕێدەکاتەوە، بۆ سازدانی ڕیفراندۆمێکی ئازادانە، تا بەهۆیەوە بڕیاری مانەوە بەمافی یەکسانەوە، وەیا جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەک مافێکی سەرەتایی خۆیان بڕیار بدەن. ئەمە ئەو ڕێگا چارە سیاسی و چینایەتیەیە کە کۆمۆنیستەکان وهەر ئینسانێکی ئازادی خواز بۆ بەلاداخستنی کێشەی کورد ساڵهایە ڕایانگەیاندووە.

### ٧) سەربەخۆیی کوردستان وهەڵویستی بزوتنەرەوەی گۆڕان

پرۆگرام ئاوا هەڵوێست لەخواستی سەربەخۆیی کوردستان دەگرێ:

> "ئازادی گەلی کوردستان و مافی بڕیاردانی چارەنوس، بە بڕیاردانی سەربەخۆیی کوردستانیشەوە، ئامانجێکی باڵا و ستراتیجیی بزوتنەوەی گۆرانە. گەلی کوردستان لەپێناو ئەو ئامانجەدا چەندین شۆڕشی بەرپاکردوە •، چەندین جار روبەڕوی

• پرۆگرام لەچەند شوێندا ئاماژە بە"شۆڕشەکانی گەلی کورد" لە کوردستانی عێراقدا دەک او وەک پێناسەیەک بۆ ئەو جولانەوە چەکداریانەی کە لەلایەن حزبە ناسیونالیستەکانەوە، بەرپاکراوە بەکاردێنێ. دروست هەروەک مەسعود بەرزانی و حزبەکەی کە "جولانەوەی بەرزان، گولان، ئەیلول" بەشۆڕش ناوزەد دەکا و تاڵەبانی و حزبەکەی ئەویش، جولانەوەی یەکیەتی نیشتمانی، ⇐

جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکاریی بۆتەوە. بەڵام ئەو ئامانجە نیشتمانیە باڵایە تەنها بە دروشم بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بەهەنگاوی کردەییە لەسەر زەمینی واقع، پێویستی بە نیشتمانیکردنی دامودەزگاکانی هەرێم و پاککردنەوەی هەمو ئەو دامودەزگایانەیە لە وەلای حیزبی و شەخسی و بنەماڵەیی بەرتەسک، پێویستی بە گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانە بۆ سەر خاکی هەرێم. ترساندنی داگیرکەران بە ئەگەری ڕاگەیاندنی کوردستانی سەربەخۆ بەبێ زەمینەسازی لەسەر زەمینی واقع، بەبێ گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، بەبێ بنیاتنانی دامەزراوەی نیشتمانی بان حیزبی، تەنها دروشمێکی کرچە، نە داگیرکەران دەترسێنێ، نە ڕۆحی بەرەنگاریش لەناوخۆدا دروستدەکات."

هەروەک لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە بزوتنەوەی گوران ڕاستەخۆ خواستی سەربەخۆیی کوردستان، ڕەت ناکاتەوە و وەک ووتن بە"ئامانجی باڵاو ستراتیژی" خۆی دەیناسێنێ. بەڵام بەو جۆرەی کە ئەم خواستە بە چەند مەرجێک و ئەماو ئەگەرەوە

⟹

بە"شۆڕشی نوێی گەلی کورد" ناودەبات، بزوتنەوەی گۆڕانیش بەهەمان شیوە ئەم جوڵانەوانە بەشۆڕش و"خەبات و قوربانیدانەکانی گەلی کورد" دەیانناسێ و چاوی "لە دەستکەوت و سەروەریەکانی" بڕیوە، لەکاتێکدا ئەم جوڵانەوانە جگە لە شێوازی بزوتنەوەی چەکداری دژی ڕژێمی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، بۆ بەشداری لە دەسەڵات و وەرگرتنی ئیمتیازات لە دەوڵەتی مەرکەزی لەژێر ناوی ئۆتۆنۆمی وفیدرالیزم و مافی چارەی خۆنوسیندا، شتێکی زیاتر نەبوون. چەمکی شۆڕش بە مانا زانستیەکەی دیاردەیەکە نە دروست دەکرێ و نە بەرپا دەکرێ، بەڵکو بەرئەنجامی ناکۆکیە چینایەتی و ئابوریەکانە لەهەروڵاتێکدا، کە لەدەرەوەی بیرو هۆش وبەرنامەی ئەحزابی سیاسی، سەرهەڵدەدا و دێتەکایەوە. بەم مانایە شۆڕش دیاردەیەکی بابەتی کۆمەڵگای چینایەتیە و ئەوە ئەحزاب و ڕەوتە سیاسیەکانن کە بە بەرنامە و ئامانجی سیاسی خۆیانەوە چالاکی تیا دەنوێنن ڕێگای گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی دەگرنەبەر. لەمەفهومی ناسیونالیستەکاندا، هەر گروپێکی چەکدار بەکڵاو و جامانە و بەچەکەوە لەڕژێم یاخی ببێ و دوای چەند ساڵ ڕێگای مفاوەزات و ساتو سەودا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات بگرێتەبەر بەشۆڕشی گەل ناسێندراوە و بەم لۆژیکەشەوە مێژوی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان دەنوسنەوە وئەم جوڵانەوانەش بە"شۆڕشی خەڵکی کوردستان" ناو دەبەن. ئامانج لەم ئاوەژووکردنەوەیەی هەقیقەتی ئەم جوڵانەوە چەکداریە، ئەوەیە کە ناسیونالیزم کردەی خۆی بەکردەی هەموو خەڵک و ئامانجەکانیشی بەئامانجی "نەتەوەی کورد" لەقاڵب بدات، تا لەم ڕێگەیەوە ڕەوابوونی سیاست و کارنامەی خۆی بەسەر خەڵکدا داسەپێنێ و ڕاستی دابەشبوونە چینایەتیەکان و بەرژەوەندیەکانیان ئینکار و نەفی بکاتەوە.

گرێدەداتەوە، بەکردەوە شانی خۆی لە بەدیهێنانی ئەم خواستە خاڵی دەکاتەوە. بەتایبەتی کاتێک کە ئەم خواستە بە مەرجی "بەنیشتمانی کردنی دامودەزگاکانی هەرێم و گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابراوەکانەوە" دەبەستیتەوە. ئەمە جگەلەوەی کەلەپاڵ ئەم مەرجانەدا زۆرجار باسی "ئابوری بەهێز و نەهێشتنی دووئیدارەیی وهێنانەکایەوەی هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە" لێرەولەوێ دێتە سەرگۆی سەرانی ئەم حزبە. بەڵام ئەگەر لەرابردووداو بەتایبەتی لەسالانی دوای راپەرینی٩١ دا خواستی سەربەخۆیی لەلایەن جەماوەرو کۆمۆنیستەکانەوە، وەک ڕێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بەستەمی نەتەوایەتی وکێشەی کورد لەکوردستانی عێراق وبۆ کۆتایی هێنان بەدۆخی سەرگەردانی و هەڵواسراوی کۆمەڵگای کوردستان، دەخرایە ڕوو، ئەوە سەرجەم حزبە ناسیونالیستەکانی ناو دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات بوون کە بە پاساوی ئەوەی دۆخەکە لەبار نییە و عێراق هێرش دەکاتە سەرمان، تورکیاو ئێرانو سوریا، ڕازی نابن، ئەمریکا پشتیوانیمان لێناکات، ئەم خواستەی خەڵکی کوردستانیان پایماڵ دەکرد و وەک بەربەستێک ڕێگربوون لەبەر دەمیدا. کەچی لە ئێستا و بەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر بارودۆخەکاندا و لەکاتێکدا کە قەیرانی قوڵی سیاسی و ئابورری یەخەی دەوڵەتانی ناوچەکەی گرتوە و رۆڵی ئەمریکاش ڕووڵەداشکانە، تازەبەتازە بزوتنەوەی گۆڕان بەمەرجەکانیەوە لەبەرامبەر ئەم خواستەی خەڵکی کوردستاندا ڕادەوەستێ ودەیەوێت خەڵکی بەوە قانع کات کە"خواستی سەربەخۆیی کوردستان ئامانجی باڵاو ستراتیژیەتی" بەڵام مەرجەکانی ئامادەنیە.!!. بێگومان هەڵوێستێکی ئاوا بەکردەوە نەک هەر خواستی سەربەخۆی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت بەپرۆسەیەکی مەحاڵ دەسپێرێ، بگرە هەر ئەو مانایەش دەدات بەدەستەوە، کەچارەنوسی خەڵکی کوردستان لەتونێلێکدا بۆ دەیان ساڵی تر بەدیار دەسەڵاتی میلیشیایی و ناوچەیی ئەحزابی ناسیونالیست وباڵادەستیان بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، ڕابگیرێ. ئەمە لەکاتێکدا کە بارودۆخی سیاسی و گێژاوێک کە کۆمەڵگای کوردستانی تیا ڕاگیراوە، بە پێویست خودی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کردۆتە ئەمرێکی فەوری ودەست بەجێ. بەواتایەکیتر، خواستی سەربەخۆیی بەومانایە زەرورو فەوریە، بۆئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی ناوچەیی و میلیشیای بهێنرێ. تەنانەت بۆ ئەوەیە کە دامودەزگای دەوڵەتی و پێکهاتوە ئابوری و عەسکەریەکانی دامەزرێ و کۆمەڵگا

لە فۆرم و شێوازی دەسەڵاتداریّتی دوفاکتۆی ئێستای حزبە ناسیونالیستەکان دەرکێشرێ وکۆتاییش بەوگێژاوە بهێنرێ کە بەهۆی لکاندنەوەی کوردستان بەعێراق و فیدرالیزمێکی قەمی ومایەپوچەوە، درێژەی پێدراوە و دەدرێ.

تەجروبەی جولانەوە ناسیونالیستەکان لەمێژودا، بەتایبەتی ئەوانەی دەوڵەتیان دامەزراندووە، وێنەیەکی پێچەوانە بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی بزوتنەوەی گۆران و ئەو حزبانە دەخاتەڕوو، کە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەپرۆسەیەکی نادیاری چاکسازی لە ئیقتساد و ئیدارات و دامودەزگا و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەدا دەبییننەوە. ڕێک بە پێچەوانەوە ناسیونالیزم لە مێژوودا کاتێک دامەزراندنی "دەوڵەت / نەتەوە"ی وەک ئامانجێکی ستراتیژی بەدەستەوە گرتووە و بۆی تێکۆشاوە تا یەکیەتی "خاکو نیشتمان" لەڕیگای هەڵگرتنی دەسەڵاتە ناوچەییەکان، حوکمی خێل و حزب، سیستەمی زەریبە محەلیەکان کە لەلایەن دەسەڵاتە محەللەیەکانەوە دەسەپێندرا، هەڵگرێ و یەک بازاڕی هاوبەش لەژێر چەتری "نیشتمانو ودەوڵەتی نەتەوە"دا دامەزرێنێ. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕانو حزبە کانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەڵگری کەمترین ئاست لەپێشڕەوی کۆمەڵایەتی نین. هەربۆیە ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان دەخەنە گرەوی ئامانجەکان و بەرژەوەندی خۆیانەوە. مانەوە لە فیدراڵیزمێکی قەومیدا، کە بڕیاری خەڵکی کوردستانی لەسەر نەبووە، دۆخێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشەی نێوان حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزی، لەسەر بەرژەوەندیەکانیان، چارەنوسی خەڵکیان لە گێژاوێکی بەردەوامدا داناوە ومەعلوم نییە کە لەهەردەورەیەکیدا چ بەڵاو موسیبەتێکی لێدەکەوێتەوە. سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت وەک سیاسەتێک بۆچارەسی کێشەی کورد وئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە، لەڕیگای گەڕانەوە بۆ ڕای هاوڵاتیان، نەک هەر ژیانی ئیستا و داهاتووی خەڵکی کوردستان لە بازنەی بەرژەوەندی و شەڕو کێشمەکێشەکانی نێوان ئەحزابی ناسیونالیست و دەوەڵەتی مەرکەزی دەردێنێ، بەلکو دەرگاش بەرووی خەڵکی کوردستاندا دەکاتەوە تا هەنگاو بەرەو ئاڵوگۆڕپێدانی سیستەم و شێوازی حکومڕانی ئیستا هەڵگرن. کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان ئاوا سیاسەت و هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە لەبارەی پرسی سەربەخۆیی کوردستانەوە ناگرێتەبەر، بەپێویست قاچی لەچوار چێوەی هەمان سیاسەتی باوی حزبە ناسیونالیەتە باڵادەستەکاندا دەمێنێتەوەو ناتوانێ لەژێر ناوی چاکسازی

و"ئامانجە نیشتمانیەکاندا" وەک لایەنێکی هاوبەش و بەرپرسیار لەدرێژەدان بەدۆخی ئێستا وسیاسەتی نامەسئولانەی حزبە دەسەڵاتدارەکاندا جێگا نەگرێ.

## دووەم: "ئامانجە دیموکرایتەکان":

بەدوای "ئامانجە نیشتمانیەکان" پرۆگرام لە دوتوێی زیاتر لە دە خاڵدا رێگای گەیشتن بە"ئامانجە دیموکراتیەکان"ی بزوتنەوەی گۆڕان دەخاتەڕوو، لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەر گۆشە سەرەکیەکانی ڕاوەستین و بزانین ئەو گۆڕانکاری وچاکسازیەی کە ئەم حزبە بەدواوەیەتی ڕووی لەچیە وتاچەند پەیوەندی بەبەرژەوەندیو هاوڵاتیانی کوردستانەوەیە:

### ا) واتای عەمەلی "پەرەدان بەدیموکراتی" وەک ئامانجێک:

لەم بەشەی پرۆگرامدا "پەرەدان بەدیموکراتی" وەک ڕێگای یەکەمی گەیشتن بە"ئامانجە دیموکراتیەکان" جێگیر کراوە:

> <u>پەرەدان بە دیموکراسی</u>، <u>ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی</u>، <u>جیاکردنەوەی ئەرکی حیزبی لە فەرمانی حکومی</u>، <u>دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی کۆمەڵگەی شارستانی</u>، <u>دەسەڵاتە ناوەندیەکانی هەرێم لە دەسەڵاتی پارێزگاکان</u>، <u>دابەشکردن و وردکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر هەمو ئاستە کارگێڕی و ناوچەییەکان.</u>

بەم جۆرە دەبینین بزوتنەوەی گۆڕان "پەرەدان بەدیموکراتی" لەخودی بەشە پێکهاتوەکانی خۆیدا دەبینێ و ڕۆڵ ودەخاڵەتی خەڵک، وەک بنەمایەکی سەرەکی، لە دەرەوەی بازنەی "سیسەتەمی دیموکراتی"دا ڕاگیراوە. دیارە ئەمەش بۆ ئەو تێڕوانین و خۆگرێدانەوەیەی بزوتنەوەی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ دیموکراسی و یەکێک لە شێوە باوەکانی، کە ئێمە بە "پلوڕالیزمی سیاسی وئیسنیکی" ناومان بردوە. شێوەیەک لەسەر بنەمای ناسنامەی قەومی و"ڕیزگرتن لەئاینی ئیسلام وەک دینی زۆرینە" پێناسەی بۆکراوە. هاوکات شێوەیەکە کە ئەحزابی جۆراوجۆر لەڕێگای دەنگدان و هەڵبژاردنی پەرلەمان ودەسەڵاتە ناوچەییەکان و شارەوانیەکانەوە، نوێنەرایەتی جەماوەر دەکەن و دواتریش "ئەنجامی دەنگدانەکان" لەڕێگای تەوافقی حزبەکانەوە دەسەڵاتەکان لەئاستی سەراسەری وناوچەییدا دابەش دەکرێن بەسەر

حزبە بەشداربوەکاندا. لە شێوازێکی ئاوای دیموکراسیدا کە ڕۆڵی خەڵک وهاولاتیان لاوەکیە و هەرجۆرە هەنگاونانێک بۆ برەودان بەم دیموکراسیە وهەرجۆرە چاکسازیکردن تیایدا، بە پێویست مانایەکی تەکنیکی بەخۆیەوە دەگرێ وڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر بەرین کردنەوەی مافو ئازادیەکانی خەڵک جێناهێڵێت. بەتایبەتی کە لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە پەرەدان بە دیموکراسی تەنها ئەو مانایەی هەیە کە گۆڕانکاری لە ژیانی ئەواندا و بەرینکردنەوەی ماف و ئازادیەکانی بەدوادابێت. بەڵام کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان جێگایەک بۆ ڕۆڵیَ خەڵک لە دیموکراسیدا نابینێتەوە و کاتێک کە کێشە و شەڕی ئەو لەسەر ڕۆڵی حزبەکان وقۆرغکاریان چەقی بەستبیَ، ئەوا تەواوی هەنگاوەکان کە لەژێر ناوی "بەرینکردنەوە و پەرەدان بە دیموکراسی"دا دەخرێنەڕوو، لەبازنەی هەنگاوگەلێکی تەکنیکی دەرناچێت و سیاسەتی چاکسازیەکیش کە ئەم هەنگاوانەی لەخۆگرتووە، بەتەنها ڕوو لەتەعدیل وجوانکردنی  نەزم ونیزامی ئێستا دەکات، بەبیَ ئەوەی کاریگەریەکی لەسەر مافو ئازادیەکانی هاولاتیاندا بەجێبهێڵێت.

لەواقعدا پەرەدان بە دیموکراسی نە بە ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان و نە لەڕێگای جیاکردنەوەی ئەرکی حزبی لە فەرمانی حکومی دەستەبەردەبێت، تەنانەت وردکردنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕیَ وناوچەییەکان وەک ئەوەی هەنگاوگەلێکی تەکنیکین لەبەرامبەر ناوەندێتی کارگێڕیدا، ناتوانێت ڕۆڵێکی ئەوتۆبگێڕێت. چونکە هەموو ئەمانە ڕوکاری دیموکراسی و شێواز وئارایشی دابەشکردنی جوگرافیانەی یەکە کارگێڕیەکان و ناوچەیەکان زامن دەکەن و ڕاستەوخۆ ڕۆڵی خەڵک و هاولاتیان چالاک ناکەنەوە. بە واتایەکی تر ئەوە فاکتۆری خەڵک خۆیانە کە بەکردەوە پەرەگرتنی دیموکراسی وبەرین کردنەوەی بەرهەم دێنێت، یانی ئەوە دەخاڵەت پێدانی ڕاستەوخۆی خەڵک و دەرکەوتنیانە وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ دانانی یاساکان و وبەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، چ لە ئاستی سەراسەری و چ لە ئاستی ناوچەیی و یەکە کارگێڕیەکاندا، دەتوانیَ زامنی پەرەگرتنی دیموکراسی بێت. کاتێک کە"جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت و بەنیشتمانی کردنی دەزگاکان" وەک دروشم و ئامانجێکی سەرەکی لە سیاسەت و پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا، جێگای گرتبیَ، کاتێک کە "دیموکراسی پەرلەمانی" لە شکڵی پلوراليزمی سیاسی وئسنیکیەکەدا، شوێنی دیموکراسی ڕاستەوخۆی جەماوەری گرتبیَ، بەدڵنیاییەوە باسکردن لەسەر

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

"پەرەگرتنی دیموکراسی" شتێکی تری بەدواوە نابێت جگە لە وردکردنەوەی دەسەڵاتەکان وئاستەکانی کارگێڕی، و داسەپاندنی فۆرمێک لە دیموکراسی کە فاکتۆری خەڵک تیایدا کراوەتە ئامرازێک بۆ برانەوەی دەسەڵاتی کەمایەتی لەپرۆسەی دەنگدانەکاندا، بەناوی "ئازادی دەنگدان ودیموکراسی نیابەتیەوە". هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کەڕۆڵی ئەحزاب و باڵادەستیان، بەسەر کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسیەوە لە کوردستان، ئەو دیاردە مەترسیدارەیە لەبەردەم حزبی گۆڕاندا، کە ئەگەر کەمبکرێتەوەی وەیا بەنەهێشتنی ئەوا "هەرێمێکی بەهێزی دیموکراسیو موئەسەساتی نیشتمانی" دێتەکایەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وا نیشاند دەدات کە وردکردنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕیەکان و ناوچەییەکان هۆکارێک دەبن بۆ نەهێشتنی هەیمەنەی حزبەکان بەسەر حکومەت و سیستەمی کارگێڕیەوە وئەمەش بە پەرەگرتنی دیموکراسی بەخەڵک دەفرۆشێ، وەک ئەوەی لە پرۆسەی ئەم وردکردنەوەیەدا، ڕۆڵ و وجودی حزبەکان ببن بەهەڵم و نەمێنن!! ئەمە جەوهەری ئامانج و ئالتەرناتیڤێکە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی دیموکراسیەوە لە پرۆگرامەکەیدا تۆماری کردووە، ئامانج و ئەڵتەرناتیڤیک کە دەورو ڕۆڵی جەماوەر ئەگەر بەتەواوی پشتگوێ نەخرابێت ئاوا، ڕۆڵێکی لاوەکی و ئامرازی پێدراوە. بەڵام لەخاڵێکی تردا پرۆگرام زیاتر دەرواو مەسەلەی "دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا" دێنێتە ئاراوە:

> "دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا کە بەسەر هەمواندا بەشێوەیەکی یەکسان جێبەجێ ببێت. پێڕەوکردنی لێپرسینەوەی یاسایی بێ جیاوازیی لە پلەوپایەی حکومی، بێ جیاوازیی لە ئینتیمای حیزبی و کۆمەڵایەتیدا."

دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و سەروەربوونی ... خاڵێکی ئیجابی و پێویستە بەڵام لە فەزای ئێستای کوردستاندا، کە ئەحزابی میلیشیای باڵادەستن و نفوزی ناوچەییان فۆرم وجەوهەری دەسەڵاتداریتیان شکڵپیداوە، ئەم قسانە جگە لە دەربڕینێکی ڕۆمانتیکانە بۆ هەڵخڕاندنی ڕای گشتی ناتوانرێ بەکردەوە هیچ ئەنجامێکی بەدواوەبێت. هاتنەکایەوەی دەوڵەتی یاسا، و سەرەوەری دەسەڵاتداریتی بەپلەی یەکەم کاتێک مەوزوعیەتی دەبێ و دەبێتە ئامانجێکی بەکردەوە، کە دەوڵەت لەئارادابێ و شوێنی دەسەلاتە میلیشیایی و ناوچەییەکانی گرتبێتەوە. بزوتنەوەی گۆڕان کە نە لایەنگری وەلانانی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیاییە و نە ڕاشکاوانە داکۆکی لە خواستی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی

دەوڵەت دەکات و لەولاشەوە تەواوی ئامانجەکانی ڕووی لە هێنانەکایەوەی "هەرێمیکی بەهێز"ە، بەپێویست باسکردن لە دەوڵەتی یاسا و... دەخاتە خانەی شەڕێکی کەلامی و ڕاگەیاندنەوە.

## ٢) دیدی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ئازادیەکان و مافە مەدەنیەکان:

"پاراستنی ئازادیی و مافە سیاسی و مەدەنییەکان، ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان، ئازادیی نیشتەجێبون، ئازادیی ویژدان و ڕادەربڕین و بیروباوەڕ".

لەبارەی  ئەم بەندەوە چەند نارۆشنی لەئارادایە کەپرسیارکردن لەبارەیانەوە پێویستە. یەکەم ئایا پرۆگرام ئازادیەکان بەڕەسمی دەناسێنی یان دەی پارێزی؟ پاشان کام جۆرە لەئازادی "دەپارێزێ".. ئایا مەبەست لەپارستنی ئەو ئازادیانەی ئێستایە کە دەسەلات بە خەڵکی داوە یان جۆرێکیترە؟ لەمەش زیاتر ئایا بزوتنەوەی گۆران ئازادی بێمەرجی هەڵسوڕانی سیاسی، مانگرتن و خۆپیشاندان، پێکهێنانی ئەحزاب و ڕێکخراوەی جەماوەری، کۆبوونەوە و میتینگ.. بەڕەسمی دەناسێنێ یان ئەویش وەک دەسەڵات بە ئەماو ئەگەرەوە دەیان بەستێتەوە. پاشان مەبەست لەمافە مەدنی و سیاسیەکان چییە و چ پیناسەیەکیان بۆ دەکات؟ بۆنمونە ئایا بزوتنەوەی گۆڕان مافی شۆڕشکردنی خەڵک وئازادی خەبات بۆ وەلانانی دەسەڵاتداران و بەرپرسان لەپۆستەکانیاندا بە مافێکی مەدەنی و ڕەسمی هاوڵاتیان دەزانێ؟ یان بەئاژاوەگێری و فیتنە لە قەڵەمی دەدات؟ ئایا ئازادی بێدینی وڕەخنە لەموقەدەساتی قەومی و نیشتمانی و ئاینیەکان بە مافێکی مەدەنی دەناسێنێ؟ یان ئەویش وەک دەسەلات پیرۆزیەکانی نەتەوە و ئایین بە مەسەلەگەلێکی سەرو ئازادی لە قەلەم دەدات کە نابێ بکەونە بەردەم ڕەخنە و نارەزایەتی هاوڵاتیانەوە. لەیەک وتەدا کاتێک کەب زوتنەوەی گۆڕان باس لە "پاراستنی ئازادیەکان و مافەکان" دەکات و بەڕاشکاوانە دان نانێت بەئازادی بێمەرجی هەڵسوڕانی سیاسی، خۆپیشاندان و مانگرتن، پێکهێنانی حزب و ڕێکخراوە، ئازادی ڕەخنەو ئازادی بێدینی... بە پێویست جیاوزیەکی چۆنایەتی لەگەڵ ئەو ئاستە لە ئازادی و ماف دروست ناکات کە دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی بۆخەڵکی بەڕەوا بینیوەتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بۆرژوازی و حزبەکانی هەمیشە ترس لە ئازادی لە

لایەک و خۆ هەڵخستنیان وەک لایەنگر لە ئازادیەکان ئەم مەسەلەیە لە دوتویی نارۆشنی وقابیلی تەفسیردا، دەهێڵنەوە. پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕان لەمبارەیەوە نمونەیەکیەتی.

### ٣) جێگای ئاین و ئازادی بێدینی لە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا.

ئاشکرایە کە هەڵوێست لە ئاین لەهەرسیتەمێکی سیاسیدا، ولە پرۆگرامی هەر حزبێکدا، ئەتوانیّ بنەمایەک بێت بۆ ئاستی بەرین بوونەوەی ئازادیەکان و تەنانەت خودی "سیستەمی دیموکراتی". کۆمەڵگای ئازاد و "تاکی ئازاد" وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە پرۆگرامەکەیدا کردویەتی بەسەرچاوەیەک بۆ "دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز"، بەو ئاستە بەدی دێت کە ئاین نە هەر وەک ئەمرێکی شەخسی تاکەکان بناسرێت، نەک هەر نابێ لەسەرو ئازادی رەخنەوە دانەنریّ، بەڵکو نەکرێتە شتێکی پیرۆز و پاساوی بۆ نەهێندرێتەوە وهیچ ئیمتیازێک نەدرێت بەئاینێک لەبەرامبەر ئاینەکانی تردا. بەڵام بابزانین لەمبارەوە پرۆگرام چیمان پیدەڵێت:

"<u>پاراستنی ئازادی دینداری و سروتی مەزهەبە دینیەکان</u>، <u>رێزگرتن لە ئاینی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و عێراق.</u>

ئەم خاڵە بەرۆشنی خەسڵەتی دژی ئازادی و ئازادیخوازی بزوتنەوەی گۆڕان وەک حزبێکی بۆرژواناسیونالیست ئاشکرادەبێت. بەتایبەتی کاتێک کە ئەو باسی ئازادی دینداری دەکات بەڵام بەلای ئازادی بێدینیدا ناچێت، تەنانەت کاتێک کەباس لە ئازدی ویژدان دەکات، ئازادی رەخنە لە دین و موقەدەساتە نەتەویی و ئاینەیەکان بەرەوا نابینیّ ولەبارەیانەوە قسەیەک ناکات. لەمەش زیاتر "رێزگرتن لە ئاینی ئسیلام" بەبەهانەی زۆرینە بوونی" بەپێویست ئیمتیازات بەدینی ئسیلام" وپەیرەوانی دەدات، مەلاو شێخ و ئاخوند و مزگەوت و شەریعەت و ئادابەکانی دینی ئیسلام، لەچاو هەر دینێکیتر وپەیرەوانیاندا، (لە نمونەی مەسیحی و جولەکە..) جێگایەکی باڵادەستیان پێدەبەخشیّ. هاوکات خودی ئەوەی کە "ئیسلام وەک ئاینی زۆرینە" دەناسریّ، بەپێویست وەک دینی رەسمی وڵات جێگای پیدەبەخشریّ، بەرادەیەکی ئەوتۆ کە فرسەتێکی لەبار بۆ ئیسلامیەکان و پەیرەوانی ئاینی ئیسلام دابین دەکات کە مافی راکێشانی شەریعەتیان هەبیّ بۆناو دەستور و یاساکان و وەک سەرچاوەیەکیش مامەلەیان لەگەڵ بکریّ وهەرکەسیش کە بروای بەم دینە نەبیّ دەکەوێتە

بەردەم سزا و سەرکوتەوە، تەنانەت ئەم ڕێزلێگرتنەی بزوتنەوەی گۆڕان لە دینی ئیسلام ئەو بەهایەشی دەبێ بۆ ئیسلامیەکان کە وەزارەتی ئەوقاف بکەنە بەشێک لەوەزارەتەکانی حکومەت و لەسەر داهاتی خەڵک هەزاران مەلا و مزگەوت ببنە موچەخۆر و داهاتیان بۆ سەرف بکرێ. هەموو ئەمانەش بە پاساوی ئەوەی کە "دینی ئیسلام زۆرینەی خەڵکی کوردستان و عێراقە". بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر چ پێوانەیەک ئەم زۆرینایەتیەی بەئەنجام وەرگرتووە؟ ئایا سەرچاوەکەی بە ئسیلامی نوسینی بەزۆری خەڵکە لەناسنامەی باری کەسێتیاندا، یان لەبەر موسوڵمان بونی ئەوانە؟ ئایا بڕوابوونی زۆرینەیەکی کۆمەڵایەتی بەدینێک دیارەیەکی ڕاوەستاو وئەبەدیە یان مێژوویی وقابیلی گۆڕانە؟ لەراستیدا هێنانی ئەم دەربڕیانە لەژێر ناوی ئازادی دینداریدا، تەنها ئەو ئەنجامەی هەیە کە حزبی گۆڕان نەک هەر بزوتنەوەیەکی سکولار و مەدەنی نییە، بەڵکو سەرتاپا کۆنەپەرست و پشتبەستووە بە دین و بۆ کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان بەم دیاردەیەوە خۆی بەستۆتەوە، کە بێگومان ڕەواجدان بە جیاکاری ئینسانەکان لەسەر باوەڕی ئاینیان و سەرکوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێدەکەویتەوە. ئەمە ئەو ئامانجە دیموکراتیەیە کە پرۆگرام وەک لایەنێکی چاکسازی پێشکەس بەخەڵکی کوردستانی دەکات.

## ٤) فەرهەنگ وفەرهەنگی دیموکراتی

پرۆگرام لەڕاستەی پەرەدان بە دیموکراسی دا ڕێگای فەرهەنگیش دەگرێتەبەر و وەک بابەتێک بۆ گەیشتن "بەئامانجە دیموکراتیەکان" بەدەستیەوە دەگرێ. بەڵام کام فەرهەنگ؟ پرۆگرام ئاوا باس دەکات:

"پەرەدان بە فەرهەنگی دیموکراتی، هەڵبژاردن، کاراکردنی ژیانی پەرلەمانی، کاراکردنی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی پارێزگا و وردکردنەوەیان لەسەر ئاستی قەزا و ناحیە و گوندەکان.

"پەرەدان بە فەرهەنگی بەرهەڵستکاریی مەدەنی، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و رۆشنبیریی، رەخنەگرتن وەک مافێک کە دیوی دوەمی بەرپرسیارێتییە.

"پەرەدان بە فەرهەنگی پەسەندکردنی جیاوازیی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی، پەسەندکردنی شکست لە هەڵبژاردندا، ململانێی

ئاشتیانە و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەسەر هەمو ئاستە سیاسیەکان، دەستاودەستکردنی بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی کارگێڕیی و کۆمەڵایەتی، لەنێوان کەسە شیاوەکاندا، لەنێوان رەگەز و تەمەنە جیاوازەکاندا.

بەگژاچونەوەی هەر رەفتار و ئاکار و هزرێکی توندڕەو و تیرۆریستانە، لەژێر هەر ناو و هەر پاساوێکدا بێت.

"زەمینەسازیی بۆئەوەی لە فەرهەنگی سیاسیدا زمانی دایەلۆگی رۆشن و ناونانی بەرژەوەندیەکان جێگەی زمانی دروشم و موزایەدە و گوتاری لاستیکیی بگرێتەوە.

ئەم بەندانە پێکەوە کەلەسەر فەرهەنگی دیموکراتی و فەرهەنگ بەگشتی ڕادەوەستێ، دەیەوێت وانیشان بدات کە بزوتنەوەی گۆڕان حزبێکی لیبڕاڵ ودیموکراتخوازە، بەڵام ماهییەتی ئەم ڕەوتە وەک ڕەوتێکی ناسیونالیستی کە بە توندی خۆی بە نەتەوە و خاک و نیشتمانەوە بەستۆتەوە و دابەشبوونە قەومی وئاینەیەکانی وەک بنەما و ڕوانگەیەک بۆماف و ئازادیەکان بەدەستەوەداوە، هاوکات خودی ئەوەی کە ئاینی ئیسیام بەپیرۆز دەزانێ و ئامادە نییە یاسایەک کە پێچەوانە بێت بە شەریعەتی ئیسلامی جێگیر بکرێ، بەپێویست فەرهەنگی کوردایەتی و سونەتەکانی جوڵانەوەی ناسیونالیستی گۆشەیەکی سەرەکی فەرهەنگ وئاکاری سیاسی ئەم حزبە داگیر دەکات. کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان بەشوێن "دەستکەوتی قوربانیدانەکان و شۆڕشەکانی کوردەوەیە" کاتێک کە کارەساتە نەتەوەییەکان وهەڵسوکەوتی کەسایەتیە نەتەوەییەکان، لەشاعیران و مەلاو شێخو سەرۆک خێلەکان وەک مێژووی "گەلی کوردستان لەپێناو نیشمان"دا دەناسێنی، بەپێوسیت نوێنەرەوەی هەمان فەرهەنگی زاڵی ناسیونالیستی لەخۆیدا عەکس دەکاتەوە. لەلایەکیترەوە فەرهەنگ بەگشتی دیاردەیەکی کاریگەر تر نییە لەسیاسەتو ئابوری. هاوکات فەرهەنگی زاڵ لە کۆمەلگادا، هەمیشە فەرهەنگی ئەو چینەیە کە دەسەلاتی بەدەستەوەیە و نوێنەرەوەی نیزامێکی سیاسی و ئابووری وچینایەتیە. کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی و حکومەتی هەرێم بە دەستکەوتی خەڵک دەزانێ ولە هەمانکاتدا لەسەر پێگەی هەمان سیستەمی ئابوری و سیاسیەک ڕادەوەستێ کە لەئارادایە، بەپێویست قاچی لەهەمان فەرهەنگو ئەخلاقیاتی زاڵی ئەم چینە و بزوتنەوە قەومیەکەیدا دەمێنیتەوە. ئەوەشی کە

دەیەوێت ئەم فرهەنگە بە لیبرالیزمو دیموکراتی ئاوێزان بکات، کارێکە بۆ ڕەواپێدانی بەرنامەی چاکسازی و ڕیفۆرمەکردن وجوان کردنی هەرئەم دەسەڵات و نیزامە و فەرهەنگ و ئاکارە زالەیە، لە بەردەم خەڵکی کوردستاندا. فەرهەنگ و ئاکارێک کە ژن کوشتن و پیاوسالاری و فەرهەنگی خێلەکی و دواکەوتوانەی ئاینی و پیرۆزکردنیان لەژێرناوی باوەری زۆرینەدا گۆشە سەرەکیەکانیەتی. لەراستیدا بۆرژوازی کورد و حزبە ناسیونالیستەکانی لەهەر بەرگێکی لیبراڵی و تۆلڕانس و دیمکوکراتخوازدا خۆیان هەڵخەن ناتوانن نوێنەری فەرهەنگی مەدەنی و ئینسانی وسکولاریستی بن، چونکە خۆیان لەسەر بنەمای جیاکاری نەتەوەیی وموقەدەسکردنی خسوسیاتی جوگرافی و زمان و میژووی نەتەوەیی دامەزراون و بەتوندی بە ئیسلام وشەریعەتەکەیەوە گرێیان خواردووە. لەواقعدا ڕەوتی فەرهەنگی مەدەنی و شارنشینی کۆمەلگای کوردستان یەکسەرە ناکۆک و بە چەندین فرسەخ لە ئاکار و فەرهەنگی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە پێشترە. هونەری رابردووپەرستی و کۆنەپارێزی، گۆشەیەکی سەرەکی ئاکاری سیاسی ئەم حزبانەیە بۆ هێنانەخوارەوەی ئاستی تەوەقعاتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئامرازی دەستیانە بۆ پارچە پارچەکردنی ڕیزی خەباتی رادیکاڵ و مۆدێرنانەی جەماوەرە. ڕازاندنەوەی پرۆگرام بەدەستەواژەگەلێکی وەک" پەسەندکردنی جیاوازیەکان، بەرهەلستکاری مەدەنی، ململانێی ئاشتیانە، دژایەتی کردنی توندڕەوی، زمانی دیالۆگ..."، تەنها ئەو بەهایەی هەیە کە بزوتنەوەی گۆران لەژێر ناوی "فەرهەنگی دیموکراتیدا" لێکچوونە جەوهەریەکانی خۆی لەگەڵ ئەحزابی تەقلیدی ناسیونالیست و ئیسلامیدا، بشارێتەوە و خۆی وەک حزبێکی "جیاواز" لەوان هەڵخات و لێرەشەوە ڕەواج بە سیاسەتی ڕیفۆرمخوازیەکەی بدات.

## سێهەم: "ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان" وڕێبازی چاکسازی:

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا پرۆگرام هێنانەدی "ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان"ی بزوتنەوەی گۆران دەخاتە گرەوی ڕێبازی چاکسازیەوە ووەک بەرئەنجامێک بۆ ڕیفۆرمی سیاسی لەسیستەمی دەسەڵاتدارێتی ئێستای کوردستاندا، دای دەرێژێتەوە. بەڵام لایەنە سەرەکیەکانی ئەم چاکسازیو ڕیفۆرمە سیاسیە چین وڕوویان لەکوی کردووە؟

بەیاسایی کردنی "ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان"، کاراکردنی پەرلەمان وحکومەت،

سنوردارکردنی قەبارەو جووڵەی حزبی سیاسی، بەنیشتمانی کردنی دامودەزگا سەربازی وئەمنییەکان،.. ئەمانە لایەنە سەرەکیەکانی ئەو ڕیفۆرم وڕێبازە چاکسازیەیە کە پڕۆگرام بۆ هەریەکەیان چەندخاڵیکی ڕیز کردووە و ئاراستەی پێداون:

**لایەنی یەکەم:**

"گەڕاندنەوە و هەموارکردنەوەی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەشێوازێک کە سیستمی سیاسی هەرێم سیستمێکی پەرلەمانی بێت، پرنسیپی نەناوەندێتی کارگێڕی و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و پاراستنی ئازادییە سیاسیەکانی تێدا چەسپێنێت."

"_ هەموارکردنەوەی هەمو ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە لەڕێگای سازانی نیشتمانییەوە، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە کاریگەریی لەسەر ژیانی دیموکراتی و ڕێساکانی گەمەی سیاسی هەرێم جێدێلن."

"_ کاراکردن و بەنیشتمانیکردنی دیوانی چاودێریی دارایی، دەستەی نەزاهە و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بۆ بەدواداچون و ناونان و سزادانی گەندەلکاران. سپاردنی هەمو دەسەلاتێک بەو دیوان و دەستانە تا بۆیان هەبێت، بەپێی یاسا، لە هەمو کەس و بەرپرس و لایەنێک بپرسنەوە، داوای ئاشکراکردنی پارە و ماڵ و موڵکی هەر کەسێک بکەن کە بیانەوێت.""_ ....

لەم بەندانەی سەرەوە "گەڕانەوەی دەستور و هەموارکردنەوەی" خاڵێکی سەرەکیە بۆ بەیاسایی کردنی" ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان"، ڕیفۆرمێکی سیاسیش کەلەم ڕاستایەدا بزوتنەوەی گۆڕان بەدواوەیەتی، گۆڕینی "سیستەمی سیاسی هەرێمە، بە سیستەمێکی پەرلەمانی". بەلام بەجیا لەوەی کە بالادەستی ئەحزابی سیاسی بەسەر سیستەمی سیاسی ئیستای کوردستاندا، تاچەند ئەم داخوازیەی بزوتنەوەی گۆڕان لەقالبی خۆشخەیالی و وەهمێکدا دەهێڵیتەوە، هاوکات خودی چڕکردنەوەی مەسەلەی دەستور لە گۆڕینی سیستەمی سەرۆکایەتیەوە بۆ پەرلەمانی، ناتوانێ ڕیفۆرمێکی سیاسی گشتگیر بگرێتە خۆی و لەدەرەوەی بازنەی بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی کورد و فەرمانڕەوایەتیەکەی دەرچێت. بەتایبەتی کە یەکەم، سیستەم ئەگەر پەرلەمانی بێت یان سەرۆکایەتی، هیچ گۆڕانکاریەک لەئاستی ژیان و بژێوی وبەرینکردنەوەی ئازادیەکاندا پێک

ناهێنێ. بەتایبەتی کە بزوتنەوەی گۆڕان نە بەدوای سکولاریزمەکردنی سیستەمەوەیە و نە دەخاڵەتی هاوڵاتیان وەک بنەمایەک وەردەگرێ بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگا. دووەم ئەوەی کە حزبی گۆڕان وەک مەبدەئێک خۆبەستە پێوەی "لەبەرچاوگرتنی دەستورو یاساکانی حکومەتی فیدڕالی عێراقە"و نایەویت لێی دەرچێت، بە پێوسیت دەستوری هەرێمی کوردستان وەک کۆپیەکی دەستوری عێراق بەڕەوا بۆ خەڵکی کوردستان دەبینێ. دەستورێک کە لەسەر بنەمای تەوافقی لایەنە قەومی و ئیسلامەیکان و بە ناسنامەی ئەوانەوە داڕێژراوە. لەڕوانگەیەکی ئاواشدا، هەموارکردنەوەی دەستور بۆ بزوتنەوەی گۆڕان تەنها کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکەیەتی لەخۆ دەگرێ و بەهیچ جۆرێک بەلای ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان و هێنانەکایەوەی سیستەمێکی سکولاردا ناچێت. لەبارەی کاراکردنەوەی دەزگاکانی چاودێری و نەزاهە و لێژنە پەرلەمانیەکان و کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکانیشەوە، دیسانەوە مەسەلەکە لەئاست هەڵگرتنی "قۆرخکاری و باڵادەستی حزبەکاندا" قەتیس دەکا، بەبێ ئەوەی لەسەر بەرنامە و سیاسەتی ئەم پێکهاتوانە راوەستێ. کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان هەموارکردنەوەی دەستور لەمەسەلەی سیستەمی پەرلەمانیدا چردەکاتەوە، بە پێویست سازدانەوەی ئەم دامو دەزگایانەش کە دەکەونە ژێر کاریگەری دەستورەوە، چارەنوسیان لەوەوە باشتر نابێت کە لە "سیستەمە پەرلەمانیەکەی عێراق"دا بەڕیوەدەبرێت.

**لایەنی دووەم:**

"<u>دامەزراندنی حکومەتێکی کارا</u>، بچوککردنەوە و تەرشیقکردنی وەزارەت و <u>دامودەزگاکانی لەسەر بنەمای چوستی نەک قەبەیی</u>، دور لە <u>بیرۆکراسی و هەڵاوسانی کارگێڕیی</u>. هانگاونان بەرەو خێراکردن، نە-ناوەندێتی، بەئەلیکترۆنیکردنی پەیوەندییە کارگێڕییەکان،

"لێپێچینەوە وپرسیارکاریی پەرلەمانی لە هەمو بەرپرسەکان، لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتەوە تا وەزیر و هەمو پلەدارەکانی بەرپرسیارێتی، سزادان و سەندنەوەی متمانە لێیان لەکاتی سەرپێچیی دەستوریی و یاساییدا."

"دیاریکردنی رادەی باڵای نەسریە و ژمارەی پاسەوانی بەرپرسەکان بەپێی یاسا، لە سەرۆکی هەرێمەوە تا بچوکترین بەرپرس، بەجۆرێک لەگەڵ نەریتەکانی دنیای

شارستانیدا بگونجێت و ئەوە بسەلمێنێت کە هەرێمی کوردستان لەباری ئەمنیی ئاساییدا دەژێت و متمانەی هاوبەش لەنێوان هاوڵاتی و بەرپرسدا هەیە."
"هەڵوەشاندنەوە، یان هەموارکردنی هەمو ئەو یاسا و رێنمایی و بڕیارە تایبەتانەی کە پەیوەندیدارن بە سیستمی موچە، خانەنشینی و ئیمتیازاتی بەرپرس و وەزیرو پەرلەمانتاران، بە جۆرێک هەمان تەمەنی یاسایی خانەنشینی راژەی مەدەنی بەسەریاندا جێبەجێ ببێت، دادی کۆمەڵایەتی لەنێوان خاوەن موچە بەرز و نزمەکاندا لەبەرچاو بگیرێت".

ئەم بەندانە جگەلەوەی کاریگەری ڕەوتی بێزاری و ناڕازیبون و ئەو هەستەی خەڵکی کوردستانی بەسەرەوەیە کە بە ڕۆشنی دەرکیان بە جیاوازی چینیەتی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتداران و موچە و داهاتی ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانی حکومەتدا کردووە، لەهەمان کاتدا پرۆگرام هەوڵدەدات بەڕیفۆرمێکی ئیداری هاوشیوەی ڕیفۆرمەکانی عەبادی ئەم کاریگەریە لەسەر سیستەمی ئیستای دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کورد نەهێڵێ و لەقاڵبێکی بەرتەسکدا رایگرێ.

کاراکردنی حکومەت و پەرلەمان بە گەورەکردن و تەرشیقکردنەوەی ناکرێت. بەتایبەتی کە کارێکی ئاوا ئاستی بژێوی و گوزەران و ئازادیەکانی هاوڵاتیان ناباتە ئاستێکی ڕووڵەپێشەوە، چونکە خودی حکومەت و دەسەڵات و پێکهاتوەکانی لەسەر بنەمای بازاڕی کار و سەرمایە و جیاوازیە چینایەتیەکان دامەزراوە. تەنانەت ناتوانێ کارتۆنی بوونی پەرلەمان لە باڵادەستی ئەحزابی میلیشیایی دەرکێشێ و بتوانێ کەیسی تاوان وتاڵانیەکانی سەرانی گەندەڵکار بخاتەبەردەم مێزی دادگاوە.

**لایەنی سێهمە:**

"دیاریکردنی <u>سنوری دەسەڵات و چالاکیی حیزب وەک رێکخراوی سیاسی یەتی</u>، کە بۆی نەبێت <u>هێزی چەکدارو دەزگای نهێنیی تایبەتی هەبێت."</u>
"حیزبەکانی ناو دەسەڵات تەنها بۆیان هەیە <u>کارنامەی هەڵبژاردنی خۆیان جێبەجێ بکەن</u>، بێئەوەی مافی پاوانکردنی دارایی وڵات و بەکارهێنانی پۆستی گشتیان هەبێت بۆ ترساندن و کڕینی دەنگ و ویژدانی هاوڵاتیان.

-"<u>ئاشکراکردنی پارە و موڵک و عەقار و بەرژەوەندی ئابوریی کۆمپانیا</u>

<u>بازرگانییەکانی حیزب و ڕێگریی لە هەر پاوانکارییەکی حیزبیی بۆ سەر بازاڕو تەندەرو کەرتی تایبەت."</u>

"حیزبەکان بەگوێرەی یاسا هاوکاریان لە حکومەتەوە بۆ دیاریدەکرێ بەپێی قەبارە و ژمارەی کورسیەکانیان لە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردندا دور لە هەر ئیعتبارێکی پێشینەی شۆڕشگێڕی."

بەڕاستی ئەم بەندانە خەیاڵیکی سەرسورهێنەر بەزەینی هەر ئینسانێکی "واقعبین"دا دێنێ. بەتایبەتی کە وێنای سیستەمیکی ئەوپەڕی لیبرالی، لەوێنەی وڵاتانی ئەوروپایی بە سیستەمی ئێستای کوردستان دەبەخشێ. بچوک کردنەوەی ئەحزابی سیاسی تائاستی "ئەحزابی ئینتخاباتی" و دورکەوتنەوەیان لەدیاردەی چەکداری و دەزگای ئەمنی و ئیقتسادی تایبەت بە خۆیان، کردەیەکی تا بلێی ئیجابیە، بەڵام ئایا ئەمە لە سیستەمێکدا دەگونجێ کە "ئیسلام وەک دینی ڕەسمی و زۆرینەی خەڵک" بناسرێ؟، ئایا سیستەمێک کەناسنامەی "نیشتمانی و نەتەوەیی" بۆکرابێت دەتوانێ خۆی لەئەحزابی قەومیو ئیسلامی وباڵادەستیان خاڵی بکاتەوە، تا مل بدەن بەئەنجامی هەڵبژاردنەکان و وەک ئەحزابی ئینتخاباتی بميننەوە و لەدەرەوەی توندوتیژی ودەزگای ئەمنی و ئیقتسادی چالاکی سیاسی لە کۆمەڵگادا بەڕێوەببەن؟ ئایا دەکرێ و دەتوانرێ بەبێ بوونی دەوڵەت لەکوردستاندا، ئەم دەزگایانە بەسادەیی لە ئەحزابی چەکدار( بەو مێژوەوە کەهەیانە)، دابماڵرێت و تاسەر ئاستی "دەزگای پیشەیی و دەوڵەتی ببرێن؟.. ڕاستیەکەی ئەوەیە کاتێک کە ڕیفۆرمە سیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەو چەمکانەی کە دەیەویەت "هەرێمێکی بەهێز" لە کوردستاندا دابمەزرێنێ، ئەوێش لەڕێگای خەباتی پەرلەمانی و قانونیەوە، هەرگیز ناتوانێ ئەم گۆڕانکاریانە بەکردەوە دەربهێنێ، هەربۆیە هەنگاوەکانیشی وەک خەیاڵێکی لیبرالیستانە دەمێنیتەوە، بەتایبەتی لە فەزای سیاسی ئێستای کوردستانو ناوچەکە و لەژێر سایەی بالادەستی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیایدا. بزوتنەوەی گۆران ئەگەر لەواقعدا و بەدور لەخەیاڵاتی لیبرالیستی و چاکسازی، دەیەوێت بەکردەوە گۆڕانکاری ڕیشەیی لەسیستەمی حکومرانی ئێستای کوردستاندا، بەدی بهێنێت وئەم دامو دەزگایانە (تەنانەت بۆ بەرژەوەندی خودی بۆرژوازی کورد) بخاتەوە سەرجێگای خۆیان، دەبێ لەیەکەم خاڵەکانی بەرنامە چاکسازیەکەیدا، ڕاستەوخۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستای ئەحزابی میلیشیایی و بردنی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

کوردستان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وەک مەسەلەیەکی سەرەکی بخاتە دەستوری خۆیەوە. لەبارەی ڕۆڵی حزبەوە پرۆگرام تائەو ئاستە دەڕوات کەچالاکی سیاسی حزبەکان لەدامودەزگاکانی وەک هێزی چەکدار و ئاسایشدا قەدەغە بکات، دیارە ئەمەش لەو بۆچوونەوە سەردەردێنی کە گوایە بە"بچوک کردنەوەی ڕۆڵی حزبەکان" ئەتوانێ ئەم دەزگایانە بگۆڕێ بەدەزگای نیشتمانی و ڕێگا بگرێ لە کارکرد و ڕۆڵی ئەحزابی میلیشیایی! بۆچوونێکی ئاوا جگەلەوەی چالاکی حزبەکان سنوردار دەکاتەوە و بەئاشکرا دژی ئازادی هەڵسورانی سیاسیە، لەدوو سەرەوە ناکۆکە بەدنیای سیاسیو ڕۆڵی واقعی ئەحزاب لەکۆمەڵگادا. لەسەرێکەوە ئەوە حزبەکانە دەسەلأت بەدەستەوەدەگرن و بەرپرسیارێتی پۆستەکانی دوڵەت لەئەستۆ دەگرن، تەنانەت لە لیبڕالترین دەوڵەتی دنیادا ئەو حزبەی وەک براوەی هەڵبژاردن کابینەی حکومەتی پێکدێنێ هەرخۆی وەزیری بەرگری، دەزگای ئەمنی و پۆلیس، موخابەرات.. بەدەستەوە دەگرێ و سیاسەتی بۆدادەڕیژێ، بەبێ ئەوەی پێویستی بەهیچ "بریارێکی نیشتمانی" وەک ئەوەی گۆڕان دەیخوازێ بکات. کەوایە لەحاڵێکی ئاوادا چۆن دەتوانرێ ڕۆڵی حزبەکان لەم دەزگا دەوڵەتیانەدا قەدەغە بکرێ ونەهێڵرێ؟ لەسەرێکی تریشەوە بزوتنەوەی گۆڕان خۆی لە گێلی دەدا و نایەوێت ئەو واقعیەتە ببینێ کە ئەندامانی ئەم دەزگایانە کەسانی جۆراوجۆرو هەڵگری مەیل و بۆچوون و لایەنگری سیاسی جیاوازیان تێدایە، لەحاڵەتی قەدەغەکردنی چالاکی سیاسی وحزبایەتیدا، بزوتنەوەی گۆران چۆن بەر بەم واقعیەتە دەگرێ؟ ئایا بەرلەوەی ئەم کەسانە کار لەم دەزگایانەدا بکەن لە بۆچون و مەیلە سیاسیەکانیان پاک دەکاتەوە و بەڵین نامەیان پێپڕدەکاتەوە؟ یان چی؟ بەلأم کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان لەهیچ جێگایەکی پرۆگرامەکەیدا راشکاوانە باس لەهەڵوەشانەوەی هێزی میلیشیای حزبەکان و دامودەزگای ئەمنی و ئاسایشیان ناکات، بگرە هەوڵی چاکسازی بۆ بەنیشتمانی کردنیان دەخاتە گەڕ، بەپێویست لەڕێگای واقعی دوردەکەوێتەوە وخەیاڵاتی لیبرالیستانە بەخەرج دەدا، تا ئەم دام ودەزگا سەروخەڵکیانە، بەخەیاڵی خۆی لەدەست یەکیەتی وپارتی دەربهێنێ و بیخاتە خزمەتی "نیشتمانەوە"!

**لایەنی چوارەم:**

"_ گەڕاندنەوەی ئەو یاسانەی کە پەیوەندییان بە ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگای ئاسایشی هەرێمەوە هەیە، کە تاک لایەنە لەلایەن دەسەلأتەوە تێپەڕێندراون،

هەمواركردنەوەیان لەڕێگەی سازانی نیشتمانییەوە...."

"_ ....

"_ پێكهێنانی هێزی پاسەوانی هەرێم، بە سودوەرگرتن لە مادە پەیوەندیدارەكانی دەستوری عێراق، بەشێوازێكی نیزامیی مۆدێرن، بە سودوەرگرتن لە ئەزمونی هێزی پێشمەرگەی ئێستا، موتوربەكردنی ئەو هێزە بە نەوەی نوێ و كردنەوەی دەرگای پەیوەندیكردنی ئارەزومەندانە (تەتەوع)، دور لە لایەنگریی سیاسیی، حیزبیی، ناوچەیی و خێڵەكی.

"_ قەدەغەكردنی ڕێكخستنی حیزبی و سیاسی لەناو هێزی پاسەوانی هەرێم و وەزارەت و دامەزراوە سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەكاندا.

"_ ئامادەكردن و ڕێكخستنەوەی هەمو ئەو هێزە چەكدارانەی كە ئینتیمایان بۆ حیزب و گروپ و تاكەكەس هەیە، سەرلەنوێ دامەزراندنیان لە هێزی پاسەوانی هەرێمدا، یان خانەنشینكردنیان .."

ئێمە پێشتر لەبارەی "دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی"ەوە ئەوەمان ووت كە فەلسەفەی بوون و مانەوەی ئەم دەزگایانە، كە دەسەلاتی چینی بۆرژوازی و حزبەكانی بە پاساوی "پاراستنی وڵات لە مەترسیە دەرەكی و ناوخۆییەكان" وەك ئامرازی سەركوت لەبەرامبەر خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێش و ناڕەزایەتیەكانیاندا، وەك دەزگایەكی سەروخەڵكی پەنای بۆدەبەن. هەروەها ئاماژەشمان بەوەدا، كە پاراستنی ووڵات وەك ئەركێكی سەرجەم هاوڵاتیان كاتێك دابین دەكرێ، كە دەخاڵەتی ئەوان لە بەڕێوەبردنی وڵات و بەهرەمەند بوونیان لە ئاستێكی باشبژێوی وئازادیەكان مسۆگەر كرابێت. لەپاڵ ئەم راستیەشدا، ئەمنیەتی كۆمەڵایەتی كاتێك بەدی دێت چەكداركردنی گشتی جەماوەر و راهێنان و هوشیاركردنەوەیان بەمەترسیەكان، تەنها ڕێگای عەمەلی و كارسازە. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان وەك هەر رەوتێكی بۆرژوازی كە لەبەرنامەیدا نییە جەماوەر وبەرژەوەندیەكانی میحوەری هەر هەنگاوێكی سیاسی بێت بەپیویست ئەویش دەست بەدامو دەزگا سەروخەڵكیەكانەوە دەگرێ. تەنها ڕەخنەیەک كەلەم بارەوە هەیبێت ئەوەیە كەپێكهێنانی ئەنجومەنی ئاسایش بە"بڕیاری تاك لایەنە" دامەزراوە! لەمەش زیاتر بزوتنەوەی گۆڕان واوەتر دەڕوا و لەلایەک باس لە پێكهینانی"پاساوەنی هەرێم" بە پشتبەستن و گەڕانەوە بۆ دەستوری عێراق، دەكا و لەلایەكی تریشەوە نەک

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

هەر هەڵوەشاندنەوەی هێزی میلیشیای حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی داواناکات، بەڵکو بەدوای گۆڕینی ئەم هێزانەوەیە بە"هێزێکی نیشتمانی وهاوچەرخ". بەمجۆرە بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر میراتی دامو دەزگا ئەمنیو میلیشیاییەکانی ئەحزابی دەسەڵاتداری ئێستای کوردستان و خودی حکومەتی عێراق، بەشوێن "پاراستنی وڵاتەوەیە" وگەرەکیەتی بەچاکسازی وتەعدیلی روالەتیانە، ئەم دەزگایانە بە دەزگاگەلێکی "نیشتمانی" و پێویست بۆخەڵکی کوردستان بەرەوا ببینێ. ئەمە ئەو سیاسەتە چاکسازییە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەسیستەمی ئیستای کوردستاندا بەدواوەیەتی!.

### ئەنجامگیریەک بۆ ئەم بەشە:

بەمەبەستی ئەنجامگیری لەیەکەم تەوەرەی ئەم بەشەی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان رەخنە و سەرنجەکانمان لەچەند خاڵێکدا ریزبەندی دەکەین:

١/ بەوپێیەی کەبزوتنەوەی گۆڕان وەک حزبیکی "نیشتمانی ونەتەوەیی" خۆی پیناسەدەکا و تەواوی پرۆگرامەکەی لەسەر "هەرێمی کوردستان و بەهێزکردن"ی چەق دەبەستێ. هاوکات بەو پێیەی ئەم بزوتنەوەیە دەسەڵاتی ئێستا بەدەستکەوت و ئەزمونی "گەلی کورد" ناوزەد دەکا و بەتەواوی سەرمایەداری بوونی کوردستان و جیاوازیە چینایەتیەکان، بەفەرامۆشی دەسپێرێ، بەپێویست وەک هەر حزبێکی تری ناسیونالیست مانەوە و پاراستنی دەسەڵاتی ئێستا مەسەلەی میحوەریە لە"ئەرکە نیشتمانی و دیموکراتیەکان"دا و جیاوازیەکیش کە ئەم بزوتنەوەیە لەژێرناوی چاکسازیدا ئیدعای بۆ دەکات، شتێکی زیاتر لە تەعدیلی دەسەڵات و حکومەتی ئێستا نییە.

٢/ تائەو جێگەیەی کە ئەم بزوتنەوەیە باس لە دیموکراتیکەکردنی دەسەڵات و سیستەمی ئیستا دەکا و بۆئەمەش رەخنە و ڕوانگەی چاکسازی لەژێر ناوی "بەنیشتمانی کردنی دامو دەزگاکان و کاراکردنەوەی پەرلەمان و گۆرینی سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی.." دەباتە پێش لەڕوانگەی یەکێک لەئەندامانی خێزانی حزبەبۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردەوە لە کێشەکانی خەڵکی کوردستان دەڕوانێ. ریفۆرمێکی سیاسی ودیموکراتیش کە بەشوێنیەوەیەتی بەهیچ جۆرێک و لەهیچ ئاستێکدا هەنگاوەکانی بۆ"بەرینکردنەوەی دیموکراتی" پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە پەیدا ناکات. لەلایەکی تریشەوە

دورکەوتنەوە لە سکولاریزم و جیایی دین لە دەسەلآت و سیستەمی حکومرانی، دینی ئیسلام وەک دینی رەسمی و سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دانانی یاساکان ڕادەکێشی و بوار بۆ مەلا و مزگەوت و پەیرەوانی ئەم دینە دەکاتەوە کە لەسەر داهاتی خەڵک کارنامەی کۆنەپەرستی و دژی ئازادیان ببەنەپیشەوە.

٣/ ئیسلام وەک ئاینی زۆرینە و ررێزلێگیراو دەناسێنێ هاوکات هێشتنەوەی دامو دەزگای سەروخەڵکی وسەرکوتگەری وەک "دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی، پۆلیس، ئاسایش وهیزی چەکدار.." بەپێویست ستەمو سەرکوتگەری وکۆنەپەرستی، لەبەرامبەر مافو ئازادیەکانی هاولآتیاندا رادەگرێ.

٤/ مادام بزوتنەوەی گۆڕان ناسنامەی قەومی وئاینی ئیسلام وەک بەهای سەرەکی بەسەر سیستەمی حکومرانیدا بەدەستەوە دەگرێ و هاونیشتمانی تورکمان وئاشوری ومەسیحی وکلدان، بەهاولآتیانی پلەدوو جیگیر دەکا و جیاکاری و چەوسانەوە و ستەمگەری دەکاتە بەشێک لەسەر خانی سیاسی وحکومڕانی، بەم پێیەش ناتوانێ هێزێکی دژی شۆڤێنیستی ودژی جیاکاری بێت.

٥/ بەوپێیەی کە بزوتنەوەی گۆڕان کێشەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان، لە درێژەی "خزمایەتیو هاوسۆزی نەتەوەیی" دا دەبێنی وهاوکاتیش خۆی بەفیدڕالیزم و دەستورو یاساکانی عێراقەوە گرێی دەداتەوە، بەپێویست پەیڕەو لە سیاسەتی دوفاقی دیبلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی سەرکوتگەری ناوچەکە دەگرێتە بەرو کێشەی کوردیش لەم وڵاتانەدا، دەکاتە پاشکۆی بەرژەوەندیەکانی هەرێم.

٦/ بزوتنەوەی گۆڕان وێرای ئەوەی باس لەخواستی جیابوونەوە پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکاو بە" ئامانجی باڵای نەتەوەیی" لەقەلەمی دەدات، بەڵام بەوهۆیەوە ئەم خواستە دەخاتە گرەوی ڕیفۆرم وبەرنامەی چاکسازیەکەیەوە، بەکردەوە دەست لەم خواستە دەشواتەوە.

ئێمە هەوڵدەدەین لەبەشەکانی داهاتویی ئەم باسەدا زیاتر پەردە لەسەر ناوەرۆکی بۆرژوازیانەی ئەو ڕیفۆرم و چاکسایە هەڵدەینەوە کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدواوەیەتی...

**ماویەتی**

**نیسانی 2016**

(٣)

# بەشی دووەم:

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

## تەوەرەی دووەم:

## سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان

لەبەشی سێهەمی ئەم باسەدا دەچینە سەر ئاناتۆمەکردنی ڕوانگە و سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان کەوەک تەوەرەی دووەم لەبەشی دووەمی پرۆگرامی سیاسیدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە لەژێر تایتڵی "سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان"دا جێگیرکراوە. لەم پەیوەندەشدا هەوڵدەدەین لەڕێگای ڕەخنەگرتن لەو دیدە بۆرژواییەوە کە سیاسەتە ئابوریەکانی پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕانی پێ داڕێژراوە، ئەو ئاستە لەڕیفۆرمی ئابوری دەرخەین کەئەم بزوتنەوەیە دەیخاتە بەردەم کۆمەڵگا، بۆ ئەمەش سەرەتا پێویستە لەسەر ڕوانگەی گشتی سیاسەتە ئابوریەکان ڕاوەستین و پاشان لەبەندەکانی بڕوانین.

## سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان

## "بۆرژوازی نیشتمانی" لەبۆتەی چاکسازیدا:

بێگومان سیاسەتی ئابووری هەرحزبێکی سیاسی و ئەو هەنگاوانەی کەوەک بەدیلێک

لەبەرامبەر سیستەمی ئابوری زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، لەدوتویی پرۆگرامی خۆیدا جێگایان بۆ دەکاتەوە، بەپێویست ئیلهام لە ڕوانگە و مەکتەبێکی فیکری ئابووری وەردەگرێ و لەوێوە بەشوێن ئەو ئاڵوگۆڕانەوەیە کە لەدۆخی ئابوری باودا بەدواوەیەتی..

مەکتەبی فکری وڕوانگەی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەک لەشێوەکان دووبات کردنەوەی هەمان ڕوانگە و مەکتەبی ئابوری سەردەمی دواکەوتویی و پەرەسەندنە کە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی سەدەی ڕابردوودا و بەدوای سەرهەڵدان وشکڵ گرتنی "دەوڵەتی سەربەخۆ"ی بۆرژوازی، لەئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و دەرچون لەبازنەی داگیرکاری و باڵادەستی "ئیستعمار"، وەک بەرنامەو ئاسۆیەک لەپێناو پەرەسەندن و دەربازبوون لەدواکەوتوویی ئابووری بەدەستەوەگیرا. لەم پەیوەندەشدا دەیان ئابوریناس، لە ئەندریە گوندر، فرانکۆوە تا ئیمانۆل و سەمیر ئەمین، و دەیان دەزگای ئاکادیمی لیکۆڵیار و بەدواداچوون تا ناوەندی "بوژانەوە" لەنەتەوە یەکگرتووەکان بە بودجەیەکی خەیاڵیەوە، بەشوێن گرفتی دواکەوتویی ئابووری و بەرنامەی ئیستراتیژی بوژانەوەوە بوون بۆ ئەم وڵاتانە. ڕوانگە و باوەرەکانی ئەم مەکتەبە ئابووریە، کۆمەڵگا بەشێوەیەکی خۆبەخۆ پێناسەی یەکێک لە فۆرمیلاسیونەکانی پێش سەرمایەداری و بەتایبەتی بە"کۆمەڵگای داگیرکراو"، "وابەستە"، "موستەعمەرە" و گەلێ جاریش دەرەبەگی بۆدەکرێ. لەم پێناسەکردنەشەوە سەرمایەی دەرەکی، ئیمپریالیزم و داگیرکەران، بەهۆکاری بنەڕەتی بۆ پاشکەوتوویی ئابووری و ڕاگرتنی وڵات لەسەر بنەمای ئابووری تاک بەرهەمهێن و خۆژێن و بەرخۆری دادەنێ و وەک حوکمێکیش بۆ تێکشکانی پیشەسازی خۆماڵی و بەتایبەتیش کەرتی کشتوکاڵی پشتی پێدەبەسترێت. بۆ دەربازبوون لەم حاڵەتانەش ئەم مەکتەبە ئەفسانەی بۆرژوازی نیشتمانی بەقەرز وەردەگرێ و دەیخاتە بەرامبەر داگیرکەران و سەرمایەی دەرەکییەوە و ئەرکی دامەزراندنی ژێرخانێکی بەهێز و ئاوەدانکردنەوەی ئابووری وڵات و پێشخستنی پیشەسازی خۆماڵی پێدەسپێردرێت. یەکەمین مەیدانیش کەلەم ئەرکەدا چاوی تێدەبڕدرێت بریتییە لە دێهات و ئابووری کشتوکاڵی و "سەرمایەی مرۆیی ناوخۆ" کە دیارە سیاسەتی ئابوری و هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە کە بە وەهمی بووژانەوەی ئابووری کشتوکاڵ و پیشەسازی خۆوڵاتییەوە، تیۆر و دیدگایەک ببەخشن بەچینی بۆرژوازی محلی تا لە دەرەوەی سیستەمە ئابووریەکانی سەرمایەداری جیهانی و

کارکردەکانی لەبازاڕی نێوخۆی هەر وڵاتەدا، جەنگ لەدژی پاشکەوتوویی ئابووری بەرپێبخەن.

ئەگەر لە مەکتەبی ئابوری بۆرژوایی کلاسیک و ئاکادیمیستەکانیاندا مەسەلەی بردنەسەری ڕێژەی زیدەبایی/ قازانجی هەموو سەرمایەی کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە بێت و لەم پێوەندەشدا چەمکەکانی، کاڵا و بەها، کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیا، فراوانکردنەوەی بازاڕ و چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنانی سەرمایە و چەوسانەوەی هێزی کار، قەیرانی ئابوری و میکانیزمەکانی تێپەڕین لێی... لەباسو لێکۆڵینەوە ئابوریەکاندا بەدەستەوە بگیرێ، ئەوا لەم مەکتەبەدا، مەسەلەی پاشکەوتویی و بووژانەوەی ئابوری سەرمایەداری و هەڵگرتنی کەموکوریەکانی سەر ڕێگای ئەم پرۆسەیە لەوانە، گەندەڵی و تەبزیراتی زەبەلاحی دەوڵەت، تاک بەرهەمهێنەری و پشتبەستن بە ئابووری نەوت، فەرامۆشکردنی کەرتی کشتوکاڵ، هەڵاوسانی مەسرەف و کۆمەڵگای مەسرەفگەرا، لاوازی ژێربینای ئابوری و ئاستی تەکنۆلۆژیا، لاسەنگی نێوان قەوارەی کاڵای هەنارده لەچاو کاڵای هاوردەدا .. جێگای سەرەکیان هەیە و بۆ تێپەڕێن لێیانەوە "پلانی نیشتمانی" و بەرنامە ڕێژی ئابوری دەوڵەت، وەک ستراتیژێک، بەدەستەوە دەگیرێ.

بزوتنەوەی گۆڕان ئەگەرچی لە بەدەستەوەگرتن و مانەوە لەم مەکتەبە فکریەدا، دەقاودەق هەمان ئەو چەمکانەی کەلە مەکتەبی ئابوری "دواکەوتوو/ گەشە" دا، وەک ئەوەی کە لە ڕابردوودا بەکاربراوە، دووپات نەکردۆتەوە، (کەدیارە خودی ئەم حاڵەتە نیشانەی بەرئەنجامی ئەو گورانکاریانەیە کەلە ماوەی چەن دەیەی ڕابردوودا بەسەر جیهانی سەرمایەداری و فۆرمە ئابوریە باوەکاندا هاتووە و لەئەنجامیشدا مەکتەبە فکریەکانی وەک لیبرالیزمی نوێ و ئابوری پۆستمۆدیرنیزمی ڕەواج پێرداوە)، بەڵام ڕاوەستان لەسەر چەمکگەلێکی وەک " کۆمەڵگای تاک بەرهەمهێن، پشتبەستن بەکەرتی کشتوکاڵی، ڕەتکردنەوەی مەرکەزیەتی ئابوری و کارکردن بەگەشەی ئاسۆیی، پلان لەبەکارهێنانی سامانی سروشتیدا، گەشەدان بەسامانی مرۆیی، لاسەنگی نیوان کاڵای هاوردە و هەناردەکراودا، دیاردەی بەرخۆری و وەرگر، کۆمەڵگای مەسرەف گەرا..و هەمو ئەمانەش ڕووبەڕویی "پلانی نیشتمانی" دەکرێنەوە، بەپێویست ڕیشەی سیاسەتە ئابوریەکانی

بزوتنەوەی گۆڕان، بەوجۆرەی لەپرۆگرامە سیاسیەکەیدا هاتووە، دەباتەوە سەر هەمان مەکتەبی فکری و هەرلێرەشەوە کەوتۆتە دوای هەڵگرتنی ئەو کەموکوڕی و ناتەواویانەوە کە ئابوری کوردستان دەرگیریەتی. بەدیاری کراویش دیاردەی گەندەڵی و ناشەفافیەت، تاریکاندنی داهاتی نەوت، نەبوونی پلانی ئابوری، لاسەنگی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت، بڵاوبوونەوەی تەمبەڵی و بەفیرۆدان، تەشەنەکردنی دیاردەی بەرخۆری، ناهاوسەنگی لەنێوان شارەکان و شوێنە کەناریەکان- گوندەکان- و ئۆردوگا و قەزا و ناحیەکان، نەبوونی دادپەروەری لەسیستەمی باجدا، پاوانکردنی داهات وبازاڕ... ئەمانە نمونەی ئەو گرفتانەن کەسیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان بۆی ئاڕاستەیە و گوایە هەڵگرتنیان دادپەروەری لەئابوری کوردستاندا دەستەبەردەکات.

بزوتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی کە خەونی هێنانەکایەوەی "هەرێمێکی بەهێز"ی کردۆتە ئامانجی میحوەری خۆی ولەڕێگای ئەرکە سیاسیە نیشتمانیو نەتەوەییەکانیەوە بەشوێن سیاسەتی "بەنیشتمانیکردن"ی دامەزراوە کانی دەسەلاتەوەیە (لەوانە هێزی پێشمەرگە، پەرلەمان و حکومەت، دەزگای قەزایی وشتی لەمجۆرە)، بەپێویست دامەزراندنی "ژێرخانێکی ئابوری بەهێز" بۆ چینی بۆرژوازی و بازاڕی سەرمایە و کۆمپانیاکان، وەک ئەڵقەیەکی تەواوکار بۆ ئەم ئامانجە بەدەستەوەگرتووە، کە دیارە شانی لەسەر چەوسانەوەی هەرچی زیاتری هێزی کاری کرێکاران و کۆمەڵانی کارکردوی کۆمەڵگا داناوە، تا بۆرژوازی نیشتمانی و نەتەوەیی، لەپرۆسەی عادیلانەکردنی سەرمایەداری کوردستاندا، دادپەروەرانە وێنابکا و ئەمەش بە ڕیفۆرمی ئابوری و چاکسازی بە کۆمەلگا بفرۆشێ.

لەلایەکی تریشەوە بزوتنەوەی گۆڕان بەبەراورد، بەڕەوتی سۆسیال دیموکراتەکانی سەدەی ڕابروو کەبەرنامەی ئابووریان بەپشتبەستن بەمەکتەبی فکری کینزیەت و دەخاڵەتی دەوڵەت لە ئابوریدا و لەڕێگای بەرنامەڕیزی ئابوریەوە، پڕۆسەی تەعدیلی سیستەمی ئابوری سەرمایەداری بازاڕی وەک ڕێچکەیەک بۆ گەیشتن بە "کۆمەڵگای خۆشگوزەران و پڕکار- FULL JOB"، لەسیاسەتێکی ئابوریدا گەلالە دەکردەوە، نەیتوانی لەژێر گوشارەکانی ئابوری سەرمایەداری و ڕۆڵی ئیحتکارات و بانگی جیهانی و سیاسەتی نیولیبرالەکاندا خۆی ڕاگرێ و سەرەنجام سەری لەشکست و بنبەستدا دەرهێنا، ئەوا گەیشتن بە"هەرێمێکی

بەهێزی ئابوری" بە ڕابەری بۆرژوازی نیشتیمانی و نەتەوەیی بەئالأی "دادپەروەری ئابوری" ەوە، لەجوگرافیایەکی وەک کوردستاندا کە ئابوریەکەی ڕاستەوخۆ لەژێر کارکردەکانی سەرمایەداری جیهانی و بلۆکبەندیە ئابوریە جیهانیەکانیدایە، نەک هەر حوکمێکی ڕێگەپێدراو نییە، بەڵکو لە ئەفسانە و خەونێک زیاتر تێناپەڕێ.

سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان کە بەرگی ریفۆرم و چاکسازی پۆشیوە، ئەگەرچی لە ڕواڵەتەدا لەبەرامبەر سیاسەت و کارکردە ئابوری و بازرگانیەکانی ئەحزابی دەسەلاتدار و دۆخێک کە بەسەر خەڵکیدا سەپاندویانە، خراوەتەڕوو، بەلأم لەجەوهەردا ڕووی لە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانە، ئەویش بە بەخشینەوەو قایمکردنی ڕەوتی خۆشخەیاڵی، بە باڵێکی بۆرژوا ناسیونالیزم و ئەفسانەی بردنی کوردستان بەرەو "هەرێمێکی ئاوەدان و بەهێزی ئابوری" کەبەرگەی هەڕەشەی دەرەکی بگرێ و پشت بەخۆی ببەستێ. بەتایبەتی کە لە سیاسەتە ئابوریەکانی ئەم حزبەدا، قسەیەکی سەریح و ڕۆشن لەسەر بیمە کۆمەلأیەتیەکان، یاسای کاری پێشڕەوی کرێکاریی، خۆراییکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک خوێندن و تەندروستی و خانوبەرە، زیادکردنی کرێ و موچەی خانەنشینی، دابینکردنی کار و وەلأمدانەوە بەکێشەی بێکاری، زەمانەتە کۆمەلأیەتیەکان... ناکات، کەسەدان هەزار هاولأتی لە کوردستان ئومێدی بۆ دەخوازن. لەیەک ووتەدا پلاتفۆرمی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان نەک هەر هەڵگری کەمترین ئاست لە ڕیفۆرمی ئابوری نییە بەقازانجی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، بەڵکو پلاتفۆرمێکە ڕووی لە سازدانەوەی ئابوری کوردستان و بازاڕی کارو سەرمایەیە، لەڕیگای بە"قانونیکردن / بەموئەسەساتی کردن"ی جومگە ئابوریەکانەوە تا هاوسەنگیەک بە قازانجی ئەو بەشە لە بۆرژوازی ناڕازی کوردستان زامنبکات کە لەدەست قۆرغکاری ئەحزابی بالأدەست، دەنگی هەڵبڕیوە. سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ئەو ئامانجەشی لەخۆیدا هەڵگرتووە، تا لەسەردەمی هەڵبژاردندا، وەک "وەرەقەیەکی ئینتخاباتی" بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکان بەکار بهێنرێ. بەلأم بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستی ئەم سیاسەتە ئابوریەو لایەنەکانی باشترە لەسەر بەندەکانی ڕاوەستین.

## ا/ ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتی دارایی وبەرەنگاری گەندەڵی،

## چاکسازیە ئابووریەکانی حزبی گۆڕان ڕووی لەکوێیە؟

لە یەکەمین بەندی تەوەرەی "سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان"دا بزوتنەوەی گۆڕان لە پرۆگرامە سیاسیەکەیدا، لەژێر تایتڵی "ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتی دارایی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی"دا، دوو مەسەلە وەک هۆکار و سەرچاوەی دۆخی خراپی دارایی و ئابووری و پەرەگرتنی دیاردەی گەندەڵی لەکوردستاندا، ئاماژە پێدەکات، کەئەوانیش بریتین لە"شەفافیەت و سیستەمی چاودێری".

## یەکەم: لەبارەی دۆخی دارایی و ئابووریەوە پرۆگرام ئاوا دەدوێ:

" بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی "رێکخراوی ڕۆشنی (شەفافیەت)ی نێودەوڵەتی"، دەوڵەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، یەکێکە لە هەرە وڵاتە گەندەڵەکانی جیهان لەڕوی سیاسەتی دارایی، شکستی گەشەی ئابوری، لاوازی و گەندەڵی لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی ئاوەدانی و بنیاتنانی ژێرخاندا، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ مەرامی ئابوریی و نەبونی داتای پێویست سەبارەت بە جوڵەی پارە".. " نارۆشنی لە سیاسەتی دارایی و ئابوری، تاریکاندنی بڕی داهات و خەرجی گشتی، لاوازیی ڕۆڵی پەرلەمان و دادگاکان و دەستە و دەزگاکانی چاودێری و نەزاهە، تاریکاندنی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بە بودجەی گشتی و کۆمپانیا ئیحتکاریەکانەوە هەیە"

" تائێستا سەرچاوەکانی زانیاری دەربارەی بودجە و سیاسەتی دارایی هەرێم نەک تەنها لەبەردەم هاوڵاتیاندا، بەڵکو لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان و بەرپرس و فەرمانبەرەکانی بواری چاودێریی داراییشدا والا نیە، ئەو پرۆسەی تاریکاندنەی کە بە بەرنامە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەوە پێڕەو دەکرێ یەکێکە لە کەندەکانی بەردەم چاکسازیی ئابوری و گەشەدان بە سەرمایەی مرۆیی و بنیاتنانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان". — هێڵی تەئکید هیَ ئێمەن-

لەم دەربڕیانەی سەرەوەدا بەڕۆشنی دەردەکەوێت کەمەسەلەی نەبوونی "شەفافیەت و سیستەمی چاودێری- رەقابی"، وەک خاڵیکی جەوهەری کراوەتە هۆکارو سەرچاوەی

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

"شکستی گەشەی ئابوری" و "لاوازی پرۆژەکانی ئاوەدانی و بنیاتنانی ژێرخان". بەدیوێکیتریشدا، پێمان دەڵێت کە" تاریکاندن و نەبوونی داتای پێویست و شاردنەوەی زانیاریەکان" ئەو هۆکارەیە کەوای کردووە "جوڵەی پارە و دانانی بودجە بۆ مەرامی حزبە دەسەلاتدارەکان بەکاربێت و نەکەوێتە خزمەت هاولاتیانەوە! لەمەش زیاتر نەبوونی شەفافیەت و سیستەمی چاودێری تا ئەو ئاستە وێناکراوە کە وەک" یەکێک لەکەندەکانی بەردەم چاکسازی ئابوری" سەرنجی بۆ بدرێ. بەڵام ئەم بۆچوونە جگەلەوەی خۆلادانێکی ئاگاهانەیە لەماهیەت و سروشتی سیستەمێکی سیاسی و ئابووری کە بۆرژوازی کورد و حزبەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا بۆ قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان ڕاگریان کردووە هاوکات ئێمە و خوێنەران هەواڵەی دیاردەیەک دەکات کەئەویش "نارۆشنی و ناشەفافیەت و کارانەبوونی پەرلەمان و دەزگاگانی چاودێری و دادگاکانە" کە خۆی دەرهاویشتەی فۆرمی دەسەلاتی سیاسی و یاساکانی ئابوری سەرمایەداریە لە کوردستان. بەواتایەکیتر "شەفافیەت و سیستەمە چاودێریەکان" بەشێکن لەسیستەمی سیاسی و ئابوری لە هەر کۆمەڵگایەکدا و بەتایبەتیش لەلایەن چینی بالادەستەوە بۆ ڕیکخستنی پەیوەندیەکانی کارو سەرمایە و یاساکانی بازاڕ و کۆکردنەوەی قازانج پەنای بۆدەبرێ. بۆنمونە لە فۆرمی ئابوری دەوڵەتیدا، (لەشێوە باوەکەیدا سەرمایەداری دەوڵەتی)، شەفافیەتو ڕەقابەت وەک دوودەزگای دەوڵەتی ڕێگایەکە بۆ دەخاڵەتی دەوڵەت لەکاروباری بانکەکان و جوڵەی پارە و هێنان و بردنی کالا و کۆنترۆڵی نرخ و سیستەمی باج .. هەموو ئەمانەش لە قازانجی حەرەکەتی سەرمایە وەگەردەخرێن و هیچیان ڕوویان لەباشبژێوی هاولاتیان و چاکسازی نییە لە ژیانیاندا، چونکە لەم سیستەمەدا ڕۆڵی هاولاتی لەکەنارەوە ڕاگیراوە و کاریگەریان بەسەریەوە نییە، واتە شتێک نییە بەناوی "کۆنترۆڵی جەماوەری" بەسەر بازاڕ و کردە ئابوری و داراییەکاندا. لەکوردستان کە دەوڵەت نییە و سیستەمی سیاسی لەڕێگای دەسەلاتی ناوچەیی ئەحزابی میلیشیایەوە بەڕێوەدەچێ و هەمو کردەیەکی دارایی و ئابوری و بازرگانی و باج لەخزمەتی سیستەمی ئەحزابی دەسەلاتدار و بازاڕی کۆمپانیاکاندایە، و جەماوەر هیچ ڕۆڵێک ناگێڕن بەسەر لایەنەکانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بەپێویست نەک هەر زانیاریەکان لەتاریکیدا ڕادەگیرێن، بەڵکو هەرجۆرە دەزگایەکی چاودێری دەکاتە پاشکۆی سیاسەتی ئەم حزبانە.

لەمەش زیاتر لەکوردستان کە حزبەکانی دەسەڵات خۆیان بونەتە چەند کۆمپانیایەکی ئابوری و بازرگانی و هەموو جومگەکانی سیاسەت و ئابوریان لەدەستدا کۆبۆتەوە، بەپێویست دەزگاکانی "شەفافیەت و چاودێری" و دادگا و نەزاهە و پەرلەمان و حکومەت نەک هەر کارتونی دەبن، بەڵکو هێندە ڕۆڵدەگێڕن کە بکەونە خزمەتی حزبەکان و سیاسەت و کردەی ئابوریانەوە. کەسێک کە بیەوێت چاکسازی بکات، وەیا لانی کەم کۆمەڵگا لەسیستەمێکی "شەفافیەت و ڕەقابەت" بەهرەمەند بکات، دەبێ لەبنەوە ئەم سیستەم و دەسەڵات و فۆرمە ئابوریە بخاتە بەر ڕەخنەوە و نەفی بکاتەوە. ئەگینا داوا کردنی ئەوەی کە سیاسەتە داراییەکان ڕۆشنبکرێتەوە و زانیاریەکان بخرێتە بەردەم کۆمەڵگا، لەسایەی ئەم فۆرمە سیاسی و ئابوریەدا جگەلە وەهم و خۆشخەیاڵیەک شتێکی تری لێناکەوێتەوە. لەلایەکیتریشەوە مەسەلەی لاوازی "گەشەی ئابوری و ژێرخان و پرۆژەکانی ئاوەدانی"، تەنانەت مەسەلەی سیاسەتی زاڵ بەسەر بودجەدا، دیسانەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە"ناڕۆشنی لەسیاسەتی دارایی" هەرێمدا هەیە وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان ئاماژەی بۆدەکات و گوایە ئەگەر هەموشتێک شەفاف بێ و لەژێر چاودێریدا بێت ئیتر دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە! بەتایبەتی کە ڕەوتی ئابوری سەرمایەداری لەکوردستاندا وەک بەشێک لە حەوزەی ناردنەدەرەی نەوت و سەرەوژێربوونەوەی سەرمایە لەم ڕێگایەوە، (واتە هاتنە ناوەوەی سەرمایە لەڕێگای فرۆشی نەوتەوە لەبازارەکانی جیهاندا). هەروەها ئەوەی کە بازاڕی کوردستان بەشێکە لە بازاری جیهانی و ناوچەکە و عێراق، یاسا و کارکردی خۆی هەیە و لەوچوارچێوەیەشدا ڕێگا پێدراوە گەشەبکا و دەست بەرێت بۆ ژێرخانی ئابوری و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، لەم پەیوەندەدا دەخاڵەتی سندوقی دراوی نیودەوڵەتی، بانکی جیهانی، و یاساکانی بازرگانی و جوڵەی پارە، کە لەسەردەمی ئێستادا سیاسەتی نیولیبرالیزم دەیبزوێنی، ئابوری کوردستان و کردەی پارەو بازرگانی لەهەروڵاتێکدا دەخاتە ژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەپێویست ئاست و شێوازەکانی ڕەوتی گەشە و چونە پێشەوەی ژێرخانی ئابوری و پرۆژەکانی ئاوەدانی بڕیار لێدەدات. بزوتنەوەی گۆڕان کە هەموو ئەم واقعیەتە ئابوری و سیاسیانەی کە دەخالەتیان لەئابووری کوردستاندا هەیە، نادیدە گرتووە وئێمە وخوێنەرانی بەستۆتەوە بە "ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتە دارایەکانی هەرێمەوە" و بەمەشەوە هەواڵەی سیاسەتی کاراکردنەوەی پەرلەمان

و دادگا و دەستەکانی نەزاهە و شتی لەم جۆرەمان دەکات. بێگومان سیاسەتێکی ئاواش دورخستنەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە لەڕاستیەکانی کۆمەڵگا و سیستەمێکی سیاسی و ئابوری کە ژیانی ئەوانی بە بازاڕی سەرمایە و قازانجی لەڕادەبەدەری کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکیەکان سپاردووە.

بەڵام با لەمانەش زیاتر بڕۆین و وابیهێنینە بەرچاو کەکوردستان لە لیستی ئەو وڵاتانەی کە راپۆرتەکانی "ڕێکخراوی ڕۆشنی (شەفافیەت)ی نێودەوڵەتی" ئاماژەیان بۆدەکات، دەرهاوتووە و وەک هەروڵاتێکی تری ئەوروپایی تا ئەو پەڕی خۆی پەیڕەوی لەئاستێکی بەرزی شەفافیەت و سیستەمی چاودێری دەکات، بەواتایەکیتر با وادابنێین هەمو "کەندەکانی تاریکاندن و شاردنەوەی زانیاریەکان" لە سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێمدا هەڵگیراون و چاکسازیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەم بارەوە بەسەرەنجام گەیشتوون.. ئایا ئیتر پاوانخوازی لە بازاڕ و ئابوریدا کۆتاییان پێدێ؟ ئایا ئیتر بودجە ناچێتە خزمەتی سیاسەت و بەرژەوەندی چین و حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە؟ ئایا ڕەوتی ژێرخان و گەشەی ئابوری و جوڵەی پارە بەقازانجی خەڵک دەچەرخێ و ئیتر گەندەڵی تیاناکرێت؟ ئێمە نازانین وەڵامی بزوتنەوەی گۆڕان بەم پرسیارانە چییە، بەڵام ئەوەی زانراوە کە مادام نەزمی سەرمایە حوکم دەکا و دەسەڵاتیش بەدەست ئەحزابی میلیشیایی و کارکردی کۆمپانیاکانیانەوەیە، نەک هەر بنبەستی ئابوری و ڕاوەستانی پڕۆژە ئابوریەکان و داشکانەوەی جوڵەی پارە و چەندین گرفتی تری ئابووری دەبێتە واقعیەتێکی چارەهەڵنەگر، بگرە سەرهەڵدانی گەندەڵی و "نادادپەروەری کۆمەڵایەتی" حاڵەتێکی بەرجەستە و بەردەوامە. بەتایبەتی لەسەردەمانی سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوریەکاندا. لەم بارەوە هەواڵەکانی دەست لەکارکێشانەوە و بەدادگا سپاردنی ئەم یان ئەو وەزیر و کاربەدەستی دەوڵەت و ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبارەی ئاستی بێکاری و هەژاری و برسێتی و نەخوێندەواری و لەئارادابوونی جیاوازی گەورە لەنێوان داهاتی تاکەکاندا و تەنانەت خودی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە ئابوریەکان لەوڵاتانی ئەوروپادا، بەڕۆشنی ئەوە دەردەخەن کە مەسەلەی "شەفافیەت و سیستمی چاودێری" ناتوانێ بەر بە ڕەوتی کێشە و گرفتە ئابوریەکان و دیاردەی پاوانکردن و گەندەڵی و نابەرابەری لەنیزامە ئابوری و سیاسیەکانی چینی بۆرژوازیدا بگرێ. خودی ئاشکرابوونی "فەزیحەکەی پەنەما" کە ئاماژە دەکات بۆ گەندەڵی و سپیکردنەوە و بزواندنی

پارە و دزینی داهاتی کۆمەڵگاکان، لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتانێکەوە، کە ئەوپەڕی شەفافیەت و سیستەمی چاودێری تیایاندا چالاکە، گەواهی لەسەر ئەم ڕاستیەدەدەن.

سەرمایەداری و نیزامەکەی کە لەسەر ستمەکێشی و چەوسانەوەی هێزی کاری کرێکاران و زەحمەتکێشان دامەزراوە و بەردەوام لەمونافەسەی چۆنیەتی بردنەسەرەوەی ئاستی قازانج و بەرینکردنەوەی سنورەکانی بازاڕی کار و سەرمایەدایە، لەم نیزامەدا کە ڕۆڵی جەماوەر و کارکردوانی کۆمەڵگا لاوەکیە و ئیرادەی بڕیاردانیان بەدەستەوە نیە، تا ئەو ڕادەیە شەفافیەت و سیستەمە چاودێرییەکان ڕۆڵ دەگێڕن کەبنەماکانی ئەم نەزمو نیزامە پارێزراو بمێنیتەوە. بۆیە ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەژێر ناوی "ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتە دارایەکانی هەرێمدا" بەدواوەیەتی، هەرئەوەیە کە سیستەمی سیاسی و ئابوری ئێستا قەبوڵ بکاو خەڵک بکاتە ئامرازی شەرێک کە ڕووی لەخودی نیزامەکە نیە، بەڵکو ڕووی لە هەڵگرتنی کەموکوڕی و عەیب و ناتەواویەکانی دەسەڵات و ونیزامە ئابوریەکەیەتی. ئەمەش هەر ئەو ڕوانگە فکریەیە کە مەکتەبی فکری ئابوری گەشەو دواکەوتن بنەما سیاسیو هەڵوێست گیریەکانی خۆی لەسەر بینا کردووە. بزوتنەوەی گۆڕان خۆی لەگێلی دەدات بەرامبەر بەو ڕاستیەی کەسەرمایەداری چەندە شەفاف بێ و چەندە سیستەمە چاودێریەکان کارابن بەسەر کردە ئابوری و بازرگانی و بانکیەکاندا، بەلام مادام پەیوەنیەکانی کارو سەرمایە حوکم دەکات، پرۆسەی وەبەرهێنان لەڕەوتی کەلەکە و چونەپێشەوەی خۆیدا، تەمەرکوزی کالاّ و سەرمایە و سەرەنجام پاوانخوازی(ئیحتکارات) دەسەلاّت و کۆمانیاکان دەکاتە واقعیەتێکی چارە هەڵنەگر و ئەمەش بەسەر سیاسەتی دیاریکردنی بودجەو پڕۆژەکانی ئاوەدان کردنەوەدا زاڵ دەبێ و تەنانەت زانیاریەکان و داتاکانیش بەڕەنگی خۆیان دەردێنێ و بەهەمان ئاستیش سیستەمی چاودێری چالاک دەکاتەوە. لەڕاستیدا، کاتێک دەزگاکانی شەفافیەت و ڕەقابەت ئەتوانن لەخزمەتی خەڵکدا ڕۆڵ بگێڕن و تائەوپەڕی خۆی زانیاریەکان لە تاریکاندن و شاردنەوە و گەندەڵی پاک ڕابگرن، کەخودی سیستەمی حوکمرانی لەسەر بنەمای ڕاستەوخۆی خەڵک خۆیان و ڕیکخراوبونیان لە شورا و ئەنجومەن و ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا زامن بووبێ و ڕۆڵگێرانیان لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا لە ئەستۆگرتبێت. لەدەرەوەی ئەم واقعیەتە دەزگاکانی شەفافیەت و سیستەمی ڕەقابەت وەک بەشێک لە سیستەمی سیاسی و ئابوری

سەرمایەداری، بەقازانجی چینی باڵادەست ڕۆڵدەگێڕێ و تائەو ڕادەیەش زانیاریەکان ئاشکرادەکات کە لەگەڵ خواست و ویستی دەسەڵات و سیستەمی ئابوریەکەیدا هاوسەنگە.

## دووەم: لەبارەی گەندەڵیەوە، پرۆگرام ئاوا هۆکار و سەرچاوەکەی دیاری دەکات:

"سەرەکیترین هۆکاری گەندەڵی بریتیە لە نارۆشنی لە سیاسەتی دارایی و ئابوری، تاریکاندنی بڕی داهات و خەرجی گشتی، لاوازیی ڕۆڵی پەرلەمان و دادگاکان و دەستەو دەزگاکانی چاودێری و نەزاهە، تاریکاندنی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بە بودجەی گشتی و کۆمپانیا ئیحتکاریەکانەوە هەیە، لەپاڵ بەکارهێنانی ماڵ و موڵکی گشتی لە بەرژەوندیی بەرپەسە سیاسیەکان.

لەپاڵ ئەو قەیرانە بەردەوامەدا کە چەندین ڕەهەندی کۆمەلایەتی و سیاسی مەترسداری هەیە، پارەی گشتی و سامانی نیشتمانیی ئەم وڵاتە پاواندەکرێت و بەفیرۆ دەدرێت، وردەکاریەکانی بودجەی هەرێم دەشاردرێنەوە و وندەکرێن، چەندین تۆری گەندەڵکار، لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە تاریکیدا کاردەکەن و بەرژەوەندیی یەکتر، ژێربەژێر، دەپارێزن. – هێڵەکان هی ئێمەن–

بەپێچەوانەی ئەوەوە کە بزوتنەوەی گۆڕان دیاردەی گەندەڵی دەگێڕێتەوە بۆ "نەبوونی زانیاری و داتاکان و نارۆشنی لە سیاسەتی دارایی و چۆنیەتی سەرفکردنی بوجە"، گەندەڵی ڕیشەی لە زاتی سەرمایە و یاساکانی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی قازانجدایە. بەواتایەکی تر گەندەڵی لەم نیزامەدا و لەبناغەییترین ئاستیدا دوو ڕواڵەت وەردەگرێ یەکەمیان دزینی ڕەنجی کرێکار و دووەمیان بەفیرۆدانە و هەریەک لەم دوو دەرکەوتەش بەسەربەخۆ وەیان پێکەوە دیاردەی گەندەڵی بەرهەم دێنن و دەیکەنە حاڵەتێکی چارەهەڵنەگر. بالەم بارەوە زیاتر ڕۆشنایی بدەین:

لە ئابوری سەمایەداریدا وەبەرخستنی هێزی کار(ئیستخدامی هێزی کار) ڕێگایەکی قانونی و ڕێگە پێدراوە، بەقەولی مارکس فرۆشتنی هێزی کار بە سەرمایە ڕواڵەتێکی ئازادی هەیە و مەقبولە، بەڵام کاتێک کرێکار لە فرۆشتنی هێزی کارەکەیدا تەنها کرێیەک وەردەگرێ،

ئەویش بۆ دووبارە بەرهەم هێنانەوەی هێزی کارەکەی بەکاردەبرێتەوە، هاوکات زێدەیەکیش دەخاتە سەر سەرمایە و ئەم بەشە لەبەهای هێزی کارەکەی بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر، وەک قازانجی سەرمایە دەدزرێ. ئەم دزینەش وەک ئەوەی کە وتمان ڕێگاپێدراوە و بەقانونی کراوە. لەلایەکی ترەوە لەم نیزامەدا کە مونافەسە و پاوانخوازی یاسایەکی کوێرە بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە، دیاردەی بەفیرۆدان چ لەئاستی دەوڵەتی و چ لەئاستی تاکی سەرمایەداردا دەبێتە حاڵەتێکی باو و بەشێک لە ژیانی کۆمەلایەتی(شەخسی) و ئابوری بۆ چینی بۆرژوازی دروست دەکات. لەمبارەوە مەسروفاتی شەخسی سەرمایەداران لە کڕینی کەمالیات و سەیارە و کۆشک و تەرفیهات و دەیان بواری ناپێویستی تر کە لەداهاتی سەرمایەوە بۆیان سەرفدەکرێ دەبێتە گۆشەیەکی ژیانی کەسایەتی بۆرژواکان. لەئاستی کۆمەڵایەتیشدا، مەسرەفکردنی دەزگا ئاینیەکان هەر لەوەزارەتی ئەوقاف و حەج و عەمرەوە تا تۆڕی مزگەوت و کەنیسە و مەلای موچەخۆر، تا میدیای زەبەلاحی حزبی و حکومی، کارمەند و دەزگاکانی تویژینەوە و "ڕوناکبیری"، راوێژکارانی بورەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، پاسەوان و هێزەکانی پۆلیس و دەزگاکانی سەرو خەڵکی و باندەکان.. هەموو ئەمانە وەک پەلوپۆی ناپێویست و زیادە، کە هیچ ڕۆڵێکی پیویستیان لەژیانی هاولاتیاندا نییە، لەداهاتو بودجە پارەیان بۆدابین دەکرێ. ئەم دابینکردنە خۆی بەفیڕۆدانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە چینی فەرمان ڕەوا بۆ سەرکوت و گێژکردنی جەماوەر و ڕاگرتنی جیاوازیە چینایەتیەکان و سیستەمی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەستیان بۆدەبرێ. بەم پێیە گەندەڵی لە بەرجەستەکردنەوەی هەردوو ئەم شکڵەوە، چ بە سەربەخۆ چ لەڕێگای تێکەهەڵکێشکردنیانەوە، لەکۆمەلگای سەرمایەداری و دەسەڵاتەکەیەوە سەرچاوەدەگرێ. کەسێک ئەگەر بیەوێت بەکردەوە سیاسەتی بنبڕ کردنی گەندەڵی بەدەستەوە بگرێ، دەبێ سەرتاپای ئەم نیزامە ئابوری و سیاسیە بگۆڕێ و ڕێگا بکاتەوە بۆ سیستەمێک کە کاری بەکرێی تیا هەڵوەشێنێتەوە و جەماوەری ڕێکخراو ئیرادەی ئەوان بەسەر کردە ئابورەی و سیاسی و قانونی و بازرگانیەکاندا زامن بکا و هوشیارانە چاودێربن بەسەریدا. لەم ڕوانگەیەوە"شەفافیەت و چاودێری" ئەگەر لەهەرەئاستی باڵا و کارابوونی خۆیدا بتوانێ ئاست و ڕێژەی گەندەڵی دیاری بکات بەڵام هەرگیز ناتوانێت بەیکجاری لەکۆمەڵگادا بن بڕ بکات.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

بەلام نابێ ئەوەش لەبیرکەین کە فۆرمی حکومەتی و دۆخی سیاسی و ئابوری و جۆری سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەلایەن چینی فەرمان ڕەواوە کاریگەری هەیە لەسەر دامێن و ئاستی بەرینبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەهەر وڵاتێکدا. لەکوردستاندا بە بەراورد بە وڵاتانێکی وەک ئەوروپا، کە دۆخێکی تایبەتی سیاسی و ئابوری خۆی هەیە، دیاردەی گەندەڵی بۆسەر ئاستی تالانچێتی و کردە مافیاییەکان هەڵکشاوە و ڕۆچوتە ئاستی گەندەڵ کردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانو بەشێکی زۆر لە چینە دەستەنگەکانیشی گرتۆتەوە. لە حالەتێکی وادا دروست نییە دیاردەی گەندەڵی لە کوردستان لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نیودەوڵەتیەوە دەستەبەندی بکرێ وەیا بەوڵاتانێکی تری ئەوروپایی بەراورد بکرێ، بەڵکو دەبێ لە لیستی ناوی وڵاتگەلێکی وەک سۆماڵ، نەیجیریا، لیبیا، یەمەن، .. دا بۆی بگەڕێین. بێگومان هۆکاری ئەم واقعیەتەش تەنها بەنارۆشنی مانەوە و نەبونی داتا و تاریکاندنی زانیارەکان و کارانەبوونی دەزگاکانی چاودێرەوە بەند نییە وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان سیاسەتی چاکسازی خۆی لەبەرامبەردا خستۆتە ڕوو، بەڵکو هۆکارەکەی ئەو دۆخە تایبەتەیە کە سیستەمی سیاسی و ئابوری کوردستانی ژێرسایەی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی و بازاڕی کۆماپانیاکانیان ڕێکیانخستووە. کەوایە با بزانین ناوەڕۆک ولایەنەکانی سیاسەتی چاکسازی بزوتنەوەی گۆڕان بەرامبەر بەم دۆخە چییە و لە کوێدایە؟

لەم بارەوە پرۆگرام پێمان دەڵێت:

" بزوتنەوی گۆڕان بڕوای وایە <u>بودجەی هەرێمی کوردستان</u>، کە لە بەرکەوتی بودجەی فیدراڵ و <u>داهاتی ناوخۆی</u> هەرێم پێکدێ، <u>موڵکی هەمو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە بێ جیاوازیی.</u> هەر هاوڵاتییەک، لە دەسەڵاتدا بێت یان بەرهەڵستکار، حیزبی بێت یان سەربەخۆ، نیشتەجێی هەر شوێنێک بێ، مافی خۆیەتی لە بودجە و وردەکاریەکانی بپرسێتەوە، مافی خۆیەتی دەستی رابگا بە سەرچاوەکانی زانیاری میدیایی و زانیاریی فەرمی سەبارەت بەشێوازی بەکارهێنانی ماڵ و موڵکی گشتی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، <u>مافی خۆیەتی لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە لە پەرلەمان،</u> ئاگاداری وردەکاریەکانی سیاسەتی ئابوری بێت و <u>قەناعەت بکات کە بەرکەوتی خۆی و خێزان و منداڵەکانی لە ماڵ و موڵک و سامانی نیشتمانی پارێزراوە.</u> —

## خەسرەو سایە

هێڵی تەئکید هی ئێمەن-

با وادابنێین کە "بودجەی هەرێم" لەبەرکەوتی بودجەی فیدراڵ و داهاتی ناوخۆی هەرێم پێکدێت، بەڵام چۆن وبەچ پێوانەیەک بودجە "موڵکی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمە بەبێ جیاوازی"!؟ ئایا ئەمە دەربڕینێکی چاوبەستانە نییە لە هاوڵاتیان لەکاتێکدا کە دەسەڵات و بڕیار لە دەستی کەمایەتەیکدا بێت و هاوڵاتیانش لەدەرەوەیدا ڕاگیرابێت؟ پاشان ئەگەر بودجەی هەرێم موڵکی هاوڵاتیانە چۆن و لەڕێگای چ سیستەمێکی دابەشکردنەوەوە دەدرێت بەتاکی کۆمەڵگا و میکانیزم وپیوانەی ئەم دابەشکردنە بەسەر تاک و خێزان و شارەکان و گوندەکاندا چۆن پەیرەوی لێدەکرێ؟ کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی پێوانە و میکانیزمەکانی دابەشکرنی بودجەوە قسەیەک ناکا و خوێنەر هەواڵەی دەربڕینێکی عامیانە دەکات بەوەی کە "بودجە موڵکی هاوڵاتیانی هەرێمە بەبێ جیاوازی"، هەمان دیدگا و بۆچونی بۆرژوازیانە دووپات دەکاتەوە کە دەستەی فەرمان ڕەوایی لەهەر وڵاتێکدا سەبارەت بە"موڵکی گشتی" دەیدات بە گوێی خەڵکیدا، لەوانە دەوڵەت باوکی خەڵکە، ئەموالی دەوڵەت موڵکی هەموانە، پۆلیس و ئاسایش و سوپا و دەزگا سەرکوتکەریەکانیتر .. بۆ ئاسایشو ئەمنیەتی هاوڵاتیان دامەزرێنراون!، لەکاتێکدا خودی ئەم دەزگایانە بەخودی بودجە و داهاتی ناوخۆوە بەدەست چینی دەسەلاتدارەوەیە و سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەوان ئاڕاستەدەکا و هیچ هاوڵاتیەکیش خێری لێنابینێت. ئایا هاوڵاتیەکی سادە دەتوانێ "قەناعەت" بەوە بکات کە لەبودجە و داهاتی ناوخۆدا، کەلەدەست ئەحزابی تالانچیو دزو جەردەدا کۆدەبێتەوە "بەرکەوتی خۆی و خێزانەکەی" پارێزراوە؟ لەڕاستیدا ئەوە چینی بۆرژوازیە کە بودجە و داهاتی چینایەتی خۆی بە"سامانی نیشتمانی" دەچوێنێ و دەیەوێت وانیشان بدات کە خەڵک بەرکەوتی تێدا هەیە، ئەمەش کارنامەیەکە بۆ قایل کردنی هاوڵاتیانی ژێردەستی خۆی، لەکاتێکدا ئەوە هاوڵاتیانن بەو هەموو سامانە نیشتمانیەوە کە لەئارادایە، هێشتا ژیانی کرێنشینی و بێسەرپەنا، ژیانی نەخوێندەواری و بێخزمەتگوزاری لە ئاو وکارەبا و تەندروستی و ڕێگاوبانی خراپدا ژیان بەسەردەبات. ئەوە ئەوانن کە بێکاری و هەژاری و نەداری بەشی ژیانیانە بەم حاڵەوە ئەبێ چ "بەرکەوتێکیان" لە بودجە و "سامانی نیشتیمانی"دا پارێزراوبێت!

لەکەنار ئەم باسەدا، پرۆگرام مەسەلەی "مافی دەستڕاگەیشتنی هاوڵاتیان بە سەرچاوەکانی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

زانیاری میدیایی و زانیاریی فەرمی سەبارەت بەشێوازی بەکارهێنانی بودجە و داهاتی هەرێم و سیاسەتی ئابوری و دارایی" دێنیەتە ئاراوە. بەلام لەم بارەشەوە سەر ڕاستانە ئەم مافە بەرجەستە ناکاتەوە و داکۆکی لێناکات، بەتایبەتی کە ئەم مافە مەرجدار دەکاتەوە بە"نوێنەرە پەرلەمانیەکانەوە". واتە مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریەکان و لێپرسینەوە لە دەسەلاتداران، لەسەر بەکارهێنانی "ماڵو موڵکی گشتی" دەخاتە گرەوی ئەندام پەرلەمانەکانەوە کە بەنوینەرایەتی حزبەکان لەپەرلەماندان. بەجۆرێک هاولاتیەک ئەگەر بیەوێت بپرسێتەوە وەیا دەستی بە زانیاریە ئابوریەکان ڕابگات دەبێ هانا بۆ پەرلەمانتارەکان بەرێت و لەم ڕێگایەوە مافی دەستراگەیشتن بەزانیاریەکانی خۆی مومارەسەبکات! ئەمە ئیتر بلۆف لێدانێکە لە هاولاتی و سنوردارکردنەوەی مافی دەستڕاگەیشتنی ئەوانە بەزانیارەیەکان. بەلام چاکسازیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەم بارەوە ڕووی لەکویە؟

پرۆگرام لە چواردە خاڵدا وەلامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە بەکۆمەڵ ئاراستەن بۆ"ڕۆشنکردنەوەی بودجە و دابینکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی"، "سپاردنی پرسی پەسەندکردنی بودجە بە پەرلەمان"، "کاراکردنی رۆڵی پەرلەمان دادگاکان و دەستە و دەزگاکانی نەزاهە و چاودێری دارایی"، "پێڕەوکردنی ڕۆشنی (شەفافیەت) دەربارەی گفتوگۆی سیاسی، دارایی، سەربازیی"، "پێڕەوکردنی رۆشنی دەربارەی بازاڕ"، "پێڕەوکردنی رۆشنی لەسەر پرۆژەکانی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریی وتەندەر و کۆنتەرات و گرێبەستی نێوان حکومەت و دەوڵەتان و کۆمپانیاکان"، "لێپێچینەوە لە سەرپێچیی دارایی و کارگێڕی"، "دامەزراندنی دەزگایەکی ئامار و لێکۆڵینەوەی زانستی و پیشەیی"... هەموو ئەم خاڵانەش جگە لەوەی هەنگاوگەلێکی تەکنیکین و زیاتر خولانەوەیە بەدەوری کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەزگاکانی دەوربەری، بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بە ژیانو گوزەرانی هاولاتیانەوە نییە و زیاتر ئاڕاستەن بۆ نەهیشتنی کەموکوریەکانی دەسەلات و سیستەمێک کە چەند حزبێکی تالانچی و کۆمپانیاکانیان لەسەری ڕاوەستاوە. تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو خالانە کە ڕیزکراون بەکردەوە دەر بهێنرێن ئەوا چاکسازیەکی ئەوتۆ لەژیان و گوزەران و دەرامەتی هاولاتیاندا بەدی ناهێنێ. لەم هەنگاوانەدا کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدوایدا وێلە و خستویەتەیە خانەی چاکسازیە ئابوری و دارییەکانەوە، هیچ قسەیەک لەزیادکردنی کرێ، بیمە

کۆمەڵایەتیەکان، خزمەتگوزاریەکان، ماوەی خانەنشینی و مافەکانی ژنانی منداڵبەر و کار بۆ گەنجان و.. دەیان مەسەلەی لەم جۆرە ناکات. بەمجۆرەش ئاراستەیەک کە بزوتنەوەی گۆڕان لەچاکسازیە ئابووری و داراییەکاندا بەدواوەیەتی، شتێکیتر بەرجەستە ناکاتەوە جگەلەوەی کە دەسەڵات و سیستەم تەعدیل بکا و گرفتەکانی سەر ڕێگای هەڵگرێ، ئەمەش ئاکامێکی مەنتقی بەرنامە و پرۆگرامی حزبێکە کە بەشوێن خولیای "هەرێمێکی بەهێز وژێرخانێکی ئابوری بەهیز"ەوەیە، کەبڕیارە لەسەر رەنج و میحنەتی هاوڵاتیانی دەستدەنگ دامەزرێ.

لەپەیوەند بە بەندی "ڕۆشنی سیاسەتی دارایی" هەرێمەوە پرۆگرام هەنگاوە چاکسازیەکانی دەباتەسەر بابەتی سیستەمی باج و ئاوا لەبارەیەوە قسەدەکات:

> پێڕەوکردنی دادپەروەری لە سیستمی باجدا، بەجۆرێک سەپاندنی باج بۆ قەبەکردنی دارایی حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەکار نەهێنرێت، بەڵکو بۆ ڕاگرتنی دادی کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزیی و بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتیان بە دەوڵەمەند و هەژارانەوە.

ئەو ڕستانەی سەرەوە کە بە تەعبیرێکی ڕۆمانسیانە لەبارەی سیستەمی باجەوە دەدوێ، هیچ نادات بەدەستەوە و پێمان ناڵی کە چۆن و بە چ میکانیزمێک و کامە ئاست لە دادپەروەری لەخۆیدا پەیڕەو دەکا!، تەنانەت پێمان ناڵێت کە چۆن ژینگەدەپارێزێ و بەرژەوەندی هاوڵاتیان بە"دەولەمەندو هەژارەوە دەپارێزێ"! ئەوەی کە تەئکیدی لێدەکاتەوە تەنها ئەوەیە کە "سەپاندنی باج بۆ قەبەکردنی دارایی حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان بەکار نەهێندرێت"، قسەیەکی ئاواش لەچوارچێوەی گلەییکردن لە حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان زیاتر تێناپەڕێت.

ئاشکرایە کە سیستەمی باج لەهەروڵاتێکدا لە چوارچێوەی فۆرمە ئابوریەکان و ئاستی دەخاڵەتی دەوڵەت لە بازاڕدا دیاری دەکرێ و بەم پێیەش ئیعتباری قازانجی سەرمایەداران و کۆمپانیاکان لەبەرامبەر پاراستنی کۆمەڵگا و ستانداری ژیانی هاوڵاتیان دەخاتە ململانێوە. بەڵام لەسایەی ئابوری سەرمایەداریدا، فۆرمە ئابوریەکان هەرچیەک بن سیستەمی باج لەبنەڕەتەوە ڕێگایەکە بۆ کۆکردنەوەی داهاتی دەوڵەت و ڕاگرتنی بالانسی بازرگانی و جوڵەی پارە و بەرهەمهێنان لەناوخۆدا بەرامبەر بەدەرەوە. لەم پەیوەندەشدا گەڵێ جار

دەوڵەت بۆ هاندانی کردەی بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی کالاّ و ڕاکێشانی دراوی بیانی، وەیا بەمەبەستی "حەزر" دانان لەسەر کالاّگەلێک کە بەکارهێنانیان زیانی بە تەندروستی کۆمەلاّیەتی هەیە، بۆنمونە "مەوادی کحولی، جگەرە.."، سیاسەتی تایبەت لە ڕێکخستنی باجدا پەیڕەودەکات کە بۆ هەندێ حاڵەتیان کرانەوە و هاندانی کردە ئابوریەکانی بەدواوە دەبێ و لە هەندێک حاڵەتی تریشدا، داخران و سەختگیری پەیڕەودەکرێت. بەلاّم لە تەواوی ئەم پرۆسەیە و نمونەکانیدا، باج وەک ئەوەی کۆکردنەوەی داهاتە لەدەستی دەسەلاّتدا، ناتوانرێ شتێکی جیابێت لە"قەبەکردنی دارایی"، واتە بەدەربێت لە جۆرێک کەڵەکە و چڕبوونەوەی پارە و سەرمایە.  تا ئەو جێگەیەشی بزوتنەوەی گۆڕان سیستەمی باج بە "دادپەروەری و بەدیهێنانی دادی کۆمەلایەتی و بەرژەوەندی گشتی"یەوە دەبەستێتەوە، ڕێگایەکی تر نییە جگە لەوەی کە دەوڵەت "سیستەمی باجی ڕوولەسەر" لەسەر سەرمایەی گەورە و مام ناوەند و ئەو کۆمپانیایانەی کەداهاتیان بەرزە دابنێ، و سالاّنە لەچاو زیادبوونی قازانجەکانیاندا ڕێژەکەی بچێتە سەرەوە، بەلام دیارە بۆئەوەی ئەم سیستەمە لە باج کۆمەک بکات بەکەمکردنەوەی قەڵشتی چینایەتی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان، دەبێ سیستەمی بیمە کۆمەلاّیەتیەکان و بەرینکردنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و دابینکردنی خۆڕاییان وەک ئەرکێکی دەوڵەت لە کارنامەی حکومەتدا جێگیرکرابێت، تەنها لەم ڕیگایەوە دەتوانرێ "دادی کۆمەلایەتی" پەیڕەوبکرێ. وەک لەنمونەی فۆرمی ئابوری دەوڵەتی سۆسیال دیموکراتەکانی دەیەکانی ٧٠و ٨٠ی ئەوروپادا بە ئاستێک لەژێر فشاری نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا پەیڕەوی لێکراوە. بەلاّم کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان نەک هیچ قسەیەک لەم بارانەوە ناکات و بەسەرەقەلەمێکیش نەیهێناوەتە نێو پرۆگرامەکەیەوە، هەرئیدعایەک لەسەر دادپەروەری و بەرژەوەندی گشتی بکات، قسەیەکی پوچ و بێناوەڕۆک بەگوێی خوێنەردا دەدات.

## ٢/ سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان، نیگەرانی لە چیە؟

لە بەندێکی تردا بەناوی "سامانی سروشتی و دانانی سندوقی نەوەکان"ەوە، پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕان سیاسەتی نەوت و گازی خۆی خستۆتەڕوو. ناوەرۆکی ئەم سیاسەتە چیە و چ جیاوازیەکی لەگەڵ سیاسەتی کارپێکراوی تائێستای حزبە دەسەلاتدارەکاندا هەیە؟

لەم پەیوەندەشدا بزوتنەوەی گۆڕان لە چی نیگەرانە و بەشوێن هەڵگرتنی چ گیروگرفتیەکەوەیە؟ بۆ وەڵام بەم پرسیارانە وا باشترە خودی پرۆگرام بکەینە بەڵگە و بەخستنەڕووی چەند پەرەگرافێک لە دەرگای چەند باسی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە بدەین:

سەرەتا پرۆگرام "سامانی سروشتی (نەوت و گاز) لەنێوان نیعمەت ونەفرەت"دا ڕادەگرێ و دەڵێت:

" ئەزمونی وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە سامانی سروشتی (وەک نەوت و گاز و کانزاکان) ئەوەی سەلماندوە کە سامانی سروشتی بەهەمان ئەندازەی کە دەکرێ <u>ببێتە نیعمەت</u> بۆ گەلان، بۆ بنیاتنانی ژێرخان و گەشەدان بە سامانی مرۆیی و خۆشگوزەرانی... لە هەمان کاتدا دەشێ <u>ببێتە نەفرەت</u> و لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسیەوە دژی بەرژەوەندی گەلان بەکاربهێندرێ".

لەم دەربڕینەدا، بەئاشکرا سامانی سروشتی کە مەبەست لێی نەوت و گازە لە"نیعمەتێکەوە" کراوەتە بەڵایەک بەسەر "گەلانەوە" و ئەو وێنایەش دەدات بەدەستەوە کەگوایە بەڵاو موسبەتەکانی سەرشانی هاوڵاتیان بەو هۆیەوەیە کەوڵات خاوەنی ئەمجۆرە کانزایانەیە! لەدیدیکی ئاوا فیزۆکراتی و سادەگەراییدا، یاساکانی ئابوری چ لەئاستی جیهانی و چ لەناوخۆدا، نەوت و کانزاکانی هاوشێوەی، وەک کاڵا و سەرچاوەیەکی داهات تا ئاستی "نەزانین" هێنراوەتە خوارەوە. هاوکات لەم بۆچوونەدا ڕق بوونەوەی چینایەتی هاوڵاتیان لەدەسەڵات و سیستەمێک کە دەستی بەسەر سامانە سروشتیەکاندا گرتووە و بۆ مەرامی سیاسی و ئابوری خۆی بەکاری دێنێ، گۆڕدراوە بە ڕقبوونەوە لەخودی کانزاکان، بەرادەی ئەوەی گەر جەماوەر بیانەوێت ژیانی نابەرابەری ئێستایان بگۆڕن دەبێ کان و سەرچاوەکانی ئەم کانزایانە بکەنە نیشانەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان نەک دەسەڵات و سیستەمێک کە لەئارادایە. ئەمە لەکاتێکدایە تەواوی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، لەگەڵ ئەوەدا کە بەرهەمهێنانی ئەم کاڵایەیان، بەم یان بەو ئاست ئاڕاستەکردووە بۆ" بنیاتنانی ژێرخان و گەشەدان بە سامانی مرۆیی و خۆشگوزەرانی"، کەچی بەو هۆیەوە کەسیستەمێکی سیاسی و چینایەتی بەسەریاندا زاڵە هێشتا گیرۆدەی دەیان کیشە و گرفتن و دووبارەش بەڵاو موسیبەتەکانی زۆرینەی هاوڵاتیان لە هەژمارنایەت. نمونەی وڵاتانی کەنداو، فەنزەوێلا، نەیجیریا، ئێران.. کە ئابوری وڵاتەکانیان بە پلەی یەکەم لەسەر داهاتی

نەوت بەڕێوە دەبرێ، تونراوە پەرەسەندنێکی ئابوری بەخۆیانەوە بگرن و ژێرخانی ئابوری و سامانی مرۆیش ببوژێننەوە، بەڵام هەرلەم وڵاتانەدا جیاکاری چینایەتی وبێکاریو هەژاریو سەدان دەردومەینەتی ڕوبەرووی هاوڵاتیان کراوەتەوە.

لە دونیای ئەمرۆدا نەوت چ وەک سەرچاوەیەکی ئینێرژی و چ وەک کاڵایەکی جیهانی، جێگایەکی گرنگی لە ئابوری و کاردابەشکردنی بازاڕی جیهانیدا گرتووە، بەڕادەی ئەوەی کە لە چوارچێوەی یاساکانی وەبەرهێنان و ناردنەدەرەوە و بازرگانی پێکردنی تایبەتەوە لەئاست جیهاندا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بڕانەوەی مافی تەسەروفی وڵاتی (هەقی حاکمیەت)، بنەمای کارپێکردنی هەروڵاتێکە لەجوگرافیای بازاڕی جیهاندا و هەر ناوچەیەک لەم هەقە بەهەرەمەند نەبێ، واتە وەک دەوڵەتێکی بەڕەسمی ناسراوی نێونەتەوەی بەهرەمەند نەبێ، ناتوانێ ئازادانە نەوت بەرهەم بهێنێ و هەناردەی دەرەوەی بکا و لەنێو پەیکەرەی بازرگانی و بەدەست هێنانی داهاتی جیهانیدا بۆ ئەم کاڵایە قەرار بگرێ. مەگەر ئەوەی ڕێگای قاچاغ و نایاسایی بگرێتەبەر کە لەمەشدا سزاگەلێکی توندی بەدواوەدەبێت. بەدیوێکی تریشدا نەوت وەک کاڵایەکی جیهانی کاتێک دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ هەروڵاتێک کە لە کاردابەشکردنی جیهانیدا، بەرهەمهیانی ئەم کاڵایەی لەسەر بنەمای یاسای "کەمی تێچون و زیدەی قازانج" بۆ بەڕەسمی ناسرابێت. لەمبارەوە دونیا شاهیدی وڵاتانێکن کە خاوەنی ئاستێکی بەرزن لەنەوتی سپێر، بەلام بەوهۆیەوە کە لە کاردابەشکردنی جیهانیدا ئەو ڕۆڵەیان بۆ بەڕەسمی نەناسراوە، بەهۆی هەمان ئەو یاسایەوە کە ئاماژەمان پێدا، نەوت ئەو جێگاوڕێگایەی نییە لەچاو وڵاتانیکدا کە بە بەرهەمهێنەری نەوت ناسراوە. دیارە ئەم پێوانانەی کە باسمان کرد بۆ هەر کانزایەکی تر لەوانە مرواری، ئالتون گۆگرد، ئاسن و ئەلەمنیۆم... هەمان شێواز دەگرنە خۆیان.

نەوتی کوردستان بۆیە بە"نەفرەت" کراوە چونکە هەر هاوڵاتیەکی سادەی کوردستان ڕێچکەی تەنکەرە نەوتی قاچاغ و هەواڵەکانی بلۆک کردنی پارەی نەوتی چەند مانگی تۆڕی بۆریەکانی جیهان لەلایەن تورکیاوە دەبینێ و دەبیستی، لەبەرامبەریشدا ژیانی بێکاری و نەبوونی موچە و بێدەرەتانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی هەست پێدەکا و لەوەش ئاگادارە کەچۆن نەوت بۆتە "نیعەمتیک" بۆ کۆکردنەوەی پارە و داهات لەگیرفانی بەرپرساندا، بەڵام خودی هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە کوردستان دەوڵەت نییە و بەدەست چەند حزبێکی

میلیشیایی و سەرو خەلکیەوەیە. بزوتنەوەی گۆڕان کە تەجروبەی دەسەلاتداریتی لەکوردستان بەدەستکەوتی "گەلی کورد" دەناسێنێ و نایەوێت ئەم ڕاستیە ببینێ و لەکەداری بکات چونکە خۆی لایەنێکی دروستکەری بووە تائێستاش قاچێکی لەم تەجروبەیەدایە بۆیە "نەفرەت" لەنەوت دەکات. بەلام بابزانین نیگەرانیەکانی ئەم حزبە چییە؟:

بەکارهێنانی سامانی سروشتی بەبێ بونی سیستمێکی چاودێری ڕۆشن، بەبێ پلانی نیشتمانی کە بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و ئایندەی نیشتمان لەبەرچاوبگرێ، چەندین پاشهاتی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، لەبابەتی بەکارهێنانی سامانی سروشتی لە بەرژەوەندی دەسەلاتداران، بەکارهێنانی بۆ ترساندن و فریودان و کڕینی ویژدان و وەلای هاولاتیان، بلاوکردنەوەی تەمبەلی و بەفیرۆدان و تەشەنەکردنی دیاردەی بەرخۆری.

دوای ئەم قسانە ئیتر ڕۆشن دەبێ کە بزوتنەوەی گۆڕان لەچی نیگەرانە. نیگەرانە لەوەی کە سیاسەتی نەوتی هەرێم کە لەلایەن حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستانەوە بەڕێوەدەچێ "سیستەمێکی چاودێری ڕۆشن" بەسەریدا زاڵ نییە، "بەبێ پلانی نیشتمانی کە بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و ئایندەی نیشتمان لەبەرچاو گرتبێ" بەڕێوەدەبرێ، نەوت و داهاتەکەی بۆ "ترساندن و فریودان و کڕینی ویژدان و وەلای هاولاتیان و بلاوکردنەوەی تەمبەلی و بەفیرۆدان و تەشەنەکردنی دیاردەی بەرخۆری"بەکاردێت.. بەلام ئەم نیگەرانیانە ئەگەر ڕاستی تێدابێت هێشتا ئێمە و خوینەران ناباتەوە سەر راستی سیاسەتێک کە حزبە بۆرژوا ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکان لەبەرامبەر داهاتی نەوتدا پەیرەوێ لێدەکەن:

**یەکەم:** بەپێچەوانەی بزوتنەوەی گۆڕانەوە "سیستەمی چاودێری ڕۆشن" بەسەر کردەی بەرهەمهێنانو فرۆشی نەوتو بەتالان بردنی زاڵە بەسەر سیاسەتی نەوتی هەرێمدا، بەڵام دیارە بەو جۆرە نییە کە حزبی گۆڕان بەدواوەیەتی. بەدڵنیایەوە سیستەمێک کە "وەزارەتی سامانە سوروشتیەکان"، بەڕێوەی دەبات پول بەپولی داهاتی نەوت و بەرمیل بەبەرمیلی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەحساباتی وەزارەتەکەی ئاشتی هەورامیدا خستۆتە چاودێری ڕۆشنەوە. بگرە دەزانێ بەپێی چ پلانێکی ڕۆشنی سیاسی لەکێشەمە کێشە سیاسەکاندا هەم لەبەرامبەر بەغدا و هەم لەدژی حزبە نەیارەکانی پارتی بەکاری بهێنێ و بۆ چ ئامانجێک ئاڕاستەی بکات. بەڵام ئەوە بزوتنەوەی گۆڕانە کە تەنها سورەتێکی دڵخوازی خۆی دەبینێ

و نایەوێت ئەم چاودێریە ڕۆشنە و ئەم پلانە سیاسیەی پارتی ببینێ. نەوتی کوردستان و داهاتەکەی سیاسی کراوەتەوە، ئەمە بەومانایەی کە خەونی پارتی وەک نوینەری سەرەکی بۆرژوازی کورد چاوی لە "سەربەخۆیی کردنی ئابوری کوردستانە" وەک ئامانجێک لەسەر ڕێگای گەیشتنی پارتی بە "دوبەیەکی کوردی" کە دیارە نەوت ئەو سەرچاوەیەیە دەتوانێ ئەم ئامانجە بەکردەوە دەربهێنێ و دواین گەرویی هەناسە هەڵکێشانەکانی پەیوەندی لەگەڵ بەغدای پێ بپچڕێنێ، کە حزبگەلێکی وەک گۆڕان و یەکیەتی هێشتا لێوەی هەناسەی "عێراقێکی فیدڕالی" دەدەن. لەم بارەوە هەم نارۆشنیەک لەئارادا نییە و هەم پلانێکی سیاسیش لەگۆردایە. بەڵام ئەوەی کە وەک نارۆشنیی لای بزوتنەوەی گۆڕان ماوەتەوە هەمان سورەتی خەیاڵ پڵاوانەی ڕیفۆرم خوازانێکە کە پێیان وایە لەسایەی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایدا "سیستەمی رۆشن و پلانی نیشتمانی و بەرژەوەندی نەوەکان" مومکینە.

**دووەم:** ئەوەشی دەگەڕیتەوە بۆ کڕینی ویژدان و وەلای هاوڵاتیان و پەرەگرتنی دیاردەی تەمبەڵی و بەرخۆری، دەبێ ئەوە بڵێین کە هیچ دەسەلاتێک نییە داهاتەکانی کۆمەڵگا بۆ خزمەتی سیاسەتەکانی بەکار نەهێنێت، لەمبارەوە نیگەرانیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە شوێنی خۆیدا نییە و مەعلومە کاتێک ئەویش لە مەوقعیەتی حزبی باڵادەست و دەسەڵاتداری یەکەمدا ببینینەوە هەمان ئەو سیاسەتە لەبەرامبەر نەوتدا بەڕێوەدەبات کە رووی لە بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆیدایە چ لەئاست کۆمەڵگا و چ لەبەرامبەر حزبە نەیارەکانیدا. بەڵام ناوەڕۆکی سیاسەتی نەوت وگازی بزوتنەوەی گۆڕان، چیەو چ جیاوازیەکی لەگەڵ حزبە دەسەلاتدارەکان هەیە؟، لەمبارەوە پڕۆگرام دەڵێت:

> بزوتنەوەی گۆڕان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا، بە چاودێریکردنی سیاسەتی نەوت و گاز و شێوازی دەرهێنان و بەکارهێنانی سامانی سروشتی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەوە، ئەو بڕوایەی لا دروست بوە کە ئەو سیاسەتە، لەدەرەوەی چاودێری پەرلەمان و رای گشتی، بە ئاقارێکی مەترسیداردا دەجوڵێ و پلانێکی نیشتمانی رۆشن بۆ بەکارهێنانی سامانی سروشتی هەرێم لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەئارادا نیە.
>
> <u>لە کاتێکدا بزوتنەوەی گۆران سەرمایەگوزاریی کۆمپانیا بیانیەکان لە بواری سامانی سروشتی هەرێمدا بەپێویست دەزانێ</u>، بەڵام لە هەمان کاتدا بڕوای <u>وایە</u>

<u>نابێ گرێبەستە نەوتیەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا تەنها بۆ شەڕی سیاسی لەگەڵ بەغدا</u> و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابوری دەسەلاتدارانی ئێستای هەرێم بەکاربهێندرێ، نابێ لە گرێبەستەکاندا بەرژەوندی گەلی کوردستان و نەوەکانی داهاتو لەبەرچاو نەگیردرێ. پێویستە گرێبەستەکان، بەر لە ئیمزاکردنیان لەلایەن حکومەتەوە، بە کەناڵی لیژنەکانی پەرلەمان و بە کەناڵی راوێژکاریی دەستوری و تەکنیکی پێویستدا تێبپەڕن و لایەنە باش و خراپەکانیان بۆ ڕای گشتی ڕون ببنەوە.

ئێستا ڕۆشنە کە سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان و جیاوازی لەگەڵ سیاسەتی "دەسەلاتی ئێستای هەرێم"دا لەوەدایە کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا ڕۆڵی چاودێری دیوە و پاشان بۆی دەرکەوتووە کە سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم لەدەرەوەی چاودێری پەرلەمان و ڕای گشتیدا بووە و هاوکات پلانێکی نیشتمانی ڕۆشن لەئارادانەبووە! بەلام لەهەردوک ئەم بارەدا ئەم جیاوازی کردنە بەزیانی خۆی تەواو دەبێت، چونکە بزوتنەوەی گۆڕان هەم خۆی بەشێک بووە لەحکومەتی بنکەفراون ولایەنێکی بەشدار بووە لەسیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمدا و هەمیش لەپەرلەماندا کیتلەی دەستڕۆیشتووی دووەم بووە. هەربۆیە لەگەڵ ئەو پرسیارە بەرەو ڕووە کە ئایا بۆ نەیتوانیوە نەوت بخاتە ژێر چاودێری پەرلەمان وڕای گشتیەوە! بۆ نەکراوە بەپێی "پلانێکی نیشتمانی ڕۆشن" داهاتەکەی ئاڕاستەبکات؟ بەلام دیارە ئەم گلەییانەی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەیە ئێمە و خوێنەر بخاتەوە بەردەم بیستنی هەمان ئاوازەوە و بەمەش جیاوازیە سیاسیەکانی خۆی ڕاگەیەنێ، کە ئەویش ڕۆڵی پەرلەمان و سیاسەتی نیشتمانیە. لەراستیدا ئەو سیاسەت و پلانەی لەم پێوەندەدا دەسەلاتداران پەیڕەویان لێکردووە هەم بەبڕیاری پەرلەمان بووە هەم لەژێر چاودێری لیژنەکانیدا بووە و بگرە بە پلانیش چۆتەپێشەوە. بەلام پلانێک کە حکومەتی هەریم گرتویەتیەبەر ئەوە نەبووە کە ئاوی دڵی بزوتنەوەی گۆڕان بدات، چونکە پارتی کە لە حکومەت و پەرلەماندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و هەروەک وتمان پلانی ئەوە بووە کە نەوت سیاسی بکاتەوە، یانی لەکێشمەکێشی لەگەڵ بەغدادا بۆئامانجی "ئابوری سەربەخۆی کوردستان" بەدەستیەوە بگرێ بۆ ئەم ئامانجەشی بەهەر هۆیەکەوە دەستی پێی ڕاگەیشتبێ نەوتی بە سەربەخۆ ناردۆتە دەرەوە، ئەمە ئەو پلانەیە کە بزوتنەوەی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

گۆڕانی هێناوەتە سەر ئەو ڕەخنە و جیاوازیەی کە دەڵێت:" نابێ گرێبەستە نەوتیەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا تەنها بۆ شەڕی سیاسی لەگەڵ بەغدا و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابوری دەسەڵاتدارانی ئێستای هەرێم بەکاربهێندرێ". لەم هەڵوێستەشدا ئەو دەرئەنجامە وەردەگیرێ کە بزوتنەوەی گۆڕان بەجیا لە سیاسەتی ئابوری سەربەخۆی پارتی وحکومەتی هەرێم، گەرەکیەتی نەوت بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ بەغدا و "شەراکەت" لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا بەکاربەرێ. بەواتایەکی تر ئەگەر پارتی و حکومەت پلانیان بەرامبەر بە نەوت و داهاتەکەی ڕووی لەسەربەخۆیی ئابوری و دورکەوتنەوە لەبغدا بێت، ئەوا بزوتنەوەی گۆڕان ناوەڕۆکی سیاسەتو پلانەکەی لەم مەیدانەدا ڕووی لەشەراکەت و مانەوەیە لەگەڵ بەغداد دا! لەهەردوک ئەم پلان و سیاسەتەدا ئەوەی بۆ رای گشتی و بەرژەوەندی خەڵک دەگەڕێتەوە هیچ جیاوازیەکیان نییە، چۆنکە یەکەمیان بۆ ململانێ لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی بەکاری دەبا ودوەمیشیان بۆ شەراکەتو ڕیکەوتن لەگەڵیدا. بەلام خاڵێکی سەیرو سەمەرەتر کە لەو قسانەی سەرەوەدا خۆی خستۆتەروو ئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان "سەرمایەگوزاریی کۆمپانیا بیانیەکان لە بواری سامانی سروشتی هەرێمدا بەپێویست دەزانێ". ئەمەیان تەنها بابەتێکە کە بزوتنەوەی گۆڕان نایەوێت باسی"بەنشتمانی کردن"ی تیا بهێنێتەوە و دروست وەک هەموو حزبەکانی ناو دەسەلات خۆی وەک لایەنگری سەرمایەگوزاری کۆمپانیا بیانییەکان هەڵخستووە! حزبێکی وەک گۆڕان کە هەموو بابەتێکی سیاسی و ئیداری لە چەمکی "بەنیشتمانی کردن"ەوە ئاڵاندوە و کردویەتیە خۆراکی لێکدانەوە و ڕەخنەکردنی هەموو بابەتێک و لێرەوە خۆی وەک حزبێکی جیاواز هەڵخستووە، کەچی ئێستا دەبینین گرنگترین کایەی ئابوری کوردستان لەدەرەوەی ئەم چەمکە وەک یەکەیەتی و پارتی دەسپێرێ بەکۆمپانیا بیانیەکان و سەرمایەداری خسوسی و دەرەکی و بەم سیاسەتەشەوە باس لەوە دەکات کە داهاتی نەوت بخرێتە خزمەتی گشتیەوە! لەکاتێکدا هەر کەسێکی سادە دەزانێت کە لەم سیاسەتەدا کۆمپانیاکان مەرج و قازانجیان هەیە کە ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانە.

بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکی سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان پشتی بەستبێت بە"پلانی ڕۆشنی نیشتمانی"، "چاودێری کردنی پەرلەمان"، "سەرمایەگوزاری کۆمپانیا بیانیەکان"، لایەنەکانی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە چییە؟

لەم بارەوە پرۆگرام ۹ خاڵی بەدوای یەکدا ڕیزکردووە، کە لەدەوری چەند بابەتێکی تەکنیکیانەدا دەخولێتەوە. هەندێک لەم خاڵانە کە پەیوەندیان بەئاو کانزاکانی ترەوە هەیە بەپێویستی نازانین لێرەدا لەبارەیانەوە بدوێین بەلام لەسەر ئەو خالانە ڕاواستانێکی کورت دەکەین کەلەدەوری ئەم سیاسەتە دەخولێنەوە لەوانە:

- " دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ گەران و پشکنین و دەرهێنانی نەوت.."، وەک ئەوەی کەئەم بابەتە لەلایەن دەسەڵاتەوە پەیڕەوی لێنەکرابێ و نەخشەیان بەدەستەوە نەبێت بۆ گەران و پشکنین و دەرهێنانی نەوت!.

هەرکەسێکی سادە سەرنجی ئەو هەموو قونسوڵگەریانە و ئەو دەیان کۆمپانیا بیانیانە بدات کە لە کوردستاندا بەشوێن نەوت و دەرهێنانی نەوتەوەن، تەنانەت لێدانی تۆڕی لولەکێشی بەرەو دەربەندی جیهان، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە چ پلانێکی فراوان لەم بورەدا بەدەست دەسەڵاتەوەیە وخەریکی بەرهەمهێنانو ناردنەدەرەوەی نەوتە✠

- " لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتە دەستوریەکانی حکومەتی فیدراڵ لە بواری سامانی سروشتیدا و سودوەرگرتن لە ئەزمونی کۆمپانیا عێراقیەکان"،

ئەم خاڵە بەڕۆشنی نیشانی دەدات کە ئاراستەی سیاسەتەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەبەرامبەر نەوتی هەرێمدا، ڕووی لە بەغدا و شەراکەتە لەدەوڵەتی مەرکەزیدا. واتە نەوت و داهاتەکەی وەک کاڵایەکی سیاسی کراو بەدەستەوە دەگیرێ بۆ مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا. بەهای ئەم سیاسەتەیە کە ئەم حزبە لەبەرامبەر سەربەخۆیی

---

✠/ بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستاندا، تا سەرەتای تشرینی یەکەمی ئەمساڵ 2014 بەدیاریکراوی 18 هەزار و 395 کۆمپانیای خۆماڵی و 2 هەزار و 955 کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستاندا تۆمار کراون. لەو ڕێژەیەدا هەزار و 329 کۆمپانیای تورکی، 335 کۆمپانیای ئێرانی، 117 کۆمپانیای ئەمریکی و 81 کۆمپانیای ئەڵمانی هەن-بەگوێرەی ئاماری فەرمی حکومەتی هەرێم. لەناو ئەو کۆمپانیایانەدا، زیاتر لە 400 کۆمپانیا لە کەرتی نەوت کاردەکەن، کە کەمتر لە 80 لەو کۆمپانیایانە خۆماڵین و ئەوانی تر بیانین. ئەو ژمارانە لەکاتێکدا دێن، کە تا ساڵی 2013 بەدیاریکراوی 16 هەزار و 726 کۆمپانیای خۆماڵی لە کوردستان تۆمار کرابوون، هەروەک 2 هەزار و 656 کۆمپانیای بیانی هەبوون.

کوردستان و جیابوونەوەدا، بڕوبیانوی "نەبوونی ئابوری پتەو" بەدەستەوە دەگرێ.

• " کاراکردنی ڕۆڵی رەقابی پەرلەمان لە سیاسەتی نەوت و گاز و سامانی سروشتی، لە چاودێریکردنی ناوەرۆکی گرێبەستە نەوتیەکان بەر لە ئیمزاکردنیان لەلایەن حکومەتەوە".

هەروەها لەخاڵێکیتردا هاتووە:"هەموارکردنی هەر یاسایەک کە رێگریی بکا لە دەسەلاتی رەقابی پەرلەمان".. لەبارەی ئەم دوو خاڵەشەوە، ئەوەندە بەسە کە بڵێین رۆڵی رەقابی پەرلەمان بەسەر نەوتدا، نە بە داواکردنی کاراکردنەوەی پەرلەمان دەبێ و نە بە هێنانی یاسا دەتوانرێ بێتەدی، چونکە خودی پەرلەمان لەژێر سایەی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی وسیستەمێکدا کە لەسەر بنەمای تەوافقاتی ئەحزاب دامەزراوە، رۆڵێکی کارتۆنی و لاوەکی هەیە و ناتوانێ پێچەوانەی بڕیار و بەرنامەی حزبی باڵادەست هەنگاوێک هەڵگرێ. خودی تەجروبەی حکومەتی بنکە فراوان و پەکخستنی پەرلەمان و کێشەی سەرۆکایەتی ئەم ڕاستیەی بەکردەوە دەرهێناوە.

• " دانانی سندوقێک بەناوی "سندوقی نەوەکان، 50% داهاتی سامانی سروشتی بخرێتە ئەو سندوقەوە، بە مەبەستی پاشەکەوتکردنی بڕێک لە داهاتی نەوت و گاز و سامانی سروشتی بۆ نەوەکانی داهاتو، یان بەکارهێنانی لە کاتی قەیرانی ئابوری و گەمارۆدا".

•"تەرخانکردنی بڕێکی تایبەت لە داهاتی سامانی سروشتی (نەوت، گاز، کانزا و کانی ئاسن و... هتد) بۆ ئەو ناوچانەی کە خاوەن ئەو سامانەن، تا پرۆژەی بوژاندنەوە و ئاوەدانی زیاتریان تیادا ئەنجام بدرێت و لەئاست زیانی ژینگەییش قەرەبو بکرێنەوە"..

ئەمانە ئەو دووخاڵەن کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک داهێنانێکی عەجیب ئیزافەی کردووە بۆ سیاسەتی نەوت و گازەکەی.. لەمبارەشەوە یەکەم، پێمان ناڵێت کە"سندوقی نەوەکان" بەدەست کێوەیە و لەژێر چاودیری کێدایە و لەکوێ پاشەکەوت دەکرێ و تەنانەت بەبڕیاری کێ تەسەروفی لەگەڵدا دەکرێ؟ هەروەها لەسەر چ بنەمایەکی ئابوری و ئاماری لە ٥٠% ی داهاتی سامانی سروشتی دیاری کردووە؟ چۆن دەتوانرێ بڕی لەسەدا پەنجای داهاتی سامانی سروشتی بۆ سندوقی نەوەکان دابنرێ لەکاتێکدا ئابوری کوردستان لەبنەرەتەوە پشت بەداهاتی ئەم سامانە دەبەستێ؟ لەمانەش زیاتر دانانی

"برێک" (کەڕیژەکەی بەنادیار ماوەتەوە)- لەداهاتی سامانی سروشتی بۆ ئەو ناوچانەی کەئەم مادانەی تیا بەرهەمدێت، لەپاڵ دانانی لە٥٠%ی داهاتی سامانە سروشتیەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو، ڕێژەی چەند دەمێنیتەوە بۆ بودجەی سەراسەری هەرێم؟ ئەمەش بەو حاڵە سیاسیەوە و بەو سیستەمەوە لەبەرێوەبردنی وڵات کەهەرێم تیایدا قەراری گرتووە. ئایا حاڵەتێکی ئاوا لەگەڵ واقعیەتە ئابوریەکانی کوردستاندا دێتەوە و نابێتە مایەی تەنگژە لەبودجەی هەرێمدا؟

بەڵام بەسەرنجدان لە ناوەڕۆک و هەموو لایەنەکانی سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان، بەڕۆشنی ئەو ڕاستیە جێگیرە کە لەناوەرۆکدا جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیاسەتی زاڵ بەسەر ئەم بوارەدا نییە، کاتێک دەبینین قازانجی هاوڵاتیان و کاراکردنەوەی ڕۆڵیان لە تەسەروف کردن بە"سامانی سروشتی"و داهاتەکەیەوە، پەراوێز خرابێت. بەتایبەتی باسێک لەوە نییە کە نەوت لە بازنەی بازاڕ دەربکێشرێ و بەخوڕایی بخرێتەبەردەم هاوڵاتیان، باسێک لەوە نییە کە"بەنیشتمانی" بکرێتەوە و لە سەرمایەگوزاری کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیەکان ڕزگار بکرێ، تەنانەت قسەیەک لەڕۆڵی ڕەقابەتی نوینەرایەتی ناوچەیی و سەراسەری جەماوەر بەسەر داهاتو فرۆشی نەوتدا نییە و باسێک لە ڕۆڵی کرێکاران و کارمەندانی بواری ئەم سیکتەرە لەئارادانییە، لەکاتێکدا ڕەنجی ئەوان ئەم "سامانە سروشتیانە" دەکاتە داهات و پارە و دەچێتە بەردەم دەسەڵاتدارانەوە.

## ٣/ "پلانی نیشتمانی"، بۆرژوازی کوردو گرفتی گەشەی ئابوری:

لەچوارچێوەی سیاسەتە ئابوریەکاندا بزوتنەوەی گۆڕان، بەندێکی بەناوی "بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم و ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیجی،" (بەندی ٣) جێگیر کردوە و لەدیدی ڕیفۆرمخوازی ئابوریەوە بۆ مەسەلەی چۆنیەتی گەشەدان بەژێرخانی ئابووری و پرۆژەی ئاوەدانی هەرێم دەڕوانێ. بەلام ناوەڕۆکی ئەم ڕیفۆرمە ئابوریانە چییە و دەچێتە خانەی کام ستراتیژی ئابوری بۆرژوازیەوە و هاوکات چ گرفتێکی لەبەردەمدایە؟ ئایا واقعیاتە ئابوری و سیاسیەکانی سەرمایەداری لەکوردستان و ناوچەکە و دونیا ڕێگەبەخشی ئەم سیاسەتە ئابوریانەی بزوتنەوەی گۆڕانە و ڕێگای پێدەدات تادەست بۆ ڕیفۆرمە ئابوریەکانی خۆی بەرێ وەک ئەوەی خستویەتیە بەرنامەی خۆیەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

پرسیارانە باشترە چەند پەرەگرافێک لەخودی پرۆگرامەکە بگوازینەوە تابزانین چیمان پیدەڵێت:

"پرۆسەی ئاوەدانی و گەشەی ئابوری و مرۆیی لە هەر وڵاتێکدا پێویستی بە پلانێکی پەرەپێدانی ئاسۆیی هەمە لایەنە لە بوارەکانی رێگەوبان، ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجێبون، کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، پۆستە و گەیاندن، کشتوکاڵ و پیشەسازی، سیستمی پەروەردەیی و پێگەیاندنی زەینی و جەستەیی."

"بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز و هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان، جگەلەوەی لەڕوی گەشەی ئابوری و ئاوەدانیەوە بایەخی گەورەی هەیە و دەرگای هەرێم بەسەر سەرمایەگوزاریی بیانیدا دەکاتەوە، لەڕوی کۆمەڵایەتی و گەشەی سامانی مرۆییشەوە بایەخی خۆی هەیە، دەکرێ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم رۆڵیان هەبێ لە کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری و بەگەڕخستنی هاوڵاتیانی هەرێم..."

بزوتنەوەی گۆران بروای وایە کە پێویست دەکا ئاوەدانی و گەشەی ئابوری لە هەرێمدا ئاسۆیی بێت نەک ستونی، چونکە گەشەی ستونی زادەی ئەقڵیەتی مەرکەزییە لە حوکمدا، یەکێکیش لە سیاسەتە چەوتەکانی هەر رژێمێکی مەرکەزیی، پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی ناوچە کەناریەکانە، واتە چڕکردنەوەی تەلارسازیی و خزمەتگوزاریی لە پایتەخت و مەڵبەندی پارێزگاکان و بێبەشکردنی شارۆچکە و گوند و ناوچە دوردەستەکان لە پرۆژەکانی گەشەکردن و ئامرازەکانی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و پێگەیاندنی منداڵان و نەوەی نوێ.

" مەرکەزیەت، کە یەکێکە لە میراتە خراپەکانی رژێمی پێشوی بەغدا، تائێستا درێژبونەوەی لە ئەزمونی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە. گەر بەراورد لەنێوان ژیانی پایتەخت و شارە گەورەکانی کوردستان لەلایەک و قەزا و ناحیە و گوند و ئۆردوگا زۆرەملێکان، لەلایەکی ترەوە بکەین، زۆر بەڕونی دەردەکەوێت کە بێدادیی لە دابەشکردنی سامان و خزمەتگوزاریی و هۆکانی ئاسودەیی و ژیانی هاوچەرخدا لە چ ئاستێکی مەترسیداردایە.."

<u>دانانی پلانێکی نیشتمانی</u> هەمەلایەن بۆ ئاوەدانی و پرۆژەی ستراتیجی و بنیاتنانی پێویستیەکانی <u>ژێرخانێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان</u> لەپاڵ ژیاندنەوەی ناوچە پەراوێزخراوەکان مەرجێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بنیاتنانەوەی پەیکەرەی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی کوردی و دروستکردنەوەی کەسایەتی هاولاتی وەک بونەوەرێکی چالاک و بەرهەمهێن، نەک وەرگر و بەرخۆر".

سەرەتا بەسەرنجدانێکی خێرا لەم پەرەگرافانەی سەرەوە، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کەئەگەرچی ئاماژە بە فۆرمێکی ئابوری لەجۆری "ئابوری دەولەتی یان ئابوری بازاڕ" نەکراوە و بەڕاشکاوانەش مەسەلەکانی "بنیاتنانی ژێرخانی ئابوری و پرۆسەی ئاوەدانی و گەشەی ئابوری" نەخراوەتە چوارچێوەیانەوە، بەڵام خودی ڕاوەستان و بەدەستەوەگرتنی"دانانی پلانی نیشتمانی" و "سەرمایەگوزاری بیانی" وەک ڕێباز و ڕێچکەیەکی سەرەکی دەستنیشان کراوە بۆ گەیشتن بەو ڕیفۆرمە ئابوریانەی کەسەرەنجام "ژێرخانێکی بەهێز وستراتیژی ئاوەدانی و گەشەی ئابوری" لەکوردستاندا بەدی دێنێت. ئەم ڕیبازو ڕیچکەیەش بەپێویست سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەهەر تایبەتمەندی یەک و بەهەر تێکەڵ و پێکەڵییەکەوە کە دەستی داوەتێ، ناتوانێ لە سیاسەت و باوەڕەکانی مەکتەبی ئابوری دواکەوتو/گەشە، خۆی دەربازبکات، کە لەسەرەتای ئەم باسەدا لەبارەیەوە ئاماژەیەکی کورتمان پێداوە. بەلام هەروەک ئەم مەکتەبە ئابوریەی بۆرژوازی ولاتانی "جیهانی سێهەم"، کە بۆ گەیشتن "بە ئابوریەکی هاوچەرخ"، سیاسەتی بەرنامەڕێژی ئابوری دەولەت و مسۆگەرکردنی دەخالەتی دەولەت لە ئابوری و بازڕدا، پشت بەستن بەسەرمایەگوزاری دەرەکی و دانانی سیستەمێکی باج کە هەم هانی سەرمایە و پیشەسازی ناوخۆ بدا و هەم دەرگا لەبەردەم "کالای دەرەکی"دا ببەستێ.. لایەنە سەرەکیەکانی ئیستراتیژێکی ئابوری بوو لەپێناو گەیشتنی بۆرژوازی نەتەوەیی و ڕیفۆرمخواز بەخەونی "دامەزراندنی ژێرخانێکی پتەو، ئاوەدانکردنەوە و گەشەی ئابوری"، بەجۆرێک کە ولات لەحوکمی ئابوری تاک بەرهەمهێن و دواکەوتویی ومەسرەف گەرا دەرکێشێ، دروست بزوتنەوەی گۆڕانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان قاچی لەم مەکتەبە ئابوریەدایە. بەتایبەتی کە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

"پلانی نیشتمانی" ڕۆڵی سەرەکی لەسەرتاپای سیاسەتە ئابوریەکانی ئەم حزبەدا هەیە و تەواوی پرۆژە کانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەی ئابوری هەریم بەم میکانیزمەوە گرێدراوە. بەلام ئایا واقعیەتەکانی سەرمایەداری ئەمرۆ چ لەئاستی ناوچەکە و چ لەناوخۆی کوردستاندا دەتوانرێ لەرێگای میکانیزمی "پلانی نیشتمانیەوە" گرفتی گەشەی ئابوری و ئاستنگیەکانی بەردەمی هەڵگرێ و کوردستان لە"ژێرخانێکی بەهێز و ئاوەدان و گەشەی ئابوری"بەهرەمەند بکات؟ لەکاتێکدا ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ بەدۆخی ئابوری عێراق و ناوچەکە و بگرە ڕەوتی پەرەسەندنی ئابوری جیهانی و سەرهەڵدانی بلۆکبەندیە ئابوریەکانەوە پەیوەستە و بەتەنها کردەیەکی ناوخۆیی نیە؟ لەمبارەوە ئەگەر بۆ بۆرژوازی وڵاتانی 'جیهانی سێهەم"، کە کوردستان وەک بەشێک لەعێراقی فیدرال نمونەیەکیەتی، لەسەدەی ڕابردوودا، توانی لەچوارچێوەی بلۆک بەندیە ئابوریەکانی ڕوسیای سۆڤیەت و ڕۆژئاوادا، ڕێگای پشتیوانیە ئابوریەکانی ڕوسیا بگرێتەبەر و هاوکات بەئیلهام وەرگرتن لە فۆرمی سەرمایەداری دەوڵەتی ڕێچکەی گەشەی ئابوری و پەرەسەندن بەڕادەیەک بگرێتەبەر و قۆناغی سەرمایەداری بەپرتاو تێپەڕێنێ، ئەوا لەدونیای ئەمڕۆدا کە بۆرژوازی جیهانی لەسەردەمی شکست و بنبەستی فۆرمەئابوریەکانی بازار و دەوڵەتیدا جینگڵ دەداو لەگەڵ قەیران و بێئاسۆییدا بەرەو ڕووە، چینی بۆرژوازی لەم وڵاتانەدا و خودی سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆران بەیکجاری پشتیان خاڵیەو دەروازەی هەنگاونان بەرەو خەونی "هەرێمێکی بەهێز وئابوریەکی بەهێز"، بەتەواوی بەڕوویاندا داخراوە. بەتایبەتی باسی "دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ ژێرخانێکی بەهێز وئاوەدانی و گەشەی ئابووری" کوردستان بەبێ هەڵبژاردن و برانەوەی فۆرمی حکومەتی و بەهرەمەندبوونی دەوڵەت لەپشتیوانیە داراییە جیهانیەکان و کەنارکەوتنیان لەپاڵ تەقسیماتە ئابوریەکان و بازاڕی جیهانیدا، ئەمەش بەجۆرێک کە ڕەوتی ئابوری جیهانی دەیخوازێت و ڕێگای پێدەدات، کردەیەکی مەحاڵەو مانەوەی لەئاست مەرکەبی سەرکاغەز زیاتر تێپەڕناکات. بەلام بزوتنەوەی گۆران کە ئەم ڕاستیە نابینێ و نایەوێت وانیشان بدات کە سیاسەتە ئابوریەکانی لەچ فۆرمێکی ئابوریدا لەقاڵب بدا، ڕێگایەکی تری گرتۆتەبەر کەسەرەکیترنیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەبەرباسەوە:

## خەسرەو سایە

### یەکەم: ژێرخان و ئاوەدانی و گەشەی ئابوری:

سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان تێکەڵوپێکەڵەیەکی عەجیبی لەنێوان چەمکەکانی "ژێرخانی ئابوری و ئاوەدانی و گەشەی ئابوریدا" دروست کردووە، بەجۆرێک کە کەس نازانێ پێناسە و تێگەیشتنی ورد و زانستی ئەم حزبە بۆ ئەم چەمکانە چیە! ئایا ژێرخانی ئابوری و ئاوەدانی بەرئەنجامی گەشەی ئابورین یان بەپێچەوانەوە کامیان بنەمای ئەوی تریانە!

لەسەرەتادا پێمان دەڵێت کە بوارەکانی "ڕێگەوبان، ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجێبون، کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، پۆستە و گەیاندن، کشتوکاڵ و پیشەسازی* بواری ، سیستەمی پەروەردەیی و پێگەیاندنی زەینی و جەستەیی"، بەرئەنجامن بۆ "پرۆسەی ئاوەدانیو گەشەی ئابوری". دواتریش هەرئەم بوارانە دەخاتە خانەی ژێرخانەوە و لەو چوارچێوەیەدا ڕیزیان دەکاتەوە. وە لەباسی ژێرخانیشدا بەهیچ جۆرێک بەلای فاکتۆری هۆیەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهینان و لەبوعدی تەکنیکیدا تەکنۆلۆژیاش وەک بەشێک لێی، کە لایەنێکی سەرەکی و جەوهەری ژێرخانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیە لە هەر وڵاتێکدا، ناچێت. بەتایبەتی کە ئەم بابەتە ستانداردێکی جیهانی هەیە و وەک بەشێک لە سەرمایەی نەگۆڕ لەڕێگای سەروژێر بوونەوەی سەرمایەوە لەبازاری جیهانیەوە دابین دەکرێ. بەڵام چەمکی "ئاوەدانی-Reconstruction policy" وەک سیمایەکی گشتی ئابوری کە گەورەبوونەوەی شارەکان و بیناسازی، سەرهەڵدانی تۆڕەکانی ڕێگاوبان، کارەبا، ئاو وئاوەڕۆ، پۆست و گەیاندن،

---

* / لێرەدا پیشەسازیو کشتوکالیش لەخانەی ئاوەدانیدا ڕیزکراوە لەکاتێکدا ئەم چەمکانە ناسینێکی گشتیان هەیەو بەپێی مەنتقی ئابوری بەشێک نین لەئاوەدانی و ڕاستەوخو وەک کردەیەکی بنەڕەتی و بەردەوام پەیوەستن بە بواری فۆرمی ئابوری و کردەی بەرهەمهێنانەوە، بۆ نمونە کە دەڵێن وڵاتێک پیشەسازیە وئ هویتریان کشتوکاڵیە یانی ژێرخانی ئابوریەکەی لەسەر پیشەسازی و بواری بەرهەمهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان وەک کاڵا دامەزراوە و ڕەوتی وەرچەرخانە تەکنۆلۆژیەکان تیایاندا جێگیر و بەردەوامە و کشتوکاڵ وەک لایەنێکی لاوەکی بە پیشەسازی کراوە، بەمپێیەش گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەپ یشەسازیدا تەرکیزو چەقبەستووە. وەیا لە نمونەیەکی تردا دەوترێت وڵاتێک کشتوکاڵی مۆدێرنە واتە فۆرمی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بە پیشەسازی کراوە و کاڵاکانی مەسرەف و خۆراکی و تەکمیلی بەشێوەی تەکنۆلۆژیا بەرهەم دێنێ و بەتەواوی سیفەتی سروشتیان تێپەراندووە و گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا ترکیزو چەقبەستووە و بەم پێیەش ژێرخانی ئابوری دامەزراوە)

سیستمی پەروەردە و پێگەیاندن.." – ئەمانە کە بەشێکیان دەچنە خانەی خزمەتگوزاریەکانەوە،-بەشە پێکهێنەرەکانیەتی و هەرخۆشیان ئەنجامێکن لەپەرەسەندنی ژێربینای ئابووری. واتە بەو قەدەرەی کە فۆرمی ئابوری و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و چەقبەستنی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتیکدا لەدەوری کالایەک وەیا چەند کاڵایەک دامەزراوە، جۆرێک لەژێرخانی ئابوری دادەمەزرێنێ کە دەیخوازێ و سەرەنجام بەدوای خۆشیدا ئاستێک لەئاوەدانی بەدیدێنێ. ئەمەش وەک پێداویستیەک بۆ جوڵەی سەرمایە و دوبارە وەگەرخستنەوەی هێزیکار. بەڵام لەمەش خراپتر ئەوەیە کە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕان چەمکی گەشەی ئابوری بەئاوەدانی و سەرهەڵدانی ئەو بوارانەوە بەتێکەڵو پێکەل لەگەڵ "کشتوکاڵ وپیشەسازیدا" بەحساب هێناوە، لەکاتێکدا گەشەی ئابوری بەئاستی "داهات/قازانج" و ڕێژەی کەڵەکە و چونە سەرەوەی سەرمایە و لەبەرئەنجامیشدا، چونەسەرەوەی ئاستی بەرهەمهیانانی کاڵاکان و خستنە نێوبازارەوە گرێی خواردووە. واتە ڕێژەی گەشەی ئابوری پێوانەی بەهاو کاڵای هەیە لەئابوری سەرمایەداریدا نەک ئاستی خزمەتگوزاریەکان و بەشێک لەو بوارانەی کە لە خانەی ئاوەدانیدا ڕیزکراون. بۆنمونە کوردستان لەدوای روخانی ڕژێمی بەعس، ساڵی ٢٠٠٣ کەپێی نایە دەورەیەکی گەشەی ئابوریەوە، وەک بەرئەنجامێک لێی ژێرخانی ئابوری هەرێم هەنگاوێکی گەورەی لەبوارەکانی تۆڕی ڕێگاوبان، کۆمپانیا و کارگەی گەورە و بچوک، خانوبەرە.. هەڵهێنا، پێوانەیەکیش بۆ ئەم گەشەیە هەڵکشانی ڕێژەی قازانجی سەرمایەدارن و کەڵەکەی لەرادەبەدری پارە و داهاتە لەدەستی بەرپرسان و دەوڵەمەنداندا. هاوکات چونەسەرەوەی ئاستی بودجەی ساڵانەی دەسەڵات خۆی ئاماژەیەکی ئەم گەشەسەندنەی ئابوری کوردستانە. بەڵام هەرلەم پەیوەندەدا بەشێکی زۆری بورای ئاوەدانکردنەوە کە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و کارەبا و خوێندن و تەندروستی .. دەگرێتەوە نەک هەربەدی نەهاتن، بەڵکو ئەوەی هەشبوو بەپێی پێداویستیەکانی ئەم پەرەسەندن و گەشەیەی سەرمایەداری لە کوردستان هەڵوەشانەوە، وەیان جێهێڵدران بۆ کەرتی تایبەت. کەوایە لەگشت ئەم پرۆسەیەدا دەکرێ سەرمایە سەر لە دەورەیەکی گەشە و بوژانەوەدا دەربهێنێ بەڵام مەرج نییە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هاوسەنگ و بەهەمان ئاست لە چونە سەرەوەی ڕێژەی سەرمایە و کاڵا و ژێرخانی ئابوری، ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکان

ڕووڵەهەڵکشان بکات. بزوتنەوەی گۆڕان بەم تێکەڵو پێکەڵیەوە و بەدەرکێکی عامیانەوە دەیەویت "پلانی نیشتمانی" وەک فاکتۆری سەرەکی هەموو بوارەکانی ژێرخان و ئاوەدانکردن و گەشەی ئابوری کۆبکاتەوە و پێمان بڵێ ئەگەر "پلانێکی ئاسۆیی هەبێت دەتوانرێ گرفتی گەشەی ئابوری هەرێم چارەسەربکەین!" ئەمە ئەو ئەفسانەیەیە کە بۆرژوازی کورد لەبەرامبەر کۆتایی هێنان بەدواکەوتوویی ئابوری و بەدیهێنانی "عەدالەتی کۆمەڵایەتی"دا ، بەدواوەیەتی!.

## دووەم: سیاسەتی ئاسۆیی ئابوری و ڕەتکردنەوەی مەرکەزیەت:

ڕێگایەک کە بزوتنەوەی گۆڕان بۆ تەجاوزکردنی گرفتی گەشەی ئابوری کوردستان و بەدیهێنانی "هەرێمێکی بەهێز" ئیبداعی کردووە بریتیە لە وازهێنان لە "ئابوری مەرکەزی" و کارکردنە بە سیاسەتی "ئاسۆیی". گوایە لەم ڕێگایەوە پرۆسەی ئاوەدانی و دامەزراندنی ژێرخانی ئابوری، ئەتوانێ گرفتەکانی بەردەم گەشەی ئابوری کوردستان هەڵگرێ. بەم پێیەش " ئاسۆیی کردنی ئابوری" وەک حوکمێک بەدەست بزوتنەوەی گۆڕانەوە دەگیرێ لەپێناو گەشەی ئابوری هەرێمدا. بەدیوێکی تریشدا "گەشەی ستونی" بەزادەی "ئەقڵیەتی مەرکەزی" بەدناودەکرێ و دەکرێتە یەکێک لە"چەوتەکانی هەرێمێکی مەرکەزی" و پەراوێزخستنی ناوچە کەناریەکان". ئەوەتا دەڵێت: " مەرکەزیەت" وەک "یەکێکە لە میراتە خراپەکانی رژێمی پێشوی بەغدا،کە تا ئێستا درێژبونەوەی لە ئەزمونی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە" دەناسرێ!!. لەم پەیوەندەدا باسکردنی چەند خاڵی بەپێوست دەزانین:

١/ "سیاسەتی ئاسۆیی"، لەو تێکستانەی پێشووتردا کە خستومانەتە ڕوو هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و بەتەواوی ئیختیاری و دورە لە واقعیەتەکانی ڕەوتی ئابوری لە دونیای ئەمرۆدا. لە زانستی ئابوریدا، "جوگرافیای سەرمایە" بە واتای بەرین بوونەوەی دامێنەکان و پەلهاویشتن و تەمەرکوز، یەکێکە لەو بوارانەی کە ئەم "ئیبداعەی" بزوتنەوەی گۆڕانی پێدەخاتە چاڵەوە. وەک قانونمەندیەکیش سەرمایە و ئابوری سەرمایەداری، بەپێی لێکدانەوەکانی مارکس لەکتێبی کاپیتاڵدا، دوو ئاراستەی پێکەوەگرێدراو و تەواوکەری یەکترن و هیچکامیان بەبێ ئەوی تریان ناتوانێ بوونی ببێ. لەسەرێکەوە پەرەسەندنی ئاسۆیی ئابوری سەرمایەداری بەمانای فراوانکردنەوەی بازاڕ و جوگرافیای فرۆشی کاڵا و

وەگەڕخستنی هێزی کار و جوڵەی پارەیە. لەسەرێکی تریشەوە پەرەسەندنی ستونی، بەمانای چەقبەستون و کەڵەکەبوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و فۆرمەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆیەتی لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا. پەیوەندی ئەم دوانە بەو ڕادەیەیە کە هەر ئاستێک لە چەقبەستن و کەڵەکەی سەرمایە، (واتە پەرەسەندنی ستونی) بەواتای سەرمایەی نەگۆڕ کە ئامرازەکان و هۆیەکانی بەرهەمهیانان بەرەو سەرەوە دەبات، بە پێویست بەدوای خۆیدا کرانەوەی بازاڕ و هەوڵەکان بۆ گوێزانەوەی خۆی لە جوگرافیایەکەوە بۆ جوگرافیایەکی تر بەدیدێنێ و واتای دەستپێکردن بە پەرەسەندنی ئاسۆیی لێدەکەوێتەوە. پاش لەنگەرگرتنی ئەم حاڵەتە و دوای هەر پەرەسەندنێکی ئاسۆیی ئابوری، سەرلەنوێ سەرمایە، لە شکڵی ئامرازەکان دراو و کاڵاکاندا، چەق دەبەستێتەوە و بەم جۆرەش پەرەسەندنی ستونی لێدەکەوێتەوە. ئەم یاسایە بەهەمان شێوە لە پرۆسەی "ئاوەدانی و دامەزراندنی ژێرخان" و تەنانەت لە ڕەوتی گەشەی ئابوری هەر وڵاتێکدا بەخودی بواری خزمەتگوزاریەکانیشەوە، ڕاستە و هەمان کارکرد کاری خۆی دەکات. بێگومان کردەیەکی ئاوا نە پەیوەندی بە "ئەقلەیەتی مەرکەزی"وەیە و نە هەڵبژاردنێکی ئیختیاری لە خۆیدا قەبوڵ دەکات وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان کردویەتی. لەم پێوەندەدا باسکردن لە ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی سەرمایە لە کوردستان وەک نمونەیەک بۆ ئەم قانونە ئەم ڕاستیە باشتر خۆی دەردەخات:

کوردستان لەساڵانی ٧٠ دا و لەبەر ڕۆشنایی ئارامیەکی سیاسی کە ئەوکات بەهۆی ڕێکەوتنی نێوان جوڵانەوەی بارزانی و ڕژێمی بەعس لەساڵی ٧٠دا خوڵقا، لە ڕەوتی درێژبوونەوەیەکی ئاسۆییدا"فراوان بوونەوەی بازاڕ"، سەرمایەداری عێراق خۆی بەرەو کوردستان گوێزایەوە، پرۆسەی ئیسلاحی زەراعی و هەنگاوەکانی ئەم ڕەوتەی زامن کرد. بەڵام خودی ئەم گوێزانەوەیە بەرئەنجامی پەرەسەندنی ستونی سەرمایە بوو لەمەرکەزدا، واتە پاش هەنگاوەکانی ئەوکاتی ڕژێمی بەعس لە خۆماڵیکردنی نەوت و دامەزراندنی ڕێگاوبان و هێڵی شەمەندەفەر و دامودەزگا ئابوری و حکومیەکان و ئینجا ناردنەدەرەوەی نەوت، کوردستان وەک ئەڵەقەیەک لە فراوانبوونەوەی بازاڕ و پەرەسەندنی ئاسۆیی لەبەردەم ڕەوتی چەقبەستن و کەڵەکەبوونی سەرمایەدا قەراری گرت، کە سەرەنجام وەک جوگرافیایەکی تەکمیلی لە پرۆسەی سەرمایەداری بوونەوەی عێراقدا جێگای گرت و

دواتریش زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕی ژێرخانی و ئیداری و تەنانەت ئاوەدانی و خزمەتگوزاری نوێ لە ئابوری کوردستاندا وەک کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دەرکەوت. بێگومان ئەم ئالوگۆڕانەش خۆی لەخۆیدا بە مانای گوێزانەوەی پەرەسەندنی ئاسۆیی ئابوری کوردستانە بۆ ستونی، واتە لەناوخۆی کوردستان خۆیدا، پەرەسەندنی ئابوری ڕووی لەستونی کرد، ئەویش بەچەقبەستن و کەڵەکەبوونی ئاستێک لە سەرمایە لە شێوەی ئامرازەکان و هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، سەرهەڵدانی چەندین کارگەی ئەهلی و حکومی لە کوردستان و پرۆژە ئابوریەکانی دەوڵەت و شەپۆلێک لەبیناسازی.. دەرکەوتەکانی ئەم پەرەسەندنە ستونیەیە لەئابوری کوردستانی ئەوکاتدا. بەمجۆرەش ئەوەی لەم نمونەیەدا بەرجەستەیە ئەوەیە کەهەردولای پەرەسەندنی ئاسۆیی و ستونی پێکەوە گرێدراو و لازم و مەلزومی یەکترن. بەڵام ئەوە ئەقلیەتی بزوتنەوەی گۆڕانە کە لەسەرو یاسا ئابوریەکانەوە دڵخوازانە بەشوێن ریفۆرمەوەیە و دەیەوێت وەلام بەگرفتی گەشەی ئابوری هەرێم بداتەوە، ئەمەش هەرئەو ئەفسانەیەیە کەبۆرژوازی نیشتمانی پێکراوەتە قارەمانی ئاوەدانی وڵات.
٢/ سەبارەت بەوەش کە "گەشەکردنی ستونی زادەی ئەقڵیەتی مەرکەزیە" و هێشتا میراتەکەی لەکوردستاندا ماوە، ڕاستیەکی تێدایە، بەلام نەک بەوجۆرەی کە بزوتنەوەی گۆڕان بۆی چووە. مەرکەزیەتی ئابوری زادەی ئەقلی کەسەکان نییە و بنەمایەکە بۆ فۆرمێکی سیاسی و ئابوری کە سەرمایەداری لەوڵاتانی ژێردەستەدا و لە قۆناغیکی مێژوویی دیاریکراودا و لەپەیوەند بە بازاڕی جیهانی و بلۆکبەندیە ئابوری و سیاسیەکانەوە بۆی بۆتە پێداویستیەک بۆ هەڵدان و پەرەسەندن. دەوڵەت و ئابوری موتەمەرکز، بەرنامەڕیزی دەوڵەتی، چڕکردنەوەی سەرچاوە سروشتیەکانی وەک نەوت و گاز و بەنیشتمانی کردنیان، کۆنترۆڵی بازار و بازرگانی لەلایەن دەوڵەتەوە، زاڵکردنی دەوڵەت بەسەر جوڵەی پارە و بانکەکاندا، سیستەمی باجی مەرکەزی و سیاسەتی دەرگای داخراو لەبەردەم کالا و سەرمایەی دەرەکیدا.. ئەمانە بەشە پێکهێنەرەکانی فۆرمو نیزامێکی ئابوریی بوون کە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین لە دەورەی دوونیای دوقوتبی شەرق و غەرب و ئەلگۆ ئابوری و سیاسیەکانیاندا. دوای قۆناغی "ڕزگاری و بەدەست هێنانی سەربەخۆیی" لە ئیستعمار و داگیرکاری دەوڵەتانی رۆژئاوا، شکڵیان گرت و بەزۆریش کەوتنە خولگەی ئابوری و سیاسەتی ڕوسیای سۆڤێتیەوە. بێگومان کوردستان کە وەک

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

بەشێک لەعێراق چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا لەژێر کاریگەریەکانی ئەم ئەلگۆیەدا بووە و ماوە، کە ناکرێ و ناتوانێ بەسادەیی و بەپێی سیاسەتێکی ئیختیاری وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان ناوی ناوە"گەشەی ئاسۆیی" لەگرفتە ئابوریەکانی دەرچێت، چونکە ئەمە پرۆسەیەکە و پەیوەندی بە سەرمایەداری لە عێراق و ناوچەکە و ڕەوتی سەرمایەداری جیهانیەوەیە. بەتایبەتی لەدۆخێکدا کە هەم کوردستان و هەم عێراق لەدۆخی جەنگ و پشێوی و قەیرانی ئابوری و حکومەتیدا ڕاگیراوە و هێشتا کێشمەکێشی وڵاتانی دونیا یەکلایی نەبۆتەوە و ئاسۆ و بەرنامەیەکیان نییە بۆ سازدانەوەی ئابوری سەرمایەداری لەم وڵاتانە تا بزانین ئایا "پەرەسەندنی ئاسۆیەکەی" بزوتنەوەی گۆڕان لەخۆیدا قەبوڵدەکات یان نا!. بەڵام لەسەرو ئەم لێکدانەوانەیەی ئێمەوە ئەو پرسیارە یەخەی بزوتنەوەی گۆڕان دەگرێ کە ئەگەر سیاسەتی "گەشەی ئاسۆیی ئابوریی" لە کوردستاندا وەک ئەوەی حزبی گۆڕان دایهێناوە بچێتەسەر، چ ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی ژیان و بژیوی هاوڵاتیاندا بەدیدێنێ؟

### سێیەم: جیاوازی نێوان گەشەی ئابوری پارێزگا و ناوچە کەناریەکان

سیاسەتی بەئاسۆیی کردنی گەشەی ئابوری، لای بزوتنەوەی گۆڕان زیاتر دەڕوا و لەسەر نەهێشتنی جیاوازیەکانی نێوان، پارێزگا و ناوچە کەناریەکان دەگیرسێیتەوە، لەمبارەوە ١٠ خاڵی پرۆگرام باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن دێهاتەکانی کوردستان و ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ئەو ناوچانەی کە ئەنفالکراون، بەڕاکێشانی ڕێگاوبان و ئاوکارەبا و باشکردنی خزمەتگوزاریەکان لەگەڵ شارەکاندا یەکسان دەکرێتەوە و هاوکات قەزا و ناحیەکانیش بە"ماستەر پلانێک" هەمان ڕێچکە دەگرنەبەر و دادی کۆمەلایەتی لە"گەشەی ئاسۆیی ئابوریدا" بەدەست دێنن.. !! ئەم دیدگایە زیاتر وەک خەون و خەیاڵێکە چونکە هیچ پشتیوانەیەکی زانستی و ئابوری لەپشتەوە نییە، بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان فۆرمێکی ئابوری و سیاسی جیاواز لەو سەرمایەداریەی کە لە کوردستاندا زاڵە بەسەر کۆمەڵگادا، ناخاتەڕوو تا بەپێی "پلانی نیشتمانی" و "ماستەر پلان" بتوانێ ڕێچکەی ئاوەدانی بەیەکسانی بگەیەنێتە هەمو کون سوچێکی هەرێمەوە. تەنانەت بەرنامە و سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان کە"بازاڕی ئازادی" کوردستان و ئازادی کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان تەئید دەکا و مانەوەیان بەپێویست دەزانێ، چۆن دەتوانێ "پلانە نیشتمانیەکەی" "دادی کۆمەڵایەتی"

لەنێوان پارێزگاکان و ناوچە کەناریەکاندا مسۆگەر بکات، لەکاتێکدا کە"بازاڕی ئازاد" و سەرمایەگوزاری بیانی و کۆمپانیاکان، یاسای قازانج و کەڵەکەی داهات دەیان بزوێنێ و (بۆئەمەش مەرج وستانداردی خۆیان هەیە) چۆن و بەچ میکانیزمێک لە فەزای ئانارشی بازاڕ و گەندەڵی و دەستەبەندی حزبەکان و ڕۆڵیان لە ئابوری و سیاسەتدا، دەتوانرێ ڕەوتی بەرهەمهێنان بەئاڕاستەی ڕاکێشانی خزمەتگوزاریەکان بەرەو ئۆردوگاکان و ناوچەکەناریەکان، کۆنترۆڵ بکات؟ لەمەش زیاتر بزوتنەوەی گۆڕان کەباوەڕی بەمەرکەزیەتی ئابوری نییە و جوگرافیای ئابوری فیدراڵیزە و خودموختار دەکاتەوە، چۆن ماستەر پلانی ئاوەدانکردنەوە لە کێشە و ململانێ ئابوری و سیاسیەکانی هەرێم دەردەکێشی، تابتوانێ "دادی کۆمەڵایەتی" لە گەشەی ئابوریدا زامنبکات؟ لەمێژوودا ئەو ڕاستیە ئابوریە ئامادەیە کە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپای ساڵانی ٦٠ و٧٠ کان توانیان لە ڕێگای مەرکەزی کردنەوەی ئابوری و دەخاڵەتی دەوڵەتەوە وەک فۆڕمێک بەپێی تیۆریەکانی کینزیەت کە دەوڵەت جڵەوی ئانارشیزمی بازار دەگرێ و بەرنامەریزی ئابوری وەک ستراتیژیەک بۆ بەدیهێنانی "کۆمەڵگای خۆشگوزەران"، ڕاکێشانی خزمەتگوزاریەکان لە بوعدێکی فراوانی جوگرافیدا توانی بەدی بهێنێ. بەڵام هێشتا نەیتوانی جیاوازی نیوان شارەکان و گوندەکان بەیەکجاری بسڕێتەوە. ئایا بزوتنەوەی گۆڕان بەسیاسەتی دڵخوازنەو نازانستیانەیەوە و بە"ئاسۆیی کردنەوەی پرۆسەی گەشەو ئاوەدانی" دەتوانێ بەم ئامانجە بگات؟..

ڕاستیەکەی ئەوەیە کەباسی جیاوازی نێوان شار و لادێ،(هەروەها جیاوازی نێوان کاری جەستەیی وکاری زهنی) بابەتێکە لەگەڵ موڵکیەتی تایبەتی و سیستەمی سەرمایەداریدا خەسڵەتێکی ناچارییە و تا ئەم واقعیەتە ئابوریە لەئارادابێت ئەوا ئەم جیاوازیە بەم یان بەو ئاستە دەمێنیتەوە و چەمکی "دادی کۆمەلایەتی" دەکاتە ئەنجامێکی ناکام، چونکە ڕەوتی سەرمایە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و گوێزانە و کەڵەکەبوون و چەقبەستنیدا، مەیلی بەدوای قازانج و زیادکردنی خۆیەوەیە و یاسای تێچونەکان و خێرا بەرهەمهێنانەوە، بەپێویست چەقبەستنی دانیشتوان و فراوان بونەوەی شارەکان وەک مەڵبەندێک بۆ کۆبوونەوەی هێزی کار دەکاتە کارێکی حەتمی و بەم هۆیەشەوە پرۆسەی ئاوەدانی و ڕاکێشانی خزمەت گوزاریەکان (وەک وەڵامێک بە پێداوسیتییەکانی قازانج هێنانی سەرمایە وکەلەکەبوونی)

نامەوزون دەکات. لەم ڕوانگەیەوە کاتێک دەتوانرێ جیاوازیەکانی شار و لادێ بەیەکجاری بسڕدرێتەوە کەئەم "نامەوزون"یەو خودی سیستەمی سەرمایەداری هەڵوەشێتەوە و لەجێگەیدا ئابوری سۆسیالیستی وموڵکداریتی گشتی شوێنی مولکداریتی سەرمایەداری بگرێتەوە.

## چوارەم: "داهاتی نیشتمانی و داهاتی تاکەکەس":

لەکۆتاییدا پرۆگرام لەیەکێک لەخاڵەکانی ئەم بەندەدا، ئاماژە بۆ داهاتی نیشتمانی و تاکەکەس دەکا ودەڵێت:

"دانانی پلانێکی نیشتمانی هەمەلایەن، لەبەر رۆشنایی پرۆژەیەکی ستراتیجی و کارنامەیەکی حکومی رۆشندا، بۆ بەرزکردنەوەی دەرامەتی تاکەکەس و داهاتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا."

لەم بارەیەوە سەرەتا با ئەوە بڵێین کە"بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی" شتێکی تر نییە جگە لەزیاد بوونی سەرمایە و قازانج لەدەستی چینی فەرمانڕەوادا، یانی لەدەستی دەوڵەت و ئەو گروپەی کە دەسەڵاتی لەدەستدایە. بەرزکردنەوەی ڕێژەی قازانج و کەڵەکەی سەرمایەش، هەمیشە لەسەر حسابی چەوسانەوە و هەژار ڕاگرنی کارکردوانی کۆمەڵگایە، لەمەدا ئیتر باسی "دادی کۆمەلایەتی" قسەیەکی پوچ و بێمانایە کە بزوتنەوەی گۆڕان کون وکەلەبەرەکانی پرۆگرامەکەی پێ پرکردۆتەوە. بەتایبەتیش کە پێمان ناڵێت هاوسەنگی نێوان داهاتی تاکەکس و داهاتی نیشتمانی چۆن زامن دەکرێ؟ بەچ ڕێژەیەک هەریەک لەم دوو داهاتە بەرزدەبنەوە، تا "دادی کۆمەلایەتی" بەدی بێت!!.. بێگومان سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان کە سیستەمی سەرمایداری بە بنەما وەرگرتووە، هەرچۆنێک "گەشەی ئابوری و ئاوەدانی و ژێرخانی هەرێم" تا ڕادەی "هەرێمێکی هاوچەرخ" پەرە پێبدات هێشتا جیاوازی لەنیوان ئەم دوجۆرەداهاتەدا وەک نایەکسانیەک دێڵێتەوە. بەلام لەبارەی داهاتی تاکەکسیەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە مەبەست لێی یانی ئەو ڕیژەیەیە کەتاک دەتوانێ بەهرەمەند بکات لەکالاکانی بژێوی و مەسکەن و رەفاهی کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری، ئەمەش بە مانای بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی تاکە و کردەیەکە لەدژی رەوتی باوی ئابوری بەدی دێت، واتە بەخەبات و جولانەوەی کرێکاران و کارمەندان و زەحەمتکێشان

لەدژی دەسەڵات و سیستمە ئابوریەکەی نەک بە "پلانی نیشتمانی". بزوتنەوەی گۆڕان کە لەسەرتاپای بەرنامەکەیدا، قسەیەک لەبەرزبوونەوەی ئاستی کرێ، خۆڕایی کردنی خانو بەرە، خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و هاتوچۆ، لە بیمەکۆمەلایەتیەکان،.. ناکا چۆن داهاتی تاک بەرزدەکاتەوە؟ لەکاتێکدا لە سیستەمی سەرمایەداریدا داهاتی نیشتمانی لەسەر بنەمای لەخوارەوە راگرتنی داهاتی تاکە؟ واتە داهاتی نیشتمانی بەورادەیە ئەتوانێ بەرزبێتەوە کە بەرکەوتەی تاک لە داهاتە کۆمەڵایەتیە بەدەستهاتوەکاندا، بەڕیژەیەکی ناهاوتا و کەم رابگیرێ.

### ٤/ هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری، دیدگای ناسیوناڵ ڕیفۆرمیزمی بۆرژوایی و گەرانەوە بۆ مەکتەبی گەشەی ئابوری

وەک ئەڵقەیەکی تەواوکەر لە سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕاندا، پرۆگرام لەبەندی ٤ دا، مەسەلەی" هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری" دەهێنێتەکایەوە و لەپێشەکیەکی کورتدا دەڵێت:

> بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان پێویستی بە نەخشەیەکی گشتییە بۆ هاندانی بەرهەمهێنان لە بواری کشتوکاڵ، پیشەسازیی، سەرمایەگوزاریی دەرەکی و ناوەکی، سیاسەتی بانکی و هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری بەرهەمهێناندا، لە دۆخێکی ئاوهادا هەرێمی کوردستان دەتوانی پرۆسەیەکی گواستنەوەی گرنگ ئەنجام بداو لە هەرێمێکی بەرخۆر و سەرفکەرەوە ببێتە هەرێمێکی بەرهەمهێن، هەرێمێک کە توانای روبەڕوبونەوەی هەڕەشەی دەرەکی هەبێت و لە کاتی گەمارۆدا توانای هەبێت پشت بەخۆی ببەستێ.

ئاشکرایە کە هاندانی بەرهەمهێنانی ناوخۆ وسەرمایەگوزاری، گۆشەیەکی سەرەکی سیاسەتی ئابوری هەردەوڵەتێکە لەدونیای ئەمڕۆدا، کە لەبەر ڕۆشنایی کاردابەشکردنی جیهانی وسیستەمی بانکی و بازرگانی دەرەکی و دامەزراوە ئابوریەکانی وەک بانکی نێودەوڵەتی، سندوقی دراوی نێودەولەتی و ڕێکخراو ڕێکەوتنە ئابوری و بازرگانیە

ناوچەیی و وڵاتیەکاندا، هەروڵاتێک بەپێی فۆرمە ئابوریەکەی و جێگاو ڕێگای لەبەرهەم هێناندا، دیاریدەکات. ئەگەر ئەم سیساتە لەئابوری کلاسیکدا وەک ئەوەی ڕیکاردۆ و ئادەم سمێس باسیان لێوەکردووە کە مونافەسە و یاساکانی بازاڕ فاکتۆری، بڕیاردەرە کە دەوڵەت لەسەری لەنگەر دەگرێ، هاوکات بەو هۆیەوە کە ئابوری بازاڕ لە ئەنجامی جیابوونەوەی سەرمایەی مالی لە سەرمایەی پیشەسازی و بەشبەشبوونەوەی لقەکانی سەرمایەی بازرگانی و بانکی و عەقارات لەیەکتر، گەشەی ئابوری سیفەتی "بەرهەمهێنەری فرەکالایی" و جۆراوجۆر وەربگرێ و لەم ڕیگایەشەوە سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری مەودایەکی سەرودەوڵەتی وەردەگرێ و ناچنە ناو خانەی دابەشبوونی کەرتەکانی گشتی و تایبەتیەوە. بەڵام لەمەکتەبی گەشەی ئابوریدا، سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنانی خۆماڵی و سەرمایە گوزاری (ناوخۆ و دەرەکی) وەک ئەڵقەیەکی تەواوکاری بەرنامەڕێژی ئابوری دەوڵەتی (یانی ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان پیی دەڵیت "پلانی نیشتمانی") ، وەک سیاسەتێکی ئاراستەکراو کۆنترۆڵ کراو لەچوارچێوەی سیاسەتی ٥ و١٠و ٢٠ساڵیدا بەدەستەوە دەگیرێ. لەم فۆرمە ئابوریەدا کە هێشتا بەشەکانی سەرمایە لێک جیانەبوونەتەوە و دەوڵەت و دەسەڵات ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بازرگانی و سیستەمە بانکەیەکاندا دەگێڕێ و سیفەتی بەرهەمهێنانی "تاک کالایی"، بەحوکمی کاردابەشکردنی جیهانی و ڕۆڵی سەرمایەی دەرەکی، بەناچار بنەمای ئەم سیاسەتە ڕوی لەبەرگرتنە لەکالا و سەرمایەی دەرەکی و هاندانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیە. کە دیارە لەپشتیەوە ئەو دیدگا بۆرژوا ناسیونالّ ڕیفۆرمیستیە خەوتووە کە گوایە سەرمایە و کالای دەرەکی ڕێگرە لەبەردەم ئاستی گەشەی بەرهەم هێنانی ناوخۆیدا و سەرەنجام لەگەڵ شکست بەرەورویان دەکاتەوە، بۆیە دەبێ ئابوری وڵات پشت بەخۆی ببەستێ و "سیاسەتی ئابوری خۆژێن" لەبەرامبەر کالا و سەرمایەی دەرەکیدا بگیرێتەبەر. هەرئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە"بەرهەمهێنانی فرەکالایی" و هەمە جۆرکردنیان پەکبخا و کۆمەڵگا لەبەرهەمهێنەوە بگۆڕێ بە کۆمەڵگایەکی مستەهلیک و تاک بەرهەمهێن. بەڵام مادام ئابوری دەوڵەت و چڕبوونەوەی دەسەلاتی دەوڵەتی لە جومگە ئابوری و بازرگانیەکاندا زاڵە، کەرتی تایبەتی وەک ئەڵقەیەکی تەواکاری کەرتی دەوڵەتی(کەرتی گشتی) شوێن دەگرێ و سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری بەکردەوە لەبەرئەنجامی وازهێنانی دەوڵەت (بەپێی

بەرنامەڕێژیە ئابوریەکەی) لەهەندێک بواری بەرهەمهێناندا لەناوخۆدا، خۆی دەبینێتەوە لەوانە، پیشەسازی تەکمیلی، مۆنتاژ، کارگە و بازرگانی بچوک لەبوارەکانی مەوادی خۆراکی، پۆشاک، دەرمانی، بیناسازی و هەموو ئەو بوارانەی کە سەرمایەی مامناوەند و بچوک ڕووی تێدەکەن، کە دیارە ئەمانەش بەپێی سیاسەتێکی باج و بازرگانی و بانکی ئاڕاستەکراو کە دەولەت لەبەرنامەکەیدا دایڕشتووە بۆ گەشەی ئابوری هاندەدرێن و بواری سەرمایەگوزاریان لەبەردەمدا دەکریتەوە. بەلام لەگەڵ ئەوەدا کە تەجروبەی "ولاتانی سێهەم" نەیانتوانیوە لە ڕێگای ئەم مۆدێلەوە لەسیاسەتی هاندان و سەرمایەگوزاری هیچ ئاستێکی باشبژێوی بۆ سەر ژیانی خەلک بەدیبهێنن، هاوکات لەبەرامبەر ئامانجی گەشەی ئابوریدا بە بنبەستو شکست گەیشتووە و نەیتوانیوە وولات بەرەو کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەری هەمجۆری کالا بەرێت. کەچی تازە بەتازە بزوتنەوەی گۆڕان بەدور لەبەرژەوەندیەکانی هاولاتیان، وەک سیاسەتێکی جیاواز دەستی پێوەگرتووە و دەیەوێت "سەرمایەی کەرتی تایبەت" هانبدات بۆ سەرمایەگوزاری و بەرهەمهێنان تا "هەرێمێکی بەهێز" کە "توانای ڕاوەستان و پشتبەستن بەخۆی هەبێت لەبەرامبەر هێرشە دەرەکیەکاندا". سیاسەتێکی ئاوا جگەلەوەی هیچ بەرژەوەندیەک لەگەڵ خەلکی کرێکارو دەستەنگی کوردستاندا پەیداناکات، ڕاستەوخۆ رۆڵ و بەرژەوەندیەکانی ئەو بەشە لە سەرمایەدار و خاوەنکار و بازرگان و کۆمپانیاکان بەهەند وەرگرتووە کە چاویان لە پرۆژەکانی دەسەلاتە تا ئاهێک بەبەریاندابێ و سەرمایە و قازانجی زیاتر کەڵەکە بکەن. ئەو ئومێدەشی کە بزوتنەوەی گۆڕان لە سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاریدا بە سەرمایەداری بچوک و مام ناوەندی بەشی تایبەتیەوە گرێداوە و گوایە ئەوان دەتوانن هەم "هەرێمی کوردستان لەپرۆسەیەکی گرنگی گواستنەوەدا لەهەرێمێکی بەرخۆریەوە بۆ بەرهەمهێن" بەرن، وەهەم لەبەرامبەر هەڕەشە دەرەکیەکاندا"ئابوری پشت بەخۆبەستوو" زامن بکەن، جگە لە خەونێکی پوچی بۆرژوازی، هاوکات ڕاکێشانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە بۆ نێو دۆخێکی پڕ لەچەوسانەوە و تەحەمولکردنی ژیانێکی مەمرەومەژی، تا سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی بتوانن کوردستان ئاوەدان بکەنەوە و سەر لە دەورەی گەشەی ئابوری دەربهێنن. بەلام بۆ زیاتر دەرخستنی ماهیەتی بۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی بزوتنەوەی گۆڕان و گەڕانەوە بۆ مەکتەبی گەشەی ئابوری، لە سیاسەتی هاندانی

بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاریدا، بە باشی دەزانین هەندێک لەو خاڵانەی کە پرۆگرام لەم ڕاستایەدا وەک "ئامانج کۆششیان" بۆدەکات و لەخۆیدا جێگیری کردووە بهێنینەوە و سەرنجێکیان لەسەربدەین:

## ا/ "هەرێمی بەرخۆری وهەرێمی بەرهەمهێن"..

لەم بارەوە پرۆگرام لەخاڵێکدا ئاوا دەڵێت:

"دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی بەرهەمهێنان و نزمکردنەوەی ڕادەی بەرخۆری (استهلاک) لە کوردستاندا"

با لەوە بگەڕێین کە"دانانی پلانی نیشتمانی" وەک فاکتۆرێکی سەنتەر لە سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕاندا تا چ ئاستێک دەستی بۆبراوە و چۆن هەموو مەسەلەکانی پێوە پەیوەند کراوە، بەڵام پێمان ناڵێت کە چۆن و بەچ میکانیزمێکی ئابوری ئەم پلانە "ڕادەی بەرهەمهێنان بەرزدەکاتەوە" و "ڕادەی بەرخۆریش نزم دەکاتەوە". وەک لە تێکستەکەشدا بە ڕۆشنی دەردەکەوێت ڕادەی بەرهەمهێنان خراوەتە بەرامبەر ڕادەی بەرخۆریەوە و بەم جۆرەش بزوتنەوەی گۆڕان لایەنگری بەرهەمهێنانە لەدژی بەرخۆری. ئەمە ئیتر لایەنگریەکی ڕۆشنی بۆرژوازی خۆماڵیە لەبەرامبەر بەکاربەراندا و ڕیشەی ئەم لایەنگرییەش بۆ دیدێکی بۆرژوازیی و عامگەرا و شەرقی دەگەڕێتەوە کە پێی وایە کۆمەڵگای کوردستان بەرهەمهێنەر نییە و بەرخۆرە! بەرادەیەی ئەوەش سەرنجی بۆ دەدات کە بەرخۆری"نەنگییەکە" بە ئابوری کوردستانەوە نوساوە و دەبێ کار بۆ هەڵگرتنی بکرێ! ئەمە بەرنامە ڕیفۆرمخوازیە ئابوریەکەی بزوتنەوەی گۆڕانە. بەڵام ئایا لەزانستی ئابوریدا ئەم بۆچوونە بۆرژواییە واقعیەتی هەیە؟. ئایا کۆمەڵگای کوردستان بەرخۆریە، ئەگەر وایە هۆکاری ئەمە چییەو لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

یەکەم: بەپێچەوانەی دیدگا بۆرژوا ڕیفۆرمەکەی بزوتنەوەی گۆڕانەوە هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ بەرهەمهێنان بوونی نییە و هەر ئاستێک لە بەرهەمهێنان لە دوتوێی فۆرمە ئابوریەکاندا فاکتۆری بڕیاردەرە بۆ ئاست و قەوارە و جۆری بەکاربردن.

دووەم بەرهەمهێنان و بەرخۆری لەسیستەمە ئابووریە جیاوازەکاندا هەرگیز لێک جیاناکرێتەوە و دووڕووی پێکەوە گرێدراوی هەر فۆرمێکی ئابورین، بەرادەی ئەوەی کە

بەرهەمهێنان لەهەمان کاتدا بەرخۆریە و بەرخۆریش لەهەمان کاتدا بەرهەمهێنەریە.
سێهەم: هەردوک ئەم چەمکە لەزانستی ئابوریدا مانای گشتی و تایبەتی وەردەگرن. بۆنمونە بەرهەمهێنان بەمانای تایبەتیەکەی لەهەمانکاتدا بەکاربردنە کاتێک کە ئامرازەکان و هۆیەکانی بەرهەم هێنان بەپێویست بۆ گەیشتن بە"کالأی دوایی"سەرف دەبن. (لەبەرهەم هینانی کالایەکدا، وزە، ئامرازەکان، مەوادی سەرەتایی، هێزی کار، دراو، شوێن و کات.. ئەمانە کە خۆیان کالأن، دەبێ سەرف بکرێن (واتە بەکارببرێن) تا پرۆسەی بەرهەمهێنان بەکۆتایی خۆی بگات). بەمانا گشتیەکەشی بەکاربردنی کالأکان دیسانەوە مەرج و بناغەی دەست پێکردنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانە. بۆ نمونە کالأ خۆراکیەکان و کالأ تەکمیلیەکان ئەگەر سەرف نەکرێن چ لەلایەن ئینسان ودانیشتوان خۆیانەو چ نەخرێنەوە بواری بەرکاربردنەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ئەوا کەڵەکە دەبن و بەناچاری بەرهەمهێنان گیرۆدەی قەیران و ڕاوەستان دەبێ. نوسەرانی پرۆگرامەکەی بزوتنەوەی گۆڕان کە سەریان لە مەکتەبی ئابوری گەشەوە دەرهێناوە و پشتیان لە ڕاستیەکانی زانستی ئابوری کردووە، ئەم ڕاستیە نابین و ئابوری کوردستانیان لە نێوان بەرخۆری و بەرهەمهێنەریدا دڵخوازانە دابەشکردووە تا سیاسەتی ئابوری خۆیان وەک لایەنگرێک لەسەرمایەداری بەرهەمهێن ئاراستەبکەن و لەدژی بەرخۆری، یانی هاولأتی، بەکاربەر بیانخەنە جەنگێکی ئابوریەوە، کە بێگومان ڕیشەی ئەم ڕاستیە لەبەرژەوەندییە چینایەتیەکانی ئەواندایە. بەتایبەتی کە پێدەچیت لە پشت سەرزەنشتکردنی دیاردەی بەرخۆریەوە وێنایەک بە دانیشتوان و کۆمەڵگای کوردستان بدەن کە تەمبەڵن و مەشغوڵی بەرخۆری و بەکار بردنی کالاکانن!

واقعیەت ئەوەیە کە دیاردەی هەرە بەرزی بەرخۆری بەمانا گشتیەکەی لەئابوری کوردستاندا، ڕیشەی لە فۆرمی ئابوری سەرمایەداری کوردستاندایە، ئەم واقعیەتەش نە دروستکراوی ڕۆشنبیرانێکی ناسونال ڕیفۆرمیستە و نە حاڵەتێکە کە بکرێ بە پلانێکی نیشتمانی وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە سیاسەتە ئابوریەکانیدا دڵخوازانە دەیەوێت ئاستەکەی نزمکاتەوە، بەدی دێت. چونکە ئەگەر بەمانا گشتیەکەی بەرخۆری وەربگرین ئەوا مەبەست لە بەکاربردنی کالأکانی بژێوی خەڵکە کە لە ئابوری کوردستاندا زیاتر لەدەرەوە بۆی هاوردە دەکرێ. ئەم ڕاستیەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە کوردستان وەک بازارێک بۆ

ساغکردنەوەی کاڵای دەرەکی جێگای گرتووە. بەڵام هەرلەم پەیوەندەدا دەبی ئەوە بڵێین کە بەرین بوونەوەی ئاستی بەرخۆری ڕووی لە کاڵا پێویستەکانی بژێوی دانیشتوانی کوردستانە. حاڵەتێکی واش بەپێی تایبەتمەندیە ئابوریەکانی سەرمایەداری کوردستان وەک حەوزەیەک بۆ سەرەوژێربوونەوەی سەرمایەی دەرەکی(ئیمپریالیستی) و ڕاگرتنی هێزی کاری هەرزان، خۆی خەسڵەتێکی بنەڕەتی شێوازی ئابوری سەرمایەداریە لە کوردستان کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی هێزی کاری هەرزان دامەزراوە و دەەڕوابەڕیوە. بەواتایەکی تر دەرکەوتنی دیاردەی بەرخۆری لە هاوردەکردنی ئەو کاڵایانەوە سەری هەڵداوە کە زیاتر بەکاردەبرێن بۆ پڕکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و وەک کاڵا پێویستەکانی دابین کردنی ئاستی بژێوی هێزی ئامادەبەکار و کارکردوو جێگایان هەیە. بەڵام بەدەست هێنانی ئەم کاڵایانە لە دوونیای ئەمڕۆدا کردەیەکی جیهانیە و بازاڕی هیچ وڵاتێک ناتوانێ هەموویان لەناوخۆدا دابین بکات (شکستی سیاسەتی ئابوری خۆژێن و پشت بەستوو بە پیشەسازی خۆماڵی لەمەکەتەبی ئابوری گەشەدا لێرەوە سەردەردێنێ)، چونکە بۆرژوازی لەهەر وڵاتێکدا لەسەر قانونی کەمی تێچوی ئەم کاڵایانە و هەرزان ڕاگرتنی ئاستی بژێوی چینی کرێکار و کارکردوان کاردەکات و بە پێویست واز لە بەشێکی زۆریان دێنێ و دەست لە بەرهەمهێنانیان هەڵدەگرێ و لە پرۆسەی مونافەسەی بازاڕدا، بە وڵاتگەلێکی تر دەسپێرێ کە بەتێچونێکی کەم بەرهەم دەهێنرێن، ( یاسای بەهای ڕیکاردۆ و بازارگانی و ئالوگۆری کاڵاکان باس لەوە دەکات کە چۆن بەریتانیا وازی لە بەرهەمهێنانی لۆکە هێناوە و ڕووی لەبازاری جیهانی کردووە تا بە تێچونێکی کەم بەرەو بازاڕی ناوخۆ سەرەوژێریکاتەوە). بۆرژوازی کورد وەک بۆرژوازی هەر وڵاتێکی تر کە ئەقلی قازانجپەرستی و کەڵەکەی سەرمایە لە کەڵلەسەریدایە، ئاشقی خاک و ئاو و بەرهەمە سروشتیەکانی وڵاتی خۆی نەبووە تا پەتاتە و تەماتە و برنج و سەوزەوات و ماست و پەنیر و پۆشاکی خۆماڵی کە بە تێچونێکی گران و بەماوەیەکی زۆر و بە تەرخانکردنی سەرمایەیەکی زۆرەوە بۆ بەرهەمهێنانیان چاو لە بازاڕی ناوخۆ بکات تا کاڵا و پێویستەکانی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی کرێکاران و کارکردوانی کۆمەڵگا دابین بکات، لەکاتێکدا ئەم کاڵایانە بە کوالیتی گونجاو و هەرزانەوە، لە بازاڕی جیهانی و وڵاتانی دەوروبەردا لەبەردەستدابن و بەسانایی زامن بکرێن. ئەمە ئەو قانونەیە کەبەرخۆری کردۆتە سیمایەکی ئابوری کوردستان نەک

نەبونی پلان و ئەقڵیەتی خراپی دەسەلاتداران.

## ٢/ بازرگانی و کێشەی شمەکی هەنارده و هاوردە.

لەمبارەوە لەخاڵێکدا پرۆگرام ئاوا باس دەکات:

"دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ زیادکردنی بڕی شمەکی هەنارده و کەمکردنەوەی بڕی شمەکی هاوردە"

لەقسەکانی پێشوتردا ئەو یاسایانەمان خستەروو کە بۆچی دیاردەی بەرخۆری سیمایەکی تایبەتی ئابوری کوردستانە و ئاماژەمان دا بەوەی کە چۆن بەرهەمهێنانی کۆمەڵەی ئەو کاڵایانەی کە پێویستن بۆ دابین کردنی ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، کردەیەکی تاک وڵاتی نییە و بەرهەمهێنانی هێزی کاری هەرزان وادەخوازی کە بۆرژوازی و سەرمایەداری هەر وڵاتە پشت بە بازاڕی جیهانی ببەستێ و بەکەمترین و هەرزانترین تێچوون دابینیان بکات، خودی هەر ئەم یاسایە لاسەنگی لە نێوان "شومەکی هاوردە" لەسەر حسابی "شومەکی هەنارده" بەوجود دێنێ. چونکە هەنارده و هاوردە وەک کردەیەکی بازرگانی پاشکۆی ئەم یاسایە دەبێت. بەتایبەتی کاتێک بۆرژوازی و سەرمایەداری کوردستان کاڵاکانی پێویست بەژیان و گوزەرانی کرێکاران و هاوڵاتیانەوە، بەهەرزانترین و هەمە جۆربونەکەیەوە لە بازاڕی جیهانی و دەوڵەتانی دراوسێدا خرابێتە بەردەست، پێویستی بەوە نییە کە سەرمایەی خۆی پەرت بکا و بێئامانج بیخاتە بەرهەمهێنانی کاڵایەکی خۆماڵیەوە کە دەزانێ بەو نرخە ناتوانێ بیخاتەوە بەردەم بەکاربەران کە قازانجی زیاتری لێوەدەستبهێنێ. ئەمە ئەو واقعیەتەیە کە لاسەنگی لە نێوان هەنارده و هاوردەی شومەکدا پێکیهێناوە، کە دیارە هەڵگەرانەوەی ئەم واقعیەتە بەدانانی پلان نابێت، بەڵکو بە هەڵوەشانەوەی فۆرمی ئابوری باو و جێگرتنەوەی بە سیستەمێک مەیسەر دەبێت کە دابین کردنی ئەم کاڵایانەی لە بازنەی بازار و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەرکێشاوە، یانی ئابوری سۆسیالیستی. بەڵام نابێ ئەوە نادیدەبگرین کاتێک سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان "پلانێکی نیشتمانی" بەدەستەوە دەگرێ تا "بڕی شومەکی هەنارده" لەسەر حسابی کەمکردنەوەی ڕادەی"شومەکی هاوردە"زیاد بکا، بە پێویست کاڵاکانی بەکاربردن کەزۆرتر

لەلایەن هاوڵاتیانەوە وەک پێداویستی بژێوی ژیانی ڕۆژانە بەکاردەبرێن، کەم دەبنەوە و نرخەکانیان گران دەبێ. کە دیارە ئەمەش بەقازانجی سەرمایەداری ناوخۆ و کۆکردنەوەی ڕێژەی زیاتر تەواو دەبێ. ئەمەیە ئەو سیاسەتە ئابوریەی بزوتنەوەی گۆڕان کە دەیەوێت "دادی کۆمەلایەتی" پێ بەدی بهێنێ!!.

**٣/ پرۆگرام لەبارەی بانک وکشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سەرمایەگوزاری ناوخۆوە چەند خاڵێکی ڕیزکردووە کە لە راستیدا، شایەنی ئەوە نین لەبارەیانەوە قسەبکەین، چونکە زیاتر باری جوانکاری و پروپاگەندەیان هەیە، بۆ کەمپینەکانی کۆکردنەوەی دەنگو هەڵبژاردنەکان..**

**لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا وەک ئەنجامگیریەک لەباسەکەمان:**

سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان، کە بە ئامانجی"هەرێمێکی بەهێز"ەوە کەوتۆتە دوای باوەڕە بۆرژوا ڕیفۆرمیستیەکانی مەکتەبی گەشەی ئابوری و ئالای ئاوەدانی و دامەزراندنی ژێرخانی ئابوری هەڵبڕیوە، نەک هەر لەدژی فۆرمی ئابوری و سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا نییە، بەڵکو تێدەکۆشی کە کەموکوڕی و ناکامیەکانی ئەم سیستەمە هەڵگرێ و ئەمەش لەژێر ناوی"دادی کۆمەلایەتیدا" بە خەڵکی کوردستان بفرۆشێ. ڕاوەستانەوە لە دژی گەندەڵی، بەرخۆری، ئیحتکاری پرۆژەکان لەلایەن سەرانی دەسەلاتدارەوە، کەمکردنەوەی هاوردە، لایەنەکانی سیاسەتێکی بۆرژوازی نەتەوەیی و ڕیفۆرمخوازە کە مانەوەی بنەماکانی ئابوری سەرمایەداری و جیاکاریە چینایەتیەکانی لەپێشدا بە ئەسڵێکی دەستلێنەدراو وەرگرتووە. پشتبەستن بەباوەڕە بۆرژوایەکانی مەکتەبی گەشە و دیدگای عامگەرایی و دواکەوتوانەی شەرقی دەزگای تێڕوانینەکانی ئەم سیاسەتەیە کە واقعیەتە ئابوریەکانی کۆمەڵگای کوردستان ئاوەژوودەکاتەوە. لەیەک وتەدا سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان نەک هەر هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ باشکردنی ئاستی بژێوی هاوڵاتیان و خەڵکی کرێکار و کارمەند و دەستکورتی کوردستاندا بەرقەرا ناکات، بەڵکو ئەوان ڕادەکێشیتە شەڕی دەست ئاوەڵابوونی کۆمپانیا و سەرمایەدارانی مامناوەند و بچوکەوە، تا لەسەر بنەمای مانەوەی پەیوەندیەکانی کاروسەرمایە، کەرتی تایبەت بتوانێ

قازانج کەڵەکە بکات. لەم سیاسەتە ئابوریناداا، نە بەرزبوونەوەی ئاستی کرێ، دابین کردنی 138

بیمە کۆمەڵایەتیەکان، نە دەستراگەیشتنی هاوڵاتیان بە خزمەتگوزاریەکان و نە ڕۆڵیکیان پێدەدرێ لە سیستەمی شەفافیەت و رەقابەتدا، بگرە ئەوان بەدیار کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەزگا سەروخەڵکیەکانی دەسەڵاتی ئیستاوە رادەگرێ. هەموو ئەمانەش نیشاندەدەن کە سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان ئەو کۆمەڵە چاکسازیە بۆرژواییەیە کە راستەوخۆ ڕووی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو بەشە لە چینی سەرمایەدار و خاوەن کۆمانیاکانە کە سیستەمی ئێستای ژێرسایەی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکان بەکەموکور بۆ خۆیان دەبینن و بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە کۆنترۆل و قۆرغکاریەکان شلکەنەوە.

ماویەتی....　　**ئەیلولی 2016**

(٤

# بەشی دووەم:

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

## تەوەری سێیەم: ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری بزوتنەوەی گۆران و سنورەکانی ڕێفۆرمی بۆرژوایی

لەم بەشەی باسەکەماندا دەچینە سەر ڕەخنەگرتن لە تەوەرەی سێهەم کەلەبەشی دووەمی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا، لەژێر ناونیشانی: "**ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری" دا** جێگیرکراوە. بەڵام هەروەک ئەوەی بابەتەکانی ئەم تەوەرە ڕاستوخۆ پەیوەندیان بە ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە و لەدوا ئەنجامیشدا گەرەکیەتی ستانداریکی کۆمەڵایەتی و ئاستێک لە بژێوی و دەستەبەرکردنی ئازادیەکان، لەژێر ناوی "دادی کۆمەڵایەتی"دا بەڕەسمی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان بناسێنێ، پێویست دەکات ئێمەش بەر لەوەی لەسەر بەندەکان و دانەبەدانەی بابەتەکانی ئەم تەوەرەیە ڕاوەستین، سەرەتا سەرنجێک لەو چوارچێوە گشتیە بدەین کە بابەتەکانی ئەم تەوەرەیەی تیا کۆکراوەتەوە تا ئەوەش نیشان بدەین سنور و مەودای چاکسازیەکانی ئەم حزبە لەم پەیوەندەدا تا کوێ دەڕوا. بە واتایەکی تر دەمانەوێت لە سەرەتاوە ئەوە نیشان بدەین کە بزوتنەوەی گۆران چ وێنایەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئایندی کوردستان هەیە و چ ئاستێک لە ژیان و ئازادی و خزمەتگوزاری، بەڕەسمی بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێ و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی چ بەشێکی کۆمەڵگاوە، ئەم ئاستەی دیاری کردووە وبۆی کەوتۆتە هەوڵی چاکسازیەوە!

## خەسرەو سایە

### "ستانداردی کۆمەلایەتی" بزوتنەوەی گۆران،
### و سنورەکانی ڕیفۆرمی بۆرژوایی:

بێگومان هەرحزبێکی سیاسی لەپشت تەواوی لێکدانەوە و ڕەخنەکانیەوە لە کۆمەڵگاو سیستەمی زاڵی سیاسیو ئابوری و هەموو ئەو سەرنجانەی کەلەبەرامبەر دۆخی مەوجوددا دەیخاتەڕوو، سەرەنجام دەیەوێت بەخەڵک نیشان بدات کەبەدوای چ جۆرە ئاستێک لەژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەوەیە و هاوکات چ ئاستێک لەمافو ئازادی بۆ هاولاتیان بەڕەسمی دەناسێنێ. وە بۆ دەستەبەرکردنی هەموو ئەمانەش بەشوێن نەهێشتنی چ جۆرە جیاکاری و جیاوازیەکەوەیە کەگیرۆدەی کۆمەڵگا بووە؟ ئەمانە بەدڵنیایەوە باسی ئاڵتەرناتیڤ و دانی وێنایەک لەو کۆمەڵگایەی کەئەو حزبە خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەکا و تێدەکۆشی تا لەڕیگای گەیشتن بەدەسەلاتەوە کۆمەڵگا لەچوارچێوەیدا بەڕێوەببات، دێنیتە ئاراوە. بەم پێیەش مەسەلەی ستانداردە کۆمەلایەتیەکان و دابین کردنی هەرئاستێک لەباشبژێوی و ئازادیەکان، لەمافو خزمەتگوزاریەکان، ڕاستەوخۆ پەیوندیان بەو جۆرە لەنیزامی سیاسی و سیستەمی ئابوریەوە هەیە کەهەر حزبە لەبەرنامەی خۆیدا کردویەتیە ئامانجو ئەڵتەرناتیڤ بۆ داهاتوی کۆمەڵگا و وە هەر لەم چوارچێوەیەدا سنور ومەودایان بۆ دیاری دەکات.

بەلام ئەم حکومە و ئەم ڕوانگەیە لەپەیوەند بەبزوتنەوەی گۆرانەوە، وەک ئەوەی کەحزبێکە لەباوەشی بزوتنەوەی کوردایەتی و لەنێو خانەوادەی ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردەوە داکەوتووە، ئاڵتەرناتیڤێکی تر کەلە دەرەوەی سیستەمی دیموکراتی و فیدرالیزم و ئابوری سەرمایەداری و وبازاڕی کۆمپانیاکان و دەسەلاتێک کە حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکان دایان مەزراندووە، بەدەستەوە نادات، هەربۆیە نە ئێمەو نە هیچ کەسێک ئەو چاوەڕوانیەی نییە کەئەم حزبە لە پرۆگرامەکەیدا، وێنای کۆمەڵگایەکی ئەوپەڕی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانی پشتبەستوو بەدەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک بەدەستەوە بداو لەم چوارچیوەیەشدا ستانداردێکی بالای کۆمەلایەتی بۆماف و ئازادیەکان و باشبژێوی هاولاتیان و دابینکردنی فراوانترین ئاستی خزمەتگوزاریەکان، بەڕەسمی بناسێنێت. تەنانەت چاوەڕوانی ئێمە و هەر ئینسانیکی زەحمەتکێش و کارگەر لەبزوتنەوەی گۆڕان ئەوە نییە کە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەشوێن داوای بەگشتی کردن و خۆڕایی کردنی بوارەکانی خزمەتگوزاری و کاڵا پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە بێت و لانی کەم نمونەیەک لەجۆری "دەوڵەتی خۆشگوزەران"ی سۆسیال دیموکراتەکانی سەدەی ڕابردووی کردبێتە دوا ئامانجی خۆیی و ڕیفۆرم و سیاستە چاکسازیەکانی تا ئاستی هێنانەکایەوەی "کۆمەڵگای بیمەکان ودابینکردنی کاری تەواو و خزمەتگوزاریەکان"، لەبەرامبەر دۆخی ئێستادا وەک ئاڵتەرناتیڤێک هەڵبژێرێت. بەڵکو ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو ستاندارده کۆمەڵایەتیەیە، کەلەدونیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا بەرجەستە بۆتەوە و لەژێر فشاری جوڵانەوە کۆمەلایەتیەکان و لەڕەوتی خەباتی نەوە یەک لە دوایەکەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەشەریەتی موتەمەدندا، بەسەر دەوڵەتانی بۆرژوازیدا داسەپاوە و ئیتر وەک بەشێک لەڕای گشتیدا ڕەسمیەتی وەرگرتووە. ئەمڕۆ مەسەلەکانی لانی کەمی ژیانێکی پارێزراو و مسۆگەر، دابینکردنی بیمە و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، ژینگە وسەلامەتی ئینسانی، ئازادیە فەردی و کۆمەڵایەتیەکان، مافەکانی منالان و پیروپەکەوتە، یاسای کارو مافەکانی کرێکاران، ڕەتکردنەوەی سزای کوشتن و لەسێدارەدان، سەلماندنی یەکسانی تەواوی ژنو پیاو لەیاساکاندا، مەسەلەکانی لەشفرۆشی وئاڵودەبوون بەمادده هۆشبەرەکان، لەباربردنی کۆرپە، یاساکانی کۆچ و پەنابەری، سەلماندنی مافەکانی توانبارو تۆمەتلێدراو... زۆر لایەنیتری ژیانی ئینسانی بونەتە بابەت گەلێکی جدی وبەم یان بەو ئاستە لەدەستوری نیزامە سیاسیەکان، لەیاسا وبڕیارە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان و لەبەرنامەی حزبو لایەنە سیاسیەکاندا، ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت لەزۆر جیگای دونیا و لەژێرسایەی دەسەڵاتەکانی چینی بۆرژوازیدا، لەئاستێکی بەرزدا، (بۆنمونە لەولاتانی ئەسکەندەناڤی) بەشێکی زۆر لەم مەسەلانە وەک یاسا جێگیرکراون و وێنای ستانداردێکی پێشڕەوی کۆمەڵایەتیان بەدەستەوە داوە، کەلەبنەڕەتەوە ئیلهامگرن لەچەند پرەنسیپ و پێوانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوانە:

١/ مەبدەئی موقەدەس بونی ئینسان خۆیی و پاراستنی حورمەتی ئینسانی، وەک بنەمایەک بۆ جێخستنی فەرهەنگ وداب و نەریتی پێشڕەو ومۆدێرن لەکۆمەڵگادا.

٢/ باوەڕبوون بەپرەنسیپی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ وبەردەوامی خەڵک لەبەڕێوەبردنی سیستەمی حکومڕانی و کارگێڕیدا.

٣/ سەلماندنی سەریح وبێمەرجی ئەوپەڕی ئاست لەئازادیە فەردی و مەدەنیەکان،

بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەمو هاولاَتیان.

٤/ سکولاریزم و مافی هاولاَتی یەکسان، وەک ڕێچکەو بنەمایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیاکاری ودابەشکردنی ئینسانەکان بەپێی ئینتمای جنسی، نەژادی قەومی ودینی و.. وەک پێوانەیەک بۆ لەبەرچاوگرتنی نیزامێکی سیاسی کەتێیدا هاولاَتیان لەبەرامبەر یاسا ودەستوری ولاَتدا بەیەکسان ڕادەگری.

٥/ مەبدەئی هەقی ژیان وباشبژێوی وکۆمەڵگای پڕ خزمەتگوزاری گشتی. وەک پێوانەیەک بۆ بەرپرسیارکردنی دەوڵەت و نیزامی سیاسی لەبەرامبەر هاولاَتیاندا.

٦/..

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان تاچەند لەپرۆگرامەکەیدا پشتی بەم مەبدەئو پێوانانە بەستووە وبەچ ڕادەیەک خۆی بەم ئاستە جیهانیەوە پەیوەست کردووە و سەرەنجام لەچ چوارچێوە و ئاستێکدا مافو ئازادیە فەردی ومەدەنیەکان، خۆشگوزەرانی و دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی بۆ هاولاَتیانی کوردستانی بەڕەسمی ناسیوە؟

لەسۆنگەی ئەم خالاَنەی سەرەوە کاتێک سەرنج لەسەرتاپای پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆران وخودی ئەو تەوەرانەی پەیوەندیان بەمافو ئازادی و بژێویەکانی خەڵک و خزمەتگوزاریەکانەوە هەیە بدەین، ئەوا بەڕۆشنی دەبینین کە ئەو پێوانەو حوکمانەی سەرەوە نەک هەر بەدەستەوە نەگیراون، بگرە لەکەمترین ئاستدا ڕەنگدانەوەیان نییە و بەرجەستەش نابنەوە. بزوتنەوەی گۆران وەک هەرحزبێکی ناسیونالیستی، کە لەڕوانگەی چەمکەکانی نەتەوە وسەروەری نیشتمان وخاکەکەیەوە لەکۆمەڵگای کوردستان دەڕوانی، بەپێویست ئینسان وناسنامەی ئینسانی نەک هەر پێوانەیەک نیە بۆ دیاری کردنی مافو ئازادیەکان و باشبژێوی کۆمەلایەتی، بەڵکو چەمکی ئینسان بەگشتی وکارگەرو زەحمەتکێش بەتایبەتی کراوەتە پاشکۆیەک بۆ خزمەتکردن بە" نەتەوەو نیشتمان" وگیان فیداو قوربانیدەری ئەو قەوارە سیاسیەی کەنەتەوە پێی گەییشتوە. بەتایبەتیش کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان ئەزمونی دەسەلاتداریتی ٢٥ساڵەی تالانچیان، بەدەستکەوتی خەڵک دەزانێ و دیموکراسی و پەرلەمان و حکومەتی ژێر سایەی دەسەلاتە ناوچەییەکانی ئەحزابی میلیشیایی ودامودەزگای ئەمنی و هێزی سەرکوتگەرەکانیان، وەک چوارچێوەیەکی موسبەت بۆ دەور و دەخاڵەتی خەڵک لەبەرێوەبردنی ولاَتدا، بەدەستەوە دەگرێ، بەپێویست

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

پارێزگاری لەو نیزامە سیاسیە دەکات کە٢٥ ساڵە مافو ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستانی لەخوارترین ئاستدا ڕاگرتووە. لەمەش زیاتر  بزوتنەوەی گۆڕان لەم ئەزمونەدا، کەوتۆتە دوای  ئابوری بازاڕ، کەرتی تایبەتی، کۆمپانیا و ڕۆڵی بازرگانانی ئەهلی وحکومی.. وە تا ئەو ئاستە ڕۆڵیان بەرەسمی دەناسێ، کەحکومەت بەئاشکرا خۆی لەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەژیانی هاولاتیان و دابین کردنی لانی کەمی خزمەتگوزاریەکان بدزێتەوە، لەئاوەها حاڵەتێکدا نەک قسەکردن لە کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران بۆتە خەونێک بەڵکو زامنکردنی ژیانێکی مەمرەو مەژی ڕۆژانە بۆ زۆرینەی هاولاتیان کەوتۆتە قورگی شێرەوە. لەپاڵ ئەمانەشدا بزوتنەوەی گۆران کەنە خۆی وەک حزبێکی سکولاریست دەناسێنێ ونە وەک مەبدەئیش لایەنگریەتی، بەپێویست مافو ئازادیە فەردی ومەدەنیەکان، سنوردار و ناڕۆشن بەیان دەکا و خستویەتیە ژێر سێبەری موقەدەساتی قەومی و سەوابتی دینی ئیسلامەوە. لەحالێکی واشدا، نەک هەر دابو نەرێتی دواکەوتوانەو فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی قەومی و دینی وەک "ڕەسەنایەتی و باوەری زۆرینە" دێلێتەوە، بەڵکو جیاکاری ئینسانەکان لەیاسادا لەسەر بنەمای جنس، نەژاد، ئاین و کەمایەتی ئیتنیکی و زۆرینەی قەومی دەکاتە حاڵەتێکی ئەبەدی. سەیر لەوەدایە کە ئەم حزبە لەپرۆگرامە سیاسیەکەیدا چەندین جارو لەپەیوەند بەچەند باسیکەوە دەستەواژی"سودوەرگرتن لەئەزمونی ولاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکانی جیهان"ی دوبارەکردۆتەوە و وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی بۆ کردووە، کەچی نە سکولاریزم، نە یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو، نە بیمە کۆمەڵایەتیەکان و بەرپرسیارێتی دەوڵەت لەدابینکردنی خزمەتگوزاریەکاندا، نە مافی هاولاتی بوونی یەکسان، نە ئازادیە فەردی و مەدنیەکان بەشیوەیەکی ڕاشکاوانە و ڕۆشن دەبینرێ، لەکاتێکدا خەسڵەتی پێشکەوتوبوونی ئەزمونی ولاتانی جیهان لەبنەڕەتەوە بەم مەسەلانەوە دەناسرێتەوە. تەنانەت  بزوتنەوەی گۆڕان سەرەڕای ئەوەی خۆی لەبەشێکی زۆری ئەو خواست و مافانەی کەلەم سەردەمەدا دانیان پێدانراوە، لاداوە و بەهیچ جۆرێک نەچۆتە سۆراغیانەوە، لەهەمانکاتدا  ئەو مەسەلانەشی کە پەیوەندیان بەژیان و ئازادیەکانی هاولاتیانەوەیە و بوونەتە جێگای باس،  بەناڕۆشنی و کەموکورتی زۆرەوە ئاماژەیان پێکراوە و لەدوتوێی دەربڕینی بێناوەڕۆک ونامفهومدا، لەپرۆگرامدا جێگایان بۆکراوەتەوە.

بەڵام لەکەنار هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرەوەدا، نابی ئەوە لەبیر بکەین کە بزوتنەوەی گۆڕان لەسەربنەمای ئەوەی داکۆکی لە ئەزمونی حکومڕانی ٢٥ ساڵەی حزبە بۆرژوا ناسیونالسیتەکانی کوردستان دەکاو هەر ئەمەش بە"دەستکەوتی هەمو گەلی کوردستان" دەزانێ و لەم نێوەشدا ئامانجی سەرەکی سیاستە ڕیفۆرمخوازیەکەی و تەواوی هەوڵەکانی بۆ چاکسازی، بەوە دیاری کردووە کە کوردستانی عێراق و ئەزمونەکەی بەرەو "دامەزراندی هەرێمێکی بەهێز" بەرێ، بەپێویست هەر لەم چوارچیوەیەشدا سنورەکانی خۆی بۆ مافو ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان، ئاستی خزمەتگوزاری و بیمەکان، ئاستی گوزەران و هەڵگرتنی جیاوازیەکان، فەرهەنگ و ناسنامەی ئینسانەکان و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بەژیانی هاوڵاتیانەوەیە، دەکێشێ. بە واتایەکی تر دەرکی سنوردارانە و بۆرژوازیانەی بزوتنەوەی گۆڕان لەمەودای مافو ئازادیەکان، ئاستی بژێوی و خزمەتگوزارەیەکان، بەو قەدەرەیە کە کۆمەک بەهێنانەکایەوەی "هەرێمێکی بەهێز" بۆ نەتەوەی کورد بکات کە توانای خۆڕاگری لەبەرابەر دوژمناندا هەبێت. ئەمە ئەو چوارچێوە و ستاندارەدە کۆمەڵایەتیەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک وێنایەک بۆ ئایندەی کوردستان لەبەرگی چاکسازیدا بەدەستیەوە داوە، کە بێگوامان لەجەوهەردا، نەک هەر ئاستیکی ڕوو لەخوارو دواکەوتوانەیە، بگرە پێچەوانەیە لەگەڵ تەوەقوعاتی خەڵکی مەدەنی و شارنشینی کوردستاندا. سەرەنجام بزوتنەوەی گۆڕان وەک ڕەوتێکی ناڕازی ناچارە لەژێر فشاری نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا و لەگەڵ قوڵبوونەوەی کەلێنە چینایەتیەکاندا، بەبەرگی چاکسازی و ڕیفۆرم خوازیەوە خۆی بنوێنێ و بۆئەمەش هەرچۆنێک بووە وێنایەکی بەرتەسک و ئاوەژوو لەمافو ئازادیەکان و لەئاستی بژێوی و خزمەتگوزاریەکان بدات بەدەستەوە ولەپرۆگرامەکەیدا بیگونجێنی. بەڵام بۆ سەلماندی زیاتری ئەم ڕاستیانە وەرن با پێکەوە لەسەر خاڵ و بەندەکانی ئەم تەوەرە ڕاوەستین کە پەیوەندیان بەژیان و گوزارەانی هاوڵاتیانەوە هەیە.

### یەکەم:سیستمی پەروەردە و خوێندن،
### چاکسازی بەپێوانەی بزوتنەوەی گۆڕان:

لەبارەی سیستەمی پەروەردە و خوێندن لەکوردستاندا، سەرەتا پرۆگرام ئاماژە بەدۆخێکی

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

قەیراناوی دەکا وپاشان زیاتر لە٢٠ خاڵ وەک هەنگاوەکانی چاکسازی لەم بوارەدا ڕیزدەکات. بەلام بەرلەوەی ئاماژە بۆخاڵەکان و ناوەرۆکی چاکسازیەکان بکەین بابزانین، پڕۆگرام چ خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی ئێستای سیستەمی پەروەدە و خوێندن دەکات:

" کەرتی خوێندن و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا وەک هەمو کەرتەکانی تر لە قەیراندایە. بەڵام قەیرانی ئەم دو سێکتەروە، بە بەراورد لەگەڵ سێکتەرەکانی تر، مەترسی زیاتری بۆ سەر گەشەی سامانی مرۆیی و پەیکەرەی کۆمەڵایەتی هەرێم هەیە. تائێستا لە هەرێمی کوردستاندا سیستمێکی ڕۆشن بۆ پەروەردە و خوێندن لەئارادا نیە، چەند ساڵ جارێک بەپێی مەزاجی کابینە وەزاریەکان و وەزیر و مەکتەب - سیاسی حیزبەکان گۆڕانکاری ڕوکەش لە سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا کراوە. .. تا ئێستا پرۆگرامی خوێندن و میتۆدی وانەوتنەوە لە قوتابخانە و زانکۆکانی هەرێمدا لە ئاستێکی نزم و دواکەوتودایە... ژێرخانێکی پەروەردەیی و زانکۆیی لەئارادا نیە کە توانای لەخۆگرتنی نەوەی نوێی هەبێ و ئامێر و پێداویستیەکانی پێگەیاندنی مەعنەوی و جەستەیی بۆ فێرکاران دابین بکا... تائێستا ژمارەیەکی زۆری قوتابیان و خوێندکاران، بگرە مامۆستایانیش نائاشنان بە زمانە بیانیەکان و پرۆگرامی خوێندنی هاوچەرخ... هەرچەندە ئەو بودجەیەی کە بۆ سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا سەرف دەکرێ لە ئاستی پێویستدا نیە، بەڵام گەر کەرتی گشتی ئەو دو سێکتەرە بەراورد بکرێ بە کەرتی تایبەت و قوتابخانە نمونەییەکان بەڕونی دەردەکەوێ کە بڕێکی زۆری ئەو بودجەیە لە خزمەتی هەڵاوسانی کارگێڕیی و بێرۆکراسیەتی بێ بەرهەمدا سەرف دەکرێ." ( هێڵەکانی تەئکید هی ئێمەن) ⚘

ئەم دەربڕینانەی سەرەوە ئەگەرچی چەند ڕاستیەکی لەخۆ گرتووە، بەڵام هێشتا ئەو دۆخە ناهەموارەی کە قەیرانی سیستەمەی پەروەردەو خوێندنی لە کوردستان بەرەو دارمانێکی یەکجاری بردووە ناخاتەڕوو. بەتایبەتی کە ئەمڕۆ بەجیا لەو دۆخەی کەمامۆستا و قوتابی و فەرمانبەرانی ئەم بوارە، ڕووبەڕویان بۆتەوە، بەجیا لەکەمی ئیمکاناتەکانی پەروەردە و خویندن، یەک واقعیەتی بەرچاو ئەوەیە کە دەسەڵات تا هاتووە بەرپرسیارێتی خۆی

⚘ / لێرەبەدواوە هەموو هێڵەکانی تەئکید لەلایەن ئێمەوە دانراون ولە دەقی پرۆگرامدا نییە.

لەبەرامبەر ئەم خزمەتگوزاریەدا، دزیوەتەوە و لەهەوڵدابووە تایبەتی بکاتەوە و وەک هەرکالآیەکی تر بەبازاڕی کڕینو فرۆشتنی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکانەوە ببیەستێتەوە. ئەمڕۆ لە کوردستان کەدەیان و سەدان کۆمپانیای ئەهلی وحزبی بەشێکی زۆری دایەنگاو باخچەی ساوایان و قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگا نمونەییەکانیان گرتۆتەدەست و دەرگا لەبەردەم دەیان دەوڵەتی وەک تورکیا، سعودیە، ئیران، قەتەر، ئەمریکا وبەریتانیا و...ئاوەڵا بووە و ئەم بازاڕەیان گەرم کردووە و کردوویانەتە مەیدانیکی قازانج هێنان و مونافەسەی بەدەستهێنانی نفوزی سیاسی وئایدیۆلۆژیان، ڕاستەوخۆ لە ئارادابوونی سیستەمێکی مەرکەزی وەک ستانداردێک لەبواری پەروەردە و خوێندندا، کە هەموو هاولآتیانی کوردستان بەبێ جیاوازی لێی بەهرەمەندبێت، بەیەکجاری هەڵوەشاندۆتەوە و لەسەر پێگەی جیاکاریەکی کۆمەلآیەتی وچینایەتی زەق دایناوەتەوە. ئەمڕۆ لە کوردستان ئەوە تەنها کوڕو کچ و منالآنی دەوڵەماندان و سەرمایەدارن و بەرپرسانی حزبی و حکومەتە، کە دەتوانن بەهۆی توانایی دارایی و دەست ڕۆیشتویانەوە لەباخچەی ساوایان، قوتابخانەی نمونەیی، زاکۆ و پەیمانگا ئەهلیەکان، بە زمانەکانی تورکی، ئینگلیزی، ئەلمانی و فەرەنسی.. و لەکوالیتیەکی بەرزدا، پەروەردەببن و بخوێنن و بڕوانامە بەدەست بهێنن و دواتریش بەساناترین ڕێگا ڕوو لەدەرەوەی وڵات بکەن. لەولاشەوە ئەوە زۆرینەی خەڵکی کەمدەرامەتە کەدەبێ چاولەبەری خوێندگا حکومیەکان بێت، ئەویش بەلە ئەستۆگرتنی مەسروفاتی یەکجار زۆری پێداویستیەکانی خوێندن و هاتوچۆوە. لەپاڵ ئەمەدا تێکەڵ کردنی باوەرە قەومی و ئیسلامیەکان وزاڵکردنیان بەسەر میوتۆد و پرۆگرامی خوێندندا، دیسانەوە ئەم بووارەی لەناوەرۆکە زانستیەکەی داماڵیوە و لەفەزایەکی ئایدیۆلۆژی قەومی و دینیدا خنکاندویەتی. "زانکۆی کوردۆلۆژی" و کۆلێژی "زانستە ئاینیەکان"، هاوکات دەخاڵەتی وەزارەتی ئەوقاف و ڕێگەدان بەکردنەوەی قوتابخانەی ئاینی وناچارکردنی خوێندکاران بەخوێندنی ئەم بابەتانە هەرلەقۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا سەرەتایی و ناوەندی.. ئەم واقعیەتە نەک هەر ئەم بوارەی لەئاستێکی دواکەوتوی پڕلەمترسیدا ڕاگرتووە ، بەڵکو خوێندکارانی کوردستانی لەنێو زەلکاوی خورافەی قەومی و ئاینیدا چەقاندووە و گیرۆدەی چەندین نەرێت و فەرهەنگی دواکەوتوانە و پیاوسالارانەو کینەتۆزی و ڕقەبەری کردووە. لەپەیوەند بەدۆخێکی ئاواوە بزوتنەوەی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

گۆڕان هەروەک لەتێکستەکانی سەرەوەدا هێناومانەتەوە- چەند گرفتێک وەک دەرهاویشتەی "قەیرانی سیستمی پەروەردەو خویندن" بەئەنجام وەر دەگرێ ، لەوانە: گرفتی "سیستەمی پەروەردەو خویندن و میتۆدی وانە ووتنەوە"، "پێداویستیەکانی خوێندن و کەمی قوتابخانە"، "پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن"، و گرفتی"جیاوازی نیوان کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت و قوتابخانە نمونەیەیەکان".. بەلام وەلامی بزوتنەوەی گۆڕان بەم گرفتانە چییە وهەنگاوە چاکسازیەکانی چین؟.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پیکرد، پرۆگرام بۆ وەلامدانەوە بەو گرفتانە، لیستێکی زیاتر لە٢٠ خاڵی ڕیز کردووە کەلێرەدا هەوڵدەدەین لەپەیوەند بەهەریەک لەو گرفتانەوە چەند سەرەقەڵەمێکیان لێهەڵگرین، تا ناوەڕۆک وسنوری چاکسازیەکان دەرخەین:

١/ گرفتی سیستەم: پرۆگرام دەڵێت:

" - کارکردن بەپێی فەلسەفەیەکی نوێ بۆ پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا بە سودوەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکانی جیهان.."

لەخاڵێکیتردا دووبارە دەڵێت:

"- چاکسازیی لە سیستمی زانکۆییدا، بەجۆرێک لەگەڵ گیانی سەردەم و پێداویستی و پلانی ستراتیجی هەرێمدا بگونجێت. سودوەرگرتن لە ئەزمون و میتۆدی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان بۆ تازەکردنەوەی خوێندنی باڵا، .."

لەم خاڵانەدا بزوتنەوەی گۆران دەخوازێ کار بە" فەلسەفەیەکی نوێ بکاو میتۆدی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان" بەدەستەوەبگرێ، بەڵام پێمان ناڵیت ئەو فەلسەفە نوێیە چیە وکامەیە کەلەوڵاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکانی جیهانەوە بۆ هەرێمی کوردستانی دەگوازنەوە؟ هەروەها "پیلانی ستراتیژی هەرێم" بەکام فەلسەفە و میتۆدەوە دادەڕێژرێ؟ ئایا دەتانەوێت سیستمێکی سکولار و پشتبەستوو بەفەلسەفەی زانستگەرایی و میتۆدی ئەزمونگەریی بخنە شوێنی سیستەمی ئیستاو دەستی دین ونەتەوەچێتی لەبواری پەروەردەو خوێندن ڕەهاکەن، یان لەدەرەوەی ئەم گۆرانکاریە دەتانەوێت چاو لەوڵاتانی پێشکەوتوو ببڕن؟ ئایا بەبێ گۆڕانکاریەکی لەم جۆرە ئاماژە دان بەدەستەوەژەی "سود وەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتو" چ بەهایەکی هەیە جگەلە داپۆشینی ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی باوەڕو بۆچونی

قەومی ودینی وهێشتنەوەی لەسیستەمی پەروەردەو خوێندندا؟

٢/ گرفتی دابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندن، پرۆگرام ئاوا وەڵام دەداتەوە:

"- تەرخانکردنی بەشێکی گەورەتری بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ پەروەردە و پێگەیاندن و خوێندنی تەوزیمی، گەشەدان بە باخچەکانی منداڵان و پێشخستنی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییەکان.

- بچوککردنەوەی پۆلی خوێندن لەڕوی ژمارەی قوتابیان، ..
- دابینکردنی پێداویستیە مادیی و دەرونی و ژیانیەکان بۆ مامۆستایانو قوتابیان،
- کارکردن بۆ نەهێشتنی جیاکاریی لەنێوان ئاستی خزمەتگوزاریی و خوێندن، لەنێوان قوتابخانەکانی گوند و شاردا، لەنێوان ئاستی قوتابخانە نمونەییەکان و قوتابخانە ئاساییەکاندا.
- گرنگیدان بە کتێبخانە، فێرکاریی ئەلیکترۆنی، تاقیگە، شوێنی ئەزمونکردن و..
- گرنگیدان بە هونەری شێوەکاری، موزیک و شانۆ .."

ئەم خاڵانە چەند ڕاستی دەخەنە ڕوو، یەکەمیان، بەهیچ جۆرێک ناچێت بەلای ئەوەدا کە بە ڕۆشنی دەسەڵات لەدابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندن و لە ئەستۆگرتنی ژیانو ژیاری مامۆستا و قوتابیان و کارمەندانی ئەم بوارە بەرپرسیار بکات. تەنانەت کاتێک باسی تەرخان کردنی "بەشێکی گەورەی بودجەی هەرێم" دەکات پێمان ناڵێت بڕەکەی چەندە و لەچاو بودجەی دەزگای ئاسایش و موچەی ئەحزاب و کاربەدەستانی باڵای حکومەت و میدیاکانیاندا چەندە. دووەم باسی "خوێندنی تەوزیمی- ئیجباری" دەکات بەلام پێمان ناڵێت لەچ ساڵێکی تەمەنەوە بۆ چ ساڵێکی تری تەمەن، هاوکات باس لەوەش ناکات کەخوێندنی تەوزیمی بەپێویست دەبێ لەنێوان ئەو ساڵە دیاریکراوانەدا کەئیجباریە دەبێ بەخۆڕایی بێت و تەواوی مەسروفاتەکەی لەئەستۆی دەسەڵاتدا بێت!. سێهەم باس لەنەهێشتنی جیاوازی نیوان "قوتابخانەی نمونەیی و ئاسایی، شارو گوند" دەکات، لەکاتێکدا مەسەلەکە هەڵوەشانەوەی ئەم جۆرە دابەشبوونە و جێخستنی سیستەمێکی مەرکەزی و یەکستانداردیدایە، بەڕادەیەک کەلەژێر سایەیدا هەموو لایەنەکانی ئەم بوارە چونیەک بەڕیوەبەرێت. چوارەم باس لەگرنگیدان بەتاقیگە، فیرکاری ئەلکترۆنی، هونەرو شێوەکار و.. دەکات بەلام مەعلومی ناکات ئەم خزمەتگوزاریانە خۆرایی دەبن یان ئەویش بەمەرجی

پارەو ڕسوماتەوە گرێدەدرێتەوە!.

٣/ گرفتی بابەتەکانی خویندن. پرۆگرام لەم بارەشەوە دەڵێت:

"- پێداچونەوە بە پرۆگرامی بەشە زانستیەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، پێداچونەوە بە رێژەی وەرگرتن و ئەولەویەتی هەندێک بەش‌و کۆلێژ، بەجۆرێک بەشی زۆری کادیرانی نەوەی نوێ بەگوێرەی پێداویستیە حکومی و نیشتمانیەکان‌و پلانی پێشوەخت ئامادەبکرێن.

- بایەخدان بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی لە هەمو ئاستەکانی خوێندندا، بەتایبەتی لە زانکۆکاندا.

- کارکردن بۆ ستاندەرایزی زمانی فەرمی کوردی بەتایبەتی لە زانکۆکان و نێوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا.

- پاککردنەوی پرۆگرام و میتۆدی خوێندن و ئەکادیمی لە فیکر و ئاکاری تاکڕەوی، شۆڤێنیزم و دۆگماتیزم، بەتایبەتی لە بەشە مرۆییەکاندا، وەک مێژو، یاسا، سیاسەت، هونەر، ئەدەبیات و زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بەگەڕخستنی ئەو زانستانە تا خزمەتی هەقیقەتی مەعریفیی، بیرکردنەوەی نەوەی نوێ، پەیڤین و گوتاری رەخنەیی بکەن، نەک خزمەتی گوتاری باڵادەست و بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران بکەن.

- بایەخدان بە گەشتی زانستی، سروشتناسی، ئاسەوارناسی، ئەتنۆگرافی و گەشتی گەشتوگوزاریی خوێندکاران بەگوێرەی پسپۆڕییان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا."

لەبەرامبەر ئەم گرفتەشدا پرۆگرام پێمان ناڵێت لەسەر بنەمای چ سیستەم وفەلسەفەیەک پێداچونەوە بەپرۆگرام و بابەتەکانی خوێندندا دەکات و لەشوێنەکەیدا چ جۆرە بابەتێک دادەنێ!. هاوکات باس لە پاککردنەوەی تاکڕەوی و دۆگماتیزم وشۆڤینیزم لەپرۆگرام و بابەتەکانی خوێندندا دەکات، بەلام بەهیچ جۆرێک ناچیت بەلای بابەتە قەومی ودینیەکاندا، وەک بڵێی دۆگماتیزم وتاکڕەوی و شۆڤینیزم لەم باوەڕە ئایدیۆلۆژیانەوە سەرچاوە ناگرن!.

٤/ باقی ئەو خاڵانەی دەمێنێتەوە، وەڵام بەهیچ گرفتێک نادەنەوە و زیاتر بۆ ڕازاندنەوەی پرۆگرام دەرج کراون لەوانە:

"بەویژدان" تەرازویەک بێت بۆ بەرقەرارکردنی داد لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەنداندا، لە نێوان کۆیلە و خاوەن کویلەدا. کەچی لە ئەنجامدا، زۆرترین تاوان و بێدادی و سەرکوت و هەڵاواردن لە سایەی "نیەتی دادوەرانی نوێنەرانی سەرزەوی خواوەندەکان" خولقێنراوە.

سوقرات و ئەفلاتون، وەک یەکەمین فەیلەسوفانێکی سەردەمی کۆنی یۆنان، "دەوڵەتی ئایدیاڵ"، لەسەر بنەمای "فەزیلەتە کۆمەڵایەتیەکان" و لە پەیوەند بە دابەشبوونە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو دەمانەوە و بە پێداگرتن لەسەر "خەسڵەتە ناوەکیەکانی خودی ئینسان"، دادی کۆمەڵایەتییان لەسەر بنەمای ڕاگرتن و مەشروعییەتدان بە کۆیلەیەتی، وەک چەمکێکی فەلسەفی هێنایەکایەوە، کەدواتر مشتومڕێکی فەلسەفی و تیۆری لێکەوتەوە. بەڵام دواتر چەمکی دادی کۆمەڵایەتی کە زیاتر لەپەیوەند بە "تاوان و سزاوە" لە بوعدێکی قانونیدا لە سیستەمی دادوەری و قەزاییدا، خۆی دەرخست و کرایە قەڵغانێک بۆ پێشگیری بە ئاشوب و تاوان، "سەروەریی یاسا"ی لەبەرامبەر هەمووانداا، بەعەدالەت ناساند. لەکاتێکدا لەژێر سایەی "سەروەریی یاسادا"، زیندانیکردنی هەتاهەتایی، سەرپەڕاندن و لەسێدارەدان و هەڵواسینی ئینسان و لێسەندنەوەی مافی ژیان، وەک شێوازێک بۆ "تەنفیزی عەدالەت"، کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، کرایە بەشێک لە سیستەمە قانونیەکان و بەم حاڵەشەوە چەمکی دادی کۆمەڵایەتی بەرەو مەیدانەکانی ئەخلاق، سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵناسی سەرەوخوار بوەوە. بەڕادەی ئەوەی ئەمڕۆ باس لە عەدالەتی کەلتوری و، ئەتنیکی و"دادی جوگرافی"یش دەکرێ و لە هەربوارەشدا واتای تایبەتی پێدەدرێ.

بەدیاریکراویش لەسەدەی هەژدەهەمدا و لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری و دەرکەوتنی سەرمایەدار و کرێکار وەک دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتی سەرەکی، چەمکی دادی کۆمەڵایەتی ڕوانگەیەکی بۆرژوایی پێدرا و وەک تەعبیرێکی ئەم چینە بۆ "یەکسانی و هاوبەشێتی" نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، بەکارهێنرا. مەسەلەی "کرێی عادیلانە لەبەرامبەر ڕۆژکارێکی عادیلانە"دا، کە کرێکارانی بەریتانیا لەجەرگەی پەرەسەندنی مانیفاکتۆرە و دەرکەوتنی قەڵشتێکی فراوان لەنێوان ژیانی هەژاری و نەداری کرێکاران لەلایەک و دەوڵەمەندان و خاوەن کارگە و سەرمایەداراندا، تەعبیرێک بوو بۆ تەحقیقی دادی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەنگلس واتەنی "ئەو بابەتەی لەڕوانگەی ئەخلاقەوە عادیلانەیە، تەنانەت بەپێی یاساش عادیلانە بێت، بەڵام بە بەراورد بەو شتەی کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە

عادیلانەیە، ئەشێ تائەوپەڕی خۆی جیاوازبێت". کرێکاران لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کە جگە لە فرۆشی هێزی کاریان شتێکی تریان نییە بۆ دابینکردنی ژیان و بژێوییان، وەک چەوساوەترین چین و بەشی کۆمەڵگا، دەکەونە پەیوەندییەکی نابەرابەر و ناعادیلانەوە لەبەرامبەر سەرمایەداران و دەوڵەمەندانی کۆمەڵگادا. بەتایبەتی کە کاری کرێکاران لە پرۆسەی کار و فرۆشتنی هێزی کاریاندا، نەک هەر پێداویستی و هۆیەکانی بژێوی خۆیان و کۆمەڵگا بەرهەمدەهێنن، بەڵکو زیادەیەکیش دەخەنە سەر بڕی ئەو سەرمایەیەی کە لە دەستی دەوڵەت و سەرمایەداراندا کۆبۆتەوە. بەمجۆرە سەرچاوەی داهاتی کۆمەڵایەتی شتێکی تر نییە جگە لە کەڵەکە بوونی بەردەوامی هێزی کاری دزراوی کرێکاران، ئەمە ئیتر ناعادیلانەترین دابەشبوونی کۆمەڵایەتییە کە چینی بۆرژوازی و دەوڵەت و یاسا بە دیاردەیەکی "عادیلانە" ڕەسمییەتی پێداوە. لەلایەکی ترەوە سەرمایەداران بۆ ڕاگرتنی ئەم هەقیقەتەی نیزامی سەرمایەداری، لەچەندین لاوە ستەم و چەوسانەوە و جیاکاری بەرهەمهێناوە و بگرە گەلێک لەوستەم و بێدادییانەی کە لە کۆمەڵگاکانی پێش خۆیدا بوونیان هەبووە، بە میرات بردووە، لەوانە ستەمکێشی ژنان. بەم پێیەش نیزامی سەرمایەداری وەک سەرچاوەی هەموو جیاکاری و ستەم و چەوسانەوەیەکە کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بێدادی لەبەرامبەر کرێکاراندا ڕاوەستاوە. خودی ئەم ڕاستییە، لەدونیا و سەردەمی ئەمڕۆدا، چینی بۆرژوازی و دەوڵەتان و سەرمایەدارانی وردودرشت و قەڵەم بەدەستانی، بە شێوازی جۆراوجۆر خستۆتەکارەوە بۆ جوانکردن و بەڕەوا و بەعادیلانە نیشاندانی نیزامی سەرمایەداری و پێچەوانە کردنەوەی دادی کۆمەڵایەتییە لەم نیزامەدا. بەتایبەتی کاتێک ئەم چەمکە وەک دروشم و ڕێباز، وەک دوائامانجی هێزولایەنە بۆرژوازییەکان، وەک ڕێباز و بەرنامەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم چینە، لە پەیوەند بە هەلومەرجی داسەپاو و سیستەمە قانونی و سیاسی و ئابوورییە جیاجیاکانەوە بەدەستەوە دەگیرێ و واتای جۆراوجۆر و جیاوازی پیدەدرێ: ئەمڕۆ دادی کۆمەڵایەتی لای دیموکراتخوازەکان ئەو واتایەی پێدراوە کە ئەوە "سیستەمی دیموکراتی"یە کە لەسەر بنەمای "دەنگدانی تاک" لە هەڵبژاردنەکاندا ئەتوانێ وەک "تەرازووی عەدالەت" ڕۆڵبگێڕێ لە بڕانەوەی سیستەمی دەسەڵاتداریتیدا و ئازادی و دادی کۆمەڵایەتیش بۆ هەمووان دەستەبەربکات. زۆرجاریش ئەم پرۆسەیە بە ئامانجی بەدەستهێنانی "ئاشتی کۆمەڵایەتی" و

" - ئامادەکردنی قوتابی بەوەی تەنها بونەوەرێکی وەرگر و پاسڤ نەبێت، بەڵکو تاکێکی بیرکەرەوەش بێت، ..
- دانانی پلانی هاوبەش لەنێوان وەزارەتەکانی پەروەردە، خوێندنی باڵا، پلاندان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تری هەرێم و نێوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ گەشەدان بە سامانی مرۆیی لە ئێستاو ئایندەدا.
- کردنەوەی زانکۆ و بەشە زانستییەکان، وەرگرتنی خوێندکاران بەگوێرەی زەمینەو پلانی پێشوەخت.
- پێگەیاندنی نەوەی نوێ بەشێوازێکی هاوچەرخ، چەکدار بە زانیاریی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆجیای سەردەم،
- رێزگرتن لە سەربەخۆیی زانکۆکان و سەربەخۆیی فیکری ئەکادیمی."

ئێستا ئیتر ڕۆشنە کەسنوری چاکسازیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەبواری پەروەدە و خوێندندا، لەهەمان دۆخی مەوجوددا قەتیسەو هەڵگری ستاندارێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوەی کەهەیە نییە، چونکە نە بەشێوەیەکی سەریح ورۆشن سیستەمێکی جیاوازی سکولاریستی و زانستگەرایی بۆئەم بوارە دەخاتەڕوو، وەنە وەک خزمەتگوزاریەکی گشتی، کەلە ئەستۆی دەسەڵاتدا بێت چاوی لێدەکات. تەنانەت بەڕۆشنی باس لەخواستی خۆڕایی کردنی پەروەدەو خوێندن لەتەمەنێکی دیاریکراوەوە بۆ تەمەنێکیتر ناکات و بەگشتی ئەم بوارە لەبازاڕی کرین وفرۆشتندا دێلێتەوە و هاوکات مانەوەی قوتابخانە نمونەیی و ئەهلیەکانیش، بەفەرز وەردەگرێ. تەنانەت ڕاشکاوانە قسەیەک لەسەر پاککردنەوەی پرۆگرام وبابەتەکانی پەرەوەردەو خوێندن، لەدیدو باوەری قەومیو دینی ناکا.

## دووەم: خزمەتگوزاری تەندروستی و ژینگەپارێزی، چاکسازی بەنرخی بازاڕ!

لەبەندی دوومدا پرۆگرام دێتە سەر باسی "چاکسازی لەسیستەمی تەندروستی و ژینگە پارێزیدا"، سەرەتاش لەڕیگای پێشەکیەکەوە کە بۆ ئەم بەندە نوسراوە، ئاماژە بەقەیرانێک دەکات کەلە کەرتی تەندروستی وپیسبوونی ژێنگەی هەرێمی کوردستاندا هەیەو هەرلەوێشدا ئەو هۆکارانە دەخاتەڕوو کەبونەتە هۆکاری ئەم قەیرانەو نزمبوونەوەی "تێکڕایی تەمەنی هاوڵاتیان". کەوایە بابزانین پرۆگرام چ خوێندنەوەیەک بۆ قەیرانەکە دەکا

وهۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنێتەوە:

" بەشێک لە قەیرانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەندیی بە بێبەرنامەیی حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندیی بە نەبونی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و نەبونی رۆشنبیریی خۆپاراستن و ژینەگەپارێزییەوە هەیە لەناو هاوڵاتیاندا. سەرباری نەبونی داتای زانستی ورد سەبارەت بە تێکڕای تەمەن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لاوازیی نەخۆشخانە و کلینیکە گشتی و تایبەتەکان، نەبونی رۆشنبیریی تەندروستی لای هاوڵاتیان، خراپیی کوالیتی دەرمان و ئامێری پزیشکی و نەبونی کوالیتی کۆنترۆڵ بەسەر بازرگانیی دەرمانەوە، لەپاڵ مامەڵەی خراپی کەرتی تەندروستی و دەسەڵاتداران لەگەڵ پزیشک و کارمەندانی تەندروستی و لاوازیی رۆڵی پەرلەمان لە چاودێریکردنی وەزارەتی تەندروستی و کەرتی تایبەتی تەندروستی... هەمو ئەم هۆکارانەوە پێکەوە وایانکردوە تێکڕای تەمەنی هاوڵاتیان لە ئاستێکی نزمدا بێ. تائێستا رون نییە کەرتی تەندروستی کوردستان بەگوێرەی چ سیستمێکی تەندروستی کاردەکاو چ مامەڵەیەک لەگەڵ کەرتی تایبەتدا دەکا. هەرچەندە حکومەت بودجەی بۆ کەرتی گشتیی تەندروستیی دابین کردوە، کەچی بەشێکی زۆری هاوڵاتیان ناچارن لەکاتی نەخۆشی و قەیرانی تەندروستیدا، بەپارەی تایبەتی خۆیان لە کلینیکی تایبەت و زۆرجاریش لە نەخۆشخانەی تایبەتدا، یان لە دەرەوەی وڵات چارەسەر وەرگرن.

ئەم دەربڕینانەی سەرەوە، نە وێنایەکی دروست و واقعی دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی و ژینگەپارێزی بەدەستەوە دەداو نە هۆکاری قەیرانەکەش بەدروست دەستنیشان دەکات. بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەی خزمەتگوزاری تەندروستی وژێنگە پاریزی، لەڕوانگەی دابینکردنی مافی ژیان و سەلامەتی ژینگەی کۆمەڵایەتی، هاوڵاتیانی کوردستانەوە، وەک ئەرکێک کەلەسەرشانی دەسەڵات و حکومەتە لەبەرچاو بگرین، ئەوا دەبێ بڵێین کەدامێن و ئاستەکانی قەیران وکێشەو گرفتەکانی کەرتی تەندروستی و ژینگەی هەرێم، زۆر داڕخاوترە لەوەی کە بخرێتە ئاستی "لاوازی نەخۆشخانە و کلینیکە گشتی و تایبەتەکان" و" خراپی کوالیتی دەرمان و ئامێری پزیشکی و نەبونی کوالیتی کۆنترۆڵ

بەسەر بازرگانی دەرمانەوە"، تەنانەت دۆخەکە هەر ئەوەندە نییە کە "دەسەلاتداران مامەڵەی خراپ لەگەڵ پزیشک و کارمەندانی تەندروستی"دا دەکەن، وەک ئەوەی کە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆران وێنای لێگرتووە، بەڵکو دارمان و هەڵوەشانەوەی کەرتی تەندروستی و ژێنگە پارێزی لەوێوە دەست پێدەکات کەیەکەم، سیستەمی چاودێری پزیشکی گشتی لەهەرێمی کوردستان لەئاستی سفردایە. ئەمە بەو مانایەی کە سیستەمی پزیشکی خێزانی و کلینیکە لۆکەڵیەکان کەشەورۆژ لەخزمەتی هاولاتیاندا بن وباری تەندروستی وژێنگەی تەندروست بۆ سەرجەم دانیشتوانی کوردستان، بخەنە ژێر کۆنترۆڵ و بەدواداچوون و چاودێری بەردەوامەوە، لەهێچ ئاستێکدا نە لەبەرنامەی حکومەت و دەسەلاتدایە و نە وەک بەشێک لەخزمەتگوزاری تەندروستی ئیستای هەرێمدا بوونی هەیە. وە لەئاستی کۆمەڵگاشدا، نەبوونی چاودێری پزیشکی وەک یەکێک لە ئەرکەکانی حکومەت کەخۆی لەهەڵمەت و سیستەمەکانی وقایەو بەگژاچوونەوەی ئەو نەخۆشی و دەردانەدا دەبێنیتەوە کەپێشبینی توشبون و بلاوبونەوەیان لێدەکرێ و ئەگەری ئەوەیان هەیە لەژینگەی هەرێمی کوردستاندا سەرهەڵبدەن. ئەمرۆ لەهەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی سیستەمی چاودێری پزیشکیەوە لەئاست خێزان و تاکو کۆمەڵگادا، نەخۆشیەکانی دڵ وشێرپەنجەو هەناو.. مافی ژیان و سەلامەتی ژێنگەیی تەواوی کۆمەڵگای خستۆتە بەردەم هەرەشەیەکی ئەکیدەوە. دووەم، دەسەلات لەگەڵ ئەوەدا خۆی لەبەرپرسیارێتی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بەگشتی و خزمەتگوزاری تەندروستی دزیوەتەوە، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە بەرنامەوە وەک یەکێک لەسیاسەتەکانی حکومەت، هەوڵی بەتایبەتی کردنی سەکتەری تەندروستی داوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەستی لە خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی هەڵگرتووە و بەرەو پوکانەوە پاڵی پێوەناوە. ئەمرۆ کەدەیان و سەدان خەستەخانەی ئەهلی و کلینیک و موختەبەرو ناوەندەکانی دەرمان فرۆشی پانتایی ئەم سیکتەرەیان داگیر کردووە و لەسەرویانەوە چەند کۆمپانیایەک بازارەکەیان کۆنترۆڵکردووە، مەسەلەی تەندروستی و ژیانو سەلامەتی ژینگەیی هاولاتیان وەک هەر کالایەکی تر بەتەواوی هەوالەی بازارو مونافەسەی سەرمایەدارانی کەرتی ئەهلی وکۆمپانیاکان کردووە. لەلایەکی تریشەوە ئەم واقعیەتە، تۆرێک لەعیادەی لاکۆلان و کلینیکە شەوانە ڕۆژەکانی، بەکواڵتی کەم و پسپۆری نزمەوە لەبەر هەرزان بونی نرخ تیایاندا، بۆنەتە مەیدانیک بۆ وەلامدانەوە

بەنەخۆشی وگرفتی تەندروستی هاولاتیان. لەکەنار ئەم دۆخەدا، لەلایەک بازاری دەرمانفرۆشی کەدەرگای لەسەر ئامادەبوونی جۆرەها مادە ودەرمانی بیکەڵک خستۆتە سەرپشت،.. هەموو ئەمانەش بەیکجاری سیستەمی چارەسەری چونیەک و ستانداردی لەبین بردووە، لەلایەکی تریشەوە ئەم دۆخە مونافەسەی نیوان پزیشکان خۆیان، نیوان ئەوان و بازاڕ و کارمەند وپەرستاران، نیوان ئەوان و کۆمپانیا وبەرپرسانی حکومەت و.. توندتر کردۆتەوەو لەقاڵبێکی "پلەبەندی/ مەراتیبی" بالادەستو ژێردەستەدا داینەوەتەوە و گیانی خۆبەخشانە و بەهاناوە چوونی نەخۆش و پەکەوتەی تیا خنکاندوون. بەلام لێکدانەوەی دۆخەکەو خوێندنەوە بۆی هەرچیەک بێت بابزانین بزوتنەوەی گۆران هۆکاری ئەم دۆخە بەچی دەبینی؟

لەوەڵامدا پرۆگرام پێمان دەڵێت کە:

" بەشێک لە قەیرانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا <u>پەیوەندیی بە بێبەرنامەیی حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندیی بە نەبونی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و نەبونی رۆشنبیریی خۆپاراستن و ژینەگەپارێزییەوە هەیە لەناو هاولاتیاندا</u>"

ئەم دەربڕینە جگەلەوەی بەشێک لەهۆکاری بارخراپی دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی لەهەرێم دەخاتەوە سەر شانی هاولاتیان و دەسەلات بەیەکجاری وەک بەرپرسیاری یەکەم و ئاخر ناناسێت، لەهەمانکاتدا هەقیقەتی دەسەلات وحکومەت بەوەی کە "بێبەرنامەیە" پێچەوانە دەکاتەوە. لەبەرامبەردا جێی خۆیەتی لە بزوتنەوەی گۆران بپرسین کەئایا خودی ناهوشیاری هاولاتیان لەکوێوە هاتووە، تابەشێک لەبەرپرسیارێتی دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی بخرێتە سەرشانیان؟ ئایا ئەم حاڵەتە زکماکیە و لەجەستەی خۆیاندایە، یان بەرهەمی هەمان ئەو ستانداردەیە لەژیان و گوزەران کەدەسەلاتداران بەسەریاندا سەپاندوویانە؟، ئاخر هاولاتیەک کە کاربکا و کرێچی بێ وموچەی نەبێ، هاولاتیەک کە سادەترین کالای پێویستی ژیانی خۆی و خێزانەکەی لەبازاڕدا بکڕێ وبەشوێن دابینکردنی ژیانەوە بێت و لەولاشەوە دەسەلات هیچ هەوڵێکی هوشیاردەرانە وبارسوکی ژیانی هاولاتیانی لەئەستۆ نەگرتبێت، تاچەند ڕەوایە خراپی دۆخی کەرتی تەندروستی و ژینگە پارێزی بخرێتە ئەستۆی؟ تا ئەوەشی بەهۆکاری بێبەرنامەیی دەسەلات دەگەڕێتەوە،

واقعەکە ڕێک بەپێچەوانەوەیە و ئەوە بەرنامە و خودی سیاسەتی دەسەڵاتە کە بەمەبەستی شان خاڵی کردنەوەی خۆی لەوەڵام دانەوە بەخزمەتگوزاری تەندروستی و ژینگەپارێزی، ئەم کەرتەی هەنگاو بەهەنگاو تەسلیم بە بازاڕی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان کردووە و تا هاتووە ئەهلی کردۆتەوە. بێگومان ئاکامی ئەمەش پوکانەوەی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی کەرتی گشتیە. کەسێک ئەگەر خۆی لەگێلی نەداو کارکردەکانی دەسەڵات لەچەند ساڵی ڕابردوودا ببینێ، بەسادەیی ئەوە دەسەلمێنێ کە حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان نەک بێبەرنامە نەبوون، بەڵکو بەرنامەیان ئەوە بووە کە حکومەت لەڕیگای تایبەتی کردنەوەی کەرتی تەندروستیەوە، شانی خۆی لەبەرپرسیاریێتی بەرامبەر هاوڵاتیان دەرکێشی. بەلام پێدەچێت بزوتنەوەی گۆڕان لەبنەڕەتەوە موخالیفی هەبوونی کەرتی تایبەت وسپاردنی خزمەتگوزاریە تەندروستی و ژینگەییەکان بەسەرمایەداران و کۆپانیا ئەهلیەکان نەبێت، هەر بۆیە نەک باسی هەڵوەشاندنەوەیان ناکات بگرە بەشوێن ئەوەوەیە کەچۆن حکومەت "مامەڵە لەگەڵ کەرتی تایبەتدا بکات". بەلام بابزانین پرۆگرام چ هەنگاوێک لەڕاستای ئەم دۆخەدا، بەناوی چاکسازیەوە بەدەستەوە گرتووە؟

لەمبارەوە پرۆگرام نزیکەی ٢٠ خاڵی وەک چاکسازی لە بورای تەندروستی ژینگەی هەرێمدا خستۆتەڕوو، بەڵام وەک ئەوەی کە بەشێک لەو خالانە، هیچ بەدەستەوە نادەن و زیاتر پرۆگرامەکەیان پێ ڕازێندراوەتەوە و زیاتریش باری تەکنیکی وهاندانیان هەیە ئێمە لێرەدا قسەیان لەسەر ناکەین وتەنها لەسەر ئەوخالانە ڕادەوەستین کەمانای عەمەلی هەنگاوەکانی چاکسازی لەخۆ نیشان دەدەن:

"–_ بنیاتنانی ژێرخانێکی هاوچەرخ بۆ کەرتی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جهانییەکان، بەسودوەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتە پێشکەوتوەکان."

–_ بایەخدان بە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن وەک بەشێک لە کەرتی تەندروستی گشتی، کە دەبێت بێبەرامبەر بەهانای هاوڵاتیانەوە بچن. دابەشکردنی شارە گەورەکان بەسەر چەند کەرتێکدا کە هەر کەرتە و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی تایبەت و ژمارەیەکی گونجاو ئۆتۆمبێلی ئەمبولانسی هەبێت.

_ داناناني پلانی زانستی بۆ کردنەوەی سەنتەری پزیشکی لە پسپۆڕییە وردەکاندا لە شارە گەورەکان و لقی هاریکار لە شارۆچکە و ناوچە کەناریەکاندا. گەشەدان بە

خزمەتگوزاریی تەندروستی لە شارۆچکە و گوند و ناوچە دوردەستەکاندا، دابینکردنی ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس بۆ گەیاندنی نەخۆشی ئەو ناوچانە بەسەنتەرە نزیکەکانی تەندروستی.

_ گرنگیدان بە تەندروستی کۆمەڵگا، چاودێریکردنی جۆری دەرمان، رۆشنبیریی تەندروستی و پرنسیپی خۆپاراستنی پێشوەخت لەسەر ئاستی تاکەکەس و کۆمەڵگە.

ئەم خاڵانە باس لەبنیاتنانی "ژێرخانێکی هاوچەرخ" دەکا و وەک ئەوەی عادەتی گرتووە "سود لەئەزمونی وڵاتە پێشکەوتەوەکان وەردەگرێ" هەروەها باس"لە پلانی زانستی" دەکا و تەنانەت گرنگیدان بەتەندروستی کۆمەڵگا و چاودێری کردنی جۆری دەرمان"ی خستۆتە دەستورەوە، بەڵام ئەوەی وەک هێڵێکی نارۆشن لەم خاڵانەدا خۆی دەردەخات، جێگای حکومەت و بەرپرسیارێتی دەسەڵاتە. واتە ئەم خاڵانە دەسەڵات و حکومەت بەرۆشنی بەرپرسیار ناکاو کەرتی تەندروستی وەک خزمەتگوزاریەکی گشتی کەلە ئەستۆی حکومەت و دەسەڵاتدابێت بەرۆشنی ڕاناگەیەنێت. بەتایبەتی ئەگەر باس لەژێرخان و پلانە، ئەگەر باس لەدابینکردنی نەخۆشخانە و ئەمبولانس و دەرمانە، ئەگەر دابەشکردنی شارە گەورەکانە بەسەر کەرتەکانی تەندروستی و فریاکەوتندا.. ئەوا دەبێ بەر لە هەموو شتێک لایەنی بەرپرسیار دیاری بکرێ وئەم هەنگاوانە لەپای پێشکەشکردنی خزماتەگوزاری بۆ هاوڵاتیاندا پێناسەی بۆ کرابێت. بەپێچەوانەوە ئێستا لەکوردستان دەیان خەستەخانەی وەک هەواری شار وکلینیکە ئەهلیەکان بەوپەڕی "ژێرخانی پتەو" و بەسود وەرگرتن لەئەزمونی وڵاتان لەکوردستاندا دامەزراون، بەلام ئایا ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن بەخوڕاییە ولەچوارچێوەی ئەرکی حکومەتدا لەئەستۆ دەگیرێت؟ . بەدڵنیاییەوە نا. هەر بۆیە ئەو قسانەی سەرەوە هیچ نادات بەدەستەوە و تەنها وەک دەربرێنێکی لەفزی و بەلێندان بەخەڵک خراونتە بەرگی چاکسازیەوە. بەلام ئەم ڕاستیە کاتێک ڕۆشنتر خۆی دەردەخات کە پرۆگرام بە پەرۆشەوە چاو لەکەرتی تایبەت دەکات.. ئەوەتا لەچەند خاڵدا دەڵێت:

"_ چاکسازی لە سیستمی تەندروستیدا بەجۆرێک کە تەنها حکومەت پارە لە کەرتی گشتیی تەندروستیدا سەرف نەکا، بەڵکو بەگوێرەی پێویست خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کەرتی تایبەت بکرێتەوە و بێبەرامبەر یان بەرامبەر نرخێکی رەمزیی بیداتەوە بە هاوڵاتیان، بەتایبەتی ئەوانەی ئاستی بژێوییان نزمە و دوچاری

نەخۆشیی سەخت دەبنەوە.

ـ بەرەنگاربونەوەی پاوانکاریی کەرتی تەندروستی، چ لەناو حکومەت و چ لەناو بازاردا، هاندانی نەوەی نوێی پزیشکو کارمەندانی تەندروستی تا بەشداریی لە بنیاتنان و خزمەتگوزاریی کەرتی تەندروستیدا بکەن.

ـ هاندانی کەرتی تایبەتی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەلایەن حکومەتەوە. دانانی دەستەیەکی پسپۆر بۆ سەرپەرشتی و چاودێریکردنی نەخۆشخانە ئەهلیەکان و بەخشینی پلەبەندیی پێیان بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان. ئەو نەخۆشخانانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە پلەیەکی لاوازدا دەمێننەوە دادەخرێن."

لەم خاڵانەدا بەرۆشنی دەردەکەوێت کە بزوتنەوەی گۆڕان کەرتی تایبەت و خاستەخانە ئەهلیەکان بەهۆکارێک بۆ هەڵوەشانەوەی خزمەتگوزاری گشتی و بەرپرسیاریتی حکومەت لەبەرامبەر هاوڵاتیاندا و بەستنەوەی بەبازارەوە نازانێ، بگرە خوازیاری مانەوەیەتی و هاوکات داوا لە حکومەت دەکات خزمەتگوزاریان لێبکرێتەوە و "پلەبەندی"یان پێببەخشێ!. ئەمە ئەو چاکسازیەیە کەبڕیارە بزوتنەوەی گۆڕان بەسود وەرگرتن لەئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانەوە بۆ کوردستان سەرەوژێر بکاتەوە.

لەبارەی "پلەبەندی" پزیشک وکارمەندی بوراەکانی تەندروستیەوە پرۆگرام دەڵێت:

"ـ چارەسەرکردنی قەیرانی بیرۆکراتی و پلەبەندیی لە نێوەندە تەندروستیەکاندا بەجۆرێک کەشێکی دادپەروەرانە لەناو نەخۆشخانەکاندا، لەنێوان پزیشک و بەرپرس، پزیشک و کارمەند، کادیری تەندروستی و نەخۆشدا بێتەئاراوە. لێپێچینەوەی یاسایی و دادوەریی لە هەر کەمتەرخەمی و تاوانێک کە دەرهەق بە ژیان و تەندروستیی هاوڵاتیان ئەنجام بدرێ.

ـ بایەخدان بە پزیشک و کارمەندانی تەندروستی، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەییان، کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. پێڕەوکردنی فێرکاریی پزیشکیی بەردەوام CME بۆ گشت پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جیهانیەکان."

ئەم دەربڕینانە جگەلەوەی بۆ ڕازاندنەوەی پرۆگرام و هاندانی ئەخلاقیانە دانراون هاوکات ئەو ڕاستیە پەردە پۆشدەکات کە "قەیرانی بیرۆکراتیەت" و نەمانی کەشیکی دادپەروەرانە

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

لەنێوان پزیشک و کارمەنداندا، خۆی ڕەنگدانەوەی، گرێدانەوەی ئەم سیکتەریە بە مونافەسەی بازاڕو ململانێی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، لەلایەک و هەر دوو کەرتەکەش لەگەڵ بەرپرسیارانی حکومەتەدا، لەلایەکی ترەوە. هاوکات بەرئەنجامی سیستەمێکی پلەبەندی کراوی ئیمتیازات بەخشینە کە تەواوی بەڕێوەبەرایتیە حکومیەکانی لەسەر دامەزراوە. بەتایبەتی کەبیرۆکراتیزم ومەرتەبەکردنی کارمەند لەسیستەمەکانی کارگێڕی بۆرژواییدا لەسەر دانو دابەشکردنی ئیمتیازاتە ئابوریەکان و جێگاوڕێگای ئەفراد تیایدا بەڕیوە دەچێت. کاتێک کە بزوتنەوەی گۆران بەشوێن خۆماڵی کیردنی کەرتی تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانەوە نەبیت و هاوکات خوازیاری هەڵوەشانەوەی کەرتی تایبەتی نەبێت، چۆن دەتوانی بیرۆکراتی لەناوبەرێت و کەشێکی دادپەروەرانە لە نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستیەکاندا جێبخات!..

لەکۆتاییشدا پرۆگرام مەسەلەی بیمەی تەندروستی دێنێتە ئاراوە ودەڵێت:

"- پیادەکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی بۆ هاولاتیان بەجۆرێک هاولاتیان لە هەر ئاستێکی بژێویدا بن، دەوڵەمەند بن یان هەژار، فەرمانبەر بن یان بێکار، لە کەرتی تایبەت کار بکەن یان کەرتی گشتی... بێبەش نەبن لە خزمەتگوزاری بیمەی تەندروستی. دەرکردنی یاساو ڕێنمایی و بڕیاری پێویست بۆ ئەو مەبەستە بەجۆرێک تەنها دەوڵەمەند و خاوەن دەرامەتی بەردەوام باجی بیمەی تەندروستی لەسەر بێ، لەوان بترازێ حکومەت بەرپرسیارێتی بیمەی تەندروستی هاولاتیان بگرێتە ئەستۆ."

بێگومان داواکردنی بیمەکردنی تەندروستی هاولاتیان هەنگاوێکی باشە، بەڵام ئەم داوایە بۆ حزبێکی وەک بزوتنەوەی گۆڕان ناتوانێ بەجدی وەربگیرێت، چونکە ئەو نەخوازیاری بەگشتی کردن وبەگشتی مانەوەی کەرتی تەندروستیە و نەوەک ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی حکومەت داوای بەخۆرایی کردنی ئەم خزمەتگوزاریەی لەبەرنامەکەی خۆیدا جێگە کردۆتەوە. بەپێچەوانەوە، سیاسەتێکی چاکسازی کە لە کەرتی تەندروستیدا بە دواوەیەتی، ڕاگرتنی بالانسی نێوان کەرتی تایبەت و حکومیە، یانی ئەوەی کە خزمەتگوزاری تەندروستی لەپەیوەند بەبازارو مونافەسەی سەرمایەداران و کۆمپانیاکانەوە بمێنێتەوە، کارێکی ئاواش جێگایەک بۆ بیمەکردنی تەسەل وپایەدار کە هەموو هاولاتیانی کوردستان

لێی بەهرەمەندبن ناهێڵێتەوە. ئەمەش تەنها ئەوە دەگەیەنێ کە بزوتنەوەی گۆران چاکسازیەکانی بەنرخی بازار پێشکەش دەکات!.

لەپوەیوەند بەمەسەلەی ژینگەشەوە، پرۆگرام پێمان دەڵێت: "لەپاڵ قەیرانی کەرتی تەندروستیدا ژینگەی کوردستان ڕو لە پیسبون و ژاکان دەکا ولەبارەی هۆکارەکەشیەوە دەنوسێ:

".. پیسبونی ژینگەی کوردستان بەشێکی پەیوەندیی بە قەیرانێکی جیهانی گەورەترەوە هەیە، بەڵام بەشێکی ناوخۆییە و پەیوەندیی بە نەبونی ڕۆشنبیریی ژینگەپارێزییەوە هەیە لای هاوڵاتیان، بەشێکیشی پەیوەندیی بە بێبەرنامەیی و نابەرپرسیارێتی و چاوپۆشینی دەسەڵاتەوە هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و خاک و سروشت و هێنانی ئەو ئامێر و شمەکانەی کە ژینگە پیس دەکەن.

ئەوە ڕاستە کەژینگەی هەر وڵاتێک بەشێکە لەدۆخی جیهانی و وەک کێشەیەکیش ئەمڕۆ لە ئاستی دنیادا بۆتە بابەتێکی گەرم و مەترسیدار بەڕادەی ئەوەی کە هەڕەشەی گەورەی بۆسەر مرۆڤایەتی وتێکچوونی ژینگەی گۆی زەوی پێکهێناوە. بەڵام بەپێچەوانەی بۆچونەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و هەموو ئەو لێکدانەوانەوە کە هۆکاری پیسبوونی ژینگە بەشێوەیەکی یەکلایەنە دەگێڕنەوە بۆ ناهۆشیاری وهەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، وەیا بەتەنها لە کاریگەریەکانی پیشەسازیی هاوچەرخدا دەیبیننەوە، ئەم کێشەیە لە جەوهەری خۆیدا ڕاستەوخۆ لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و خەسڵەتە بنەڕەتیەکانیەوە سەرچاوە دەگرێ، وەک ئەوەی کە نیزامێکە لەسەر بنەمای قازانجهێنەری سەرمایە ڕاوەستاوە و دەبزوێ و بەم هۆیەشەوە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی لەگەڵ بەهرەمەند بوونی کۆمەڵگای بەشەری لەژیانێکی خاوێن وئارامدا هەیە. پیسبوونی بەردەوامی ژینگە بەهۆی جەنگەکان وموسابەقەی میلیتاریستی وئەتۆمی، چالاکیە ئابووریەکان لەسنورێکی کوێرانەو بێکۆنترۆڵی بەرهەمهێناندا، هاوکات گوێخەواندنی دەوڵەتەکان و کارتیلە ئابوریەکان لەپاڵ بلۆکە میلیتاریستیەکاندا، لەڕەوتی جەنگەکان وچالاکیە ئابوری و بازرگانیەکان.. ئەمانە بەکۆ ئاکامێکی ترسناکی لەسەر ئاستی گۆڕانی ئاو وهەوای سەرزەوی و خێرابوونی کاریگەریە وێرانکاریەکانی بۆ داهاتوو و ژیانی مرۆڤایەتی هێناوەتە ئاراوە. کوردستان وەک بەشێک لەعێراق وناوچەی ڕۆژهەڵات کەبەردەوام مەیدانێک بووە بۆ گیرسانی جەنگە یەک لەدوای

یەکەکان ئاسەواری خراپی لەسەر ژینگەی ناوچەکەو کوردستان بەجێ هێشتووە. لەلایەکی ترەوە مەسەلەی ژینگە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیانو سەلامەتی هاولاتیاندا پەیوەندی پەیدادەکات، نەک هەر هیچ کاتێک نەبوتە مایەی سەرنجدانی دەسەڵاتدارانی کوردستان، بگرە وەک بابەتێکی فەرامۆشکراو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و ئەگەریش قسەیەکی لەبارەوە کرابێ ئەوا کێشەکەیان خستۆتەوە سەرشانی هاولاتیان و لەژێرناوی نەبوونی "هوشیاری وکەمتەرخەمی تاک"دا کۆمەڵگایان لێقاوداوە. لەڕاستیدا وەڵام بە مەترسیەکانی ژینگە، وەڵامە بەسیستەمی سەرمایەداری وخەباتە بۆ بەرپرسیارکردنی دەسەلات و وابەستە کردنیەتی بەکۆمەڵەی ئەو یاساو بڕیارانەوە کەژینگەیەکی خاوێن و تەندروست و سەلامەت بەدوای خۆیدا دێنێ.

## سێیەم: هاندانی داهێنان و چالاکی فەرهەنگی چاکسازی لەراستای بەرهەم هێنانەوەی ناسیونالیزم وکۆنەپەرستیدا

لەچوارچیوەی باسی خزمەتگوزاریەکان و ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بەمافو ژیانی هاولاتیانەوەیە، پرۆگرام لە بەندێکی تردا مەسەلەی داهێنان و چالاکی فەرهەنگی دێنیتە کایەوە و سەرەتاش لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا، وێنایەکمان پێشکەش دەکات:

" هەرچەندە بازارەکانی کوردستان بەرەو کرانەوە دەچن، بەڵام هێشتا بازاڕی کتێب، چاپەمەنی، هونەر، شانۆ و سینەما گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، تائێستا زۆربەی رۆشنبیران و هونەرمەندان و رۆژنامەنوسان ناتوانن خۆیان، بێ هاوکاریی دەوڵەت، بەرهەمی فیکری و هونەری پێشکەش بکەن و بە داهاتی بەرهەمەکانیان بژین.

لەکاتێکدا ئەرکی حکومەتە هانی هەمو وزە و توانایەکی فیکریی و هونەریی بدات، تەنانەت ئەگەر سەربەخۆ یان بەرهەڵستکاری دەسەڵاتیش بن، کەچی بودجە گەورەکان تەنها بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن و پروپاگەندەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و سێبەرەکانیان تەرخان کراون. ئەو کاتانەش کە هاریکاریی دراوەتە ناوەندێک یان داهێنەرێکی سەربەخۆ، ئەو یارمەتییە لەپای هەڵوێستێکی سیاسیی دیاریکراو، یان لەپای بێدەنگی دراوە، یان هەڕەشەی لێکراوە بە بڕینی ئەو بەرژەوەندییە.

بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە دەبێت بڕێک لە بودجەی هەرێم بۆ سەرمایەگوزاریی ڕۆشنبیریی و هونەریی و میدیایی تەرخان بکرێت، پێداویستییە مادیی و مەعنەوییەکان بۆ ئەو داهێنەر و هونەرمەندانە دابین بکرێن کە خزمەتی کولتور و هونەری کوردیی دەکەن و زانیاریی شاراوە و ڕۆشنبیریی گەلان بە نەوەی نوێ دەناسێنن."

بەپێچەوانەی ئەم دەربڕینانەی سەرەوە، بازاری ئەمڕۆی کتێب، ڕۆژنامەو گوڤار، هونەرو ئەدەب، میدیا وفەرهەنگ بەرادەیەک گەرمە کەدەستی سەرمایەداران و کۆمپانیا ئێرانی و تورکی ولوبنانیەکانیشی پێگەیشتووە، ئەمڕۆ لە کوردستان ڕۆژانەو هەفتانە بەسەدان گۆڤار وڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوەی هونەری و وەرزشی، وەرگێڕان، لەپاڵ پیشەسازیەکی گەورەی میدیای ئەهلی و حکومی و حزبیدا، مەودایەکی فراوانیان لە بەرهەمسازی فەرهەنگیدا خوڵقاندووە، بەڕادەی ئەوەی کە بەرهەمهێنانی فرەهنگ و ئەدەب وەک هەر کاڵایەکیتر سەدان و بگرە هەزارن نوسەرو ڕۆشنبیر و وەرگێر و ڕۆژنامەنوس و هونەرمەندانی خستۆتەگەڕ و سەرگەرمی ئەم بازارە کردووە، بەڵام ئەو فەرهەنگ و ئەدەبەی کەلەم دۆخەدا برەوی پەیداکردووە، فەرهەنگی دژە ئینسانی، دواکەوتو دژی مۆدێرنیزم وپێشرەوی کۆمەڵایەتیە، فەرهەنگێکە کەزمانی نەتەوەییی بەسەر هەرجۆرە بەهایەکی ئینسانی و پێشکەوتوخوازیدا دێژکردووە و"ئەی ڕەقیب و ئاڵا" و جەنگی شێخ و مەلا وسەرۆک خێلەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەبری مێژووی "میلەتیک" داناوە. فەرهەنگێک کەدین و نەتەوەچێتی و سۆز و دەمارگیری ناموسپەرستی و ئەخلاقی، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری و گەورەسالاری.. لایەنە سەرەکیەکانیەتی... بزوتنەوەی گۆران نەک نایەوێت ئەم ڕاستیانە ببینێت و وەک ڕەخنەگرێک لەبەرامبەریدا دەرکەوێ، بەڵکو بەگلەیی کردن لەدەسەڵات، سەبارەت بەوەی کە"هێشتا بازاڕی کتێب گەشەی نەکردوە"، وەیان ئەوەی کە"ئەدیب و نوسەران و ڕۆشنبیران ناتوانن بەبێ کۆمەکی دەسەلات بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە" دەیەوێت هەقیقەتی فەرهەنگی باو داپۆشێ وڕێگای دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بەناوی چاکسازیەوە بگرێتەبەر. بەلام نهێنی شاراوەی پشتی ئەم خۆلادان وخۆگێل کردنەی بزوتنەوەی گۆران لەکوێدایە؟

لەڕاستیدا فەرهەنگی زاڵ لەهەر کۆمەڵگایەکدا، فەرهەنگی ئەو چینەیە کەدەسەڵاتی

بەدەستەوەیە. پێچەوانە کردنەوەی ڕاستیەکانی کۆمەڵگاو ودانی ڕوانگەیەکی هەڵگەڕاوە لەسەر ئینسان و ئازادی، خۆشبەختی و یەکسانی، لەسەر ڕەوتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و جێگای ئینسانی کارگەرو زەحمەتکێش، لەسەر جوانناسی وسروشت وئیستاتیکا، لەسەر خەبات و خودی مێژوو.. هاوکات هەوڵدان بۆ موقەدەس کردنی خاک ونیشتمان، نەتەوەو جەنگەکانی، بەدەستەوەگرتنی ڕەسەنایەتی نەژادی و ڕەگەزی و پیاوسالاری، لەپاڵ باوەڕ و سونەتەکانی ئیسلام.. هەموو ئەمانە کەبەم یان بەو ئاست لە بەرهەم و چالاکیە فەرهەنگیەکان و داهێنانەکانی ناسراوترین ڕۆشنبیر و نوسەر و هونەرمەندەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێن، لەباوەشی ئەم دۆخەو دەسەلاتی چینی بۆرژوازی کوردو حزبە ناسیونالیستەکانیدا بەرهەمهاتوون وشوهرەتیان وەرگرتووە. کەبێگومان ئامانجیش لەم کردەیە بەرەوپێشەوە بردنی وەزیفەیەکە کەئەم فەرهەنگە باوەی چینی بۆرژوازی کورد بۆخۆی داناوە. وەزیفەیەک کەئینسان وئینسانی کرێکارو زەحمەتکێش لەئەسارەت و ژێردەستەییدا بهێڵیتەوە و ڕازیبکات. هەروەک ئەوەی کەچینی دەسەلاتدار لەهەر کۆمەلگایەکدا هەمیشە هەوڵدەدات لەڕیگای فەرهەنگ وئەدەبو هونەرەوە و بەخستنەگەڕی ئیمکانات و بەمەسروفاتێکی زۆر لەسەرداهاتی خەڵک، باوەڕی کۆمەڵگا سەبارەت بەنەزم ونیزامی مەوجود، بەکەسایەتی وسەردار و حزبی باڵادەست، بەئایدۆلۆژیا و دروشم و ئاڵای وڵات، بەرەگەزی باو .. بەو شێوەیە لەقاوبدات کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی، چونکە ئەمە مەرجێکی بنەرەتیە هەم بۆ ڕازیکردنی زۆرینەی کۆمەڵگا و هێشتنەوەی دەسەڵات و سیستەمی حوکمرانی، هەم بۆ بەئەبەدی کردنی جیاکاری چینایەتی..

دیارە بزوتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی کە حزبیکی ناسیونالیستیە، باوەڕو فەرهەنگی زاڵی کۆمەڵگا بە باوەڕو فەرهەنگی خۆی دەزانێ و پێویستی بە ڕەخنە کردنێکی بنیادی نییە لێی چونکە هیچ کەس داری ژێر پێی خۆی نابڕێتەوە!!، بەتایبەتی کە فەرهەنگی زاڵی ئێستای کوردستان وەک ئەوەی فەرهەنگی چینی دەسەڵاتدار و حزبە ناسیونالیستەکانیەتی، بزوتنەوەی گۆڕان بەهی خۆی دەزانێ، یا لانیکەم لایەنگری وهاوبەشێتی لەگەڵیدا هەیە، هەر بۆیە ئامانجێکیش کە لەپشتی گلەییەکانیەوە کەلە دەسەڵات هەیەتی، ئەوەیە کەلەبەرگی چاکسازیدا، ئەم فەرهەنگە دواکەوتوو دژی ئینسانەی ناسیونالیزمی کورد لەکاریگەرترین ئاستیدا بیهێڵێتەوە و دوبارە لەکۆمەڵگادا ڕەواجی پێبداتەوە. بەڵام بابزانین ئەو خاڵانە چین

کە پرۆگرام لەم پەیوەندەدا جێگیری کردووون:

١/ هەندێک لەخاڵەکان ئاڕاستەن بۆ "زمان و کەلتوری کوردی":

"_- پشتیوانیکردن و پێشخستنی ئەدەب، هونەر، کەلەپور و زمانی کوردیی، پاراستنی ئاسەوار و شوێنە مێژوییەکان.

_- کارکردن بۆ لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی و پێرەوکردنی یەک زمانی فەرمی لەسەر ئاستی هەرێم.

-_ بایەخدان بە زمان و کولتوری پێکهاتە و کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانی کوردستان و پەرەدان بە مەڵبەندە رۆشنبیریەکانیان.

بێگومان ئەم خالانەی سەرەوە وەک ئەرکی دەسەلات خراونەتەڕوو، بەلام چەند ڕاستی دەردخەن لەوانە: یەکەم دەوڵەت و دەسەلات بۆ دەبێ پشتیوانی وپێشخستنی ئەدەب و هونەر وکەلەپور بگرێتە ئەستۆ؟ پاشان کام ئەدەب و هونەرە، ئەدەبێک کەناسیونالیزم وئیسلام وکەلەپورێک کەفرەژنی وژن کوشتن ودواکەوتویی وجیاکاری ئینسانەکان بەپێی زمانیان بەدەستەوە دەگرێ، یان هونەروئەدەب و کەلەپورێک کەهەڵگری ناوەڕۆکێکی سکولاریستی و پێشکەوتوخوازی و ئینسان دۆستیە؟. دووەم ئایا "کارکردن بۆ لێک نزیک کردنەوەی شێوازەکانی زمانی کوردی وبەفەرمی کردنی وەک زمانێکی فەرمی هەرێمی کوردستان، هەنگاوێکی ئیجاری و زۆرەملێ نییە بەسەر زمانەکانی تری ناو هەرێم و ئەو خەڵکانەی کە بەزمانی کوردی قسە ناکەن؟ سێهەم، ئایا مانەوە لەئاستی "بایەخدان" بەزمانەکانی تر بەو دەلیلەی "کەمینەی نەتەوەیی و ئاینین" ناکاتەئەوەی هاولاتیانی ئەم"پێکهاتانە" پلەدوو بکرێن؟ ئایا ئەمە هەر ئەو تێڕوانینانە نیە کەپارتی و یەکیەتی بۆ کەلتور و زمان و ئەدەبی کوردی هەیانە؟

٢/ لەبارەی ئازادی ڕادەربڕین ڕەخنە گرتنەوە لەخاڵیکدا پرۆگرام دەڵێت:

"- بەرپەرچدانەوەی هەمو ئەو بریار و ئاکار و رەفتارانەی دەبنە هۆی پێشێلکردنی ئازادیی رادەربڕین و بیروباوەڕ، ئازادی ویژدان و رەخنەگرتن."

بەراستی بوونی ئەم خاڵە لەپرۆگرامی بزوتنەوەی گۆراندا جێگای سەرسورمانە وپێدەچێت لەدەست دەرچوبێت، بەتایبەتی بۆ حزبێک کە نەک هەر پابەندبوونی خۆی بە سکولاریزم و ئازادی بیمەرجی ڕەخنەو ئازادی بەیان، دەرنەبڕیوە، بگرە وەک حزبێکی ناسیونالیست

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

چەمکەکانی خاکی نیشتمان، نەتەوەی کوردو کوردایەتی، ئەزمون و دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد... بنەما وچمکە پیرۆزکراوەکانیەتی و بەرۆشنی ڕاشی گەیاندووە کەبە سەوابیتە ئیسلامیەکانەوە پابەندە، لەحاڵێکی ئاوادا ئیتر کێ ئەو قسەیە بەجدی و بەڕاستی وەردەگرێت کاتێک پڕۆگرام دەڵێت: "بەریەرچدانەوەی هەمو ئەو بڕیار و ئاکار و ڕەفتارانەی دەبنە هۆی پێشێلکردنی ئازادیی رادەربڕین و بیروباوەڕ، ئازادی ویژدان و رەخنەگرتن"!. ئایا نوسەرانی پرۆگرام دەتوانن بەو حەماسەو بەوجدی بوونەوە کەلەم خاڵەدایە، ئازادی ڕەخنەگرانێک لەئیسلام وباوەرە قەومیەکان بسەلمێنن وپشتگیری لێبکەن؟ لەڕاستیدا کارنامەو هەڵسوکەوتی حزبی گۆران لەبەرامبەر هەڵمەتی ئیسلامیەکان و ئەوانەی لەدژی "ئالا کوردستان" رەخنەیان گرت، بەسە بۆ بەدرۆ لەمەحەکدانی ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆران سەبارەت بەخۆیی وئازادی ڕەخنەو بیروباوەر دەیڵێت.

٣/ باقی خاڵەکانی تر کە لەم بەندەدا هاتووە، لەنمونەی "پاداشت کردنی نوسەران و..."، "هاندان وکردنەوەی دەزگای فەرهەنگی"،"خانەنسینی کردن وبەخشینی دارایی" و.. نوێنەرەوەی ئەوەن کە حزبی گۆران بەشوێن ڕاکێشانی نوسەران و ئەدیبان و هونەرمەندانەوەیە بۆ ژێر باڵی خۆی، بەتایبەتیش لایەنگری ئەم نوخبەیە لە مونافەسەی هەلبژاردن و دەنگدانەکاندا ئەو سەرمایەیە کە ئەم توێژە، بزوتنەوەی گۆڕانی ناچار بەدانی وەعدەو بەڵێن کردووە. بەڵام تەواوی ئەم ئامانج ومەبەستەی بزوتنەوەی گۆران شتێک نییە جگەلە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیزم و ئیسلامی وسەرەنجام داسەپاندنەوەی بەسەر کۆمەڵگادا.

### چوارەم: ئازاد کردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کاراکردنی رێکخراوە ناحکومیەکان

لەدواین بەندی ئەم تەوەرەیەدا پرۆگرام دێتە سەر بابەتی "کۆمەڵگای مەدەنی و ڕیکخراوەکانی"، بەڵام بەر لەوەی بگەڕیینەوە بۆ پرۆگرام تابزانین لەم پەیوەندەدا چیمان پێدەڵێت، سەرەتا بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر بەپیویستی دەزانین کەمێک لەسەر خودی چەمکی "کۆمەڵگای مەدەنی" ڕاوەستین و ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم باسە چۆن لە کوردستان سەری هەلداو لەپەیوەند بەچ هەلومەرجێکەوە، لەلایەن حزبەکانی کوردستانەوە بەدەستەوە گیرا.

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی "کۆمەڵگای مەدەنی"، لەمێژوودا لەپەیوەند بەسەرهەڵدان و جێکەوتنی کۆمەڵگای نوێی بۆرژوازی و لیبراڵەوە وەک یەکێک لەچەمک وباوەڕەکانی سەدەی هەژدەهەم، لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا وخۆی لەنێو باوەڕە فەلسەفی و کۆمەڵناسی و ئەدەبیەکاندا جێگیر کرد، کەلە بنەڕەتدا پێداویستیەکی ئایدیۆلۆژی، قانونی وفکری بوو لەکردەی ڕاماڵینی پاشماوەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی وخەسڵەتەکانی دەمارگیری ئاینی، ناوچەگەریێتی، دەسەڵاتی میلیشیای ونۆرمی باجگیری ناوخۆیی وهەمو ئەو بەهاو سونەتانەی کەبەربەست بوون لەبەردەم پەرەسەندنی سەرمایەداری و نیزامێکدا کە ئەم پەرەسەندن و پێشکەوتنەی خاو دەکردەوە، بەم جۆرەش خودی ئەم چەمکە ئەگەرچی وێنای کۆمەڵگایەکی قانونی و ڕێساکانی دەسەلاتداریێتی بۆرژوایی وێنا دەکردەوە، بەلام لەباری مێژووییەوە لەهەر دەورەیەکدا و لەژێر سایەی گۆرانکاریە سیاسی و قانونی و فەرهەنگیەکاندا، وەک ڕەنگدانەوەیەک لەڕەوتی بەرەوپێشەوە چوونی ئابوری سەرمایەداریدا لەلایەن بیرمەندانەوە ئاراستەبووە بۆ وەزیفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت و دیاریکراو، بۆ نمونە ئەم چەمکە لای جۆن لاک، هیگل ومارکس ناوەڕۆکی جیاوازیان هەیە و هەریەکە بەجورێک مانایان لێداوە بەدەستەوە. بەداخەوە ئەم بابەتە لێرەدا جێگای نابێتەوە کەلەوە زیاتر لەسەری بچین، بەلام ئەوەی کە ئەم باسە لەپەیوەند بەچ دۆخ و واقعیەتێکەوە گوێزراوەتەوە بۆ کوردستان و لەم پرۆسەی گوێزانەوەیەدا چ مانا و بەکارهێنانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ پەیدابووە، بابەتێکە ڕاوەستان لەسەری دەخوازێ.

دەستەواژەی کۆمەڵگای مەدەنی وەک دیاردە و باسێکی بەربڵاو بەدوای ڕۆخانی بەعس و سازدانەوەی دەوڵەت لە عێراقدا و هاوکات گرێدانەوەی کوردستان بە دەوڵەتی تازەوە، لەبەرگی فیدرالیزمدا، کەوتە سەر زاری کۆمەڵگاوە. ئەو کات مەسەلەی دیموکراسی، پەرلەمان و نوێنەرایەتی کردنی ناسنەمە دروستکراوە ئیتنیکی و ئاینی و تیرە و ڕەگەزەکان بنەمای پلورالیزمێکی سیاسیان لەژێر سایەی داگیرکاری و میلیتاریزمی ئەمریکادا ساغکردەوە، تا هەلومەرجیکی ئارام بۆ بەگەڕخستنەوەی چەرخەکانی بەرهەمهێنان ئامادە بکاو کۆمەڵگای سەرمایەداری، سەرپێ بکەوێتەوە. بەڵام خاڵی جەوهەری لەتەواوی ئەم پرۆسەیەدا، دورخستنەوەی کۆمەڵگایە لە ڕەوتی شۆڕشگێڕانە و چەپگەرایی و جێخستنی پەیامی ئاشتەوایی چینایەتی و ڕێگەی ئاشتیخوازی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەڕێگای

پەرلەمان و سندوقەکانی دەنگدان و یاساوە. لەم پەیوەندەدا "چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی" وەک ئەلقەیەکی تەواوکەری ئەو جۆرە دیموکراسی و پەرلەمانیەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە کۆمەڵگای دوای جەنگدا هێنایانە کایەوە، بەدەستەوە گیرا، تا "دەوڵەتی یاسا و دەستور" بچەسپێنێ. بەتایبەتی کەداگیرکاری ئەمریکا و ئامادەبوونی سەربازی لە عێراق و کوردستان تەنها دەرکەوتنێکی سەربازی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ خۆشیدا چەمکگەلێکی لیبرالی لەجۆری "کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی" و هەمو ئەو سوننەتانەی کە لەژێر پەرچەمی دیمکراسی و خەباتی پەرلەمانی و قانونیدا کۆدەبوونەوە، هێنایە ناوچەکە و کوردستانەوە، کە هەر لە سەرەتاوە لەلایەن ئیلیتی ڕەوتیکی لیبرال و ریفۆرمیستی لایەنگر بە ناسیونالیزمی کورد و دەسەڵاتەکەی پێشوازی لێکراو بەدەستیانەوە گرت. بزوتنەوەی گۆران وەک حزبیک کە دواتر لە باوەشی یەکیەتیەوە لەدایک بوو، لەهەموان زیاتر بووە جێگەی کۆبوونەوەی ئەم نوخبەیە و ئەو ڕەوتە لە ڕۆشنبیرانی لیبرال و پاشان لەچەقی ئەم هەلومەرجەدا جێگای گرت و وەک حزبێکی پەرلەمانتاریستی و ڕیفۆرمیزمی بۆرژوایی، بە بانگەشەی "سەروەری یاسا و دەسەڵاتی یاسا"وە بەپیر پرۆژەی "کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانیەوە" چوو، بۆ ئەم حزبە کە موخالەفەتێکی بە بنەماکانی ناسیونالیزم و دەسەلاتەکەی نیە، ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان بۆ مانا کردنەوەی ئازادی و ئازادی ڕێخراوبوون و مافە فەردی و مەدەنیەکان کە بەجۆرێک لەگەڵ سیستەمی دەسەلاتداریتی و جوڵانەوەی ناسیونالیزمدا بگونجێ، بەدەستەوە گیرا و دواتریش لایەنەکانی تر لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا پێیان نایە نێو ئەم پرۆژەیەوە، تا بەهەمویان چوارچێوەیەک بۆکاری قانونی و ڕێگە پێدراو وەک ئەوەی چینی دەسەلاتدار سنوری بۆ کێشاوە، لەبری ئازادی لەکۆمەڵگادا جێگیرکەن. هەروەها ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ناحکومی، کەمپینەکان و ۆرکشوپ و کۆنفرانسەکانی ئەم تەقلیدە، لەبری ئازادی پێکهینانی ڕێکخراوەی جەماوەری ڕادیکاڵ و ناڕازی لەشوێنی کارو ژیاندا، وەک بەدیلێک بخەنە پێشپای کرێکاران و خەڵکی مەحرومی کۆمەڵگا. سەرەنجام لە پێداویستیەکانی ئەم هەلومەرجەوە بوو کە "کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی" بەحەماسێکی زۆرەوە لەلایەن ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنەوە داکۆکی لێکرا وخودی دەسەڵاتیش لەپێشوازی کردنیدا وەک نیشانەیەک لەبەرقەرای دیموکراسی پەسەندی کرد وبەم جۆرەش لە هەر دوو

سەری ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاتەوە بەدەستەوە گیرا. ئێستا بابزانین پرۆگرام لەم بارەوە چیمان پیدەڵێت:

"ئەزمونی گەلانی شارستانی سەلماندویەتی دروستبونی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لە مەرجەکانی دروستبونی هەر قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز. کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لە ئەڵقە گرنگەکانی پەیوەندیی نێوان تاکەکەس و دەوڵەت، بەدەر لە ئینتما ناوچەیی و کۆمەڵایەتییە بەرتەسکەکانی مرۆڤ، ئینتمایەکی گەورەتر لەسەر ئاستی قەوارەی نیشتمانی بۆ تاکە کەس دروست دەکا. کۆمەڵگەی مەدەنی، تاکەکەس بە هەردو رەگەزەکەوە، لە باڵادەستی دەسەڵاتی سیاسی و نەریتە کۆمەڵایەتیە نەخوازراوەکان دەپارێزێ، هاولاتیی ئازاد و بەرپرس بەرامبەر ئەرکە گشتییەکان دروست دەکا.

بزوتنەوەی گۆران بڕوای وایە ئازادکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادکردنی سەندیکا و کۆمەڵە و رێکخراوە ناحکومییەکان، بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی گوشار و چاودێریکردنی دامودەزگا کۆمەڵایەتی و کارگێریی و سیاسییەکاندا خزمەت بە ژیانی سیاسی و دیموکراتی دەکا، بەرپرسیارێتی گشتی دابەش دەکا بەسەر زۆربەی گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا."

لەپەیوەند بەم دەربڕینانەوە چەند سەرنجێک بەپێویست دەزانین:

١/ " قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز".. ئێمە دەپرسین ئەزمونی کام "گەلانی شارستانی" سەلماندویەتی دورست بوونی کۆمەڵگای مەدەنی مەرجی دورست بونی هەر قەوارەیەکی نیشتمانی بەهیزە! ئەم حوکمە چۆن و بەچ مانایەکە!، بەتایبەتی کە بزوتنەوەی گۆڕان لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیدا، ناچێت بەلای هەڵگرتنی پاشماوەکانی دەسەلاتدارێتی کۆن و دواکەوتویی فەرهەنگی وخێڵەکی و کۆمەڵایەتیەوە، بگرە تەنها لایەنی رێکخراوەکانی وەرگرتووە و بە یەکجاری بابەتگەلێکی وەک: مەدەنیەتی کۆمەڵگا، دەستبەردار بوونی دەمارگیری نەتەوەیی و ئاینی ڕەسمی، مافی هاولاتی بوونی یەکسان و تیۆەری ماف، پارێزراو بونی ماف و ئازادیی تاک و قەدەغە کردنی دەخاڵەتی دەوڵەوت و لایەنەکان لەژیانی تاکدا، جیایی دین لە سیستەم و یاسا و پەروەردە.. هەموو ئەمانە کەبە"چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی وبەمەدەنی کردنی دەسەلاتەوە" پەیوەست دەبنەوە، بەفەرامۆشی

سپێردراون و جێگایەکیان نییە لەو هەموو هەراو هوریاو پێداهەڵدانەی کە ئەم حزبە بەسەر "کۆمەلگای مەدەنی"دا دەیکات!.

٢/ "پەیوەندی نێوان تاکو دەوڵەت".. تێگەیشتنی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەو هۆیەوە سنوردارە چونکە لەئاستی "ئازادی ڕیکخراوەکانیدا"، دەیهێڵێتەوە و لەواتای خودی مەدەنی کردنی کۆمەڵگا دادەبڕێنێ، بەم پێیەش پەیوەندی نێوان تاکو دەوڵەت لەهەمان بازنەی دەسەلاتی حزبە ناسیونالیستەکاندا دەهێلێتەوە و هەر لێرەشدا پێناسەی بۆ دەکات. لەکاتێکدا پەیوەندی نیوان تاکو دەوڵەت، وەک ئەوەی کەجۆن ستیوراد میل، باوکی ئازادی تاک و فەردیەت لەکۆمەلگای مەدەنی بۆرژوازیدا، باسی لێوەکردووە، مەسەلەیەک نییە بەجیا لە سکولاریزم ولیدان لەپاشماوەکانی سەردەمانی دەرەبەگی و خێڵەکێتی و.. تێگەیشتنێکی ئاواش بۆ چەمکی "کۆمەڵگای مەدەنی" بە یەکجاری پرۆژەی ناسیونالیزم، نەتەوە و نیشمان تێدەپەڕێنێ. هەر بۆیە ئەتوانین بڵێین کە مەبەستی بزوتنەوەی گۆڕان لە"پەیوەندی نێوان تاک ودەوڵەت" هەمان "تاکی نەتەوەیی" وهەمان "دەسەلاتی ناسیونالیزمە" کەپێچاوانەیە بەمەدەنیەتی کۆمەڵگاو مافو ئازادیە فەردەیەکان.

٣/ 'کۆمەڵگای مەدەنی هەر دوو ڕەگەز دەپارێزێ".. ئەم دەربڕینە درۆیەکی شاخدارە، ڕێژەی تاوانەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان وکوشتنی ژنان بە بەهانەی ناموس لەژێر سایەی لەئارادا بوونی دەیان ڕیکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و کەمپین و وۆرک شۆپەکانیدا، نەک هەرتاکی ژنان پارێزراو نەبووە، بگرە هێشتا لەبەردەم ڕوداوە تراژیدیەکاندا ڕاگیراون. بەلام بزوتنەوەی گۆڕان بەهێنانەوەی ئەو بۆچوونەی کە گوایە "کۆمەڵگای مەدەنی هەردوو ڕەگەز دەپارێزێ" دەیەوێت مەسەلەی بەڕەسمی ناسینی یەکسانی ژن و پیاو لەیاساکانی دەسەلاتدا بەفەرامۆشی بسپێرێ و بۆسەر ئاستی کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بیهێنێتە خوارەوە.

٤/ ئازادی سەندیکاو کۆمەڵەو ڕیکخراوە ناحکومیەکان.. لەمەشدا تەنها مەبەست ئەو ڕێکخراوانەیە کەلە چوارچێوەی ڕێپێدراوی قانونی و پەرلەمانیدا بەشوین ریفۆرمە ناچیزەکانەوەن، کەئامانج لێیان قەدەغەکردنی ڕێکخراوەی جەماوەی رادیکاڵ وشۆڕشگێرانەیەو تۆمەتبارکردنیانە بەئاژاوەگیڕ وهەڵگری توندوتیژی.بەلام بابزانین پرۆگرام لەم بارەیەوە سنوری چاکسازیەکانی بۆ کوێ ئاراستەیە:

لەخاڵی یەکەمدا هاتووە:

"- بەهێزکردنی دەوڵەتی یاسا بە ئاراستەی پاراستنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەر پێشێلکاریەکی ناشارستانی و ناشەرعی لەلایەن دەزگا نەریتی و حیزبی و سیاسییەکانەوە."

لەسەر ئەم خاڵە ئێمە دەپرسین ئایا "پاراستنی کۆمەلگای مەدەنی" لەسایەی "دەوڵەتێکی یاسا" دا دەکرێ کەپشتی بەهێزی میلیشیایەوە دابێ و قاچەکانی لەسەر سەری دەیان "دەزگای نەریتی"، لەوانە حزب و گروپە ئیسلامی و قەومیەکان، وەزارەتی ئەوقاف، تورِی مزگەتەکان، و بانکی ئیسلامی و چەندین پەیمانگا و ناوەندی خوێندنی ئاینی.. ڕاگیر کردبێت؟ ئایا دەوڵەتێک کەیاسای فرەژنی دەرکردبێ و تائێشتاش کار بە یاسای لەسیدارەدان بکات، ئەتوانرێ چاوەڕوانی "پاراستنی کۆمەڵگای مەدەنی" لێبکرێ؟. بزوتنەوەی گۆڕان کاتێک باس لە بەهیزکردنی دەوڵەتی یاسا دەکا و لەولاشەوە مانەوەی هەموو ئەم پێکهاتوە نەریتیانە بەدەست لێنەدراوی پەسەند دەکات، بەپێویست وێنای جۆرە "کۆمەڵگایەکی مەدەنی"مان پێشکەش دەکات کەلە پێناسەدا بەووشەکان مەدەنیە بەڵام لەواقعدا کۆمەلگایەکە کەبەپێی هەمان کۆکتێل لەسونەت و باوەڕ و پێکهاتووە نەریتەکانی دەسەڵاتدارێتی ئەحزابی ناسونالیستی وئیسلامی بەڕێوەدەچێت.

لەچەند خاڵێکی تردا هاتووە:

"-_ هاوکاری کردن و هاندانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (سەندیکا، کۆمەڵە، فیدراسیۆن و گروپەکانی فشار) بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی چاودێریکردن و دروستکردنی گوشار لەسەر پەرلەمان و دەزگا حکومیی و دادوەریەکان."

_ بەرەنگاربونەوەی ئەو کۆششانەی کە پارەی دەوڵەت و موڵکی گشتی بەکاردەهێنن بەمەبەستی بەهێزکردن و سەپاندنی دەسەڵاتی سەندیکا و ڕێکخراوە حیزبییە تایبەتەکان.

_ کارکردن بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانی سەربەخۆ، بەدەر لە دەسەڵاتی حکومەت، بۆ پشتیوانیکردنی ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەگوێرەی پرۆژە و چالاکی و قەبارەیان، نەک بەگوێرەی ئینتمای سیاسیی ئەندامەکانیان.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئەم خاڵانەی سەرەوە بەڕۆشنی سیاسەتی گۆڕینی ڕێکخراوەی سەربەخۆی جەماوەرەیە بەجۆرێک لەو ڕێکخراوەنەی کە کەوتونەتە شوێن تەعدیل کردن و هەڵگرتنی ناتەواویەکانی دەسەڵاتەوە. یانی ڕێکخراوگەلێک کەکاریان دەلاڵی و ناوەندگیریە لە نێوان جەماوەری نارازی و دەزگاکانی دەسەلاتدا، لەژێر ناوی "فشارهێنان بۆ دەسەلاتو پەرلەمان"دا.
لەڕاستیدا بزوتنەوەی گۆڕان نە مەسەلەی کۆمەڵگای مەدەنیە و نە باوەڕی بەوەیە کە بەهاو سونەت و ئەخلاقیاتی مۆدێرن و ئاستێک لەمەدەنیەت لە کوردستاندا جێگیر بکات، تەنانەت بەو پێوانە بۆرژواییانەی کەلەسەدەی هەژدەهەمدا پێناسەی بۆکرابێت، بەڵکو ئامانجی ئەو لەباسی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ئەوەیە کەئەم پێکهاتوانە وەک میکانیزمێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەسەردەمانی هەڵبژاردنەکاندا بەدەستەوە بگرێ و دواتریش وەک "گروپی فشار" لە کێشمەکێشەکانیدا لەگەڵ دەسەڵات و حزبە نەیارەکانیدا بەکاریان بەرێ، هاوکات لەڕیگای ئەم ڕیکخراوانەوە، سواری شەپۆلی نارەزایەتی بەشەکانی کۆمەڵگا ببێ و بەپێی سیاسەتەکانی خۆی لەهەر دەورەیەکدا جڵەوی نارەزایەتیەکان لەدەست بگرێ. کۆمەڵگای مەدەنی ڕەنگدانەوەی دەسەڵات و دەوڵەتی مەدەنییە.. کاتێک حزبی گۆڕان ئەزمونی دەسەڵاتدارێتی ئێستا بەدەستکەوتی "هەموو گەلی کوردستان" قەبوڵ دەکاو لەهەوڵی ئەوەدایە دامو دەزگای میلیشیای و نەریتی دواکەوتوانەی ئەم سیستەمە "بەنیشتمانی" بکاتەوە، کاتێک کە ئەم حزبە یاساکانی وڵات بەپێی سوابتی ئیسلامی دەگونجێنێ، کاتێک کە حزبی گۆڕان لەبری دەوڵەتی سەربەخۆ، کەوتۆتە شوێن "هەرێمێکی بەهێز"ەوە.. بەپێویست باسی کۆمەڵگای مەدەنی و چاکسازیەک کە لەم پەیوەندەدا هێناویەتە کایەوە، جگەلە جوان کردن و تەعدیل کردنی دەسەڵات و سیستەمێکی حوکمڕانی حزبە بۆرژوا ناسیونالیست و ئیسلامیەکان شتێکی تر نیە. کرێکاران وخەڵکی مەدەنی کوردستان ئەگەر بەکردەوە بەدوای واتای واقعیانەی دامەزراندنی "کۆمەڵگای مەدەنی"وەن دەبێ ڕوو لەخەباتێک بکەن کەخواستی کۆتایی هێنان، بەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نە قەومی و نە مەزهەبی کردبێتە ئالای دەستی خۆی.
لیرەدا ئەم باسە تەواودەکەین ولەبەشی داهاتوودا لەسەر "دادی کۆمەڵایەتی" ڕادەوەستین..
... ماویەتی

**کانونی یەکەم 2016**

# ٥)

# بەشی دوەم:

# لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

## تەوەرەی چوارەم:

## " دادی کۆمەڵایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی"،

## یان تەعدیلی بۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی سیستەمی مەوجود؟

لەم بەشەی باسەکەماندا، لەسەر دوایین تەوەرەی بەشی سێهەمی پرۆگرامی بزووتنەوەی گۆڕان ڕادەوەستین کە لەژێر ناونیشانی "دادی کۆمەڵایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی"دا، هاتووە. بێگومان ئەم تەوەرەیە بەو جۆرەی کە پرسی "داد/ عەدالەتی کۆمەڵایەتی" و "گەشەدان بەسامانی مرۆیی" دێنێتە ئاراوە، گەرەکیەتی دوا ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕانمان پێبناسێنێ. واتە ئەم تەوەرەیە وەک بەرەنجامێک لەسەرجەم ڕوانگە و بۆچوون و ئاراستە سیاسیەکان و هەموو ئەو "ئەرکە نیشتمانی و دیموکراتی"یانەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەپڕۆگرامەکەیدا پشتیان پێدەبەستێ و تۆماری کردوون، وێنای ئەو کۆمەڵگایەمان پێدەناسێنێ، کە بڕیارە داهاتووی خەڵکی کوردستانی بۆ ڕاکێشێت. بەدیوێکی تردا "دادی کۆمەڵایەتی" و "گەشەدان بەسامانی مرۆیی" ئەو چەمکانەن کە بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت لەڕێگایەوە سنووری خۆی لەگەڵ بێدادیەکانی ئێستا و ئەو سیستەمەدا بکێشێت، کە لەسەر بنەمای جیاکاری و ستەم و بەشخۆری ڕاوەستاوە و سەرەنجام بیگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵگا و سیستەمێکی تر کە دادی کۆمەڵایەتی تیا بەرقەرارە و سامانی

مرۆییش ڕوو لە گەشەیە. کەوایە بەرلەوەی بچینە وردەکاری نێو بەند و خاڵەکانی ئەم تەوەرەوە باشترە لەسەر خودی ئەم دوو چەمکە ڕاوەستین.

## واتای دادی کۆمەڵایەتی چییە و بزووتنەوەی گۆڕان لەکوێدا ڕاوەستاوە؟

دادی کۆمەڵایەتی یەکێک لەوچەمکە باوانەیە کە لە کەلتوری فکری و سیاسی دونیای ئەمرۆدا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە و لە ئاستێکی فراوانیشدا بەکاردەبرێ. بەڕادەی ئەوەی کە حزب و دەزگا و ڕێکخراوە و دامەزراوەی جۆراوجۆر، هەریەکەیان بەشێوازی جیاواز، بۆ تەعبیرکردن لەدوا ئامانجەکانیان، لە پەیڕەو و پرۆگرامە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیاندا، جێگایان بۆ کردۆتەوە. تەنانەت سەرکردە و سەرۆکی وڵات، قازی و مەلا و قەشە و سەرۆک خێڵ، سەرەڕای کارنامەی ڕەش و سەرکوتگەری و کۆنەپەرستی و ڕاسیستانەیان، بەجۆرێک لەجۆرەکان لە دانی پەیام و ئاماژە و دەربڕینەکانیاندا پەنا بۆ بەکاربردنی ئەم چەمکە دەبەن و وەک ئاوات و ئامانجێک ئەیدەن بە گوێی خەڵکیدا. دیارە هۆکاری ئەمەش لەو خاڵەدا خۆی دەردەخات کە چەمکی "دادی کۆمەڵایەتی"، لە ڕەوتی مێژوویەکدا کە تێیپەڕاندووە، کراوەتە چەمکێکی پیرۆزکراو و موعتەبەر، بۆ تەعبیرکردن لە کۆمەڵگا و داهاتوویەکی بەختەوەر و خۆشگوزەران و ئازاد و پێشکەوتووی ئینسانی. لەکاتێکدا خودی ئەم چەمکە، یەکجار ناڕۆشن و لێڵە و هەڵگری واتا و مەبەست و ئامانجی جۆراوجۆر و تەنانەت دژبەیەکیشە. بەتایبەتی ئەم چەمکە لەڕەوتی مێژوودا و لەسەردەمانی جیاجیا و لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، لەلایەن بزووتنەوە و هێز و ڕەوتی جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەوە واتا و تەعبیری ڕەنگاوڕەنگ و پێچەوانە لەگەڵ واقعی مەوجودی لێدراوە و بۆ پاساودانی ڕاگرتنی سیستەم و دەسەڵات، بۆداهاتوویەکی نادیار و لە هەمانکاتدا بۆ دانی ئاوات و ئومێدێکی خەیاڵی، بە خەڵکی چەوساوە و زوڵم لێکراو، دەستی بۆ براوە.

بۆنموونە ئاینەکان بە گشتی دادی کۆمەڵایەتی وەک حوکمێکی خوداوەند لەسەر ئەرز و واتای تەرازوویەک وەردەگرێ بۆ کێشانی "عەدل و ئینساف" کە سپێردراوە بە ئەخلاقیات و ویژدانی پەیامبەرانێکی پیاوچاک و ئەقڵی حەکیمانێکی خێرخواز، تا کۆمەڵگا و ئینسانەکان لە "شەڕی شەیتان و فیتنە" و بوغز و کینە دەرکێشێ و ژیانێکی "هاوسەنگ/ میانەڕەوی" و

دوورکەوتنەوە لە توندوتیژییەوە دەبەستریتەوە. لەکاتێکدا هەژاری و بێکاری، جەنگ و کوشتار، پەلامار و توندوتیژی پۆلیسی و ڕاسیستی کۆمەڵە دیاردەیەکی زەقی دیموکراسی و سیستەمە دیموکراتیەکانە. لەمەش زیاتر واتای دادی کۆمەڵایەتی بۆ ناسیونالیستەکان کە لە مافی سەلماندنی هەویەتی نەتەوەیی لەبەرامبەر ئەوانی تردا و لە مافی ڕزگاری خاک و ئاوی وڵات، لە دەستی بێگانە، زیاتر تێناپەڕێت، "ئەوانی تر" وەک "کەمینە" لە یەکیەتی نەتەوەییدا، سەرکوتدەکا و وەک ئینسانی پلەدوو چاویان لێدەکات. لای لیبرالەکانیش کە تاک و تاکگەرایی خاڵی سەنتەرە، بەپێویست تایبەتمەندیەکانی تاک، لەوانە توانا و ئامادەییەکان، شایستەیی و پسپۆڕی... کە هەر هەموویان بەرئەنجامی کاری تەخەسوسی و کاردابەشکردنی یەکلایەنەی سیستەمی سەرمایەدارین، وەک بنەمایەکی جێگیر بۆ پێناسەی چەمکی دادی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە دەگیرێ و بەم جۆرەش گەیشتن بە بەها فەردییەکان بەمانای گەیشتنی تاک بە "بەرهەمە بەکاربردنە کۆمەڵایەتیەکان" لە پرۆسەی کۆکردنەوەی قازانج و سودی سەرمایەکاندا، بە "هەقێکی ئەبەدی تاک" ڕەسمییەت پێدەدات. لەکاتێکدا لەژێر سایەی عەدالەتی لیبرالەکاندا ئەوە هەر ئەو "تاکە مەحبوب"ەیە، کە بێکاری و هەژاری و دەیان دەردوبەڵای تر خنکاندویەتی و "تاوانە کۆمەڵایەتیەکان" لە گۆشەی زیندانەکاندا، یەخسیری کردووە. لەیەک وتەدا دادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمڕۆدا کە زیاتر ڕووی لە بواری ئابووری و داهات و سامانە کۆمەڵایەتیەکان کردووە، لە ڕوانگەی بۆرژوازی و ڕەوتەکانیەوە، زیاتر واتای "عەدالەت لە دابەشکردندا"ی پێدەدرێ. "داهاتی کۆمەڵایەتی وداهاتی تاک" باوترین چەمکن بۆ تەرازووکردنی عەدالەت لە نێوان سەرمایەداران و دەوڵەت و هاوڵاتیاندا، لەکاتێکدا ئەوە پرۆسەی بەرهەمهێنان و جێگاوڕێگای ئینسانەکانە لەوێدا، کەهەر لەپێشەوە بڕیاری بەرکەوتەی تاکەکانی کۆمەڵگای داوە. ⚘

---

⚘/ لای مارکس و مارکسیستەکان، "چەمکی یەکسانی" ئاڵتەرناتیڤی چەمکی دادی کۆمەڵایەتییە. یەکسانی نەک هەر بە مانای دابین کردنی ئازادیەکانی ئینسان و یەکسانییان لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، بەڵکو یەکسانی لە بەشداریکردن و هاوبەشێتی هەمووتاکێکی کۆمەڵگا لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و دەستڕاگەیشتنی یەکسانیان بە هەموو داهات و سەرچاوە مادی و مەعنەویەکانی کۆمەڵگادا، بەم جۆرە یەکسانی لای مارکس لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە دەست ⇦

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

بەڵام چەمکی دادی کۆمەڵایەتی هەرچۆنێک بێت و بەهەر مانایەک بێت، لەوەتەی پەیدابووە تا ئێستا، خۆی بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە کە جیاکاری جۆراوجۆر، ستەم و چەوسانەوە، لەنێوان ئینسانەکاندا و لەلایەن بەشێکی کۆمەڵگاوە بەرامبەر بە بەشەکەی تر، یەک واقعیەتی حاشاهەڵنەگرە و ئەم حاڵەتەش لە قاڵبی سیستمە سیاسی و ئابووری و قانوونیەکاندا ڕێکخراوە، بەم پێیەش خەبات و هەوڵی کۆمەڵایەتی و فەردیی ئینسانەکان بۆ گۆڕینی ئەم واقعیەتە و کۆتاییهێنان بەستەم و چەوسانەوە، کردەیەکی بەردەوامە کە "دادی کۆمەڵایەتی" بەواتای جۆراوجۆری کردۆتە ئالاکەی. لەم ڕوانگەیەشەوە مەسەلەی چۆنیەتی بەدیهێنان و دابینکردنی دادی کۆمەڵایەتی خۆی پرسێکی گرنگە تا بە کردەوە پیشانمان بدات کە چ ئاستێک و چ جۆرێک لە جۆرەکانی ستەم و جیاکاری تێپەڕاندووە و لەسایەی چ نیزامێکدا، ڕێچکەی بەرەو دادی کۆمەڵایەتی گرتووە؟ "ڕیفۆرم و چاکسازی"، "دەستور و پەیماننامەی کۆمەڵایەتی"، "بەرنامە و هوشیاری"، تا دەستبردن بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین... ئەمانە ڕێبازگەلێکن کە لە پێناو گەیشتن بەدادی کۆمەڵایەتیدا لەلایەن ئەحزاب و ڕەوتگەلی جیاجیاوە، دەستیان بۆ براوە و لەمێژوودا نموونەیان زۆرە.

ئێستا بەدوای ئەم قسەوباسانەدا با بزانین بزووتنەوەی گۆڕان بەشوێن هەڵگرتنی چ جۆرە جیاوازی و بێدادییەکەوەیە و چ ڕێبازێکی لەبەرامبەردا گرتۆتەبەر و سەرەنجام چ واتایەکی بەم چەمکەداوە؟

لە پەیوەند بە وەڵامی ئەم پرسیارانەوە، سەرەتا پرۆگرام هەست بە "جیاوازییەکان و بێدادییەکان" دەکا و دەنووسێت:

<u>بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێ بێبەرنامەیی حکومەتە لە</u>

⟹

پێدەکات و شۆڕدەبێتەوە بۆ دابەشکردنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی و هەموو بوارەکانی تر. بەمجۆرەش هەر کەسێک بەوپێیەی کە ئینسانە و چاوی بە کۆمەڵگەی ئینسانی هەڵهێناوە بە یەکسانی لە هەموو نیعمەتەکانی ژیان و بەروبوومی کاری هاوبەشی ئینسانەکان بەهرەمەند دەبێت. "لە هەر کەسێک بەپێی توانای و بۆ هەرکەسێک بەپێی پێویستیەکانی، ئەمە بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵگەی یەکسانی و ئازادی کۆمۆنیستییە".
شۆڕشی کۆمۆنیستی کە نەک هەر دەسەڵاتی سیاسی چینی دەسەڵاتدار دەڕوخێنێ، بەڵکو مولکداریێتی تایبەتی و کاری بەکرێ هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆمەڵگای کارکردوان دادەمەزرێنێ، بەئاراستەی پوکانەوەی دەوڵەت و چینەکان و کاڵا و پارە و بازاڕ... وهەموو بنیادەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.. بەجۆرێک کە یەکسانی واقعی کۆمەڵایەتی دادی کۆمەڵایەتی دەستەبەربکات.

پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا، بڵاوبوونەوەی بێدادییە لەنێوان کەرتە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند، نێرو مێ، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، گوندی و شاری و خەڵکی ئەم ناوچە و ئەو ناوچە.

لەم دەربڕینەی سەرەوەدا پڕۆگرام لە دوو ئاستدا جیاوازیەکان و بێدادی کۆمەڵایەتی دەستنیشان کردووە، یەکەمیان: "بێ بەرنامەیی حکومەت لە پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا"، و دووەمیشیان: "بڵاوبوونەوەی بێدادیە لە نێوان کەرتە کۆمەڵایەتیەکان" و "بیدادی جوگرافیە"، یانی "جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەند، نێر و مێ، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، گوندی و شاری و خەڵکی ئەم ناوچە و ئەو ناوچە"یە!

لەبارەی خاڵی یەکەمەوە ئێمە دواتر لەسەر واتای دەستەواژەی "سامانی مرۆیی" و ئەو ئاماژانەی کە بۆ لێڵکردنی واقعیاتە چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان پشتی پێبەستراوە، ڕادەوەستین، بەڵام لێرەدا دەپرسین ئایا "حکومەت بێبەرنامەیە لە پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا"، بۆیە وا "سامانی مرۆیی" لەگەڵ جیاوازی و ناعەدالەتیدا بەرەوڕوو کراوەتەوە، یان خودی ئەم حکومەت و ئەم دەسەڵاتە، وەک نوێنەری چینی سەرمایەدار و دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاکان، سەرچاوە و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕاگرتن و بەرینکردنەوەی "بێدادی و جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان" و تەواوی نەخشە و بەرنامە و پلانەکانیشی بۆ قوڵکردنەوەی ئەم جیاوازی و بێدادیەیە؟

بێگومان بزووتنەوەی گۆڕان کە ئەزمونی حکومەت و دەسەڵات بەدەستکەوتی "هەمووگەلی کوردستان" دەزانێ و لەسەرو ناسنامەی چینایەتی و سەرمایەداری بوونەکەیەوە دەیناسێنێ، دەیەوێت پێمان بڵێ کە حکومەتی ئێستا حکومەتی هەمووانە، بەڵام ئەوە دەستەی فەرمان بەدەستە بێبەرنامەیە، بۆیە "سامانی مرۆیی" لەگەڵ جیاوازی و بێدادی بەرەوڕووە! ئەم بۆچوونەش لە بنەڕەتەوە پێچەوانەیە لەگەڵ واقعیەتەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بەتایبەتی حکومەت لە کوردستاندا وەک هەر دەسەڵات و ئامرازێکی دەستی چینی بۆرژوازیەو فەلسەفەی بوون و مانەوەی گرێدراوە بە پاراستن و فراوانکردنەوەی پەیوەندیەکانی کار و سەرمایە و هەرزان ڕاگرتنی هێزی کاری کرێکاران و دانیشتوانی ئامادەبەکار، تالەم ڕێگایەوە کەشوهەوای ئارام و لەبار بۆ کەڵەکەی هەرچی زیاتری قازانجی سەرمایە لەدەستی چینی دەسەڵاتدار و سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان و

بازرگاناندا، هەڵخڕێنێ. لەڕاستیدا ئەم حکومەتە نەک بێبەرنامە نەبووە، بەڵکو تەواوی بەرنامە و هەوڵەکانی ڕووی لە قوڵکردنەوە و وفراوانکردنەوەی ئەو قەڵشتە چینایەتیەیە کە لەنێوان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەلایەک و سەرمایەداران و دەسەڵاتداران لەلایەکی ترەوە لەئارادایە. بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە هەموو کەسێک دەتوانێ شاهیدی لەسەر ئەوە بدات کە لە سەردەمی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە، سەرهەڵدانی "توێژی فیرعەونەکان"، خاوەنانی کۆمپانیای وەبەرهێنان و بازرگانی، ڕیزێک لە بەڵێندەرانی گەورە و مامناوەند و بچوک، کە بەپێی بەرنامەی حکومەت لە دەوری خستنەگەڕی سەدان پرۆژەی ژێربینایی و بازرگانی، لە دەوری بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی بۆ دەرەوە، کەوتنە سەرقاچ و لەبەرامبەر کرێکاران و زەحمتکێشاندا، دابەشبونێکی فراوان و هەست پێکراویان جێخست. دواتریش کە سەرمایەداری کوردستان گیرۆدەی قەیران بوو دیسانەوە بەرنامەی حکومەت جگە لە پەلاماردان بۆ سەر سفرەی خەڵک و لێگرتنەوەی خزمەتگوزاریەکان، زۆرینەی کرێکاران و فەرمانبەرانیان لەگەڵ چارەکە مووچەدا بەرەوڕوو کردەوە.. لەهەردوو ئەم قۆناغەدا، کارنامەی حکومەت ڕۆشنە و بەپێی بەرژەوەندی و ویستی سەرمایەداران و دەسەڵاتداران چۆتە پێشەوە، کارنامەیەک کە بزووتنەوەی گۆڕان نایەوێت ببینێ و بە یەکجاری خۆی لێلادەدات.

دووەم؛ لەبارەی دەستەواژەی "بێدادی لەنێوان کەرتە کۆمەڵایەتیەکاندا"، پرۆگرام دابەش کردنێکی ڕواڵەتی لەسەر بنەمای جیاوازی پیشە و ڕەگەز و جوگرافی، داهێناوە و بە "بێدادی"ەوە بەستویەتیەوە! لەکاتێکدا خودی ئەم جیاوازیانە بەرهەمی کاری پسپۆڕی و کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرمایەدارین و لە پێداویستی هەبوونی چینەکان و جیاوازیەکانی نێوانیانەوە سەریان هەڵداوە. کەسێک ئەگەر بیەوێت لە دەرەوەی ئەم دابەشبوونە ڕواڵەتییانە بڕوانێ دەبێ واقعیەتە چینایەتی وئابووریەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بە ئەسڵ و سەرچاوە وەربگرێ، ئەگەر نا ناتوانێ دەرکێکی ڕۆشن و زانستی لەجیاوازیەکان بدات بەدەستەوە. بزووتنەوەی گۆڕان لەم دیدە ڕواڵەتیەوە، کاتێک کە "هەژار و دەوڵەمەند" وەک دوو کەرتی کۆمەڵایەتی بەفەرز وەردەگرێ، دەبێ پێمان بڵێت کە کێ هەژارەو کێ دەوڵەمەندە؟ ئایا دیاردەی هەژاری و دەوڵەمەندی لە دەرەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان بوونی واقعی هەیە؟ لەمەش زیاتر ئەوەی کە "نێر و مێ" وەک دوو کەرتی

جیاوازی کۆمەڵایەتی ناسێنراوە، پرۆگرام لەگەڵ ئەو پرسیارە بەرەوڕوو دەکاتەوە، کە ئایا ژن یەکسانە بە مێ و پیاو یەکسانە بە نێر؟ لەبارەی بێدادی لە نێوان گوند و شار و خەڵکی ئەم ناوچە و ئەو ناوچەیەشەوە، دەپرسین ئایا ئەم "بێدادی جوگرافیە" دروستکراو و بەرهەمی بێبەرنامەیی حکومەتە، یان ڕیشەی لە نیزامی سەرمایەداری و یاساکانی پەرەسەندنی ناهاوتا و چەقبەستی سەرمایەدایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ نووسەرانی پرۆگرام جێدێڵین، بەڵام هونەر لەوەدا چییە کەوا بزووتنەوەی گۆڕان بەوجۆرە، بێدادیەکان و جیاوازیەکان دەناسێنێ؟

ئێمە لە بەشەکانی پێشووتری ئەم باسەدا، ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵە کردووە کە چۆن بزووتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی ناسیونالیستی، ناسنامەی قەومی و "کوردبوون"ی کردۆتە بنەما و چوارچێوەیەکی "لێکچوو و هاوبەش" بۆ کۆکردنەوەی هەموو دانیشتوانی کوردستان تا هەم سەرمایەداری بوونی کۆمەڵگای کوردستان و هەم دابەشبوونی بەسەر چینی کرێکار و سەرمایەداردا، وەک دووچینی سەرەکی، بەجۆرێک لە جۆرەکان ئینکاربکا و لەبری ئەمەش "کەرتە کۆمەڵایەتیەکان " وەک بێدادی و جیاوازیەکان" بناسێنێ. بێگومان بەهای هونەری ئەم داهێنانەش بۆ ئەوەیە کە واتایەکی تایبەت بە دادی کۆمەڵایەتی بدا وەک ئەوەی کە چینی بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی دەیخوازێ. بەڵام بۆ ڕۆشنکرنەوەی زیاتری ئەم حوکمە با بزانین پرۆگرام چ واتا و وێنایەک لە "چەمکی دادی کۆمەڵایەتی" دەدات بەدەستەوە و لەچ ڕێگایەکیشەوە هەوڵی بەدیهاتنی دەدات، لەم پەیوەندەشدا پرۆگرام دەڵێت:

> هەرێمی کوردستان، لەپاڵ بنیاتنانی ژێرخان و گەشەی ئابووریدا، پێویستی بە <u>بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستە کە دەستەبەری بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ بکا وەک بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەممهێن و خاوەن ئەرک و ماف</u>، <u>پێویستی بە پیادەکردنی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و دیموکرات و سیستمێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانەیە کە ئامرازەکانی پێگەیاندنی کەسایەتی و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان دابین بکا</u>. چونکە دروستکردنی قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز، پەرەدان بە سێکتەرە جیاوازەکانی وڵات، ڕێزگرتن لە ژینگە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە ئاست پێگەیاندنی نەوەکانی ئێستا و ئایندەدا، <u>بەبێ گەشەی</u>

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

سامانی مرۆیی مەیسەر نابیّ.

گەشەکردنی هەرێم تەنها لەڕێگەی بەرزکردنەوەی تەلار و هاوردەکردنی ئامێر و شمەکی بازرگانی بەدی نایەت... بەڵکو پێویستی بە زەمینەی گەشەی سامانی مرۆیی و دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە بۆ تاک و خێزان و توێژ و گرویە جیاوازەکان. بزووتنەوەی گۆڕان بە ئەرکی دەسەڵاتەکانی هەرێمی دەزانیّ کە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانی هەرێم... لە سێکتەری پەروەردە و تەندروستییەوە بۆ سێکتەری وەرزش و کاروباری کۆمەڵایەتی، تا سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان و خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی و بەڕێوەبردنی وڵات. پێویستە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەکانی پێگەیاندن و گەشەدان بە سامانی مرۆیی،...-هێڵەکان هی ئێمەن-

لەم پەرەگرافانەی سەرەوەدا، چەند خاڵی سەرەکی ئامادەیە:

یەکەم: " دەستەبەری بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ.. وەک بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ئەرک و ماف"، ئەو واتا و پێناسە تایبەتەیە، کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی "دادی کۆمەڵایەتی" کردویەتی. بەڵام مەبەست لە "بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ" چییە؟ پرۆگرام لە وەڵامدا پێماندەڵێت " بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ئەرک و مافە"!! بەڵام دیسانەوە مەبەست لە "بونەوەری ئازاد چییەو کیّ دەگرێتەوە؟ ئایا بوونەوەری ئازاد سەرمایەدارانن یان کرێکارانن، هەژارانن یان دەوڵەمەندانن، نێرن یان میّ، خەڵکی شارن یان گوند؟ وە کیّ ئەمانەی ئازاد کردووە و سنووری ئازادییان تا کوێیە؟ لەمەش زیاتر "بونەوەری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن" کیّ دەگرێتەوە، ئایا سەرمایەداران و دەسەڵاتداران بونەوەری بەرهەمهێنن یان کرێکاران و زەحمەتکێشانێک کە هەمووتەمەنیان لە پرۆسەی کار و پێشکەشکردنی خزەتگوزاریەکاندایە؟ هاوکات کامانەیە ئەرک و مافەکان و کیّ بۆ کێی دیاریدەکات؟ پرۆگرام کە وەڵامی ڕۆشن بەم پرسیارانە ناداتەوە، بەپێی لۆژیک "دادی کۆمەڵایەتی" لەنێو تەمومژی دەستەواژە و وشەگەلێکی ڕۆمانسی و ئەخلاقی و عامگەراییدا دەخنکێنیّ. بێگومان هونەری ئەمەش بۆ ئەوەیە کە نابەرابەری و جیاوازییە چینایەتیەکان پەردەپۆش بکا و واتایەکی بۆرژوازی بە "دادی کۆمەڵایەتی" ببەخشیّ تا سیستەمی مەوجود و دابەشبوونە چینایەتیەکان و هەموو ئەو نابەرابەریەی کە سەرچاوەی لێدەگریّ، بە

ئەبەدی بهێڵێتەوە. "بوونەوەری ئازاد و بەرهەمهێن" ئەو مانایەشی هەیە، کە ئینسانی کارکردوو گوێڕایەڵی سیستم و ئیشکەرێکی تاقەت پڕوکاوبێت، بەبێ ئەوەی پشێوییەک لەبەردەم بەرهەمهێنان و بازاڕی سەرمایەداراندا، پێکبهێنێ و ئازادانە هێزی کاری خۆی بخاتە خزمەتیانەوە. لەڕاستیدا بوونەوەرێکی ئاواش کە گۆڕان لەبەرچاوی گرتووە تا دادی کۆمەڵایەتی بیگرێتەوە، ئەو ماتریاڵە ئینسانییەیە کە لە خزمەتی هێنانەکایەوەی "هەرێمێکی بەهێز"دا بەکاربراوە.

دووەم: "بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست"، ئەمە ئەو ئاڵتەرناتیڤەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گەیشتن بە چەمکی "دادی کۆمەڵایەتی"، باسی لێوەدەکات، ئاڵتەرناتیڤێک جگە لەوەی کە هیچ واتایەکی ڕۆشن نادات بە دەستەوە و لە ڕواڵەتدا وا خۆی وێنادەکات کە نەچێتە خانەی نیزام و فۆرمە ئابووری و سیاسیە باوەکانی ئەم سەردەمەوە، بەڵام لەواقعدا هەمان ئەو سیستمە زاڵەی ئەمڕۆیە کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا خۆی داسەپاندووە و قاچی لەسەر پشتی سەرمایەداری بوونی کۆمەڵگا و جیاوازیە چینایەتیەکان و منافەسە و کێشمەکێشی بەشەکانی سەرمایە ڕاگرتووە. وە لەباری سیاسیشەوە هەرئەو سیستەمەیە کە ئەحزابی میلیشیایی و تاڵانچی دەیبەن بەڕێوە. هەربۆیە پرسیارێکی سەرەکی کە ڕووی لەم ئاڵتەرناتیڤەی بزووتنەوەی گۆڕانە، ئەوەیە کە مانای "کۆمەڵگای تەندروست" چییە و تایبەتمەندیەکانی کامانەیە؟ وە چۆن هاوسەنگی لەنێوان جیاوازییە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکاندا، ڕێکدەخا؟ وە لەڕێگای چ میکانیزمێکەوە "بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ.. وەک بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ئەرک و ماف" دەستەبەردەکات؟ لە دەرەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە "کۆمەڵگای تەندروست" تەنها دەتوانێ واتایەکی ئەخلاقی هەبێ و نە هیچی تر..

سێهەم: پرۆگرام چ ڕێبازێک پێشنیار دەکا و چ میکانیزمێک دەگرێتەبەر تا دادی کۆمەڵایەتی لە "کۆمەڵگای تەندروست"دا بەدیبهێنێ؟ لەوەڵامدا دەنووسێت:

" پیادەکردنی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و دیموکرات و سیستمێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە.. کە ئامرازەکانی پێگەیاندنی کەسایەتی و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان دابین بکا...

وە لە پەرەگرافێکی دواتردا دەڵێت:

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

"پێویستی بە زەمینەی گەشەی سامانی مرۆیی و دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە بۆ تاک و خێزان و توێژ و گروپە جیاوازەکان. بزووتنەوەی گۆڕان بە ئەرکی دەسەڵاتەکانی هەرێمی دەزانێ کە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانی هەرێم".. پێویستە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەکانی پێگەیاندن و گەشەدان بە سامانی مرۆیی،..."-هێڵەکان هی ئێمەن-

سەرەتا با لە دەستەواژەی "پێگەیاندنی کەسایەتی" بگەڕێین کە وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە دادی کۆمەڵایەتی باسی لێوەکراوە، بەبێ ئەوەی هیچ مانایەک ببەخشێ. ئایا ئەو کەسایەتیەی کە بڕیارە بەپێی چاکسازیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان پێبگات، چ جۆرە کەسایەتیەکە و چ ناسنامەیەکی هەیە؟ قەومی و ئاینی یان سکولاریستی و ئینسانی، ناڕازی یان ملکەچ بۆ دەسەڵات و پیرۆزیەکانی خاک و نەتەوە، شۆڕشگێڕ یان کۆنەپارێز، میلیشیایی یان مەدەنی؟ بەڵام پێدەچێت کەسایەتیەک کە لە نەزەر گیراوە هەر ئەو "بوونەوەرە ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ماف و ئەرکە بێت" کە پێشتر لەبارەیەوە قسەمان کرد، لەم بارەشەوە هەرئەوەندە بەسە. بەڵام لەبارەی "سیستەمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و دیموکراتەوە" ئێمە لەبەشی پێشووی ئەم باسەدا و لە تەوەرەی "ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و ڕۆشنبیریەکانی بزووتنەوەی گۆڕان"دا ئەم بابەتەمان خستە بەر باسەوە و پەردەمان لەسەر ناوەڕۆک و سنورە بەرتەسک و کۆنەپارێزەکانی ئەو ڕیفۆرم وچاکسازیانەمان هەڵدایەوە کە لەم کەرتەدا گرتویەتەیە بەر. لێرەدا بۆ وەبیر هێنانەوەی کرۆکی ڕەخنەکانمان لەم پەیوەندەدا پەرەگرافێک دەگوازینەوە (خویندنەوەی تەواوی ئەم باسە، لەبەشی 5 دا ئامادەیە):

"ئێستا ئیتر ڕۆشنە کە سنووری چاکسازیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەبواری پەروەردە و خوێندنا، لەهەمان دۆخی مەوجوددا قەتیسە و هەڵگری ستانداریکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوەی کە هەیە نییە، چونکە نە بەشێوەیەکی سەریح و ڕۆشن سیستەمێکی جیاوازی سکولاریستی و زانستگەرایی بۆئەم بوارە دەخاتەڕوو، وە نە وەک خزمەتگوزاریەکی گشتی، کە لە ئەستۆی دەسەڵاتدا بێت چاوی لێدەکات. تەنانەت بەڕۆشنی باس لە خواستی خۆڕایی کردنی پەروەدە و خوێندن لە

تەمەنێکی دیاریکراوەوە بۆ تەمەنێکی تر ناکات و بەگشتی ئەم بوارە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا دیلێتەوە و هاوکات مانەوەی قوتابخانە نموونەیی و ئەهلیەکانیش، بەفەرز وەردەگرێ. تەنانەت ڕاشکاوانە قسەیەک لەسەر پاککردنەوەی پرۆگرام و بابەتەکانی پەرەوەردە و خوێندن، لەدید و باوەڕی قەومی و دینی ناکا."

تا ئەو جێگەیەی بە دابینکردنی "بیمەی کۆمەڵایەتی"دەگەڕێتەوە، پرۆگرام پێمان نالێت کە مەبەست لە چ بیمەیەکە و بە چ ئاستو پێوانەیەک ئەم بیمەیە دابین دەکات تا دادی کۆمەڵایەتی بۆ هاولاتیان لە کۆمەڵگایەکی تەندروستدا دەستەبەربکات؟ ئایا مەبەست لێی بیمەی تێروتەسەلی بێکاری و دەورانی نەخۆشی و پەککەوتەیی و خانەنشینیە؟ ئایا مەبەست خۆڕایی کردنی پەروەردە و خوێندن و دەستڕاگەیشتنی هاولاتیانە بە تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانی وەک کارەبا، هاتوچۆ و گەیاندن، سەرگەرمی، وەرزش، خۆپارێزی لە سەرما و گەرما....؟ ئایا مەبەست لە بیمەکردنی لانی کەمی ژیانە بۆهاولاتیان و پەروەردەی خۆڕایی منالان و نێوجەوانانە؟ ئاشکرایە کە هیچ کام لەم بیمە کۆمەڵایەتیانە جێگای مەبەستی بزووتنەوەی گۆڕان نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە و لە پرۆگرامدا ئاماژەی بۆ کراوە، لە چوارچێوەی خێر و سەدەقە تێناپەڕێت، بەتایبەتی کە حزبی گۆڕان لایەنگری کەرتی تایبەتی و بازاڕی سەرمایەداران و بەستنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و پێداویستیە سەرەتاییەکانی هاولاتیانە بە بازاڕی کڕین و فرۆشتن و مونافەسەی کەرتی گشتی و تایبەتەوە.. (ئێمە دواتر لەبارەی جۆری ئەو بیمەیەوە زیاتر قسە دەکەین کە بزووتنەوەی گۆڕان شوێنی کەوتوە).

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان چ میکانیزمێک پێشنیار دەکات بۆ جێبەجێکردنی دادی کۆمەڵایەتی؟ لە وەڵامدا پرۆگرام پێمان دەڵێت: "دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانی هەرێم "! وەیان ئەوەی کە "دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەکانی پێگەیاندن و گەشەدان بە سامانی مرۆیی"!! هەمان تاس و هەمان حەمام!!.. ئێستا ئیتر ڕۆشنە میکانزمێک کە پشتی پێبەستراوە هەمان حکومەت و وەزارەتخانەکانیەتی، کە کارنامەی گەندەڵی و تالانچێتیەکەی بۆ سادەترین کەس ئاشکرایە. ئەوە بزووتنەوەی گۆڕانە کە بە خەیاڵی کوردایەتی و نیشتمان پەروەرێتیەوە کەوتۆتە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

شوین چاکسازیکردنی دەسەلاّت و حوکمەتێک کە خۆی سەرچاوە و هۆکاری نابەرابەری و بێدادیە، حکومەتێک کە ژیانی فیرعەونانەی بۆ دەستەیەکی فەرمانڕەوا پێکهێناوە و بانکەکانی جیهانیان پڕکردوە لە ملیارەها دۆلار، کەچی ژیانی هاولاّتیانی ژێردەستیان بەچارەکە مووچەیەک لەقاڵبداوە. ئایا حکومەتێکی ئاوا دەتوانرێ تەعدیل بکرێ و بەرپرسیارێتی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی تەندروستی پێ بسپێردرێت و وەزارەتەکانی بکرێنە قازی لە جێبەجێ کردنی دادی کۆمەلاّیەتیدا؟ ئایا ئەمە چاوبەستکردن و لەخشتەبردنی جەماوەر و ڕاگرتنیان نییە لەژێر سایەی هەمان سیستەمی حوکمڕانی و ئابووریدا، بەناوی دادی کۆمەلاّیەتییەوە؟⚘

سەرەنجام لەکۆی دەربڕینەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو سەرنجانەی کە لەم پەیوەندەدا خستمانەڕوو ئەو ڕاستیانە دەردەکەوێ کە هەم واتای "دادی کۆمەلاّیەتی" و هەم

---

⚘/ هەروەک لەپێشەوە بەڵێنماندا، قسەیەک لەسەر، دەستەواژەی"سامانی مرۆیی" (Human Resources) بکەین، کە چەندین جار پرۆگرام ئاماژەی بۆکردووە و لە پەیوەند بەواتای دادی کۆمەلاّیەتیەوە برگە و پەرەگرافەکانی ئەم تەوەرەی پێرازێندراوەتەوە. ئەمە جگەلەوەی کە پرۆگرام پێمان ناڵێت مەبەست لە "سامانی مرۆیی" چییە و کام بەشی کۆمەڵگا دەگرێتەوە؟ بەلاّم سەرچاوەی ئەم دەستەواژەیە بۆ مەکتەبی فکری "ئابووری بوژانەوەو پەرەسەندن" دەگەڕێتەوە کە زیاتر وەک چەمکێک لەلایەن ناوەندەکانی ئابووری ناسیەوە لەبەرامبەر "ولاّتانی سێهەم"دا بەکاربراوە. بەتایبەتیش ئەو دەزگایانەی کە لە بوار و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و پەرەدان بە ئابووری ولاّتانی دواکەوتوودا، دەستبەکارن (بۆنمونە پرۆژەو دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتوەکان لەمبارەوە). بەپێی ئەم مەکتەبە فکریە "سامانی مرۆیی" بەواتای گەڕانەوەیە بۆ "توانا و ئامادەییە ئەقڵی و جەستەییەکانی دانیشتوانی ئامادە بەکار" و وەگەڕخستنی پسپۆڕی هونەری و تەکنیکیان بۆ پێشخستنی مەودای بەرهەمهێنانی کۆمەلاّیەتی لەژێر سایەی سیاسەت و نەخشەکانی دەوڵەتدا. بەپلەی سەرەکی دەستەواژەی "سامانی مرۆیی" لەلایەک ڕەنگدانەوەی ئەو واقعیەتەیە کە لە"ولاّتانی سێهەم" و ئەو ولاّتانەی کە گیرۆدەن بە دواکەوتوویی ئابووری، دەبینرێ، ئەویش بەوەی کە ئەم ولاّتانە خاوەنی سامانێکی زۆری سروشتین، لەوانە سەرچاوەکانی وزە، ئاو وکانزا، سروشتی لەبار، پێگەی جوگرافی. بەلاّم سەرچاوەکانی هێزی کار "واتە سامانی مرۆیی" لە ڕووی ئەقڵی و زانستی و تەکنۆلۆژییەوە، دواکەوتوو و نەخوێندەوار و هەڵگری هیچ پسپۆڕییەک نییە. لەلایەکی تریشەوە مەبدەئێک کە ئەم چەمکەی لەسەر ڕاوەستاوە، ئەوەیە کە دەڵێت: "ئەوە تەنها سامانی سروشتی نییە کە ئابووری ولاّت پێشدەخات، بەڵکو سامانی مرۆیی وەک ئەقڵ و جەستە و خیبرە، فاکتۆرێکی بریاردەرە"، لەم پێوەندەشدا شۆڕشی ⇦

ئاڵتەرناتیڤێک کە ئەم دادەی تیا بەدی دێت وە خودی ڕێباز و میکانیزمێک کە بۆی دەستنیشان کراوە واتا و ڕێباز و میکانیزمێکی بۆرژواییە و لە بنەڕەتەوە مانەوەی سیستەمی ئابووری و سیاسی و قانوونی ئێستای بە بنەما وەرگرتووە هاوکات پشتی بە دەسەڵات و وەزارەتخانەی حزبە میلیشیایی و گەندەڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەستووە. لەم چوارچێوەیەشدا، بەڕاشکاوانە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەو مەبەست و ئامانجەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەژێر ناوی "دادی کۆمەڵایەتی و پەرەدان بە سامانی مرۆیی"ەوە شوێنی کەتووە، بریتیە لە تەعدیل کردن و جوانکردنی سیستەمی حکومڕانی بۆرژوازی کورد و حزبە قەومی و ئیسلامیەکانی، هاوکات بریتیە لە پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ژیانی فیرعەونانەی چینی دەسەڵاتدار و زۆرینەی بێبەشانی کۆمەڵگا و ڕزگارکردنی دەسەڵات و حکومەتی ئێستا لە ناتەواویەکان و ئەودیاردە دزێوانەی کە لە بەرچاوی خەڵکن و هەموو ئەمانەش لەژێرناوی چاکسازی و ڕیفۆرمدا، کە ڕێچکەی بەرەو دادی کۆمەڵایەتی گرتووە، ناوزەدبکات.. بەڵام بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ڕاستیانە، وەرن با پێکەوە چاوێک بەو بەندانەدا بگێڕین کە لەم تەوەرەدا پرۆگرام خاڵبەندی کردووون.

⟹

پیشەسازی و تەکنۆلۆژی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، بە لایەنی پێشکەوتوویی "سامانی مرۆییەوە وەک ئەقڵ و جەستە و خیبرە" گرێدەدرێتەوە، لەکاتێکدا ئەم بابەتە پەیوەندی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و کەڵەکە و خۆزیادکردنی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە و هێزی کارەوە هەیە، نەک لایەنی ئەقڵی. تەنانەت خودی دیاردەی دواکەوتوویی وڵاتانی سێهەم یەکێک لە ئەڵقە تەواوکارەکانی پێشکەوتنی سەرمایەداری ڕۆژئاوایە وەک حەوزە و بازاڕێک بۆ دەوران و وەگەڕخستنی سەرمایەی جیهانی و کارتیلەکانی (بۆ ئەم باسە بگەڕێرەوە بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن- وتاری مارکس دیدگای سۆسیالیستی ژمارە5) بەڵام واتای دەستەواژەی "گەشەدان بە سامانی مرۆیی" هەرچیەک بێت، هێنانەوە و پشت پێبەستنی بزووتنەوەی گۆڕان بەم دەستەواژەیە لە پەیوەند بەدادی کۆمەڵایەتییەوە، هەرئەو مەبەستەی لەپشتە کە لەژێر ئەم ئالایەدا هێزی کاری ئامادەبووی کوردستان ڕاکێشێتە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کوردستانەوە تا هەرێمێکی بەهێز دامەزرێنێ، کە دیارە بە قیمەتی پروکاندن و کارپێکردن و چەوسانەوەی هەرچی زیاتری کرێکاران و زەحمەتکێشان و وەگەڕخستنی توانا ئەقڵی و جەستەییەکانیان بەدی دێت و ئەمەش لەژێر ناوی دادی کۆمەڵایەتی و"پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا ببرێتە پێشەوە.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

### 1/ دادی کۆمەڵایەتی و هەژاری و بێکاری؛

**لەم بارەوە پرۆگرام دەنوسێت:**

" کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری لەسەر ئاستی خێزان و تاکەکەس، لەپێناو بەرزکردنەوەی دەرامەتی تاک و خێزان، بوژاندنەوەی باری دارایی و بژێویی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، هاوکاریکردنی ئەو هاوڵاتیانەی دووچاری قەیرانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەبنەوە" .-هێڵەکان هی ئێمەن-

ئەگەر بۆچونەکانی نێو ئەم چەند ڕستەیە بە بنەما وەربگرین ئەوا بزووتنەوەی گۆڕان یەکەم: کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاریی (نەک بنبڕکردن ونەهێشتن)، کردۆتە ئامانجێک بۆ گەیشتن بە دادی کۆمەڵایەتی.. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە واتا و ئاستی بەکاربردنی "چەمکی دادی کۆمەڵایەتی" ڕێژەییە و موتڵەق نییە و بە ئاستێک لە ئاستەکان بێدادی و نابەرابەری لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار، بێکار و لەسەرکاردا دەهێڵێتەوە، چونکە سەرەڕای کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری هێشتا کەسانێک هەرهەن لەچاو کەسانیکی تردا کاریان هەیە و دەرامەتیان بەرزترە. دووەمیش: بزووتنەوەی گۆڕان مەسەلەی بەرزکردنەوەی ئاستی دەرامەت و بووژانەوەی دارایی بەتەنها بۆ ئەو بەشە لە هاوڵاتیان بە ئامانج دەگرێ ودەیخاتە دەستوری خۆیەوە کە لە "خوار هێڵی هەژاریەوەن" وەیا دوچاری قەیرانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەبنەوە"! ئەمەش دیسانەوە بە مانای ڕێژەیی کردنی دادی کۆمەڵایەتیە، چونکە "بەرزکردنەوەی ئاستی دەرامەت و بژێوی تاک و خێزان" وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان کردویەتی بە پێوانەیەک بۆ ڕووبەڕووبونەوە بەرامبەر هەژاری و بێکاری، لە دەرەوەی ستانداردێکی کۆمەڵایەتی و ئاستێک لەبژێوی شایستە، کە هەموو کۆمەڵگا بگرێتەوە، باس لێوەدەکات. ئەمەش دووبارە مامەڵەیەکی کرچوکاڵ و ناتەواو وسەرەنجام نایەکسان لە پەیوەند بەچەمکی دادی کۆمەڵایەتی دەسەلمێنێ. ئەم خاڵە کاتێک ڕۆشنتر خۆی دەردەخات کە بزوتەنوەی گۆڕان باس لە بیمە کۆمەڵایەتیەکان دەکا، کە دواتر لەبەرەیەوە قسەدەکەین. بەڵام ڕیشەی ئەم جۆرە لە مانا کردنەوەیەی بزووتنەوەی گۆڕان بەچەمکی دادی کۆمەڵایەتیەوە لە کوێدایە؟

لە کۆمەڵگای ئەمرۆدا، هەژاری وبێکاری سەرچاوە لە نیزامی سەرمایەداری دەگرن و وەک دووخاسیەتی زاتی و دانەبڕاوی ئەم نیزامە، تا مانەوەی درێژەیان دەبێ. بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی خۆی بە لایەنگری ئابوری بازاڕ و کەرتی گشتی و تایبەت و سەرمایەی ئەهلی و حکومی دەزانێ ومەسەلەی هەڵوەشانەوەی ئەم سیستەمەی لەدەستوردا نییە، بەپێویست ناتوانێ و نایەوێت بن بڕکردنی هەژاری و بێکاری بخاتە بەرنامەی خۆیەوە، بۆیە ناچارە باس لە کەمکردنەوەیان بکا و ئەم "کەم کردنەوەیەش" تەنها ئاڕاستەی بەشێکی کۆمەڵگابکا.

بەجیا لەم ڕاستەیش، پرسیارێکی سەرەکی کە یەخەی بزووتنەوەی گۆڕان دەگرێ ئەوەیە کە لەژێرسایەی ئابوری سەرمایەداری کوردستاندا، تا چەند و بە چ ئاستێک توانای کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری هەیە؟

لەڕاستیدا هەژاری وبێکاری دیاردەیەکی لەمێژینەی کۆمەڵگا چینایەتیەکانە وە لە هەر قۆناغیکدا لە دەوری کارکردە ئابوریەکان و خاسیەتەکانی فۆرمی بەرهەمهێنان دەردەکەون. لە نیزامی کۆیلەیەتیدا، هەژاری و نەداری لە دەوری خاوەنداریەتی کۆیلە، و کاری کۆلایەتی و بەکۆیەلە بوون و بازرگانی پێوەکردنی وەک کاڵا بە وێنەی سیستمێک، کە کۆمەڵگا بەسەر کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا دابەش دەکات، هەژاری وبێکاری هەم مانا پەیدادەکا و هەم چەقدەگرێ و دواتر لە بوعدێکی فراواندا دەردەکەوێتەوە. لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیشدا، هەژاری و بێکاری لە چوارچێوەی سیستەمی خاوەنداریتی زەوی و کاری بێگاری جوتیاری، کە کۆمەڵگا لە شێوەیەکی گشتیدا، بەسەر دەرەبەگ و جوتیاردا دابەشدەکات، خۆیان دەردەخەن. کەسێک ئەگەر بیەوێت هەژاری و بێکاری لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، نەهێڵێ وەیا کەمی بکاتەوە دەبێ بکەوێتە شوێن هەڵوەشانەوەی ئەو بنەما ئابوریەوە کە ئەم کۆمەڵگایەی لەسەر ڕاوەستاوە، یانی هەڵوەشانەوەی کویلەیەتی بوون وخاوەنداریتی بۆ کۆیلەکان، یانی هەڵوەشانەوەی بێگاری و خاوەنداریتی بۆ زەوی. کەسێک کە بەشوین قەڵەوکردن وباش بژێوی کۆیەلەیەتیەوە بێت، ئەتوانێ هەژار کردنی کویلە کەم بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ کویلەبوونی ئینسان وەک هەژارترین کەسی کۆمەڵگا، هەڵوەشێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر کەسێک بیەوێت لە ڕێگای ڕێکەوتنی نێوان درەبەگ و جوتیاردا، بەسوغرە کردنی زەوی، لەیەک بەش بۆ چوار بەشەوە (1/4) بگۆڕێ بۆ دوبەش بەچوار (2/4) و شێ بەش

بەچوار بەش (3/4)، دیسانەوە توانیویەتی هەژاری جوتیاران بەڕێژەیەک کەم بکاتەوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە، نیزامی بیگاری پێکردنی جوتیار هەڵوەشێنێتەوە و لە بازنەی "ئینسانی هەژار" دەریکێشێ. بەڵام هەژاری وبێکاری لە نیزامی سەرمایەداریدا، تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە زنجیرە یاسا و کارکردێکی کوێرانەی ئابوریەوە ئاڵاوە و لەولاشەوە، لەژێر کاریگەری باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و پروپاگەندەی چینی دەسەڵاتداردا، وەک دوو دیاردەی ئەبەدی وسروشتی، وەک ئەوەی بەشێکە خواوەند بەئینسانەکانی بەخشیوە، لە زەینی کۆمەڵگادا جێگایان بۆکراوەتەوە. هەژاری وبێکاری لەم نیزامەدا، ڕیشەیان لە کاری بەکرێ ومولّکداریێتی تایبەتی چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتداراندایە بۆ ئامراز وهۆیەکانی بەرهەمهێنان، نیزامێک کە سەرمایەدار دەوڵەمەندە، بەڵام کارنەکەرە، لەبەرامبەریشدا، کرێکار هەژارە، بەڵام ئینسانی کارگەرە.

لەم نیزامەدا قەوارەی سەرمایە و قازانجەکەی داهاتی تاکی سەرمایەدار و دەوڵەمەندیەکەی دیاری دەکات، بەڵام بۆ کرێکار، کرێ وئاستەکەی داهاتی تاکی کرێکار و ڕێژەی هەژاربونەکەی دیاری دەکات. بەم پێیەش قازانجی سەرمایە و کرێ وڕێژە بەرزونزمەکانی هەریەکەیان لە بەرامبەر ئەویتردا، هاوکێشەیەکە بۆدیاری کردنی ئاستی دوڵەمەندی وهەژاری سەرمایەدار و کرێکار. بەواتایەکیتر تا ئاستی کرێ نزم بێت و بەرەو خوارەوە ببرێت قازانجی سەرمایە ڕوی لەزیاد بوون وبەرزبوونەوەیە، بەم جۆرەش کرێکار هەژارتر و سەرمایەداران دەڵەمەند تر دەبن، لەم پەیوەندەشدا بێکاری میکانیزمێکە بۆ کەمکردنەوەی کرێ و لە خوارەوە ڕاگرتنی داهاتی چینی کرێکار بەگشتی. لەئاستێکی گشتی تردا کارکردی ئەم هاوکێشەیە بەوە دەگات کە بڵێین دەوڵەمەندی لە هەرکۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا، بەستراوە بەهەژاریەوە، وە تاهەژاری زۆرتر بێت ئاستی دەوڵەمەندی دەوڵەمەندان بەرزترە. کەسێک بیەوێت هەژاری و بێکاری لە نیزامی سەرمایەداریدا، نەهێڵێ دەبێ نیزامی کاری بەکرێ و موڵکداریێتی تایبەتی هەڵوەشێنێتەوە تا دادی کۆمەڵایەتی بەسەرهەمواندا بچەسپێنێ. لەمەش کەمتر کەسێک بەشوین کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاریەوەیە، <u>دەبێ دەرامەتی ئینسانی کرێکار و ئامادەبەکاری کۆمەڵگا و هەموو ئەوانەی هاوشێوەی ئەم چینە ژیان دەکەن بەرەو سەرەوە بەرێ، ئەمەش لە ڕێگای دامەزراندنی کۆمەڵگای بیمەکراو ودابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و بەرەسمی ناسینی لانی کەمی ژیانێکی هاوچەرخانە، بۆ</u>

هەمووتاکی کۆمەڵگا وبەرپرسیارکردنی دەوڵەت لەبەرامبەریدا. ئێمە دەزانین کە بزووتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی بۆرژوایی، بەشوێن هەڵوەشانەوەی سەرمایەداریەوە نییە لە کوردستاندا، بەڵام با بزانین بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری چ ڕێگایەکمان وەک "دادی کۆمەڵایەتی پێدەفرۆشێ؟ لەم بارەوە پرۆگرام 3 خاڵی وەک ڕێگایەک بۆکەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری ڕاگەیاندووە:

" _ دانانی سندوقێکی نیشتمانی کە بڕێک لە بودجەی هەرێمی بۆ تەرخان بکرێ لەپاڵ هاوکاری هاوڵاتیان و باجی سەر کۆمپانیا و هاوڵاتییە خاوەن دەرامەتە بەرزەکان بەپێی یاسایەک کە لەپەرلەمانەوە دەربچێ، بە پێڕەوکردنی پێوەرە ئابوریە زانستیەکان بە مەبەستی پێناسەکردنی تاکی هەژار و خێزانی هەژار و شێوازی هاوکاریکردنیان.

_ چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری لەڕێگەی دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ ئەو هاوڵاتیانەی توانای کاریان هەیە لە هەردو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

_ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و موچەی خانەنشینی بۆ هەموو ئەو هاوڵاتیانەی لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کاردەکەن کاتێ ڕوبەڕوی قەیرانی تەندروستی دەبنەوە یان دەگەنە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، لەپێناو ڕێگرتن لە هەڵاوسانی کەرتی گشتی حکومەت و هاندانی کەرتی تایبەت."-هێڵەکان هی ئیمەن-

لەپەیوەند بەم خاڵانەوە:

خاڵی یەکەم/ دانانی بڕێک لە بودجەو هاوکات وەرگرتنی باج و کۆکردنەوەی لە سندوقێکدا، جگە لەوەی مەسەلەی هەژاری و بێکاری سپاردووە بە پرۆسەیەکی پێچاوپێچ و سەخت کە هێشتا نە ڕێژەی بودجەکەی دیارە و نەبۆ سەرفکردنەکەشی پێناسەیەکی هەیە بۆ" تاکی هەژار"، بە ئاشکرا ڕۆڵی حوکەمەت وەک بەرپرسیاری یەکەم و ئاخر لەبەرامبەر ژیانی هەژاران وبێکاراندا دەشارێتەوە و نایەوێت وەک بەرپرسیاری دابین کردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ولانی کەمی ژیانیکی شایستە بناسرێت. ئەم خاڵە نەک هەر ناتوانێ هەژاری بەڕادەیەکی هەست پێکراو کەمکاتەوە بگرە هەموو ئەو ئەو بەڵینانەش مایەپوچ دەکاتەوە کاتێک دەڵێت " بزووتنەوەی گۆڕان بە ئەرکی دەسەڵاتەکانی هەرێمی دەزانێ کە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانی هەرێم".

خاڵی دووەم/ بەڵێنێکی درۆیە، کە بکرێ "چارەسەری دیاردەی بیکاری" لە ڕێگای دابین کردنی کارەوە ئەنجامبدرێ، چونکە هیچ دەوڵەتێک، تەنانەت ئەگەر دامەزراندنی "کۆمەڵگای فوڵ جۆب-/ پڕکار"ی لە بەرنامەدا بێت، ناتوانێ هەموو ڕێژەی ئامادەبەکارانی وڵاتەکەی بخاتەکارەوە و لەم ڕێگایەوە بێکاری چارەسەرکات، بەتایبەتی لە پەیوەند بە کوردستانەوە کە مەودا و سروشتی ئابوریەکەی هێشتا بەرتەسکە و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی نەیگرتۆتەوە. بیگومان کار دۆزی دەتوانێ ڕێژەی بێکاری کەم کاتەوە، بەڵام ناتوانێ بنەبڕی کات، چونکە ئەم دیاردەیە وەک وتمان لە وجودی سەرمایەداریدایە و یەکێک لە میکانیزمەکانی ڕاگرتنی ڕێژەی قازانج و ڕێکخستنی ئاستی ڕوو لە خواری کرێ و بژێوی چینی کرێکارە. بەڵام ئەو خاڵەی جێگای تێرامانە ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان بە هیچ جۆرێک بەلای بیمەی بێکاریدا ناڕوا و ئاگاهانە بازی بەسەردا داوە. لێرەدا دەبێ بپرسین باشە ئەگەر بەشێک لە خەڵکی بێکاری کوردستان کاریان بۆ پەیدا نەبوو وەیان بە هەر هۆیەکەوە بێت بەپێی بەرنامە چاکسازیە ئابوریەکانی بزووتنەوەی گۆڕان نە لە کەرتی گشتی و نە لە تایبەتدا، کاریان دەستگیر نەبوو، ئەوکاتە چی وچۆن کێشەی ژیانیان بۆ چارەسەر دەکرێ؟ تاکەی چاوەڕوان بن و ژیانی هەژاری و برسێتی ڕاکێشن؟ ئا ئەمەیە بەرقەرارکردنی دادی کۆمەڵایەتی؟

خاڵی سێهەم/ بەوجۆرەی پڕۆگرام باس لە دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی وموچەی خانەنشینی تەنها بۆ ئەو هاوڵاتیانە دەکات کە "کار لەکەرتی گشتی و تایبەتیدا دەکەن" وەیان " ڕوبەڕوی <u>قەیرانی تەندروستی</u> بونەتەوە" وە یاخود" گەیشتونەتە <u>تەمەنی یاسایی خانەنشینی</u>،"... بەشێوەیەکی ئاگاهانە هەم "بیمە کۆمەڵایەتیەکان" پارچەپارچە و کەموکوڕدەکاتەوە و بەشێکی گرنگیان لە دەستور دەردەکێشێ وەهەم هەقی سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان بۆ بەهرەمەند بوون لە بیمە کۆمەڵایەتیەکان دەسڕێتەوە وسەرەنجام مافی بەهەرمەندبوونی هەر هاوڵاتیەک، لەلانی کەمی ژیان و ستاندارێک لە بژێوی و خزمەتگوزاری، بەڕەسمی ناناسێنێ. .. ئەمەش ئەو ئاستەیە "لە کەمکردنەوەی هەژاری و نەداری" کە بزووتنەوەی گۆڕان بە دادی کۆمەڵایەتی ناساندویەتی!

## 2/ دادی کۆمەڵایەتی منداڵان و نەوجەوانان:

لەم پەیوەندەدا، پڕۆگرام پێمان دەڵێت:

"ئەرکی حکومەتە منداڵ و نەوەی نوێ پێبگەیەنێ بەمەبەستی خوێندنی تەوزیمی، پێگەیاندنی جەستەیی و دەرونی، ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە بواری گشتی و بنیاتنانی وڵاتدا"..

بێگومان ئەوە کارێکی زۆرباشە کەپێگەیاندنی منداڵ وەک ئەرکی حکومەت دابنرێ و بەرپرسیارێتی دابین کردنی ژیان و پێگەیاندنی منداڵ ونەوجەوانان، بخریتە شەرسانی دەسەلات و حکومەت. دیارە ئەم ئەرک و بەرپرسیاریەتیەی دەسەلات و حکومەت، یەکەمین هەنگاوە بە ئاڕاستەی کردنی پەروەردە و پێگەیاندنی منالً وەک کار و وەزیفەیەکی کۆمەلایەتی، بەلام ئەم وەزیفە و ئەرکە لە پێشەوە پشتی بە خاسیەتی ئینسانی و ڕێزلینان لە منالان ونەوجەوانان بەستبێت و بە هیچ مەرج و ئامانجێکی سیاسی و ئابوری و ئایدیۆلۆژیەوە نەبەسترابێتەوە. لەڕاستیدا هەقی ژیان و دابین کردنی پێداویستیەکانی پەروەردە و هەڵدانی منالان و نەوجەوانان یەکێک لە پێوانەکانی ئینسانی بوونی هەر کۆمەڵگا و دەسەلات و سیستەمێکی حوکمڕانیە لە دونیای ئەمڕۆدا. بەلام پڕۆگرام بەو جۆرەی کە ئەم ئەرک و بەرپرسیاریەتیەی بە" ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە بواری گشتی و بنیاتنانی وڵاتدا" بەستوتەوە، هەرئەو بۆچون و مامەڵەیەی کردۆتە پرەنسیپ، کە دەسەلاتدارانی قەومی و دینی و دەسەلاتە شەرقیەکان لە بەرامبەر منالان و نەوجەواناندا گرتویانەتەبەر و لەژێر ناوی" منالان نەوەی دواڕۆژن، یان وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان دەیڵێت بۆ"بنایتنانی ولات" وەک "هێزی زەخیرە" بۆ بازاری کار و سوپا و دام ودەزگا سەرکوتگەریەکانیان ئامادەدەکەن.

لەلایەکی تریشەوە، کارکردەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، کە لەسەر بنەمای ئاوەژووکردنەوەی هەقیقەتەکانی ژیانی ئینسانەکان دەڕوا بەڕێوە، ئەو خەونی دایکو باوکانیش بەرامبەر بەڕۆڵەکانیان بەتاڵ دەکاتەوە، کە پێیان وایە "منالً بۆیە بەخێودەکەن تا سبەی کە پیربوون لەبەریان بحەسێنەوە"، لە کاتێکدا دەگمەنە دایک و باوکێک ئەم خەونەیان بۆ هاتبێتەدی، بەڵکو ئاکامی ماندوبوون وسەرفکردنی تەمەنیان، منالەکانیان بە هەر پلە و

پۆست و پایەیەک بگەن و هەرپیشەیەک بەڕێوەبەرن، ئەوا دەکەونە خزمەتی سیستەم ودەسەلاتیکەوە کە سەرمایەداران و دەستڕۆیشتوانی کۆمەڵگا لەسەرویەوە ڕاوەستان. منالاّن و نەو جەوانان، ئەگەر ببنە کرێکار و پیشەوەر، وەیا پۆلیس و ئاسایش و چەکدار، ئەگەر ببنە وەزیز و فەرمانبەر و دادوەر.. خۆبەخۆ وەک لەخەونەکانی دایک وباوکیان دادەبڕێن و دەکەونە خزمەتی چینی دەسەلاتدارەوە و گۆشەیەک لە گۆشەکانی سیستەمی مەوجود پڕدەکەنەوە. بەم حاڵەوەیە کە پروپاگەندەی بەردەوامی دەسەلاتداران لەمەڕ منالانەوە، ڕووی لەوەیە کە دایکوباوک وەک خاوەنانی دوارۆژی منالەکانیان بناسێنن وبیکەنە باوەڕێکی نەگۆڕ، تا ئەرکی پەروەردە و پیگەیاندنی منالاّن بخەنەوە سەرشانی دایکان و باوکان.

بەلاّم بەجیا لەم ڕاستیانە با بزانین بزووتنەوەی گۆڕان چ مامەڵەیەکی "دادوەرانە" لەگەڵ منالاّن و نەوجەواناندا دەکا و لە چ ئاستێکدا دادی کۆمەلاّیەتیان پێڕەوا دەبینیٚ؟ لەمبارەوە پرۆگرام ئەم خالاّنەی نوسیوە:

"_ <u>ئەرکی سەرۆکی خێزانە کەشێکی دەرونی و جەستەیی گونجاو بۆ مندالاّنی خێزانەکەی دابین بکا</u>. <u>سەرۆکی خێزان "دایک بیٚ یان باوک"</u> لەڕوی یاساییەوە <u>بەرپرسیارە لە خراپ پەروەردەکردنی منداڵ</u>، لەئاست هەر ئازارێکی دەرونی و جەستەیی کە لە سنوری خێزاندا دوچاری ببێتەوە.

_ <u>حکومەت، وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەڕوی یاساییەوە، بەرپرسیارن لە خراپ پەروەردەکردنی منداڵ</u> و لەئاست هەر ئازارێکی دەرونی و جەستەیی کە لە دەرەوەی سنوری خێزان، لە قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردە و شوێنە گشتیەکاندا، روبدات.

_ بایەخدان بە وەرزش، پەروەردەی جەستەیی، گەشتی زانستی و حەوانەوەی دەرونی مندالاّن و نەوجەوانان و قوتابیان.

_ گرنگیدان بە رۆشنبیریی و چاپەمەنی مندالاّن و کردنەوەی کەناڵی تایبەت بە کارتۆن و پێگەیاندنی نەوەی نویٚ بە وێنەی رەنگین و زمانی کوردی پاراو.

_- قەدەغەکردنی کارپێکردن و بەسوخرەگرتن و سواڵکردن بە مندالاّن، گرتنەبەری سزا و رێوشوێنی پێویست لەو پێناوەدا.

ئەم خاڵانەی سەرەوە چەند ڕاستیەک دەردەخەن:

1/ پرۆگرام لەخاڵیکدا دایک و باوک بەرپرسیار دەکات بەرامبەر بە دابین کردنی "کەشێکی دەرونی و جەستەیی بۆمناڵ"، وەهەروەها بەرپرسیاریان دەکات لە بەرامبەر "خراپ پەروەردەکردنی مناڵ"دا، کەچی لە خاڵێکی دواتردا " حکومەت، وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان" لەڕوی یاساییەوە بەرپرسیاردەکات! ئەمە هەم ئەو قسەیە بەدرۆدەخاتەوە کەپیشتر ڕای گەیاندووە کە "ئەرکی حکومەتە مناڵ و نەوەی نوێ پێبگەیەنێ". وە هەمیش، بەمانای ئەوە دێت کە زەحمەت و مەسروفاتی پەروەردە و پێگەیاندنی مناڵ لانی کەم بەشێکی بکەوێتە سەرشانی دایکو باوک وخێزانەکان. بەڵام خودی دابەشکردنی بەرپرسیارێتی پەروەردەی مناڵ لە نێوان خێزان وحکومەتدا، ئەو ڕاستەیە دەدات بەدەستەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان دابین کردنی دادی کۆمەڵایەتی بۆ مناڵان، لەدەرەوەی بازنەی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات دەردێنی و لە بەشێکیدا دەیخاتەوە سەرخێزان، ئاخر دایک و باوکێک چۆن دەتوانن مناڵەکانیان لە "کەشێکی گونجاوی دەرونی و جەستەیی" بەهرەمەند بکەن لەکاتێکدا خۆیان گیرۆدەی هەژاری و نەداری و بێکاری وکرێچێتی و دەیان دەرد و مەینەتی تربن؟! دایک و باوکێک چۆن دەتوانن کەشوهەوای دەرونی و جەستەیی گونجاو بۆ مناڵەکانیان دابین بکەن لەکاتێکدا جەستەو دەرونی خۆیان لە دەرەوەی کەشوهەوا و ژینەگەیەکی شایستەی ئینسانیدا بێت؟!

2/ بەکارهێنانی دەستەواژەی "بەسوخرەگرتن"ی مناڵان لە ڕیزبەندی ئەو خاڵانەدا کە بزووتنەوەی گۆڕان هێناویەتەکایەوە، بەمانای ئەوە دێت کەتەنها کارپێکردنی بێ بەرامبەری مناڵان قەدەغە و کارێک کە مناڵەکە کرێ وەربگرێ قەدەغە نییە! لەکاتێکدا " قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ مناڵان و تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵی" جگە لەوەی پێوانەیەکی ڕۆشنە بۆ قەدەغەی کارپێکردنی مناڵان، ئێستا بۆتە یەکێک لەو مادە یاساییانەی کە لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا بەڕەسمی ناسراوە. ئەم خاڵەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە بزووتنەوەی گۆڕان، سەرەڕای بانگەشە دیماگۆجیەکانی لەمەڕ" سودوەرگرتن لەئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتوو"، کەچی بە فرسەخ لە یاساکان و پرەنسیپەکانی ئەم وڵاتانەوە دورە.

3/ باقی خاڵەکانی تر هێندە کرچوکاڵ و ناتەواون لە باشترین حاڵەتی بەدیهاتنیاندا،

کەمترین گۆڕانکاری لە ژیانی منداڵان ونەوجەوانانندا بەدی ناهێنێ.* بەتایبەتی کە بە هیچ جۆرێک نەچوە بەلای ئەو بەشە لە مافەکانی منداڵان کە بەهۆیانەوە بەهرەمەندیان دەکات لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و داهێنەرانە، ئەمەش وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ستانداردێک کە دەوڵەت و دەسەڵات لەسەرو ئاستی خێزانەکانەوە لێی بەرپرسیار بێت.

## 3/ دادی کۆمەڵایەتی و کێشەی گەنجان:

لەژێر تایتڵی "کارکردن بۆ چارەسەرکنی کێشەی گەنجان" دا پرۆگرام ئەم خاڵانەی خستۆتەڕوو:

"_ بەدواداچونی کێشەی هەمو ئەو خوێندکارانەی کە لە ساڵانی رابردودا لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەرچون و لە کار و دەرفەتی دامەزراندن بێبەشکراون. کردنەوەی ئۆفیسێکی تایبەت بۆ سەرژمێرکردن و وەرگرتنی زانیاری پێویست لەبارەیانەوە تا لە دەرفەتی گونجاودا بە گوێرەی پسپۆڕیی و لێهاتوییان کاریان لە حکومەت، کەرتی تایبەت، پرۆژەکانی داهێنانی گەنجان، سەرمایەگوزرایی و کۆمپانیاکانی ئاوەدانیدا بۆ بدۆزرێتەوە.

_ بەدواداچونی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەرونی گەنجان، دواندن و کردنەوەی ۆرک شۆپ و راپرسی زانستی لە هەموو ناوچەکاندا سەبارەت بە هۆکاری لاوازبونی بەشدارییان لە کاروباری سیاسی و کارگێڕیی و بواری گشتیدا، کێشەی رەبەنی، قەیرانی بێباکی و بێئومێدیی.

_ قەدەغەکردنی ئەو کۆششە سیاسی و حیزبیانەی دەخرێنەگەڕ بۆ خراپ پەروەردەکردنی گەنجان بە کڕینی ویژدانیان، داماڵینی سەربەخۆیی و ئیرادەی ئازادیان، دەستوەردان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی گەنجان و خوێندکاران و سەپاندنی ویستی کەسە دەسترۆیشتوەکانی حیزب بەسەر گەنجاندا.

_- تەرخانکردنی برێکی زۆرتری بودجەی هەرێم بۆ گەشەدان بە کەرتی وەرزش و پەروەردەی جەستەیی، بۆ دروستکردنی شار و گوندی وەرزشی لە هەمو ناوچە جیاوازەکاندا.

_ رێگرتن لە دەستێوەردانی سیاسی و حیزبی لە کاروباری وەرزش و لیژنەی ئۆلۆمپی

و هەڵبژاردنی یەکێتیە وەرزشیەکان و دەستەی یانەکاندا.

_ سازدانی هەڵمەتێکی نیشتمانیی، کۆمەڵایەتیی و ئاینی، سەبارەت بە کێشەی ڕەبەنی، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی، گەڕان بەدوای چارەسەری گونجاودا.

_ چالاککردنی سیستمی پێشینەی دارایی هاوسەرگیریی، پرۆژەکانی بنیاتنانی باڵەخانە و کامپی نیشتەجێبون بۆ ئەو گەنجانەی بڕیاری هاوسەرگیریی دەدەن.

_ بایەخدان بە توانا و بەهرەی هونەریی و ئەدەبی و رۆشنبیریی گەنجان، دامەزراندنی دامودەزگای پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

_ کارکردن بە سیستمێکی بانکیی بۆ بەخشینی قەرزی درێژخایەن بەو گەنجانەی کە پرۆژەی هەرەوەزیی هاوبەش پێشکەش دەکەن لە بواری بەرهەمهێنان و داهێناندا."

ئەو کێشانەی لەم خاڵانەدا، وەک "کێشەی گەنج" ئاماژەیان پێکراوە، بریتین لە "کێشەی دامەزراندنی ئەو خوێندکارانەی کە زانکۆ و پەیمانگاکانیان تەواکردووە"، "کێشەی دەرونی گەنجان"، "کێشەی دەست تێوەردانی حزبی لە هەڵبژاردنەکانی گەنجان و خوێندکاراندا"، کێشەی کاروباری وەرزشی و لیژنەی ئۆلۆمپی"، کێشەی ڕەبەنی".. وە بڕیاریشە بزووتنەوەی گۆڕان لەرێگای چارەسەری ئەم کێشانەوە دادی کۆمەڵایەتی بۆ "ئەم کەرتە کۆمەڵایەتیە" دەستەبەربکات! بەڵام هەموو ئەو کێشانەی کە پرۆگرام بە کێشەی گەنج ناوی بردوون، نەک هەر ناتوانێ کێشەی جەوهەری وسەرەکی گەنجان بخاتەڕوو، بەڵکو لەژێر ناوی دادی کۆمەڵایەتیدا، پەردەپۆشی دەکات و دەیەوێت ڕووی دەسەڵات وسیستمێک سپی بکاتەوە، کە بە "دەستەکەوتی گەلی کوردستان" دەیناسێنێ.

لەڕاستیدا کێشەی جەوهەری گەنجی کوردستان شتێکی تر نییە جگە لە لە کێشەی دەسەڵات و سیستەمێکی قەومی و تێکەل بە ئیسلام کە هێزی چەکداری حزبی پاسەوان و ڕاگریەتی، دەسەڵات و سیستمێکی دواکەوتوو کە ئومێد و ئارەزوی ئینسانی گەنج و دەست ڕاگەیشتنی بە فرسەتی کار و ئازادی وشکۆفایی زانستی و بەدەنی خنکاندووە، دەسەڵاتێک کە بۆ مەرامی قازانج پەرستی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا و پەرپرسانی حزبی و حکومی، دەستیان لەگەڵ مەلا و شێخ و شەریعەت و سونەتە خێڵەکیەکانی کوردایەتی تێکەڵ کردووە خۆیان بە بەرپرس لەئاست دابینکردنی کەمترین خزمەتگوزاری و بژێوی هاوڵاتیانی ژێردەستیان نازانن و بە تەوای لەدژی ئازادیەکانی گەنج و سکولاریزم و

مۆدیرنیزە بوونەوەی ژیانی کۆمەڵگان، ئیتر دەبێ چ کێشەیەک بە غەیری کێشەی دەسەڵات و سیستەمێک کە لە ئارادایە کێشەی گەنج بێت؟ تەنانەت "کێشەی ڕەبەنی" بەو جۆرەی پڕۆگرام ئاماژەی بۆ دەکات، کێشەیەکی زیاتر لەوە نییە کە دەسەڵاتداران ئامادە نین ئازادی زەواج و زەواجی مەدەنی بەدوور لەدەستێوەردانی مەلا و شێخ و خێزان و لە دەرەوەی ئیمتیازاتی ماددی وپرۆسەی "کڕین و فرۆشتنەوە" لەیاسادا جێگیر بکا و بەڕەسمی بیناسێنێ. لەمەش زیاتر کاتێک بزووتنەوەی گۆڕان ناچێت بەلای مەسەلەی دابینکردنی **خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتیەکان**، بۆ هاولاتیانی کوردستان و بەئاشکراش دژی دەستور و یاسا مۆدێرن و سکولاریستەکان دەوەستێتەوە، بە پێویست دەست بە چڵە پوشێکەوە دەگرێ (لەجۆری "هەڵبژاردنی خوێندکاران"، "لیژنەی ئۆڵۆمپی"، "کێشەی دەروونی") تا هەرچۆنێک بێت، لە یاری هەڵبژاردنەکاندا، سەرنجی گەنجان بۆلای خۆی ڕابکێشێ. ئەمەیە ئەو دادە کۆمەڵایەتیەی کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گەنجان شوێنی کەوتووە.

## 4/ دادی کۆمەڵایەتی و ژنان:

بێگومان هەڵوێستی ڕاشکاوانەی هەر حزبێکی سیاسی بەرامبەر بە ستەم و چەوسانەوەی ژنان و سەلماندنی یەکسانی بێمەرج و هەمەلایەنەی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا و هەروەها داکۆکی کردن لە حورمەت و کەسایەتی ئینسانی ژن و بەڕەسمی ناسینی تەواوی ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان، پێوانەیەکی بنەڕەتی و مەبدەئێکی سەرەکییە، بۆ ناسینەوەی ئەو حزبە کە ئایا، لە واقعدا، لە کوێی "دادی کۆمەڵایەتی" و کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکساندا ڕاوەستاوە و بە چ پلە و ئاستێک بۆی تێدەکۆشێ. هەروەک بەوجۆرەش کە لێرەدا قسە لەسەر پڕۆگرامی سیاسی حزبێک دەکەین و بەپێویست باسی کۆمەڵگا و بەرقەرارکردنی "دادی کۆمەڵایەتی" لە بەرامبەر نیوەی کۆمەڵگادا، کە ژنانن، دێتە ئاراوە، شوێنی خۆیەتی ئاماژە بەو بنەمایانە بکەین کە واتای یەکسانی و هەڵگرتنی جیاکاری لەنێوان ژن و پیاودا زامن دەکا و وێنای کۆمەڵگایەکمان پێدەناسێنێ کە لانی کەم دادی کۆمەڵایەتی، لە بەرامبەر ژن و پیاودا و لە بوارەکانی یاسا، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بە یەکسانی بۆ هەردووکیان پەیڕەوی لێکردووە. وە هەرئەمەش بکەینە پێوانە

و ئاوێنەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و حوکمدان بەسەر هەموو ئەو بەند و خاڵانەدا کە بزووتنەوەی گۆران لە پرۆگرامەکەیدا سەبارەت بە دادی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی جیاکاری نێوان "ڕەگەزی نێر و مێ" تۆماری کردووە و خۆی وەک داکۆکیکاری مافی ئافرەت هەڵخستووە.. کەوایە بابزانین ئەو بنەمایانە چین:

**بە دەربڕینێکی کورت و سادە:**

**یەکەم:** بنەمای یاسایی، واتە ڕاگەیاندنی یەکسانیی تەواو و بێمەرجی ژنان و پیاوان لە مافە مەدەنی و فەردیەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ ئەم پرەنسیپەدا ناکۆکن .ئەمەش لە ڕێگای بەرقەرارکردنی سیستەمێکی سکولار و دامەزراو لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان و جێگیرکردنی لەدەستورو یاساکانی وڵاتدا.

**دووەم:** بنەمای سیاسی، واتە دابینکردنی یەکسانیی ژن و پیاو بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا لە ئاستە جیاجیاکاندا. ئەمەش لە ڕێگای سەلماندنی مافی ژنان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا و مافی بەدەستهێنان و گرتنی هەر پۆست و پلە و پایەیەک.

**سێهەم:** بنەمای خێزانی، واتە دابینکردنی یەکسانی تەواوی ژن و پیاو لە خێزاندا. لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاوەوە، وەکو"سەرپەرشتیاری خێزان"، یەکسانی لە پەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منداڵ، لە کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵک و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، تەڵاق، قەدەغەکردنی فرەژنی و هەرجۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژیەک لە دژی ژنان و کچان لە خێزاندا.

**چوارەم:** بنەمای ئابووری، یەکسانی تەواوی ژن و پیاو لە مەیدانی ئابووری و کاری پیشەییدا. ئەویش لە ڕێگای باڵکێشانی یاساکانی کار و بیمە کۆمەڵایەتیەکان بە یەکسانی بەسەر ژنان و پیاواندا...

ئێستا با بزانین پرۆگرام بە بەراورد بەم بنەمایانە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی ژناندا دەکات. لەم پەیوەندەدا پرۆگرام لە بەندێکدا حەوت خاڵی ڕیزکردووە و ناوی لێناوە "پێڕەوکردنی دادی کۆمەڵایەتی و یاسایی لەنێوان هەردوو ڕەگەز و بایەخدان بە ڕۆڵی ئافرەتان"، لەخاڵی یەکەمدا دەنوسێت:

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

" - خستنەگەڕی گوشار و کۆششی پەرلەمانی و شارستانی بۆ قەڵاچۆکردنی هەمو ئەو بڕیار و دیاردە و نەریتانەی کە جیاکاری لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا دروستدەکەن، لەسەر ئاستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، یاسایی، مەدەنی، خێزانی، پەروەردەیی و ڕۆشنبیری."

ئەم خاڵە وەک دیارە باس لە "خستنەگەڕی گوشار و کۆشش" دەکات نەک قەدەغەکردنی ڕاشکاوانەی جیاکاری لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، لەو بوارانەدا کە ئاماژەی پێداون. هەروەها باس لە "قەڵاچۆکردنی بڕیار و دیاردە و نەریتەکان" دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە یاسایەک بکا کە شوێنیان بگرێتەوە! بەتایبەتی کە لە ڕێگای بەڕەسمی ناسینی یاسای یەکسانی بێمەرج و هەمەلایەنەی ژن و پیاوەوە (بنەمای یەکەم)، دەتوانرێ بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە کامە "بڕیار و دیاردە و نەریت" جیاکاری لەنێوان دوو ڕەگەزدا دروست دەکات و دەبێ قەڵاچۆبکرێ.

لە خاڵی دووەمدا هاتووە:

"- گوشار و کۆششی پەرلەمانی و شارستانی بۆ قەڵاچۆکردنی هەمو جۆرەکانی توندوتیژیی جەستەیی و ڕۆحی دژی ڕەگەزی مێینە لە خێزانەوە بۆ کۆمەڵگا و نێوەندەکانی خوێندن و کارگێڕی تا دامودەزگا باڵاکانی دەوڵەت. حکومەت ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دارایی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو ئافرەتانە دەگرێتە ئەستۆ کە دوچاری توندوتیژی و کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەبنەوە."

لەم خاڵەشدا دیسانەوە باس لە "گوشار و کۆششی پەرلەمانی.." دەکات بۆ قەڵاچۆکردنی جۆرەکانی توندوتیژی لەدژی "ڕەگەزی مێینە"،⚘ بەبێ ئەوەی ڕاشکاوانە قەدەغەی جۆرەکانی توندوتیژی ڕابگەیەنێ و لە ڕوانگەی یاساییەوە بە کردەوەیەکی دژ و نامرۆڤانە بیناسێنێ. هەر بۆیەشە قسەیەک لە سزادانی بکەر و ئەنجامدەرانی ئەم کردەوانە بە زاریدا

---

⚘/ بزووتنەوەی گۆڕان کەلەچەند جێگای پرۆگرامەکەیدا، ئاماژەی بە "جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ" لەبری "جیاوازی نێوان ژن و پیاو" کردووە، بەتایبەتیش لەپەیوەند بەباسی دادی کۆمەڵایەتییەوە، ناکرێ هەڵوێستەیەکی لەسەرنەکەین، چونکە لەپشت ئەم بەکارهێنانەوە، مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو ڕاوەستاوە. سەرەتا بەکاربردنی "نێر و مێ" لەبری ژن و پیاو بەمانای هێنانەخوارەوەی بەهاو پێگەی ⟸

نایەت و خۆی لێپاراستووە. بە پێچەوانەوەی "گوشار و کۆششی پەرلەمانی"یەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، کاتێک دەتوانرێت دژایەتی بە کردەوەی جۆرەکانی توندوتیژی لەدژی ژنان بگیرێتەبەر، دەبێ **یەکەم** بە ڕۆشنی و بە یاسا ئەم دیاردەیە قەدەغە ڕابگەیەنرێ و **دووەمیش** ئەنجامدەرانی بە تاوانبار بناسرێن و لەگەڵ سزای یاساییدا ڕووبەڕووبکرێنەوە. لە ڕاستیدا بەهای ئەم جۆرە هەڵوێست گرتنە ناڕۆشن و ناڕاشکاوانەی حزبی گۆڕان و هاونموونە قەومی و ئیسلامیەکانیەتی کە تا ئێستا نەیانویستووە، هیچ کەسێک لەتاوانبارانی کوشتنی ژنان بەسزا بگەیەنن، کە دڕندانەترین جۆری توندوتیژییان بەرامبەر بە ژنان ئەنجامداوە.

لە خاڵی سێهەمدا پرۆگرام دەچێتە سەر لایەنی هوشیارکردنەوە و دەنووسێت:

"ئەنجامدانی هەڵمەتێکی پەرلەمانی، شارستانی، ڕۆشنبیری، ئاینی و کۆمەڵایەتی بۆ هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە گوند و شار و شارۆچکەکان سەبارەت بە بایەخی ئازادیو مافە مەدەنی و سیاسیەکانی ئافرەتان، سەبارەت بە بایەخی بەشدارییان لە

ژنە لە بوونەوەرێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ ڕوانگەیەکی سێکسی و بایۆلۆژی. ئەمەش هەر ئەو ڕوانگە دواکەوتووانەیە کە بەشێک لە فیمینیستەکان لەژێر کاریگەریەکانی پۆستمۆدێرنیزم و هەڵوەشانەوەی بەهاو پێناسە کۆمەڵایەتییە ئینسانیەکان، دەری دەبڕن و زیاتر لە ماهییەتێکی بایۆلۆژی و جیاوازی "ئۆرگانە سێکسیەکانی ژن و پیاو"ەوە بۆچوونی خۆیان لەمەڕ کێشەی ژنان دەخەنەڕوو، وەک ئەوەی بەڵای سەری ژن "عەورەت" بێ و پیاوساڵاریش لە "چۆکی پیاو"ەوە سەری دەرهێنابێت، نەک ئەوەی کە جیاوازیەکانی نێوان ئینسانەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە، لەوانەش جیاوازی ڕەگەزی، ئاکامی زاڵبوونی سیستمە ئابووری و سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکانە و ڕاستەوخۆ درێژکراوەی جیاوازی و ستەمگەرییە چینایەتیەکانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا. بەڵام ئەگەر بۆ فیمینیستەکان جیاوازی نێر و مێ، وەک مەبەست و ئامانجێک بۆ "ڕەتکردنەوەی ئاشتەوایی نێوان ژن و پیاو" بەکاربەن سەرەنجام بەهۆیەوە ڕەقبوونەوە لەپێناو پیاوساڵاری، تائەو ئاستە ڕەواج پێبدەن کەئیتر باوەڕ و ئامانجی "یەکسانی ژن و پیاو" بکرێتە خەیاڵ و لەدەستوری جوڵانەوەی یەکسانیخوازی بکرێتە دەرەوە، ئەوا بۆ بزووتنەوەی گۆڕان سودوەرگرتن لەم چەمکە (نێر و مێ) ئەو بەها سیاسییەی هەیە، کە لەلایەکەوە، باوەڕدارانی ئیسلامی و هەموو ئەوانەی خۆبەستی سەوابتی ئاینی ئیسلامن لەم حزبەدا دڵنیابکاتەوە، کە یەکسانی ژن و پیاو شتێک نییە لە دەستوردا بێت، لەلایەکی تریشەوە، بە ژنانی نارازی و یەکسانیخواز بڵێت، کە "ژنیان ژن وتووە و پیاویان پیاو وتووە" خودا و ئاینەکان ئەوانی بە نێر و مێ دروستکردووە هەرواش دەمێننەوە، بۆیە لەوە زیاتر داوامان لێمەکەن کەئێمە لەڕیفۆرم و چاکسازیەکانماندا بەرەو دادی کۆمەڵایەتی بۆ ئێوەمان دیاریکردووە!

دامەزراندنی دەوڵەتی شارستانی مۆدێرن و بەرهەمهێندا."

لە پەیوەند بەم خاڵەوە، ئاشکرایە کە ئەنجامدانی هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی هاولاتیان بە ماف و ئازادیەکانی ژنان، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی باشە، بەلام ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەم هەڵمەتەدا دەست بەدامێنی ئاینەوە دەگرێ، ئیتر ئەو ڕوانگەیە ئاشکرا دەکات کە پێی وایە دین و یاسایەک کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا تێکەڵکراوە، نەک هەر دژی ماف و ئازادیەکانی ژنان نییە، بەڵکو ڕێزی لە ژنان گرتووە و ماف و ئازادی پێبەخشیوە! بەلام لەمەش زیاتر، پرۆگرام باس لە هەڵمەتی هوشیار بوونەوە دەکات سەبارەت بە "بایەخی <u>ئازادی و مافە مەدەنی و سیاسیەکانی ئافرەتان</u>"، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت ئەو ماف و ئازادیانە چین کە بۆ ژنانی بەرەسمی دەناسێنێت و بڕیارە هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی هاولاتیانی بۆ بگرێتەبەر!؟ ئەمە ئەو خاڵەیە کە بە یەکجاری لە پرۆگرامدا نەهاتووە و خۆی لێلادراوە.

لەخاڵی چوارەمدا پرۆگرام باس لەدیاردەی هەراسانکردنی سێکسی دەکاو دەنوسێت:

- <u>قەدەغەکردنی هەر جۆرە هەراسانکردنێکی سێکسی دەرهەق بە ڕەگەزی مێینە.</u>
سزادانی توندی ئەو بەرپرسە سیاسی و حکومی و حیزبییانەی کە پۆستەکانیان بۆ ئەو مەرامە بەکاردەهێنن."

لە بەرامبەر ئەم خاڵەشدا، ئەوە زۆر باشە کە پرۆگرام "<u>قەدەغەکردنی هەر جۆرە هەراسانکردنێکی سێکسی</u>" ڕاگەیاندووە، بەلام لێرەشدا لە چەند ڕووەوە کەموکوڕی و کەلێنێکی گەورە بەدیدەکرێت: **یەکەم،** ئەوەی کە دیاردەکە بە یاسا قەدەغە ناکا و بەکراوەیی کردەکە دەهێڵێتەوە. **دووەم،** ئەوەشی کە "سزای توند" بە تەنها بۆ "بەرپەرسەکان" بەڕەوا دەبینێ، نەک وەک ئەوەی کە هەر کەسێک لەکۆمەڵگادا دەست بۆ ئەم کارانە ببات، لەگەڵ یاسا بەرەو ڕووە و سزادەدرێت. **سێهەمیش،** ئەم خاڵە هیچ قسەیەکی لەسەر لەشفرۆشی نەکردووە، لەکاتێکدا نموونەیەکی فراوان و بارزی هەراسانکردنی سێکسیە. ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان چۆن لە دیاردەی لەشفرۆشی دەڕوانێ و چ ڕێگایەکی بۆ بنبڕکردنی هەیە، بۆ نووسەرانی پرۆگرام جێدێڵین.

لە خاڵی پێنجەم و شەشەمیشدا، پرۆگرام دەچێتەسەر باری ئابووری ودەنووسێت:

"- تەرخانکردنی بودجەیەکی گەورەتر بۆ چاودێریی کۆمەلایەتی و تەندروستی، موچە

و بیمەی دایک لە قۆناغی دووگیانی، زەیستانی و بەخێوکردنی منداڵدا.

– هاوکاریی دارایی، بیمەی کۆمەڵایەتی، کردنەوەی خولی ڕاهێنان و دابینکردنی مووچەی خانەنشینی، لەکاتی تەمەنی یاساییدا، بۆ ئافرەتە بەرهەمهێنەکانی ناوماڵ، وەک بەرگدروو، فەرشچن و خانمە دەستڕەنگینەکان بە گشتی."

لەبارەی ئەم دوو خاڵەشەوە پرۆگرام سەرەڕای ئەوەی خۆی لەقەرەی بابەتە سەرەکییەکانی دۆخی ئابووری ژنان و یەکسان کردنی ئابوورییان لەگەڵ پیاواندا نەداوە (بگەڕێرەوە بۆ بنەماکانی سێهەم وچوارهەم کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە) هاوکات زۆر بە ناڕۆشنی و بەکرچوکاڵی قسەی لەسەر "بیمەی دایک" و بەخێوکردنی منداڵ کردووە، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت "بیمەی دایک" چەندە و چۆن حساب دەکرێ؟ هەروەها پێمان ناڵێت ئیمتیازاتی ژنانی دووگیان و مناڵەبەر لەقۆناغە جیاجیاکاندا چۆنە و چییە؟ کێ پەروەردەی مناڵ دەگرێتە ئەستۆ، دایک یان باوک؟  دایانگە و باخچەی ساوایان، شیر و خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێری لەسەر مەسرەفی کێ دابین دەکرێ؟ ئەمانە هیچ قسەیەکیان لەسەر نەکراوە! لەمەش زیاتر پرۆگرام باس لە "هاوکاری دارایی وبیمەی کۆمەڵایەتی" دەکات، بەڵام ئەمەش بەتەنها بۆ " ئافرەتە بەرهەمهێنەکانی ناوماڵە" کە جلەدوورن وە یا فەرش دەچنن و "خانمی دەست ڕەنگینن" (عەجیب داهینانێکە لە دادی کۆمەڵایەتیدا)! ئایا لەڕاستیدا ئەو ژنانەی کاری ناوماڵ دەکەن و پیاوان بەهێزی تازەوە دەنێرنەوە سەرکار و ئەو ژنانەی کە لە گۆشەی تاریکی ماڵدا هەموو تەمەنیان بە پەروەردە و گەورەکردنی نەوەی نوێوە سەرف دەکەن "کاری بەرهەمهێن" ناکەن؟ ئایا ئەم ئینسانانە ناچنەخانەی "خانمانی دەست ڕەنگینەوە" تا بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی بیانگرێتەوە؟ بەڕاستی بۆچوونێکی ئەوپەڕی دواکەوتووانە و دژە ژنانەیە. چونکە لەم ڕووەوە گۆڕان بەناوی "قەڵاچۆکردنی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ" و دادی کۆمەڵایەتیەوە، خۆی جیاکاری لەنێوان ژناندا دروست دەکا و ئەوان بەناوی "ژنانی بەرهەمهێن و نابەرهەمهێنی ناوماڵ، خانمی دەستڕەنگین و نادەستڕەنگین"ەوە دابەشدەکا و لەسەر ئەم بنەمایەش "هاوکاری و بیمەی خانەنشینی"یان پێدەبەخشێ!

لە دوایین خاڵیشدا (خاڵی حەوتەم) پرۆگرام وەک داهێنانێکی تازەی کردبێت بۆ ژنان و باسی «جیاکاریی پۆزەتیڤ» دێنێتەئاراوە و دەنووسێت:

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

"تەرخانکردنی ڕێژەی شارستانی شیاو بۆ ئافرەتان لە هەمو دامودەزگاکانی دەوڵەت و فەرمانگە و ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتیکردن و کارگێڕیدا. پێڕەوکردنی بیرۆکەی »جیاکاریی پۆزەتیڤ «وەک لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتوودا کاری پێدەکرێت، بەو مانایەی ئەگەر پیاوێک و ئافرەتێک، بەهەمان توانا و لێهاتوییەوە، بۆ پۆستێک پاڵێوران ئافرەتەکە پێشدەخرێت."

ئەوە ڕاستە کە چەمکی "جیاکاریی پۆزەتیڤ" لەهەندێک لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کاری پێدەکرێت، بەڵام ئەم چەمکە لەسەر بنەمای جێگیر بوونی بیرۆکەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و خەبات بۆ هەڵگرتنی ستەم و جیاکاری لەبەرامبەر ژنان و پێڕەوی کردن لەو بنەمایانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد دەستی بۆبراوە، (بۆنموونە وڵاتانی ئەسکەندناڤی). بەڵام سەیر لەوەدایە بزووتنەوەی گۆڕان لە ئاخری دەستکەوتە ئینسانیەکانی وڵاتانی پێشکەوتووەوە دەست پێدەکا، بەبێ ئەوەی بنەما و پرەنسیپەکانی یەکسانی ژن و پیاو لەسیستەمێکی حوکمڕانیدا لەم وڵاتانەوە وەربگرێ و ڕاشکاوانە خوازیاری ئەوەبێت کە لە دەستور و یاساکانی وڵاتدا جێگایان بۆبکاتەوە!

بەڵام بەدوای ئەو سەرنجە کورتانەی کە لەسەر هەریەک لەخاڵەکانی سەرەوە داومانە، هێشتا وەڵامی ئەوپرسیارە بە نەدراوەیی دەمێنێتەوە کە ئایا ستەمکێشی ژنانی کوردستان چ جێگایەکی لەپرۆگرامی بزووتنەوەی گۆڕاندا گرتووە؟ ئایا لەڕاستیدا ئەم حزبە وەک ئەوەی بانگەشە بۆ دادی کۆمەڵایەتی لەنێوان "ڕەگەزی نێر ومێ"دا کردووە، لایەنگری ڕاستەقینەی ماف و ئازادییەکانی ژنانە؟

1/ بەوپێیەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە هیچ شوێنێکی پرۆگرامەکەیدا بە ڕۆشنی و ڕاشکاوانە لایەنگری خۆی بۆ یەکسانی بێمەرج و هەمەلایەنەی ژن و پیاوی لەتەواوی بوارەکاندا ڕانەگەیاندووە و پەیوەستەگی خۆی بۆ جێگیرکردنی ئەم مەبدەئە لە یاسا و دەستوری هەرێمی کوردستاندا نەخستۆتە دەستورەوە، هاوکات بە ناڕۆشنی باس لە ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکان دەکات و پێمان ناڵێت کە سنوورەکانی ئەو ماف و ئازادییانە چین، بە پێویست ناتوانێ وەک داکۆکیکەری پەیگیری ماف و ئازادیەکانی ژنان و وەک لایەنێک بناسرێت کە لانی کەم خوازیاری جێگیرکردنی یەکسانی ژن و پیاوە لە یاساکانی وڵاتدا. تەنانەت بزووتنەوەی گۆڕان چ لە بواری کۆمەڵایەتی و خێزانیدا و چ لە

ڕووی ئابووری و کار و پیشە و بیمە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەو ئاستە ناچیز و کەم و بێبایەخانەش کە بۆ پیاوان بەڕەسمی ناسراوە، بۆ ژنانی بەڕەسمی نەناساندووە.

2/ پرۆگرام لەو چوارچێوەیەدا کە باس لە بێدادی بەرامبەر بە "ڕەگەزی مێ" دەکات، بە تەنها لەسەر دیاردەی توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی و هەندێ مەسەلەی تر کە پەیوەندییان بە خێزان و بواری ئابووری و هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیانەوە هەیە ڕاوەستاوە، ئەمەش یەکجار سنوورێکی بەرتەسک و ئاستێکی کرچوکاڵ و ناڕۆشنە، کە هەرگیز لە ئاست ئەو ڕێژەیە لە ستەم و چەوسانەوە و ئەو مەوقعە ژێردەستەیی و پلەدوویەدا نییە، کە ژنانی کوردستان تێی کەوتون. خۆپاریزی و باسنەکردنی چەندین بابەت و مەسەلەی تر کەپەیوەندییان بەدۆخی ناهەمواری ژنانەوەیە ئەڵقەیەکیترە کەپرۆگرام بەلایدا نەچووە و خۆی لێدزیونەتەوە لەوانە، ئازادیەکانی ژنان، ئازادی زەواج و تەلاق، سەفەر و مانەوە، پەیوەند گرتنی جنسی، مەسەلەی منالّ لەباربردن، قەدەغەکردنی فرەژنی و هەڵوێستگرتن لەدیاردەی لەشفرۆشی، مەسەلەی مووچەی یەکسان بۆ کاری یەکسانی ژن و پیاو، هەڵبژاردنی پیشە، مەسەلەی میرات و دارایی خێزان و سەرپەرشتی منالّ دوای جیابوونەوە، دابینکردنی دایەنگەو باخچەی ساوایان و شیرو پێداویستیەکانی منالّ و مافەکانی ژنانی منالّەبەر و دووگیان.. ئەمانە و دەیان بابەتیتر کە بزووتنەوەی گۆڕان نەچووەبەلایدا و دەشیەوێت "دادی کۆمەڵایەتی" لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بەدی بهێنێ.

3/ ئێمە داوایەکی گەورە لەحزبی گۆڕان ناکەین، وەک ئەوەی کەحزبێکی دژی سەرمایەداری بێ و ئەو ڕاستیە ببینێ کە سەرمایەداری ئەم سەردەمە بەشێوەیەکی دیاریکراو خۆی لەسەر حاڵەتی نایەکسانی نێوان ژن و پیاو دامەزراندووە و لەبەرامبەریشدا، داوای هەڵوەشانەوەی ئەم نیزامەی لێبکەین، بەڵکو مەبەستمانە ئەو ڕاستییە دەرخەین کەبزووتنەوەی گۆڕان، لەئاست ئەو دەوڵەت و حزبە سەرمایەداری و بۆرژوازیانەشدا نییە، کەیەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوانیان بەڕۆشنی لەیاساکانی وڵاتدا سەلماندووە و لایەنگری ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی و دوورخستنەوەی دەستی مەزهەب و پیاوسالارین بەسەر ئینسانی ژنەوە. هەروەها ماف و ئازادیەکانی ژنانیان لەئاستێکی فراواندا سەلماندووە، هاوکات دەمانەوێت ئەوە دەرخەین کە بزووتنەوەی گۆڕان

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

تەنانەت لەئاست ئەو بەرنامە و بڕیارانەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەمەڕ مافی ژن و منداڵدا ڕایگەیاندووە لەدواوەیە و ئەوەشی بۆ ژنان و منداڵانی کوردستان بەڕۆشنی لە پرۆگرامەکەیدا جێگیرنەکردووە. لەکۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستاندا، سەرەڕای ئەوەی کە سەرمایەداری کوردستان و دابەشبوونی چینایەتی و جیاکاری و ستەمکێشی ژن، وەک یەکێک لەکۆڵەکەکانی سەرخانی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی، ڕاستەوخۆ بۆ مەرامی قازانجهێنەری چینی دەسەڵاتدار و ڕاگرتنی هێزی کاری هەرزان لەبەردەم سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکاندا، پارێزگاری لێدەکرێ و ژنان لەمەحرومییەت و ژێردەستەییدا دەهێڵرێتەوە، بەڵام بەو هۆیەوە کە دین و نەریتە خێڵەکی و پیاوسالاریەکان، ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگادا داگیر کردووە و ئەوە خودی دەستەی فەرمان ڕەوا و حزبە ناسیونالسیت و ئیسلامیەکانە، ئەم دین وفەرهەنگ وباوەڕە کۆنەپەرست و دژە ژنانەیان پاراستووە، بەپێویست ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ.. لەکوردستان ژنان لەژێر سایەی دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا ناسیونالیست و ئیسلامیەکاندا، کێشەو گرفتەکانیان هەرئەوە نییە کەماف و ئازادیەکانیان بەڕەسمی ناناسرێ و لەچاو پیاواندا هاوڵاتی پلەدوو و ژێردەستەن، تەنانەت گرفتی ژنان هەرئەوە نییە، کەباری ئابووری و پیشەیی و خیزانییان، لەخوار پیاوانەوە ڕاگیراوە و کراونەتە پاشکۆی پیاوان، بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە لەقانون و یاساکانی وڵاتدا، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و فەرهەنگی باودا، لەئەدەب و هونەر و هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەگەڵ بێحورمەتی و تەحقیر و بەکەم گرتنێکی ئاشکرا بەرەوڕوو کراونەتەوە، بەڕادەی ئەوەی کە وەک ئینسان سەیریان نەکرێ... ناچارکردنی هەزاران ژن بەخۆسوتاندن، بەڵگەی ئەم بێحورمەتیەیە کەلە کۆمەڵگادا بەژنان دەکرێ. هاوکات، کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف، لوت و گوێبڕین و هەڵواسین بەپرد و بەردەباران و زیندانیکردنی ژنان لەحەمام و دەیان دیاردەی نامرۆڤانەی دیکە کە تائێستا ڕێژەی قوربانیەکانی شانیداوە لە ژمارەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال، هەموو ئەم حاڵەتانەش سنووری دیاردەی توندوتیژی بەوپەڕی دڵڕەقییەوە تێپەڕاندووە. ئەمە لە کاتێکدایە کەئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە کەبەسەدانیان لێدەستگیرکراوە، هیچ کەسێکیان بەسزا نەگەیاندراون، هەربۆیە ئەم دەستدرێژییانە بەرامبەر بەژنان بەکردەوە، بەتاوان

حسابیان بۆناکرێ. لەمەش زیاتر، پەسەندکردنی یاسای فرەژنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، هاوکات فتوای مەلا و هوهاکێشانی پیاوانی ئاینی وهەڕەشەکردن لەژنان.. هەموو ئەمانە واقعیەتێکی تەڵخ و مەینەتباری بەسەر ژنانی کوردستاندا داسەپاندووە، کەچی بەئاستەم بزووتنەوەی گۆڕان بەلایدا نەچووە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەبزووتنەوەی گۆڕان وەک هەرحزبێکی ناسیونالیست کە بەتوندی بەباوەڕە قەومی و ئیسلامیەکانەوە پابەندە و ئامادە نییە هیچ یاساو بڕیارێک پەسەند بکات کەپێچەوانە بێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی و "بەها قەومیەکاندا"، بەپێویست ناتوانێ و نایەوێت لەبازنەی حزبە دەسەڵاتدارەکان دەرچێ. ئەوەش کە باس لە"دادی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەگەزی مێ" دەکات لەلایەک ڕەنگدانەوەی ئەو فشارەیە کەدۆخی ژنان لەسەر هەرحزبێکی قەومی و ئیسلامی دایناوە و ئەوانی ناچارکردووە بەوەی کەهەرچۆنێک بووە، لەبەرنامەو پڕوپاگەندەکانیاندا، جێگایەکی بۆبکەنەوە، وە لەلایەکی ترەوە بزووتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی چاوی لەپەرلەمان و هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدان بڕیوە و پێویستی بەکۆکردنەوەی دەنگ هەیە، ناچاربووە بەوەی کەهەرچۆنێک بووە لەشێوەیەکی کرچوکاڵ و ناتەواودا باس لەماف و ئازادیەکانی ژنان بکات تا بەقازانجی خۆی ڕایانکێشێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدانەوە. ئەمەش کارێکە کە بچوکترین ئالوگۆڕ لەژیانی ژێردەستەیی و ستەمکێشی ژناندا ناهێنێ.

## 5/ دادی کۆمەڵایەتی و پێشمەرگەو..

لەم پەیوەندەدا پڕۆگرام نوسیویەتی:

"پاداشتکردن و هاوکاریکردنی پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان، قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران، زیندانییە سیاسیەکان، قوربانییانی جەنگەکانی سەردەمی داگیرکردن، قوربانییانی شەڕی ناوخۆ، هەموو ئەو کەسانەی کە لەپای کوردستانیبوون ستەمیان لێکراوە، گیان و ئەندامی جەستەیان لەدەستداوە، ماڵ و حاڵیان بەخشیوە. پێویستە لە پاداشتکردن و هاوکاریکردنی ئەم توێژەدا گوێنەدرێتە پێشینەی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیيان، پێویستە لە پەرلەمان و دەزگا پەیوەندیدارەکاندا بەرگری لە مافیان بکرێ لەڕێی کاراکردنی سیستمی مووچە، بیمەی کۆمەڵایەتی و

تەندروستی، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی شارستانی بۆ پێشمەرگە و قوربانییە زیندوەکانی کوردستان"

سەرەتا ئەوەبڵێین کە "دانانی پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان" وەک توێژێک کە "شایەنی هاوکاری بن" بەڵگەیە بۆ بەدرۆ دەرهاتنی هەموو ئەو پروپاگەندانەی کە بزووتنەوەی گۆڕان و حزبە ناسیونالیستەکان لەمەڕ پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان دەیکەن، لەچەشنی ئەوەی کە "پێشمەرگە سونبولی بزووتنەوەی کوردایەتییە"، "پێشمەرگە تا ئەو ئاستە پیرۆزە کە خاوەنی سەروەریەکانی نەتەوە و نیشتمانە" یان "کەسوکاری شەهیدان سنووری سوورە بۆمان".. لە ڕاستیدا، هێنانی برگەیەکی لەم جۆرە بۆ ناو پرۆگرام، وێڕای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، بەهەمان شێوەی حزبە ناسیونالیستەکانی تر، کەخۆیان بەڕابردووەوە گرێداوە و لەرێگای بەکوشتدانی هەزاران کەس و کردنیان بەشەهید و قوربانی، دەیانەوێت سەرمایەیەکی سیاسی تائەبەد بۆلایەنگری لەخۆیان و سیاسەتەکانیان بسازێنن و بەتایبەتیش بیانکەنە کەرەسەی هەڵبژاردنەکان و دەنگەکانیان مسۆگەر بکەن، لەهەمانکاتدا، دەیانەوێت لەم ڕێگایەوە خۆیان لەدانی بیمەی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی لانی کەمی ژیان بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان، بدزنەوە. ئایا ئەگەر حکومەتێک لەکوردستاندا لەسەرکاربێت، بیمەی تێروتەسەلی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو هاوڵاتیان بەیەکسانی دابین بکات، حکومەتێک ئەگەر لەخەمی بێکاراندابێ و کار یان بیمەی بێکارییان بۆدابین بکات، حکومەتێک ئەگەر خۆی بەرپرسیار بزانێ بەرامبەر بە دابینکردنی خانوبەرە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و لەیەک وتەدا مسۆگەرکردنی لانی کەمی ژیان بۆهەمووان بەبەرپرسیار بزانێ، ئیتر چ پێویست دەکات هاوڵاتیانی کوردستان لەژێر ناوی " پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان، قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران، زیندانییە سیاسیەکان، قوربانییانی جەنگەکانی سەردەمی داگیرکردن، قوربانییانی شەڕی ناوخۆ،..." دابەشبکرێن و بەم هۆیەشەوە هاوکاری بکرێن لەلایەن دەسەڵاتەوە؟ لەڕاستیدا ئەم دابەشکردن و بەڵێندانە بەپێشمەرگە و قوربانییانی ئەنفال و... تەنها بۆ ئەوەیە چاولەبەری دەسەڵات بکرێن و لەشارێی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی داببڕێن و تاماون بەناونیشانی کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی ... بمێننەوە بکرێنە کەرەسەی حزبەکان. ئەمەش بەهای ئەو دادە کۆمەڵایەتییەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان بەشوێنیەوەیەتی.

## 6/ دادی کۆمەڵایەتی و قوربانییانی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان:

لەژێر ناونیشانی "هاوکاریکردنی قوربانییانی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان"دا پرۆگرام چەند بابەتێکی جیاوازی کۆکردۆتەوە کەلێرەدا بەکورتی لەسەریان رادەوەستین:

"کارکردن بۆ چارەسەری کێشەی بێماڵی و کرێچێتی و جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورە لە بواری نیشتەجێبوونی هاولاتیاندا".

لەم خاڵەدا پرۆگرام کێشەی خانووبەرە دێنێتە ئاراوە، بەبێ ئەوەی هیچ رۆشنایی و رێگاچارەیەکی بەکردەوە بخاتەڕوو. ئەوەی تەئکیدی لێکردووە "کارکردنە لەسەر کێشەی بێماڵی و کرێچێتی و جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورە.." بەڵام پێمان ناڵێت ئایا ئەو "پرۆژە گەورانە"، خانووبەرە بەخۆرایی بۆ هاولاتیانی بێسەروپەنا ئامادە دەکات یان وەک کۆمپانیا بازرگانیەکانی دروستکردنی شوقە و ڤیلا، کەتەنها ئەو بەشە لەهاولاتیان سودمەندن لێی کەپارەدارن؟

لەخاڵێکیتردا باسی قاچاخچێتی بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەکاو دەنووسێت:

"دۆزینەوەی باندەکانی بازرگانی و قاچاخچێتی مادده هۆشبەرەکان لە ناوخۆ و دەرەوەدا و دروستکردنی لیژنەی ئەمنی هاوبەش لەگەڵ ولاتانی دراوسێدا لەو پێناوەدا".

لە پەیوەند بەچۆنیەتی مامەڵەکردن بە دیاردەی بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە پرۆگرام لەگەڵ نارۆشنیەکی دوولایەنە بەرەو ڕووە، **یەکەمیان** لەڕووی یاساییەوە بەڕۆشنی بازرگانی کردن بەم مادانەوە بەکارێکی قەدەغە و نایاسایی ڕاناگەیەنێ و ئەنجامدەرانی لەگەڵ سزادا بەرەوڕووناکاتەوە و بەتەنها کەوتۆتە شوێنی دۆزینەوەی باندەکانی بازرگانی! **دووەمیش** هیچ شتێک لەسەر توشبووانی مادده هۆشبەرەکان ناڵێ، ئایا ئەو هاولاتیانەی کەگیرۆدەی ئەم گرفتەدەبن، وەک هاولاتیەکی خاوەن ڕێز کەگیرۆدەی نەخۆشی دەبێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا و دەیانخاتە بەر پرۆسەی چارەسەرییەوە، یان لەبەندیخانەدا گیریان دەکەن و تامەرگ لەبەردەم تەحقیردا ڕایان دەگرن و ژیانیان بەفەرامۆشی دەسپێردرێ؟

لەخاڵێکی تردا پرۆگرام باس لەمامەڵەی مرۆیی لەگەڵ زیندانییاندا دەکا و دەنووسێت:

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

" پێڕەوکردنی مامەڵەی مرۆیی لەگەڵ زیندانییان وەک قوربانیی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان. ئەرکی حکومەتە کەشێکی مرۆڤانەیان لەڕووی جەستەیی و مەعنەوی و فێرکارییەوە بۆ دابین بکات، پاش تەواوکردنی ماوەی یاساییان لە زینداندا لەناو کۆمەڵگا و دامودەزگاکانی وڵاتدا جێگەیان بکاتەوە".

ئەوە باشە کەمامەڵەی مرۆیی لەگەڵ زیندانییاندا بکرێ و کار بکرێ بۆ ئاسایی کردنەوە و گێڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا، بەڵام لەمەشدا هیچ شتێک لەسەر پرۆسەی تێپەڕبوونی سزادراوان، لەوکاتەوەی لەسەر تۆمەتێک دەستگیردەکرێ تا دەخرێتە زیندانەوە ناڵێت، تەنانەت هیچ شتێک لەسەر مافەکانی "تۆمەتلێدراوان و تاوانباران و سزادراوان" ناڵێت !

لەخاڵێکیتردا پرۆگرام کۆمەڵەبابەتێک پێکەوە ئاماژەپێدەکات:

"چارەسەرکردنی کێشەی کەسانی بێحاڵ و ماڵ، دێوانەکانی سەر جادە، دیاردەی سواڵکەری، بەتایبەتی لەنێو منداڵاندا، بەسوخرەگرتنی منداڵ و نەوجەوانان بەرامبەر کرێیەکی کەم، بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی لەشفرۆشی".

بەڕاستی هەموو ئەم حاڵەتانەی کەلەم خاڵەدا ڕیزکراون، دۆخێکی نامرۆڤانە و هەستیار دەخەنەڕوو، هەربۆیەش باسکردن لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان، ڕێگای یاسایی و ئیجرائاتی دەستبەجێ و بەرنامەگەلێک دەخوازێ کە بەهاناوە چوونی خێرای ئەم جۆرە کەسانە وەک ئەرکێکی حکومەت و دامودەزگاکانی بگیرێتەبەر، بەڵام پرۆگرام تەنها بەیەک وشە ئیکتیفا دەکات، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێ چۆن چارەسەری ئەم کێشانە دەکات؟

لە دواخاڵی ئەم بەندەدا مەسەلەی پەنابەری دێتەئاراوە:

"ڕێزگرتنی پەناهەندەکان و دابینکردنی کامپ و شوێنی ژیانی شیاو بۆیان، ڕێزگرتنی کرێکارە بیانییەکان کە لە پرۆسەی بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا کاردەکەن. بەدواداچونی کێشەی زوڵملێکردن و خراپ بەکارهێنانیان ئەرکی حکومەتە".

لەبارەی ئەم خاڵەشەوە پرۆگرام پەنابەر و "کرێکاری بیانی" لەژێر وشەی "ڕێزلێگرتندا کۆدەکاتەوە و یەکەمیان لە کۆمەڵگا دادەبڕێنێ و دەیانخاتە کەمپەوە و دووەمیشیان لەدەرەوەی یاسای کار و ماف و ئازادییەکاندا دایاندەنێ. بزووتنەوەی گۆڕان لەکاتێکدا باس لە"ڕێزی پەنابەران" دەکا و بەشانازییەوە سیاسەتی کەمپسازییان لەبەرامبەردا دەگرێتەبەر،

هەمان سیاسەتی ڕاسیستانەی دەوڵەتانی ڕاسترەوی وڵاتانی ئەورووپا دووبارە دەکاتەوە، کەنەک هەر مامەڵەیەکی دادوەرانە نییە، بگرە جیاکردنەوەی ئەم ئینسانانە و دوورخستنەوەیانە لەکۆمەڵگا و ئەو ماف و ئازادییانەی بەڕەسمی بۆ هاوڵاتیان ناسراون!

## 7/ دادی کۆمەڵایەتی و سیستەمی خانەنشینی:

لەم بەندەدا پڕۆگرام چەند خاڵێک بۆ چاککردنی سیستەمی خانەنشینی پێشنیار دەکات کەلەبارەیانەوە قسەدەکەین:

"_ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە خانەنشینی، بەجۆرێک شایستەی تەمەنی خزمەت و ماندووبوونی مرۆڤی بەرهەمهێن و ڕەنجدەر بێت لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

_ هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و بڕیارە تایبەتانەی کە بۆ خانەنشینکردنی وەزیر، پەرلەمانتار، پلە تایبەتەکان و بەرپرسان و ئەندامانی حیزب دەرچوون، کە هەندێکیان نایاسایی و هەندێکیشیان بەیاسا ڕێکخراون، بەجۆرێک تەنها یەک پێوەر بۆ دیاریکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی بەسەر هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەتدا، بێجیاوازی، جێبەجێ ببێ.

_ بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشینی خاوەن پلە وەزیفییە نزم و ناوەنجیەکان و کەمکردنەوەی مووچە زۆرەکان.

_ دابینکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ کرێکاران، جوتیاران و بەرهەمێنەرانی ناوماڵ و کەرتی تایبەت."

کۆی ئەم خاڵانەی سەرەوە وەک ئەوەی "سیستمی خانەنشینی" گەڵاڵە دەکاتەوە، هەڵگری ناتەواوی و سەرنجدانی جدییە. بەتایبەتی کاتێک ئەم سیستەمە لەپەیوەند بەدادی کۆمەڵایەتییەوە دەخرێتەڕوو:

**یەکەم**، ئەوەی کە لەم خاڵانەی سەرەوەدا، ئاستی مووچەی خانەنشینی "شایستەی تەمەنی خزمەت و ماندووبوونی" بێت و هەروەها هەردووکەرتی گشتی و تایبەت بگرێتەوە، خاڵیکی موسبەتە، هاوکات ئەوەشی کە مووچەی پلەدارە خانەنشین کراوەکانی نێو دەسەڵات کەم بکرێتەوە دیسانەوە هەنگاوێکی باشە، بەڵام ناتەواوە و هێشتا نەک دادی کۆمەڵایەتی، بگرە

هاوسەنگی لەنێوان مووچەی خانەنشینی کرێکاران و کارمەندێکی سادە لەگەڵ، پلەدارانی نێو دەسەڵاتدا دروست ناکات، چونکە پێوانەی سەرەکی لەدیاریکردنی ئاستی موچەی خانەنشینیدا -وەک ئەوەی لەم سیستەمەدا دیاری کراوە- شایستەبوونە لەگەڵ کار و تەمەندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی لانی کەمی کرێ و مووچەی فەرمانبەران و پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و چوونەسەری چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتیەکان و ستانداردی ژیانی سەردەم و ئاستی خێزانی.

ئەمڕۆ لەکوردستان کە لانی کەمی مووچە و کرێی کرێکاران و فەرمانبەران لە نێوان ٢٠٠ بۆ ٣٠٠هەزار دیاریکراوە، لەکۆی گشتیدا لە نێوان ٥٠٠ و ٦٠٠هەزارتێپەڕ ناکات و کاتێکێش خاوەنانی خانەنشین دەکرێن لە ٤٠٠هەزار زیاتر نابێت، ئەم بڕەپارەیە سەرەڕای ئەوەی کە وەڵامدەرەوەی لانیکەمی ژیان و بژێوی، نەک هیچ خێزانیکی پێنج وە یا سێ کەسی نییە، بگرە بەشی تەنها ژیانی ڕۆژانەی تاکە نەفەرێکێش ناکات. لەحاڵێکی ئاوادا ئەگەر مووچەی خانەنشینی پلەدارانی دەسەڵات چەند قاتیش کەمبکرێتەوە، وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەسیستەمی مووچەکەیدا بەدواوەیەتی، دیسانەوە ئەو دۆخە ناهاوتا و بێدادییە دەهێڵێتەوە کە ڕووبەڕووی ژیان و گوزەرانی مووچەخۆران بۆتەوە.

**خاڵی دووەمیش** لەم سیستەمی خانەنشینییەی کەئاماژەی بۆکراوە، ماوەی کارکردن و تەمەنی کەسەکە ئاماژەی پێنەکراوە و مەعلوم نییە دوای چەند ساڵ و لە چ تەمەنێکدا مافی خانەنشینی دەیگرێتەوە.

**دواخاڵیش** کەبەهیچ جۆرێک پرۆگرام نەچووە بەلایدا، زیادبوونی ساڵانەی مووچەی خانەنشینییە وەک ئەوەی ژیانی کرێکاران و فەرمانبەرانی خانەنشینکراو ڕاوەستاوبێت و گرانی و چوونەسەری ڕۆژبەڕۆژی نرخی کاڵا و پێداویستیەکانی ژیان و چاوەڕوانیەکانی ئینسانی هاوچەرخ نەیگرێتەوە. ئەمەیە هەموو ئەوسیستەمەی کەبزووتنەوەی گۆڕان بەناوی دادی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مووچەخۆرانی خانەنشینکراو دەیخوازێ!

## 8/ داددی کۆمەڵایەتی و مامۆستا و فەرمانبەران:

لەبەندی دەیەمدا پرۆگرام چەند خاڵێکی وەک ڕێگای "دابینکردنی دۆخێکی دادپەروەرانە بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران" خستۆتەڕوو، کەلێرەدا بەپێویستی دەزانین سەرنجێکی کورتیان

لەسەر بدەین:

"_ پێداچوونەوە بە سیستمی مووچە و ڕاژەی فەرمانبەرانی هەرێمدا، بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان، بۆ ڕاگرتنی ئاستێک لە دادپەروەریی شیاو لەنێوان پلەکانی مووچەدا.

_ پێداچوونەوە بە مووچە و دەرماڵەی مامۆستایان و فەرمانبەراندا بەجۆرێک ئەو بڕە پارەیەی وەریدەگرن شایەنی ماندووبوون و کۆششیان بێت لە بنیاتنانی وڵات و ئامادەکردنی نەوەی نوێدا.

–_ ڕێەوکردنی سیستمێکی دادپەروەرانە بۆ پاداشت و کاری ئۆڤەرتایم، بۆ جیاکردنەوەی پاداشتی بەرهەمی باش لە بەرهەمی ناوەنجی و خراپ.

_–خەرجکردنی دەرماڵەی هاتوچۆ، دەرەوەی شار، کاری مەترسیدار، بەشێوەیەک لەسەروو ئەو بڕەوە بێت کە ئێستا هەیە.

_ –دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە لە فەرمانگە و شوێنەکانی کاردا بۆ کارگوزار و فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە، چ لەڕووی دارایی و چ لەڕووی ئاکاری کارەوە.

_ قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی کارگوزار و فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە بۆ کاری ناشایستە و شەخسیی بەرپرسەکان لە دەرەوەی کاری فەرمی.

لەڕاستیدا ئەم خاڵانەی سەرەوە بەقەدەر ئەوەی باس لە "سیستمی مووچە و ڕاژە و دەرماڵەی مامۆستاو فەرمانبەران دەکات"، بەو ئاستەش ناتوانێ "دۆخێکی دادپەروەرانە" لەژیان و گوزەرانی ئەم توێژەی دانیشتوانی کوردستاندا پێکبهێنێ. چونکە:

**یەکەم**: بەو دەلیلەی کەپڕۆگرام باس لە پێداچوونەوە بەسیستمی مووچەی مەوجود دەکات، یانی داوای هەڵوەسانەوەی ناکات و دەیهێڵێتەوە. سیستەمێک کەسەرتاپا ناعادیلانەیە و لەدژی ژیان و گوزەرانی مامۆستا و فەرمانبەرانە. تەنانەت لەمەسەلەی "پێداچوونەوەکەشیدا" پێمان ناڵێت بە چ ئاستێک "مووچە و ڕاژە و دەرماڵەکان" بەرەوسەرەوە دەبات.

**دووەم:** پڕۆگرام وەک ئەوەی سیستەمی مووچەی ئێستای ژێرسایەی دەسەڵاتداریێتی ناعادیلانەی یەکیەتی و پارتی قەبوڵکردووە، بەهەمان شێوە، ناچێت بەلای دیاریکردنی ئاستی مووچەی مامۆستا و کرێکار و فەرمانبەراندا و بگرە پێوانەیەکی واقعی و ئابووری و

کۆمەڵایەتی لە دیاریکردنی ئەم لانی کەمەدا، کەبگونجێ لەگەڵ ژیانی شایستەی هاوڵاتیانی کارکردووی هەرێمدا، ناخاتەڕوو. ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەسەرتاپای پرۆگرامەکەیدا، وەک پێوانە بۆ "دابینکردنی دۆخێکی دادپەروەرانە" بۆ مامۆستا و فەرمانبەر و کرێکاران، پشتی پێبەستووە "ڕەنج و ماندووبوونی ئەوانە"، (لەڕاستیدا، لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، هیچ کارێک ناتوانێ یەکسان بێت بەمووچەی پێدراو، چونکە لەم نیزامەدا ئامانج کاری بەکرێیە، بەدەستهێنانی قازانجە لەسەر حسابی ڕەنج و ماندووبوونی بکەرەکەی بۆ خاوەنکارە، کەوایە هیچ مووچە و کرێیەک ناتوانێ یەکسان بێت بەڕەنج و ماندووبوونی ئەنجامدەرانی کارەکە) وە یان "باشی و خراپی و مامناوەندی بەرهەمەکانیانە"! کەبەهیچ جۆرێک پێوانەیەکی واقعی نییە و ئەگەریش لەبەرئەنجامی "پێداچوونەوە بەسیستمی ئیستادا، ئاستێک لەزیاد کردنی مووچە مەیسەر ببێت، ناتوانێت لەدەرەوەی سیاسەت و مەرامی دەسەڵاتداران و ئەو چوارچێوەیەی کەئەوان دیاری دەکەن بۆ ئاستی ژیان و گوزەران، دەرچێت.

**سێهەم:** پرۆگرام بەوجۆرەی سیستەمی مووچەی ئێستای قەبوڵکردووە و تەنها پێیدادەچێتەوە، هەم کاری زیادە و هەم پارچەپارچە کردنی بەشەکانی مووچە، کەلەسیستمی ئێتسادا پەیڕەوی لێدەکرێت، لەژێرناوی "پاداشت، دەرماڵە، ختورە و... شتی لەم جۆرەدا قەبوڵکردووە. کەسەرچاوەی دۆخی ناعەدالەتییان پێکهێناوە. ئەوشتەی کەپرۆگرام ناوی "پاداشتی بەرهەم"ی لێناوە، لەڕاستیدا بەشە دزراوی مووچەیە کەوەک مەرحەمەتێک دەسەڵات و خاوەنکار بە کرێکاران و فەرمانبەرانی دەدات. بەتایبەتی ئەگەر پاداشتی بەرهەم وەک بەرئەنجامێک لەچوونەسەرەوەی ئاستی بەرهەمداری هێزی کار و ماندووبوونی کەسی کارکردوو وەربگرین، ئەگەر پێمان وایە ئەوە بەرهەمی ڕەنجی کاری کرێکار و فەرمانبەرانە کە لەم یان لەو بەشەی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا، داهاتەکان زیادی کردووە، ئەوا ئەو زیادەیە لەداهات بەمانای نەدانی لەپێشەوەی مووچەی تەواوی کرێکار و کارمەندەکەیە.

**چوارەم:** لەبارەی "ئۆڤەرتایم"یشەوە کەپرۆگرام بەشانازییەوە لەپێداچوونەوەی سیستەمی مووچەدا کەوتۆتەشوێنی و گوایە ئەگەر ڕێژەکەی زیاد بکات ئەوا دۆخی دادپەروەرانەی سازاندووە! لەکتێکدا ئەمە هاندانە بۆ ئەنجامدانی کاری زیادە و تێپەڕینە لەماوەی

دیاریکراوی کاری ڕۆژانەی فەرمانبەران، ئەمە بەمانای کەمکردنەوەی ماوەی پشوو، تەفریحی و پێڕاگەیشتنی کرێکاران و کارکردووانە بەئەرکە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیاندا. ئەمە بەمانای زیاترکارکردن و زووتر پیر بوونی ئەم ئینسانانەیە، کەنەک نابێ وەک بوارێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مووچە و دەرامەتی مامۆستا و فەرمانبەران سەیر بکرێ، بەڵکو دەبێ قەدەغە بکرێ و بواربدرێ بەکەسانی ئامادەبەکاری تر ئەم ماوە زیادەیە لەڕێگای دامەزراندنیانەوە لەئەستۆبگرن.

**پێنجەم:** پڕۆگرام باس لە "<u>خراپ بەکارهێنانی کارگوزار و فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە بۆ کاری ناشایستە و شەخسیی بەرپرسەکان لە دەرەوەی کاری فەرمی</u>" دەکات و قەدەغەی ڕاگەیاندووە. بێگومان واتای ئەم جۆرە کارانە بەمانای بێگاری دێت، واتە کاری بێبەرامبەری کەسانێک بۆ"گەورەپیاوان و خاوەنکار و بەرپرسانێک کە پلەوپایەی باڵاتریان لەهاوڵاتی ئاسایی پێدراوە. ئەم جۆرە کارانە وەک کاری زیاتر و لەدەرەوەی کاری فەرمی، زیاتر پاشماوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و خێڵەکییە وەک میراتێک لەسەرمایەداریشدا لەلایەن دەسەڵاتداران و پلەداران و خاوەنکارەکانەوە، دەستی بۆدەبرێ و بێگاری و بەسوغرە گرتنی کەسانێک وەک "ئیستخدامی شەخسی" بێبەرامبەر بەکاردەبرێن. بەڵام سەیر لەوەدایە پڕۆگرام تەنها ئەم جۆرەکارانە بۆ"بەرپرسان" قەدەغە دەکات، نەک لەئاستی کۆمەڵگادا، وەک ئەوەی کەبەشێکە لەنۆرم و حاڵەتی نائینسانییانەی ناو سیستەمی کارێک کەسەرمایەداران و دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاکانیش دەستی بۆدەبەن.

ئەم ڕاستییانەی ئاماژەمان بۆکرد، ئەوە دەسەلمێنێ کەبزووتنەوەی گۆڕان، وەک هەر حزبێکی بۆرژوایی تر، کە خۆی بەنیزامی سەرمایەدارییەوە بەستۆتەوە، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خاوەنکار و کۆمپانیا و سەرمایەدارانی کوردستانەوە لەمووچە و داهاتی کرێکاران و فەرمانبەران دەڕوانێ و هەمان سیاسەت و سیستەمێک دووپاتدەکاتەوە کەئەم چینە لەبەرامبەر ئاستی ژیان و گوزەرانی مووچەخۆراندا، گرتوویەتیەبەر. پارچەپارچە کردنی مووچە لەژێر ناوی "کرێ و مووچەی ڕەسمی و ئیسمی"،"ئیعالە، دەرماڵە، ختورە، پاداشتی بەرهەم..." ئەمانە لەپاڵ دیاری نەکردنی لانی کەمی کرێ، بەپێوانەی داهاتی دەوڵەت و خاوەنکارەکان و زیندەگی خێزانێکی پێنج کەسی و هاوتا لەگەڵ باری شارستانی و هاوچەرخدا، هاوکات ڕاگرتنی ئاستی مووچە و کرێ بەبێ زیادبوونی ساڵانە، دانی

زێدەپارەیەک لەبری کاری ئیزافی وەیان کاری قۆنتەراتی، پارچەکاری، تەنانەت کاری بێگاری،... گوایە ئاستی مووچە و کرێ بەم جۆرەکارانە بەرەوسەرەوە دەبرێ، لەکاتێکدا ئەم جۆرە کارانە هاندانە بۆکاری زیاتر و بەمانای توندکردنەوەی ماوەی کارە. هەموو ئەمانە لایەنەکانی ئەوسیستەمەیە، کە دیاریکردنی ئاستی مووچەی کرێکاران و فەرمانبەرانی کوردستانی پێسپێردراوە، ئەم جۆرە دابەشکردنەی مووچە بەو ڕاددەیە مسۆگەر نییە و دڵنیایی نادات بەمووچەخۆران کاتێک کەکۆمەڵگا پێدەنێتە سەردەمی قەیرانە ئابووریەکانەوە و دەسەڵاتداران بەم یان بەو بەهانەیە ئەم یان ئەو بەشە لەمووچەکان دەبڕن و لەژێر بڕیار و سیاسەتی سکهەڵگوشیندا، مووچەی کرێکاران و کارمەندان کەمدەکەنەوە.. بزووتنەوەی گۆڕان کەبڕیاریداوە بەم سیستەمەدا بچێتەوە و ئەگەریش مەرحەمەت بکات شتێک زیاد بکات، بەدڵنیاییەوە ناتوانێ نە "دۆخێکی دادپەروەرانە" بۆ مووچەخواران فەراهەمکات، وە نەدەتوانێ "هاوسەنگییەک" لەمووچەی ئەوان و کاربەدەستان و پلەدار و خاوەن کۆمپانیاکاندا، بەدیبهێنێ. سەیر لەوەشدایە بزووتنەوەی گۆڕان لەباسی مووچە و مولحەقاتەکانیدا، بەهیچ جۆرێک ئاماژە بۆڕۆڵی نوێنەرانی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان ناکات، کەحزوریان هەبێ لەهاوشانی دەسەڵاتداراندا، بۆ بڕینەوەی ئاستی مووچە و هەرگۆڕانکارییەک لەمبارەوە دێتەکایەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کەباسی مووچە، باسە لەژیانی مووچەخۆران و دەبێ وەک لایەنێکی سەرەکی دەخاڵەتبدرێن لەدیاریکردنی ئەو سیستەمەدا، کەئاستی ژیان و گوزەرانی ئەوان لەڕێگای مووچەوە دیاری دەکات.

## 9/ بازرگان و کاسبکاران و دادی کۆمەڵایەتی:

پرۆگرام بەمەبەستی "دابینکردنی کەشێکی لەبار بۆ بازرگان و کاسبکاران" نووسیویەتی:

"- ڕێگریکردن لەهەر جیاکارییەک کە لەنێوان بازرگانانەدا دەکرێت، ڕێگریکردن لە بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی کار و قازانج لەبەردەم هەندێک بازرگاندا بەقازانجی هەندێکیتر، کە بەهۆی خزمایەتی، ئینتمای حیزبی، مەحسوبیەت و بەرژەوەندیی ژێربەژێرەوە ئەنجام دەدرێت.

بەڕاستی عەجیب دادوەرییەکە! بزووتنەوەی گۆڕان هێندە دڵسۆزی دادوەرییە فریای

ڕێگرتن لەو جیاکارییەش کەوتووە کە ڕووبەڕووی بازرگانان بۆتەوە و "دەرفەتی کار و قازانجیان لەبەردەمدا تەسک بۆتەوە"!! لەڕاستیدا ئەم خاڵە وێڕای لایەنگرییەکی ئاشکرای چینایەتی حزبی گۆڕان بۆ بازرگانان و بازاڕی ساختەچێتییان، هاوکات دەیەوێت کاری بازرگانی لەخاسییەتە بێویژدانی و ڕکەبەرییەکەی لەکۆکردنەوەی قازانجدا، داماڵێ و وەک چینێکی زوڵم لێکراوی ژێردەستی "خزمایەتی، ئینتمای حیزبی، مەحسوبیەت و بەرژەوەندیی ژێربەژێر" بیانناساێنێ! لەکاتێکدا بازرگان و بازرگانانی وردودرشتی کوردستان، بەحوکمی بازاڕی سەرمایەداری و سیستەمێکی میلیشیایی و ڕیزی کۆمپانیاکان، هەم خۆیان لەمنافەسەی کۆکردنەوەی قازانجدان و هەم گرێدراوی چینی دەسەڵاتدارانن و پێکەوە لەیەک بەرژەوەندی هاوبەشدا کۆبوونەتەوە. بازرگانی و پرۆسەی کۆکردنەوەی قازانج کە ویژدان ناناسێ و لەدەرەوەی پێوانە ئەخلاقییەکانە، ئەنجامدەرانی ئامادەن لەپێناو کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری قازانجدا، ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی خۆراکی و تەندروستی هاوڵاتیان بخاتە ژێر پرسیارەوە. هاوردەکردنی کاڵای نەشیاو و زیانبەخش بەتەندروستی و ژینگە، تا داسەپاندنی نرخی بەرز بەسەرکاڵا پێویستەکانی ژیان و بژێویدا، ئەمانە لەپاڵ پشتیوانی کردنی دەسەلات لەبازرگانان وەک ئەوەی کەخۆیان لەڕیزی بازرگانانی گەورەی وڵاتدان، یەک واقعیەتی ئینکارنەکراوی کردەی بازرگانییە لەکوردستان، کەبزووتنەوەی گۆڕان نایەوێت بیبینێ و بگرە ئەوان وەک توێژێکی غەدرلێکراو دەناسێنێ.

لەخاڵێکیتردا پرۆگرام دەنووسێ:

> " - لابردنی ئەو کەند و کۆسپە بیرۆکراتییانەی کاسبکار، دوکاندار، خاوەن مارکێت و وەستا و پیشەوەرەکان جاڕس دەکەن. دابەشکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییە شارستانییەکان بۆ گەشەدان بە بازاڕ بەشێوەیەکی ئاسۆیی.

ئەم خاڵە وێڕای ئەوەی ڕیزی بازرگانان و کاسبکاران وەستا و پیشەوەر تێکەڵ دەکا و هەموویان وەک یەک دەخاتە ژێرچەتری دادی کۆمەڵایەتییەکەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان شوێنی کەوتووە، هاوکات هەموویان دەسپێرێ بە "گەشەدان بەبازاڕێک کەشێوەی ئاسۆیی هەبێ"! لەکاتێکدا نەئێمە و نەهیچ کەسێک نازانێت هونەری ئەم "بازاڕە ئاسۆییە" چییە کەلەڕێگای گەشە پێدانیەوە دادی کۆمەڵایەتی لەیەک کاتدا بۆ بازرگانان و کاسبکار و وەستا و پیشەوەر بەدی دەهێنێ؟ لەمەش زیاتر پرۆگرام لەخاڵێکیتردا شۆفێرانیش بۆسەر

ئەم ڕیزی تێکەڵاو کردنە زیاد دەکا و دەنوسێ:

- کارئاسانی بۆ شۆفێرە گشتییەکانی نێو شار و هێڵەکانی دەرەوە، ئەرکی حکومەتە کەشێکی دەروونی لەباریان بۆ دابین بکات و ڕێگە نەدات مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەگەڵ بکرێت. ئەرکی حکومەتە ئۆتۆمبێل و قەرزی درێژخایەنیان بۆ دابین بکات، لەکاتی ڕوداو و لێقەوماندا بە هانایانەوە بچێت و پێداویستیی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکات، لەکاتی پیربوون و پەککەوتندا مووچەی خانەنشینییان بۆ ببڕێتەوە.

ئەم خاڵە ئەو ڕاستییە دەردەخات کەبزووتنەوەی گۆڕان، سیستەمی هاتوچۆ و کاری شۆفێران، کەئێستا لەکوردستان بەڕێوەدەچێت و لەدەرەوەی ئەرکی حکومەت کاردەکا و شۆفێرانی لەگەڵ هەزارویەک دەرد و مەینەتی بەرەوڕوو کردۆتەوە، وەک خۆی دەهێڵێتەوە و بەهیچ جۆرێک ناچێت بەلای "سیستەمی هاتوچۆی گشتی -Public Transport-"دا کەدەوڵەت ڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ و شۆفێرانیش وەک کارمەندی حکومی بەمووچە و مافەکانی خۆیانەوە کاری تێدابکەن.

لەڕاستیدا سیستەمی هاتوچۆی ناوخۆ و نێوان شارەکانی کوردستان، هێندە دواکەوتوو و بێفەڕ و مەترسیدار و دژی ژینگە و شۆفیران و هاولاتییانە، هەرگیز شایەنی هێشتنەوە و ڕاگرتنی نییە، لەژێرناوی "کارئاسایی و بیمەکردنی شۆفێران" و شتی لەم جۆرەدا، چونکە ئەم سیستەمە جگەلەوەی پاشماوەی ڕژێمی بەعسە، هاوکات سپێردراوە بەبازاڕی کۆمپانیا و کەرتی تایبەت و دەسەلات وەک هەرخزمەتگوزارییەکی تر، شانی خۆی لەبەرپرسیارێتی دەرکێشاوە و ئاکامە زاینبارەکانیشی بەسەر هاولاتییان و شۆفێراندا، شکاوەتەوە. کارەساتەکانی هاتوچۆ، خراپیی ڕێگاوبان و نەبوونی هێما و ڕێساکانی سەر شەقام، پیس کردنی ژینگە و ڕقەبەری نێوان شۆفێران و هاولاتییان، تا نەبوونی سەلامەتی... بەڵگەی دارِزیوی سیستەمی ئێستای هاتوچۆی کوردستانە، کەبزووتنەوەی گۆڕان هێشتا بەدەستییەوە گرتووە و گەرەکیەتی لەچوارچێوەیدا، دادی کۆمەلایەتی بۆ شۆفێران بەدەست بهێنێ. لەدواخاڵی ئەم بەندەدا پرۆگرام دێتەسەر باسی "دەسەتگێرەکان"، کتێب فرۆشەکان و شمەک فرۆشانی سەرجادە" و دەنووسێت:

- کارئاسانی بۆ فرۆشیارە دەستگێڕەکان، کتێب فرۆش و شمەک فرۆشەکانی سەر

جادە، ئەرکی حکومەتە، بەرلەوەی دەرفەتی کاریان لە شوێنە گشتییەکاندا بەرتەسک بکاتەوە، شوێنی کاری شیاویان بۆ دابین بکات. بیمەی کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی و موچەی خانەنشینییان لە تەمەنی یاساییدا بۆ دابین بکا".

لەپەیوەند بەم خاڵەشەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەدوای پەیداکردنی "شوێنی کار"ەوەیە بۆ زەحمەتکێشانێک کەبەهۆی بێکاری و نەبوونییەوە دەستیان داوەتە کارێک کەلەڕاستیدا کارێک نییە شایەنی ئینسانی ئەم سەردەمە بێت. بزووتنەوەی گۆڕان لەخەمی ئەوەدایە کەئەم کەسانە بەکارەکانیان "شوێنەگشتییەکان بەرتەسک دەکەنەوە" و بۆئەوەی ئەم حاڵەتە چارەسەرکات، باسی کارئاسانی دێنێتە ئاراوە و بەم جۆرەش خودی ئەم جۆرە لەکار ئەبەدی دەکا و دەیهێڵێتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان جگەلەوەی کەنایەوێت سەرچاوەی ئەمجۆرە کارانە بگێڕێتەوە بۆ دیاردەی بێکاری و هەژاری و لێرەوە بۆچارەسەر بگەڕێت، هاوکات کاری دەستگێڕی و بۆیاغچێتی و شمەک فرۆشی سەرجادەکان، کەزۆرجار "سواڵکردن"یشی پێ تێکەڵ دەبێت، بەشایستەی گەنجان و ژنان و هاوڵاتیانێکی پیر و پەککەوتە دەزانێ. بەڕاستی خەڵکی کوردستان لەگەڵ عەجیب دادوەرێک بەرەوڕوون؟!

## 10/ دادی کۆمەڵایەتی و کرێکاران و جوتیاران:

دوا بابەتێک کەلەم بەشەدا و لەپەیوەند بە تەوەرەی دادی کۆمەڵایەتییەوە قسەی لەسەر دەکەین، بەندێکە کە پرۆگرام تایبەتی کردووە بەهەردوو توێژی کرێکاران و جوتیارانەوە و لەم بارەشەوە نووسیویەتی:

" پشتیوانیکردنی هەردوو توێژی کرێکاران و جوتیاران لەڕێگای:

_-هاندانی هێزی کاری کوردستانی لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا.

_ -چالاککردنی سەندیکاکانی کرێکاران و جوتیاران بەجۆرێک گوزارشت لە خەم و داواکاریی ئەو دوو چینە بکەن و نەچنە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسییەوە.

_-دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی خێزانی و خانەنشینی بۆ ئەو کرێکار و جوتیارانەی کە دەگەنە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، یان لەکاتی کار و بەرهەمهێناندا دوچاری گیانلەدەستدان، کەمئەندامی، نەخۆشی و جۆرەکانی تری مەترسی

دەبنەوە".

سەرەتا با لەسەر خودی خاڵەکان ڕاوەستین:

**یەکەم،** ناوبردنی کرێکار و جوتیار* بە "توێژ" ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ بێنرخ کردن و لاواز نیشندانی کرێکارانی کوردستان، لەچاو "بەش، کەرت، پێکهاتە، پیشە، ڕەگەز" و هەموو ئەو دابەشکردنە بەرژەوەندیخواز و ئایدۆلۆژییەدا، کە بزووتنەوەی گۆڕان کۆمەڵگای کوردستانی پێ دابەش کردووە و لەم ڕوانگەیەوە باسی دادی کۆمەلایەتی لەپرۆگرامەکەیدا پێ نووسیوەتەوە.

**دووەم،** "هاندانی هێزی کاری کوردستان بۆکارکردن لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا" چ بەهایەکی بۆ کرێکاران هەیە و لەم خاڵەدا دەبێ چ ئاستێک لەدادی کۆمەلایەتی بۆکرێکاران مومکین بێ! ئایا هاندان بۆ کارکردن لە "بەرهەمهێنان و ئاوەدانکردنەوەدا" شتێکی لەوە زیاتر دەبەخشێ بەکرێکاران کەتا ئێستا پێیاندراوە؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەئینسانی کرێکار تەنها لەو حاڵەتەدا باسدەکرێن کە شانومل بدەنەبەر کارێک کەچینی دەسەلاتدار دەیخوازێ؟ ئەگەر مەبەست لەم خاڵە ئەمە نییە، تکایە پێمان بڵێن هاندانی هێزی کار بۆ کاری ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنانی زیاتر چ

---

*/ لەڕاستیدا، هێنانی جوتیاران وەک "توێژێک" لەپاڵ کرێکاراندا، نیشانەیەکی عامگەریی و نازانستییە کەبزووتنەوەی گۆڕان لەمەڕ بوونی جوتیار وەک چینێک لەکۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمڕۆی کوردستاندا، دوپات دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هەمووئەو ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییانە ببینێ کەبەسەر پێکهاتی دانیشتوانی گوند و لادێکانی کوردستاندا، لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، هاتووە، بەتایبەتی دوای پرۆسەی ئیسلاحی زەراعی سالانی 1972 بۆ 1974. ڕەنگە سەرچاوەی ئەم بۆچوونە حزبی شیوعی بێت کەتائێستاش بڕوای وایە "بازووی کار جوتیار و کرێکارە". بەلام بەدەر لەبەکارهێنانی میتۆدی فیزۆکراتیزمانە بۆ ناسینەوەی چینە کۆمەلایەتیەکان، لەسەر بنەمای جۆری کاری تایبەت، وەک ئەوەی کەهەرکەس کاری کشتوکاڵ بکات ئیتر جوتیارە و ئەوانەشی کار لەزەویدادەکەن و کشتوکاڵ دەچێنن ئیتر سەربەچینی جوتیارانن، ئەگەر ئەمڕۆ واقعیەتی چینایەتی دابەشبوونی سەرمایەدارانەی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستانمان نیشاندەدەن. کرێکاری لادێ، موڵکداری بچوک و خاوەن زەوی و زاری گەورە و پرۆژە کشتوکاڵیەکان، پرۆژەی ئاژەڵداری و پەلەوەرو ماسی.. ئەمانە کەلەپەیوەند بەئەرز و ئاوەوە بەڕێوەدەبرێن وەک هەر کارێکی تری کارگەیی و مانیفاکتۆری، خەسلەتێکی سەرمایەدارییانەیان هەیە نەک دەرەبەگی تا کارکردوانی بەجوتیار ناوببرێن. بەم جۆرەش ناکۆکی چینایەتیی نێوان کرێکار و سەرمایەدار و بەشەکانیان، بەهەمان ناوەرۆکەوە لەگوندەکان و کاری کشتوکاڵیدا ئامادەیە..

سودێکی زیاتری لەوە هەیە بۆ کرێکاران کە لەسایەی دەسەڵاتی ئێستادا بەنسیبی کراوە؟
**سێهەم،** لەباسی "چالاککردنی سەندیکاکانی کرێکاران و جوتیاران"یشەوە، دەبێ ئەوە بڵێین کەبزووتنەوەی گۆڕان تەنها چاوی لەپاشماوەکانی حزبی بەعسە بۆ کرێکاران کەئێستا لەلایەن حزبەکانی دەسەڵاتەوە لەدژی ماف و ئازادییەکانی کرێکاران بەکاردەبرێ. بزووتنەوەی گۆڕان کەبەهیچ کلۆجێک نەچوە بەلای ئازادی ڕێکخراوبوونی کرێکاران و پێکهێنانی ڕێکخراوەی خۆیان، یەکسەر چەسپاوە بە سەنیدکاگەلێکەوە، کەنەک کەمترین گوزارشت لەخواستەکانی کرێکاران و جوتیاران ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارە بۆ سەرکوت و پارچەپارچەکردنی ڕیزەکانیان و داسەپاندنی هەلومەرجێکی نابەرابەری کار و ژیان بەسەر ئەم چینەدا.

بەڵام هەروەک ئەوەی ئێمە لەبەشەکانی پێشوودا، باسمان کردووە، کەبزووتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی ناسیونالسیتی تر، خاک و نەتەوە و پیرۆزییە نیشتمانییەکان و کوردبوون و کوردایەتی... ئەو چەمکانەیە کە ناسنامەی خۆی وەک ڕەوتێکی سیاسی ناسیونالیستی و ڕیفۆرمخواز، ناساندووە، بەپێویست ئینسان و ناسنامەی ئینسانی و چیانیەتی و لایەنگری بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان، نەک هەر جێگایەکیان نییە، بەڵکو بەڕۆشنی وجودی کرێکاران وەک چینێکی گەورە و خاوەن قورسایی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئینکار دەکرێ و هەوڵ دەدرێ وەک "توێژ، پیشەوەر" نیشانبدرێ و بکەوێتە ژێر دەستوقاچی "کەرت و ڕەگەز و پێکهاتە قەومی و ئاینییەکانەوە". ئەمە لەکاتێکدایە کە کرێکاران، بەرهەمهێنەری بنەڕەتی کۆمەڵگای کوردستانن و لەسەر ڕەنج و شانی ئەوان داهات و ڕێچکەی ئابووریی وڵات دەچەرخێ. لەمەش زیاتر خودی ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەپرۆگرامەکەیدا، بەهیچ جۆرێک نەچووە بەلای یاسای کاری کرێکاران و لائیحەی دەستەبەری ڕەفاهی کۆمەڵایەتیدا، تەنانەت نەباسێک لەماف و ئازادییەکانی کرێکاران دەکات، لەوانە، ئازادی مانگرتن و ڕێکخراوبوون، ئازدی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کرێکاری، مافی بەهرەمەندبوون لە کرێی شیاو، سەلامەتی شوێنی کار، پشوو و مۆڵەت، خانەنشینی و خزمەتگوزارییەکان... وەختێک بزووتنەوەی گۆڕان بازی بەسەر هەموو ئەم بابەتانەدا داوە و هیچ قسەیەکیان لەسەر ناکات، دیسانەوە بەپێویست ئەوەی وتوویەتی و دەیڵێت لەمەڕ دادی کۆمەڵایەتییەوە بۆ "توێژی کرێکار و جوتیار" نەک هەر ناتوانێ وەڵامی شایستە

بداتەوە، بەڵکو نابەرابەرییەکی ڕۆشنی چینایەتی لەکۆمەڵگادا، ڕادەگرێ و پشتیوانی مانەوەی لێدەکات.

## وەک بەرئەنجام:

وەک بەرئەنجامێک لەم باسەی کە کردمان، ئەتوانین بەڕۆشنی ڕاگەیەنین، کە ڕوانگەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی دادی کۆمەڵایەتی، ڕوانگەیەکی بۆرژوازییانە و بنەماگرتووە لەبەرژەوەندیەکانی چینی دەسەڵاتدار و خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدارانی کوردستان. خودی ئەوەی ڕیشە و لایەنەکانی بێدادیی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا، لەسەر بنەمای پلوڕالیزمێکی ڕەگەزی، ئیتنیکی، پیشەوەری، جوگرافی، دەبینێ و واقعیەتی دابەشبوونە چینایەتییە کۆمەڵایەتیەکان و سەرمایەداری بوونی کۆمەڵگای کوردستان، ئینکار و دەسڕێتەوە، تەنانەت خودی ئەوەی کە "جیاوازییەکان و نابەرابەرییەکان" لەڕواڵەتی "کەرتە کۆمەڵایەتیەکان، پێکهاتە قەومی و ئاینییەکان، ڕەگەزی نێرومێ، پێشمەرگە و شەهیدان... و شتی لەم بابەتەدا دەبینێ و دەیانکاتە قاڵبێک بۆ تەحقیقی دادی کۆمەڵایەتی، لەبنەڕەتەوە دامەزراندنی "کۆمەڵگایەکی ئینسانی، ئازاد و بەرابەر، خۆشگوزەران و باشتر" ڕەت دەکاتەوە، تەنانەت لەمەش کەمتر چەمکی هاوڵاتی یەکسان وەک بنەمایەک بۆ دادی کۆمەڵایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیخاتە لاوە.

دادێکی کۆمەڵایەتی کەبزووتنەوەی گۆڕان لە مەسەلەکانی هەژاری و بێکاری، خواستەکانی منالان و گەنجان، دۆخی ناهەمواری ژنان، مووچە و بیمە کۆمەڵایەتییەکان و...دا بەشوێنیەوەیەتی، جگەلەوەی ڕیفۆرمێکی ناتەواو کرچوکاڵ و وەڵامدەرەوە نییە بە ماف و ئازادی و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییانی کوردستان، هاوکات بەبەراورد بەو ڕیفۆرمانەی کەچینی بۆرژوازی لەئەورووپادا گرتویەتیەبەر، زۆر لەدواوەیە. بزووتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی ناسیونال بۆرژوا ڕیفۆرمیستی، کەدەستدەگرێ بەخودی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و قانونی و ئیداری و ئابووریی ئێستای کوردستانەوە و تەنانەت خودی ئەوەی کەپەرلەمان و دەزگا حکومییەکان و وەزارەتەکان وەک تەنها ڕێگا و میکانیزمی گەیشتن بەدادی کۆمەڵایەتی، بەدەستەوەدەگرێ، بەپێویست، ڕیفۆرم و چاکسازییەکان و سەرلەبەری دادێکی کۆمەڵایەتی کەواتای لێداوە، لەپڕۆگرامەکەیدا، هەموو ئەو نابەرابەری و

## خەسرەو سایە

جیاکاری و ستەم و زوڵمە دەهێڵێتەوە کەبەسەر بەشەکانی هاوڵاتییانی کوردستانەوەیە. ئامانجێک کەبزووتنەوەی گۆڕان هەیەتی لە "دادی کۆمەڵایەتی" جگەلەوەی تەعدیلێکی بۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی سیستەمی مەوجودە، لەهەمانکاتدا هەوڵدانە بۆ ڕووسپی کردنەوەی دەسەڵاتی ئێستای بۆرژوازی کورد و دەرکێشانیەتی لەژێر فشاری نارەزایەتیەکانی جەماوەردا و سەرەنجام سەپاندنی "هاوسەنگی"یەکی دروستکراوی خۆیەتی بەسەر خەڵکی ستەمدیدەی کوردستاندا، تا بەوەهمی چاکسازییەوە دۆخی ئێستا قەبوڵ بکەن .

ماویەتی **نیسانی 2017**

# (٦)

# پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## بەشی سێیەم: لەسەر ئاستی پارێزگاکان

### "نەناوەندێتی".. ترس لەدیکتاتۆری و وەهمەکانی ناسیونال ڕیفۆرمیزم!

**پێشەکی:**

"پڕۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەرئاستی پارێزگاکان" ناونیشانی دوایین بەشە لەپڕۆگرام کە لەکۆتا بەشی ئەم باسەدا هەوڵدەدەین لەسەر ناوەڕۆک و تەوەرەکانی ڕاوەستین. بەڵام وەک ئەوەی کەپڕۆگرام عەزمی گرتووە ڕەوتی چاکسازیەکانی خۆی، تاسەر ئاستی بردنی کوردستانی عێراق بەرەو "هەرێمێکی بەهێز" بەرێت، ناچارە بەوەی کە "پارێزگا و شارەوانیەکان" وەک دوایین ئەڵقەکانی ئەم ئامانجە بەدەستەوە بگرێ، چونکە گەرەکیەتی وانیشان بدات کە پرۆسەی چاکسازی لەئاستی "هەرێمایەتی"دا ڕاناوەستێ و بۆ بەشی خوارەوەی جوگرافیایەک شۆڕدەبێتەوە، کەلەلایەن چەند حزبێکی میلیشیایی ناسیونالیزمی کوردەوە، بەڕێوەدەبرێ. بەڵام ئەو خاڵەی کەئەم بەشەی پڕۆگرام لەبەشەکانی تر جیادەکاتەوە، ترس و کۆمەڵە وەهمێکە کە ڕەوتی ناسیونال ڕیفۆرمیزم گیرۆدەیەتی. یانی ترس لەدیکتاتۆریەت و گیرۆدەبوونە بە وەهمەکانی بەرینکردنەوەی دیموکراسی لەڕێگای "چەمکی نەناوەندێتیەوە"، ئەویش بەمانای دەستبردن بۆ "دیموکراسی

کارگێڕی" و "دیموکراسی جوگرافی" و ناساندنیان وەک هەنگاوگەلێکی ڕیفۆرمیستانە، کەهەم لە قازانجی خەڵکە و هەم ئاڵوگۆڕێک لەسیستەمی حوکمڕانی ئێستادا بەدیدێنێ! دیارە ئەمەش بەدوای تەجروبەی زیاتر لەچارەکە سەدەیەک لەحوکمڕانی بۆرژوازی کورد، کەسەرانی بزووتنەوەی گۆڕان تێیدا هاوبەشن.
لەلایەکی تریشەوە ئەم بەشەی پرۆگرام ئەگەرچی سێ تەوەرەی لەخۆ گرتووە بەناونیشانەکانی: "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی"، "کاراکردنی ڕۆڵی شارەوانیەکان"، "پلانسازی بەگوێرەی تایبەتمەندی پارێزگا و شارەوانیەکان".. وە بۆهەریەک لەم تەوەرانەش چەندین خاڵ وەک وەعدە و بەڵێن ڕیزکراون، بەڵام لێرەشدا دیسانەوە چەمکی "نەناوەندێتی" ڕایەڵە و پشتێنەیەکی پێکەوە بەستنەوەی تەواوی تەوەرەکان و خاڵەکانی ئەم بەشەیە و هەرلێرەشەوە باسی "پارێزگا و شارەوانیەکان و پلانسازی" مانا و سەنگیان پێدەدرێ. هەربۆیە ئێمەی ناچار بەوەکردووە کە بەر لەهەر شتێک لەسەر ناوەڕۆکی ئەم چەمکە و ئامانج لەبەکاربردنی ڕاوەستین. کەوایە واتای چەمکی نەناوەندێتی/لامرکزیەت، چیە؟ پێشینە و زەرورەتی سەرهەڵدانی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

## نەناوندێتی، پێشینە و زەرورەتی سەرهەڵدانی:

سەرەتا ئەگەر کەمێک لەو پێناسە لەفزیەی کەبزووتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی "نەناوەندێتی"، لەپرۆگرامەکەیدا کردویەتی، دوورکەوینەوە و هاوکات ئەو دابەشکردنە دووجەمسەریەش ڕەتکەینەوە کەدڵخوازانە لەنێوان "ناوەندێتی و نەناوەندێتی- مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت"دا پێکێهێناوە، "مەرکەزیەت" بۆتە شەیتانێک و "لامەرکەزیەت"یش کراوەتە "ئامانجێکی پیرۆز"، ئەوا لەدونیای واقعدا، ناوەندێتی و نەناوەندێتی دوو ڕووی سیستەمە سیاسی و کارگێڕیەکانە و بگرە لەهەندی وڵاتدا، وەک تەواوکەری یەکتر لەژێر کاریگەریی چەند فاکتۆرێکدا جێگایان بۆکراوەتەوە. لەئاستێکی تردا نەناوەندێتی واتا و مەودایەکی یەکلایەنەی نیە و بەتەنها لەبواری کارگێڕیدا ڕاناوەستێ. هەربۆیە پێناسە و مەوداکەشی دەگۆڕدرێ و سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەخۆیەوە دەگرێ. بۆنموونە باسی نەناوەندێتی لەبواری ئابووری و مالیدا، پێناسە و سنوورەکانی جیاوازە، لەنەناوەندێتی سیاسی و حوکمداریدا، ئەمیش دووبارە لەگەڵ نەناوەندێتی یاسایی و کارگێڕی و دابەشبوونە ئیقلیمی

و لۆکاڵیەکاندا جیاوازی هەیە. بەڵام خاڵی هاوبەش وەک ئەوەی ئەکادیمیست و لێکۆڵیارەکانی بواری سیستەمە کارگێڕیەکان لەپەیوەند بەپێناسەی چەمکی نەناوەندێتیەوە بۆ هەموو بوارەکان، ئاماژەیان پێکردبێ، مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، بڕیاردان و دابەشکردنی ئیمکاناتەکان و دیاریکردنی سنوورەکانی بەڕێوەبردنە ( پلانسازی) ، لەچوراچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا، بەمجۆرەش نەناوەندێتی ناکەوێتە سەرووی خودی دەوڵەتەوە، وەک ئەوەی بونیادێک و دامەزراوەیەکی یەکجێیە. کەوایە مادام دەوڵەت خۆی ئۆتۆریتەیەکی ڕەها و جێگیر و باڵادەستە بەسەر هەرجۆرە دابەشکردنێکی دەسەڵاتە محەلیەکان و ناوەندەکانی بڕیار و دابەشکردنی سامانەوە، مادام کەدەوڵەت خۆی وەک هێزێکی قەهری وسەروو خەڵکی لەگۆڕدایە و قانون و سوپا و پۆلیس و زنیدان و سزا و ئاین و زمان و ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی و دەیان فاکتۆری تری بەدەستەوەیە، نەناوەندێتی ناتوانێ لەحوکمەکانی مەرکەزیەت دەرچێ و ڕێچکەیەکی ڕەهای هەبێ، تەنانەت ئەگەر لەوپەڕی دوورمەوداشدا واتا و سنوورەکانی بۆ دیاریکرابێت. بەڵام خودی پێشینەی ئەم باسە لەکوێوە هاتوە و چۆنە وا ڕەوتێکی وەک بزووتنەوەی گۆڕان بەعەشقێکی دێوانەوە لێی دەڕوانێ و کردویەتیە بنەمایەک بۆ بەرنامە چاکسازیەکەی؟

وەک زاراوەیەک چەمکی نەناوەندێتی لەپاڵ ناوەندێتیدا، مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنی بۆرژوازیدا، لەئەمریکا و ئەوروپادا بەکار براوە، بەڵام زەروورەتی ئەم بەکاربردنەش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەرکەزی و کۆکردنەوەی دەسەڵاتە محەلی و ئیقلیمیەکان بووە، لەیەک کیانی سیاسی و سەراپاگیری ئیداریدا. بەواتایەکی تر پەنابردن بۆ نەناوەندێتی سیاسی و کارگێڕی و یاسایی، لەئەوروپادا، پێداویستیەک بووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکان و دەسەڵاتداریێتی پاشایەتی و حوکمی محەلی دەرەبەگەکان و کۆکردنەوەی ئەم یەکانە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو و موتەمەرکزدا، دەوڵەتی فیدراڵ/ ئیتحادی، لەئەمریکا و سویسرا و ئەڵمانیا و نەمسا، تا دەوڵەتانی ئەسکەندەنافی بەرۆشنی پێمان دەڵێن کەنەناوەندێتی وەڵامێک نەبووە بۆ بەرگرتن بەسەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان باسی دەکات، تەنانەت بۆ بەرینکردنەوەی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا نەبووە، بەڵکو بەپلەی یەکەم و لەبنەڕەتەوە بۆ قایمکردن و زاڵکردنی دەوڵەتی موتەمەرکیز و یەکپارچەبووە بەسەر

واقعیەتی چەند پارچەیی و لێکدابڕانە ناوچەییەکان کەوەک پاشماوەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی و ناوچەییەکان لەئارادابوون. لەڕوانگەی ئابووریەوە ئەم کردەیە ڕووی لەئامانجی دامەزراندنی بازاڕی ناوخۆ و بەرینکردنەوەی سنوورەکانیەتی، تا ئابووری سەرمایەداری قەوارەیەکی سیاسی نوێ لەخۆی بگرێ. بەمجۆرەش باسی نەناوەندێتی لەیەک زەرووەرەتی مێژوویی و سیاسی و ئابووریەوە و لەپەیوەند بەمەرکەزیەتەوە کاری پێکراوە.

بەڵام باسی نەناوەندێتی لەپەیوەند بە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقاوە، ڕەوەندێکی تری هەیە، کەزیاتر وەک پێداویستیەکی سیاسی لەچوارچێوەی پرۆژەی بەدیموکراسی کردنی ئەم وڵاتانەوە لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە لەدەورەیەکی دیاریکراودا، بەدەستەوە گیراوە. بەدیاریکراوی چەمکی نەناوەدێتی وەک چەمکێکی بەپیرۆزکراو کەهەموو پرۆسە و کردە دیموکراسیەکانی پێوە گرێدرابێتەوە، لەناوەڕاستی دەیەی هەشتا بۆسەرەوە، بەفراوانی هێنرایە ناو ئەدەبیاتی کارگێڕی و سیاسی و مالیەوە و وەک کەمپینێک بۆ بەشەیتانکردنی مەرکەزیەتی دەوڵەت و سیستمە کارگێڕیەکان بەدەستەوەگیرا. کەمپینێک کەسەدان و بگرە هەزاران نووسەر و لێکۆڵیار و ئەکادیمیست لەمەڕ ناساندنی چەمکی نەناوەندێتی و لایەنە باشەکانی ملیۆنەها لاپەڕەیان ڕەشکردەوە تا زەمینە زەینیەکانی ڕاکێشانی "پرۆژەی دیمکراسی" ڕۆژئاوایی بۆ وڵاتانێک کەلەبازنەی ئابووری و سیاسەتی "ڕوسیای کۆمۆنیست"دا قەراریان گرتبوو هەڵخات. بەتایبەتی بەدوای ڕووخانی بلۆکی شەرق و سەرهەڵدانی دونیای یەکقوتبی بەڕابەری ئەمریکا، "دەورانی گوێزانەوەی دیموکراسی" بۆ وڵاتانی ڕۆژهەلات، "نەناوەندێتی کارگێڕی و سیاسی، مالی و ئابووری، ناوچەیی و ئیقلیمی.." بە هەموو بوارەکانیەوە، بووە یەکێک لەپێداویستیەکانی "تیۆری دەوران" بۆ ڕەوتی پەرەسەندنی سەرمایەداری و دامەزراندنی فۆرمێکی تازە کەپەیوەندیەکانی نێوان کار و سەرمایە لەبازاڕی ناوخۆی ئەم وڵاتانەدا، لەپەیوەند بە سەرمایەی ئیمپریالیستی و کارتیلەکانیەوە دەیخوازێت، کردە یەکێک لەپێداویستیەکانی سەردەم کەدیارە بەبێ پێناسەکردنەوەی فۆرمی دەوڵەت و ئارایشتدانەوەی سیستمی کارگێڕی و یەکە جوگرافیەکانی مومکین نەبوو. بەواتایەکی تر لەدەورەیەکدا کەکۆلۆنیالیزم کۆتایی دێ و ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی "دەوڵەتانێکی سەربەخۆ" دەکرێتەوە، شکڵگرتنی دەوڵەتانێکی

موتەمەرکز و چەقبەستووی دەسەڵات، لەدەستی تاکە حزبێک و بنەماڵەیەکدا، یانی دەسەڵاتی "حزبی قائید"، دەوڵەتی ئیستبدادی و سەرکوتگەر، بووە یەکێک لەپێداویستیە سەرەکیەکانی جێخستنی ئابووری سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا، لەسەر بنەمای هێزی کاری هەرزان و حەوزەی وەبەرهێنانی سەرمایەی ئیمپریالسیتی و لەپەیوەند بەکاردابەشکردنی جیهانی و هاوسەنگی نێوان هەردوو بلۆکی شەرق و غەربەوە، بەم پێیەش مەرکەزیەت و ناوەندێتی لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ئیداریدا، وەک پێداویستی ئەم دەورەیە جێگای گرت. ئەوا بەدوای هەڵوەشانەوەی دونیای دوقوتبی و بەتایبەتی هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆڤیەت کەپشت و پەنا ئابووری و سیاسیەکانی ئەمجۆرە دەوڵەتانە بوو، مەسەلەی ئارایشتدانەوەی نەزمی سیاسی و ئیداری و ئابووری لەلایەن ئەمریکاوە وەک ستراتیژی نەزمی نوێی جیهانی سەری هەڵدا، بەدیموکراسی کردنی ئەم "دەوڵەتە موتەمەرکز و دیکتاتۆر و ئیستبدادیانە" کرانە بازنەی ئاڵوگۆڕێک کە سەرمایەداری ئیمپریالیستی و جیهانی لەدەورانی یەک جەمسەریدا دەیخواست و لەم پەیوەندەشدا "چەمکی نەناوەندێتی" وەک پاشکۆیەک بۆ دیموکراسی کردنی ئەم دەوڵەتانە و فۆرمە سیاسی و ئیداریەکانی تاسەرئاستی پێناسەکردنەوەی دەستور و یاساکانی ئەم وڵاتانە بەدەستەوە گیرا. بەڵام خودی ئەوەی کە "گوێزانەوەی دیموکراسی" بۆ ئەم وڵاتانە لەبنەڕەتەوە پشتی بەستبوو بە هەڵوەشانەوەی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان، دەستی برد بۆ دروستکردنی ناسنامە ئسنیکی و ئاینی و دابەشبوونە قەومی و تایەفەییەکان و لێرەشەوە "دیموکراسی نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەکان" خرایە بری مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان. لەپاڵ ئەمەشدا هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنەوەی "تایبەتمەندیە جوگرافیەکان، تەقدیسکردنی بەرژەوەندی تاک، تایبەتمەندی گروپی و کلتوری و ئاینیەکان" بەمەبەستی لێدان لەبەرژەوەندی گشتی و ژیانی هاوبەش و چوونیەکی.. لەم چوارچێوەیەشدا چەمکی نەناوەندێتی وەک بنەمایەک بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەسەر ئەم ناسنامە دروستکراوانەدا و کۆکردنەوەیان لەدەوڵەتی تازەی "فرە حزبی، فرە نەتەوەیی و ئاینی و تیرەگەری"دا بەناوی دیموکراسیەوە، وەک قاعیدەیەک پەیڕەوی لێکرا. تەنانەت وەک تیۆریەک بۆ دابینکردنی "ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان"، واتای پێدرا. لۆکاڵی کردنەوەی حکومەت و سیستمی کارگێڕی لەسەر بنەمای جوگرافیایەک کە ئەم "پێکهاتانە و ئەم ناسنامە دروستکراوانە" تیا جێگیرن، وەک دوایین

ئەڵقەکانی ئەم پرۆژە سیاسیە خۆی دەرخست. کەدیارە ئامانجی کۆتایی لەگشت هەنگاوەکان و پرۆسەیەک کەئەم ستراتیژە چەمکی نەناوەندێتی تیا پیرۆز کردوە، شتێکی زیاتر لەوە نییە کە دەوڵەتی تازە دیموکراسی بتوانێ سیستەمێکی سیاسی و ئیداری وابێت کە دەخاڵەتی نوێنەرانی سیاسی بەشەکانی سەرمایە لەم وڵاتانەدا زامن بکا و لەدەوڵەتدا کۆیان بکاتەوە، تالەم ڕێگەیەوە "کۆمەڵگایەکی ئارام" لەبەردەم ڕەوتی وەبەرهێنان و بازاڕ و جوڵەی سەرمایەکاندا زامن بکات. بەڵام دیارە بەدەستەوەگرتنی ئەم پرۆسەیە و ئەنجامەکانی بەبێ پاساو و پروپاگەندە لەتوانادا نییە و لەم پەیوەندەشدا سەدان دەزگای بەدواداچوون و چاودێری و لێکۆڵینەوە، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئەوروپایی، ناوەندەکانی ئەکادیمیا و زانکۆکان.. خراونەتە گەڕ و چەمکی نەناوەدێتیان بۆ فریودانێکی بێسنوری جەماوەر برەوپێداوە. بەڕادەی ئەوەی کە "نەناوەندێتی ترسی گەڕانەوەی دیکاتۆریەت ناهێڵێ"، نەناوەندێتی زامنی دیمکراسی و ئازادیەکانە" ، "نەناوەندێتی بیرۆکراسی و گەندەڵی ناهێڵێ" " نەناوەندێتی لەبەرژەوەندی گشتیدایە"... ئەمانە هەمویان کەرەسەکانی بەدیموکراسی کردن و گوێزانەوەی بوون بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵام نموونەکانی دەوڵەتی تازەی عێراق⚜ و لوبنان کەلەسەربنامەی نەناوەندێتی سیاسی و کارگێڕی دامەزرانەوە و لەدەستوری ئەم دوو وڵاتەدا بەڕۆشنی جێگیر کراوە، پێچەوانەی هەموو ئەم پروپاگەندانەمان نیشان دەدات. لەم نموونانەدا، کەگۆماوی خوێن و کارەساتە تراژیدیەکان لەکوشتار و کاولکاری و شەڕی نەبڕاوەی نێوان

---

⚜/ یەکێک لەوخاڵانەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە پرۆگرامەکەیدا لەسەری ڕاوەستاوە" بەیاسایی کردنی نەناوەندێتی کارگێڕی و چەسپاندنی لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا." گوایە لەم ڕێگایەوە هەم دیموکراسی پەرەدەسێنێ و هەم بەرژەوەندی "پێکهاتەکان" مسۆگەر دەکرێ و هەمیش "تایبەتمەندی ناوچەکان" لەبەرچاودەگیرێ.. بەڵام ئەو واقعیەتەی کە لەنموونەی عێراقدا دەیبینین، شتێکی تەواو پێچەوانەیە. ئەوەتا دەستوری عێراق بەڕۆشنی نەناوەندێتی کارگێڕی لەمادەی 116دا جێگیرکردوە:

" العراق دولة اتحادية فيدرالية واحدة مستقلة ذات سيادة كاملة، نظام الحكم فيها

جمهوري نيابي برلماني ديمقراطي"، " يتكون النظام الاتحادي في جمهورية العراق من عاصمة و أقاليم و محافظات لامركزية و ادارات محلية".. بەڵام تراژیدیایەک کەلەم نموونەیەدا نەناوەندێتی پێشکەشی کردووە مەودا خوێناوی و کارەساتبارەکانی بۆ خەڵکی ئاشکرایە.. ئایا ئەم نموونەیە بەڵگەیەک نیە بۆ ناوەڕۆکی هەڵخەڵەتێنەرانە و تەوەهوم ئامێزی هەموو ئەو سیاسەت و بۆچوونانەی کەبزووتنەوەی گۆڕان لەپشتی "نەناوەندێتی کارگێڕیەوە" بەناوی چاکسازیەوە بەگوێی خەڵکیدا دەیدات؟

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

"پێکهاتەکان"دا خۆی دەرخستووە، ژیانی هاوڵاتیانی بردۆتە تونێلێکی تاریکەوە. تونێلێک کە نەک هەر ماف و ئازادیەکان بەهەمان شێوەی سەردەمانی دیکتاتۆریەت لەژێر پرسیاردایە، بەڵکو "نەناوەندێتی" بۆتە سیمایەک بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتە حزبی و میلیشیایی و تیرەگەری و قەومیەکان، کەدیاردەی گەندەڵی بۆ سەر ئاستی دزی و تالانچێتی بێسنور هەڵکشاندووە و نائارامی کۆمەلایەتیش بۆتە حاڵەتێکی بەردەوام. بەلام بۆئەوەی هەم ڕاستیەکانی ئەم بۆچونانە لەپەیوەند بەحزبی گۆڕانەوە بسەلمێنین و هەم بزانین ترس و خۆشخەیاڵیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەپەیوەند بەناوەندێتی و نەناوەندێتیەوە، بەکوێ گەیشتووە و دەیەوێت چ ئاستێک لەچاکسازی ئیداریان لەسەر بینا بکات، باشترە ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ خودی پرۆگرام خۆی.

### "نەناوەندێتی".. چاکسازی بەتامی ترس و بەرامەی وەهمەوە:

پرۆگرام سەرەتا لەیەکەمین تەوەرەی ئەم باسەدا بەناوی "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی"ەوە دەکەوێتە مەدح و سەنایەکی بێسنووری نەناوەندێتیەوە و بەرامەی وەهمێک پەخش دەکاتەوە و دەڵێت:

" بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە هاوتەریب لەگەڵ دنیای شارستانیدا گەشە بکا، بەبێ چەسپاندنی نەناوەندێتی (لامەرکەزیەت) ی کارگێڕیی کارێکی ئاستەمە. سەرەکیترین مەرجی دیموکراسی هاوچەرخ بریتیە لە دابەشکردنی دەسەلات و ئەرکەکان؛ بەلام ئەو دابەشکردنە تەنها لەنێوان دەسەلاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریدا کورت نابێتەوە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ دابەشکردن لەنێوان دەسەلاتی یەکە کارگێڕییە جیاوازەکان و دەسەلاتەکانی پایتەخت و پارێزگا و شارەوانیەکانیش.

ئەوەی لەم دەربڕینانەدا بەرجەستەیە ئەوەیە کە:

یەکەم: حوکمی ئەوەی کەبەبێ "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی"، "بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی لەهەرێمی کوردستان..." بەئەستەمدەکات! جگەلەوەی کە پێچەوانەکردنەوەی ڕاستیە کۆمەلایەتیەکان و تیۆری کۆمەڵناسیە، کە سیستەمە سیاسیەکان وەک بەرئەنجامێک لەفاکتۆری سیاسەت و ئابووری و زاڵبوونی فۆرمە ئابووریەکان وەک دەرهاویشتەیەکی

کێشمەکێشمە کۆمەڵایەتیەکان، چاولێدەکات، نەک لایەنی کارگێڕی. لەهەمانکاتدا فاکتۆری کارگێڕی لەسەروو ڕۆڵی سیاسەت و خودی و دابەشبوونە چینایەتیەکان و جێگای جەماوەر و بزاوتە سیاسیەکانی دادەنێ. لەکاتێکدا لایەنی کارگێڕی بەهەربارێکدابێت، واتە ناوەندێتی بێت یان نەناوەندێتی، خۆی پاشکۆ و بەرئەنجامی تەوازنی فاکتۆرەکانی سیاسەت و ئابووری و ڕۆڵی جەماوەر و بزاوتە سیاسیەکانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا، بەتایبەتی لەدەورەیەکدا کە ئارایشتدانەوەی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی مەترەح بووە. بەڵام حوکمێکی ڕەهای بەوجۆرە کەکوردستان بەبێ نەناوەندێتی کارگێڕی ناتوانێ "هاوتەریب لەگەڵ دنیای شارستانیدا گەشە بکا"، بێ مەبەست نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە چاکسازیە ئیداریەکانی حزبی گۆڕان لەدەرەوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرنی سکیولاری ڕاوەستاو لەسەر دەخاڵەتی خەڵک و مافەکانیان، بەخەڵک بناسێنێ و هەواڵەی گۆڕانکاریەکی تەکنیکی و ئیداریان بکات.

دووەم: ئەو بۆچوونەش کە "دیموکراسی هاوچەرخ" بەمەرجی دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکان، بۆسەر ئاستی "یەکە کارگێڕیەکان" دینێتە خوارەوە، ڕوانگەیەکی تەکنیکی و ئیداریە بۆ "دیموکراسی هاوچەرخ" کەلەم ساڵانەی دواییدا پۆستمۆدیرنیزمەکان پوچترین و بێناوەڕۆکترین جۆری مانا و واتایان بۆ "دیموکراسی" داهێناوە و دەڵێن کە ئەگەر دابەشکردنی دەسەڵات و ئەرکەکان بۆ سنوورەکانی کارگێڕی تائاستی کوێرە گوندێک نەڕوا و شۆڕنەبیتەوە، ئەوا دیموکراسی بەرقەرار نابێ و "تۆتالیتاریزم و دیکتاتۆریەت" شانسی مانەوەیان هەر دەمێنێ! بێگومان لەبۆچوونێکی وادا، جوگرافیا، ئیدارە، بەبنەما وەردەگیرێ و ماف و ئازادیەکان، هاوڵاتی بوون و دەخاڵەتی جەماوەر لەبەڕێوەبردنی وڵات و بڕیارداندا، شوێنێکی بۆنامێنێتەوە!

بەڵام ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت بەتایبەتی کەپرۆگرام لەدرێژەی خۆیدا لەمبارەوە دەنووسێت:

> "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی ڕێگری دەکا لە دروستبوونی دیکتاتۆریەت و گردبوونەوەی دەسەڵات لە تەنها شوێنێکدا، هەروەک ڕێگری دەکا لە چڕبوونەوەی ئەرک و فەرمان لە دەستی تاکە هێزێکدا. پیڕەوکردنی "نەناوەندێتی" ڕێگری دەکا لە بیرۆکراسی و ڕۆتین، کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان دەکا لە فەرمانگە

حکومیەکاندا، هەورەک کارئاسانی بۆ حکومەت و پەرلەمانیش دەکا، وەزارەتەکان دەتوانن زیاتر خۆیان بۆ پرۆژەی نیشتمانی سەرتاسەری تەرخان بکەن و سەرقاڵ نەبن بەو کارانەی کە دەکرێ ڕاستەوخۆ لە پارێزگاکانەوە بێ گەڕانەوە بۆ دیوانی وەزارەتەکان ئەنجام بدرێن."

بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە! بۆ قەڵەمێک کەوێراویەتی "نەناوەندێتی کارگێڕی" بەو هەموو پێداهەڵدانەوە بخاتە وەسف و ستایشەوە و وەک فاکتۆرێک بۆ "ڕێگرتن لەدروستبوونی دیکتاتۆریەت" و بۆ "ڕێگرتن لەبیرۆکراسی و ڕۆتین" بەخەڵکی بناسێنێ! گوایە دیکتاتۆریەت و بیرۆکراسی و کاری ڕۆتین بەرهەمی فاکتۆری جوگرافی و دابەشبوونی ئیدارین"! لەکاتێکدا ڕاستیەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەوروپایی بەو هەموو پێشکەوتنەوە کەهەیانە، تەنانەت بەوەشەوە کەلەباڵاترین ئاستدا پەیڕەویان لە"نەناوەندێتی کارگێڕی" کردووە، بەدەرنین لە "دیکتاتۆری دیموکراسی" و "بیرۆکراسی و کاری ڕۆتین"، چونکە تەواوی نیزامەکە لەسەر بنەمای ئابووری سەرمایەداری و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی هێزی کار و کاڵا دەڕوا بەڕێوە کەدەسەڵاتی چینە دارا و خاوەن کۆمپانیاکان بەڕێوەی دەبەن. ڕاستە لەم نیزامەدا ئیستبدادێکی ڕوت لەگۆڕنیە و ماف و ئازادیەکانی تاک بەڕادەیەک لەدەستور و یاسادا سەلمێنراوە، بەڵام دەوڵەت دیکتاتۆری ئەو چینەیە کە لەئابووریدا جێگای هەیە، بەرامبەر بەزۆرینەی کۆمەڵگا کەلەدەرەوەی دەسەڵاتی مادی و ئیمکاناتی کۆمەڵگا وەک خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ژیانی خوارەوەیان پێسپێردراوە. لەلایەکی ترەوە "دروستبوونی دیکتاتۆریەت" بەمانای حکومەتی ئیستبدادی، ئاکامی سیستەمە کارگێڕیەکان نیە، بەڵکو سەرخانێکی سیاسیە کە زەرورەتە ئابووری و چینایەتیەکان لەدونیای سەرمایەداریدا، دەیهێنێتە کایەوە. ترسێکیش کەبزووتنەوەی گۆڕان لە "دروستبوونی دیکتاتۆریەت" هەیەتی تەنها بۆئەویە کەماهیەتی دەسەڵاتدارێتی چینەداراکان لەبەرامبەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا پەردەپۆش بکا و پێیان بڵێ "مەترسن چاکسازیەکانی ئێمە لەڕێگای نەناوەندێتی کارگێڕی"یەوە دیکتاتۆریەت دەباتە قەبرەوە"!

بەڵام پرۆگرام لەمەدح و سەنای خۆی بۆ "نەناوەندێتی کارگێڕی" ناوەستێ و درێژە بەباسەکەی دەدات:

لەڕووی سیاسیەوە، نەناوەندێتی پێشمەرجی دیموکراسی هاوچەرخە، چونکە دیموکراسی سیاسی بەبێ دیموکراسی کارگێری تەنها دروشمێکە و لە ژیانی ڕۆژانەی هاولاتیدا ڕەنگ ناداتەوە. نەناوەندێتی لەڕووی کارگێڕییەوە حکومەتێکی چوست دروستدەکا، کە تیایدا فەرمانگە و یەکە کارگێڕیەکان ئەرک و دەسەلاتەکانی خۆیان دەزانن و ڕاستەوخۆ کاری هاولاتی ڕایی دەکەن. لەڕووی داراییەوە دادپەروەریی زیاتر دابین دەکا، بەتایبەتی لەو بابەتانەدا کە پەیوەندیدارن بە کۆکردنەوەی باج و ڕسومات و سەرفکردنی داهاتەکانیان لە سنووری پارێزگا و شارەوانیدا. لەڕووی کۆمەلایەتی و گەشەی مرۆییشەوە "نەناوەندێتی کارگێڕی" هاوئاهەنگی و پەیوەندی مرۆڤانەی نێوان هاولاتی و فەرمانبەر بەهێزتر دەکا، گیانی ناوچەگەری و شارچێتی لاواز دەکا و کێبرکێی شارستانی لەنێوان پارێزگا و شارەوانیە جیاوازەکاندا دروست دەکا.

سەیرکەن!.. و ببینن چۆن نەناوەندێتی پیرۆزکراوە! هێندە پیرۆزکراوە کەنەک هەر لەڕووی سیاسیەوە کراوەتە پێشمەرجی دیموکراسی! بگرە وەک دیاردەیەکی خەوشهەڵنەگر و بێعەیب وێناکراوە، بەڕادەی ئەوەی کە "دیموکراسی هاوچەرخ"، ژیانی ڕۆژانەی هاولاتیان"، "حکومەتێکی چوستوچالاک"، "دادپەروەری دارایی"، "گەشەی مرۆیی"، "هاوئاهەنگی و دوورکەتنەوە لەشارچێتی".. هەمووئەمانە بە نەناوەدێتی کارگێڕیەوە بەستراوەتەوە. ئەمە ئیتر ئەوە دەگەیەنێ کە نەناوەندێتی کارگێڕی بۆتە عەسایەکی سیحری بەدەستی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیەکان لەسیستمی حکومڕانی کوردستاندا، بەلام بەسەرنجدانێکی سادە بەئەدەبیاتی سیاسی و کارگێڕی ئەمڕۆدا دەتوانرێ بەسانایی پێچەوانەی ئەم دەربڕینانە لەبارەی نەناوەدێتیەوە بەدەستبێت:

یەکەم؛ سەرەتا بەپێچەوانەی مەدح و سەنای بزووتنەوەی گۆڕانەوە، نەناوەندێتی ناتوانێ بەدەربێت لەعەیب و کەموکوڕی. ئەم چەمکەش وەک ناوەندێتی لایەنی ئیجابی و مەنفی هەیە. بەلام بزووتنەوەی گۆڕان دیسانەوە بۆئەوەی ئەم چەمکە شیرین و پیرۆز بکات لەبەرچاوی خەڵک بەلای هیچ یەک لەکەموکوڕیەکانیدا، نەچووە. ئەمە لەکاتێکدایە نەناسراوترین نووسەر و پسپۆڕی بواری زانستی کارگێڕی، بەسادەیی ئاماژە بەوە دەکات کە مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت وەک دوو سیستمی جیاوازی کارگێڕی، جگەلەوەی لایەنی

تێکەڵاویان پێکەوە هەیە هەریەکەشیان هەڵگری لایەنی سلبی و ئیجابی خۆیەتی. بۆنموونە:

*/ نەناوەدێتی کارگێڕی پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری پێرسونەڵ و پسپۆڕ و بەڕێوەبەر هەیە کەدەبێ لەئاستی یەکە ئیداریەکان زامن بکرێ و بەدوای دابەشکردنی دەسەڵاتە ناوچەیی و محەلیەکان ڕۆڵبگێڕن. ئەم حاڵەتەش جگەلەوەی بەفیڕۆدانی هێزی زیادەی مرۆیی بەدواوە دەبێت لەڕووی مالیەوە مەسرەف گەراشە.

*/ نەناوەندێتی کارگێڕی کەدەسەڵاتی مەرکەزی هەڵدەوەشێنێتەوە، هاوئاهەنگی لەنێوان یەکە کارگێڕیەکاندا لەئاستی سەراسەریدا لاوازدەکا و "بەش دەخاتە ناکۆکەوە لەگەڵ گشتدا"، بەمجۆرەش ئیقرار و جوڵەی سەراسەری سیستم کز و لاواز دەکات.

* / نەناوەندێتی کارگێڕی، بەوپێیەی سەربەخۆی یەکە ئیداریەکان ڕەهادەکات، دووبارەبوونەوەی کردەماڵی و ئیداری و چاودێری و تەنانەت ئەمنیەکان بەرەوسەرەوە دەبات. کە دیارە ئەمەش بەنرخی مەسرەفکردنی زیاتری هێزی ئینسانی و تێچوونی زۆرتر تەواودەبێ.

*/ نەناوەندێتی کارگێڕی پەیوەندی و هاوسەنگی یەکەئیداریەکان هەڵدەوەشێنیتەوە و پشت بەتایبەتمەندیە ناوچەییەکان دەبەستێ، بەم پێیەش ژیانی هاوڵاتیان گیرۆدە بە لۆکاڵیزم و تەقدیس کردنی تایبەتمەندیەکانی خۆ دەکات و ڕەهەندی ئینتگراسیۆن و هاوبەشێتی سست دەکات.

*/ نەناوەندێتی کارگێڕی سیستەمەکانی چاودێری مەرکەزی، بوژانەوەی لێکچونیەکان، هاوبەشێتی و گەلێ سیفاتی ئیجابی تر لەبەین دەبات..

دووەم: دیسانەوە بەپێچەوانەی ئەوەوە کەبزووتنەوەی گۆڕان نەناوەدێتی کارگێڕی کردۆتە پێشمەرجی دیموکراسی، ئەم چەمکە پاشکۆی سیاسەت و ئابووری و هەڵسوکەوتی حزب و هێزە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانە، دیموکراسی بەمەفهومی باو لەلای هەر کەسایەتیەکی سادەی دیموکراسی خواز، پێشمەرجەکانی بەم فاکتۆرانە دیاری دەکات: ئامادەگی پەرلەمان وەک دامەزراوەیەک بۆ نوێنەرایەتی کردنی دەنگی خەڵک، دەنگدان و سندوقەکانی دەنگدان، پلورالیزمی سیاسی و پەیوەستەگی لایەنەکان بە گوێزانەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەڕێگای ئەنجامی دەنگدانەوە، پێکهێنانی حکومەت بەپێی ئیستحقاقاتی دەنگەکان، ئیقراری هەموو ئەمانە لەدەستور و یاسای وڵاتدا.. ئەمانە پێشمەرجی دیمکراسین و بڕیاردان لەسەر

نەناوەندێتی دوایین هەڵقەیەکە کە وەک پاشکۆی ئەم ڕەوەند و پرۆسەیە لەڕووی سیاسیەوە لەدیموکراسیدا بەم یان بەو ئاستە شوێن دەگرێ. تەنانەت لەهەر وڵاتێکدا ئەگەر سیستەمی حوکمڕانی لەسەر بنەمای ئەوجۆرە لەنەناوەندێتی دامەزراوبێت کەگۆڕان دڵخوازانە کەوتۆتە وەسفکردنیەوە، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە ئەم مەرجانە دەستەبەر نەکرابێ، دیموکراسی هیچ مانایەکی بۆنامێنێتەوە و لایەنی کارگێڕی ناتوانێ ڕەوتی سیاسی دیموکراسی دەستەبەربکات.

لەدوا وێستگەی مەدح و سەنای نەناوەندێتیدا، پرۆگرام سەر لەڕەخنەکردنی سیستەمی کارگێڕی هەرێمی کوردستان دەردەهێنێ و بەعەینەکی نەناوەندێتیەوە دۆخەکە بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنێ:

"ئەو سیستمە کارگێرییەی کە ئێستا لە هەرێمدا کاری پێدەکرێ تێکەڵەیەکە لە دەسەڵاتی مەرکەزی و حزبۆکراتی، لەو شوێنانەدا کە پێویستە پارێزگاکان دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکەن چەندین ڕێگریی مەرکەزیی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و یەکە کارگێریەکان دروستدەکرێ، ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان چەندین کۆسپی بیرۆکراتی بۆ پارێزگاکان و چەندین کەند و رۆتینیش بۆ هاوڵاتیان دروست دەکەن. لەو شوێنانەشدا کە پێویستە هەرێم پرۆژەی نیشتمانی خۆی لەسەر ئاستی هەموو هەرێم پیادەبکا و بودجەی نیشتمانی لە پەرلەماندا پەسەند بکرێ، دەسەڵاتی هەردو حزبی حوکمڕان سەرهەڵدەدا و ڕێگریی سیاسی و کارگێڕی بۆ یەکتر دروستدەکەن و بودجە بەگوێرەی کانتۆنی حزبی دابەش دەکەن، لە کاتێکدا قەڵەمڕەوی هەردو حزبی دەسەڵاتدار بەپێی دابەشبونی یەکە کارگێڕیەکان نیە، بەڵکو بەپێی ئەو سنورەیە کە پارێزگای سلێمانی و بەشێک لە پارێزگای هەولێری جیاکردۆتەوە لە پارێزگای دهۆک و بەشەکەی تری پارێزگای هەولێر، بەبێ بوونی هیچ سەنەدێک کە شەرعیەت ببەخشێتە ئەو دوو قەڵەمڕەوە حزبیە.

چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی و فراوانکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکان، زەمانەتی ئەوە دەکا کە کۆتایی بە مەرکەزیەت و بیرۆکراسیەتی بێبەرهەم بێت، هەروەک زەمانەتی ئەوەش دەکا کۆتایی بەو دو قەڵەمڕەوە حزبیەی هەرێم بێت

که دەسەڵاتی راستەقینەیان نە بۆ پارێزگاکان، نە بۆ پەرلەمان و نە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش نەهێشتۆتەوە"

ئەم دەربڕینانە جگەلەوەی واقعیەتەکانی "سیستمی کارگێڕی ئێستای هەرێم" ئاوەژوو دەکاتەوە، هاوکات ڕاستیەکان بەجۆرێک دەشێوێنی تا بتوانرێ لەگەڵ ئارەزووەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و چەمکی نەناوەندیتیدا بێتەوە. لەم پەیوەندەدا لەسەر چەند خاڵ ڕادەوەستین:

1/ بەپێچەوانەوە. "ئەو سیستمە کارگێڕییەی کە ئێستا لە هەرێمدا کاری پێدەکرێ" دەسەڵاتێکی "حزبۆکراتیە"، بەڵام لەواقعدا ئەم سیستمە نە مەرکەزیە و نەتێکەڵەیەکە لەم دوانە. ئەمە بەچ مانایەک؟

بەمانای ئەوەی کەیەکەم: سیستمی کارگێڕی بەبێ بوونی دەوڵەت نەواقعیە و نەمەوزوعیەتی هەیە، چونکە ئەوە دەوڵەتە دەسەڵاتەکان لەباڵاترین ئاستدا یەکجێ دەکاتەوە و بەپێی ویستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و هاوکێشەی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکان دابەش دەکا و قەوارەدەگرێ و بەقانون ڕێکی دەخات. بەڵام سەیر لەوەدایە پرۆگرام باس لەبوونی دەوڵەتێک لەکوردستان ناکا و بگرە دەسەڵاتی هەرێم بە "حزبۆکراتی" و دەسەڵاتی ناوچەیی حزبەکان لەقەڵەم دەدات، تەنانەت ئاماژە بۆ دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بەپارێزگا و قەزا و ناحیەکانەوە، وەک دوو ناوچەی جیاوازی کارگێڕی کە دوو حزب باڵادەستن تیایاندا، دەکات، کەچی هەرئەم واقعیەتەش دەخاتە خانەی مەرکەزیەتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەدەوڵەتێک لەکوردستان بوونی نیە تا حوکمی مەرکەزیەتی ئیداری بەسەردا بسەپێندرێت.

دووەم: لەئاستی حکومەتیشدا دیسانەوە بەمەرکەزیەت ناساندنی سیستمی کارگێڕی هەرێم، بۆچوونێکی ناڕاست و دوورە لەواقعەوە. چونکە دەسەڵاتی ناوچەیی حزبی وجودی حکومەتێکی یەکجێ و سەراسەری کەلەسەر بنەمای سیستمێکی کارگێڕی مەرکەزی راوەستابێت لەنێو بردووە. خودی ئەوەی کەپرۆگرام بەگلەیی کردنەوە لەدەسەڵاتی "حزبۆکراتی" دەڕوانێ و پێمان دەڵێت: "هەرحزبە بەپێی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی پارێزگاکان و یەکە ئیداریەکانی ژێردەستی خۆی بەڕێوە دەبا و دەسەڵاتیان پێدەدات"، وەیان ئەوەی کە "ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی نیشتمانی خۆی لەسەر ئاستی هەمو هەرێم

پیادە ناکات"، وەیاخود ئەوەی کە "بودجە بە گوێرەی کانتۆنی حزبی دابەش دەکرێ" .. هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆئەوەی کەحکومەتێکی یەکجێ لەئارادانیە تا سیاسەتی مەرکەزی لەئاست یەکە کارگێڕیەکاندا بەڕێوەبەرێ. بەمجۆرە ئەوەی واقعە دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابە کەلەسەر پاشماوەکانی سیستمی کارگێڕی بەعس قاچەکانی ڕاگرتووە و بەپێی دەسەلاتی ناوچەییان، لەغیابی دەوڵەت و دەستوردا، یەکە ئیداریەکان بەڕێوەدەبەن. بێگومان لەوەها حاڵەتێکیشدا، باسی "مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت" لەسیستمی کارگێڕی ئێستای هەرێمدا نەک هەر بابەتی نیە و لەگەڵ واقعدا گرێ ناخوا، بگرە ڕێگا ونکەرە و ناتوانێ بکرێتە بنەمایەک بۆ بەدەستهێنانی کەمترین ئاڵوگۆڕ لەسیستمی ئیداریدا. تەنانەت ئەگەر سەرنج لە هەموو ئەو پێکهاتوە ئیداریانە بدەین کەلەئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە ڕێکخراون وەیا بەپێی تەوافقی حزبی دانراون، لەنموونەی "ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، قایمقامیەت و بەڕێوەبەرانی ناحیەکان".. کەچی ناتوانن ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕن لەدیاریکردنی بەکردەوەی فۆرمی سیستمی کارگێڕی ئێستای هەرێمدا. هۆکاری ئەمە چیە جگەلەوەی کەدەسەلاتی ئەحزابی ناوچەیی شوێنی دەوڵەت و حوکمەتی سەراسەری گرتۆتەوە و هەرئەم حزبانەش هەموشتێک بەپێی دەسەلاتە ناوچەییەکانی خۆیان ڕەنگرێژ دەکەن. کەسێک گەربیەوێت باس لەگۆڕینی سیستمی مەرکەزی بۆ لامەرکەزیەت بکات، وەیا بیەوێت نەناوەندێتی ئیداری جێبخات، ئەوا دەبێت بەر لەهەر شتێک کۆتایی بەدەسەلاتی ناوچەیی حزبەکان بهێنی و لەجێگەیدا دەوڵەتێک و حکومەتێکی یەکپارچە دامەزرێنێ.

2/ لەوانەش زیاتر کەلەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد پرۆگرام زێدەڕۆییەکانی بەوئاستە دەگات کە "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی" زەمانەتە بۆ " کۆتاییهێنان بەو دوو قەڵەمرەوە حزبیەی هەرێم کە دەسەلاتی ڕاستەقینەیان نە بۆ پارێزگاکان، نە بۆ پەرلەمان و نە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش نەهێشتۆتەوە".. بەڕاستی موبالەغەیەکی ئاوا جورئەتێکی زۆری ویستوە و پێدەچێت نووسەرانی ئەم ڕستە و دەستەواژانە کون لەجەرگیاندا نەبێت، ئەگینا لەکوێ و لەچ زەمەنێکدا بووە و بینراوە کە "کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی میلیشیای ئەحزاب" لەڕێگای گۆڕینی سیستمی کارگێڕیەوە مەیسەر بووبێت! ئایا دەسەلات، دەوڵەت و حوکمەت، ڕەنگرێژی باری کارگێڕی وڵاتە یان بەپێچەوانەوە؟ ئایا لەواقعدا چەمکی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

نەناوەندێتی لەدەرەوەی بوونی دەوڵەت دەتوانێ چۆن کۆتایی بەفۆرمی دەسەڵاتە حزبیە ناوچەییەکان بهێنێ؟.. سەرەنجام ئەگەر وا فەرزکەین کەنەناوەندێتی کارگێڕی " زەمانەتی ئەوە دەکا کە کۆتایی بە مەرکەزیەت و بیرۆکراسیەتی بێبەرهەم بێنێت"، بەڵام ئایا لەحاڵەتی نەبوونی دەوڵەت لەکوردستان و زاڵبوونی دەسەڵاتی حزبیدا، نەناوەندێتی ئیداری، نابێتە مایەی دابەشبوونی زیاتری حزبیانەی کوردستان بەسەر ئەو ناوچانەدا کەهەرحزبە نفوزی تێدایە؟ ئایا حاڵەتێکی ئاوا لەبەریەک ترازاندنی کۆمەڵگای کوردستان نیە؟.. بزووتنەوەی گۆڕان بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە نەداتەوە و تەنانەت لەدەرەوەی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەژیانی خەڵکی کوردستان، بەفەرامۆشییان بسپێرێ، بەڵام خودی ئەوەی کە چەمکی نەناوەندێتی کراوە بەکلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی کوردستان، بەڕادەی ئەوەی کە بیرۆکراسی، گەندەڵی، شارچێتی، تەنانەت دەسەڵاتی دوو ئیدارەیی حزبی... ناهێڵێت، نیشانەیەکە لەگیرۆدە بوونی بزووتنەوەی گۆڕان و ڕەوتی ناسیونالْ ڕیفۆرمیزم بە وەهم و خەیاڵاتێک، کەبەقەد سەرەدەرزیەک ڕێگەی بەکردەوە دەرهاتنی لەبەردەمدا نیە. بەمجۆرەش ئەوە بزووتنەوەی گۆڕانە کەبۆ پاساودانی "چەمکی نەناوەندێتی"، جارێک پەنا بۆ "ترس لە دیکتاتۆریەت" دەبا و جارێکی تریش پەنا بۆ وەهمی چاکسازیکردنی دەسەڵاتی میلیشیایی دەبات.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا ئاماژەدان بەخاڵێک بەپێویست دەزانین ئەویش ئەوەیە کە:

پرۆگرام وەک بەرئەنجامێک لەم تەوەرە و لەباسی "نەناوەندێتی کارگێڕی"دا چەند خاڵێکی ڕیزکردووە کەڕووی لە "دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانە لەنێوان یەکە کارگێڕیەکاندا".. ئەم خاڵانە بەوپێیەی کەمانەوەی دەسەڵاتی ئێستا و حکومەتی حزبی بەفەرز وەرگرتووە و لەدەرەوەی بوونی دەوڵەت خراونەتەڕوو، جگەلەوەی هەنگاوگەلێکی تەکنیکی و دڵخوازانەی دوور لەواقعیان هەیە، لەهەمانکاتدا و لەباشترین حاڵەتی جێبەجێ بوونیاندا، ناتوانێ کەمترین گۆڕانکاری لەژیان و بژێوی خەڵکدا بەدواوە بێت. سەرەنجام دەبێت ئەوەش بڵێین: لەهەر وڵاتێکدا سیستمی کارگێڕی هەرچیەک بێت، ناوەندێتی بێت یان نەناوەندێتی.. ئەو فاکتۆرە کامەیە کەئەتوانێ پێوەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی خەڵک لەو سیستمەدا زامن بکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ڕاستگۆیی بزووتنەوەی گۆڕان و هەرحزبێکی سیاسی لەمەحەک دەدات:

زامن کردنی جێگاو ڕێگای خەڵک (هاوڵاتیان) لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، یانی فاکتۆری خەڵک چ لەبڕیاردان و دەرکردنی ڕێسا و یاساکاندا و چ لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسا و ڕێسایانەدا.. ئەمە ئەو فاکتۆرەیە کە ناسنامەبەخشی هەر سیستمێکی سیاسی –دەوڵەت و حکومەت– و کارگێڕیە. هەرلایەنێک بەقەد ئەوەی لەبەرنامەی خۆیدا پشتی بەم فاکتۆرە بەستووە بەو قەدەرەش لەبەرژەوەندی خەڵک و هاوڵاتیاندا تێدەکۆشێت. بەپێچەوانەشەوە دوورکەوتنەوەی هەر لایەنێک لەفاکتۆری ڕۆڵی خەڵک لەدەسەڵات و بەڕێوەبردندا، بەهەمان ڕادە لەدژی خەڵک و بەرژەوەندیەکانی ئەوان ڕاوەستاوە. بزووتنەوەی گۆڕان کەعەشقی نەناوەندێتی بووە و تەواوی گۆڕانکاری و چاکسازیەک کە "سیستمی کارگێڕی هەرێم" و "گەشەی مرۆیی" بەم چەمکەوە بەستۆتەوە و لەولاشەوە بەهیچ جۆرێک ئاماژە بۆ ڕۆڵی خەڵک ناکات و لەتەواوی برگە و بەندەکانی پرۆگرامەکەیدا جێگایەکی بۆ ڕۆڵی ڕاستەوخۆی خەڵک لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، نەکردۆتەوە، بەپێویست هەموو هەوڵەکانی بۆ جوانکردنی دەسەڵاتی ئێستا و مانەوەیەتی بەسەر سەری خەڵکەوە، بەڵام دیارە بۆ ئەم کارەی پەنای بۆ "ترس لەدیکتاتۆر و وەهمەکانی پشتی نەناوەندێتی کارگێڕی" بردووە.

## شارەوانیەکان، خزمەتگوزاریەکان و ڕیفۆرمەکانی بزووتنەوەی گۆڕان:

لەتەوەرەیەکی تردا بەناوی "کاراکردنی ڕۆڵی شارەوانیەکان" پرۆگرام چەمکی نەناوەندێتی کارگێڕی دەباتە ئاستێکی ترەوە کەئەویش شارەوانیەکان و مەسەلەی خزمەتگوزاریەکانە، بەڵام پێکەوە بەستنەوەی ئەم دوانە، واتە " تایبەتکردنی شارەوانیەکان بۆ پرسی خزمەتگوزاریەکان"، بە چ ئەندازەیەک "سیستمی کارگێڕی نەناوەندێتی" دەخاتە گرەوی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکان و ئەو چاکسازیانەی لەم ڕووەوە کەحزبی گۆڕان بەدواوەیەتی، ئەو خاڵە سەرەکیەیە کەلێرەدا لەسەری ڕادەوەستین. لەم پێوەندەشدا سەرەتا پرۆگرام دەنووسێت:

> " وەک چۆن کاراکردنی ڕۆڵی ئەنجومەنی <u>پارێزگاکان دیوە کارگێڕیەکەی دیموکراسی دەستەبەر دەکا</u>، کاراکردنی ڕۆڵی <u>ئەنجومەنی شارەوانیەکانیش دیوە خزمەتگوزاری و شارستانی و کولتوریەکەی سیمای شار و کۆمەڵگای مەدەنی مسۆگەر دەکا</u>."

ئەم پێناسەیە کەبۆ ڕۆڵی شارەوانیەکان لەسیستمی نەناوەندێتی کارگێڕیدا کراوە وەک ئەوەی کە "دیوە خزمەتگوزاری و شارستانی و کلتوریەکەی سیمای شار و کۆمەڵگای مەدەنی مسۆگەر دەکا"، دوو مەسەلەی سەرەکی بەرجەستەدەکاتەوە: یەکەمیان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردنە لەنێوان پارێزگا و شارەوانیەکاندا. بەپێی ئەم ئاڕاستەیەش پارێزگاکان "دیوی کارگێڕی واتە بڕیاردان و چاودێری و پلانسازی لەئەستۆیانە و شارەوانیەکانیش وەک لایەنی جێبەجێکار قەوارە و ئاستی خزمەتگوزاریەکانیان لەئەستۆیە. لەحاڵەتێکی ئاواشدا نەناوەندێتی دەگۆڕێ بۆ یەکەیەکی ستوونی کەبەسەر شارەوانیەکانەوە باڵادەستە! واتە بەپێی ئەو پێناسەیەی پرۆگرام بۆ ڕۆڵی پارێزگا و شارەوانیەکان کردویەتی، هەردووکیانی لەدەرەوەی پەیوەندی ئاسۆییدا لە ئاست بڕیاردان و جێبەجێکردندا داناوەتەوە، ئەمەش ئیتر جۆرێک لە مەرکەزیەتی پارێزگاکان لەبەرامبەر شارەوانیەکاندا جێدەخا و وەک "مونەفزی" بڕیار و پلانی پارێزگاکان شوێن دەگرن. لەلایەکی تریشەوە خودی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی بڕیاردانان لەدەسەڵاتی جێبەجێکار بەپێویست شارەوانیەکان وەک پاشۆیەک بۆ پارێزگا دەهێڵێتەوە چونکە لەپەیوەندیەکی ستوونیدایە لەگەڵی و هەردووکیان چ لەڕووی بڕیارەوە و چ لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە وەک یەک نین و لەپەیوەندیەکی ئاسۆییدا قەراریان نەگرتووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ئەنجومەنی شارەوانیەکان وەک نوێنەرانی خەڵک لەهەر جوگرافیایەکدا، بێدەسەڵات دەکا لەئاست پارێزگاکاندا، لەهەمانکاتدا توانای بڕیاردانی تەواویان بۆدەستبردن بۆ خزمەتگوزاریەکان دەسێنێ و سەرەنجام قەوارەی ئەو ئەرکەی کەبۆ ڕاپەراندنی خزمەتگوزاریەکان بەرتەسک دەکاتەوە. بەم پێیەش ئەو خۆشخەیاڵی و وەهمەی کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ڕۆڵی شارەوانیەکان لەئاست خزمەتگوزاریەکاندا دەیبەخشێتەوە، وەک پێچێک بەسەردا دێت و دەڕوا. چونکە لەحاڵەتی لەسەرکار بوونی حکومەتی ئەحزاب و دەسەڵاتی ناوچەییاندا، شارەوانیەکان و ڕۆڵی تەنفیزییان لەئاست خزمەتگوزاریەکاندا، هەرچی زیاتر سنووردار و پاشکۆی حزبەکان شوێندەگرن. خاڵی دووەمیش ئەوەی کەدەڵێت "شارەوانیەکان دیوە خزمەتگوزاری و شارستانی و کلتوریەکەی سیمای شارو کۆمەڵگای مەدەنی مسۆگەر دەکا" قسەیەکی یەکجار ناڕاست و بێبنەمایە، چونکە شارەوانیەکان خۆیان وەک یەکەیەکی کارگێڕی لەدەرەوەی ناسنامەی دەسەڵات و سیاسەت

و بەرنامە و بەرژەوەندی ئەو دەستە و تاقم و جولانەوەیەدا نین، کە زاڵن بەسەرکۆمەڵگادا و حوکمڕانییان بەدەستە. لەکۆمەڵگایەکدا کە گروپێکی مافیای چەکدار دەسەلاتدار بێت و خۆی بەبەرپرسیار نەزانێت لەئاستی ژیان و گوزەران و ئازادیەکانی هاولاتیانی بندەستیدا، شارەوانیەکان خۆیان لەخۆیاندا دەتوانن چ "دیوێکی خزمەتگوزاری و شارستانێتی" نوێنەرایەتی بکەن! لەکۆمەڵگایەکدا کلتوری باو کلتوری بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕابەران و حزبە قەومیەکانی بێت، شارەوانیەکان چۆن ئەتوانن لەسەرو شەپۆلەکانی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و سەرکوتگەریەکانی گروپی دەسەلاتدارەوە، سیمایەکی مەدەنی لەخۆیان نیشان بدەن!

پرۆگرام، لەدرێژەی باسەکەیدا لەپەیوەند بەڕۆڵی شارەوانیەکانەوە بۆئەوەی بۆچوونە ناڕاست و پێچەوانەکەی خۆی ڕەواج پێبدات، دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی بەعس و دەڵێت:

"بەدرێژایی حوکمی بەعس، لەپاڵ وێرانکردن و داگرتنی گوند و ناوچە کەناریەکاندا، شار و شارۆچکەکانیش ڕووبەڕووی هەڵمەتی وێرانکاری، شێواندنی سیمای شارستانی و تێکدانی باری دیموگرافی بوونەتەوە... سەرەنجام لەنێوان تێکدانی گوند و تێکدانی شاردا کلتورێکی کرچ و نەریتێکی تێکەڵ و شێوێندراو دروستبوە کە نە کلتوری شار بووە نەکلتوری لادێ."

دواتریش ئاماژە بۆ شارەوانیەکان لەسەردەمی دوای ڕاپەرین دەکا و دەڵێت:

" پاش ڕاپەڕینیش، نابوتکردنی دەزگاکانی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوە فەرمیەکان، تۆخکردنەوەی دەسەلاتی مەحەلی حزب لە شار و شارۆچکەکاندا، پەنابردن بۆ مەکتەبی کۆمەلایەتی حزب و دادگای خێڵەکی و حزبی، شەڕی ناوخۆ و سەرلەنوێ بەمیلیشیا کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی، داگیرکردن و بەپاشکۆکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەلایەن حزبەوە...، کۆمەڵێک دیاردەی مەترسیدار بوون کە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و کۆمەڵگەی شارییان بەتایبەتی بە شێوێندراوی هێشتەوە." شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان، وەک شارەوانی هەموو ئەو وڵاتە دواکەوتووانەی کە سیخناخن بە نەریتی مەرکەزی، پەراوێزخراون و کراون بە پاشکۆی دیوانی وەزارەتی شارەوانی و دەسەلاتی مەحەلی حزبە دەسەلاتدارەکان.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

ئەرک و دەسەڵاتی شارەوانیەکان کورتکراوەتەوە بۆ هەندێ کاری بیرۆکراتی، وەک پێدانی مۆڵەتی خانووبەرە، پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەر شەقام و کۆلانەکان، لەپاڵ هەندێ وردەکاری ڕۆتینی تردا کە ناچێتە ئاستی شکۆی شارەوانی لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا".

هەردوک ئەم پەرەگرافەی سەرەوە لەمەڕ شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان کۆمەڵە ڕاستیەکی زۆر دەخەنە بەرچاو، کە لەواقعدا سەلمێنەری ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد و حزبە چەکدارەکانی، جولانەوە و حزبگەلێک نەبوون و نین، لەڕاستای دەوڵەتداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شارستانی و سیستمێکی مەدەنی و سەرەنجام بردنی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێشڕەویەک کەنوێنەرەوەی لانیکەمی ماف و ئازادیەکانی هاولاتیانی کوردستانی تیا دەستەبەرکرابێت. ڕاستیەکانی نێو ئەم پەرەگرافانەی سەرەوە پێمان دەڵێت کە تەجروبەی 25 ساڵی دەسەلاتداریتی بۆرژوازی کورد و حزبە قەومیەکانی، بەڕادەیەک دژی ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستانە، بەڕادەیەک قاچەکانی لەگەندەڵی و کۆنەپەرستی و جیاوازی چینایەتی و دەیان دیاردەی قێزەوندا چەقیوە، کەنەک هەرگیز شایستە بەخەڵکی کوردستان نین تا لەژێر سایەیدا ژیان بکەن بەڵکو دەبێ، ڕیشەکێش بکرێ و وەک بەڵایەکی سەر سەری خەڵک لاببرێت. بەلام بەم ڕاستیە دانپێدانراوەوە، بابزانین بزووتنەوەی گۆڕان چۆن هەڵوێست دەگرێ:

" <u>بزووتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە</u>، کە پێویستە <u>ڕۆڵی شارەوانیەکانی کوردستان بەجۆرێک کارا بکرێ هیچ دەسەلاتێکی سیاسی و حزبی و کارگێڕی لە سنووری شارەوانیدا نەچێتە سەرو دەسەلاتی شارەوانیەوە</u>، چونکە کاراکردنی ڕۆڵی شارەوانیەکان مەرجی تەواوکاری دابەشکردنی دەسەلات و بەدامەزراویکردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە."

بەڵێ بەڕاستی بڕوایەکی جوانە! زۆر بەسادەیی "کاراکردنەوەی ڕۆڵی شارەوانیەکان" لەڕێگای ئەوەوە کە "هیچ دەسەلاتێکی سیاسی و حزبی و کارگێڕی لەسنووری شارەوانیدا نەچێتە سەرو دەسەلاتی شارەوانیەوە"!! ئاخر چۆن ئەم کارە مەیسەر دەبێ؟ چۆن دەکرێ لەدۆخێکدا کەدەسەلاتی ئەحزاب بڕیاردەرە لەهەر ناوچەیەکدا؟ .. وەلام هەمان تاس و هەمان حەمامە.. "جیاکردنەوەی دەسەلاتی حزب لەحکومەت".. دیسانەوە چۆن؟ ئایا بەبێ

کۆتایی بەدەسەلاتی داسەپاوی حزبی و نفوزی ناوچەیی حزبە چەکدارەکان، دەتوانرێ نەک هەر شارەوانیەکان بگرە کام دامەزراوە و پێکهاتەی سیاسی، ئابووری، کارگێڕی، تەنانەت ئەگەر فەرهەنگی و سەرگەرمی بێت لەنموونەی "لیژنەی ئۆلۆمپیاد"، لەدەستی حزبەکان دەربهێنرێ؟ ئایا لەدۆخێکی ئاوادا کە فەرهەنگ و ئەخلاقیات و سیاسەت و دەسەلاتی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی خۆی سەپاندووە بەسەر ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە و هەموو موقەدەراتی خەڵکی بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەقاڵب دابێ، دەتوانرێ شارەوانیەک بهێندرێتە کایەوە کە "سیمای شارستانیەت و مەدەنیەت" و ڕاپەڕێنەری خزمەتگوزاری بێت بەقازانجی خەڵک؟ ئایا ئەوە خۆشخەیاڵی نیە کەبکرێت شارەوانیەکان بەمانەوەی ئەم دەسەلاتە لەدەخاڵەتی حزبی بپارێزرێت؟ وەلامی ئەم پرسیارانە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان یەکجار سادەیە، چونکە بەخۆلادانێکی ئۆپۆرتۆنیستانە، لەژێر ناوی ئەوەدا کە "حکومەتی هەرێم دەستکەوتی گەلی کوردستانە"، ڕایگەیاندووە کەحزبی ناوبراو بەشوێن کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی ئێستاوە نیە، بەڵکو لەخەمی ڕیفۆرمەکردنیدایە!!

بەلام پرۆگرام کاتێک بەگلەییەوە لە شارەوانیەکانی هەرێم دەڕوانێ ئاماژە بەوەدەکات کە: "ئەرک و دەسەلاتی شارەوانیەکان کورتکراوەتەوە بۆ هەندێ کاری بیرۆکراتی،.." لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەشیدا 25 خاڵی ڕیز کردووە تا "شکۆی شارەوانیەکانی هەرێم" بگەیەنێتە هاوشانی " شارەوانی ولاتە پێشکەوتوەکان" ! وە هەرئەمەشی بەچاکسازیکردن لەخزمەتگوزاریەکاندا بە خوێنەر ناساندووە، بەلام بەسەرنجدانێکی خێرا لەسەراپای خاڵەکان، ئەوە دەردەکەوێت کە "چاکسازیەکان لەم بوارەشدا" نەیتوانیوە بەگشتی لەهەنگاوگەلێکی ڕووکەشی و تەکنیکی دەرچێت. بەواتایەکی تر ئەو خالانەی کەلەم تەوەرەدا وەک "خزمەتگوزاری" ڕیزکراون جگەلەوەی لەجەوهەردا دووبارەکردنەوەی هەمان بابەتەکانی "مۆڵەتی خانووبەرە، پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەر شەقام و کۆلانەکان، لەپاڵ هەندێ وردەکاری ڕۆتینی تر"، لەخۆ دەگرێت، لەهەمانکاتدا گەلێک خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، پەیوەندگرتن، سەرگەرمی.. کەلە ولاتە پێشکەوتوەکاندا بەخۆڕایی لەسەر ئەرکی دەوڵەت و شارەوانیەکان دابین کراون، خۆپارێزی کردووە و بەلایدا نەچووە.. ئێمە لێرەدا لەبەر درێژنەبوونەوەی باسەکەمان نەمانویست خاڵە تەکنیکی و تکراریەکان بخەینەبەر سەرنجەوە. خوێنەر بەگەڕانەوەی بۆ بەرنامەی سیاسی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێ ڕاستی ئەم بۆچوونانەی ئێمە سەرنجبدات.

### پلانسازی و تەقدیسکردنی "تایبەتمەندی ناوچەیی" لەپێناوی چیدایە!

پرۆگرام لەدوایین تەوەرەدا بەناوی "پلانسازی بەگوێرەی تایبەتمەندیی پارێزگا و شارەوانیەکان"، مەسەلەی پلانسازی و چۆنیەتی دابەشکردنی داهات و بودجە بەسەر پارێزگا و شار و شارۆچکە و گوندەکانی هەرێمی کوردستاندا دێنێتەکایەوە، بەڵام لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بزووتنەوەی گۆڕان ئەم پلان و دابەشکردنە لەسەر بنەمای چ پرەنسیپێک و بەپێی چ زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکات، لەکاتێکدا باسەکە دابینکردنی خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی کۆمەڵگای شارستانی و مەدەنیە؟.. لەمبارەوە پرۆگرام دەڵێت:

"پارێزگا و شار و شارۆچکە و گوندەکانی هەرێمی کوردستان، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی خاڵی هاوبەشیان هەیە و لە چوارچێوەی هەرێمدا هەموویان کۆدەبنەوە، خاڵی جیاوازیشیان هەیە و تایبەتمەندی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە... بۆیە پێویستە ڕێز لەو جیاوازی و تایبەتمەندیانە بگیردرێ، بەناوی بەرژەوەندی نیشتمانیەوە پاکتاو نەکرێن و غەدر لە هیچ شار و شارۆچکە و ناوچەیەک نەکرێ."

ئێستا ئیتر ڕۆشنە کەبنەمای سەرەکی و پرەنسیپێک کەبزووتنەوەی گۆڕان بەدەستیەوە گرتووە بۆ دانانی پلانسازی لەسەر ئاستی پارێزگا، قەزا و ناحیە، گوندەکانی هەرێم، ئینسان و بەرژەوەندی هاوڵاتیان و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان و ئارامی و بژێویەکی شایستە و ستاندارد نیە. تەنانەت بەپێچەوانەی دەوڵەتانی دنیاوە، کە مەسەلەی پلانسازی بەپێی ئەولەویاتی هەردەورەیەک لەدۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک مەبدەئێک لەبەرچاو دەگیرێ، بزووتنەوەی گۆڕان ئەم میتۆدەشی بەدەستەوە نەگرتووە، بۆنموونە کۆمەڵگایەک کە ڕووبەڕووی جەنگە، وەیا لەگەڵ قەیرانی ئابووری و سیاسی بەرەوڕووە، ئەولەویاتی پلانسازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا جیاوازی هەیە کەلەقۆناغی ئارامی سیاسی و پەرەسەندنی ئابووریدایە. تەنانەت کۆمەڵگایەک کە تازە کەوتۆتە ژێرباری کارەساتی سروشتی و کەمی داهات و دەرامەتەوە دووبارە دانانی پلان تێیدا جیاوازە لەکۆمەڵگایەک کەلەگەڵ حاڵەتێکی ئاوا بەرەوڕوو نەبۆتەوە. گریمان

بزووتنەوەی گۆڕان ئەم ئەولەویاتانەی بەفەرز وەرگرتووە بەڵام هێشتا لەو پرسیارە قوتاری نابێت کەدەڵێت چ بنەمایەک بۆ دانانی پلان بەئەسڵ وەرگیراوە؟ پرۆگرام لەوەڵامدا دەڵێت "تایبەتمەندی و بەرژەوەندی ناوچەیی"!! و "پێویستیشە ڕێز لەو جیاوازی و تایبەتمەندیانە بگیردرێ، بەناوی بەرژەوەندی نیشتمانیەوە پاکتاو نەکرێن"!! بەڵام ناوەرۆکی ئەم بنەمایە ڕووی لەچیە و سەرچاوەدەباتەوە بۆ کوێ؟

لەڕاستیدا ئەم دەربڕین و پێوانەیەی حزبی گۆڕان دواکەوتووترین جۆری بنەما و دەربڕینە لەڕاستای پلانسازی و مامەڵەکردن بەداهات و بودجەی وڵاتەوە، کە بەئاشکرا و هوشیارانە ڕووی لە هەڵوەشاندنەوەی چەمکی هاوڵاتی بوونی یەکسان و ژیانی هاوبەشێتی ئینسانەکانە، ئەمە تەقدیسکردنی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە لە ئاکامی گەشەی ناهاوسەنگی هەرکۆمەڵگایەکدا و لەژێر کاریگەریی کارکردی جوڵانەوە سیاسیەکان و ڕەوتی کوێرانەی ئابووریدا وەک بۆماوەیەک ماونەتەوە. پەرستن و تەقدیسکردنی ئەم تایبەتمەندیانەش جگەلەوەی پەرەدانە بە گیانی ناوچەگەرێتی پەیوەستکردنی هاوڵاتیان پێیانەوە، بەیەکجاری بەزیانی ئەساڵەتی ئینسانی و ئینتگراسیۆن و ژیانی هاوبەشێتی و دوورکەتنەوە لەو خسوسیاتانەی کەدەست وپێگیرن لەبەردەم هێنانەکایەوەی شکۆفایی چونیەکی و هەڵدانی کۆمەڵگایەکی پێشڕەو کەعەکسکەرەوەی ژیانی هاوبەشێتی و چونیەکیە.

هەرلەمبارەوە پرۆگرام تەقدیسکردنی تایبەتمەندیەکان لەپەیوەند بە دانانی پلانسازیەوە دەباتە شوێنێکی تر و دەڵێت:

> "هەر یەک لە پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، هەروەها ئیدارە تایبەتەکان و ئەو قەزایانەی کە لە پلاندایە بکرێنە پارێزگا.. تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، بازرگانی و فەرهەنگی خۆیان هەیە، کە دەبێ لەپاڵ بنیاتنانی قەوارەی نیشتمانی هەرێمدا ڕێز لەو تایبەتمەندیانەش بگیردرێ و نەبنە قوربانی دروشمی نیشتمانی قەبە و بێ ناوەرۆک."

بێگومان لەنێوان پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانیدا، لەنێوان دهۆک و کەرکوکدا، جیاوازی و تایبەتمەندی هەیە، تەنانەت هەریەک لەقەزا و ناحیەکان خاسیەتی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەمانە ئەبەدی و سروشتی نین، ئەمانە بەشێک نین لەخاسیەت و تایبەتمەندیە ئەزەلییەکانی هاوڵاتیان و دانیشتوانی ئەم ناوچانە، بەڵکو ئەمانە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەرهەمی ڕەوتی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و ناهاوسەنگی پەرەسەندنەکەیەتی و بەشی هەرەزۆریان لەئاکامی کارکرد و ڕۆڵی ئەحزاب و هێزە سیاسیە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا دروست بوون تەنانەت سنووری جوگرافیشیان کەئەم لەوی تر جیا دەکاتەوە بەرهەمی کردەی سیاسی و قانونی و هەڵسوڕانی خەڵکەکە خۆیەتی و بەردەوامیش لەگۆڕاندایە. ئەم تایبەتمەندیانە نەک لەمەسەلەی دانانی پلانسازیدا نابێ بکرێتە بنەما و تەقدیس بکرێن بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە دەبێ دانانی پلان بەجۆرێک بێت بەدەر لە توندوتیژی کار بکات بۆ هەڵگرتنی ئەم کەندوکۆسپانە، تا هاوڵاتیان شارێی شارستانی و نزیکبوونەوە لە ستاندارده جیهانیەکان بگرێتەبەر. بەتایبەتی ڕەوتی دانیشتوانی کوردستان بەهەموو ئەو تایبەتمەندیانەوە کەبزووتنەوەی گۆڕان تەقدیسی دەکا و دەیکاتە بنەمای دانانی پلان و بەناوی دادی کۆمەلایەتیەوە دەرخواردی خەڵکی دەدات، زیاتر ڕووی لەبەدەستهێنانی ژیانێکی چونیەکیە کە لەگەڵ سەردەم و پێشکەوتنی جیهانیدا بێتەوە.

تائەوجێگەیەی دانانی پلانسازی بە خزمەتگوزاریەکان دەگەڕێتەوە، پرسیار ئەوەیە کە ئایا بڕیاردان لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزاریە فەرهەنگی و تەرفیهیەکان بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندیە ناوچەییەکان بەچ بارێکدا دەشکێتەوە کاتێک ناوچەیەک ئارەزووی گوێگرتنن لە حەیران و مەقام، و ئەویتریان لەگۆرانی بیانی بێت؟ ئایا چۆن پلانسازی دادەنرێ کاتێک ناوچەیەک لەژێرکاریگەری ئیسلامدا دروستکردنی مزگەوتی پێخۆشە و یەکێکیتر مەلەوانگە و کەنیسە؟ ئایا سپاردنی پلانسازی و داهات و بودجە بەم تایبەتمەندیانە بەمانای هەڵوەشاندنەوەی ژیانێکی ستاندارد و ستانداردکردنی فەرهەنگ و ئابووری و خزمەتگوزاریەکان نیە لەلایەن دەسەڵاتە سەراسەریەکانەوە و سەرەنجام هەڵوەشانەوەی هاوڵاتی بوونی یەکسان و چونیەک نیە؟ ئایا ئەمە گیانی ناوچەگەرێتی و دابوشبوونە نەریتی و دەمارگیریەکان برەو پێنادا و بەم پێیەش هاوڵاتیان ناخاتە بەرامبەر یەکەوە؟

بەڵام بەجیا لەوەی وەڵامی حزبی گۆڕان بەم پرسیارانە چیە، سەرەنجام پرۆگرام بەڕاوەستان لەسەر تایبەتمەندیەکان، دانیشتوان هاندەدات بۆئەوەی لەبودجەی هەرێم داوای بەرکەوتەی خۆیان و ناوچەکانیان بکەن، تەنانەت بەپێی ئەو تایبەتماندیەی کەهەر گەڕەک و ناوچەیەک هەیەتی، هەقیەتی شوێنی بەرژەوەندی خۆیان بکەون!!.. لەمبارەشەوە پرۆگرام

## خەسرەو سایە

دەڵێت:

"دانیشتوانی هەموو پارێزگا و شار و قەزا و ناحیە و گوندەکانی هەرێم، بۆیان هەیە داوای بەرکەوتی خۆیان و ناوچەکانیان بکەن لە بودجەی هەرێم و پرۆژە نیشتمانیەکان، پێویستە لە دانانی دەروازە و سێکتەرەکانی بودجەی نیشتمانیدا پرۆژە و پێشنیازی پارێزگاکان بەهێند وەربگیردرێ، مافی بەرگریکردن لە بەرکەوتی مەحەلی بۆ هەموو پارێزگا و شارەوانی و ناوچەیەک پارێزراو بێت... پێویستە کار بەو نەریتە بکرێ کە هەموو هاوڵاتیەک بۆی هەیە بەرگری لە بەرژەوەندی خۆی و خێزان و ناوچە و شار و گەڕەکەکەی بکا، چونکە ئەو بەژەوەندیە تایبەتانە ناکۆک نین لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا، بەڵکو تەواوکەری بەرژەوەندی نیشتمانین و پرۆڤەن بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیە باڵاکان."

ئەوەی لەم دەربڕینانەی سەرەوەدا وەک ئەنجامێک بەرجەستەدەبێتەوە ئەوەیەکە: یەکەم، "پرۆژە نیشتمانیەکان"، دەکەونە بەر حوکمی داوای "بەرکەوتی محەلی پارێزگا، شارەوانی، ناوچەکان" تەنانەت دەکەوێتە بەرامبەر بە "بەرژەوەندی تاکی هاوڵاتی، بەرژەوەندی خێزان، شار و گەڕەک"ەوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەمجۆرە پڕۆژانە، مادام سیفەتی "نیشتمانییان" لێنراوە سەراسەرین و بەپێی ئەولەویات و ستراتیژی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی شارەکان، دادەنرێ، هەربەم ئیعتبارەش وەڵام بە "بەرکەوتەی یەکەکانی خوارەوە" دەداتەوە. ئایا سپاردنی ئەمجۆرە پرۆژانە بە بەرکەوتە محەلی و ناوچەییەکان و گرێدانەوەی بە بەرژەوەندیە تەیبەتەکانەوە، بەمانای هەڵوەشانەوەیان نیە؟ ئایا وەڵامدانەوە بەکۆی "بەرکەوتە محەلیەکان و بەرژوەندیە تایبەتەکان" یەکسانە بە مسۆگەرکردنی "بەرژەوەندی گشتی" و بەکردەوە دەرهێنانی "پرۆژە نیشتمانیەکان"؟ بزووتنەوەی گۆڕان چۆن بەرکەوتنی ئەم دولایەنەی پلانسازی چارەسەردەکات؟

دووەم: بەرژەوەندی گشتی دەخاتە بەرامبەر بەرژەوەندی تاک و تایبەتەوە. بەتایبەتی ئەگەر بەرژەوەندی گشتی وەک مەبدەئێک لەدانانی پلاندا وەربگرین، یانی پلانسازی کەوتۆتە دوای وەڵامدانەوە بە ویست و پێداویستیەکانی گشتەوە، کەهەموو تاکێک لێی بەهرەمەندە و تێیدا هاوبەشە، بۆ حاڵەتێکی ئاواش ئیتر "لەبەرچاوگرتنی" بەرژەوەندی تایبەتی تاک و بەرکەوتەی ناوچەیی گەڕەک و محەلی مانایەکی نابێت. بەڵام ئەوەی کە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

بزووتنەوەی گۆڕان زەقی کردۆتەوە و وەک "پرۆڤە" چاوی لێدەکات داکۆکی کردنە لە بەرژەوەندی تاک لەبەرامبەر بەبەرژەوەندی گشتیدا، هەروەها داکۆکی کردنە لە بەرکەوتەی محەلی و گەڕەک لەدژی ویستی گشتی و سەراسەری. ئەمە ئیتر نەک هەر گیانی ناوچەگەریتی و شارپەرستی پەرە پێدەدا و تائاستی خۆناساندن بەگەڕەکەوە دەیهێنێتە خوارەوە، هاوکات خۆپەرستی و تاکپەرستی لەبەرامبەر ئنتیگراسیۆن و کۆمەڵایەتی بوونەوەی هاوڵاتیان و چونیەکی لەهاوڵاتی بووندا دادەنێ و هەڵیان دەوەشێنێتەوە. لەڕاستیدا بڕوا و بۆچوونێکی ئاوا، لەنموونە هەرە دواکەوتووەکانی ناسیونالیزمە، ناسیونالیزمێک کەلەسەر بنەمای "تایبەتمەندی" و خەسڵەتە تایبەتەکانی "نەتەوە" لەجۆری جیاوازی زمان، فەرهەنگ، مێژوو، هەڵسوکەوت.. خۆی پێناسە دەکات، ئەم ناسیونالیزمە فیزۆکراتیزمێکی دواکەوتووانەیە کەلەسەر بنەمای تایبەتمەندی ناوچە و ناوچەگەریتی و "تاکی تایبەتمەند" ئینسانەکان لەیەک دادەبڕێنێ و تاکەکانیش ئایزۆلە دەکات، تەنانەت تائەو ئاستە فیزۆکراتیزم بۆ تەقدیسی تایبەتمەندیەکانی خۆ وەیا نەتەوە و ڕەگەز و دینەکەی بەدەستەوە دەگرێ، کە سروشتی ئینسان و خودی خاسیەتە سروشتیەکان کە هاوبەشێتیان هەیە، ئینکاردەکات. لەنموونەی ئەوەی خوێنی کورد، ئاو و هەوای خاکی کوردستان، ڕەسەنایەتی ڕەگەزی کورد، مێژوو و فەرهەنگی شێرانەی کورد.. هەموو ئەمانە پێکهاتەیەکی فیزیکی جیایان هەیە لەهەر نەتەوە و پێکهاتەیەکی تر.. جوڵانەوە و بۆچونێکی ئاوا قەومی کەبەرژەوەندی تایبەتی تاک لەبەرامبەر بەرژەوەندی گشتیدا بەڕادەیەک تەقدیس بکات کە بەکۆمەڵگا بڵێ "بەرژەوەندی گشتی لەڕێگای مسۆگەر کردنی بەرژەوەندی تایبەتی تاکەوە دابین دەبێ"، هاوکات ڕەوتێک کەبەئاشکرا لەپرۆگرامەکەیدا ڕابگەیەنێ کە دابینکردنی "بەرژەوەندی تایبەتی تاک" پرۆڤەیەکە بۆ پەیڕەوکردن لەبەرژەوەندی گشتی، ڕیفۆرم و سیاسەتە چاکسازیەکانی ئەتوانێ خزمەت بەکێ بکات جگەلە سەرمایەداران و دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیا و بازرگانانێک کە خاوەنی "بەرژەوەندی تایبەت و تاکن" و لەپێناو "بەرکەوتەی تایبەتی خۆیاندا" دەستیان داوەتە تاڵانچێتی! بزووتنەوەی گۆڕان کە بەم بۆچوون و بەرنامە سیاسیەوە دەیەوێت پلانسازی بۆ هەرێمی کوردستان بەدەستەوە بگرێ و گوایە چاکسازی لەقازانجی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەکات، بییەوێت و نەیەوێت وەک هەر ڕەوتێکی بۆرژوایی تر "بەرژەوەندی تایبەتی" ئەبەدی و هەمیشەیی

دەکاتەوە و دەیخاتە بەرامبەر بە بەرژەوندیە گشتی و هاوبەشەکانی خەڵکی کوردستانەوە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان تەجروبەی چەندین ساڵەی ئەو حکومەت و دەسەڵاتە دەبینن کە چۆن بۆرژوازی کورد و حزبە قەومیەکانی لەسەر بنەمای "تایبەتمەندێتی ناوچەیی" و "بەرژەوندی تایبەتی" دایان مەزراندووە، بوونەتە خاوەنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و ژیانێکی فرعەونانە، کەچی زۆرینەی کۆمەڵگاش، هەژار و دەستکورت و مەمرەومەژی کراوەتە نەسیبیان. بزووتنەوەی گۆڕان کە لەسەر مەبدەئی تایبەتمەندی تاک و بەرژەوەندی تایبەتی ناوچە و گەڕەکەوە باس لەپلانسازی دەکات، جیاوازیەکی جەوهەری لەگەڵ واقعیەتی مەوجود و کارنامەی تائێستای حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی تر کەدەسەڵاتیان بەدەستەوەیە پێکناهێنێ. تەنها جیاوازیەک کەهەبێت لەوەدایە ئەم ڕەوتە لەژێر پەردەی ڕیفۆرم و چاکسازیدا کەوتۆتە شوێن دووبارە سازدانەوەی دۆخی ئێستای هەرێم و ئەو جیاوازی و جیاکاریە چینایەتیەی کەلەگۆڕدایە.

## دوایین ووتە:

بەدوای تەواوبوونی باسی" **ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا**"، شوێنی خۆیەتی ئەوە بەخوێنەرانی ئەم باسە ڕابگەیەنم کەئامانج لەم باسە، پەردەهەڵماڵینە لەسەر ناوەرۆکی چینایەتی بزووتنەوەی گۆڕان وەک ڕەوتێکی بۆرژوا ناسیونالیستی، کەبەرگی چاکسازی لەخۆی ئاڵاندووە و گەرەکیەتی بەزمانێکی جیاواز بدوێ و لەمەوقعی ڕەخنەگری دەسەڵاتی ئێستاوە دەرکەوێ، تا وانیشان بدات کەداکۆکیکاری خواست و ئاواتەکانی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتی کوردستانە. بەتایبەتیش بۆئێمە کۆمۆنیستەکان هەڵدانەوەی پەردە لەسەر هەقیقەتە سیاسی و چینایەتەکانی ڕەوتێکی وەک بزووتنەوەی گۆڕان لەو ڕووەوە گرنگی هەیە، کەکاریگەری هەیە بەسەر ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانەوە و فاکتۆریکی سەرەکیشە لەخۆشخەیاڵ کردنی هەڵسوڕاوانی ئەم ناڕەزایەتیانە و بەرتەسک کردنەوەی ئاسۆی سیاسی و خەباتکارانەکەی. بۆ ئەم مەبەستەش بەدرێژایی هەر 6 بەشی ئەم باسە هەوڵدراوە کەبزووتنەوەی گۆڕان لەڕێگای شیکردنەوە و ڕەخنەکردنی بەند و برگە و تەوەرەکانی پرۆگرامە سیاسیەکەیەوە، ڕوانگەی سیاسی و هەموو ئەو چەمک و مەفهومانەی کەپشتی پێبەستوە بۆ سەرنجدان لەکۆمەڵگای کوردستان و کێشە و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

گرفتەکانی، وەک ڕوانگە و تێگەیشتنێکی بۆرژوازیانە دەرخەین. هەروەها هەوڵدراوە ناوەرۆک و مەودای سیاسەتە چاکسازیخوازیەکانی، وەک ڕیفۆرمەکردنێکی بەرتەسکی بۆرژوازیانەی بۆ دەسەڵات و سیستمی حوکمڕانی و ئابووری هەرێم نیشان بدەین. تەنانەت هەوڵدراوە، ناوەرۆکی بۆرژوازیانەی ئەو چاکسازیە کرچ و کاڵانە دەرخەین کەلەپەیوەند بە مەسەلەکانی ئازادی، مەسەلەی ژنان، لاوان و خوێندکاران، مەسەلەی دادی کۆمەڵایەتی و بیمەکان، خزمەتگوزاریە و زۆر لایەنی تر..

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە تەنها هەوڵێکە و ڕەخنەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەمە زیاتر دەخوازێ، بەتایبەتی کەئەم نووسینە بەتەنها لەسەر پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان فۆکوسی کردووە و خۆی بەدوور گرتووە لەدەور و کارکردە سیاسی و عەمەلیەکانی ڕۆژانەی ئەم حزبە کە چ لەبەرامبەر حزبەکاندا و چ لەبەرامبەر دەسەڵات و جوڵانەوەی جەماوەریدا گرتویەتیەبەر..

ماوە بڵێم ڕەنگە زەروور بێت کە لە کۆتایی ئەم نووسینەدا قسەیەکیش بکرایە لە چارەنوسی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو ستراتیژە سیاسیەی کە بۆ گەیشتن بەچاکسازی، بەدەستیەوە گرتووە. بەتایبەتیش وەڵامی ئەو پرسیارە بدرایەتەوە، کەئایا سیاسەتی چاکسازیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و هەموو ئەو مەسەلانەی کەلەپرۆگرامەکەیدا تۆماری کردووە بۆ گۆڕانکاری لەسیستمی سیاسی و ئابووری ئێستای کوردستاندا، لەڕێگای خەباتی پەرلەمانی و سندوقەکانی دەنگدانەوە و بەشێوەی قانونی ئیمکانی هەیە؟ ئایا ئیستراتیژی، حزبی پەرلەمانی و ڕێگای دیموکراسیەک کە لە کوردستاندا هەیە بوار بۆ بەدیهاتنی ئەو ڕیفۆرمانە دەهێڵێتەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان بەشوێنیەوەیەتی؟ یان وەک وەهمێکی بۆرژوایی دەمێنێتەوە؟.. لەڕاستیدا ئەمە کارێکی ئەستەم نەبوو بەڵام بەدەلیلی زیاتر درێژنەبوونەوەی ئەم بەشەی باسەکە خۆم بەزەروورم نەزانی. لەلایەکی تریشەوە پێم وابێت خودی ڕوداوەکانی دوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی بنکە فراوان و داخستنی دەرگای پەرلەمان و وەدەرنانی وەزیرەکانی گۆڕان و کاردانەوەیەک کەلەخۆی نیشاندا، وەڵامی بەکردەوەی ئەم پرسیارانەی تاڕادەیەکی زۆر داوەتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا نەچوە بچێ و هێشتا فرسەت لەبەردەمدا کراوەیە..

20 جولای 2017

خەسرەو سایە

# پاشکۆ

## نەوشیروان مستەفا، گەڕانەوە بۆلادێ و هەوڵێکی بێهودە ⚜

### بەشی یەکەم:

ماوەیەک لەمەوبەر نەوشیروان مستەفا پرۆژەیەکی بەناوی "ئاوەدانکردنەوەی دیهاتی کوردستان" بلاوکردەوە. لەو ڕوانگەیەوە کەئەم پرۆژەیە وەک خاڵێک لەپلاتفۆرمی باڵی ڕیفۆرمخوازان ولەچوارچێوەی بانگەشەی نەوشیروان بۆ چاکسازی حکومەت وحزبەکەی خراوەتە بەردەم حکومەتی هەرێم، دەخوازی کەبەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە لەسەری ڕاوەستین. بەتایبەتیش کەپرۆژەکە دیدگاو ڕوانگەیەکی پێچەوانە لەگەڵ واقعیەتە سیاسی وئابووری‌یەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەڕوانگەی ئابووری دیهاتی کوردستانەوە وێنا دەکاتەوە. ئێمە لەهەردوک بەشی ئەم ووتارەدا هەوڵدەدەین بۆ دەرخستنی ماهیەتی

⚜/ ئەم وتارە بەدوبەش لەساڵی 2009دا لەڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بلاوبۆتەوە..

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

کۆمەلایەتی پڕۆژەکە وخستنە ژێر پرسیارەوەی  ئامانجە ڕیفۆرمخوازانەکەی.

بۆبەرچاو رۆشنی خوێنەرانیش لەبەشی یەکەمی ووتارەکەدا وێرای خستنەڕووی ناوەڕۆکی پڕۆژەکە سەرنج دەکێشینە سەر ئەو دیگاو بۆچوونە ئابووریانەی کەلەپشت پڕۆژەکەوە ڕاوەستاون و لەبەشی دووەمیشدا لەبەر ڕۆشنایی واقعیەتە ئابووری وسیاسیی‌یەکانی کوردستان بەربەستەکان دەخەینەڕوو.. بەلام سەرتا بابزانین ناوەڕۆکی خودی  پڕۆژەکە چییە؟:

" ئابووری دیهاتی کوردستان کەلەسەر دووکۆلەکەی کشتوکاڵ وئاژەڵداری دامەزراوە، بناغەیەکە بۆ گوێزانەوەی کۆمەڵگای کوردستان لەبەرخۆریەوە بۆ بەرهەمهێن. ئابووری دیهات پاش پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوە لەکورتماوەدا جگەلەوەی کەداهاتی کەرتی کشتوکاڵ لەداهاتی نیشتمانیدا جێگیردەکا، هاوکات مەبەستی سیاسی ئاسایشی خۆراک، کەخۆی یەکێک لەپایەکانی ئاسایشی نەتەوەییە وەک ئامانجێک بەدیدێنێت.."

بەلام سەرمایەیەک کەئەم پڕۆژەیە پشتی پێدەبەستێت بریتیەلە:

"تەخسیسکردنی لە20%ی بوودجەی هەرێمە کەلەدەوڵەتی مەرکەزیی وەریدەگرێت. سیاسەتێکی مالیش کەدەبێ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پەیڕەوی لێبکرێت، هاندانی مالی و دانی باجە بەجوتیاران، وکڕینەوەی بەرهەمی جوتیارانە بەنرخێکی هاندراو".

سەرەتا بۆئەوەی ڕەخنەو سەرنجەکانی ئێمە لەسەر پڕۆژەکە بێتە ئاراوە، بەپێویستی دەزانین قسەیەک لەسەر ئەو دیدو بۆچوونە ئابووریانە بکەین کەلەپشت سەری پڕۆژەکەوە ڕاوەستاوە.

### دیدگا ئابوورییەکانی پشتی پڕۆژەکەی نەوشیروان

ناسیونالیزمی کورد هیچ کات خاوەنی تیۆەرێکی ئابووری تایبەت بەخۆی نەبووە ونییە تاپڕۆژە ئابووری‌یەکانی خۆی لەسەر بنیاد بنێ. ئەوەی کەهەیە لەدیدگای سەرمایەداری لۆکاڵی کوردستانەوە بانگەشە بۆخاوەنداریتی لەبازاری ناوخۆی نەتەوەدا دەکات، تا لەبەرامبەر بێگانەو داگیرکەراندا ڕاوەستێ  و مافی چەوسانەوەی هێزی کاری خۆیی

وەربگرێ. لەئابووریدا تیۆەری باو، سروشتگەرایی وفیزۆکراتیزمێکی دواکەوتووانەیە کە ئەرز وئاو وهەڵکەوتەی جوگرافی تەقدیسدەکاو لەکەناریانەوە ئاهونالّە بۆ دیهات وکشتوکاڵی وولات و پیشەسازی عەنتیکەی نێوخۆ کەلەژێر دەستی بێگانەدا توشی فەوتان هاتووە، هەڵدەڕێژێ. ئەمەش لەسەر حسابی بازدانی کوێرانە بەسەر سەرمایەدرای بوونی کۆمەڵگای کوردستان و یاساکانی لەدنیای ئەمرۆدا. نمونەیەکی سادەش لەمبارەوە لەوەدایە کاتێک نەوشیروان بەبێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی ئابووری، کۆمەڵگای کوردستان"بەرخۆر"دەکاتەوە و هەموو ئەو پێکهاتووە بەرهەمهێنەرانەی کەواقعیەتی ئابووری کۆمەڵگای کوردستانیان پێکهیناوە، نابینادەگرێ. جگەلە پیشەسازی نەوت و ئەو کارگایانەی لەبواری دەرهێنانی مەوادی ژێر زەمویدا کاردەکەن، لەوانە کارگەکانی چیمنتۆ، گەچ، ئاسن... کۆمپانیای ئاسیاسیل، نوکان، کۆرەک، سەدان کارگەی گەورەو بچوک وچەندین سۆپەرمارکێت و هەزاران پرۆژەی ڕێگاوبان و بیناسازی وچەندین بەڕێوەبەرایەتی، کەبەسەدان هەزار کرێکار ڕۆژانە کاری تێدادەکەن و قازانج فرێ دەدەنە نێو گیرفانی سەرمایەدارانەوە، ئەمانە هیچ جێگایەکیان نییە لەبیرکردنەوەی نەوشیرواندا. حوکمی "بەرخۆری بوونی کۆمەڵگای کوردستان" جگەلەوەی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوتێزە سادەیەی زانستی ئابووریدا کەدەڵێت: "هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ بەرهەمهێنان بوونی نییە" هاوکات چەمکێکی بیرکردنەوە دێنێتە ئاراوە تاخۆ بەخۆ رۆڵی داهاتی دیهات و کشتوکاڵ لەئابووری ولاتدا لەچاو کەرتە بەرهەمهێنەرەکانیتردا بەرەو سەرەوەبەرێت ولەم ڕێگایەشەوە هەقانیەت بەپرۆژەکەی بدات.

لەمەش زیاتر کاتێک نەوشیروان لەدارشتنی پرۆژەکەیدا پەنابۆ کۆمەڵە دەستەواژەیەک دەبات، (لەوانە کۆمەڵگای بەرخۆر، ژیانەوەی کەرتی کشتوکاڵی، ئابووری دیهات، ئابووری نیشتمانی، ونەبینینی رۆڵی بۆدجەی هەرێم.. چەمک ودیدگای مەکتەبی "تیۆەری دواکەوتنی ئابووری"، "ئابووری پەرەسەندن"و.. لەشێوەیەکی خاویدا عەکس دەکاتەوە و وەک دیدگایەک بۆپرۆژەکەی لەسەری ڕادەوەستێت. ئەم مەکتەبەش کەلەسالانی هەفتاکاندا بناغەو میتودی لێکدانەوەی هەموو ئەوبزوتنەوە ناسیونالیستیانەبوون کەلەبەشێک لەولاتانی سێهەمدا بەناوی "بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی"یەوە ولەتەوازنی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەلات ورۆژئاوادا دەسەلاتیان

گرتەدەست و ڕێگای سێهەمی ئابووریان لەمیانەی هەردوو ئەلگۆی سەرمایەداری دەوڵەتی وئابووری بازاردا، گرتەبەر و گەڕانەوە بۆ ئابووری پاشکەوتووی خۆماڵی کەخاسیەتی کشتوکاڵی هەیە.

بەپێی باوەڕەکانی ئەم مەکتەبە ئابووری ولات بەشێوەیەکی خۆبەخۆ پێناسەی یەکێک لەفۆرمیلاسیونەکانی پێش سەرمایەداری و بەتایبەتی بە"کۆمەڵگای داگیرکراو"، "وابەستە"، "موستەعمەرە" و گەڵی جاریش دەرەبەگی بۆدەکرێ. لەم پێناسە کردنەشەوە سەرمایەی دەرەکی، ئیمپریالیزم و داگیرکەران، بەهۆکاری بنەڕەتی بۆ پاشکەوتوویی ئابووری وراگرتنی ولات لەسەر بنەمای ئابووری تاک بەرهەمهێن وخۆژێن و بەرخۆری دادەنێ و وەک حوکمێکیش بۆ وتێکشکانی پیشەسازی خۆماڵی وبەتایبەتیش کەرتی کشتوکاڵی پشتی پێدەبەسترێت. بۆ دەربازبوون لەم حالەتانەش ئەم مەکتەبە ئەفسانەی بۆرژوازی نیشتمانی بەقەرزوەردەگرێ و دەیخاتە بەرامبەر داگیرکەران و سەرمایەی دەرەکییەوە و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ئابووری ولات و پێشخستنی پیشەسازی خۆماڵی پێدەسپێردرێت. یەکەمین مەیدانیش کەلەم ئەرکەدا چاوی تێدەبڕدرێت بریتییە لەدیهات وئابووری لادی تارادەی ئەوەی کەلەباری ئیستراتیژی سیاسی و سەربازیەوە دیهات وگوندەکان وەک بنکەیەک بۆگەمارۆدانی شارەکان پێداگریان لەسەر دەکرێت. لەم مەکتەبەدا کە ڕیزێک لەلێکۆڵەوەرو نوسەری ئابووری لەئەندریە گوندر فرانکەوە تائیمانۆل و سەمیر ئەمین، ئامادەیە، وهەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە کەبەوەهمی بووژانەوەی ئابووری کشت وکاڵ وپیشەسازی خۆولاتی‌یەوە، تێوەر ودیدگایەک ببەخشن بەچینی بۆرژوازی محلی تا لەدەرەوەی سیستەمە ئابووری‌یەکانی سەرمایەداری جیهانی وکارکردەکانی لەبازاڕی نێوخۆی هەرولاتەدا، جەنگ لەدژی پاشکەوتوویی ئابووری بەڕێبخەن.

بەلام کۆتایی سالانی هەشتاکانی سەدەی پێشوو لەئەنجامی دەرکەوتنی کاریگەری‌یەکانی ئابووری سەرمایەداری جیهانی و ڕۆڵی ناردنەدەرەوەی سەرمایەی دەرکی لەم ولاتانە ودەرکەوتنیان وەک حەوزەیەک بۆ بازاری کارو کالا وجێگربوونیان لەکاردابەشکردنی جیهانیدا، تەواوی دیدگاو باوەڕەکانی ئەم مەکتەبە ئابوورییەی بەبنبەست گەیاند وکۆتایی بەبەرنامەکانی هێنا. لەمبارەوە بەشی "بووژانەوەی ئابووری وولاتانی پاشکەوتوو" لەنەتەوە یەکگرتووەکان کەملیاردها دۆلاری بۆتەرخان کرابوو تا کۆمەڵە پرۆژەیەک بەڕێوەبەرێت

## خەسرەو سایە

کەڕووی لەبووژانەوەی ئابووری خۆولاتی کردبوو، ڕاگیراو لەبەرنامەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵگیرا.
بەپێچەوانەشەوە ولاتانیکی وەک بەڕازیل لەئەمریکای لاتین، ئیسرائیل لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سەنگافوورە لەئاسیای خواروو، کەنەچوونە ژێر کاریگەری‌یەکانی ئەم مەکتەبەوە وبەپشتبەستن بەسەرمایەی دەرەکی وبازاڕی جیهانی نمونەیەکیان لەولاتانی سەنعەتی نیشاندا کەبەکردەوە پوچی وبێهودەیی بەرنامە ئابووری‌یەکانی بۆرژوازی نیشتمانی پشت بەستوو بەکشتوکاڵ و پیشەسازی نیشتمانی نیشاندا.
دروست نەوشیروان موستەفاش بەگەڕانەوە بۆدیهاتی کوردستان دیەوێت لەنێوان ئابووری بازاڕی کوردستان و بودجەی هەرێمدا کەلەمەرکەز وەریدەگرێت ڕێگای سێهەم پێشنیاربکات وبەشێوەیەک لەشێوەکان هەمان چەمک ودیدگای ئەم مەکتەبە ئابووری‌یە شکستخواردووە دووپاتدەکاتەوە. ئەوەتا دەڵێت: "کاراکردنی کەرتی کشتوکاڵی جگەلە مەبەستی سیاسی، گرنگی گەورەی هەیە". بەلام ئەوەی کەنەوشیروان مستەفا تازەبەتازە وبەدوای سێ دەیە لەفەشەلی تێوەری"ئابووری دیهات میحوەرە" ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرنامەی ئاوەدانکردووە. تاچاکسازی لەئابووری کوردستاندا پێکبهێنێ، تەنها دەتوانی لەمەوقعی سەرمایەداریکی دیهاتیەوە، کە گلەیی لەفەرامۆشکردنی کەرتی کشت وکاڵی و بەرخۆری بوونی کۆمەلگای کوردستان دەکات، لەبەرامبەر سەرمایەدارو ئابووری بازاڕو شاریدا ڕابوەستێت وئەمەش بەپڕۆژەیەک بۆ"خۆشگوزەرانی کردنی دیهاتی کوردستان" بناسێنێ. هەوڵێکی ئاواش نەبنەمای واقعی هەیەو نەچاکسازی ئابووری کوردستانی بەدواوە دەبێت.

لەبەشی دووەمدا زیاتر لەسەر باسەکە دەچین..

بەشی دووەم وکۆتایی:

# واقعیەتە ئابووری‌یەکانی کوردستان وبەربەستەکانی بەردەم پڕۆژەکە:

لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان بەناوەرۆکی پرۆژەکەو ئەو دیدگا وچەمکە ئابووریانەی کەلەپشت سەریەوە ڕاوەستاوە کرد. لەمبەشەدا هەڵدەدەین بەسەرنجدان لەواقعیاتە سیاسی وئابووری‌یەکانی کۆمەڵگای کوردستان ئەوبەربەستانە بخەینەڕوو کەناکارامەیی پڕۆژەکەی لێدەکەویتەوە و لەکۆتایشدا ناوەڕۆکی کۆمەلایەتیەکەی دەخەینە بەردیدی خۆینەران.

نەوشیروان مستەفا لەڕێگای ئامارەوە جێگایەک بۆ ئابووری دیهات و کەرتی کشتوکاڵی نابینێ و گلەیی لەوەدەکات کەداهاتی کوردستان بەتەنها پشتی بەستووە بەبۆدجەیەک کەلەدەوڵەتی مەرکەزییەوە دێت، بەبێ ئەوەی هۆکاری ئەم هەقیقەتە ئابووری‌یە بناسێنێ. لەکاتێکدا ئەو واقعیەتەی کەئابووری کوردستانی بەدیار بۆدجەو دەوڵەتی مەرکەزییەوە ڕاگرتووە خۆی ئاکامی پرۆسەیەکی ئابووری سیاسی و مێژووییە کەتێدا کوردستانی وەک حەوزەیەک بۆ بازاڕی کاروکالا لەچوارچێوەی سەرمایەداری عێراقدا ڕێکخستووە. ئەمەش بەومانایەدێت کوردستان حەوزەیەکی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە کەلەباری مێژوویەیەوە لەچوارچێوەی ئابووری سەرمایەداری لەعێراقدا شکڵی گرتووە و بەتوندی لەژێر کاری‌گەرییەکانی ڕەوتی سەرمایەو بازاڕی سەراسەری عێراقدا دەباتە پێشەوە. بۆ ناسینی تایبەتمەندی ئابووری کوردستان وەک ئەوەی

کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریە، پێویستدەکات ئاوڕێک لەپرۆسەی بەسەرمایەداری بوونەکەی بدەینەوە وپاشان ئەوە بەربەستانە باس لێوەبکەین کەپرۆژەکەی نەوشیروان بەبن بەستدا دەکێشێ.

سەرەتاکانی پرۆسەی ئیسلاحی زەراعی لەکۆتایی سالانی شەستەکان ودواتریش سەرەتای سالانی هەفتاکان بۆسەرەوە وبەدوای هاتنە سەرکاری حکومەتی بەعس و دەربازکردنی دەوڵەتی عێراق لەقەیرانی حکومەتی وپاشان خۆماڵی کردن و ناردنە دەرەوەی شەپۆلی یەکەمی نەوت ومەوادی ژێزەمینی، بۆ نێو بازاڕی جیهانی، زەمینەو مەلزوماتەکانی قوناغی یەکەمی دامەزراندنی سەرمایەداری لەعێراقدا جێخست و سەرمایەی کۆمەلایەتی بەپلەی یەکەم لەمەیدانی بەرهەمێهنانی نەوتدا چەقیبەست وسەرەنجام عێراقی وەک بازاڕێک بۆ بەرهەمێهنانی نەوت وموشتەقاتەکانی لەکاردابەشکردنی جیهانیدا دیاریکرد. وەلە ئەلقەکانی دواتردا، بەرهەمهێنانی نەوت وسەرەو ژێربوونەوەی داهاتەکانی لەشێوەی "قازانجی سەرو ئیمپریالیستی"دا بۆنێوخۆی عێراق سەرمایەی کافی خستەبەردەم تا ژێربینای ئابووری بەدروستکردنی ڕێگاوبان، هێڵی ئاسنین، ڕاگەیاندن و بیناسازی وپردەکان و وێستگەکانی ئاووکارەبا وبەڕێوەبەرایەتیەکانی دەوڵەت وگەلێک کارگە کە بۆ بەرهەمێهنانی خەدەمات وکالای تەواوکەر پێویستن، بەدەوری بەرهەمهێنانی نەوتدا دامەزراند. لەم پرۆسەیەشدا، هاوکات لەگەڵ داماڵینی موڵکیەتی جوتیاران و کۆچکردنیدان بۆشارەکان، شارەکان بوونە کانونێک بۆ ڕووتێکردنی هێزی کاری هەرزان وکۆبوونەوەی دانیشتوانی ئامادەبەکار..

لەم پرۆسەیەدا کوردستان لەسەرتاوە لەڕێگای شارە سەرسنورییەکانەوە ولەپێشیانەوە کەرکوک وخانەقین، بوونە کانونی گرێدانەوەی بازاڕی کوردستان بەبازاڕی سەراسەری عێراقەوە. بەلام بەهۆی پشێوی سیاسی و لەئارادابوونی بزوتنەوەی چەکداری لەکوردستان ئەلقەکانی ئەم پرۆسەیە کەمێک دواکەوت و بەڕێکەوتنی نێوان بارزانی و بەعس لەساڵی 70دا ئارامیەکی سیاسی بۆ تەواکردنی پرۆسەی ئیسلاحی زەراعی سالانی 72-73 پێکهات و بەم پێیەش کوردستان لەئەنجامی پەرەسەندنی ئاسۆیی سەرمایەداری لەعێرقدا شوینی خۆی کردەوە و شارەکانیش بوونە بازاڕی کاروکالا، بەمەبەستی وەلامدانەوە بەپیداویستییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری عێراقی تا بتوانێ لێشاوی هێزی کاری

هەرزان لەبازاردا لەبەردەم سەرمایەی کۆمەلایەتی‌دا ئامادەبکات، کەخۆی ئاراستەبوو بۆ بەرهەمهێنانی نەوت وهەناردەکردنی بۆ بازاڕی جیهانی. بەتایبەتیش بەدوای داماڵینی موڵکیەتی جوتیار و دیهاتی کوردستان کەبە شێوەیەکی قەهری ولەڕێگای کوچی زۆرەملیۍ لادیکانی کوردستان وپێکهاتنی ئۆردوگاکان لەلایەن رژیمی بەعسەوە شارەکان گەورەبوونەوە وسەرەنجامیش رۆڵی دیهات وئابووری کشتوکاڵ لاوەکی بوونەوە وبەتوندی ئابووری دیهاتەکانی خستەژێر کاریگەری شارەوە. گەورەبوونەوەی شارەکانی کوردستان و ڕاگرتنی دانیشتوانیکی ئامادەبەکار لەشارەکاندا کەچاوەڕێی فرۆشتنی هێزی کارن، بەهەمان شێوەی شارەکانی تری عێراق زەمینەی ڕەخساند بۆ سەرهەڵدانی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان وبیناسازی و گەیاندن وبەنداو و سەرچاوەکانی ئاو و ووزەی کارەباو کالا خۆراکی وخەدەماتیەکان کەساغکردنەوەیان پێویست بوو لەبازاڕی ناوخۆدا، ئەمەش ڕاستەوخۆ وەک ئەڵقەیەکی تەواوکار وپێوستی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەئاستی سەراسەری عێراقدا بەکوردستانیشەوە، شکڵێێدا.

بەلام لەگشت ئەم ئاڵوگۆرە ئابووریانەدا، ئەو خاڵەی کەپەیوەندی لەگەڵ پڕۆژەکەی نەوشیرواندا پەیدادەکات ئەوەیە، کەلاوەکی بوونەوەی ڕۆڵی دیهات و کەرتی کشتوکالی، لەگشت ئابووری عێراق و کوردستاندا، بەو هۆیەوە نەبووە کەڕژێمی بەعس بەهۆی داهاتی نەوتەوە "منەتی داهاتی کەرتی کشت وکاڵی نەبێت" وەک ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانی نەوشیروانە، بەڵکو بەوهۆیەوە بوو کەسەرمایەداری و چینی بۆرژوازی لەعێراق و کوردستان مەیدانی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیان لەبەشی کشتوکاڵدا بەجیۍهێشت وبازاڕی جیهانیان کردە سەرچاوەی کالا خۆراکییەکان (لەوانەش گەنم وشەکروچاو ڕۆن وقوماش، لەولاتانی وەک ئەمریکاو چین وهندو...)کەبەئاسانی بەنرخێکی هەرزان لەچاوبازاڕی ناوخۆدا دەتوانرا دابینبکریۍ.  سەرەڕای ئەم واقعیەتە ئابووریە، دەبیۍ ئاماژە بەوخاڵەش بدەین کەلاوەکی کردنەوەی ئابووری دیهات و داهاتی کشتوکاڵ لەخەسڵەتی دژی "کوردبوونی" دەوڵەتی عێراقەوە نەبوە وەک نەشیروان کردویەتی بەدەستمایەی تێوەری پڕۆژەکەی، بەڵکو ڕووتێکردنی سەرمایە بۆ بوواری کشت وکاڵی و هەستانەوەی داهاتی دیهاتەکان چ لە عێراقدا و چ لەکوردستاندا، یەکەم، دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری گونجاوی دەخواست کەلەکەنار بزاوتی سەرمایەی کۆمەلایەتیدا، لەبواری بەرهەمهێنانی نەوتدا

بەشێوەیەکی هاوسەنگ ڕابگرێ، بۆ ئەمەش سەرمایەی لەڕادەبەدەر پێویستە، کەبەهۆی کەمی سەرمایەوە لەقوناغی یەکەمی سەرهەڵدانی سەرمایەرداری عێراقیدا نامومکین کرد. دووەمیش، داهاتی کشتوکاڵ کاتێک دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی بگێرێت لەگشت داهاتی ولاتدا، کەبەرووبوومەکانی وەک کالایەکی موناف‌س لەبازاڕی جیهانیدا شوێن بگرێ، وەیا لانی کەم لەئاست وڵاتانی ناوچەکەدا توانای مونافەسی هەبێت، نەک وەک بەرهەمێک بۆ پێداویستی بازاڕی ناوخۆ. بەو هۆیەوە کەسەرمایەداری لەکوردستان وعێراق لەباری زەمەنییەوە لەدواترە لەبازاری جیهانی ئەو فرسەتەی لەدەستدا نییە کەبتوانێ کەرتی کشتوکاڵی بۆ بەرهەمهێنانی کالای مونافس کەداهاتی کافی بۆبازاڕی نێوخۆ سەرەو ژێربکاتەوە، بڕیاربدات.

ئێستا بەدوای ئەم باسەی سەرەوە شوێنی خۆیەتی کەبەربەستەکانی بەردەم پرۆژەکەی نەوشیوان ڕیزبکەین:

**فاکتۆری ژێرخانی ئابووری کشتوکاڵی:**

ئابووری دیهات ژێرخان وسەرمایەی پێویستی خۆی گەرەکە. نەوشیروان کەچاوی بڕیوەتە تور وشێلم و هەنگوین و مالات ومیوەجاتی دیهاتەکان چۆن دەتوانی ژێرخانی ئابووری کشتوکاڵی دامەزرێنێ لەکاتێکدا هەستانەوەی ئابووری دیهاتی کوردستان پێویستی بەسیستەمی ئاودێری پێشکەوتوو، ووزەی کارەباو بەنداو ولەوەرگای پیشەسازی و هێڵی گەیاندن و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن و.. هەیە لەکاتیکدا کەمی سەرمایە لەکوردستانیکی هەڵواسرا وعێراقیکی قەیرانیدا کەئەولەویاتەکان شتیکیترن، چۆن ولەچ ڕێگایەکەوە وەلام وەردەگرێتەوە؟.

**هیزی کاری هەرزان وئامادەبەکار:**

نەوشیروان بەشێوەیەکی دڵخوازانە ئاماژە بە"هێزی مرۆیی" دەکات بۆ پرۆژەکەی کەخۆی لەشارەکاندا نیشتەجێن. هاوکات لە20%ی بۆدجەیەک کەهەرێمی کوردستان لەمەرکەز وەری دەگرێ تەخسیس دەکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی دیهاتەکان لەکاتێکدا دانیشتوانی دیهاتەکان لە20% ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان پێکناهێنێ. بەم مانایەش پرۆژەکەی

لەبەردەم کەمی هێزی کاری ئامادەبوودا ناکام دەمێنێتەوە. لەلایەکیتریشەوە پرۆژەکە پێمان ناڵێت کەلەچ پرۆسەیەکی ئابووریدا هێزی کاری ئامادەبووی شارەکانی کوردستان کەبەژیان وخزمەتگوزاری شار ڕاهاتووە دەگوازێتەوە بۆدیهاتەکان. تاکۆ لەکەمی هێزی کاری پێویست خۆی دەربازبکات.

**بازاڕی جیهانی:**

بەفەرزی ئەوەی کەخاڵەکانی سەرەوە مسۆگەربکرێن، بەلام بەرهەمهێنانی کالا تەنانەت لەشێوەی بەروبوومە کشتوکاڵی وئاژەڵداریەکاندا، بۆ ئامانجی بەدەستهێنانی قازانجی سەرمایەیە. لەم ڕوانگەیەوە بەرهەمە کشتوکاڵی وئاژەڵدارییەکان کاتێک دەتوانن بەواقعی لەسەر پیێ خویان ڕاوەستن و داهاتەکانیان لەگشت داهاتی ولاتدا پێگەیان بۆ پەیدابیێت، دەبیێ بەبەراورد لەگەڵ بازاڕی جیهانی ودەوروبەردا لەچاو بەرهەمی هاوشێوەی خۆیاندا توانای مونافەسەیان ببێت و لەکاردابەشکردنی جیهانیدا شوێنبگرن. بەبیێ ئەم فاکتۆرە بەرهەمە ئاژاڵداری و کشتوکاڵیەکان لاوەکی دەبنەوە و ناتوانن لەحاڵەتی "کالای تەواوکار" لەئابووری کوردستاندا دەرچن ڕۆڵی بنەڕەتی  بدەن بەکەرتی کشتوکاڵی ببنە بەدیلێک بۆداهاتی نەوت. بەلام کاردابەشکردنی جیهانی وبازاڕی ولاتانی دەوروبەر کەبەنرخێکی هەرزان گەنم وچاو شەکر و برنج وبەرهەمەکانی شیر وگۆشت ومیوەجات هەواڵەی بازاڕی کوردستان دەکەن، نیشانەی ئەوەیە کەبەرهەمە نێوخۆییەکان توانای مونافەسەی ئەم بەروبوومانەیان نییە. ئاکامی پرۆژەکەی نەوشیوان پێمان ناڵێت پاش چەندین ساڵ مەسەرفکردن و تەخسیسکردنی سەرمایە وبەشێک لەبۆدجەی هەرێم و دانی باج وهاندانی ئابووری بەجوتیاران دەتوانریێ بەروبومێکی کشتوکاڵی وئاژەڵداری بەرهەمبێت کەلەبازاڕی مونافەسە وکاردابەشکردنی جیهانیدا ملیێ هاوشێوەکانی خۆی بشکێنێت ولەسەر پێڕاوەستێت، تا قازانج وداهاتەکانی خۆی سەرەوژێر بکاتەوە بۆ نێوخۆی کوردستان. لە ڕاستیدا وەرشکستەبوونی کارگەکانی شەکەرو مافور و بەرهەمهێنانی توتن وکێشەی کڕینەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.. نمونە گەلێک دەخەنە بەردەست کەچۆن کالای ئەم مەیدانانە بەهۆی نەبوونی پێداویستییەکانی مونافەسە وبەراوردکاری نرخەکانەوە لەئاست بازاڕی جیهانی ودەوربەردا، بەسادەیی لەمەیدانی ئابووری کوردستان وەدەرنران.

## نەبوونی دەوڵەت لەکوردستان،

## سەرەکی ترین ئاستەگی سیاسی وقانونی بەردەم پرۆژەکە:

بەهۆی نەبوونی دەوڵەت لەکوردستان ونادیارمانەوەی هەویەتی ولاتی وراگرتنی کوردستان بەپێی تەوافقاتیکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، کەخۆی دەرگیری قەیرانێکی حکومەتییە ورۆژانە لەژێر کارکردی هێزە سیاسی ورووداوە نێوخۆیی و ناوچەیی وجیهانیەکاندایە، بەتایبەتیش قەیرانی ئابووری جیهانی وکاریگەریەکانی لەسەر بازاڕی نێوخۆی عێراق داهاتی نەوت، بەپێویست هەلومەرجێکی ئارامی سیاسی ماوەدرێژ لەبەردەم پرۆژەکەی نەوشیرواندا هەڵدەگرێ و ڕێگانادات بەپلانێک کەئەو بۆ بووژانەوەی دیهاتی کوردستان وکەرتی کشتوکاڵی پێشنیاری کردووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرهەمهێنان لەبووری کشتوکاڵیدا کردەیەکی خاوە و پێویستی بەسەرمایەیەکی زۆر هەیە. لەحاڵەتی ناجێگیری بارودۆخە سیاسی‌یەکان فرسەتی ڕووتێکردنی سەرمایەو پێداویستی‌یەکانی بەرهەمهێنان بەربەستدەکا. ئەمە جگەلەوەی کەپەیوەندی هەرێمی کوردستان بەمەرکەزەوە حاڵەتێکی لەرزۆکی هەیە ودانی بودجە لەلایەن حکومەتی عیراقیەوە بەجیا لەیاساکان و بڕیاری پەرلمانی عێراقی ونەخشەی ئاوەدانکردنەوە، کارێکی سادە نییە و لەباشترین حاڵەتدا پرۆژەکەی نەوشیروان لەچاوەڕوانیدا دەهێڵێتەوە.

بەحوکمی ئەم خالانەی سەرەوە پرۆژەکەی نەوشیروان ناتوانێ لەهەوڵێکی بێهودە و ناواقعی زیاتر دەرچێت. تەنانەت ئەگەر حکومەتی هەرێمیش پەسەندی بکات، چارەنوسکەی لەپرۆژەی چاندنی چەوەنەرو دانانی کارگەی شەکر لەسلێمانی شتێکی زیاتری لێبەرهەمنابێت.

## ناوەرۆکی کۆمەلایەتی پرۆژەکە:

پرۆژەکەی نەوشیروان نەک هەر ناواقعی وخەیاڵیە وناتوانی ڕیفۆرمێک بەدوای خۆیدابهێنێ، بگرە لەباری کۆمەلایەتیەوە دواکەوتوانەیەو هەڵگری هیچ ئاستێک لەپێشڕەوی کۆمەلایەتی نییە. ئەو کەلەڕوانگەی بۆرژوازی وسەرمایەداری لادێ بەرامبەر بە ئابووری شار ڕاوەستاوە، هێشتا جوتیار بەپیاوی دواڕۆژ دەبینێ و ڕۆڵی چینی کرێکاری کوردستان

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  چیمان پێدەڵێت؟

لەمەیدان وەدەردەنێ. خودی گەڕانەوە بۆدیهات لەباری فەرهەنگی وسیاسی‌یەوە، هاوتایە بەوەی کە ڕۆڵی شارەکان لەبزاوتی سیاسی ورۆشنبیریدا، نەبینێ وبەفەرامۆشی بسپێرێ. لەمەنانەش زیاتر کاتێک  ئاماژە بەوەدەکات کە "ڕژیمی بەعس لەباتی ئەوەی داهاتی زۆری نەوت بۆ گەشەپیدانی عێراق وبەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتن وخۆشگوزەرانی خەڵک تەرخانبکا" دەیەوێت پێمان بڵێت کەلە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی دێهاتی کوردستاندا گەشەپیدان وخوشگوزەرانی بەنسیبی خەڵکی کوردستان دەکات!! ئەمە لەکاتێکدایە ئەگەر پرۆژەکەی بەبێ بەربەست بەکردەوە دەربێت، جگەلەزەحمەت وزۆر و تالانکردنی هێزی کاری کرێکاران و زەحمەتکێشان شتێکی‌تری بەدواوە نابێت...

بەپێچەوانەی ئیدعاکانی نەوشیروان مستەفا و سەرانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە سەبارەت بەوەی بزوتنەوەکەیان بەرهەمی "دابران و تجاوزاکردن"ی ئەحزابی ئایدیۆلۆژی وتەقلیدی بزوتنەوەی کوردایەتی باوە، بەڵکو پڕۆسەی شکڵگرتنی ئەم بزوتنەوەیە وەک "حزبێکی تر" نەمێژویەکی جیاواز و نە دورکەوتنەوەیە لەو پایە چینایەتی و سیاسی و بەرژەوەندیانەی کە بۆرژوازی کورد و حزبەکانی لە ڕابردو ئێستادا لەسەری دامەزراون، تەنانەت لە ڕوانگەی سیاسیەوە ئەم ڕەوتە هاوبەشیەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ ئەو چوارچێوە و مەفروزاتە سیاسیانەدا کە ناسیونالیزمی کورد پابەندە پێیی، بەم جۆرەش درێژکردنەوەی هەمان مێژووی سیاسی وحزبایەتی و دوبارەکردنەوەی هەمان ناوەڕۆکی چینایەتیە، کە بۆرژوازی کورد دوای بەدەسەڵات گەیشتنی بۆ چەندین ساڵە ژیانی خەڵکی کوردستانی پێ لەقاڵبداوە.

بەواتایەکیتر ئەگەرچی لەرێچکەی شکڵگرتنی بزوتنەوەی گۆڕاندا، لەبارەی ڕیکخراوەییەوە، بە حزبێکی تر گەیشتبێ، تەنانەت ئەگەر لەشیوازی دەربڕین و بانگەشە و گوتار و تەقلیدەکانی کارکردنەوە لەهەر حزبێکی تری ناسیونالیزم جیاوازی هەبێ، (کەهەیەتی) بەڵام لەجەوهەردا درێژکراوەی هەمان مێژوو، وە لە چوارچێوەی هەمان بەرژەوەندی و مەسەلە و سیاسەتدایە کە حزبە ناسیونالیستەکانی تر لەمەڕ مەسەلەی کورد، ساڵەهای ساڵە، وەک بزوتنەوە و ئەحزابی چینە داراکانی کوردستان کێشاویانە و دۆخی سیاسی و زهنیەتی کۆمەڵگای کوردستانیان لەسەر ڕەنگرێژ کردووە. بۆ بزوتنەوەی گۆڕان نە مەسەلەی کرێکارن، نە ژنان، نە ئازادیەکان، نە باشبژیوی هاوڵاتیان، نەسکولاریزم ومەدەنیەت .. هێچ کام لەمانە بابەت و مەسەلەی سەرەکی و بنەمایەک نییە، بەڵکو وەک هەر حزبێکی تری ناسیونالیست، خاک و نیشتمان و نەتەوە و تەجروبەکەی، یانی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق، ئەزموونی حوکمڕانی و چۆنیەتی پاراستنی ئەم ئەزموونە، مەسەلەی بنەماو سەنتەرە. تەنانەت هەر مەسەلەیەکی تر کە لە دەرەوەی ئەم بنەما و سەنتەرە دێتە ئاراوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەماف و ئازادی و بژێوی هاولاتیانەوە هەبێت، بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەرحزبێکی تری ناسیونالیست، لەکەنار ئەم بنمایەوە و بۆخزمەت پێکردنی و پاراستنی بنەماکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ودەسەلاتی حزبەکانی ماماڵەی لەگەڵدا دەکات.

لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری دیدگای سۆشیالسیتی
جوڵای 2018